**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەزیر نەبێ ، وەزیری رۆشنبیریی هاتووە و وەزیری دارایی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

واتا زیادە، تكایە ماددەی یەكەم جارێكی تر بخوێننەوە تاكو بیخەینە دەنگ دانەوە .

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:

الاقليم :اقليم كوردستان العراق.

الصحفي: كل عضو منتم الى نقابة صحفيي كوردستان و موف بالتزاماته.

الصندوق : صندوق تقاعد صحفيي كوردستان.

الهيئة : هيئة صندوق تقاعد الصحفيين.

الحقوق التقاعدية : الراتب التقاعدي.

النقابة : نقابة صحفيي كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی یەکەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ ماددەی یەکەم پەسەند کرا، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

الفصل الاول

المادة الثانية: التأسيس

اولاً: يؤسس بموجب هذا القانون صندوق باسم (صندوق تقاعد صحفيي كوردستان) وتديره هيئة تسمى هيئة صندوق تقاعد الصحفيين.

ثانياً: يتمتع الصندوق بالشخصية المعنوية و له حق تملك الاموال المنقولة وغير المنقولة ويمثله رئيس الهيئة او من يخوله امام المحاكم والدوائر الرسمية وشبه الرسمية والجهات الاخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە ، لەوانەیە برادەران بڵێن صندوق پێناسە کراوە پێویست نەبوو بگوترێ. ئەوە سەرەتای دامەزراندنە ، لەبەر ئەوە وەکو خۆی هێشتمانەوە، لەبەر ئەوە صندوق پێناسە کراوە، ئەگەر بڵێین يؤسس بموجب هذا القانون صندوق ، بە اعتبار پێناسە کراوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرەتای دامەزراندنە بۆیە پێمان باش بوو بۆ روون کردنەوە بمێنێت و دەستکاریمان نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشگیری دەقەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی رۆشنبیریی تکایە راتان.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکە داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناو نووسیان بکەین،کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بگوترێت (یؤسس فی مقر النقابە)باشترە خۆ دەبێ صندوق لە جێگایەک بێت، مافی خۆیەتی(مقر النقابە)بێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگەی ،« یؤسس في مقر النقابة» ، واتا مقر نقابەی بۆ زیاد بکرێ، مۆڵەتیشم بدەن لە من (یخولە) واو نییە بەڵکو (او) ە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من روونم کردەوە کە ئێمە بۆیە لامان نەبرد لەسەر ئەو بنەمایەی بۆ روون کرد نەوەیە، کە دەزگاکە ناوی (هیئة التقاعد) بێت هیچ زەرەری نییە هیچ گرفتی نییە، ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیریش فەرمووی ، خۆی ئەوە، لەوانەیە کاک شێروان تێبینی نەکردوە لەکاتی خوێندنەوەی، سەبارەت بە تێبینیەکەی تر (هیئة الصندوق) لەبارەگای سەندیکا بێت ناگوترێ لەوانەیە صندوق لە جێگایەکی غەیری سەندیکا دروست دەبێت، چونکە لەوانەیە لە جێگایەکی تر دروست بێت، لە ناو سەندیکا بێت یان لە جێگایەکی تر بێت ئەو صندوقە ئیشی ئەوەیە کە خانەنشینی رۆژنامەنووسان تەماشا بکات، لەبەر ئەوە ناگونجێ بگوترێ (في مقر النقابة ) پەیوەندی بە سەندیکاوە نییە، دوو شتی لێکجیان ، هەر یەک یاسای تایبەتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدان .

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

الفصل الاول

المادة الثانية : التأسيس

اولاً : يؤسس بموجب هذا القانون صندوق باسم (صندوق تقاعد صحفيي كوردستان) وتديره هيئة تسمى هيئة صندوق تقاعد الصحفيين.

ثانياً : يتمتع الصندوق بالشخصية المعنوية و له حق تملك الاموال المنقولة وغير المنقولة ويمثله رئيس الهيئة او من يخوله امام المحاكم والدوائر الرسمية وشبه الرسمية والجهات الاخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەی دووەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکڕای دەنگ ماددەی دووەمیش پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة :

تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة اعضاء اصليين وثلاثة اعضاء احتياط :

اولاً :

أ ـ عضوان يرشحهما مجلس النقابة احدهما اصلي والاخر احتياط.

ب ـ عضوان بدرجة مدير يعينهما وزير الثقافة احدهما اصلي والاخر احتياط.

ج ـ عضوان بدرجة مدير يعينهما وزير المالية والاقتصاد احدهما اصلي والاخر احتياط.

د ـ مدة العضوية في الهيئة ثلاث سنوات و قابلة للتجديد .

ثانياً :

أ ـ يرأس الهيئة ممثل وزارة الثقافة.

ب ـ تصدر الهيئة قراراتها بالاتفاق او بالاكثرية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەکەم لە ١ أ ،ب ،ج ،(عضوين) بکرێتە (عضوان )چونکە لە سەرەتاوە هاتووە مرفوعە.

له برگەی دووەم له (أ )تێبینیمان نییه، له (ب) بەو شێوەیه بگوترێ (نقترح صياغة الفقرة على الشكل الاتي: تصدر الهيئة قراراتها بالاكثرية وعند تساوي الاصوات ترجح الجانب الذي صوت فيه الرئيس) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمه لەگەڵ دەقی ماددەكەین ، برگەی دووەمیش ڕێك و پێك هاتووه وشەی اتفاقیشی تێدانەبێ چنیه ، اكثریه بێت، خۆیان سێ ئەندامن ، یان بالاكثریه بێت یان بالاجماع، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی دەبێت یان به تێكڕای دەنگ بێت یان به زۆرینه یەك لەم دوانه، هەردووكی نابێ.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمه پشتگیری دەقی ماددەكه دەكەین ، (اكثریه) كافیه،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی ڕۆشنبیریی ڕاتان تكایه.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی ڕۆشنبیریی هاوڕای لیژنەی یاسایه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیه تكایه دەستیان بەرز بكەنەوه تاكو ناونووسیان بكەین، كاك أمین مولود فەرموو.

**بەڕێز محمد أمین مولود أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی نەبۆته عادەت له دەوائرەكاندا كه ئەندامی یەدەگ له تەعینات دابنرێ، لێره كه ئەڵێ (عضوين بدرجة مدير يعينهما وزير الثقافة أحدهما أصلي والآخر احتياط) لام وایه له لیژنەكاندا له دەستەكان دانانرێ، چونكه ئەمرێكی ئیدارییه پلەیەكی یەدەگی تیادا نییه، سەبارەت به وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەروەها سەبارەت به وەزارەتی دارایی لام وایه یەدەگ پێویست نییه لێره، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راستیدا ئەگەر سەیری ناوەڕۆک بکەن (تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة أعضاء اصلين وثلاثة أحتياط) مانای شەش کەسن وای لێ ئەگەم، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی ب،ج ئەم ماددەیە باسی پلەی مدیر دەکات وا دیارە کە ئەم ئەندامە ئەبێ پلەی مدیری هەبێ لە وەزارەت ئایا بۆ چی تحدیدی ئیش وکاری لە لیژنە نەکرایە.هەروەها لە جیاتی هەر یەک لە ئەندامێک یەدەگ بەرامبەری هەبێت بۆچی نابێت بە جێگر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەی (عضوين) کەکراوە بە (عضوان) لە لایەنی زمانەوانی تەواو نییە چونکە بەیانە بۆ لە پێشەوە کراوە بزرە دەبێ عضوين بێت لەلایەنی زمانەوانی، بەڵام ئەگەر ئیجازەم بدەن حەقە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە دابڕێژرێ: تتألف الهيئة على الوجه التالي:

أولا:

أـ ممثل عن وزارة الثقافة لايقل عن درجة مدير عام رئيساً للهيئة.

مانای حەقە لە پێشا تەرتیبەکەی بۆ نمونە بەم شێوەیە بێت.

ب ـ عضوين يرشحهما مجلس النقابة بين أعضائه احدهما أصلي والآخر إحتياط مثلاً.

ج ـ عضوين بدرجة مدير يعينهما وزير الثقافة أحدهما أصلي والآخر احتياط مثلاً.

د ـ عضوين بدرجة مدير يعينهما وزير المالية والاقتصاد أحدهما أصلي والآخر احتياط.

ثانياً:

تصدر الهيئة قراراتها.

ئەگەر بەم شێوەیە بێت زۆرم بەلاوە باشترە لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم دەربارەی (اولاً فقرة ج)ە لە بەر ئەوە وەزارەتی رۆشنبیری وزارەتی پەیوەندارە لە

عـلاقەی بە سندوقی خـانەنشی صـەحـەفـینەوە هەیە، وەکـو چۆن ئەنجـومـەنی نـقابە دوو ئـەندام بۆ ئەصـڵـی و ئیـحـتـیـاط هەڵدەبژێرێ وەزیری داراییش هەمـان شت دەبێ هەڵـیـان بژێرێ ئەم دوو ئەندامە ئەصڵی و ئیحتیاط چونکە وەزارەتی رۆشنبیریی ئەو فرمانی دامەزراندن دەرئەکا چونکە نابێت دوو فـرمـانی دامـەزراندن دەرچێ لای وەزیری دارایی و لای وەزیری رۆشنبـیـریش، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـاسم مـحـمـد قـاسم(د.رزگـار):**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

من تێبینیم لەسەر یەکەم برگە (د) هەیە(مدة العضوية في الهيئة ثلاث سنوات وقابلة للتجديد). لەم برگەیە بە شێوەیەکی موتلەق هاتووە تەبعەن (هيئة الصندوق) صـلاحیەتێکی گـەورەی هەیە، ماددەی چوار بـخوێنەوە زۆر سەلاحیەت ڤی هەیە ئەگەر بەم شێوەیە بێت لەوایە تەحدید نەکرابێت سـەقف زەمـەنی چەندی دەمـێنێت جارەک دوو سێ جـار ئەمـەش بۆ ئەوەی تـەداول بێـتـە کـردنێ هەندێ دیموکراتیەتی تێدا بێت من پێش نیار دەکەم تەحدید بکرێتن بە(قابلة للتجديد) بۆ چەند جارە دوو دەورە سێ دەورە، شەش، نۆ چەند سـاڵ یان زیاتر نوێکردنەوە دەسـتنیـشـان بکرێت من پێشنیار دەکەم وەکو ووشەی نوێکردنەوە بۆ چەند دەورە یەک یان دوو دەورە.

دووەم: برگە(ب) مـن پێشنیـاری لیژنەی قـانونی بە پەسـەند دەزانم بە زۆرینە و( باکـثریە ویکون صوت الرئيس) یەعنی بەم شێوەیە بێتە گوتن، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

ئەگەر رێگا بدەن تێبینیەکی ئێمەش واتە: سەرۆکـایەتی رای وایە ( تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة اعضـاء) کـیـفـایەتە کە گـوتت ( تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة اعضاء اصليين وثلاثة احتيـاط) مانای شەش کەس ثلاثە اعضاء کافیە ئەوی تر روونی ئەکاتەوە (أ،ب،ج) ئەم بابەتە روون ئەکـەنەوە. بریاریش ئەبێ یان بە رێکەوتن بێت یان بە زۆرینەی دەنگ رێکەوتـن مـانـای (إجمـاع) زۆرینەش مـانای دەنگدان و هەمیـشـە بە زۆرینەیە، جا لەسـەر دارشتنەکـە رێک کەون خراپ نییە بە رای من. زەحمەت نەبێ ماددەی سێ فەرموو.

**بـەڕێـز شـیـروان نـاصح حـیـدری:**

المادة الثالثة:

تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة اعضاء.

اولاً:

أـ عضوين يرشحهما مجلس النقابة أحدهما أصلي والآخر إحتياط.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عضو عضوين نييه.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

دەبێ بلێین (عضوين والاخر احتياط).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دارشتنێکی رێکوپێک بکرێ ئەم ماددەیە دواەخەین ئەچینە سەر ماددەی چوارەم، تکایە ماددەی چوارەم بخوێنەوە فەرموو.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة: صلاحيات الهيئة:

تمارس الهيئة الصلاحيات التالية:

اولاً: تأمين الموارد المالية للصندوق واستغلالها بما يخدم اغراض الصندوق وفق أحكام هذا القانون.

ثانياً: إحالة الصحفيين على التقاعد.

ثالثاً: تحديد وتثبيت مدة ممارسة الصحفي للمهنة واحتسابها لأغراض التقاعد.

رابعاً: تخصيص الحقوق التقاعدية للصحفيين ولعيالهم بعد وفاتهم.

خامساً: اعداد الميزانية السنوية للصندوق وارسالها الى وزارة المالية للمصادقة عليها وتنظيم جداول شهرية عن مجمل حسابات الصندوق.

سادساً: تعيين الموظفين لتسيير أعمال الصندوق وانهاء خدماتهم وفقاً للقوانين المرعية.

سابعاً: ايداع اموال الصندوق بحساب خاص في أحد مصارف الاقليم ويتم السحب والصرف بقرار الهيئة وبتوقيع رئيسها والمسؤول المالي.

ثامناً: تخويل رئيسها او احد اعضائها البعض من صلاحياتها.

تاسعاً: اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل ادارة الصندوق.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی لەسەر ئەم خالانەی پێشەوە.

**بەرێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە تەنها ئەوەش لیژنەی دارایی عنوانی وەزارەتەکەی چاک کردبوو داوای کردبوو بکرێت بە (وزارة المالية والاقتصاد) ئەگینا ئێمە تێبینیمان نییە لە سەری، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جـــمـــیل عـــبـــدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

سوپاس بۆ بەڕێز کاکەڕەش فەرمووی کە ناوی وەزارەتی دارایی لە خاڵی پێنچەم چاک بکرێ بۆ وزارە المالیە والاقتصاد تێبینیەکی ترمان هەیە لە خاڵی دووەم ئەم بڕگەی بۆ زیاد بکرێ (وفق أحکام هذا القانون) چونکە تەنها هاتوە (إحالة الصحفیین علی التقاعد) ئەمەی بۆ زیاد بکرێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی رۆشەنبیریی فەرموو.

**بەڕێز احـــمـــد ســـالار عـــبـــدالواحـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

لەگەڵ ئەو رایەین هەر چۆن رای لیژنەی دارایی و ئابووریش بێ، چ ناوگۆڕینەکە وچاک کردنەوە و زیاد کردنی (وفق احکام هذا القانون) بێ لەگەڵ ڕێزوسوپاسدا.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە بەڕێز کاک امین مولود فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمـــد امین مـــولود امـین:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من لەسـەر دووەم (احالة الصحفیین علی التقاعد) ئەوە واجبی صندوق نییە واجیبی نەقابەی صەحەفیینە بینێرێ بۆ صندوقی خانەنشینی پەیوەندی بە ناردنەوەی نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بەڕێز فوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فـــوزیـە عـــزالـدیـن رشـــیـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

لێرە (ثالثاً: تحدید وتثبیت مدة ممارسة الصحفي للمهنة واحتسابها لاغراض التقاعد). کـێ دیاری دەکات ماوەکەی ئەبێ ئێمە دیاری کەین لێرە. یان کێ؟ هەر ئەوە بوو پرسیارەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکی خۆم لەسەر لیژنەی یاسایی بەڕێز ووشەی(استغلال) بگۆڕێت بە(استثمار) باشترە چونکە لە دواوە لە بڕگە چواری مادده شەش بێگومان پێشنیاری ئەوەیان کردوە کە ووشەی(استغلال) بگۆڕێت بە(استثمار) بۆیە بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕێک بێت ئەمەش وا چاکە بگۆڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی بەڕێز کاک جمیل فەرمووی بەنیسبەت وەزارەتی دارایی نایەوێت بڵێین(وفق أحكام هذا القانون) چونکە یاسایەکە خۆی تایبەتە بە خانەنشینی صحفیین لە یاسایەکی تر نییە صندوقی خانەنشین هەتا بینێرێت. بە نیسبەت ئەوەی کاک امین مولود فەرمووی خۆی سندوق دەینێرێ بۆ خانەنشینە چونکە نەقابە ئەو دەسەڵاتەی نییە بینێرێت. سندوق ماوەکە دیاری دەکات دەینێرێت دەڵێ ئەوە شایەنی خانەنشینە دەڵێ ئەم برادەرە سەردانی کردوین ئەمەندە خزمەتەی هەیەو بڕیاری داوە کە بینێرین بۆ خانەنشین ئەمەش موچەی خانەنشینیتی. بە نیسبەت فوزیە خانیش فەرمووی کێ ئەم دیاری دەکات دەستە ئەم ماوەیە دیاری دەکات داوا دەکات خۆی دەڵێ ئەمەندە ماوەیەم هەیە ئەوها بەم شێوەیە پێشکەش دەکات دەستەکە بڕیار دەدات بێگومان لە پاشان دێتن ماددەکە بڕیاری دەستەی تایبەتە بڕیاری لەسەر بدات ئەگەر پێی رازی نەبوو کابرا. ئەوەی مامۆستا مەلا طاهریش فەرمووی لامان نییە(استغلال) بیێتە(استثمار) یان هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە بەنیسبەت من جیاوازی نییە با بیێت بە (تأمين الموارد المالية للصندوق واستثمارها بما يخدم اغراض الصندوق وفق احكام هذا القانون). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دارایی وئابوریش رازیبوون وانییە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڵێ، هەر گۆڕیتمان لە خوێندنەوەش گۆتیتمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک امین.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای خانەنشینی گشتی فەرمانگە فەرمانبەری خۆی دەنێرێ بۆ خانەنشینی وفەرمانگەی خانەنشینی لە پاشا ئیجرائاتی تەئمینی بۆ موچەی ئەم فەرمانبەرە دەکات لێرەشا بەراستی سلوکی خانەنشین جێگای فەرمانگەی خانەنشینی دەگرێتەوە پێویست وایە نەک بینێرن بۆ سەندیکای صەحەفیین بۆ خانەنشینی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شیروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت نەقابەی صەحەفیین یان نەقابەی محامین سەرپەرشتی کارە مهەنییەکە دەکات تا ئەندامەکانی لە خدمەن پاش ئەوەی کە خدمەیان نامێنێت لە نەقابەکە، سندووقی خانەنشینی وەریان دەگرێ بەنیسبەت محامی بێت یان صحفی بێت مەسائلی خدمەکە بە ڕێکەوتن لەگەڵ نەقابە صندوقی خانەنشین کۆی دەکاتەوە وهەر وەکو کاکەرەش فەرمووی لەسەر ئەساسی ئەو خدمەیە بڕیار هەیە سندووق خانەنشینیەکە دەربکات نەک وزارەتی دارایی حوکمەتی هەرێمی کوردستان یان وزارەتی دارایی لە هەر وڵاتێکی تر، لەگەڵ ڕێزماندا.

...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە دەتەوێ قسە بکەی فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە (تحدید وتثبیت مدة ممارسة الصحفي) باشە ناکرێت لێرە لە قانووندا بڵێین بۆ نمونە ١٠ساڵە ١٥ ساڵە ئینجا ئیحالەی خانەنشینی بکرێت سندووق بەڵکو دەسکاری کرا یان شتێ، نازانم ئەوە تێناگەم پێم باشە ئەگەر لیژنەی یاسایی لێرە شتێ دانێن ساڵێ دانێن چەند ساڵ بۆ ئەوەی بنێردرێن بۆ خانەنشینی بۆ ئەوەی یاری بە ساڵەکان نەکرێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆخۆی هاتووە ماوەی خانەنشینی لە یاسایەکەی ئەوە لێرە دەستە تەنها ئەوە حساب دەکات مانای صەحەفی بۆ نمونە لە هەمان جەریدە ئیشم کردوە لە فلان جێگا ئیشم کردوە موستەمسەکات

دەینێ پێشکەشی دەستەی سندووق دەکات ئەوانیش دراسەتی دەکەن ئەو بریارە دەدات ئایا ئەوە خدمەی صەحەفیە یان صەحەفی نییە ، لە هەمان کات ماوەی خانەنشینی لە خوارەوە دیاریکراوە ئێستا دەگەینێ بە چەند ساڵ خانەنشین دەبێت حەز ناکەم بڵێم فوزیە خان بریارەکەی نەخوێندوتەوە وتێیدایە ،زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە فەرموو کاک د. رزگار.

**بەرێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اعداد المیزانیە بێگومان میزانیە دوو بەشە (ایرادات و نفقات و حسابات ختامیة) مانای تەواوکەرە بۆ میزانیە لێرە تەنها موعالەجەی میزانیەیان زیاد کردوە وناردنی بۆ وەزارەت (للتصدیق علیها) واتە حساباتی کۆتایی هەموو یاسا نییە ئەی چۆن معالەجە دەکرێ ئەگەر لیژنەی یاسا کەرەم کات،زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی کاک (د.رزگار)تان هەیە فەرموو.

**بەرێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێن (ارسالها الی وزارة المالیة) بە گوێرەی ئەوەی لایەنی پسپۆرە تەنها بە هەموو لایەنەکانیەوە بە میزانیەوە بە محاسەبەی میزانیەکەی بە دەستکاری میزانیەکەی بە محاسەبە کردنی لەسەر میزانیەکەی وەنییە لایەنێکی ئەوە بێت وەکو پێشان دەڵێ دەنێردرێتە نقابەی یان فلان جێگای دەچێتە لایەنێکی رەسمی، ئەو لایەنە رەسمیەش دەبێت بەشێک لە پارەکەش خۆی تێدا موساهمە بکات چونکە هەموو نەقابەیەک بەشێکە لە وەزارەتی دارایی هەتا هی نەقابەی محامینیش بەشێک لە نەقابەی وەزارەتی دارایی تێدا موساهەمە دەکات لە صندوق بۆیە حسابی کۆتایی ناکەوێتە بەری چونکە ئێمە لە سەرەتاوە گوتیتمان لێکۆڵینەوەیان و سجلاتیان ناکەوێتە بەر لێکۆلینەوە لە خودی ماددەکانە ، نەقابەی دارایی ژمێریاری دەتوانێ هەموو شتێک بکات، حسابی کۆتایی بۆ وەزارەتی دارایی ناچێت میزانیەکە دەچێت وەزارەتی دارایی بۆ خۆی حسابی دەکات چونکە لێکۆڵینەوەی سجلاتی دەکرێت لەسەر سجلاتی حسابی لە هەمان کاتیشدا لە دەرەوەی نەقابەیە بۆ وەزارەتی دارایی لەبەر ئەوە پێویست نییە حسابی کۆتایی بۆ وەزارەتی دارایی بچێت میزانیەی بۆ دەچێت بۆ ئامادەکردنی میزانیەکە بە تەنها بە بۆچوونی خۆیان پێشتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە سجلێ حساباتی ساڵانە گوتراوە لە یاسایەکەی. پاشان دێن حساباتی کۆتایی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن. ساڵانە کە لێکۆڵینەوە کرا مانای وایە حسابی

کۆتاییـان روون دەبێ بە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەویش ئاگاداری دەکات دەڵێ ئەوەیە سەرفیـان ئەوەیە میزانیەیان ئەوەیە حسابی کۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چا جارێکی تر بیخوێنەوە ماددەی چوار با بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

المادة الرابعة : صلاحيات الهيئة :

تمارس الهيئة الصلاحيات التالية :

أولاً : تأمين الموارد المالية للصندوق واستثمارها بما يخدم أغراض الصندوق وفق أحكام هذا القانون.

ثانياً : إحالة الصحفيين على التقاعد.

ثالثاً : تحديد وتثبيت مدة ممارسة الصحفي للمهنة واحتسابها لأغراض التقاعد.

رابعاً : تخصيص الحقوق التقاعدية للصحفيين ولعيالهم بعد وفاتهم.

خامساً : إعداد الميزانية السنوية للصندوق وإرسالها الى وزارة المالية للمصادقة عليها وتنظيم جداول شهرية عن مجمل حسابات الصندوق.

سادساً : تعيين الموظفين لتسيير أعمال الصندوق وانهاء خدماتهم وفقاً للقوانين المرعية.

سابعاً : ايداع أموال الصندوق بحساب خاص في أحد مصارف الاقليم ويتم السحب والصرف بقرار الهيئة وبتوقيع رئيسها والمسؤول المالي.

ثامناً : تخويل رئيسها او أحد اعضائها البعض من صلاحياتها.

تاسعاً : اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل ادارة الصندوق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە بە زۆرینە دەنگ وەرگیرا دوو دەنگ پەسەندی ناکات، ماددەی پێنچەم تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

الفصل الثاني

الاحكام المالية

المادة الخامسة :

تتكون موارد الصندوق مما يلي :

١ - بدل اشتراكات الصحفيين .

٢ - منح ومساعدات حكومة الاقليم.

٣ ـ نسبة ما تستقطعه وزارة الثقافة من اجور نشر الاعلانات في الصحف و القنوات الاعلامية لحساب الصندوق.
٤ـ مايقرر مجلس النقابة استقطاعه من صافي موجودات النقابة في نهاية كل عام على ان لايقل عن (٥٠٪) من صافي الموجودات المالية.
٥ ـ المنح و الهبات المالية المختلفة بعد موافقة الجهات ذات العلاقة.
٦ ـ ما يستوفى سنوياً من أية صحيفة او وكالة انباء او مؤسسة إعلامية سواء كانت للطبع او النشر او التوزيع على ان لايقل عن الف دينار.
٧ ـ عوائد استثمارات الصندوق.
٨ ـ ريع ما تقرره هيئة الصندوق القيام به من نشاطات لمصلحة الصندوق .
٩ـ اية موارد اخرى تستحق للصندوق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت ئێمە دوو بڕگە، سێ و شەش ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز بڕیار بدات ئەوە بمێنێتەوە دەبی لە پێشتر ماددەیەک هەبێت فەرزی استقطاع بکەین چونکە استقطاع نابێت ( نسبه ما تستقطعه وزاره الثقافه من أجور نشر الاعلانات فی الصحف و القنوات الاعلاميه لحساب الصندوق ) ئەوە لە یاسای چاپکردندا نییە کە لە هەر لاپەڕەیێ چەند وزارەت استقطاع بکات بۆ مەسلەحتی سندووق یان مەسلەحەتی نەقابە ئەوجا بەرای ئێمە ئەگەر ئەو دوو ماددەیە ئەو دوو بڕگەی بمێنێ سێ و شەش ئەبێ ماددەیەک زیاد بکەن بەم جۆرە:
١ـ تستقطع من قبل وزارة الثقافة والاعلام نسبة معينة لاتقل عن (١٠٪) من أجور نشر الاعلانات في الصحف والقنوات الاعلامية لحساب الصندوق.
٢ـ يستوفى سنوياً من اية صحيفة او وكالة انباء او مؤسسة اعلامية سواء كانت للطبع او النشر او التوزيع مبلغ لاتقل عن الف دينار لحساب الصندوق.
ئەگەر ئەو ماددەیە نەگوترێ هەر لێرە بە چ ئەساسێ استقطاع دەکرێ لە بەر ئەوەی مەجالی استقطاع دیار نییە و تەقدیر دەکرێ تەرک دەکرێ، بۆ وەزارەتی ڕۆشەنبیری بە کەیفی خۆی چۆن بیبڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی دارایی ئەوەیە کەوا هەردوو بڕگەی (٣)و(٦) هەڵگیرێن، (حیث من غیر المعقول ان تستقطع نسبه من واردات وزاره الثقافه کحساب للصندوق). دووەم هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەتاوەکو ڕاگەیاندنەکانی پەروەردەییش، یان هی حکومەتن، یان هی حزبەکانن، چونکە مەعقول نییە لە پارەی وەزارەتێکی حکومەت ببڕیت و بدرێتە سەندیکایەک، جا لەبەر ئەوە ڕای لیژنەی ئێمە وایە کە ئەم دوو بڕگەیە هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ڕۆشنبیریی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە هاتووە و بوونی ئەو پارەیە و، بڕینی لەوە بۆ سەندوق پێویستە، چونکە لە هەموو کات و شوێنێکدا یەکێک لە ڕۆڵەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەوەیە دەسگیرۆیی باری ڕۆشنبیران و بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسان بکات و، خۆی لە خۆیدا ئەو سەندوقە هەژارە پێویستی بە باربۆ کردن هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کەتێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک د.أدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.أدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە خاڵی «٣» لە ماددەی «٥» بمێنێتەوە، بەڵام وەکو ئەوەی لەپێشنیاری لیژنەی یاسادا هاتووە کە دەڵێ: (تستقطع من قبل وزارة الثقافة والاعلام نسبة معينة لا تقل عن ١٠٪ من اجور نشر الاعلانات في الصحف والقنوات الاعلامية لحساب الصندوق)، بەڵام سەبارەت بە خاڵی «٦» لە ماددەی «٥» هەڵبگیرێت، چونکە بە ڕای من پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز أبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز أبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەرەتای ئەم مادەیەدا هاتووە کە «تتکون موارد الصندوق من»، بەڵام لە بڕگەی یەک باسی «بدل الاشتراک» دەکات، لێرەدا ڕەنگە یەکێک وا تێبگات کە ئەمە ئابوونەی سەندیکا بگرێتەوە، جا پێم باشە کە بڵێین «بدل إشتراك الصحفيين في الصندوق» تاوەکو ڕوون بێت و، لە

برگەی «٤»دا دەڵێت کە ٥٠ ٪ لە موجوداتی دارایی سەندیکا بۆ سەندوق بڕوات، لێرەدا واتای ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆری ئابوونەکەی بۆ دەچێت، هەروەها سەبارەت بە برگە«٩»ش ئێستا هەتاکو لە جیهانی دیموکراتیشدا لە ئەوروپا و ئەمریکا ئەیانەوێ سەرچاوەی پارە بزانن لە کوێوە هاتووە، هەرچەندە من دڵنیام کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئێستا هیچ گومانم لەسەریان نییە، لەبەر ئەوە دەبینم برگەی «٩» هیچ پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز أمین مولود فەرموو.

**بەڕێز محمد أمین مولود أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من برگەی «٤» کە هاتووە زیادە، (ما یقرره مجلس النقابة من صافي موجودات النقابة)، مەوجوداتی سەندیکاش بریتییە لە زەوی وزار و خانووبەرە و ئەوراقی وەرگرتن و دان و هەرچی هەیە، کەواتە ٥٠ ٪ی مومتەلەکاتی سەندیکا هەمووی دەبات، ئەمە یەک، سەبارەت بە برگەی «٣»وە یاسا هەیە لەو ڕووەوە،وابزانم کرێی پروپاگەندە لە ڕۆژنامە و کەناڵەکاندا برێکی ئەچێت بۆ سنوقی سەندیکای ڕۆژنامەگەری و، بەپێی یاساکانی تریش هەر هەمان شتە، برگە«٦» کە دەڵێت: (ما یستوفي سنویاً)ئەمە سەندیکا کرێیان وەردەگرێت، لە نووسینگەکانی ڕاگەیاندن جا چ چاپ بێت، یا بڵاوکردنەوە بێت، یا دابەش کردن بێت،ئەوە سەندیکای ڕۆژنامەگەری بەشداری ساڵانەیان لێ وەردەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ وەڵامێکتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک أبراهیم باسی کرد(بدل أشتراکات الصحفیین للصندوق) ئەوەی ناوێت، چونکە هەر لەسەرەتاوە نووسراوە(تتکون موارد الصندوق)جا لەبەر ئەوە پێویست ناکات بلێین (الاشتراکات السنویه للصحفیین)، دووەم ئەوەی فەرمووی سەبارەت بە «إنتماء»، ئەوە پەیوەندی بە سندۆقەوە نییە، بەڵکو بۆ سەندیکایەو، ئەو کەسە دێت پەیوەندی بە سەندیکاوە دەکات بۆ ئەوەی مافی خانەنشینی بیگرێتەوە، جا پەیوەندی بە سەندوقەوە ناکات، بەڵکو بەشداری لە سەندوق دەکات بۆ ئەوەی ئەو مافانە بیگرێتەوە، ئەوەی کاک ئەمین فەرمووی (ما یقرره مجلس النقابة أستقطاعه من صافي الموجودات النقابة في نهایة کل عام علی ان لا یقل عن ٥٠٪) ئەگەر بەو حیسابەی کاک ئەمین باسی دەکات سەندیکا وای لێ دێت لە کۆتاییدا هیچی بۆ نامێنێ، (أستقطاع) مەبەستی لە کۆتایی تەسفیەی پارەی خۆیانە، ئەگەر نە «موجودات» هەموو ساڵێک نیوەی خۆی

بنێرێت بۆ ئەوەی پاش چوار ساڵ هیچی نامێنێت، ساڵانە پاش حیساباتی کۆتایی خۆیان زیادیان هەیە لە پارەکەیان، جا ئەو کاتە ئەو پارەیە ٥٠٪بۆ سەندوق دەنێرن، نەک موجوداتی پارە و مڵک وماڵی سەندیکا، مەبەستیش لە مەوجودات تەنها ئەو برە پارەیەیە کە لە سندوقی سەندیکادا هەیە، سەبارەت بەوەی کە کاک د.ئیدریس باسی کرد، کەوا برگەی «٦»هەڵگیرێت و، برگەی «٣» بمێنێت، دیارە ئەوان کە ئەو شتەیان داناوە لەسەر بنەمایەک دایان ناوە، «١٠٠٠» دینار زۆر نییە ئەگەر هەر دەزگایەکی رۆژنامەوانی، یان لە دەزگایەکی راگەیاندن ساڵانە «١٠٠٠» دینار بدەن بۆ بەرژەوەندیی رۆژنامەنووسەکان، ئەویش وەکو هاوکارییەکە بۆ سندوق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیریی لە قسەکانی بەڕێز کاکەرەش دەکەم، بەڵام روونکردنەوەیەکیشم هەیە، ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانەوە دەرچوون سەبارەت بەخانەنشینی پیشەییەکان،هیچ یەکێکیان جێبەجێ نەکران، لەبەر ئەوەی ئەو پشتیوانییە کە وەزارەتی دارایی دەیداتێ بەش ناکات، جا بۆیە یاساکە جێبەجێ نەکراوە، دووەم من لەگەڵ ئەوەم کەوا برگەی «٣» و «٦» بمێننەوە، چونکە ئەوە لەوانەیە لە یاسایەکی ترەوە هاتبێت و، پرۆژەکەش لەلایەن وەزیری رۆشنبیریەوە پێشکەش کراوە و، هەڵبەتە ئاگاداریشی هەیە و پشتگیریشی لێ کردووە و، لە ئەنجومەنی وەزیرانیش پەسەند کراوە، ئەو رێژانە بە بۆچوونی ئێمە لەوانەیە لە یاساکانی ترەوە هاتبن، جا بە رای ئێمە ئەو برگەیە مانەوەی باشترە لە هەڵگرتنی، چونکە پشتگیرییەکە بۆ دەستەی سندوقی رۆژنامەنووسان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی هەیە کاک ئەمین؟، فەرموو.

**بەڕێز محمد أمین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەرەش فەرمووی کە ئەگەر زیادەیەکیان هەبێت ئەوە دابەش دەکرێت، بەڵام ئێمە کە وتمان (موجودات) بودجەی حیساباتی کۆتایی هەموو دەزگایەک بریتییە لە دوو شت«موجودات»و«مطلوبات»، کە وتت «موجودات» مانای ئەوەیە لە باڵەخانە و زەوی وزار و ئەوراقی وەرگرتن و هەرچی هەبێت هەمووی دەگرێتەوە، واتە ئەگەر مەبەستان ئەوە نەبێت دەبێت وشەی «موجودات» بگۆڕن بە «أرباح النقابة»، چونکە موجودات هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی «٣» و «٦» ئێمە سوورین لەسەر رای خۆمان کەوا ئەم دوو بڕگەیە هەڵگیرێن، چونکە رۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی راگەیاندن یاخود حزبین و، یا حکومین و، یاخود راگەیاندنی پەروەردەیین، سەبارەت بە «موجودات»ی سەندیکا کە لە بڕگەی «٤»دا دەڵێت:(صافي موجودات النقابة في نهاية كل عام على ان لا يقل عن ٥٠٪من صافي الموجودات المالية) بە زبانی دارایی ئەوەیە «صافي السيولة النقدية» بەڵام ئەوی تر لە موجوداتی سەندیکا کە بریتیە لە باڵەخانە و زەوی وزار و شتی تر ئەوە مەوجوداتی چەسپاوی سەندیکایە، ئەوانە جیاوازن، پێیان دەڵێن «الموجودات الثابتە»، بەڵام لێرە نووسراوە «صافي الموجودات المالية» کەواتە «صافي السيولة النقدية» ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکم هەیە روونکردنەوەکەی لیژنەی دارایی، ئەو رۆژنامەنووسە لە رۆژنامەیەکەدا ئیش دەکات، بەشێک لە خەرجیاتی خانەنشینییەکەی پێویستە بکەوێتە سەر ئەو رۆژنامەی کەوا ئیشی تیادا دەکات، بۆیە ئەو «أستقطاعاتە» لە جێگای خۆیەتی، جا ئەو رۆژنامەیە حکومی بێت، یا حزبی بێت، یاخود ئەهلیش بێت، چونکە ئەم یاسایە هەمووی دەگرێتەوە، وەکو خاوەنی کار، کە بەشێکی سەرەکی لە خانەنشینی کرێکارەکەی ئەدات، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو «أستقطاعات»ە بمێنێتەوە شتێکی خراپ نییە، بەو شێوەیەش بێت کە حکومەت کردوویەتی و بواریشیان پێ بدەین کەوا خۆیان دیاری بکەن، ئەویش بە رێککەوتن لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسان، هیچ تێبینی تر هەیە؟،نییە. کاکەرەش فەرموو داڕشتنەوەی کۆتایی بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

تتكون موارد الصندوق مما يلي:

١ ـ بدل اشتراكات الصحفيين .

٢ ـ منح ومساعدات حكومة الاقليم.

٣ ـ نسبة ١٠٪ تستقطعه وزارة الثقافة من أجور نشر الاعلانات في الصحف و القنوات الاعلامية لحساب الصندوق.

٤ـ مايقرره مجلس النقابة استقطاعه من صافي موجودات النقابة في نهاية كل عام على ان لايقل عن (٥٠٪) من صافي الموجودات المالية.
٥ ـ المنح و الهبات المالية المختلفة بعد موافقة الجهات ذات العلاقة.
٦ ـ ما يستوفى سنوياً من أية صحيفة أو وكالة انباء او مؤسسة إعلامية سواء كانت للطبع او النشر او التوزيع على ان لايقل عن الف دينار.
٧ ـ عوائد استثمارات الصندوق.
٨ ـ ريع ما تقرره هيئة الصندوق القيام به من نشاطات لمصلحة الصندوق .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ماددەی «٥» دەخەینە دەنگدانەوە، تكایە كێ ماددەی «٥» پەسەند دەكات؟..سوپاس..كێ پەسەندی ناكات؟..كەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «٥» وەرگیرا، ئێستاش دێینە سەر ماددەی «٦» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السادسة:
للهيئة ان تستثمر موارد الصندوق بالطرق التالية:
١ ـ ايداعها لدى مصارف الاقليم حسب النسب و الفوائد المقررة.
٢ ـ بيع وشراء الاسهم والسندات المالية الحكومية.
٣ ـ اقراض الموسسات الرسمية وشبه الرسمية بفائدة وبضمان أحد المصارف و بآجال لا تتجاوز ثلاث سنوات.
٤ ـ استثمار ممتلكات الصندوق من الاموال المنقولة وغير المنقولة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تكایە، فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینییمان لەسەر وشەی «إستغلال» هەبوو كە بكرێت بە «أستثمار» كە ئەویش كاك شێروان بە «إستثمار» خوێندیەوە، هەر چوار برگەكە وەكو خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیریی مادده‌كه ده‌كه‌ین و، هیچ تێبینییمان نییه، سوپاس.

**بـه‌ڕێـز ســـــه‌رۆكـی ئـه‌نجـــــومـــــه‌ن:**

سوپاس، رای لیژنه‌ی رۆشنبیریی تكایه، فه‌رموو.

**به‌ڕێز أحـــمـــد ســـالار عـــبـــدالواحـــد:**

**بـه‌ڕێـز ســـــه‌رۆكـی ئـه‌نجـــــومـــــه‌ن.**

هیچ سه‌رنجمـان نییـه، ته‌نهـا گۆڕینی وشـه‌ی «أستـغلال» بوو بۆ «أستـثمـار» كه ئه‌ویش كرا، سوپاس.

**بـه‌ڕێـز ســـــه‌رۆكـی ئـه‌نجـــــومـــــه‌ن:**

سوپاس، ئێمه پرسیارێكمان هه‌یه له لیژنه‌ی دارایی، ئه‌ویش له‌سه‌ر خاڵی چواره‌م كه ده‌ڵێت: (٤ ـ استـثـمـار ممتلكات الصندوق من الاموال المنقولة وغيـر المنقـولة.) واته ئه‌تـوانێ «أســـهـم و سندات»ی مـالی ئه‌هلی بكڕێ و، هی حكومی نه‌بێت، ئه‌و كـاته ئه‌توانێ بچێته ناو مضـارباته‌وه، جـا ئه‌و كـاتـه‌یاسـا ڕێگای پێ ئـه‌دات، بۆ نموونه خـاڵـی دووه‌م ده‌ڵێت: (٢ ـ بيع وشــراء الاســـهـم والسندات المالیـة الحكومـیـة.)، إستـثـمـاری مـالیش واته «أسـهم و السندات»، ئـه‌و به‌ڕێزانه‌ی تێبینییـان هه‌یه ده‌ستیـان به‌رز كه‌نه‌وه، نییه، كه‌واته مـادده‌ی شه‌ش ئه‌خه‌ینه ده‌نگدانه‌وه، به‌ڵام جارێكی تر بیخوێننه‌وه، فه‌رموو.

**به‌ڕێز كـــاكـــه‌ره‌ش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـه‌ڕێـز ســـــه‌رۆكـی ئـه‌نجـــــومـــــه‌ن.**

المادة السادسة:

للهيئة ان تستثمر موارد الصندوق بالطرق التالية:

١ ـ ايداعها لدى مصارف الاقليم حسب النسب و الفوائد المقررة.

٢ ـ بيع وشراء الاسهم والسندات المالية الحكومية.

٣ ـ اقراض الموسسات الرسمية وشبه الرسمية بفائدة وبضمان احد المصارف و بآجال لا تتجاوز ثلاث سنوات.

٤ ـ استثمار ممتلكات الصندوق من الاموال المنقولة وغير المنقولة.

**بـه‌ڕێـز ســـــه‌رۆكـی ئـه‌نجـــــومـــــه‌ن:**

سوپاس، كێ له‌گه‌ڵ مـادده‌ی شـه‌شه‌مدایه؟... سوپاس.. كێ له‌گه‌ڵدا نییه؟.. كه‌واته به تێكڕای ده‌نگ مادده‌ی شه‌شه‌م وه‌رگیرا، مادده‌ی حه‌وته‌م، فه‌رموو.

**به‌ڕێز كـــاكـــه‌ره‌ش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

المادة السابعة:

شروط اشتراك الصحفي في الصندوق:

أ- ان يكون عضواً في نقابة صحفيي كوردستان.

ب - غير مشمول بأحكام قانون تقاعدي او صندوق تقاعدي اخر.

ج - لم يتجاوز عمره عن(٥٠) خمسين سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی تێبینییەکمان هەیە سەبارەت بە (لم يتجاوز عمره «٥٠»خمسين سنه) بەمەرجێک خزمەتی نەبێت، ئەگەر خزمەتی نەبێت نابێت لە «٥٠» ساڵ زیاتر بێت، چونکە «٦٣»ساڵ خانەنشینە بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی، کەواتە«١٣» ساڵ خزمەتی نییە، بەڵام ئەگەر خزمەتی پێشووی هەبێت ئەبێت چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیریی تکایە.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها سەرنجمان لەسەر خاڵی «ج» هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو خاڵە روون نییە، خۆی لەبەر ئەوە هاتووە بەڵام وەکو مەبەست دیار نییە و، زمانی یاساش ئەبێت زمانێکی روون و رەوان بێت، بۆیە ئەمە بە روون و رەوان نابینرێت، ئەمە بۆ ئەوەی کەسێک خزمەتی نەبووبێت و ئەیەوێ لەوەندەوە خانەنشین بێت، نەک بۆ یەکێک «٢٥» ساڵ خزمەتی هەبێت، کەواتە ئەم خاڵە پێویستی بە دارشتنەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە با دەستیان بەرز کەنەوە، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بۆ دەچم کەوا خاڵی «ج» پێویست نییە، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسی پیشەیە، زۆر کەسیش پاشی تەمەنی «٥٠» ساڵە ئەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەتوانێت زۆر خزمەتی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی بکات، جا بە ڕای من ئەو خاڵە هەڵگیرێت باشترە، چونکە ئەوە مافی هەموو کەسێکە کە پاش تەمەنی «٥٠» ساڵی لە ڕۆژنامەگەری ئیش بکات، دووەم بە ڕای من ئەگەر سوورن لەسەر ئەوەی کە «٥٠» ساڵ بێت، ئەوە دەکرێت پاش خانەنشینی، ئەگەر کەسێک خانەنشین کرابێت لە ڕۆژنامەوانی پاش «٦٠» ئەکرێت، بەڵام ڕای من وایە کە خاڵی «ج» هەڵگیرێت، چونکە ئەوە جۆرە زوڵمێکە ئەکرێت لەوانەی کە بە ڕاستی لەو بوارەدا کار دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم لەسەر خاڵی «أ» هەیە، (أ- ان یکون عضواً في نقابة صحفیي کوردستان.) لێرەدا وشەی «کوردستان»ی ناوێت، لەسەر خاڵی «ب»یش کە دەڵێت: (ب - غیر مشمول بأحکام قانون تقاعدی او صندوق تقاعدی اخر.) لێرەدا لەوانەیە بیگرێتەوە بەڵکو ئەگەر بوترێت (غیر متمتع بأحکام قانون) چونکە لەوانەیە ئەحکامی تر بیگرێتەوە، بەڵام «متمتع» نەبێت و، سەبارەت بە خاڵی «ج»یش لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەبێت بگوترێت (خمسین سنە)نەوەک «خمسون»، هەروەها تێبینییەکیشم هەبوو لەسەر ماددەی «٥» هەرچەندە دەستیشم هەڵبڕی، بەڵام دەرفەتی قسەکردنم پێ نەدرا، تێبینییەکەشم لەسەر بڕگەی «٤» ماددە «٥» بوو کە «مجلس النقابە» یەک هاتووە کە پێویستە چاک بکرێتەوە بکرێت بە «الهیئە»، چونکە «مجلس النقابە» لێرە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە هەڵگرتنی ڕەوا ترە، چونکە رابەرانی ڕۆژنامەوانی کورد وەکو پیرەمێرد و حوزنی و نەریمان و دەیان و دەیان ناوی تر تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاواییان لەم دنیایە کرد، دەسبەرداری پیشەکەیان نەبوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک أبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز أبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی «٥٠» ساڵ لێرە کێشەیەکمان بۆ دروست دەکات، سەبارەت بەو ڕۆژنامەنووسانە کە لەناو حکومەت ئیش دەکەن، ئەگەر ڕۆژنامەنووس تەمەنی گەیشتە «٦٠» ساڵ و فەرمانبەری حکومی بوو و، سەیری کرد مووچەی خانەنشینی لە «٦٣» ساڵی لە سەندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانی باشترە لە سەندوقی خانەنشینی حکومی، ئیستیقالە لە کاری حکومی دەکات و لە دەزگایەکی سەربەخۆ ئیش دەکات و، دوایی «٣» ساڵ خۆی خانەنشین دەکات و، ئەو ماوەیەی کە لەلای حکومەت کاری کردووە بۆی بە خزمەت دەژمێردرێ بۆ خانەنشینی، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەمە کە «٥٠» ساڵ بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو تێبینییانەی کاک عبدالخالق کە ئەگەر نەشمێنی هیچ گرفتێک نییە، سەبارەت بە قسەکانی کاک أبراهیم سعیدیش فەرمووی ئەو جۆرە کێشەیە دروست ناکات، چونکە ئێمە دەڵێین: «غیر مشمول»، بۆیە نەمان وت «غیر متمتع بأحکام قانون تقاعدی آخر» چونکە ئەگەر ئەو لە وەزیفەدا بێت کە هاتە دەرەوە خۆی خانەنشین دەکات، خانەنشینی فەرمانبەری مەدەنی دەیگرێتەوە، ئەو کاتە نابێت بچێت بەشداری لە سەندیکادا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: .**

سوپاس،هیچ تێبینییەکی تر هەیە، کاک حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرجی خانەنشینی ڕۆژنامەنوسی ئەوەیە کە دەبێت یا «٢٥»ساڵ خزمەتی هەبێت، یا «٦٣»ساڵ

تەمەنی تەواو کردبێت لەگەڵ «٢٠» ساڵ خزمەت، ئەو «٥٠» ساڵە رێگای گرتووە لەو کەسانەی کە تەمەنیان «٦٠» ساڵە حەز دەکات کە پاش «١٠» خزمەت داوای خانەنشینی دەکات، جا لەبەر ئەوە بواری نەداوە بەو کەسەی کە تەمەنی «٥٠» ساڵ بێت پەیوەندی بکات بە سەندیکاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە بۆ داهاتوو راستە، ئێمە ئێستا سندوق دادەمەزرێنین و، رۆژنامەنوسمان هەیە کەوا «٢٠» ساڵە وئێستا تەمەنی «٦٠»ساڵە، باشە ئەوە مافی ئەوەی نییە کە خانەنشین بێت؟!، خزمەتی هەیە وەکو رۆژنامەنووسێک، بەڵام سەندوقەکە تازە دامەزراوە، ئەو ئلتیباسەی تیادایە، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محمد حسێن«سیروان کاکەیی»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو خاڵە هەڵگیرێت، چونکە خاڵی «١» دیاری کردووە، کە ئەندام بوو لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، واتە مافی ئەندامێتی خۆی وەرگرتووە، ئەندامیش مافی ئەوەی هەیە کە لە سەندوقدا بەشداری بکات، لەبەر ئەوە لە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان مافی داوەتێ کە ئەندام بێت بەگوێرەی مەرجەکانی ئەو یاسایە، لە یاساکەشدا هاتووە کە مافی ئەندامێتی وەرگرتووە، کە مافی ئەندامێتیشی وەرگرت، ئەو کاتە مافی ئەوەی دەبێت کە لە سەندوقدا بەشداری بکات، لەبەر ئەوە لە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش مافی داوەتێ کە ئەندام بێت بەگوێرەی مەرجەکانی یاساکە، جا بۆیە بەرای من ئەو خاڵە زیادە و هەڵگیرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم«د.رزگار»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە تایبەتە بە رۆژنامەنووسانی کوردستان و خزمەتێک بە ئەوان پێشکەش دەکات، من لێرەدا تێبینییەکم هەیە کە ئەویش مەرجێکی تر بۆ ئەندامێتی ئەم سەندوقە زیاد کەین،ئەویش «ان یکون من مواطني الاقلیم ومقیماً فیه» کەوا تەنها ئەو رۆژنامەنووسانەی ناو هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، دووەمیش خاڵی «ح» کە باس کرا، بۆچوونی جەنابت زۆر روون و ئاشکرا بوو کە ئەو رۆژنامەنووسەی کە «٤٠ یا ٥٠» ساڵ خزمەتی هەیە و نەبووە بە ئەندامی سەندیکا بێ بەش بووە من زۆر بە پێویستی دەزانم کەوا ئەم خاڵە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ روونکردنەوەیەک لەسەر قسەکانی جەنابتان بکەم، ئەو کەسەی کە ٢٠یان ٣٠ ساڵ خزمەتی هەبێت و بێت پەیوەندی بکات، ئێمە تازە سەندیکامان دامەزراندووە و تازە دەستەی سەندوقمان داناوە، بەڵگەکانی خۆی دێنێ و بە پێی ڕێنمایی ئوسوولی، ئێمە زیادیشمان کردووە بە «٥٥» ساڵ خزمەت کە نابێت مولەتی پارێزەری نادەین، بەڵام ئەگەر هاتوو خزمەتی پێشتر بێنێ و بەڵگەنامەی پێشتر بێنێ ئەوە ئێمە خانەنشینی دەکەین لەسەر بنەمای یاسای خانەنشینی پارێزەران کە ئێستا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە، ئێستاش ئەو بابەتە هەمان شتە، یەکێک کە ٣٠تا ٤٠ساڵ خزمەتی هەبێت و بەڵگەنامەی ئەو خزمەتەی هەبێت، ئەوە لەو یاسایە بێ بەش نابێت و ئەو یاسایە دەیگرێتەوە و هیچ دژایەتییەکی ناکات کەوا مافی خانەنشینی بسووتێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ راستە، بەڵام دەقەکە وا ناڵێت، جا ئێمە رامان وایە کە ئەم ماددەیە دوا بخەین و دانیشتنەکەش دوادەخەین و پەیوەندیش بە سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە بکەن، لێرەدا کۆتایی دێنین بە دانیشتنی ئەمرۆمان و دانیشتنی سبەی لە کاتژمێر «١١» دەبێت، سوپاستان دەکەین.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)**

دوو شەممە ڕێکەوتی ٨/١٠/٢٠٠١

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٨/ ١٠/ ٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٨/ ١٠/ ٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە چواری)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە چوار)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٨/ ١٠/ ٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق.
٢- خستنەڕو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی هەمواركردنی بڕگە (٤)ی مادده/ ٨٩ وبڕگە(٢)ی مادده/ ٩١ لە یاسای ژمارە(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ کە پێشنیار کراوە لەلایان ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە چواری خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین. بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمرۆمان پێک هاتووە لە دوو خاڵ:
١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانی کوردستانی عێراق.
٢- خستنەڕو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی هەمواركردنی بڕگە (٤)ی مادده/ ٨٩ وبڕگە(٢)ی مادده/ ٩١ لە یاسای ژمارە(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ کە پێشنیار کراوە لەلایان ئەنجومەنی وەزیران.
بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنەکەی دوێنێمان تکا لە دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بێنە ئێرە هەروەها ئەندامێکی لیژنەی دارایی وئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی

رۆشەنبیریی، ئایا بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئامادەن؟ دوێنێ بڕیاردانی ماددەی سێمان تەئجیل کرد تاوەکو جارێکی تر داڕشتن دەکرێتەوە تکایە ئەو داڕشتنەی کە ڕێک کەوتون لەسەری بیخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة اعضاء:

١ـ عضوأصلي واخر احتياط يرشحهما مجلس النقابة.

٢ ـ عضو أصلي واخر إحتياط بدرجة مدير يعينهما وزير الثقافة ويكون رئيساً لها.

٣ ـ عضو أصلي واخر إحتياط بدرجة مدير يعينهما وزير المالية والاقتصاد.

٤ ـ مدة العضوية فيها ثلاث سنوات و قابلة للتجديد.

٥ـ تصدر الهيئة قراراتها بالأكثرية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی سێ بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە. ماددەی سێ بە گشتی دەنگ وەرگیرا،ئەو جا باسێکی بکەن ماددەی حەوتیشمان تەئجیل کرد دوێنێ لەسەر ئەساسی برگە(ج) کە ئیتفاق نەکرا بوو لەسەری ئەو جا شەرحێکی بکەن چیتان کردووە؟ تکایە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان روونی بکەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن پاش ئەوەی کە ئەو ماددەیە تەئجیل کراوە ئەو برگەیە پەیوەندی بە سەرۆکی نەقابەی صوحوفیین کرا تەشریفی هێنا سەعات (٩) لەگەڵی دانیشتین روونی کردەوە کە ئەو (٥٠) ساڵە هەر هەمان بۆچوون بووە کە جەنابی کاک ئیبراهیم بۆی چوبوو لەسەر بنەمای ئەوە کەسانێ هەبێ لەولاو لەولای ئیش بکات دوایە بێت ئەو خدماتە زیاد بکات وتی ئەم کەسە لە لایەن وەزارەتی دارایی دەست نیشان کراوە ئێمە زۆر پەیوەندیان لە بابەتەکە نەبووە، بابەتەکە بابەتێکی داراییە بەڵام ئەوەش کە بۆچونی دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێزتان و ئەوانی تر کەوا کۆنەکان مەغدور نەبن ئێمە دەقێکمان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی کۆنەکان مەغدور نەبن ولە مەو دواش ئەو (٥٠) ساڵە بە چاوێکی سادە وەرگیرێت ئەگەر بفەرموون ئەو دەقەی کە ڕێک کەوتین لەگەڵ نەقابە لەسەری، بیخوێنینەوە:

المادة السابعة:

شروط اشتراك الصحفي في الصندوق:

أ- ان يكون عضواً في نقابة صحفيي كوردستان.

ب - غير مشمول بأحكام قانون تقاعدي أو صندوق تقاعدي آخر.

ج - لم يتجاوز عمره(٥٠) خمسين سنة بإستثناء الصحفيين هم اعضاء في النقابة قبل نفاذ هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بۆ ئەو کەسانەیە کە ئێستا ئەندامن لە نەقابە، ئەوەی کە بەڕێزتان فەرمووتان کەسانێک هەیە مەغدور نەبێت شەرتی تەمەن بۆ ئەمانە نییە ئەوانەی کە ئێستا ئەندامن لەمەودوا ئەگەر یەکەک بێت پەیوەندی بە نەقابە بکات ببێت بە ئەندامی صحفیین (٥٠) ساڵەکە لەسەری جێبەجێ دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر برگە(ج)ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لەسەر ئەم برگەیە دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم برگە(ج)ە پێویست نییە بدرێ مانای (٥٠) ساڵی لێ هەڵبگیرێت لەبەر ئەوە بەرەئی من بابەتی صحافە ئیشێکە مرۆڤ عمری ئەبێتە (٥٠) ساڵ و (٦٠) ساڵ ئەبێتە صحفی وەک شاعرێکە وەک هونەرمەندێکە مانای ئەمە شەرتێکی تەعجیزیە بۆ مرۆڤێک بۆ نمونە تەمەنی گەیشتە (٧٠) ساڵیش ئەوا قەپاتی دەکات، لەبەر ئەوە بەرای من ئەم برگەیە زیادەو هیچ پاساوی تێدا نییە ولە هیچ شوێنیکیش نیبە ئەو برگەیە هەڵ بگیرێ و زۆر لە خزمەتی صحفیین دایە ومرۆڤیش حەقێکی خۆیەتی چ کاتێ ببێت بە صحفی بۆ دەبێ تەنها ئینتما نەکات بۆ نەقابە و صندوقی خانەنشین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک جمیل وەڵامی بدەرەوە فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵێ (٥٠) ساڵ (٦٠) ساڵ راست حەقی خۆیەتی ببێتە چ لە صحافە بنووسن ئەوە حەقێکی سادەی هەر مرۆڤێکە بەڵام ئەمە صندوقی خانەنشینی صحفیین دەبێت هەندێ مەرج هەبێتن ماوەکی کاتی ئیش بکاتن بە لایەنی کەمەوە (٢٠,١٥) ساڵەک تا ئەو حەقەی خانەنشینی وەر بگرێتن، ئەمە رێگا ناگرێتن بلێتن قەدەغەیە کەس لە صحافە ئیش بکاتن ئەگەر (٥٠) ساڵ

تێپەڕێت ئەمە تەنها بابەتی داراییە حقوقی خانەنشی لە مهنەیێ یان لە وەزیفەیێ ئیش بکاتن بەلایەنی کەمەوە دەبێ (١٥, ٢٠) ساڵ تیایدا ئیش بکاتن لێرە بەم یاسایەی ئێمەش لایەنی کەمی (٢٠) ساڵە لەبەر ئەوە ئەم شەرتە بمێنێتن بە پێی ئەو چاک کردنەوەی لیژنەی قانون زۆر پێویستە لەبەر بابەتی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شیروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک عبدالخالق دەڵێ هیچ لاری نییە چونکە لە یاسای صحفیین دەڵێ لە (شروط انتماء أن لا يقل عمره عن (٢٠) سنه) لایەنی زۆری بۆ دانەنایە بۆیە لاری نییە ئەوەی تەمەنی تجاوز بێت پەیوەندی بکات بۆ یاسای صحفیین بەلام بابەتەکە هەر وەکو کاک جمیل گوتی بابەتی صندوقی خانەنشینە ئەو قەیدە بابەتی خانەنشین دایناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس هیچ تێبینی تر هەیە چا تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

شروط إشتراك الصحفي في الصندوق:

أ- ان يكون عضواً في نقابة صحفيي كوردستان.

ب - غير مشمول بأحكام قانون تقاعدي أو صندوق تقاعدي آخر.

ج - لم يتجاوز عمره عن (٥٠) خمسين سنة بأستثناء الذين ثبتت عضويتهم في النقابة قبل نفاذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوت بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزکەنەوە. بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا سێ دەنگ پەسەندی ناکات. فەرموو.

بەڕێز شیروان ناصح حیدری:
المادة الثامنة:
١ ـ يدفع الصحفي الاشتراك السنوي دفعة واحدة قبل نهاية الشهر الاخير من كل سنة وعند عدم الدفع في موعد الاستحقاق تضاف اليه نسبة(٥٠٪) من بدل الاشتراك السنوي.
٢ ـ بدل الاشتراك السنوي (٦٠)ديناراً.
٣ ـ على المؤسسة الصحفية والاعلامية التي يعمل لديها الصحفي دفع ضعف بدل الاشتراك السنوي للصحفي المشمول الى الصندوق .
٤ ـ لايجوز للنقابة تجديد هوية المشمول مالم يسدد البدلات المستحقة عليه للصندوق عن السنة المنتهية أو الاقساط المستحقة عليه عن السنوات السابقة.
٥ ـ على الصحفي المشمول بأحكام الفقرة (٤) أن يقوم بتسديد الاشتراكات المتراكمة على شكل أقساط وخلال سنة واحدة.
٦ ـ اذا ضمت اية مدة باعتبارها مدة ممارسة الصحفي للمهنة لغرض التقاعد يدفع عنها بدلات الاشتراك وفق أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارم هەیە پێش ئەوەی ڕەئیەکان بلێین خاڵی سێیەم: على المؤسسة الصحفية والاعلامية التي يعمل لديها الصحفي دفع ضعف بدل الاشتراك السنوي للصحفي المشمول الى الصندوق. سنوياً يان مرة واحدة.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ گوترایە (على المؤسسة الصحفية والاعلامية التي يعمل لديها الصحفي دفع ضعف بدل الاشتراك السنوي للصحفي المشمول الى الصندوق سنوياً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە دەربارەی ماددەی هەشت.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشەبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی تێبینیمان نییە لەگەڵ زیاد کردنەکەشی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عــــبــــدى سندى:**

**بەڕێز ســــەرۆكـى ئـەنجـــومـــــەن.**

من پشتگيرى ناوەرۆكى ماددەكە دەكەم لە گەڵ تێبينى بەڕێزت.

**بەڕێز ســــەرۆكـى ئـەنجـــومـــــەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز كاك احمد سالار ليژنەى رۆشنبيريى.

**بەڕێز احــمــد ســالار عــبــدالواحــد:**

**بەڕێز ســــەرۆكـى ئـەنجـــومـــــەن.**

هيچ سەرنجێكمان نييە لە سەرى لە گەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز ســــەرۆكـى ئـەنجـــومـــــەن:**

تكا لە ئەندامە بەڕێزەكان دەكەم ئەوەى تێبينيان هەيە دەستيان بەرزكەنەوە بۆ ئەوەى ناونوۆس بكرێن مامۆستا مەلا هادى فەرموو.

**بەڕێز مــەلا هادى خــضــر كــوێخـــا:**

**بەڕێز ســــەرۆكـى ئـەنجـــومـــــەن.**

بە نيسبەت خاڵى يەک (يدفع الصحفي الاشتراك السنوي دفعة واحدة قبل نهاية الشهر الاخير من كل سنة وعند عدم الدفع في موعد الاستحقاق تضاف اليه نسبة« ٥٠٪ ») بە راى من (٥٠ ٪) زۆرە (١٠ ٪) بێتن باشترە لە وانەيە بە بێ هۆ نەبێت ئەو صحفيەى كەوا مەشغولى شتێک بووە يان نەيتوانيوە ئەگەر بە بێ هۆ بێت قەيناكا ئەگينا (٥٠ ٪) زۆرە و(١٠ ٪) بە راى من باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆكـى ئـەنجـــومـــــەن:**

(٥٠ ٪)ى (٦٠) دەكاتە (٣٠) بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مــەلا مــحــمــد طاهر زين العــابدين:**

**بەڕێز ســــەرۆكـى ئـەنجـــومـــــەن.**

لەسەر خاڵى شەش تێبينيم هەيە لە گەڵ ماددە (١٦) زۆر پەيوەندارن لە گەڵ يەک يان ئەوەى ماددە (١٦) ببێتە برگەيەكى لەم ماددەيە يان ببێتە بەندى دوو لە ماددە (١٦) چونكە بابەت داواى ماوە زيادكردنى خدمەيە پەيوەندى دارن لە گەڵ يەک و لە گەڵ ئەوەشدا پێويست بوو ئەم رێک خستنى ماوە پێويست بوو لە ماددە چوار ئەم حەقە بدرابايە بە سەلاحيەتى دەستە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی یەکەم تێبینیم هەیە تەنها (وعند عدم الدفع فی موعد الاستحقاق) لێرە بەراستی ئەگەر هۆیەکی پەسەندیشی هەبێت نابێت پەسەند نییە بۆیە لێرە ئەگەر ووشەی بەبێ هۆ وبەهۆ دانێین لە وانەیە حوکم نە یەتە کردنێ چونکە هاتووە (موعد الاستحقاق تضاف الیە نسبة« ٥٠٪ »)مانای هیچ ڕێگای نەهێشتوە کابرا نەخۆشە کابرا موشکیلەیەکی هەیە لەوانەیە ئەو کاتە ئامادە نییە بۆیە ئەگەر هۆیەکی پەسەند دانێن ئەگەر هۆیەکەی پەسەند بوو ئەو کاتە عقوبەی لەسەر نەبێت،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار کابرا (١٢) مانگ کاتی هەیە (٦٠) دینار بدات مەسەلە یەک ڕۆژ نییە عوزرێکی پەسەندی هەبێت (١٢) مانگ واتە ساڵێک کاتی هەیە لەم ساڵە پێویستە بتوانێ جارێک بیدات.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە وانەیە موشکیلەیەکی هەبێت ژیان مرۆڤ توشی مشاکل دەکاتن بە ڕای من ئاسان کاریەک بکرێتن زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە بەڕێز کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو تێبینی بچوک لەسەر خاڵی یەک ودوو بە ڕای من ئەو (دفعة واحدة) هەڵ بگیرێ هیچ پێویست ناکات لە راستی (٦٠) دینارە قەینا با (٦٠) دینار بێت ئەوە ئەگەر نە مێنێت زۆر باشە، خاڵی یەک وخاڵی دوو ئەگەر پێش وپاش بکرێت مانای خاڵی دوو بێتە جێگای خاڵی یەک وبە پێچەوانەوە زۆر باشە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرمووی لێرە هاتووە لەوێ کە سەلاحیەتی دەستەی خۆ هەر دەستەی صندوق ئەم بریارە دەدات ماوەکەی اعتبار دەکات یان نایکات ولە جێگای خۆشی هاتووە چونکە پەیوەندیی بە مەسائلی ئیشتراکە چونکە ماوەی تێدایە ئەبێ لە جیاتی ئیشتراکی ئەو ماوەیە بدات لەسەر ناوەڕۆکی ئیشتراک بۆیە لێرە هاتووە چونکە لە جیاتی ئیشتراکە بۆ ئەو ماوەیەش بدات کە بۆی حسێب دەکرێت کە مومارەسەی میهەنی کردووە. بە نیسبەت ئەو پاش وپێشەی ئەو برگەی کە باسیان کرد هیچ فەرق ناکات بە رای من و بەڕێزیشتان وەلامی (د.رزگار)تان دایەوە چونکە راستە لە ماوەی سالێک رۆژێک دەتوانێ یەکێک بنێرێ ئەم ناسنامەی بۆ نوێ کەنەوە (٦٠) دینارەکەی بدات و (٥٠ ٪) یەکە زۆر کەمە (٣٠) دینار چ نییە ئەگەر بێتە سەری بیتە (٩٠) دینار بۆ سالێک ئەگەر بۆ سالی ئاینده سالێک نەیدات وەللا سالی دووەم (٩٠) دینار بدات بەرای ئێمە پێویست بوو هەر لە بنەرتدا دوو قات بێت چونکە پتر بدرێت نەک (٥٠ ٪) زۆر کەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی ئیشتراکی سالانە ناداتن زۆربەی نەقابات هەر هاتووە (٥٠ ٪) زۆر جێگاش هەیە دوو قات ئەدات هیچ نەقابەیە لە (٥٠ ٪) کەمتر نەهاتووە ئەمە یەک. هیچ نەقابەیەکیش ئەمەندە مەجالەی نەداوە لە ١/١ تا نیهایەتی مانگی (١٢) مانای سالێکی تەواو هەموو نەقاباتی تر مانگی ئادار نهایەتی مانگی ئادار مانای سێ مانگ ماوەی هەیە ئەگەر لەم سێ مانگە پارەکەی نەداتن (٥٠ ٪) دێتە سەری هەندێ جاریش دەبێتە دوو قات لێرە سالێکی تەواوی داوە عوزری مشروع یان غیر مشروع سالێکی تەواو هەموو نەقابەیەک سێ مانگە مەجال ئەمە سالێکی تەواوە ئەمە زۆر رێک وپێک هاتووە ولە جێگای خۆی دایە پشتگیریشی دەکەین لە گەلّ ئەو تێبینیەی سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس تێبینی تر هەیە نییە کە واتە تکایە جارێکی تر هەمووی بخوێنەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە فەرموو.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حــــیـــــدری:**

المادة الثامنة:

١ ـ يدفع الصحفي الاشتراك السنوي دفعة واحدة قبل نهاية الشهر الاخير من كل سنة وعند عدم الدفع في موعد الاستحقاق تضاف اليه نسبة(٥٠٪) من بدل الاشتراك السنوي.

٢ ـ بدل الاشتراك السنوي (٦٠)ديناراً.

٣ ـ على المؤسسة الصحفية والاعلامية التي يعمل لديها الصحفي دفع ضعف بدل الاشتراك السنوي للصحفي المشمول الى الصندوق سنوياً.

٤ ـ لايجوز للنقابة تجديد هوية المشمول مالم يسدد البدلات المستحقة عليه للصندوق عن السنة المنتهية او الاقساط المستحقة عليه عن السنوات السابقة.

٥ ـ على الصحفي المشمول بأحكام الفقرة (٤) ان يقوم بتسديد الاشتراكات المتراكمة على شكل أقساط وخلال سنة واحدة.

٦ ـ اذا ضمت اية مدة باعتبارها مدة ممارسة الصحفي للمهنة لغرض التقاعد يدفع عنها بدلات الاشتراك وفق أحكام هذا القانون.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەشت بەو شێوەی خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزکەنەوە بەگشتی دەنگ ماددەی هەشت وەرگیرا. ماددەی نۆ تکایە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حــــیـــــدری:**

الفصل الثالث

حالات استحقاق الراتب التقاعدي

المادة التاسعة:

يستحق الصحفي راتباً تقاعدياً في الحالات الاتية:

١ ـ اذا كان له ممارسة (خدمة) في العمل الصحفي لا تقل عن (٢٥) سنة سواء كانت مستمرة او متقطعة.

٢ ـ اذا اكمل (٦٣) سنة من العمر وله خدمة صحفية لا تقل عن عشرين سنة.

٣ ـ يستحق المشمول في الفقرتين اعلاه من هذه المادة الحقوق التقاعدية كاملة.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینمان نییە لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە (یستحق الصحفي الحقوق التقاعدية) چونکە لە پێشا (الحقوق التقاعدية) ئێمە پێناسەمان کردوە راتبی تقاعدی تەفسیرەکەی بووە ئەوە یەک، دووەمیش لە خاڵی یەک (سواء کانت مستمرة) ئەگەر مەبەست لە ساڵەکە بێت (سواء کانت متواصلةً او متقطعةً). ئەگەر مستمر بەکار بێتن ئەبێ کابرای صحفی خۆی بەکاری بێنێت ئەوا بڵێین (سواء کانت مستمراً او متقطعاً مثلاً في العمل) جا متواصله ڕەوا ترە لە خاڵی دووش (عن عشرون) نییە ئەبێ (عن عشرين) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــمــد قـــاسم(د.ڕزگـــار):**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی یەک هەیە (خدمە) فی العمل الصحفی ئەگەر بێن وەکو ئیش وەکو زانست گفتوگۆ لەسەری بکرێت ئەو برادەرەی کە خزمەتی ڕژێمیشی کردبێت لە جەریدەی ڕژێمیش شتی نووسیبێ و لە دژی کوردانیش شتی بڵاو کردبێتەوە بە بەردەوام دژی کوردان بووە ئەو ساڵەش بۆ ئەو خزمەتە مانای (٢٥) ساڵ ئەگەر بێت و ئەم (٢٥) ساڵە جێبەجی بکرێت و دەست نیشان بکرێ بۆیە باش نییە لێرە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئەوە شتێکی گەلێک خراپە ئەو (٢٥) ساڵە پێویستە ئیستثنایەک لێی بێتە کردنێ بۆ ئەو کەسانەی کە لە جەریدەی دوژمن و دژ بەکوردان شتی بڵاوکردۆتەوە وکاری کردوە لەسەر بزاڤی حەرەکەی کورد بنووسی ئەوە ئیشێکی ڕاست نییە ئەوە ئیستثنایە بە دژی یاسا ،سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ڕایەکی باشە پێویست بە گفتوگۆ دەکات فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا هـادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

منیش پشگیریی لە ڕای د.ڕزگار ئەکەم ئێستاش هەیە خەڵکانێک سەرنووسەری گۆڤار و جرائدمانە ئێستا بە ماوەی تەمەنی خۆی بەشداریی کردیە لەو شتەی کەوا دژی میللەتی خۆی بێت ئێستاش لێرە حەق وایە ئیستثنایەک بکرێت ئەو شەرەفە نەدرێتە هەموو کەس، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم بابەتە تێبینیان هەیە دوایی گفتوگۆیان دەکەین لێژنەی یاسایی جوابی ئەمان بدەوە دوایی گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەکەین فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی بەڕێز د.ڕزگار فەرمووی کە مامۆستا مەلا هادی پشگیریی کرد بە ڕای من بابەتەکە وارد نییە چونکە ئێمە یەک لە شروطی ئیشتراکی صندوق ان یکون عضوا فی النقابە یعنی ئەگەر نەقابەی کوردستانی ئەوەی وەرگرتیە بە ئەندام کە نەقابەی کوردستانی بە ئەندام وەری نەگرتبی چی تیایە. کەوا لە نەقابەش شروطی هەیە کە دەبێ کابرا دژی ئەوەی نەنووسیبێ وای نەکردبێ لە وێ شروط هەیە بەڵام ئەگەر بووە ئەندامی نەقابەی بۆ لە صندوق بێ بەشی کەی خۆی سەرەتا یەک لە شروطی ئیشتراک لە صندوق (ان یکون عضواً في نقابة صحفيي کوردستان) کە نەبووە

ئەندام مانای وایە (١٠٠) ساڵیش خزمەتی هەبێت لە مەجالی صحفی یەک عانە وەرناگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەم بابەتە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە تا ناویان بنووسین کاک د.ناصح هیچ تێبینیت نییە وەکو سەرۆک کوتلە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز کاک د.رزگار باسی کرد بەراستی لە جێگای خۆیەتی بەڵام ئەلێرە نییە مەسەلەکە پەیوەندی بە صندوقەوە نییە مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە ئایا ببێتە ئەندامی سەندیکای رۆژنامە نووسان یان نا؟ لەوێ پێویستە ئەمە زیاد بکرێت چونکە ئەگەر لێرە وەرگیرا حەقی خانەنشینی هەیە لەو وەختە مادام ئەندامی نەقابەیە وئەو خدمەی هەیە بێ گومان حەقی خانەنشینی دەبێت ئەو کاتە. بەڵام ئەگەر لەوێ وەر نەگیرێت ئەو شروطانەی ئەو باسی دەکات ئەو شروطانە لەوێ فەرز بکرێت ئەو وەختە لە وێش ئۆتۆماتیکیەن لێرەش ئەو حەقەی پێ نادرێت من پێم وایە ئەم بابەتە زیاتر لێرەیە نەک لەوێ، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیادەی لەسەر ئەوانەی گوتم بابەتی (٥٠) ساڵەکەی کە ئێستا جێگیرمان کرد ئەگەر یەکێک هەتا ئێستا نەبوویتە ئەندام لە مەودوا بێت لایەنی تەمەنی ئەگەر لە (٥٠) ساڵ بێت لە راستیدا هەر وەرناگیرێتن ئیشتراک ناکات لە صندوق وە ئەوەی ئێستا ئەندامە ئەو برادەرانەی ئەوانەی باسیان کرد ئەو برادەرانە تا ئێستا نەبووینە ئەندام ئەوانەی لەو مەجالەی دەستێکی باڵایان هەبووە دژی میللەتەکەی خۆیان ئەگەر لە مەودوا بینە ئەندامیش تەمەنیان لە (٥٠) ساڵ پترە لەبەر ئەوەی پێم وانیە ئیشتراک بکەن لە صندوق،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە نووسین قودسیەتی خۆی هەیە بەراستی قەڵەم سەردەمانێک لە گوللە زیاتر کاری خۆی دەکرد

لەسەر خەڵکی کورد وئێستاش بە بەردەوام بریارێکی دەرکردوە رژێم لەسەر بابەتێکی تر عەلائەساس بۆ گۆرینی نەتەوە خەڵکانێکمان تا تەوقی سەری خۆی نووسینی لە دژی ئەو حرکە کوردیە کە لە دژی ئەم ئازادی خوازیە دەنووسێ هیچ تەمەنیشی نەگەیشتوتە ( ٥٠ ) ساڵ لەوێ کار ناکات ئێمە ( ١٠ ) ساڵە ئەم دیمکراتیە وئازادیەمان بە دەست هێناوە ئەو تاوەکو ( ٩٠،٩١،٩٢،٩٣)ش با بڵێین هەر لەو کارە بەردەوام بووە ئێستا هاتوەتە کوردستان وەک صحفیەک وەر دەگیرێت بە هەر بابەتێک بێت وەرگرتنەکە، ئایا بە بۆنەی ناسیاریە بە بۆنەی صحافەیە بە بۆنەی هەر شتێک بێت. بەڵام وەکو یاسا با رێگا لەوە بگرین وزۆر پشتگیریی لە قسەی کاک د.رزگار بکەین با ئێمە قودسیەتی ئازادی خوازیی راگیر بکەین یەک بەراستیش سنوورێک بۆ ئەوانەش دانرێ ئێستاش هەمانە وەکو صحفی قسەمان پێ ئەڵێ وەکو نووسەر لە دژی جووڵەو بارودۆخی کوردستان دەدوێ بۆیە بەراستی من زۆر بەرەوای دەزانم زۆر پشتگیری لێ دەکەم وزۆر جێگای خۆیەتی دەقێک دابنرێ نە تەمەنەکە کاریکا جەنابی کاکەرەش بەراستی نە بابەتی پەیوەندیەکەش بۆ نەقابە وبۆ صندوقی صحفیین جا ئەگەر کارێکی وا بکەین کە خاڵێک دابنرێ بۆ ئەوەی رادەیەک بۆ ئەو کەسانە دانرێ کە ناتوانن سوود لەو هەلە وەرگرن بۆ ئەوەی جیاوازیان هەبێت لەگەڵ خەڵکانێکی پێشمەرگە و شۆرشگێر، کە گیان و دەست و مێشکیان لە پێناو میللەتی کورددا بووە، زۆر لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک إبراهیم سعید فەرموو.

**بەرێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش سەرهەڵدانی پیرۆز سەرکردایەتی شۆرشی کورد لێبوردنێکی گشتی دەرکرد و لاپەرەیەکی تازەی کردەوە و، هەموو کەسێک گەرایەوە بۆ کوردستان ئەوانەی کە هەڵەیان کردبوو، هەرچەندە ژمارەیان کەم بووە جارێکی تر هاتنەوە سەر رێگای هیدایەت و رێگای راستی، ئەگەر بێێین و بەراورد بکەین لە نێوان رۆژنامەنووسێک کە لەلای حکومەت ئیش بکات و رۆژنامەنووسێک لە دەزگایەکی تایبەتی ئیش بکات، ئەم یاسایە ئەو رۆژنامەنووسە دەگرێتەوە کە لە کەرتی تایبەتی کار دەکات، حکومییەکەش چەند خراپ بووبێت و، چەند لەسەر کورد بە خراپی نووسیبێتی، خانەنشینی ئەو مسۆگەرە، خانەنشینی شتێکی وا نییە کە بڵێی لە دەشت دۆزرابێتەوە و بەم شێوەیە مەرجی بۆ دارێژی، «٢٥٠»دینارێکی دەدەیێ، ئەگەر بۆ خۆشی نەبێت بۆ خێزانەکەیەتی و، هەرچەندە هەڵەشی کردبێت، ئێستا هاتووەتە سەر رێگای راستی و ئێستا ئەویش لەگەڵ ئێمە هەمووماندا خزمەت دەکات، بە رای من شتێکی زۆر ئاساییە کەوا بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی «١» کەدەڵێت: (شرط ان يكون عضواً في نقابة صحفيي كوردستان) بەشێوەیەکی ڕەها هاتووە و، هیچ بەربەستێکی دانەناوە، واتە ئەگەر سەندیکای ڕۆژنامەنووسان وەریگرت تەواو ئیتر هیچ پێویست ناکات مەرجی تری بۆ دابنرێ، دووەم،(هيئه صندوق تقاعد الصحفيين) ئەوە ئیشی نییە، بەڵکو تەنها ماوەکەی دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی جەنابتان دەکەین کەوا ئەم بابەتانە خستە گفتوگۆوە، لە سەرەتادا دەڵێین کەوا ئێمە لەگەڵ بنەمای دڵفراوانی داین و، باشترین نموونەش بارزانی نەمرە کەوا چۆن دڵفراوان بوو بەرامبەر بە دوژمنانی، بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد و گەلی کوردیش بەگشتی دڵفراوان بووە بەرامبەر بەو کەسانەی کە خراپەکاریان لەگەڵدا کردووە و، ئەمە بنەمایەکی ڕەهایە لە ڕێبازی کوردایەتی و پارتی و بارزانی دا و، ئێمە هەموومان پێی مولزەمین و، پێشمەرگەی ئەم ڕێبازەین و، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئاینی ئیسلامیش هەمان شت دەبینین، بەڵام هەرگیز نابێت ئەو ساڵانەی کەوا لەگەڵ دوژمندا کاری کردووە و دژی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردی وەستاوە ئێستا ئەو ساڵانەی بۆ بە خزمەت بژمێردرێ، ڕاستە مووچەی خانەنشینی دەدەینێ و، دەشیپارێزین، بەڵام ئەو ساڵانەی بۆ بە خزمەت ناژمێردرێ، هەر وەکو پێشمەرگەیەک کە لە چیاکاندا خەباتی کردووە، یا ئەو نووسەرانەی کەوا شتیان سەبارەت بە کورد نووسیوە هەر وەکو خوالێخۆشبوو شاکر فەتاح و ئەو شەهیدانەی تر، وەکو یەک بژمێردرێ، بە ڕای من ئەمە یەکسانی تیدا نییە، داواکارم لەبەڕێزتان کەوا لەم بابەتەدا بڕیارێک هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک حمید فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژایەتییەک ئەبینم لە نێوان ئەم ماددەیە و بڕگە «ج»ی ماددەی «٧»دا، ئەگەر یەکێک تەمەنی «٥٠» ساڵ بێت و پەیوەندی بە سەندیکاوە کرد، کە تەمەنی گەیشت بە «٦٣» ساڵ، «١٣» ساڵ خزمەتی دەبێت، بە گوێرەی ئەم ماددەیە شایستەی مووچەی خانەنشینی نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەو تەمەن ئەو مافەی دەبێت، کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە سەیری پێناسەی ڕۆژنامەوان بکەین لە یاسای ژمارە «٤» ساڵی ١٩٩٨، دەڵێ: (الصحفي كل عضو ينتمي الى النقابة و موفي بالتزاماته)، هەروەها لە مادده «٨»دا هاتووە دەڵێ: (يشترط في من ينتمي الى النقابة مايلي: ١- ان يكون مقيماً في كوردستان العراق. ٢- أكمل « ٢٠ » من العمر. ٣- غير محكوم بجنحة او جناية مخلة بالشرف. ٤- ان يتمتع بالاهلية المهنية.)، لەوەش گرنگتر ئەوەی کە کاتی خۆی لێبوردنی گشتی دەرچووە و، مەفرەزەکانی ئەمن و ئیستخبارات بە سەدان کەسی کوشت و ئیعدام کرد، باشە ئێمە چۆن دەبێت لەوە خۆش بین و، بەتایبەتی زۆربەی ڕۆژنامەوانییەکانیش لەو کۆنانەن و، خزمەتی ڕژێمیان کردووە و لە دەزگاکانی ڕژێمیش کاریان کردووە، بەڵام لەو لێبوردنە گشتییە سوودیان وەرگرت و هاتنەوە ریزی میللەت و خزمەتی کورد و کوردستان دەکەن، بە رای من ئەو کەسەی کە پەیوەندی بە سەندیکاوە هەیە ئەم یاسایە بیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سعید یعقوبی رایەکەی منی گوت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیوەندی کردن بە سەندیکاوە مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، یەکێک ئەگەر پەیوەندی بە سەندیکاوە کرد، ئەگەر مرد ئەوە منداڵەکانی لە سەندوقی خانەنشینی مووچە وەردەگرن، ئەوە لایەنێکی تیایە مادام پەیوەندیی بە ڕۆژنامەیەکەوە کرد و وەرگیرا و، لە سەندیکا وەرگیرا، ئەوە ئۆتۆماتیکییەن لە سەندوقی سەندیکا وەردەگیرێت، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە لایەنێکی سیاسی تیادایە، تەعمیم کردنی لە سەندیکاکاندا وارد نییە، ئێمە سەبارەت بە پەرلەمانەوە و لە هەندێ دەزگای دەستوری هەندێ کەس بۆی نییە خۆی هەڵبژێرێت، بۆ نموونە لە میسر تاوەکو ئێستا ئەوانەی کە سەر بە

پاشا بوون بۆیان نییە خۆیان هەڵبژێرن، یان هەندێ حزب هەیە کە کاتی خۆی ڕۆڵێکی خراپیان گێڕاوە بۆیان نییە بە ناوی حزبەکەیان خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام لە سەندیکا بۆ هەموو هاووڵاتییەک هەیە خۆی هەڵبژێرێت بەبێ بەدەری مەیلی سیاسی و بیروبۆچوونی سیاسیش، چونکە ئەوە مافێکی سروشتی هەموو هاووڵاتییەکە، مادام پەیوەندی بە سەندیکاوە هەیە، پەیوەندیی بە سندوقیشەوە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەم ڕێزم هەیە بۆ ڕای ئەندامانی پەرلەمان کە ئەو گفتوگۆ دوور ودرێژەیان کرد ئەبوایە لە کاتی مەرجەکانی وەرگرتن بکرایە، لەوێ مەرجێک بسەپێنرایە، نەک ئێستا لە سندوقی خانەنشینی سەندیکا کە شتێکی پەراوێزییە، خاڵی دووەم، ئێمە بۆ تەنها ڕۆژنامەوانەکان باس کەین، بۆ هەموو ئەو کەسانە باس ناکەن کە لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەت پلەوپایەیان وەرگرتووە و سەر بە ڕژێم بوون، دەبا بە شێوەیەکی گشتی دەست پێ بکەین، نەک تەنها ڕۆژنامەوانەکان بگرینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە پێشتریش باسم کرد، ئەوانەی کە خراپەیان کردبوو لەکاتی ڕژێمدا لەناو هەموو چین و توێژەکاندا، بەرەی کوردستانی لێبوردنێکی گشتی دەرکرد بۆ هەموویان، جا لەبەر ئەوە بڕیار درا لەوانە ببورن هەڵبەتە مافی ژیانیشیان ئەبێت، بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە ڕاپەڕین دا بەشدارییان کردووە، ئەوانەی کە بەشداریان کردووە لە پیاوانی ڕژێمیش بوونە، جا ڕۆژنامەوان بێت، یا لە هەر کەرتێکی تر بێت، ئێمە لبوردنی گشتیمان بۆیان دەرکرد، کە ئەو لێبوردونەشیان بۆ دەرکرا واتە مافی ژیانی هەیە و، بتوانێ لەناو ئێمەدا بژێت، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسەی کە لە ڕاپەڕین دا بەشداری کردووە و لەگەڵ ئێمەدا بووە، بەڵام ئەوەی کە بەشداری لە ڕاپەڕین دا نەکردووە و نەهاتوونەتە ریزی شۆڕشەوە و نەهاتوونەتە ریزی گەلەوە و ئێستاکە لە بەغدا و شوێنانی ترەوە دێن و ڕابردووشیان خراپە، ئەبێت ئێمە ڕێگا لەو جۆرە کەسانە بگرین، جا چ ڕۆژنامەوان بێت، یا هەر کەرتێکی تر بێت، هەرچەندە نەدەبوایە ئەم خاڵە لێرەدا باس کرایە، بەڵکو دەبوایە لە کاتی گفتوگۆ کردنی سەندیکای ڕۆژنامەوانییەکانەوە باس کرایە، ئێستا دەتوانین پرۆژەیەک پێشکەش

بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر چاو بەو یاسایەدا بخشێنرێتەوە، بەڵام پێویستە ئەوانەی کەوا لەمەودوا لەلای رژێمەوە دێن راستە لێیان دەبوورین، بەڵام ئەو مافەیانە پێ نابەخشین، یا بەداخەوە وەکو مامۆستا مەلا هادی دەڵێ ئەوانە سەرنووسەرن و دەمڕاستی رۆژنامەکانن، باشە بۆچی حزبەکانیان ئەوانە ئەکەن بە سەرنووسەر و دەمڕاستی رۆژنامەکانیان، پێویستە حزبەکان جارێکی تر چاو بەو جۆرە کەسانەدا بخشێننەوە، راستە ئەوانە ببن بە دەم راست و ببن بە سەرنووسەر؟، چونکە ناوبانگی رۆژنامەکان بەرەو خراپتر دەبەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک اکرم عزت فەرموو.

**بەڕێز اکرم عزت نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ دەقی ماددەکەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوەی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر قسەی چەند ئەندامێکی بەڕێز بە تایبەتی کاک شێروان و بەڕێز د.ناصح، ئەویش کە دەڵێن دەبوایە ئەم گفتوگۆیە لە یاسای رۆژنامەوانی کرابایە نەوەک لێرە، راستە دەبوایە ئەم مەسەلەیە لەوێ چارەسەر کرابایە، بەڵام نەوەک لێرەش چارەسەر نەکرێت، لێبوردن شتێکە و ژماردنی تەمەنی تاوان کە بە خزمەت بژمێردرێ شتێکی ترە و نارەواشە، هیچ میللەتێک ناتوانێ سەرکەوێت تاوەکو نەتوانێ بە خراپەکار بڵێ تۆ خراپەکاری و بەخاوەن کرداری باش بڵێ تۆ باشی، بەڵێ سەرکردایەتی میللەتی کورد لێبوردنێکی گشتی دەرکرد، بەڵام هەمان تاوانی ئەو و کرداری سیخوڕی و دوژمنکاری ئەو بەرامبەر بە پێشمەرگە کە لەچۆڵ و چیاکاندا و زیندانەکاندا کە ئەشکەنجە دەدرا لە دەستی رژێم لەگەڵ کوردێکی پێشمەرگەو خەباتکەر و شۆڕشگێر وەکو یەک بژمێردرێ، ئەمە مرۆڤ ناتوانێ تەحەمولی بکات، دەبێت پەرلەمانی کوردستان چاوێک بەم مەسەلەیەدا بخشێنێ و رێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا وڵامتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

نازانم بۆ ئەندامانی بەڕێز داوای ئەوە دەکەن کەوا ئەو دوودڵییە بخەنە دەستەی کارگێڕییەوە، بۆ ئەو جۆرە کەسانە کاتێ کە داواکاری پێشکەش دەکەن بە سەندیکا دەتوانن وەریان نەگرن بە ئەندام، بواری رەت کردنەوەیان هەیە و بڕیاری ئەنجومەنی سەندیکا بڕیارێکی ئەسڵییە و ئەو کەسەش مافی تانە لێدانی هەیە لە دادگادا، ئێستا بەڕێزان داوا دەکەن کەوا ئەو بابەتە لێرە چارەسەر بکرێت، هەرگیز ناتوانین لێرە چارەسەری بکەین، چونکە یەکێک ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسان بێت، «٢٥» ساڵە لەو سەندیکایە کار دەکات، کاتێ شایستەی خانەنشینی بێت، پێی بڵێی تۆ لەگەڵ رژێم کارت کردووە، هەر لە سەرەتاوە دەبوایە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرایە و، ئەو کەسە لە سەندیکا بە ئەندام وەرنەگیرایە، پێویستە دووربخرێتەوە، بەڵام ئەوە رەوا نییە پاش ئەو هەموو ماوەیە لە کارکردندا پێی بڵێی تۆ مافی خانەنشینیت نییە، هەر وەکو بەڕێز د.ناصح فەرمووی ئەگەر ئەتانەوێ ئەو مەسەلەیە چارەسەرکەن ئەوە بە «١٠» ئەندامی بەڕێز پرۆژەیەک پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە لە یاساکەدا، بەڵام ئێستا لێرەدا ناکرێت دەستکاری بکرێت، چونکە لەسەندیکادا خەڵکانێکی زۆر بە توانا و رێکوپێکی تیادایە کە دەتوانن ئەو جۆرە کەسانە رەت کەنەوە کە دەیانەوێ پەیوەندی بە سەندیکاوە بکەن، چونکە ئەوان بە هەر شێوەیەک بێت ئەتوانن ئەو کەسانەی کە لەگەڵ میللەتی کورددا خراپەکارییان کردووە بە ئەندام وەری نەگرن، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.نـاصـح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بۆ ئەوەی قسەکانی خۆم و کاکەرەش دووبارە نەکەمەوە، ئەو کەسەی کە عەفوو کرا پێویست ناکات ئێمە رێگەی ژیانی لێ بگرین، خوای تەبارک و تەعالا تۆبەی سەرە مەرگ قەبوڵ دەکات، من پێم سەیرە کەوا بەڕێز مامۆستا مەلا مەحمود بەم شێوەیە کەس عەفوو ناکەین، ئێمە چۆن تۆبەی «١١» ساڵ لەمەو پێش قەبوڵ نەکەین کەوا هاتە ریزەکانی خزمەت کردنەوە، چۆن ئێمە مافی ژیانی لێ بسێنین، بەڵام ئێمە ئەتوانین ئەوە رێکبخەین و ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکرێت و، یاسای رۆژنامەنووسان هەموار بکرێتەوە و، ئەوانەی کە ئێستا دێن و پاشەڵیان و رابردوویان خراپە، ئێمە نەیەڵین ئەوانە بچنە نەک تەنها سەندیکای رۆژنامەنووسان بەڵکو هەموو ئەو سەندیکا و دەزگاکانی تری حکومەت، کامیان خراپە ئایا من مافی ژیانی لێ ببڕم، یان بواری پێ بدەم لە رۆژنامەکاندا شتی وا بنووسێ کە ئێمە بەرەو هەڵدێر ببات!، من بیکەم بە سەرنووسەر و

ئێستا سەرنووسەرە لە رۆژنامەکان، یا نەیەڵم خانەنشین بێت،من پێموایە ئەوەی وا ئێستا سەرنووسەرە و لە رۆژنامەکاندا شت دەنووسێ زۆر خراپ ترە لەوەی کە من نانی ماڵ و منالی ببرم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم«د.رزگار»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە میانی گفتوگۆکاندا دەبینم تێکەڵییەک پەیدا بووە، بەڵام یەکێک دێ و پەیوەندی دەکات و کار دەکات ئەوە شتێکە ئەمە یەک، دووەم تێکەڵ بوون دەبێت لە نێوان حیساب کردنی خزمەت و سەندیکا، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کەوا ئەو کەسانەی کە دێن پەیوەندی دەکەن پشت گوێ بخرێن و رێگای ژیانی لێ بگرین، بەڵکو ئێمە هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نین، بەڵام لێرەدا شتێک هەیە ئەویش کەسێک چەند ساڵێک خزمەتی دوژمنی کردووە، دژ بە بزاڤی رزگاری خوازی کوردی بووە و دوژمنی ئەم گەلە و کە چەند ساڵە ئەم کارەساتەی بەسەردا هاتوو، باشە ئەوە چ مەنتقێک قەبوڵ دەکات کە ئەو ساڵانەی بۆ بە خزمەت حسێب بکرێت، هەرچەندە لەوانەیە کەوا چەند ئەندامێک پشتگیریان لەم رایە کردبێ، بەڵام ئەمە مەسەلەی حیساب کردنی خزمەتە، نەوەک رێگا گرتن لە ژیانی خەڵکی، نەک ئێمە دژی وەرنەگرتنی خەڵک بین، بەڵکو ئێمە لەگەڵ دڵفراوانین و ئەمە مەبدەئی بارزانی نەمریش بووە کە لە چەندەها خەڵکی خراپ خۆش بووە، بەڵام لێرە کێشەیەک هەیە کەوا ئەو کەسانەی چەند ساڵێکە لە سەنگەردان لەگەڵ دوژمنی ئێمەدا و دوژمنایەتی میللەتی خۆیانیان کردووە، تەنها تەماشای رۆژنامەکانی رژێم بکەن کە ئەوان چییان بە ئێمە وتووە، لەوانەیە ئەو قسە و وەسف و توهمەتانەی کە ئەوان وتوویانە و نووسیویانە دوژمن نەیوتووە و نەینوسیوە، باشە چۆن ئەو ساڵانەی بۆ بە خزمەت بژمێرین، پرسیار وسەرسوڕمانی ئێمە لێرەدایە، ئێمە لەگەڵ رێگا گرتن لە ژیانی خەڵکی نین، بەڵکو لەگەڵ دابین کردنی ژیانی هەموو کەسێکین و، ئێمە خۆمان بە قوربانی ئەم رێبازە کردووە هەر بۆ ئەو مەبەستەیە، ئێمە باش دەزانین کەوا ئەو کەسانەی کە لە چیاکان بوون کەمینەن و ٩٠٪ئەو خەڵکە لێرە بوونە و، خۆ بەخت کردنی ئێمەش هەر بۆ چاک کردنی باری ژیانی ئەم میللەتە بووە، ئێمە لێرە تەنها باسی حیساب کردنی خزمەتە، نەک بۆ شتێکی تر، ئەو کەسەی کەوا لەلای رژێم کاری کردووە دژ بە بزاڤی رزگاریخوای کوردی، چون من ئەو ساڵانەی بە خزمەت بۆ بژمێرم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم ماددەیە بەگوێرەی پێویست گفتوگۆی لەسەر کرا، جارێکی تر بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة التاسعة:

يستحق الصحفي راتباً تقاعدياً في الحالات الاتية:

١ - اذا كان له ممارسة (خدمة) في العمل الصحفي لا تقل عن (٢٥) سنة سواء كانت متواصلة او متقطعة.

٢ - اذا اكمل (٦٣) سنة من العمر وله خدمة صحفية لا تقل عن عشرين سنة.

٣ - يستحق المشمول في الفقرتين أعلاه من هذه المادة الحقوق التقاعدية كاملة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «٩» بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، «٤» دەنگ پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «١٠» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة العاشرة:

اولاً: اذا توفي أو استشهد الصحفي اثناء تأديته لعمله الصحفي ومن جرائه فيستحق عياله الحقوق التقاعدية.

ثانياً: اذا اصيب بعجز اثناء تأديته لعمله الصحفي ومن جرائه واقعده ذلك ومنعه من ممارسة مهنته بصورة دائمية و بقرار من لجنة طبية رسمية مختصة.

ثالثاً: يتقاضى المشمول باحدى الحالتين المنصوص عليهما في الفقرتين أولاً و ثانياً كامل الحقوق التقاعدية استثناءً من احكام المواد السابقة في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تکایە، سوپاس.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیریی تکایە.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژە پێشنیارکراوەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم لەسەر بڕگەی«٢»هەیە، تکایە جارێکی تر ئەو خاڵە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

ثانیاً: اذا اصیب بعجز اثناء تأدیته لعمله الصحفي ومن جرائه واقعده ذلك ومنعه من ممارسة مهنته بصورة دائمية و بقرار من لجنة طبية رسمية مختصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ ئاماژەیەک نییە کەوا چۆن خانەنشین دەبێت؟ لە یەکەمدا هەیە، بەڵام لێرەدا باس نەکراوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕگەیە مانا نابەخشێ تاوەکو بڕگەی «٣» نەخوێنیتەوە، چونکە ئەم بڕگەیە بەتەنها واتا نابەخشێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک شێروان حیدری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی «٢» کۆتایی بڕگەکە بچڕانی تیادایە، دووەم لە بڕگەی «١»دا هاتووە دەڵێ: (فیستحق عیاله الحقوق التقاعدیة)جا دەبێ ئەو «حقوق»ە هەڵگیرێت و بخرێتە سەر بڕگەی «٣»، یان دەبێت «حقوق التقاعدیه» سەبارەت بە بڕگە«٢»یش زیاد کەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێک لە تێبینییەکانم کاک شێروان باسی کرد، سەبارەت بە بڕگە«٣» دەڵێ: (ثالثاً: یتقاضی المشمول باحدی الحالتین المنصوص علیهما في الفقرتین اولاً و ثانیاً کامل الحقوق التقاعدیة استثناء من احکام المواد السابقة في هذا القانون.)ماددەکانی پێشوو تەنها ماددەی «٩»، باشە بۆ ئاماژە بەو ماددەیە ناکرێت بەتەنها؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ یحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان رایەکەی کاک شێروانم هەیە، تەنها «یتقاضی کامل حقوقه التقاعدیة» بخرێتە کۆتایی بڕگەی «٢» و، ئەو «إستثناء»ەش کە لە کۆتایی بڕگەی «٣»دا هاتووە بکرێتە بڕگەیەکی تایبەت، یا هەر لە پێشەوە دانرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا تێبینییتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

هەندێ گۆڕانکاریمان لە ماددەکەدا کردووە، کە ئەویش (المادة العاشرة: یستحق الصحفي کامل الحقوق التقاعدیة في الحالات التالیة:

اولاً: اذا توفي أو استشهد الصحفي اثناء تأدیته لعمله الصحفي ومن جرائه فیستحق عیاله الحقوق التقاعدیة.

ثانیاً: اذا اصیب بعجز اثناء تأدیته لعمله الصحفي ومن جرائه واقعده ذلك ومنعه من ممارسة مهنته بصورة دائمیة و بقرار من لجنة طبیة رسمیة مختصة.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەواتە بڕگەی «٣» هەڵدەگرن، تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة العاشرة:

یستحق الصحفي کامل الحقوق التقاعدیة في الحالات التالیة:

اولاً: اذا توفي أو استشهد الصحفي اثناء تأديته لعمله الصحفي ومن جرائه فيستحق عياله الحقوق التقاعدية.
ثانياً: اذا اصيب بعجز اثناء تأديته لعمله الصحفي ومن جرائه واقعده ذلك ومنعه من ممارسة مهنته بصورة دائمية و بقرار من لجنة طبية رسمية مختصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی «١٠»بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە لەلایان پەسەندە دەستیان بەرزکەنەوە..سوپاس.. کێ لەلای پەسەند نییە؟. بەگشتی دەنگ ماددەی «١٠» پەسەند کرا، ماددەی «١١» تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الحادية عشرة:
يحال الصحفي على التقاعد اذا اصيب بمرض منعه من ممارسة العمل الصحفي بصورة دائمية وبقرار من لجنة طبية مختصة رسمية، ويمنح الحقوق التقاعدية وفق ما يأتي:
١- يستحق مبلغ (٢,٥٠٠) ديناراً عن كل شهر من خدمته الصحفية ويحتسب اجزاء الشهر شهراً كاملاً لاغراض التقاعد على ان لايقل عن مائتين وخمسين ديناراً.
٢ - في حالة وفاة الصحفي المتقاعد تنتقل الحقوق التقاعدية من تأريخ وفاته الى عياله المستحقين وتطبق في هذه الحالة أحكام قانون التقاعد لعياله المنصوص عليها في قانون التقاعد المدني النافذ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی ڕۆشنبیریی تکایە.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی رۆشنبیریی هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ تێبینی هەیە تکایە دەستی بەرز کاتەوە، بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی یازدەدا دەڵێت: «إذا أصيب بمرض منعته» ئەوە «منعته» نییە، بەڵکو دەبێت بوو تریێت «منعه». دووەم دەڵێت: (على ان لايقل عن مئتين و خمسون ديناراً) نییە، بەڵکو (على ان لا يقل عن مئتين و خمسين ديناراً)، لە بڕگەی «٢» دا دەڵێت: (تطبق في هذه الحالة احكام قانون التقاعد لعياله و المنصوص عليها في قانون التقاعد المدني النافذ .)بە رای من ئەم دەستەواژەیە زیادە لەو بڕگەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێروان حیدری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«٢,٥٠٠»دینار بە نووسین نە نووسراوە، پێویستە بە نووسینیش بنوسرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر بڕگەی «١» کە ئەویش «٢٥٠»دینار مانگانە زۆر کەمە، ئەگەر بەتایبەتی لەگەڵ ماددەی «١٠»یشدا بیبەستینەوە، لە حاڵەتێک ئەگەر یەکێک حادیسەیەکی تووش بوو لە کاتی ئەنجام دانی کارێکی رۆژنامەنووسیدا، لەبەر ئەوە من ئەو بڕە پارەیە بە کەم دەزانم، چونکە ساڵانە دەبێتە «٣٠» دینار، ئەگەر لە ساڵانی خزمەتیشی دەیێن کە خانەنشینییەکەی لە «١٩» ساڵ یا «٢٥» ساڵ کەمتر بێت، بڕێکی زۆر زۆر کەمە، جا لەبەر ئەوە ئەو بڕە ببێتە «٥»دینار مانگانە و، خانەنشینیەکەشی بکرێت بە «٥٠٠» دینار، لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووسەکان ژمارەیان کەمە و هەمیشەش رووبەرووی مەترسی دەبنەوە لە کاتی ئەنجامدانی

کارەکانیاندا، جا بۆیە داوا دەکەم زیاتر گرنگی بدرێت بەم بوارە و، مافێکی خۆشیانە، بۆیە من داوا دەکەم کەوا ئەو خاڵە هەموار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«٢,٥٠٠»دینارەکە زۆر لە جێی خۆی هاتووە، چونکە ئەگەر بکرێت بە «٥» دینار کەواتە ئەو کەسەی «٢٤»ساڵ خزمەتی هەبێت دەکاتە «١٤٠٠»دینار کەچی لە بنەرەتەوە خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان لە «٧٢٠»دینار زیاتر نییە، جا خۆی (٢,٥٠٠)دینارە بەڵام بەمەرجێک لە «٢٥٠»دینار کەمتر نەبێت، جا لەو برە هەرگیز کەمتر نابێت، یەکێک کە چەند ساڵێکی کەم خزمەتی هەبێت و پاشان تووشی حاڵەتێکی وا بێت «٢٥٠»دینارەکە وەردەگرێت، ئەگەر چەندیش خزمەتی زۆر بێت ئەوە لە ساڵانی خزمەتی دەدرێت وخزمەتەکەی دەڕوات، ئەگەر «١٥» ساڵ خزمەتی هەبێت و لە «٣٠» بدەیت دەکاتە «٤٥٠» دینار ، لەبەر ئەوە برە پارەکە زۆر لە جێی خۆیەتی، تێبینییەکەی مامۆستا مەلا طاهریشمان لە پێش چاوگرت و گۆڕیمان و، سەبارەت بە دەستەواژەکەش کە باسی کرد زیادە ئەوەشمان هەڵگرت و، ئەوەی کە کاک شێروانیش فەرمووی ئەوە بە نووسین نووسیومانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا بەو شێوەیەی کە چاک کراوە بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الحادية عشرة:

يحال الصحفي على التقاعد اذا اصيب بمرض يمنعه من ممارسة العمل الصحفي بصورة دائمية وبقرار من لجنة طبية مختصة رسمية، ويمنح الحقوق التقاعدية وفق ما يأتي:

١- يستحق مبلغ (٢,٥٠٠) ديناراً عن كل شهر من خدمته الصحفية ويحتسب اجزاء الشهر شهراً كاملاً لاغراض التقاعد على ان لايقل عن مائتين وخمسين ديناراً.

٢ - في حالة وفاة الصحفي المتقاعد تنتقل الحقوق التقاعدية من تاريخ وفاته الى عياله المستحقين وتطبق في هذه الحالة احكام قانون التقاعد المدني النافذ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی تر هەیە؟، نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە،تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کەوا ئەم ماددەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، تەنها یەک دەنگ دژە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ماددەی «١١» وەرگیرا، دێینە سەر ماددەی «١٢» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثانية عشرة:

اذا توفي الصحفي سواءا اكمل المدة المقررة لممارسة المهنة او بلغ السن القانونية للتقاعد المقترن بالخدمة المقررة او لم يكملها فتطبق بشأنه احكام هذا القانون لغرض تخصيص الراتب التقاعدي لعياله .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیریی تکایە.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەس تێبینیی هەیە؟، مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە ئەگەر بەراورد کەین لەگەڵ ماددەی «١٠» بە زیاد دەردەچێت، چونکە هیچ جیاوازییەکی ئەوەتۆ نییە لە نێوان ئەم دوو ماددەیەدا، هەرچەندە ئەوە کاتی ئیشە، بەڵام ئەمەش باسی مردن دەکات، کە هەمان مافی هەیە کە یاساکە پێی بەخشیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ماددەی «١٠» دەڵێت:«في حالة وفاة الصحفي المتقاعد» ئەو جیاوازییەی تیادایە، کە کاتێ ڕۆژنامەنووسێکی خانەنشین مرد،ئەوەیە جیاوازی نێوان ئەو دوو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر باسی ماددەی «١٠»و ماددەی «١٢» دەکات کەوا جیاوازیی لە نێوانیادا نییە، ماددەی «١٠» باسی ئەوە دەکات کە ڕۆژنامەنووسێک لە کاتی ئیش کردن دا دەمرێت، لەوانەیە بە کارەساتێک بمرێت، بەڵام ئەوی تر ڕۆژنامەنووسەکە ئەگەر لە ماڵی خۆی بە مەرگی خوا مرد ئەوە ماددەی «١٢» دەیگرێتەوە، جا ئەوەیە جیاوازی نێوان هەردوو ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا ئەوەی کە مردبێت بە مردنی خوایی لە کاتی ئیش دا،ئەوە مافی خانەنشینی نابێت، جا ئەگەر هەموو مافەکانی بکەوێت ئەو کاتە هیچ جیاوازییەک ناکات لەگەڵ ماددەی «١٠»دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو کەسەی لەکاتی کارکردندا مرد بە مەرگی خوایی ئەوە ئەو کەسە هەموو مافەکانی خانەنشینی ناکەوێت، بەڵام ئەگەر بە کارەساتێک لە کاتی ئیش کردندا مرد ئەوە هەموو مافەکانی خانەنشینی دەکەوێت هەتاوەکو ئەگەر خزمەتی تەواویشی نەبێت بۆ خانەنشینی، جا ئەوەیە جیاوازیی لە نێوان هەر دوو ماددەکە، بەڵام ئەگەر بە مەرگی خوایی مرد و خزمەتیشی تەواو نەکردبوو ئەوە تەنها خزمەتەکەی بۆ دەژمێردرێ و هەموو مافێکی نابێت، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثانية عشرة:

اذا توفي الصحفي سواءا اكمل المدة المقررة لممارسة المهنة او بلغ السن القانونية للتقاعد المقترن بالخدمة المقررة او لم يكملها فتطبق بشأنه احكام هذا القانون لغرض تخصيص الراتب التقاعدي لعياله .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ لەگەڵ ماددەی «١٢» دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵدا نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «١٢» پەسەند کرا، ماددەی «١٣» تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثالثة عشرة: الحقوق و الخدمة:

١ - يمنح الصندوق للصحفي راتباً تقاعدياً مقداره (٧٢٠) ديناراً شهرياً.

٢ - لايجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية الممنوحة بموجب هذا القانون واية حقوق تقاعدية من قانون تقاعدي او صندوق تقاعدي آخر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی «١١»دا هاتووە کەوا کەمترین مووچە «٢٥٠»دینارە و، بەرزترین رادەش «٧٢٠»دینارە، لەبەر ئەوە ئێمە تێبینییمان لەسەر ماددەی «١٣» هەیە ئەویش کەوا برگەی «١» هەموار بکرێت بەم شێوەیە، (١ - يمنح الصندوق للصحفي راتباً تقاعدياً حسب خدمته على ان لا يقل عن «٢٥٠» ديناراً و لا يزيد عن «٧٢٠»ديناراً شهرياً)چونکە بەرزترین رادە «٧٢٠»دینارە و نزمترین رادەش «٢٥٠»دینارە کە ئەویش لە ماددەیەکی پێشووتر بەو شێوەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی رۆشنبیری تکایە.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی «١»ی ماددەی «١٣» دا دەڵێت: (١ ـ يمنح الصندوق للصحفي راتباً تقاعدياً مقداره (٧٢٠) ديناراً شهرياً.)، ئەوە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا هەموو مافێکیان هەیە و پێ بەخشراوە، جا پێی ناوێت کەوا نزمترین رادەیان بۆ دیاری کەین، هەرچەندە ئەوە بۆ ئەو کاتەیە کە ئەگەر خزمەتەکەی پێ رانەگەیشت، بەڵام ئەم برگەیە باسی ئەو رۆژنامەنووسە دەکات کە هەموو مەرجەکان دەیگرێتەوە، جا پێویست ناکات باسی نزمترین راددەی بۆ بکەین، چونکە ئەوە بۆ حاڵەتێکە کە ئەو رۆژنامەنووسە خزمەتی تەواو نەکردبێت، بەڵام ئەم برگەیە ئەو رۆژنامەنووسە دەگرێتەوە کە هەموو مەرجەکانی تەواو کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە تەماشای هەموو یاساکانی خزمەتی شارستانی بکەین، چ خانەنشینی شارستانی بێت، یا خانەنشینی سەربازی بێت، یاخود هێزی ئاسایشی ناوخۆ بێت، بەرزترین رادە و، نزمترین رادەشی هەیە، دەبێت یاسا روون بێت، چونکە ماددەی پێشووتریش هەیە کەوا نووسراوە مانگی «٢.٥٠٠»دینار و، نزمترین رادەش «٢٥٠»دیناری داناوە و، هیچ زیانێکشی تیا نییە ئەگەر یاساکە روون تر بێت و، بنوسرێت (يمنح الصندوق للصحفي راتباً تقاعدياً لا تقل عن «٢٥٠»دينار و لا يزيد عن «٧٢٠» دينار شهرياً)هەر وەکو یاسای خانەنشینییەکانی تر،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محمد حسین«سیروان کاکەیی» :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە برگەی «١»دا بەشێوەیەکی رەها هاتووە کەوا «٧٢٠»دیناری بدرێتێ، کەواتە ئەگەر ئەمە

وەکو مادده جێبەجێ بکرێت، ئەم بڕگە دژ دەبێت، چونکە من دەبینم لە بڕگە«١»دا نزمترین رادە دیاری کراوە، بەڵام لێرە پێویست ناکات جارێکی تر نزمترین رادە دیاری کەین، ئەگەر بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە باشترە (يمنح الصندوق للصحفي راتب تقاعدي على ان لا يزيد مقداره عن «٧٢٠»دينار شهرياً)تاوەکو زیاتر روون بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.إدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە ئەگەر تەماشا کەین ماددەکانی هەمووی پەیوەندی بە یەکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی کە دژایەتییەک لە نێوان ماددەکاندا روو نەدا من پشتگیری رایەکەی کاک جمیل دەکەم، لەبەر ئەوەی لە ماددەی «٩»دا هاتووە کەوا مەرجی خانەنشینی «٢٥»ساڵە، بەڵام لە ماددەی «١١» لە بڕگەی «١»دا «٢,٥٠٠»دینار هاتووە، ئەگەر «٢,٥٠٠»دینار ئەگەر «٢٥»ساڵ بیژمێری دەکاتە «٧٥٠»دینار بۆ ئەوەی خانەنشین بێت، لێرە خۆی «٧٢٠»دیناری داناوە ئەویش بە پێی ساڵەکانی خزمەت، بۆ نموونە یەکێک هەیە لە «٢٥» ساڵ زیاتر خزمەتی هەیە، ئەگەر هەموو مانگێک «٢,٥٠٠»دیناری بۆ بژمێری، پێویستە بەرزترین و نزمترین رادە بمێنێ، چونکە ئەگەر هەمووی بچەسپێت ئەی ساڵانی خزمەت بۆ کوێ دەچێت؟، پێویستە دیاری بکرێت، ئەگەر روون بکرێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسا بەشێوەیەکی دابەش دانانرێت، مادده یاساییەکان هەمووی پێکەوە بەستراون و یەک تەواو کەری ئەوی ترە و، روونە بۆ خزمەتی خانەنشینی مانگی «٢,٥٠٠»دینار دانراوە و، نزمترین رادەش «٢٥٠»دینار دیاری کراوە و، بەرزترین رادەش ئەگەر هەموومافەکانی خانەنشینیشی هەبێت «٧٢٠»دینار وەردەگرێت، ئەگەر لە یەکیشی بدەینەوە ساڵانی خزمەت هەر ئەوەندە دەکات، ئێمە روونمان کردووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـێـروان ناصح حـیـدری:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

لە ماددەی «١١»دا نزمترین رادەی دیاری کردووە کە «٢٥٠»دینارە، بەڵام سەبارەت بە ماددەی «١٣» (يمنح الصندوق للصحفي راتباً تقاعدياًلا يزيد مقداره عن «٧٢٠»ديناراً) نزمترین رادە لەوێ دانراوە و بەزرترین رادەش لێرە دانراوە و، بەم شێوەیە هیچ جۆرە کێشەیەک نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

ئەو «٢٥٠»دینارە تەنها لە کاتی نەخۆشییە، ئەگەر نەخۆشی نەبێت ئەوە خانەنشینی نایگرێتەوە، لەبەر ئەوە نزمترین رادە نییە، چونکە نزمترین رادە لە مووچەی خانەنشینی نییە، بەڵام ئەگەر یەکێک «٢٠» ساڵ خزمەتیشی هەبێت و نەخۆش نەبێت ئەوە خانەنشین ناکرێت، لەبەر ئەوە ئەو «٢٥٠»دینارە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە نەخۆشن و نەخۆشییەکە وایان لێ دەکات کە نەتوانن کارەکانیان ئەنجام بدەن، ماددەکەش زۆر لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جـمـیل عـبـدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

ڕێزم هەیە بۆ کاکەرەش باسی حاڵەتی مردن کراوە، چونکە ئەگەر رۆژنامەنووسێک مرد و ساڵانی خزمەتیشی تەواو نەکردبوو هەر شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت، کەواتە مانگانە هەر «٢,٥٠٠»دیناری بۆ دەژمێردرێ و لە «٢٥٠»دیناریش مووچەکە کەمتر نابێت، ڕێزم بۆ قسەکانی کاک نەمر هەیە، کە دەڵێ یاسا دەبێت کورت و چڕ بێت، بەپێچەوانەوە یاسا دەبێت زۆر روون بێت و، دەقیش زۆر دیاری کراو بێت و، ئەم گرفتەش بە پێشنیارەکانی بەڕێزان کاک شێروان و کاک سیروان چارەسەرە دەکرێت کە نزمترین رادە هاتووە و، ئێمەش وەکو لیژنەی دارایی هیچ لاریمان نییە کەوا بکرێتە «على ان لا يزيد»، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو دەستەواژەیەی بدەینێ «علی ان لا یزید» دەتوانین لەوە کەمتری بدەینێ، دیاری کراوە کەوا «٧٢٠»دینار وەردەگرێ ئەگەر هەموو مەرجەکانی خانەنشینی تیادا بێت، ئێستا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەستەواژەیەکی لە جێی خۆی داناوە کە ئەگەر داینێین هیچ گرفتێکمان نامێنێ، کە ئەویش (عند استیفاء کافة الشروط یمنح الصندوق للصحفي راتب تقاعدي مقداره «٧٢٠»دیناراً) چونکە ئەگەر ئێمە بڵێین (علی ان لا یزید ) کەواتە ئێمە بۆ سەندوقمان بەجێ هێشت کە دەتوانێ لەوە کەمتری بداتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جارێکی تر بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثالثة عشرة: الحقوق و الخدمة:

١ - عند استيفاء كافة الشروط يمنح الصندوق للصحفي راتباً تقاعدياً مقداره (٧٢٠) ديناراً شهرياً.

٢ - لايجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية الممنوحة بموجب هذا القانون واية حقوق تقاعدية من قانون تقاعدي او صندوق تقاعدي آخر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی «١٣» دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی «١٣» بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە...سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟.. بەگشتی دەنگ ماددەی «١٣» پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «١٤» تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة عشرة:

تحتسب المدد الاتية خدمة لاغراض التقاعد:

١ - مدة المرض او الاصابة التي اقعدت الصحفي عن العمل فترة لاتتجاوز ثلاث سنوات معززة بقرار من لجنة طبية مختصة.

٢- مدة قضاء الصحفي حكماً بعقوبة سالبة للحرية او توقيفه او اعتقاله لأسباب سياسية غير مخلة بالمصالح العليا للشعب وفيدرالية اقليم كوردستان.

٣- مدة حرمان الصحفي عن العمل بسبب غلق المؤسسة الصحفية او الاعلامية التي يعمل فيها على ان لا يتعارض الحرمان والغلق مع مصلحة شعب كوردستان.

٤ـ مدة عدم ممارسة الصحفي للمهنة للفترة بين عملين صحفيين على ان لا يكون قد مارس خلالها عملاً مشمولاً بقانون اخر.
٥ـ المدة التي يقضيها في الدراسة بموافقة مجلس نقابة صحفيي كوردستان على ان لا تتجاوز اربع سنوات ويشترط حصوله على شهادة علمية معترف بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییمان نییە، تەنها لەسەر برگەی «٥» نەبێت کە دەڵێت:«على ان لا تتجاوز أربع سنوات ويشترط حصوله على شهادة علمية» کێ دەڵێ لەو ماوەیەدا ساڵێکی ناکەوێت و، بە چوار ساڵ بڕوانامەکەی بەدەست دێنێ، بە رای ئێمە بوترێت: (٥ـ المده التى يقضيها فى الدراسه بموافقه مجلس نقابه صحفيي كوردستان علىٰ ان لا تتجاوز اربع سنوات.) چوار ساڵی بدرێتێ، جا بەو ماوەیە یان بڕوانامەکەی وەرگرێ، یان بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینییمان ئەوەیە( المادة الرابعة عشرة: أن تضاف كلمة (اولاً) الى بداية العبارة وتقرأ كالآتي(اولاً: تحتسب المدد الآتية خدمة لأغراض التقاعد).
وتضاف فقرة ثانياً الى نهاية المادة وتقرأ كالآتي: ثانياً: اذا حكم على الصحفي المتقاعد بعقوبة سالبة للحرية لمدة تزيد على سنة تطبق بحقه وحق عياله الاحكام التي تطبق على الموظف المتقاعد المحكوم الواردة في قانون التقاعد المدني.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیریی فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی رۆشنبیریی لەگەڵ دەقی ماددەکەداین ،، بوونی لەگەڵ ئەو مەرجەش کەوا بڕوانامەی لە یەکێک لە بوارە هونەرییەکاندا هەبێت، دەنا ئەو ماوەیەی بۆ ناژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییەکتان هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینیی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با دەستی بەرز کاتەوە..نییە، تکایە جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة عشرة:

تحتسب المدد الاتية خدمة لأغراض التقاعد:

١ ـ مدة المرض او الاصابة التي اقعدت الصحفي عن العمل فترة لاتتجاوز ثلاث سنوات معززة بقرار من لجنة طبية مختصة.

٢ـ مدة قضاء الصحفي حكماً بعقوبة سالبة للحرية او توقيفه او اعتقاله لأسباب سياسية غير مخلة بالمصالح العليا للشعب وفيدرالية اقليم كوردستان.

٣ـ مدة حرمان الصحفي عن العمل بسبب غلق المؤسسة الصحفية او الاعلامية التي يعمل فيها على ان لا تتعارض الحرمان والغلق مع مصلحة شعب كوردستان.

٤ـ مدة عدم ممارسة الصحفي للمهنة للفترة بين عملين صحفيين على ان لا يكون قد مارس خلالها عملاً مشمولاً بقانون اخر.

٥ـ المدة التي يقضيها في الدراسة بموافقة مجلس نقابة صحفيي كوردستان على ان لا تتجاوز اربع سنوات ويشترط حصوله على شهادة علمية معترف بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە رای من خاڵی «٣» ئەو مانایە ناگەیەنێ کەوا مەبەستتانە، جا بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر لەگەڵماندای سەبارەت بە رایەکەمان، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر ئەوەی کە نووسراوە لە خاڵی «٣»دا ئەو مەبەستە ناپێکێ کە دەیانەوێت، جا ئەگەر بیانەوێ ئەو مەبەستەی کە هەیانە جێبەجێی کەن دەبێت بکرێتە،(على ان لا يتعارض الاحتساب مع مصلحة شعب كوردستان)ئەوە لەوانەیە هەندێ ڕاستی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەفـەر محـمـد حـسـين:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

پاشان ئەگەر داخرا، وابزانم هەر شتێک بکرێت بە پێی یاسا ئەبێت بکرێت، سێیەم (لا تتعارض الحرمان و الغلق مع مصلحه شعب كوردستان) ئەوە شتێکی زۆر روونە کەوا ئەوە لە بەرژەوەندی گشتی دایە، ئەگەر لە کۆتای بڕگەکەدا وابڵێین: (مدة حرمان الصحفي عن العمل بسبب غلق المؤسسة الصحفية أو الاعلامية التي يعمل فيها بحكم أو قرار قضائي)، ئەوە شتێکی یاساییە و ئەو لایەنە دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بەڕێز کاک حسین فەرموو.

**بەڕێز حـسـين عـلـی کـمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

یاساکە بەم شێوەیەی لێ هات: (مدة حرمان الصحفي عن العمل بسبب غلق المؤسسة الصحفية أو الاعلامية التي يعمل فيها على ان لا يكون الحرمان و الغلق لاسباب مخلة بمصلحة شعب كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک سعید فەرموو.

**بەڕێز مـحـمـد سـعـيـد أحـمـد يعـقـوبی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بە رای من ئەو بڕگەیە بەم شێوەیەی لێ بکرێت بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبین: (مدة حرمان الصحفي عن العمل بسبب غلق المؤسسة الصحفية أو الاعلامية التي يعمل فيها) هەر مؤسسەیەک «٥٠ تا ٦٠» فەرمانبەری تیادا کار دەکات، ئەگەر داخرا بە هۆی سەرۆکی دەزگاکە ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە پەیوەندی بە سەندیکاوە کردووە و هەموو مەرجەکانی جێبەجێ کردووە، بۆ سەرۆکی دزگاکە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە هیچ گوناهێکی نەکردووە بێ بەش بێت لە مافەکانی خانەنشینی، بە رای من ئەوەندە بەس بێت (مدة حرمان الصحفي عن العمل بسبب غلق المؤسسة الصحفية أو الاعلامية التي يعمل فيها)، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس،کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسە گوناهی نەبێت، میللەتی کوردستانیش هیچ گوناهێکی نییە، دەزگاکە دادەخرێت، ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە لەسەر هەق بێت ئەتوانێت له دادگا شکات بکات و، ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسە لەسەر هەق بوو ئەوە بڕیارێکی دادگایی وەردەگرێت ئەوە ئەو کاتە ئەو حرمانەی بۆ حسێب ناکرێت، بەڵام ئەگەر دادگاش پشتگیریی لەوە کرد کە دەبێت ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانییە دابخرێت، باشە بۆ ئێمە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانە خزمەت حسێب بکەین کە لەو جۆرە دەزگایانە کار دەکەن، دەتوانن بگوازرێنەوە و له جێگایەکی تر کار بکەن، ئەو کاتە ماوەکەیان بۆ دەژمێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة عشرة:

تحتسب المدد الاتية خدمة لاغراض التقاعد:

١ ـ مدة المرض او الاصابة التي اقعدت الصحفي عن العمل فترة لاتتجاوز ثلاث سنوات معززة بقرار من لجنة طبية مختصة.

٢ـ مدة قضاء الصحفي حكماً بعقوبة سالبة للحرية او توقيفه او اعتقاله لأسباب سياسية غير مخلة بالمصالح العليا للشعب وفيدرالية اقليم كوردستان.

٣ـ مدة حرمان الصحفي عن العمل بسبب غلق المؤسسة الصحفية او الاعلامية التي يعمل فيها على ان لا يكون الحرمان والغلق لاسباب مخلة بمصلحة شعب كوردستان.

٤ـ مدة عدم ممارسة الصحفي للمهنة للفترة بين عملين صحفيين على ان لا يكون قد مارس خلالها عملاً مشمولاً بقانون اخر.

٥ـ المدة التي يقضيها في الدراسة بموافقة مجلس نقابة صحفيي كوردستان على ان لا تتجاوز اربع سنوات ويشترط حصوله على شهادة علمية معترف بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١٤» پەسەند دەکەن بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە دەستیان بەرز کەنەوە..سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، ماددەی «١٤» بە گشتی دەنگ پەسەند کرا. دێینە سەر ماددەی «١٥» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة عشرة:

يمنح عضو نقابة صحفيي كوردستان المستمر حالياً في العمل الصحفي والذي عمل في القنوات الاعلامية للحركة التحررية الكوردستانية قبل الانتفاضة المجيدة في ١٩٩١/٣/٥ مدة لا تزيد على خمس سنوات كخدمة فعلية لاغراض التقاعد، وكما ياتي:

١- تشكل لجنة خاصة لهذا الغرض في نقابة صحفيي كوردستان.

٢- تبت هذه اللجنة في الطلبات المقدمة اليها وتصدر قرارها بتأييد الطلب او رفضه كلياً او جزئياً.

٣- للصحفي الاعتراض على قرار اللجنة لدى مجلس نقابة الصحفيين خلال ثلاثين يوماً من تاريخ تبلغه به ويكون قرار المجلس باتاً بهذا الشأن.

٤- يودع قرار احتساب هذه الخدمة للصحفي المشمول لدى هيئة الصندوق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە بەو شێوەیە بێت(دمج الفقرتين الثانية والثالثة في فقرة واحدة وصياغتها بالشكل الاتي:

«تنظر هذه اللجنة في الطلبات المقدمة اليها وتعرضها مع توصيتها على مجلس نقابة الصحفيين للبت فيها وتكون قراراته خاضعة للطعن لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً». مع تصحيح تسلسل الفقرة (٤) الى الفقرة (٣).)، چونكە ئەوە بڕیار دراوە كە لیژنە بەتی تیادا بكات و، ئیعترازیش لە لای ئەنجومەن بگیرێت، نەخێر ناكرێت ئەبێت لیژنە بەرزی بكاتەوە لەگەڵ تێبینییەكانی خۆی و ئەنجومەنی سەندیكاش بەتی تیادا بكات و بە بڕیاری ئەنجومەنیش خازعی تەعن دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە ماوەی «٥» ساڵ كەمە، ئەگەر بكرێتە «١٠» ساڵ باشترە، چونكە شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ تاوەكو ١٩٩١ئەوە «٣٠»ساڵ دەكات، تەنها «٥» ساڵ زۆر كەمە، با «١٠» ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیریی تکایە.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی بەتایبەت لە لێکدانی برگە «٢»و «٣» و دارشتنەوەی بەو شێوە پێشنیار کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پێش ئەم ماددەیە باس لەو کەسانە کرا کە خزمەتی رژێمیان کردووە و، ئەو چەند ساڵەیان بە خزمەت بۆ دەژمێردرێ، هیچ مەعقول نییە ئەوانەی لە ناو شۆڕش دا خزمەتیان کردبێت ئەو خزمەتەیانە بۆ نەژمێردرێ، من پێموایە ئەو «٥» ساڵە هەڵگیرێت، چونکە کەسی وا هەیە لە «٥» ساڵ زیاتر خزمەتی کردووە لە بوارەکانی راگەیاندندا، لەبەر ئەوە من دەقێکم هەیە بۆ پێشەکیەکەی بەو شێوەیە: (يحسب لعضو نقابة صحفيي كوردستان المستمر حالياًفي العمل الصحفي فترة عمله في القنوات الاعلامية للحركة التحررية الكوردستانية قبل الانتفاضة المجيدة ٥/٣/١٩٩١ كخدمة فعلية لأغراض التقاعد) واتە ئەو خزمەتە فعلیەی هەموو بۆ بژمێردرێ، ئەوانەی کە بەشداریان کردووە ئەگەر رۆژنامەوان بن هەموویان وەکو پێشمەرگە بۆیان حسێب کردووە، مەعقول نییە ئێستا بۆ رۆژنامەوانی حسێب نەکرێت، ئەوەی کە رۆژنامەنووس بووە لە شۆڕشدا هەمووی بە خزمەت حسێب کراوە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو ماوەیە هەمووی حسێب بکرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پشتگیریی لە قسەکانی کاک د.ناصح دەکەم، ئەو برگەیەی لێ هەڵگیرێت چونکە زۆر کەس هەیە لە ئێمە کە پەیوەندی بە شۆڕش کردووە ئەندام بووە لە سەندیکای رۆژنامەنووسان، جا ئەگەر پێشمەرگەش بووبێت، یا لە بواری راگەیاندن دا کاری کردبێت هەر خزمەت بووە، واتە

ئەو مافە موکتەسەبە سەبارەت بەو کەسە و، هەقیش نییە «٥» ساڵ بێت، بەڵکو کەی پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە و، هەموو ماوەکەی بە خزمەت بۆ دەژمێردرێ، مافێکی رەوای خۆیەتی، باشە بۆ ئەوانەی کە لە بەغدا بوونە دەژمێردرێت، ئەی چۆن بۆ ئەوانەی کە لە شۆڕش بوونە!؟، ئەمە بچووکترین ئەرکی سەر شانی ئێمەیە بەرامبەر بەو تێکۆشەرانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیریی لە قسەکانی بەڕێزان د.ناصح و کاک عبدالخالق دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.إدريس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رام وایە کە ئەو «٥» ساڵە هەڵگیرێت و، خزمەتی فعلی چەندە ئەوەی بۆ بژمێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا پێشنیار دەکەم کەوا بکرێتە: (مدة لا تزيد على «١٥» سنة)، چونکە پاش راپەڕین «١٠» ساڵی دێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو «٥» ساڵە هەڵگیرێت، چونکە خەڵکانێکمان هەیە کەوا «٢٠ تا ٣٠» ساڵ خزمەتیان هەیە لە شۆڕش دا، وەکو ئاماژەی بۆ کرا لەوانەیە پێشتریش ئەندامی سەندیکا بوو بێت، جا ئەو ماوەیە هەر نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم«د.رزگار»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرەدا تەناقوزێک دەبینم، لە ماددەی «٩»دا ئێمە «٢٥»ساڵمان بۆ ئەوانە حسێب کرد کەوا لە ریزی حکومەتدا ئیش دەکەن، لە ماددەی «١٣» برگە«٣» ئێمە باسی ئەو کەسەمان کرد کە لە دەزگایەکی کار بکات کە داخرابێت بە هۆی ئەوەی کە دژی بەرژەوەندی گشتی کوردستان بێت، جا نازانم ئەم دوو ماددەیە پێکەوە ناگونجێن، دووەم ئێمە دێین لێرە بۆ ئەو کەسەی کە شۆڕشگێڕ بووە و خەباتی کردووە «٥» ساڵ دادەنێین، ئەگەر شۆڕشی ئەیلول تاوەکو «١٩٧٤» حسێب بکرێت، خۆ شۆڕشی گوڵان لە ١٩٧٦وە دەستی پێ کردووە، واتە «٢٦» ساڵە تاوەکو ١٩٩١، باشە بۆ «٥» ساڵی بۆ حسێب بکەم، باشە ئەو هەڤاڵەی کە لە چیاکاندا جا چ لە حزب بێت، یا لە دەرەوەی وڵات رۆژنامەوان بووە و خزمەتی دۆزی کوردی کردووە، بۆ نمونەش کاک فەلەکەدین کاکەیی کە لە ساڵی ١٩٧٦تاوەکو ئێستا نووسەرە و، بەبێ ئەوەی کە لە چیاکان و شاخ و داخەکاندا خەباتی کردووە، باشە لەسەر چ ئەساسێک من تەنها «٥» ساڵ خزمەتی بۆ حسێب بکەم، نازانم ئەمە چ مەنتقێکە، بە رای من هەر سێ برگەی ئەم ماددەیە هەڵگیرێت و، بکرێت بە دوو برگە و برگەی «١»یش بەم شێوەیەی لێ بێت: (يحتسب لعضو نقابة صحفيي كوردستان المستمر حالياً في العمل الصحفي سنوات عملة في قنوات الحركة التحررية الكوردستانية خدمة فعلية لأغراض التقاعد على ان يشفع الطلب بتأييد الجهة التي عمل فيها) و لە برگە«٢»شدا برگەی«٤ش بنووسرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محمد حسین«سیروان کاکەیی»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیریی قسەکانی کاک د.رزگار دەکەم، ئەو بابەتە لێرەدا دوو لایەنی تیادایە، لە رووی مەعنەویە مەعقول نییە خەڵکێک «٢٥ ـ ٣٠»ساڵێک خزمەتی هەبێت لە داموودەزگاکانی حکومەتدا و ئێستاش ئەو خزمەتەی بۆ حسێب بکرێت، لێرەش پێشمەرگەیەک ئەو هەموو خەباتەی هەبێت لە چیاکاندا تەنها «٥» ساڵی بۆ حسێب بکرێت، ئەمە وەکو دەقێک ئەگەر کەسیش نەگرێتەوە لە رووی مەعنەوی و سیاسیشەوە ئیجحافە بەرامبەر بە خەبات و شۆڕش و پێشمەرگایەتی و کوردایەتیش، لەبەر ئەوە شتێکە هەرگیز پەسەند نییە نە لە رووی مەعنەوییەوە

و نە لە رووی سیاسییەوە بۆ خەبات و بزاڤ و ڕێگای کوردایەتی ئێمە، من پشتگیریی لە قسەکانی بەڕێزان دەکەم کە دەڵێن ئەو «٥» ساڵە لەوێ هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ «١٥» ساڵم پێشنیار کرد، لە ساڵی ١٩٧٦ تاوەکو ڕاپەڕین «١٥» ساڵەکە دەکات، دوای ڕاپەڕینیش «١٠» ساڵە، دەکاتە «٢٥» ساڵ، لەبەر ئەوە ئەوەی لە دوای ڕاپەڕینەوە خزمەتی هەبێت تاوەکو ئێستا لە ڕۆژنامەوانی دا مافی خۆیەتی ئەگەر بیەوێت خانەنشین بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەستکاری ماوەمان نەکرد و، بەڵکو ئەوە تەقدیراتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بووە و، نەشمان زانی مەبەست چی بووە لەو ماوەیە، سەبارەت بە ئێمە ماوەکە هەڵگیرێت، یا بمێنێتەوە هیچ گرفتێک نییە، دەسکاری ئەو دەقەمانە نەکردووە تەنها لە رووی یاساییەوە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێمە ناتوانین بە ئاسانی دەسکاری بکەین، چونکە ئەمە پرۆژەی حکومەتە و، پاشانیش ئەمە کێشەی خزمەتی وەزیفی تێدایە، هەندێ لە حزبەکان خەڵکانێکی دڵسۆز و شایستەیان تیادایە، بەڵام هەندێ کەسانیش هەن کەوا بە هۆی ئەو بارودۆخەوە بە کەیفی خۆیان ساڵانی خزمەت دەنووسن، حکومەت کە ئەم ماوەیەی نووسیوە بە بێ لێکۆڵینەوە پێشکەشی نەکردووە و، مەبەستیشیان ئەوە نییە کە ئەو ساڵانە بە خزمەت نەژمێردرێ و، بارودۆخی شۆڕش هەموومان دەیزانین، کەم کەس هەیە بە بەردەوامی لە ڕاگەیاندندا کاری کردبێت، ڕۆژێک مەسئولی ناوچە بووە و، ڕۆژێک لە لایەکی تر کاری کردووە و، ڕۆژێکیش لە ڕاگەیاندن، ئەمە هەموومان بەم شێوەیە لە شۆڕشدا ئیشمان کردووە، جا هۆی ئەوەی کە حکومەت بەم شێوەیە ئەم ماددەیەی پێشکەش کردووە، بۆ ئەم هۆیە دەگەڕێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە نییە کە ئەو خەڵکە مافی ئەوەیان نییە کە ئەو خزمەتەیان بۆ حسێب بکرێت و، ئەم سندوقە تازەیە، سندوق تازە دادەمەزرێت بۆ ئەوەی تازە ئیش بکات، نەک بۆ ئەوەیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە خانەنشینی بدات بە خەڵک، سەندوقەکە هێشتا پارەی نییە و تازە دامەزراوە، من تازە دایمەزرێنم وبڵێم ئەوە «١٥٠»

کەس مووچەی خانەنشینیان بدەرێ، من وای بۆ دەچم کەوا حکومەت و وزارەتی دارایی ئەوەیان لەیەک داوەتەوە و حیسابی ئەوەیان کردووە کە مافیان نەفەوتێ و دەقیکی دیاری کراویشیان هەیە بۆ ئەوەیە مافی ئەو خەڵکە بدرێت بە دەستیانەوە وەکو رۆژنامەنووس و، ئێمەش باش دەزانین کەوا زۆربەیان وەکو رۆژنامەنووس کاریان نەکردووە، لێرە سۆز نابێت بەکار بهێنرێت، بەڵکو ئێمە هەموومان دڵمان لەگەڵیاندایە، بەڵام ئەبێت ئێمە سەیری راستییەکانیش بکەین، ئایا ئەو سەندوقە لە ئێستاوە دەست بە ئیش بکات، یا بە شێوەیەکی رەجعی بۆ پاشەوە بگەڕێتەوە، جا بە رای من ئەم خاڵە بیری لێ بکرێتەوە و پەیوەندیش بە وەزارەتی دارایی بکرێت، سەندیکای رۆژنامەنووسانیش قسەیان لەگەڵدا بکرێت و، ئەم ماددەیەش دوا دەخەین، چونکە بەم شێوەیە بەسەر پێی بڕیاری لێ نادەین، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، دانیشتنی داهاتووشمان سبەی کات «١٠»ی سەرلەبەیانی دەبێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/٩

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٩/ ١٠/ ٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٩/ ١٠/ ٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە پێنج)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە پێنج)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٩/ ١٠/ ٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.
٢ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی بڕگە(٤)ی مادده/ ٨٩ وبڕگە(٢)ی مادده/ ٩١ لە یاسای ژمارە(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان دانیشتنی ژمارە(٥)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەستپێدەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێکهاتووە:
١ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.
٢ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی بڕگە(٤)ی مادده/ ٨٩ وبڕگە(٢)ی مادده/ ٩١ لە یاسای ژمارە(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێم وایە ئەمڕۆ تیرۆر بۆتە ئاکارێکی وا کە هەموو جیهانی وروژاندووە تەنانەت ئەنجومەنی

ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی تایبەتی دەربارەی نەهێشتننی یان چۆنیەتی هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە تیرۆر وەرگرتووە بە ژمارە ۱۳۷۳بۆیێ پێم باشە و پێشنیار دەکەم دانیشتنێکی تایبەت بە ناوی فراکسیۆنەوە ئەگەر چەند بکرێ بە پەلە بێ لەم ڕۆژانەدا بێت دەربارەی چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی، چونکە لە بنەڕەتدا ئێمە وەکو کوردو وەکو گەلی کوردستان لە هەموو گەل و نەتەوەیەک زیاتر دووچاری شاڵاوی تیرۆر بووینە لە ئەنجامی تیرۆرو تیرۆرستان زیانمان پێکەوتووە بۆیە بەباشی دەزانم دانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێت و لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەپێی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەن دەیخەینە بەرنامەی کاری یەکێ لە دانیشتنەکانی داهاتوومان. بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن ئاگاداریان ئەکەینەوە لە کام دانیشتن ئەبێت،
بۆ ئەوەی بەردەوامبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان بەتایبەتی تەواوکردنی یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق، تکا لە دوو ئەندامانی لیژنەی یاسایی بەڕێز دەکەم بفەرموونە سەر سەکۆ هەر هەمان بەڕێزان کە دوێنێ کە لەسەر سەکۆ بوون فەرموون لیژنەی دارایی و لیژنەی ڕۆشنبیری.ماددەی پانزەهەم.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة عشرة:

يمنح عضو نقابة صحفيي كوردستان المستمر حالياً في العمل الصحفي والذي عمل في القنوات الاعلامية للحركة التحررية الكوردستانية قبل الانتفاضة المجيدة في ١٩٩١/٣/٥ مدة لا تزيد على خمس سنوات كخدمة فعلية لاغراض التقاعد، وكما ياتي:

١- تشكل لجنة خاصة لهذا الغرض في نقابة صحفيي كوردستان.

٢- تبت هذه اللجنة في الطلبات المقدمة اليها وتصدر قرارها بتأييد الطلب او رفضه كلياً او جزئياً.

٣- للصحفي الاعتراض على قرار اللجنة لدى مجلس نقابة الصحفيين خلال ثلاثين يوماً من تأريخ تبلغه به ويكون قرار المجلس باتاً بهذا الشأن.

٤- يودع قرار احتساب هذه الخدمة للصحفي المشمول لدى هيئة الصندوق.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسا ئەوە بوو کە بڕگەی(٢) و(٣)بکرێنە یەک بڕگە و بەم شێوەیە:

«تنظر هذه اللجنة في الطلبات المقدمة اليها وتعرضها مع توصيتها على مجلس نقابة الصحفيين للبت فيها وتكون قراراته خاضعة للطعن لدى محكمة تمييز اقليم كورستان العراق خلال ثلاثين

يوماً من تأريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً». مع تصحيح تسلسل الفقرة(٤) الى الفقرة(٣)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر تەوجیهاتی جەنابت پاش دانیشتن لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕای لیژنەی ئێمە ئەوەیە لەگەڵ ڕای وەزارەتی دارایی و ئابووری گشت ماوەی پێشمەرگایەتی كە ڕۆژنامەوان لەناو شۆڕش دا بووەو بێ انقطاع هەمووی حساب بكرێتن ووشەی دون انقطاع زیاد بكرێتن نەوەک ئەوە وازی لە شۆڕش هێنابێ و هاتبێ لە سەنگەرێكی تر دژی شۆڕش ئیشی كردبێ بۆیە ووشەی دون انقطاع ماوەكە بێ دابڕان بۆی حساب بكرێتن.

لێرە بڕگەیەک زیاد بكرێ یان ماددەیەک زیاد بكرێ ئەوەی لەسەنگەری دوژمنایەتی شۆڕش بووە وخزمەتی دوژمنی كردووە ئەم یاسایە نەیگرێتەوە ئەمەش ڕای وەزارەتی دارایی و ئابووریە ئێمەش لەگەڵ ڕای وەزارەتی دارایی و ئابوورین كە ئەم یاسایە دوژمنان نەگرێتەوە وە لە كۆتایی ڕای سەرۆكی پەرلەمان وئەندامە بەڕێزەكانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕۆشنبیریی.

**بەڕێز احمد سالار عبدوالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی ڕۆشنبیریی یەكە لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وا بزانم ئەو ڕایەی لیژنە باسی كرد لەگەڵ ڕای دوێنێ و هی ئێمە یەک دەگرێتەوە تەنها ئەو زیادەیە بكرێت منیش لەگەڵ ئەوەم كە بدون انقطاع بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا بدون انقطاع نیە ئەوە داوا ئەكا ئەوەی دژایەتیشی كردبێ بۆی حساب نەكرێ.

**بەڕێز د.ناصح غـــــفـــــور رمـــــضـــــان:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

واتە ئەو تێبینیانەی کە کراون لە جێی خۆیانن ئێمە لەگەڵ ئەو رایەین کەوا لەگەڵ راکەی ئێمەی دوێنێ یەک ئەگرێ.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە تکایە.

**بەڕێز کـــاکـــە رەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لاریمان نیە، اصرار لەسەر ئەوە ناکەین ئەو ماوەیە بمێنێتەوە چونکە مەسەلەکە مەسەلەکی سیاسیە زیاتر لەوەی قانونی بێت بەراستی بەس ئێستا امکان هەیە لە هەمان مادده اضافەی بکەین بصورە متـواصلە یان وبدون انقطاع دەتوانین ئەوە زیاد بکەین و ئەگـەر پەرلەمـانی کوردستان بە پێویستی دەزانی کە ماددەک زیاد بکرێ یان بە بڕگەیەک بڵێ ئەو کەسانە ناگرێتەوە کەوا لەسەنگەرێکی موعادی بوونە. دیسان امکان هەیەتەحشیەی ماددەکە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

خۆی دووشتـە، یەکەمـیان ئەوەی لە شـۆڕشدا بە ئیشی رۆژنامـەوانی هەڵساوە ئەو مـاوەیەی بە خزمەت بۆ حساب بکرێ، دووەمیان ئەو ڕۆژنامەوانەی دژایەتی بزووتنەوەی ئازادی خوازی کوردی کردووە ئەو ماوەیە بە خزمەت بۆی حساب نەکرێ مەوزوع ماوەی خزمەتە مەسەلەن ئەگەر دژایەتی بزووتنەوەی ئازادی خوازی کوردستانی کردبێ حەز ئەکا دە ساڵ یاخود پانزە ساڵ یان بیست ساڵ لە شوێنی تر ئیشی کردبێ ئەو ماوەیەی بۆ حساب ناکرێت بەخزمەت تەنیا ئەو ماوەیەی بۆ حساب دەکرێت بەخزمەت، کە خزمەتی قضیەی کوردی کردبێت یان لەژێر یاسای هەرێم ئیشی کردبێت ئەوی تریان کە لەشۆڕشا بووە هەموو ماوەکەی بە خزمەت بۆحساب دەکرێت ئەوە رای وەزارەتی داراییە یەعنی بە استنتاجیش رای حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ زانین ئنجا ئەوەی تێبینی و شـتی هەیە تکایە دەسـتی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی ناونوسی. بکەین ئەم بابەتش دوێنێ زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا لەبەر ئەوە هەر ئەم جارە ئەوەی قسەی هەیە ئەیەوێت قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە چونکە جارێکی کە مەجال بەتێبینی نادەین بەڕێز حاکم سفر محمد حوسێن

**بەڕێز ســـــفـــــر مـــــحـــــمـــــد حـــــسێن:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕێزان پێش نیو سەعات نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردسـتان کاک فـەرهاد لای ئێمـە بوو لە لیژنەی قانونی گوتی ئەو شتە تەحصیل حاصلە کە ئەو ماوەیەی لە خزمەتی رژێم بووە بە موجبی

قانونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئێمە حساب ناکەین و وەرناگرین و اعتیبارێکی بۆ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە تەئیدی ئەوە دەکەی کە حساب نەکرێ ئەو خزمەتە. کاک سعید یعقوبی، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لام سەیرە بە نسبەت رۆژنامەنووس ئەوە حساب نەکرێ باشە ئەدی لێبوردنی گشتی چی بەسەر دێ؟ ٩٥٪ فەرمانبەرانمان لەژێر دەستی نیزامی حزبی بەعس فەرمانبەر بوون و مووچەخۆر بوون و هەر کەسێک لە موهمەی خۆی ئەرکی خۆی بەڕێوە بردووە بەردەوامیشە وە حسابیشیان بۆ کراوە بۆ خانەنشینی و، بەردەوامیشن ئەوەی من مەبەستمە کە لەو کاتەی لێبوردنی گشتی دەرچووە پاشی وی ئەوەی لە سەنگەری دوژمن ئیشی کردبێ ئەوی بۆی حساب نەکرێ. ئەما ئەوەی پێشتر و، ئێستا بەردەوامە لە خزمەت کردنی حکومەتی هەرێم بە قەناعەتی من بەردەوامە و ئەبێ بۆی حساب بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم «د. رزگار»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دوێنێ پێشنیارمان کرد زۆر قسەمان کرد جەنابی تە ئیشارتت بۆ کرد ئەڤ هەڵوێستی تازەی وەزارەتی دارایی و،تعاونیا لیژنەی قانونی زۆر پیرۆزەو لە جێی خۆی دایەو تەئیدی وان دەکەم و زۆر زۆر سوپاسی هەموویان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا محمد مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

ئەوە لایەنی پەیوەندیەکەی بۆ برادەران تەبعەن حەقی خۆیانە بەڵام بۆ ئەوەی ماددەی تعاریف کارا بێت حەقە دەڵێ لە یاساکە موستەلەحاتی ئەوەی دەوترێ رەچاو بکرێت بۆیە لە سەرەتای ماددەکەوە ولە هەردوو بڕگەی یەک وسێ حەقە تەنها نەقابەی رووت بەس بێت ولە بڕگە چواریشا تەنها (الهیئە) بەس بێت وثلاثون ئەوە بکرێ بە (ثلاثین) ئەو وەکو جەنابی لیژنەی قانونی پێشنیاریان کردوە من ئەڵێم ئەم پێشنیارە زۆر باشە ئەو لێکدانەی بڕگەی دووەم وسێیەم، لەگەڵ

ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو پێشنیارەی کە ئێستا کرا پێم وایە لە جێگای خۆیەتی بەڵام وا دیارە ئەبێ ئەم بڕگەیە دوایی لە یاسای ڕۆژنامە نووسانیش زیاد بکرێ دەبێ ئەویش چاک بکرێت ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێت ئەو خزمەتەی کە هەیەتی لە کاتی ڕژێمدا یان دژی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد کردویەتی ئەوەی بۆحساب نەکرێت من پێم وایە ئەمە بەس ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە ڕۆژنامە نووس بوونە هەبووە پێش ڕاپەرینیش ڕۆژنامە نووس نەبووە بەڵام ئێستا لە بواری ڕۆژنامە نووسی کار دەکات پێشتر پیاوی ڕژێم بووە بۆیە ئەوەش هەیە بۆیە تەنها بۆ ڕۆژنامە نووس نییە هەیە پێشتر ڕۆژنامە نووس نەبووە ئێستا ڕۆژنامە نووسە لەبەر ئەوە پێویستە بگۆترێت بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو خزمەتەی کە لە پێش ڕاپەرین کردویەتی لە دژی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بووە، ئەوە پێم وایە باشترەو ڕوون تر دەبێت پێم وایە پێویستیش دەکات لە یاسای تەعدیلێک بکرێت دووبارەی دەکەمەوە لە یاسای سەندیکای ڕۆژنامە نووسانیش ئەوە زیاد بکرێت بۆ ئەوەی جیاوازی تێدا نەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوا لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی ((وبدل سیئاتهم الحسنات)) دوای تۆبە کردن بە ڕای من ئەم بابەتە زۆر ساکارە بابەتەکە بە شتێکی زۆر گەورە تەماشا نەکەین ئەگەر بێین هەندێ لایەنی تری ژیانی خۆمان لە کوردستان ببینین دەبینین زوباتی کورد هەبوون لە ناو جەیشی عێراق هەتا خانەنشینی نەبووە لە ناو ڕژێم خانەنشینی بووەو بە ڕوتبەکی گەورە ئینجا هاتووتە کوردستان ئێستا ڕەنگە هەندێ مەراکزی باشی هەبێت لە هەرێمی کوردستان ولە وانەیە ڕاتبێکی گەلێ باشیش وەربگرێت، چونکە ئیستفادە بۆ خۆشی وەردەگرێت وتۆبەش دەکات بە ڕای من صەحەفیەکی ساکار لە بەغداد بێت یان لە هەر لایەکی تر بێت ئەگەر جارێکی هەڵەیەکی ساکاریشی کردبێت لێبوردنێکی گشتی دەرچوو لاپەرەیەکی نوێ کرایەوە لە وەختی خۆی ڕژێمی عێراق وابوو جا کوردێکی ئیعدام کات لە سەر شتێکی نەتەوەیی دوای مانگێکی دەڵێ بە خێزانی وەرە خانەنشینی وەربگرن خانەنشینی دەدەنە خێزانی وی نە زەلامن ئەمەش هەروەکو خۆی

بمێنێ و بەڕێوە بچێت مادام لە سەندیکا هاتە وەرگرتن لە سندوقی خانەنشینی بەڕێوە بچێت ئەوەیە یەکیان ئەوی دووەمیان ئەوی جەنابت فەرمووت کە ٥ ساڵە تەبعەن هەموومان تجربەمان هەبوو لەگەڵ خزمەتی موظفین کە ئەوانەی پێشمەرگایەتی کۆنیان هەبوو هەریەک بەکەیفی خۆی (١٠ ساڵ و ١٥ ساڵیان هێنا بۆ ایضافەی خزمەتی خۆیان لەم حزب و لەو حزبە یعنی لەوانەیە دوو ساڵ پێشمەرگایەتی نەکردبی بەرامبەری وی ١٥ساڵ خزمەتی هێنا بوو، بەرای من ئەو ڕۆژنامەوانەی بەبەردەوامی لەشۆڕشدا هەبوونە بدون انقطاع بڕوا ناکەم پێویستیان بە هەندێ بێت کو تقاعدیا صحفی وەربگرن لە صندوقا صحفییا هەریکە لە وان جێگایەکیان هەیە سوپاس بۆ خوا جێگایەکی وای هەیە منصەبەکی وای هەیە کە پێویستی بە سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان نەبیتن من بڕوا ناکەم ئەگەر یەکێکیش بدۆزین پێشمەرگەکی بدون انقطاع هەبیتن وە ئێستا کە مەرکەزەکی موستەحەقە لێی پیرۆز بیتن و، ئینشاللە مەناصبێکی باشتر ژێ دەستناڤکەتن خودی وەزعێ مەد بێشێ بۆی بلا بو وان ژ باش ژیان بەرفەراح بیتن خۆش بیتن ئی لە گەل هەندێ مە کو هەر وەکو خۆی هاتی پێشتر قانوونەکە هەر وا بمێنێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بەڕێز کاک شێخ یحیی.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی یەک تێبینی بچووک هەر ئەوەندەی کە ئەڵێم بە حەقیقەت برینی قەڵەم زۆر لە برین گوللە گەورەترە من فەرمانبەرێک نابینم وەک کاتبێک کە لە خۆیەوە هەڵسێ ڕێ پیشاندەری دوژمن بێ بۆنەمانی زمانی کوردی فەرمانبەرێک مەجبوورە نان بخوا منداڵی بژێنێ فەرمانبەرە یان عەسکەرە یاخود مەدەنیە لە هەولێر یان لە سلێمانی لەژێر سایەی ڕژێمێکا ژیاوە ئەوەی امکانیەت بووە بەڵام خاوەن قەڵەمێک چۆن بەخۆی و قەڵەمەکەی لە خزمەتی دوژمنانی کوردا بووە بۆ نەمانی زمانی کوردی ئەمە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەیان برینی قەڵەم زۆر گەورەترە لە برینی گوللە، پڕ بە دڵ تەئیدی ڕای حکومەتی هەرێم دەکەم و، ڕای لیژنەی دارایی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو فوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە برادەران زۆر باسی عەفوی بەرەی کوردستانی ئەکەن، ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ بەرەی کوردستانی کە هەموو کەسێکی عەفو کرد، بەڵام خۆ نەی ووت تەکریمیان بکەن، دوایی دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان ئەوانەی کە شتیان نووسیوە دژی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردو ئەوانەی کە شتیان

نووسـيـوه يان كـارمـەند بوونه له رۆژنامـەكـانی رژێم. هەبووە دە سـاڵ پانزە سـاڵ كـارمـەند بووە لە رۆژنامـەكـانی رژێم یەک ووشـە دژی شۆڕشی رزگـاری خـوازی كـورد نەنووسـیوە ئینجـا ئێمـە ئەبێ جیاوازی بكەین ئەگەر ئەوەی یا بە شیعر یان بە وتار یان بە هەر شتێ دژی بزاڤی رزگاری خوازی كوردی نووسیوە نابێ تەكریم بكرێ من هەر لەم هۆڵەدا بۆ یاسای كۆڕی زانیاری كورد پێشنیارم كرد كە ئەوانەی كە دژی شۆڕشی رزگاری خوازی كوردن با جێیان نەبێتەوە بەداخەوە سەری نەگرت هەر هەمان راش دووبارە دەكەمەوە لێرە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز كـاكـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اولاً: لاتحتسب فترة عمل الصحفي في معاداة الحركة التحررية الكوردستانية لأغراض التقاعد.

ثانياً: تعتبر خدمة عضو النقابة في القنوات الإعلامية للحركة التحررية الكوردستانية دون انقطاع قبل الانتفاضة المجيدة في ٥/٣/١٩٩١خدمة فعلية لأغراض التقاعد.

ثالثاً:

١ـ تشكل لجنة خاصة لهذا الغرض في نقابة صحفيي كوردستان.

٢ـ «تنظر هذه اللجنة في الطلبات المقدمة اليها وتعرضها مع توصياتها على مجلس نقابة الصحفيين للبت فيها وتكون قراراتها خاضعة للطعن لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان ـ العراق خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً».

٣ـ يودع قرار احتساب هذه الخدمة للصحفي المشمول لدى هيئة الصندوق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیەكی تر هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەگەر نییە ئەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی پانزەهەمین بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسندی ئەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە...؟ زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە...؟ یەک دەنگ پەسندی ناكات، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی شانزەهەم.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

المادة السادسة عشرة:

للصحفي وعياله من بعده طلب ضم الخدمة المقضية في المؤسسة الصحفية او الاعلامية الى خدمته الفعلية لاغراض التقاعد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسای چیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی چیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی رۆشنبیریی چیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان لەسەر ماددەی(١٦) هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین؟ دیارە کەس تێبینیی نییە، تکایە ماددەی(١٦) دووبارە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة السادسة عشرة:

للصحفي وعياله من بعده طلب ضم الخدمة المقضية في المؤسسة الصحفية او الاعلامية الى خدمته الفعلية لاغراض التقاعد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (١٦) بەو شێوەیەی خوێنرایەوە کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە زۆر سوپاس بەگشتی دەنگ ماددەی شانزەهەمین وەرگیرا. ماددەی (١٧) فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة السابعة عشرة:

اولاً: للصحفي ولمن تؤول اليهم الحقوق التقاعدية حق الاعتراض على قرارات الصندوق فيما

يتعلق بالحقوق التقاعدية او ضم المدد او رفضها لدى مجلس تدقيق قضايا المتقاعدين خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبلغ بها ولهم ايضاً ولهيئة الصندوق حق الطعن في قرار مجلس التدقيق لدى محكمة تمييز الاقليم خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ بها.

ثانياً: يستثنى من أحكام الفقرة اولاً اعلاه الاعتراضات على الحالات الواردة في المادة(١٤) من هذا القانون.

ثالثاً: يستوفى من المعترض لدى مجلس التدقيق تأمينات قدرها خمسون ديناراً وتعاد له اذا ظهر محقاً في اعتراضه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە رامان وایە بڕگەی یەک بەو شێوەیە سیاغە بكرێتەوە:

(للصحفي ولمن تؤول اليهم الحقوق التقاعدية حق الاعتراض على قرارات الصندوق فيما يتعلق بالحقوق التقاعدية أو ضم المدد أو رفضها لدى مجلس تدقيق قضايا المتقاعدين خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبلغ به ويكون قرار مجلس التدقيق خاضعاً للتمييز لدى محكمة تمييز الاقليم خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ ويكون قراره باتاً). بە گوێرەی بڕگەی دووەمیش:

(يستثنى من أحكام الفقرة اولاً الحالات الواردة في المادة(١٤) من هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لیژنەی یاسایی ئەكەین لەم ماددەیەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشەنبیریی تكایە.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیریی لە لیژنەی یاسایی ئەكەین وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز كەنەوە، بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی زۆر لە جێگای خۆیەتی بەڵام بڕیارەكانی سندوق وابزانم بڕیاری دەستەیە هی سندوق نییە ئەوە یەك، دووەمیش بە گوێرەی دووەم ئەوەی فەرمووی حالات باشە یان بە اغراض بێگومان لە راستی ماددەكەی سێیەم ئەو ئەنجومەنەی كە دانراوە (مجلس تدقیق قضایاالمتقاعدین) نە لە نەقابەی صەحەفیین ئیشارەتی بۆ كراوە نە لێرەش هەیە ئایا لە خانەنشینی یا لە دارایی لیژنەكی وا هەیە؟ بۆیە لێرە پێویستە دروست بكرێت هەیە یان دروست دەكرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنەیە لە وەزارەتی دارایی هەیە لێكۆڵینەوەی هەموو حالاتی خانەنشینی دەكات وبڕیاریش لەسەری ئەدات ئەوجا هەردوو لا حەقی تێبینیان هەیە سەندوقیش حەقی هەیە لە وانەیە وەختی خۆی ماوەكی دیاری كردوە بە پێچەوانەی ئەوە یان لە ڕێگای پەیوەندیی هەردوو لا حەقی تیبینیان هەیە لە سەر ئەم بڕیارە پاشی كە دەنێرنە ئەویٚ چونكە لە ویٚ ئەو لێژنەیە لكۆڵینەوە دەكات. لێژنەكە لە وەزارەتی داراییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە جارێكی تر بیخوێنەوە با بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

المادة السابعة عشرة:

اولاً: للصحفي ولمن تؤول اليهم الحقوق التقاعدية حق الاعتراض على قرارات الصندوق فيما يتعلق بالحقوق التقاعدية او ضم المدد او رفضها لدى مجلس تدقيق قضايا المتقاعدين خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبلغ به ويكون قرار مجلس التدقيق خاضعاً للتمييز لدى محكمة تمييز الاقليم خلال ثلاثين يوماً من تأريخ التبلغ بها ويكون قرارها باتاً.

ثانياً: يستثنى من أحكام الفقرة أولاً اعلاه الاعتراضات على الحالات الواردة في المادة(١٤) من هذا القانون.

ثالثاً: يستوفى من المعترض لدى مجلس التدقيق تأمينات قدرها خمسون ديناراً وتعاد له اذا ظهر محقاً في اعتراضه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی (١٧) بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی (١٨) تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثامنة عشرة:

١- ينقل اسم الصحفي المتقاعد من سجل نقابة الصحفيين في الاقليم الى سجل الصحفيين المتقاعدين.

٢- على الصحفي الامتناع عن ممارسة العمل الصحفي بعد ثلاثة أشهر من تأريخ تبلغه بقرار إحالته على التقاعد وعند مخالفته يقوم مجلس نقابة صحفيي كوردستان بانذاره بوجوب ترك المخالفة فاذا لم يلتزم يوقف صرف راتبه التقاعدي لمدة يحددها مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە تەنها ئەو(الصحفی) زیادمان کرد وەکو خوێندمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕۆشەنبیریی.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە فەرموو مامۆستا مەلا طاهر.

**بەڕێز مــــەلا مــــحــــمــــد طاهر زين العــــابدين:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئەنجــــــومــــــەن .**

ماددەی (١٩) لە یاسای نەقابەی صەحەفیین ئەڵێ (يجوز للصحفي المتقاعد بموجب احكام قانون تقاعد الصحفيين العمل في المؤسسات الصحفية والاعلامية عن طريق عقد العمل ويتمتع بنفس آمتيازات الصحفي المتمرس) مانای پێش ئەوەی كە ئەم یاسایە دابنرێت (بموجب احكام قانون تقاعد الصحفيين )مادەیەكمان لێرە نییە كەوا ئەو حەقە داوا بكات جا نازانم چۆن جێی ئەكرێتەوە لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئەنجــــــومــــــەن :**

بەڕێز كاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قــاسم مــحــمــد قــاسم«د.رزگــار» :**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئەنجــــــومــــــەن.**

ببورە من تەوضیحێكم هەیە لەسەر برگە دوو گەر برادەری مە هی لیژنەی یاسایی كەرەم كەن دەبێ مەمنون بین ئەوش (على الصحفي الامتناع عن ممارسة العمل الصحفي) ئەگەر هاتوو صەحەفیەكی متقاعد لەماڵ دانیشتیە مقالەیەک بۆ گۆڤارو شت بنوسێت یەعنی ئەو حوكمە مەشمولە بۆ ئەو برادەرە یەعنی نە عقدێكی رەسمی لەگەڵ گۆڤارێک یان شتەک نینە تەنها گوتارو مقالەو تحلیلات دەنوسێت ئەگەر بێت و وەكو مقالە نووسین ئەویش عمل صحفیە ئایا ئەو حوكمە هی برگە دوو بۆ ئەو برادەرە تطبیق دەبێت ئەگەر تطبیق بێت من پێشنیار دەكەم ئەو برگە نەمێنێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئەنجــــــومــــــەن:**

فەرموو تكایە جارێ پرسیارەكەت بكە.

**بەڕێز د. قــاسم مــحــمــد قــاسم«د.رزگــار» :**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئەنجــــــومــــــەن.**

(فقرة (٢) على الصحفي الامتناع عن ممارسة العمل الصحفي) بۆ نمونە برادەرێک خانەنشینە لە ماڵەوە دانیشتووە شت دەنووسێ بۆ گۆڤار ئەوەش ئیشی صەحەفییە مقالات وگوتار شتی وا بنووسێ بە كرێ ئەمەش ئیشی صەحەفییە ئایا ئەو حوكمە هی برگە دوو تەتبیق دەبێت لەسەر ئەو برادەرە خانەنشینە شت نەنووسێ لەسەر گۆڤارو ئەگەر تەتبیق بێت مەشمولە من پێشنیار ئەكەم ئەم برگەیە نەمێنێت ئەگەر مەشمول نییە با بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئەنجــــــومــــــەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

خانەنشینی کارێکی بە زۆری نییە مانای کابرا دەتوانی بگاتە تەمەنی یاسایی وخۆی خانەنشین نەکـات دەتوانی خدمـەشی زۆر بێت (٣٠) سـاڵیش خـزمـەتی هەبێت چونکە حـەددی ئەعـلای خدمەکە دیار نەکراوە تەنها حەدی ئەدنایەکە نابێت لە (٢٥) ساڵ کەمتر بێت ئەگەر ئارەزووی هەبێت ئیش بکات لە مەجالی صەحافە یا خۆی خانەنشین نەکات بشنووسێ لە هەموو لایەک بۆی بە خـزمـەتیش حـسـاب دەبیت ئەگـەر نا کـە دەیوێت تـەقـاعـد بێت مـانای وایە هۆیەک هەیە بۆ خانەنشینی کە خۆی خانەنشین دەکـات. راسـتـە یاسـایەکـە شـمـولی دەکات نابێت مومـارەسـەی صەحافە بکات، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

بەڕێز کاک احمد سالار تێبینیتان هەبوو فەرموو.

**بەڕێز احـــمـــد ســـــالار عـــبـــدالواحـــد:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

سەبارەت بەوەی خانەنشینی وەکو کار کە کۆتایی بە پیشـەکەی دێت بەڵام کۆتایی بە چالاکی نایەت چونکە چالاکی بەردەوامە جا بەڵام وەکو پیشـەیەک کە لە پەیوەستا بە چەند سعاتێکەوە پرۆگرامێکەوە رۆژانە دەوام ئەکات کارەکەی ئەوەیە کۆتایی ئەو وەختە ئازادە ئەگەر بێتوو وتارێک بنووسێ بابەتێ، ریپۆرتاژێ بنووسێ بۆ لایەک بڵاوی بکاتەوە ئەمە چالاکیەکە وەکو مافێکی خۆی پەیوەست نییە بەوەی کە پیشەکەیە ئەمە رێگە لەوە ناگرێت کە یەکێک خانەنشین بوو ئیتر دەست وقەڵەمی کۆتایی پێ دی: زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

بەراستی بۆچونەکەی کاک احمد هەتا حەددێ لە وانەیە لە جێگای خۆی بێت. چونکە لە یاسای صەحافە هاتووە ئەو وەختی بە صەحەفی حساب دەکرێ دەڵێ هەموو وەختێ کابرا لە صەحافە کار بکات مـانای ئەوەیە هیچ ئیـشی تر نەکـات. هەمـوو ئیـشی لە صـەحـافـە بیت بەڵام لە وانەیە مەقالەیەک بنووسێ یان ریپۆرتاژەک دانەنرێت بە کاری صەحەفی چونکە موتەفەرغ نییە وەکو پێویست بۆ ئیشی صەحافە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بیخوێنەوە جارێکی تر بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ دانەوە فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثامنة عشرة:

١- ينقل اسم الصحفي المتقاعد من سجل نقابة الصحفيين في الاقليم الى سجل الصحفيين المتقاعدين.

٢- على الصحفي الامتناع عن ممارسة العمل الصحفي بعد ثلاثة اشهر من تاريخ تبلغه بقرار احالته على التقاعد وعند مخالفته يقوم مجلس نقابة صحفيي كوردستان بانذاره بوجوب ترك المخالفة فاذا لم يلتزم يوقف صرف راتبه التقاعدي لمدة يحددها مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی (١٨) بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە کاک عبدالخالق زەنگەنە پەسەندی ناکات بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی (١٩) تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة التاسعة عشرة:

اذا انقطع الصحفي او فرد من عياله بعد وفاته عن تناول راتبه او عن المراجعة بشأن تخصيصه له مدة تزيد عن سنتين يسقط حقه بالمطالبة عن مدة الانقطاع الا اذا كان الانقطاع بعذر مشروع ويعتبر التخلف عن تقديم الوثائق والمعلومات التي تطلبها هيئة الصندوق انقطاعاً عن المراجعة لأغراض هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر رێکو پێکە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕۆشەنبیریی.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە لە جێی خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تكایە كەس تێبینی نییە كەواتە ئەو ماددەیە ئەخەینە دەنگ دانەوە تكا لەو بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی (١٩) بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی (٢٠) تكایە.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

المادة العشرون :

لا یعمل باي نص یتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە تكا لەو بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی (٢٠) بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەندی دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی (٢١) تكایە.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

المادة الحادیة والعشرون :

علی مجلس الوزراء تنفیذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەقەكە وەكو خۆی زۆر باشترە لە وەی لیژنەی یاسا خوێندییەوە (والجهات ذات العلاقە)، چونكە ئەوە پیوەندی دارە بە نەقابەش بە وزارەت دەقەكەی خۆی (علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احكام هذا القانون). بخوێندرێتەوە چاكترە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گرفت نییە جارێكی تریش بیخوێنەوە تكایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەصلی ماددەکە هاتووە دەڵێ((علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون)) .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە لای ئێمە ((والمختصین))یش هەیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڵێ (والمختصین) جارێک لایان بردووە بەڕێز کاک حسین (الجهات ذات العلاقه)شی لابردووە پێویستە ئەوەی تیا بێت چونکە ئەنجومەنی نەقابەش پەیوەندی پێوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر یاسایەک کە شیدەکرێتەوە بە نیسبەت هەموو کەسێ پەیوەندی دارە کە ئەنجومەنی وەزیران تەنفیزی ئەکات پەیوەندی دار بێت بە هەر کەسێ لە سەریتی کەس ناتوانێ بڵێت ئەو یاسایە دەرنەچووە ئەو یاسایە پەیوەندی بەمنەوە نییە ناوی من نەگوترایە شتێکی زۆر ساکارە و، ئەم دەقە هەیە لە هەموو یاسایەکان ((علی مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القانون)) وەکو ئەوانی تر بڕوات زۆر ڕێکوپێکە ئەنجومەنی وەزیران تەنفیزی ئەکات ئەبێت نەقابەش تەنفیزی بکات نەقابە بۆ خۆی نوێنەری تێدایە چۆن تەنفیزی ناکات وئەندامیشە لە سندوق ئەگەر تەنفیزی نەکات لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەنفیز دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیستا پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیران چۆنە ئەوەهای بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الحادیة والعشرون :

علی الوزراء المختصین والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن رای ئێمە(علی مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە لە گەڵ پێش نیاری لیژنەی یاسان تکایە دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی کە لە گەڵ لیژنەی یاسا نین تکایە دەستیان بەرز کەنەوە پێنج کەس لە گەڵ نییە بەزۆرینەی دەنگ پێشنیازی لیژنەی یاسا وەرگیرا تکایە ماددەی (٢١) بخوێنەوە بۆ ئەوەی

چەسپاو بێت فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الحادية والعشرون:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی (٢٢) تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثانية والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لە سەری هیچ تێبینی نییە تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی (٢٢) بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ئێستا پرۆژەکە هەمووی ئەخەینە دەنگ دانەوە تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە پرۆژەی یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە پرۆژەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامێکی سەندیکای رۆژنامە نووسی کوردستان سوپاسی خۆمان پێشکەشی سەرۆکی هێژا ئەکەین وهەروەها پەرلەمانی بەڕێز وکابینەی چواری حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ئەم یاسایە پێشکەشی کردین کە ئەمرۆکە تەصدیق کرا کە خزمەت گوزاریا وان پێشکەشی چینێکا پر بزافیا گەلی کورد هاتە کردنێ ئەمەش دەلیلی هەندێیە کە خەمخۆریا وان هەموو بۆ ئەم چینە کە تەئمینی ژیانی وان دەکات پیرۆزبایی لە رۆژنامە نووسان هەموان دەکەم وجارێکی تریش سوپاسی هەموتان دەکەین کە خەمخۆری ئەم چینە بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان خستنەڕووگفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی هەموارکردنی برگە(٤)ی مادده/٨٩ وبرگە(٢)ی مادده/٩١ لە یاسای ژمارە(٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ کە پێشنیار کراوە لە لایان ئەنجومەنی وەزیران. دەربارەی ئەم خاڵە نووسراوێکتان بۆ هاتووە لە لایەن لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت کە داوا ئەکات ئەم پرۆژەیە گفتوگۆکردن لەسەری

دوا بخرێت تا کاتێکی تری گونجاو جا لیژنەی مافی مرۆڤ ئەگەر ئەیەوێ قسە لەسەر ئەم بارەیەوە بکات با بفەرموون، فەرموو زهرا خان.

**بەرێز زهراء حاجی طە سلیمانی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی مە کۆبۆوە لەسەر هەموار کردنی ئەم پرۆژەیە، برگە(٤)ی ماددە/٨٩ وبرگە (٢)ماددە/٩١ لە یاسای ژمارە(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ ئێمە بە باشی ئەبینین ئەم پرۆژەیە دوا بخرێت بۆ ئەوەی زیاتر گفتوگۆ ودیراسەت بکرێت لە گەڵ رێزماندا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەم بارەیەوە ئێمەش وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی بە پێی پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەن ئەم برگەیە دوا ئەخەین بۆ کاتێکی تری گونجاو بە تایبەتی بۆ ئەوەی زیاتر لێی بکۆڵدرێتەوە لیژنە بەرێزەکان زیاتر دیراسەتی ئەم بابەتە بکەن لێرەدا کۆتایی بە کۆبونەوەی ئەمرۆمان و بە دانیشتنی ئەمرۆمان دێنین و دانیشتنی داهاتومان بەیانی سەعات (١٠) ئەبێت زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/١٠

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٠/١٠/٢٠٠١

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٠/١٠/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە شەش)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە شەش)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٠/١٠/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین.
پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێزان وەزیری ناوخۆو وەزیری تەندروستی و وەزیری داد دەکەین بۆ بەشداربوونیان لە گفتوگۆی ئەم دانیشتنەماندا سوپاسیان دەکەین هیواداربن ئامادەبوونیان و بەشداریان بە بەرهەم بێت.
بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان بریتییە لە دوو خاڵ یەکەمیان خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە دەسەڵاتدان بە ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ عەفو کردنی حوکم دراوەکان بە لێبوردنێکی تایبەت.
دووەم، خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای دیارکردنی تەمەنی بەرپرسێتی جنائی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
بۆئەوەی دەست بەکار بین تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم بفەرمووێت بۆ ئێرە هەروەها ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ناوخۆ ئەگەر زەحمەت نەبێ کاکەڕەش نەقشبەندی بفەرمووێت بۆ ئێرە.
لیژنەی یاسا تکایە فەرموون پرۆژەی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز سـفـر مـحـمـد حـسـن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق

((مشروع قرار))

رئاسة مجلس الوزراء

استناداً الى احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناء على ما عرضه مجلس الوزراء قررالمجلس الوطني لكوردستان العراق ما يلي:

١- يخول رئيس مجلس الوزراء لكوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المتهمين والمحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها.

٢- يكون هذا القرار ساري المفعول لمدة سنة واحدة اعتباراً من تاريخ صدوره.

٣- على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

٤- ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د. روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:

لیژنەی یاسا تکایە راتان.

## رأي وملاحظات ومقترحات اللجنة القانونية
## حول مشروع قرار العفو الخاص وبالاكثرية

**الفقرة الاولى:**

ترى اللجنة شمول العفو الخاص المحكومين حصراً دون المتهمين مع إستثناء بعض الجرائم من التخويل. وإعادة صياغة الفقرة على الوجه الآتي:

«يخول رئيس مجلس الوزراء لكوردستان العراق صلاحية إصدار قرار العفو الخاص عن المحكومين في القضايا التي تمت فيها المصالحة بين اطرافها باستثناء الجرائم التالية منه»:

١- المخدرات.

٢- التجسس.

٣- القتل المقترن بالسرقة.

٤- الاختلاس والسرقة الواقعة على اموال الدولة.

٥- الرشوة.

٦- الاغتصاب.

٧ـ اللواطة.
٨ـ الزنا بالمحارم.
٩ـ الاعتداء على الموظفين او المكلفين بخدمة عامة أثناء تأدية واجباتهم او بسببها.
١٠ـ قتل الاجانب العاملين في اقليم كوردستان العراق.

**الفقرة الثانية:**

ليست لدينا ملاحظات.

**الفقرة الثالثة:**

ليست لدينا ملاحظات.

٢ـ اما بالنسبة لبقية الفقرات فليست للجنة اية ملاحظات بخصوصها إلا أنه نرى ضرورة إضافة الفقرات التالية الى المشروع مما يستوجب بالتالي تغيير تسلسل بقية الفقرات:

آ ـ نرى من الضروري ان لا يستفيد من هذا القرار من سبق وان شمله قرارات العفو السابقة ونقترح صياغة النص لتكون إحدى الفقرات المتممة للمشروع وكالآتي:

كل من عاد الى ارتكاب جريمة اخرى خلال ثلاث سنوات من شموله بقوانين العفو السابقة فلا يستفيد من هذا القرار.

ب ـ نرى من الضروري أن لا يستفيد المحكوم غيابياً من هذا القرار إلابعد تسليم نفسه الى السلطات المختصة ونقترح صياغة النص كالآتي:

لا يستفيد المحكومون غيابياً من احكام هذا القرار من لم يسلم نفسه الى السلطات المختصة خلال مدة ثلاثة أشهر من تأريخ تنفيذ هذا القرار.

ج ـ إضافة الفقرة التالية الى المشروع.

لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس لیژنەی ناوخۆ راتان تكایە.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

رای لیژنەی ناوخۆ بەرامبەر پرۆژەكە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم**

**م/رأي لجنة**

كتابكم المرقم(ك/٦٨)في ٢٦/٩/٢٠٠١

اجتمعت لجنة الشؤون الداخلية في پرلمان كوردستان اليوم لدراسة مشروع قانون العفو الخاص المحال الى پرلمان كوردستان من رئاسة مجلس وزراء الأقليم.

بعد دراسة المشروع ومناقشته من قبل أعضاء اللجنة توصلت اللجنة الى تأييد مشروع القانون مع إقتراحنا بأستثناء بعض الجرائم أدناه من قانون العفو الخاص :ـ

١ـ جرائم تجارة المخدرات.

٢ـ جرائم التجسس.

٣ـ جرائم الأختلاس والسرقة الواقعة على أموال الدولة.

٤ـ جرائم القتل المقترن بالسرقة.

٥ـ جرائم الرشوة.

٦ـ جرائم الأغتصاب.

٧ـ جرائم اللواطة.

٨ـ جرائم الزنا بالمحارم.

٩ـ الاعتداء على الموظفين المكلفين بالخدمة العامة أثناء تأدية واجباتهم الوظيفية.

*وتقبلوا فائق التقدير والاحترام*

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بۆ ئاگاداری وەزیرە بەڕێزەكان هەر كاتێک ویستیان قسە بكەن ئیشارەتێكمان بدەنێ بواری قسەكردن و تێبینی دانیان كراوەیە.

ئێستا بڕگە بە بڕگە یاساكە گفتوگۆ دەكەین. بەڕێز حاكم سەفەر فەرمو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بڕگە (١)/١ـ يخول رئيس مجلس الوزراء لكوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المتهمين والمحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ڕاتان لەسەر ئەم بڕگەیە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ڕای ئێمە بەو شێوەیەیە:

«يخول رئيس مجلس الوزراء لكوردستان العراق صلاحية إصدار قرار العفو الخاص عن المحكومين في القضايا التي تمت فيها المصالحة بين اطرافها باستثناء الجرائم التالية منه»:

١ـ المخدرات.

٢ـ التجسس.

٣ـ القتل المقترن بالسرقة.

٤ـ الاختلاس والسرقة الواقعة على اموال الدولة.

٥ـ الرشوة.
٦ـ الاغتصاب.
٧ـ اللواطة.
٨ـ الزنا بالمحارم.
٩ـ الاعتداء على الموظفين او المكلفين بخدمة عامة أثناء تأدية واجباتهم او بسببها.
١٠ـ قتل الاجانب العاملين في اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ ڕاتان.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ ئەو ماددەیەین کە کاکەرەش خوێندییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین:

بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرمو.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یەکەم تێبینییم لەسەر ئەم بڕگەیەی دەڵێت (یخول رئیس مجلس الوزراء لکوردستان العراق صلاحیه اصدار قرار العفو الخاص عن المحکومین فی القضیا التی تمت المصالحه بین اطرافها بإستثناء الجرائم التالیه:). له قانونەکە دەڵێت (القضایا التی تمت المصالحه بین اطرافها) اعتیادی ئەوانە مستثنان (مخدرات) لایەنی دووەم کێیە؟ حکومەتە، حکومەت مصالحه ناکات لەگەڵ مجرمەکەی کە بە جریمەی مخدرات گیراوە، یان تجسس جا بەرای من ئەوە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، کە دەڵێت (القضایا التی تمت المصالحه بین اطرافها) مانای وایە ئەو قەزیانەی کە دوو طرفی تێدایە کە لەناو کۆمەڵگان، بەڵام کە دەڵێت استثناء المخدرات طرفی دووەم حکومەتە حەقی عام صلح لەگەڵ متهم ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک رجب شعبان فەرمو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئاریشەو گیروگرفت بەردەوامن لەناو هەموو میللەتانی جیهان و لەناو میللەتی ئێمەدا مادام میللەت هەیە ئەو گیروگرفتەو ئاریشەش دەبێت، بەڵام باشتر وایە ڕێگەیەکی چارەسەری بێتە دابین کردن بۆ ئەو ئاریشەو گیروگرفتانەو، هەر یاسایەک هاتبێتە دانان ئاینی بێت یانیش

دادوەری بێت بۆ ئەوە دانراون کە حەقی خەڵکی بپارێزن و مافی مرۆڤیش پارێزراو بێت کەس نەشێت تەعدا بکات و، ئەگەر یەکێکیش تەعدای کرد ئەوا حەق و حقوقی لێ بسەنرێت و سزا بدرێت. بەڵکو هەندێک تاوانبار هاتبنە سزادان و زیندانی کردن لەلایەن دادگاو پۆلیسەوە بەڵام هەندێک خێرخواز درابن کە سوڵحەک لە نێوان هەردوو تەرەف ئاریشە بکەن و سوڵحیش شتەکی باشە و یەزدانی بڵند لە قورئانی پیرۆزدا ئیشارەتی بە چەندین ئایەت کردووە بۆ باشی سوڵح و دەفەرموویت( بسم الله الرحمن الرحيم، والصلح خير انما المؤمنون اخوة فأصلحوا بين اخويكم) (وليعفوا وليصفحوا الا تحبون ان يغفر الله لكم والله غفور رحيم) لەبەرئەوە ئاریشە نامێنێت و کرم و کین نامێنێت لام وایە دەبژێتن ((الصلح سيد الاحكام) ئینجا ئەگەر خەڵکێک کە حەقی عامی لێ وەرگیرابێت و هەردوو طرف بۆ خۆیان پێک هاتن یان ئەوەی زوڵمی لێ کراوە هی مەزڵوم کە لە حەقی کەسی خۆی خۆش بوو وابزانم شتەکی زۆر باشە. ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەبێت کە عەفوی خاص دەربکات بۆ ئیستسناکانی تەنیا (زنا و لواط) ئیستسناء بکرێن چونکە ئەوانی تر طرفی دووەم حکومەتە مادام حکومەت سوڵحی نەکات کەواتە ئەو سوڵحە ناکرێت و من پێشنیار دەکەم کە ئەو عەفوە بەردەوام بێت چونکە مادام بەردەوامی لە میللەت هەیە بەردەوامی لە ئاریشە دەبێت یانیش پێشنیار دەکەم بگوترێت (قابلا للتمديد) لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک جمیل عبدی فەرمو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوە جاری یەکەم نییە کە بڕیاری عەفوی تایبەت دەربچێت ئەگەر سوڵح بکرێت و هەمیشە یاسا دەبێت دەقەکەی کورت و دقیق بێت هەندە پێویستی بە تەفاسیل نابێت موستەحیلە کە بڕیار لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەربچێت کە ئەم شتانەی تێدا بێت (زنا بالمحارم، المخدرات) ئەوە موستەحیلاتە ئەو کەسانە عەفو بکرێن. لە بڕیارەکانی پێشوو دەسەڵات درابووە وەزارەتی داد کە تعلیماتی خاص دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی تعلیماتی ئەمە، وەزارەتی داد بە تعلیماتی خۆی ئەو حاڵەتانەی نارەوان زۆر هەموویان ئیستسناء کرد نە (لواط نە زنا بالمحارم نە مخدرات) ئەوانەی کە دوو سێ جریمەیان هەبوو هەموویانی ئیستناء کرد ئیتر پێویست ناکات بۆچوونەکانی لیژنەی ناوخۆ یان لیژنەی یاسا ئەو تەفاسیلانە داخل بکەن، دەقەکە زۆر ڕێکوپێک هاتووە تەنیا ئەگەر ئیزافەیەک بکرێت بڕگەیەکی تر (تقوم رئاسە مجلس الوزراء بإصدار التعليمات الخاصە بتنفيذ احكام هذا القرار) تعلیماتێک دەردەچێت کە ئەمانە شمل ناکات پێویست ناکات هەموو ڕۆژێک موعامەلەیەک بچێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران، چۆن قراری پێشوو لە صلاحیەتی وەزارەتی داد بوو ئێستا لە صلاحیەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت استثنای ئەو حاڵەتانە بکرێت

و دەقەکەی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرمو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەگەڵ ئەو مەشروعەم و ئەو پێشنیارەی وەزیری ناوخۆی بەڕێز بەراستی مەسەلەی (تجسس و مخدرات) ئەوە لە ئەرکەکانی حکومەتەو مساومە ناکرێت لە نێوان حکومەت و ئەوانەی لەو ئیشانەدا کار دەکەن من لەگەڵ ئیستثنای بڕگەیەکیشم (اغتیالاتی سیاسی) ئەبێ داخل ببێت لەو بڕیارە لەبەرئەوەی لە زروفێکی دیاری کراو هەوڵ دەدرێت کە زەغت بکرێتە سەر ئەو شەخسەی کە هەوڵی اغتیالی سیاسی دەکرێت بکەوێتە ژێر زەغتێکەوە لەبەرئەوە ئیغتیالاتی سیاسیش حەقی عام دەگرێتەوە ئیستثناء بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بەڕێز مەلا محسن فەرمو.

**بەڕێز محسن خالد موفتی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو بڕیارە بڕیارێکی پەسندە ئەو سەلاحیەتە دوای ئەوەی سولح دەکرێت شتێکی باشە ئەو دەسەلاتە بدرێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام ئێمەش لەگەڵ رای لیژنەی یاسا داین بۆ قەزیەی متهمین کە لابرێت ئەوەی کە موتهەمە تاوەکو حوکمەکەی بەسەردانەنرێت عەفوی چی بکرێت خۆ هێشتا جریمەی بەسەردا تطبیق نەبووە لەبەرئەوە وشەی متهمین لە پرۆژەکە لابرێت شتێکی باشە.

بەنیسبەت بڕگەی هەشتی ئەو ئیستسنائاتەوە کە کردوویانە (الزنا بالمحارم) وشەی (المحارم) لابرێت هەر بە موتڵەقی بوترێت، چونکە بە حەقیقەت ئەوە هەر خۆی بۆ خۆی جریمەیەکی گەورەیە بە (محارم) بێت گەورەترە بە غیری محارم بێت ئەویش هەر قەدەغە کراوە ئەوانی تریش لەگەڵ رای وەزیری ناوخۆ داین کە ئەوانە عیلاقەیان بە مصالحی عامەوە هەیە عیلاقەیان بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە کە ئەوان طرفن تیایدا کە بەو شێوەیە نەبێت ناکرێت، لەبەرئەوە نەگوترێت باشترە ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف ئەوە رامانە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێز کاک ابراهیم سعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

(صلح ذات البین) کارێکی زۆر چاکە و زۆر جار بۆتە هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ چارەسەری

گیروگرفت و ئایینی ئیسلامی پیرۆز پەیرەوی ئەم کارە دەکات، بەڵام بە تەسەوری من تکراری ئەم عەفو خاصە بە تایبەتە ئەمە بۆتە ساڵێک یان زیاتر ئەمە دووجار عفوی خاص هاتۆتە ناو هۆڵی پەرلەمان بە تەسەوری من تکراری عفوی خاص دەبێتە هۆیەک یان تشجیعەک لە زیادبوونی تاوانکاری ئینجا هیوادارین دوای ئەم بریارەش ئەگەر بەڕێوەچوو إنشاءالله بەڕێوە دەچێت و پەرلەمان ئیقراری دەکات تکرار نەبێتەوە مطلبی عفوی خاص لەبەر ئەو سەلبیەتەی کە هەیەتی.

دووەم مەوزوعی ئیستسنا چواریان تێدایە کە لیژنەی یاسا دایناوە دوو طرفی تێدایە رقم چوار جرائم القتل المقترن بالسرقە دەبێت ئەوە بمێنێت جرائم الاغتصاب، اللواطە، الزنا بالمحارم، ئەوە ئیستسنا بکرێت چونکە دوو طرفن بەڵام ئەو پێنجەکەی تر طرف دەوڵەتە حکومەتە پێویست ناکات لە ئیستسنا بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا طاهر فەرمو.

**بەڕێز مەلا طاهر زین العابدین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێموایە صیاغەی لیژنەی یاسا زۆر موفقە پشتگیری لێ دەکەم لەگەڵ ئەوەی چەند تێبینییەکی بسیط جەنابتان دەزانن کە جرائم دوو لای هەیە حەقی خاص و عامی هەیە ئەم فقرەی عفوی خاص جرائم لە حەقی عام دەداتە ولی امری ئومەت، حەقێکی شەرعی خۆیەتی من پێموایە ئەو برگانەی کە هەیە هەر هەمووی وەکو خۆی بمێنێتەوە چونکە هەمووی حەقی عامە ئەو صلاحیاتی پێداوە کە جریمەیەک لە دوو لایەنەوە بێت طبعەن حقی عام و خاصی هەیە حەقە خاصەکە خۆیان موصالحە دەکەن ئەو بتوانێ عفو بکات ئەوەی کە حەقی عامیشە حکومەت سەرۆکی حکومەت بە طریقەی ئەولیا دەتوانێت عەفوەکە دەربکات بۆیە حەقە ئیستسنا بکرێت و زۆر موفقە بەلامەوە، لە برگەکانی تریش رام وایە وشەی (المخدرات) بکرێت (المتاجره بالمخدرات) وتجسسیش ئەو تەجەسوسە بێت کە لەسەر ئەمنی اقلیم و گەلی کوردستان بێت.

برگەی هەشتیش (الزنا بالمحارم) ئەمە عفوی بۆچییە ئەمە قابلی عەفو نییە بە هیچ شێوەیەک ئەوەی قابلی عەفوەکە بە غیر محارم کرابێت پێموایە موتلەق بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشەکی من تێبینییەکی بچوکم هەیە لەسەر برگە (١) (یخول رئیس مجلس الوزراء لکوردستان العراق) من پێشنیار دەکەم وشەی اقلیم دانێین بۆ ئەوەی زیاتر وەکو تحدیدی سنووری جوگرافی، چونکە سەرۆک شالیاری حکومەتە هەرێمی نەک تەنیا سەرۆکی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان

بەڵکو ئەو پارچانەی کە ناتوونە کردنیش بە هی ئەوانیش دەزانین لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم وشەی اقلیم زیاد بکرێت، ئەمە یەک.

دوو تفویضی ئەو دەسەڵاتە طبیعی شتەکی مەزنە و گرانەو بارگرانییەکە بۆ سەرۆک شالیاری حکومەتی هەرێم بەڵام چونکە خزمەتی میللەتی تێدایە چونکە خزمەتی سەدان عائیلە لەوانەیە ئەمڕۆ چاوەڕوان دەکەن کە دۆسیەی ئەوان ئیستا ئامادەیە لەبەردەم دادگا بەپێی زانیاری ئێمە ئەگەر ئەو بڕیارە دەربچێت زیاتر خۆشی دەکەوێتە ناو ئەو عائیلانەی کە ئێستا چاوەڕوانی ئەو بڕیارەن ئەو شەرحەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ شتەکی موقنیعە و بەگەرمی پشتیوانی ئەو بڕگەیە دەکەین وەکو هاتووە داخوازی لە برایان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە پشتیوانی بکەن هەر وەک چۆن هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز وەزیری داد فەرمو.

**بەڕێز هادی علی عبدالکریم/ وەزیری داد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بێگومان ئەم بڕیاری لێبووردنی تایبەتە وەکو ئاماژەی پێ کرا دووجاری تر جێبەجێ کراوە جارێک بۆ ماوەی شەش مانگ جارێک بۆ ماوەی ساڵێک. بێگومان زیاتر بۆ ئەو مەسەلانەیە اسباب موجبەی ئەو بڕیارە زیاتر بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە عەشائیرییەکانە کە مەسەلەی کوشتار لە نێوان دوو خێزاندا دروست دەبێت دوای ئەو سولح دەکەن بۆئەوەی بەتەواوی مەسەلەکە چارەسەر بێت ئەگەر لە زیندانیش ئازاد بێت باشترە لەسەر ئەساسی ئەوە ئەو بڕیارە دەرکراوە بەڵام دیارە کە بڕیارەکە دەردەکرێت هەندێک شتی تریش دەگرێتەوە و هەردوو جارەکە ئێمە لە وەزارەتی داد لەسەر ئەساسی ئەو صلاحیەتەی کە لە بڕیارەکەدا هەبوو تعلیماتمان دەرکردووە بۆ چۆنییەتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکە بۆ ئەو کەسانەی کە شمولیان دەکات ئەمانە کە هەمووی لێرە لە لیژنەکە ئاماژەیان پێ کردووە ئێمە ئەمانەمان هەمووی حساب کردووە جگە لەوە کە خاڵێکی تری گرنگ لێرەدا تێیدا نییە کە ئەویش تەزویرە یانی جریمەی تزویریش یانی ئەوەشمان لێرە لە ریز دانابوو کە لێرەدا نییە ئێستاش ئێمە پێمان باشە قراری عەفوەکە بۆ ماوەی ساڵێک یان شەش مانگ هەر کامێکیان بێت هەر باشە تازە بکرێتەوە ئەو صلاحیەتەش هەر بدرێتەوە یا بە سەرۆکایەتی حکومەت یان بە وەزارەتی داد یانی هەر ئەوەندە بەسە بۆئەوەی تعلیماتەکەی بۆ دەربچێت بۆ چۆنییەتی جێبەجێ کردنەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرمو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
بەرای من ئەو تخویلە حصر کراوە بەو حاڵەتانەی کە اتفاق هەیە واتا سولح هەیە دوایی بڕیارەکە ناڵێت هەر سولحی هەبوو عەفو دەکرێت دەمێنێتەوە بۆ رئیس وزراء احتمالە حاڵەت هەبێ سولحیشی هەبێت ئەو موقتەنیع نەبێت کە عەفو بکرێت لەبەرئەوە بڕیارەکە تایبەتە حصرە بە چەند حاڵەتێکەوە کە سولح هەبێت لەوێش بەس تخویلە بە تخویلی رئیس وزراء، ئەگەر ئێمە بێین ئەو هەموو ئیستسنائاتە ئەو هەموو نوقاتانەی کە کراوە بکرێت مانای وایە محتوای بڕیارەکە نەما تخویلی لە چی دەکەیت؟ کە ئەو هەموو شتانەت ئیستسنا کرد بە راستی تخویلەکە زۆر حصر دەبێت یانی دەوری وای نامێنێت وە جانبی تریش رئیس وزراء قرار دەدات خۆ قراری اعتباطی نادات حتمەن هەموو حاڵەتێک دراسەت دەکرێت لەسەر ئەساسێک عەفوەکە دەردەکات کە تخویل کرا مانای وانییە کە ئۆتۆماتیکیەن هەر کەسێ بێت عەفو دەکرێت حاڵەتێکی تایبەتە و دیراسەت دەکرێت لەسەر ئەو ئەساسە عەفو دەکرێت بەرای منیش ئەمە تەشجیعێکە بۆئەوەی سولح بێت لە نێوانیاندا تەشجیعێک دەکات ئەو کەسانەی کە تووشی ئەو موشکیلانە دەبن تشجیع دەبن بۆئەوەی سولح بکەن و سولحیش شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاک فرسەت فەرمو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری ئەنجومەن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
بە نیسبەت پرۆژەی حکومەت هاتووە (تتم) لە لیژنەی یاسا وشەی (تمت) هاتووە بە رای من هی پرۆژەی حکومەت دوور نییە (موفقتر) بێت چونکە صیاغەی تشریع دەبێت بە سیغەی (مضارع) بێت نەک بە سیفەتی (ماضی) بێ ئەگەر تمت بێت مانای شمولی ئەو حاڵەتانەیە کە فیعلەن سولحی تێدا کرابێت پێش قانونەکە ئەگەر دروست بکرێت لەوانەیە باشتر بێت (تتم) بێت باشترە.
دووەم: حەز دەکەم هەندێک مەفاهیم بەنیسبەت هەندێک برادەران راست بکەمەوە مەوزوعی حەقی عام هەموو جرائم تقریبەن (٩٩٪) حەقی عامی تێدایە، وا نییە کە هەندێک برادەر ئیستسنائی چوار جریمە یان پێنج جریمەی کردووە هەمووی حەقی عامی تێدایە عدای هەندێک موخالەفاتی زۆر سوک لە قانون جووندانە، ئەزایەکی بسیط بێت
یەکێک شەقێک لە یەکێک بدات ئەوە حەقی عامی تێدا نییە.
سێ، رئیس وزراء بە خۆی حەقی هەیە ئیستسنائی هەندێک جرائم بکات بەس تعلیمات نابێت تقییدی قانون بکات، قانون موطلق هاتووە یانی ئەگەر بێیە حەقیقەت رئیس وزراء حەقی هەیە ئەو جرائمانە ئەوەی لیژنەی قانونی ئیستسنای کردووە ئەگەر ئیستسنائەکە ئیقرار نەکرێت لێرە حەقی هەیە شمولی بکات بە عەفوەکە ئەو عەفوە سلطەیەکی تقدیرییە بۆ سەرۆک وەزیران چ

حاڵەتێک پێویست بێت بزانێت مەسلەحەتی عامی تێدایە عەفو خاصەکە لە قانونی ژمارە (٢) نەهاتووە دوور نییە سهوا نەهاتبێت مافی هەیە مومارەسەی ئەو صلاحیەتە بکات مادام سەرۆک وەزیران مخەوەلە صلاحیەتی رابەر بەکاربێنێت پێش ماوەیەک دابەشمان کردووە (من باب اولی) مافی هەبێت ئەو صلاحیەتە بەکاربێنێت تخویلە خۆ بەشێوەیەکی رەها بەکاری ناهێنێت دوور نییە سەد تاوانی کوشتنی هەبێت لەو سەد تاوانانە سێ چوار جریمە شمولی بکات لەبەر مصلحەتی عام یان لەبەر وەزعی ناوخۆی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری داد فەرمو.

**بەڕێز هادی عبدالكريم/ وەزیری داد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تێبینی لەسەر قسەکانی کاک فرسەت، خۆی باشە صلاحیەتی لێبووردن هەبێت لەلایەن سەرۆکی حکومەت یان ئەگەر رابەربوو بۆ رابەر ئەوە کارێکی باشەو ئیجابیاتی هەیە بەس بێگومان بوونی صلاحیەتی عفو یان بوونی قراری عەفو کردن بەشێوەیەکی فراوان هەمووی ئیجابی نییە سلبیاتیشی هەیە، چونکە بەراستی یەکێک لەو تێبینییانەی کە دادوەرەکان هەیانە دەڵێن ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە جورئەتمان نەمێنێت یان ئامادەیی بۆ ئەوەی حرص لەسەر ئەوەی کاری دادگایی کە زۆر رێکوپێک بڕوات بگاتە ئەنجام و حوکم بدرێت ئەوەمان خاو دەبێتەوە چونکە ئەمان لێرە بڕیارەکە بدەن و دوای ئەوە دوای دوو رۆژ لێبوورنی بۆ دەربچێت ئەوان ئەو حرصەیان نامێنێت لەبەرئەوە بوونی عەفو باشە بەڵام دەبێت زۆر مقیدو محدود بێت وەکو وتم بۆ ئەو کەسانەیە کە زیاتر لە مەسەلەی قتل و عەشائری و کۆمەڵایەتی ئەگینا ئەگەر دەرگاکەی فراوان بکەی وابزانم سلبیەتی زیاتر دەبێت لە ئیجابییەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تکایە وەڵامەکانتان.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو مەوزوعە زۆر ئیشارە کرا بەوپێیەی کە ئەو تاوانانە حەقی عامە پێویستی بە موساڵەحە نییە. هەموو تاوانێک دەبێت لایەنێک هەبێت بۆ تحریکی دەعوا یعنی مخدرات گومرگ یان جیهەتێکی رەسمی یان شرطە دەبێتە طرف لە دەعوا تحریکی دەعوا دەکات یانیش دەیداتە هیئەی ادعاء عام دەڵێت تحریکی دەعوا بکە مانای وایە دوو طرف لە دەعوا پەیدا بێت چونکە هەموو دەعوایەک دوو طرفی تێدایە کەس زەمانەتی ئەوە دەکات ئەو طرفە حکومییەی تحریکی دەعوای کرد پاش حوکم ناچێت تەنازول ناکات؟تحریکی حوکمی کرد، دووەم هەندێک جرائم هەیە باس کردنی بۆ ابرازە یعنی ابرازی قەزیەکەی یەعنی ئەوانە جرائمی خراپن هاندانێکە بۆئەوەی خەڵک لێی دوور

بکەویتەوە هیچ مەجالێک نییە بۆئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەو لەو جریمەیە عـفـو دەکـرێت، چونکە جریمەیەکی زۆر گەورەیە امکان نییـە لێی عـەفـو بکرێت، لەبەرئەوە هیچ اشکال دروست ناکـات کە ئەگەر ئەو جریمانە هەبێت، وەکو برادەرانیش عـەرزیان کـرد مـەرج نییـە هەمـوو جـارێک بەکـار بێت بەس جەنابی وەزیری داد فـەرمووی من هەندێک جرائمم بە ڕێنمـایی ئیستسنا کردووە ئەمە ئەگەر لێم قبـوول بکات تجاوز بووە لەسەر قانون چونکە ئەو حەقەی نییە بە ڕێنمـایی جرائم ئیـسـتسنا بکات لە قـانون، لەوانەیە تەقدیری وابووە کە نەینێرێ بۆ وەزیری داد بە ئیعتبار لە ڕێگای ئەو بەرز دەکرایەوە بەرای من حەق نەبوو تعلیماتێک دەربچوێنی بڵێت من ئەو جرائمـانە ئیـسـتسنا دەکەم ئەوانەی دەیویست رفعی نەکات هەر خۆی ڕەفعی نەکـردبایە بۆئەوەی تعلیـماتەکە دەرنەکات چونکە دەیتوانی ڕەفعی نـەکات چونکە ڕەفعی دەکـات لە ڕێگای وەزیری عدلەوە چونکە ئەو جـارە دەقـەکە تێـیدا نییـە ئەگـەر ئیزافـەیەک بکەین خـراپ نییـە لەوەزارەتی عدلەوە بێت ئەو جارە لە عەفوەکە نەهاتووە.
بەنیسبەت برادەران، مامۆسـتا مەلا محسن فەرمووی (زنا بالمحارم) ڕاستە زینا شتێکی خراپە و عـقـوباتی دیـارە بەس بالمحـارم شـتـێکی زۆر ابرازە بۆ دەوری جریمەکە چونکە هەیە حـاڵەتی وا ڕوو دەدات. ئەو برادەرانە فـەرمـوویان ئەو جریمانە لەوێ رفع نـاکـرێت لەوانەیە ئەگەر جـەنابی سەرۆکی ئەنجومەن لەبیری بێت لە کاتێک لە کاتەکان یەکێک لە جرائمی لواطە کە ئێمە گرتمان لە وەزارەتی دادەوە رفع کـرابوو بۆ ئـەنجـومـەنی وەزیران بۆئەوەی تـقـدیمی سـەرۆک وەزیرانی بکـەین و کـە تەمـاشـامان کـرد دیتـمـان جریمەکە لـواتەیە بە مذکرەیەک عـەرزی سـەرۆکـمـان کردو جەنابی سەرۆک ڕەفزی کرد کە ئەو ئیشـە نابی بکرێت، چونکە دەکرێت دەڕوات کۆمـەڵگای ئێـمـە کۆمـەڵگایەکە هێشتا هەندێ تەقلیدی عەشائری هەیە هەندێک تقالیدی معین هەیە ضغط زۆر دەبێت. بۆ نموونە کە دەڵێین (جریمة قتل المقترن بالسرقة) ئەگەر حاڵەتێکی وا نەبێ شمول نەبێت بە عەفو لەوانەیە ضـغط نەبێت لەولا لەملا لەوانەیە خـەڵکێک هەیە دەچێت هەوڵ دەدات هەتـا هەندێک بەرپرسـان نیگەران دەکـات، بەڵام ئەگەر تاوانەکە ئەسڵەن مشـمـول نەبێت بە عـەفـو مـانای وایە هـیـچ نەبێت حیـمـایەی سـەرۆکـایەتی ئەنجـومـەنی وەزیران دەکـات کە تووشی ئەو ضـغطە نەیەن کـە لەلایەن خەڵکەوە دەکرێت. یان مەسەلەی کوشتنی بیـانییەکـان خۆ ڕێکخراوەکانیان طرفن لە دەعـوایەکە دەتوانێت مـوسـاڵەحە لەگەڵ کابرای بکـات بەرای من ئەو ابراز کـردنە بـۆئەوەیە کە خـەڵـک نابێت دەست بۆ اجنبی درێژ بکات دەنـگ دانەوەیە بەوەی کـە ئـیـمـە زۆر مـهـتـمین بەوەی حـیـمـایەی بیانییەکان بکەین کە ئەگەر کابرایەک دەستدرێژی بکات بۆ سەر بیانییەکان هەرگیز مومکین نییە عـەفوی بکـەین. هەندێک شت هەیە بە ڕەق و ڕووتـی مـەوزوعـەکە وەرنەگـیـراوە مـەوزوعـەکە بەوە وەربگـیـرێت کە ابراز کـردنی ئـەو جریمانەیە کـە جریمەی گـەورەنە بـۆئەوەی خـەڵـک لێـیـان دوور بێت دوور بکەوێتـەوە و ئەوەی کـاک عبـدالخالق فـەرمووی ئێـمـە وەکـو لیژنەی یاسا لەوانەیە لەسـەرمـان تێپەڕیوە بەڵام من لەگەڵیدامە بەڵام ئەگەر ئەوەش استسنا بکـەین بڵێین اغتیالی سیاسی مشمول

نەبێت بە عەفو من لەگەڵیدامە لەوانەیە باسمان کردبێت بەڵام نەمانئوسیوە و تێپەڕیوە لەسەرمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟. بەڕێز ابراهیم فەرمو.

**بەڕێز ابراهیم دۆغرەمەچی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن

ئێمە لە لیژنەی یاسا هەموو موتەفقین لەگەڵ ئەو ئیستسنایەین بەس یەک بڕگە هەبوو کە هەموومان موتەفیق نەبووین لەسەری وا اتفاقمان کرد کە لە هۆڵی پەرلەمان عەرز بکرێت ئەویش سرقەیە لە بەڕگە سێ هاتووە (القتل المقترن بالسرقە) بەس سرقەی تێدا نییە، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم ئەوەش زیاد بکرێت، چونکە دزی زۆرە قتل المقترن بالسرقە زۆر کەمە دزی لەناو شار زۆرە ئەگەر بێت ئەمە ئەوەی ئیستسنا بکەین ئەوا دزەکان حریەتی خۆیان وەردەگرن، ئەگەر حوکمیش بکرێن عەفو دەکرێن، لەسەر قسەی جەنابی وەزیری عەدل کە دەڵێت ئەو عەفوە لەبۆ کۆمەڵایەتی بووە یعنی لەبۆ عەشائیری بووە بۆ زانیاری ئەو (١٢٣) قەزیەی دزی ناردیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران عەفوش کران و هیچ یەکێکیان لە حەوت ساڵ کەمتر حوکم نەدراون و هەندێکیان ئەمڕۆ لە سجن دەرچوون دوو رۆژی تر بەپێی زانیاری ئێمە (٤٢ـ ٤٣) لە ماڵان دزرا دیسانیش گیران حاکم تحقیق لێی پرسی گوتی تۆ دوو رۆژە لە سجن دەرچووی گوتی مامۆستا فێربوویە. من ناڵێم ئەوانەی کە دەردێن هەندێکیان اعادەی نظری خۆیان دەکەن بەس ئەوانەی کە اعادەی نظری خۆیان دەکەن زۆر زۆر کەمترن لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم سرقەش اضافە بکرێت لەسەر ئەو ئیستسنائاتە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان حەیدری فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

قسەکان زۆر کران بەس من تەعقیبێکم هەیە لەسەر قسەکەی برای بەڕێزم کاک ابراهیم. بە ئەسڵ صلاحیەتی عەفو هی سلطەی تەشریعییە و ئەو ئیستسنایەی کە دەردەچێت پێویستە لە سلطەی تشریعییەوە دەربچێت و بە قانون دەربچێت و هیچ تعلیماتێک ناتوانێت قانونەکە رابگرێت. ئەو تخویلەی کە هاتووە ئیستسنایەکە ئێمە دەیدەینە سەرۆکی سلطەی تنفیذی و ئەوەی ئێمە شانازی پێ دەکەین لەو پەرلەمانە تا ئێستا تەداخولی بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەریمان نەکردووە بە هیچ شێوەیەک، ئەوەی ئێستا ئێمە دەیکەین ئیستسنایەکە دەیدەینە سەرۆکی سلطەی تنفیذی لەسەر بنەمای تنسیق و هاوکاری لە نێوان سلطەی تشریعی و سلطەی تنفیذی ئەوەی جەنابی وەزیری داد ئاماژەی بۆ کرد ئەو بڕیارە ئیستغلال کراوە و لە ناوەندەکانی قەزائی بە ئێمەیان گوتووە ئەوەی

کاک ابراهیم دوغرمچیش گوتی نازانم عەدەدەکەی چەندە بەڵام بەشێوەیەک یان بەشیوەیەکی تر ئیستغلال کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابیشت قسە دەکەی، ئەو قەزایانەی سرقە من تەسەور ناکەم بە عەفوی خاص بەرەڵڵا کرابن لەوانەیە لە عەفووی عام ئەوانەی گرتبێتەوە یان کەم کردنەوەی مدەی مەحکومیە بە بۆنەکانی چەژن و هی تر من وا تەسەور دەکەم ئەگینا حالاتی وا نییە لەسەر سرقە چووبن سوڵحیان کردبێت ئینجا عەفوی خاصیان بۆ دەرچووبێت من تەسەور دەکەم بەو شێوەیە بێت.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من نازانم ئەم حاڵەتانە هەیە یان نا، بەڵام حاڵەت هەیە لەوانەیە ئیستغلال کرابێت و ئەو عفوەش ئیستغلال کرابێت بۆئەوەی ئەو کەسانە عەفو بکرێن و عەفوەکە بیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حمید سلیم میران فەرمو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من رام وایە مەشروعی حکومەت رەچاو بکرێت و متهم مشمول بێت بە عفو، چونکە مجتمعی ئێمە مجتمعێکی عەشائرییە و زۆر لەو قەزایانە کە کۆمەڵایەتی ئەیبینێ هێشتا شکات نەکراوە هەتا متهم بێت، لەبەرئەوە بەرای من وەکو ئەوەی حکومەت هاتووە بەو نوعە بروات متهمی تێدا بێنێت والمتهمین والمحکومین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاک جمیل عبدی فەرمو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێز کاکەرەش فەرموی ئێمە ئەو جرائمانە ئیستسنا دەکەین تاوەکو ئیبرازی بکەین و خەڵک لێیان دووربکەونەوە لێرە کاکەرەش دەوری موسڵح اجتماعی دەبینێت یان دەوری مشرع دەبینێت؟.

ئەگەر عفو عامە لە پەرلەمان دەردەچێت دەبێت استثنائاتی تێدا بێت ئەو لیستەی لیژنەی یاسا یان لیژنەی ناوخۆ دەوڵەمەنتر بکرێت یان کەمتر بکرێت ئەگەر عەفوێکی عامە دەردەچێت زۆر تەواوە استثنائاتی تێدا بێت، بەڵام لێرەدا تخویلی رئیس وزرایە بۆ عەفوێکی خاص، عفوی خاص نابێت استثنا بکرێت ئەوە دەمێنێت بۆ صلاحیەتی بەڕێز سەرۆک وەزیران، پەرلەمان تخویلی بەڕێز سەرۆک وەزیران دەکات ئەو دەسەڵاتە بەکاربهێنێت ئەوانەشی دیاری کردووە کە

سولّحی تێدا بکرێت، سەرۆک وەزیران بە تەقدیری خۆی ئیستسنائاتی تیا دەکات و زۆر لە جێگای خۆی دابوو کاتی وەزارەتی داد تعلیماتی دەرکرد زۆری لێ ئیستسنا کرد، لەبەرئەوە زۆر لە جێگای خۆیدایە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕێنمایی دەربکات کە ئیستسنای تێدا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز دەکەم لیژنەی یاسا ڕوونکردنەوەیەک بکەن دەربارەی ئەوە لێبوردنی تایبەت یانی چی؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

جیاوازی لە نێوان عفو خاص و عفو عام (عفو عام یشمل العقوبات الاصلیة والتبعیة والتكمیلیة). (العفو الخاص یشمل الحكم فقط دون تدابیر الاحترازیة وبقیة العقوبات) ئەوەیە جیاوازییەکەیان.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێستا کاک جمیل فەرمووی ئەو دەبێت لە عفو خاص بکرێت وئەوی تریش لە عفوی عام بکرێت وا دەرکەوت زۆر ئیلمامی نەبوو بە عفوی عام و خاص بۆ نموونە لە عقوبەیەکی قتل کەسێک بیست ساڵ حوکم دراوە (مع التعویض الی ورثة المقتول ١٠٠ الف دینار) کە عەفو دەکرێت لەو سەد هەزار دینارە عفو ناکرێت کە بە عفوی خاص بووە تەنیا لە ئەسڵی عقوبەکە عفو دەکرێت دەبێت ئەو سەد هەزار دینارەکە هەر بدات بە وەرەسەی کوژراوەکە بەڵام کە گوترا کەسەکە عفو کرا بە عەفوێکی عام لە بڕی پارەی تەعویزیش عەفو دەکرێت کە عقوبەیەکی تەبەعییە لە ئەسڵی عقوبەش عفو دەبێت ئینجا لەبەرئەوەی ئەو جیاوازییە هەیە حەزدەکەم بەو شکلە تەماشای ئەوە بکرێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان عەفوی عام و عەفوی خاص تاوەکو مافی خەڵک بەفیڕۆ نەچێت، چونکە ئەگەر عقوبەکە بکرێتە عام ئەوا مافی هێتیمەکان دەڕوات بەڵام لە ئەسڵی عقوبەکە لە هەردوو لایان عەفو دەبێت بە خاصەکەو عامەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سفر فەرمو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زیاد لەسەر ئەوەی کاک شێروان فەرمووی دەربارەی عفو خاص، لێرە لە قانون دەڵێت: (العفو الخاص یصدر بمرسوم ویترتب علیه سقوط العقوبة المحكوم بها نهائیا كلها او بعضها او ابدالها بعقوبة اخف اضافة الی العقوبة التبعیة والتكمیلیة)، ئەوە عفو خاصە.

دووەم، لە بڕیارەکانی عفوی پێش بێتە بەردەم جەنابی سەرۆک وەزیران سولّح بەرامبەر قەزا

بوویێت وابزانم ئیستا لیژنەی یاسا ئەوە رایەکەیەتی ئەو سولحە بەرامبەر قەزا بێت ئەگەر بەرامبەر قەزا نەبێت وابزانم چ ئەهمیەتێکی قانونی نابێت ئەوە یەک.

دوو، بەڕاستی کە مەفهومە لای هەمووان کە هەر عقوبەیەکی لایەنی ردعی و لایەنی ئیصلاحی تێدایە ئامانجەکەش ئەوەیە کە هێمنی و ئارامی کۆمەڵگای بپارێزێت بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێمە لە هەرێمدا. هەر بڕیارێکیش لایەنی سلبی و ئیجابی خۆی هەیە وەکو مەشروعی ئەو بڕیارە بەراستی کە ئێمە زۆر بڕیاری عەفو دەربکەین چ عام بێت یان خاص انطباعێک دەدات بە زۆر خەڵک جریمە ئاسان دەکات کە بۆ ماوەی شەش مانگێک ساڵێک دوای ئەوە عەفوی دەیگرێتەوە لەوانەیە ئەوە هانی ئەوە بدات کە زۆرتر تاوان بکرێت.

سێ: جەنابی وەزیری داد ئاماژەی بۆ کرد کە زۆر بڕیاری عەفو عام و خاص هەبێت محدود نەبێت یان مدروس نەبێت لەوانەیە بایەخی شرطەو ئاسایش و دادگاکان کەم دەبێت بەرامبەر ئەرکەکانی سەرشانیان، لەوانەیە قەناعەتێک چاک ببێت لای ئەوان بڵێن دوای ئەو زەحمەتییەو ئیش کردنە و بێنە و ببە لەوانەیە ئەو حەماسەیان نەمێنێت.

چوارەم، شتێکی زۆر گرینگی تر بەراستی ئەگەر ئیستسنای تێدا نەبێت و بڕیاری عەفو خاص و عفو عام هەبێت و میللەتی ئێمەش ئێستا ئازادی زۆری هەیە لەو حاڵەتەدا زەغتێکی زۆر دەکاتە سەر حکومەت بڵێ ئەوە ئیستسنا دەکات و ئەوە ئیستسنا ناکات واسیتەی هەیە واسیتەی نییە لەو حاڵەتەدا هەموو دەرگاکانی حزب و حکومەت والایە لەبەردەم خەڵکی خۆمان ئەو کاتە زەغتێکی زۆر دەکەوێتە سەر حزب و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە هەموویان پێی مەشمول بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری داد فەرمو.

**بەڕێز هادی عبدالکریم/ وەزیری داد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من دەڵێم ئەمڕۆ کە ئەو بڕیارە کە ڕەزامەندی لەسەر درا و بڵاوکرایەوە هەرچی گیراوو تاوانبار هەیە هەر هەموویان موراجەعەی محاکم دەکەن بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن بۆئەوەی شوێنیان لەناو ئەو بڕیارە ببێتەوە لەبەرئەوە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێ لەبەرئەوە من پێم باشە ئەو ئیستسنائاتەی کە کراوە یان خۆتان هەر لێرە وەکو پەرلەمان لەگەڵی بن یان بدرێت بە سەرۆکایەتی حکومەت ئەو لەگەڵی دابەزێنی لەگەڵ بڕیارەکە بیدات بە وەزارەت بۆئەوەی ئێمە لەوێ بەرچاومان ڕۆشن بێتەوە خەڵکەکە بزانێت چییە؟.

وەڵامێک بۆ تێبینی کاک ابراهیم، ڕاست دەکات ئەو کەسانەی کە مەلەفاکانیان چووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران زۆربەیان هی دزی بووە، چونکە دزی لە نێوان دوو طرف دایە کاتێک کە سولح لە نێوانیاندا دەبێت اعتیادی عەفو دەکرێت زۆر زۆری جریمەکانی دزیش ئەمانە بووینە:

یەکێک دوای مەغریب لەمپایەکی دزیوە پانزە ساڵ حوکم دراوە هی وا هەیە دوو سێ ساڵ ماوەتەوە لەبەرئەوەی بڕیارەکانی طوارئ هەبووە هی مجلس قیادەی ثورەو ئەوانە بەنیسبەت بارودۆخی شەڕەوە، لەبەرئەوە ئەوانە اعتیادی بەرکەوتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەم خۆشم روونکردنەوەیەک بدەم. جوهری داواکردنی ئەو صلاحیەتەی کە ئەنجومەنی وەزیران داوای کردووە بۆ سەرۆک وەزیران جوهرەکەی ئەوەی قەزیەکانی کوشتن کە گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی گەورەی لەدوا هەیە بتوانن بە ئاسانی چارەسەری بکەن و ئەو موشکیلانەی کە لەناو کۆمەڵگایە کە بەهۆی ئەوەوە روویداوە چارەسەر بکرێت، ئەنجومەنی وەزیران داوای ناکات بۆ عەفوکردنی دزی داوای ناکات حاشا بۆ عەفوی لواطە یان هەر شتێکی تر یان زنا بالمحارم ئەو داوای دەکات بۆ ئەو مەسەلەی قەتلانەی کە گیروگرفتێکی گەورەی لە نێوان دوو بنەماڵە لە نێوان دوو عەشیرەتدا کە بێتە هۆی ئەوەی کوشتاری زیاتری تێدا بکرێت و قەزیەکە زۆر گەورە بێت بۆئەوەی ئەوە چارەسەر بکات، لەبەرئەوە من هیچ ئیشکالێکی تێدا نابینم ئەو ئیستسنائاتانە بکرێت. ئەو ئیستسنائاتە سوودی چییە؟، بە پلەی یەکەم ئیحراج لەسەر وەزارەتی دادو ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆک وەزیران لادەبات تووشی ئیحراجات نابێت داخلی قەزایای تر بێت مەبەستی نییە خۆی، خۆی لە ئەسڵدا مەبەستی نییە بچێتە ناو ئەو قەزیانە ئەگەر بواری ئەوەت کردەوە ئیستسنات نەکرد پێش ئەوەی دابنیشێت ڕێنمایی بنووسێت خەڵکی بۆ دێتە پێشەوەو زەغتی دەچێتە سەر تووشی ئیحراجات دەبێت لەبەرئەوە من تەسەور دەکەم ئیستسنائاتەکان بنووسرێتەوە دەبێ لەجێی خۆی بێ. ئەساس ئەوەیە صلاحیەتی عفو خاصەکە بدرێت بۆ ئەو مەبەستەی خۆی مەبەستیەتی ئەوە مەرجە بە تەئکید سەرۆک وەزیرانیش کە دەسەڵاتی دەدرێتێ ئەویش بە پێی ئیجتهادی خۆی قەزیەیەک عفو دەکات کە بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت ناچێت هەموو قەزیەیەک لابەلایی عەفوی تێدا بکات بێ ئەوەی حسابێکی بۆ بکات ئەوە مومکین نییە ئەگەر تێبینی نەبێت دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کاک ئەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو پێشنیارەی ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا ئەگەر کاک عبدالخالق رازی بێت فەرمووی اغتیالی سیاسی لەگەڵی موتتەفیق بووین بەس بەشێوەیەکی عامتر قسەکە بکەین بڵێین جرائم الارهاب، چونکە قتل السیاسیش هەر ئیرهابە ئێستاش وەزعەکە گونجاوە ئێستا خەڵکەکە هەمووی دەمی لە ئیرهاب کردۆتەوە، ئێمەش هەر دەمان کردۆتەوە لە ئیرهاب با تەسبیتی بکەین لە یاسا بڵێین جرائم الارهاب شاملترە بۆ قتل سیاسی و بۆ هەموو شتێکی تر هەتا قونبلەیەک لەبەردەم دەرگایەکیش دابنرێت هەر ئیرهابە ئەگەر نەشتەقێ هەر ئیرهابە با مەفهومەکەی فراوانتر بێت ئەگەر مانعت نەبێت ئێمە ئەو قسەیە دەگۆڕین لە جیاتی ئەو دەیکەین جرائم الارهاب.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، مانعی نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک د. ناسح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێموایە ئەگەر جرائمی تزویریشی تێدا بێت ئەویش باشە چونکە زۆر وثائقی حکومی و ڕەسمی ئەویش تزویر دەکرێت وابزانم ئەویش لەناو ئەو مەسائیلانە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وامان لێ مەکەن پێشنیارەکەی خۆم بکێشمەوە هەر هیچ ئیستسنائێکی تێدا نەکەین. تەقدیرات بۆ سەرۆک وەزیران بەجێبهێلن بێگومان ئەو شتانە ناکات.

زۆر قسە لەسەر ئەم مەوزوعە کرا فەرموون بیخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە. با جارێ بیخوێنێتەوە لەوانەیە دوای ئەوە بواری قسە کردن بدەین دووبارە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

١ـ يخول رئيس مجلس الوزراء لكوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المتهمين والمحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون ئەوەی مقترحە بیخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

اقتراحەکە بەو شێوەیە دەکرێت.

«يخول رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق صلاحية إصدار قرار العفو الخاص عن المحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها امام القضاء باستثناء الجرائم التالية منه» :

١ـ المخدرات.

٢ـ التجسس.

٣ـ القتل المقترن بالسرقة.

٤ـ الاختلاس والسرقة الواقعة على اموال الدولة.

٥ـ الرشوة.

٦ـ الاغتصاب.

٧ـ اللواطة.

٨ـ الزنا بالمحارم.

٩ـ الاعتداء على الموظفين او المكلفين بخدمة عامة أثناء تأدية واجباتهم او بسببها.
١٠ـ قتل الاجانب العاملين في اقليم كوردستان العراق.
١١ـ جرائم الارهاب.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ كاك ابراهیم دۆغرەمەچی.

**بەڕێز ابراهیم دۆغرەمەچی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئەو پێشنیارەشم كرد (سرقە)ش داخل بێت، چونكە جرائمی سرقە زۆر زۆرە ئەگەر بێتو ئیستسنا بكرێت مقدما ئەگەر دزەكە بزانێت حوكمیش بدرێت لەوانەیە فشار دەكاتە سەر ئەو ماڵەی دزی لێ كرایە كە بێت موصالحەی لەگەڵدا بكات و عفو بكرێت لەبەرئەوە داوا دەكەم دزیەكەش ببێتە بڕگە (١٢)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مەوزوعە زۆر قسەی تێدا كرا ئەگەر شتێكی زۆر تازە بابەت نەبێت زەروری نەبێت تكام وایە ئەوەندە موداخەلە نەبێت، فەرموو كاك ابراهیم.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

لێرە جرائم الارهاب اضافە بوو مانای ژمارە (١٠) لەغو دەبێت كە زمنی (جرائم الارهابە) ئەویش (قتل الاجانب)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(قتل الاجانب) بە روونی تێیدا بێت باشترە. كاك حمید فەرمو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

پێموایە هەر محكومین نەبێت بەڵكو (المتهمین والمحكومین) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە جارێكی تر ئیستسناكان بخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

١ـ المخدرات.
٢ـ جرائم التجسس.
٣ـ جرائم القتل المقترن بالسرقة.
٤ـ الاختلاس والسرقة الواقعة على اموال الدولة.

٥ـ الرشوة.
٦ـ الاغتصاب.
٧ـ اللواطة.
٨ـ الزنا بالمحارم.
٩ـ الاعتداء على الموظفين او المكلفين بخدمة عامة أثناء تأدية واجباتهم او بسببها.
١٠ـ قتل الاجانب العاملين في اقليم كوردستان العراق.
١١ـ جرائم الارهاب.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ئەو ئیستسنائاتانە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە..
زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی ئەو ئیستسنائاتانە پەسند ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە گشتی دەنگ ئیستسنائاتەكان پەسند كران.
تكایە پڕۆژەی حكومەت بۆ (اولا) لەگەڵ ئیستسنائەكان بخوێننەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

اولاً: يخول رئيس مجلس الوزراء لكوردستان العراق صلاحية إصدار قرار العفو الخاص عن المتهمين و المحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها:

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئینجا بە ڕێكی بنووسرێت (يخول رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق)، پێشنیاری لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نەقشبەندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.
ئەو پێشنیارە خرایە سەر كۆتایی پڕۆژەكەی ئەنجومەنی وەزیران كە ئەویش: (يخول رئيس مجلس الوزراء لأقليم كوردستان العراق صلاحية إصدار قرارالعفو الخاص عن المتهمين والمحكومين في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها امام القضاء)تەنها وشەی «أمام القضاء» خراوەتە سەر كۆتایی بڕگە «١» پڕۆژەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.
ئێمە لە لیژنەی یاسا لە سەر ئەوە ڕێككەوتبووین كە «متهم»عەفو نەكرێ، چونكە لێكۆڵینەوەی لەسەر نەكراوە،تاوەكو پیرۆزییەك بۆ بڕیارەكانی دادگا بەجێ بهێڵین، با دادگا سزای خۆی بدا، پاشان لێبوردن بیگرێتەوە، ئێستا ئێمە ئەگەر «متهم» عەفو بیگرێتەوە، واتا تاوەكو لە قۆناغی

لێکۆڵینەوە بێت ئاشتبوونەوە نایانگرێتەوە، بۆیە حەق وایە ئێمە چاوەڕێی بڕیاری دادگا بکەین، بڕیاری دادگاش با ئیدانەی بکات، ئاشتبوونەوە مافێکی گشتییە، دەتوانن مەسەلەکە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەکرێتەوە و، ئەو کاتە عەفو دەیگرێتەوە، ئێمە لە لیژنەی یاسا هەموو رامان لەسەر ئەوە بوو کە لە دادگا یەکلا بکرێتەوە، هەرچەندە دوو بڕیارمان پێشووتر دەرچواندووە کە تیایدا یەکلامان کردووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جارێکی تر پرۆژەی حکومەت بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

١- يخول رئيس مجلس الوزراء لكوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المتهمين والمحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا دوو پێشنیار هەیە یەکێکیان «متهمين» هەڵگیرێت، ئەوتریشیان «أمام القضاء» بخرێتە کۆتایی بڕگەی یەکەوە، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم دوو پێشنیارە؟، کاک حمید فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مەبەست لە «محکومین» یا «متهمین» ئەوەیە کەوا جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا کە ئەویش ئەوەیە بۆ نموونە هەیە «موقوف»ە حوکمی بۆ دەرنەچووە، بۆ ئەوەی حوکمی بۆ دەرچێت رەنگە دوو ساڵی پێ بچێت، ئەبێت ئەو هەر بە مەوقوفی بمێنێتەوە و، ئەمە زۆر لایەنی تریش هەیە کە مەسەلەی کوشتن و شتی وا دەبێت هەر شکاتیش ناکات بەو هیوایەی کە لە دەرەوی دادگا هەقی خۆیان بسێنن، بەڵام کۆمەڵایەتی لە رێگای حزبەوە هەوڵ ئەدەن کەوا رێکیان بخەن و پێکیان ئەهێننەوە و ئەیدەن بە حکومەت بۆ ئەوەی بیخاتە قەوارەیەکی یاساییەوە و ئاشتیان بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیریی لەوە دەکەم کەوا «متهمین» وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە رۆڵی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات، خۆی ئەم کارە بۆ ئەوەیە کە گرفت کەم بێتەوە،من لەگەڵ ئەوەدام کەوا حکومەت چۆنی ناردووە هەر وا بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــسن خـــالد مـــفـــتی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمەش کە تەماشای ماددەکەمان کرد رامان وایە کە وشەی «متهمين» بمێنێتەوە، چونکە دەس والاترە کە ئەو ئاشتیپە بکرێت و، ئەو ئاشتیەش لە کوردستاندا حاڵەتێکی ئاساییە، زۆر کـەس هەیە ئەو ئاشـتـیـیـە لە رێگای شـەرعـەوە دەکـات و، زۆر کـەسـیش هەیە لە رێگای کۆمەڵایەتییەوە ئاشتی دەکات و، زۆر کەس هەیە مەسەلەکانی ناگەیەنێت بە دادگا، بۆ ئەوەی دەستی حکومەت کراوە بێت بۆ ئەوەی ئەم مەسەلانە چارەسەر بکات وشەی «متهمين» بمێنیتەوە باشترە، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک د.أدريس فەرموو.

**بـــەڕێـــز د.أدريــس هــادی صــــــــالـح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

کێ دەڵێ ئەو تاوانبارە ئەو تاوانەی کردووە، لەوانەیە خۆی لە بنەڕەتەوە ئەو تاوانەی نەکرد بێت، کـاتێ کـە عـەفـو دەکـرێت لەسەر چ بنەمـایەک عـەفـو دەکرێت، خۆی وتەیەکی یاسـایی هەیە کە دەڵێ: (المتهم بريء حتى تثبت إدانته)، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم«د.رزگـــار»:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەرچەندە کاک د.أدريس قسەکانی منی کرد، بەڵام من تێبینییەکی تریشم هەیە ئەم پرۆژەیە کە لە ئەنجـومـەنی وەزیرانەوە بۆمـان هاتووە و، دوو وەزیری بەڕێزیشـیـان ناردووە کـەوا پشـتـگـیـریی لە پرۆژەکە بکەن و روونی بکەنەوە، کەچی ئێستا لە کاتی گفتوگۆ کردندا بۆمان دەرکەوت کە ئەو دوو برا وەزیرە دژن لەگەڵ ناوەڕۆکی پرۆژەکە، جا ئێمە پێمان خۆشە کەوا بزانین رای حکومەت بە تەواوی چییـە؟، چونکە ئەمـە پرۆژەی ئەوانە و ئەوان ئێـشی خـۆیان باشـتـر دەزانن و، ئێـمـە پشتگیریمان لە ئەوان کرد، بەڵام دەرکەوت کەوا بەدەری تیادایە، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

پێویسـتە تەنها جەنابت رای خۆت روون کەیتەوە و، وەزیرە بەڕێزەکـان ئیشی خۆیان باش دەزانن کەوا چییە، کاک أبراهيم سعيد فەرموو.

**بەڕێز أبراهيم ســـعـــيـــد مـــحـــمـــد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لێرەدا دەڵێت ئەو لێبوردنە بۆ ماوەی ساڵێکە، کەواتە ئەو تاوانانەی کە دوای ئەم بڕیارە ئەکرێن

دەیانگرێتەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە باسی ماوەکە ناکەین، بەڵکو باسی «تخویل» دەکەین، لە کاتێکدا ئەگەر یەکێک تاوانێکی ئەنجام دا و پاشان ئەو دوو لایەنە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهاتنەوە و، ئەو دوو لایەنە ئەگەر لایەنێکیان حوکمدرابێت، یا نەگیرابێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەوا لە جێگایەکی دوور بێت و دەستی دادگای پێ نەگات و، یان هەندێ هۆی لە دەسەڵاتدا نەبوو هەیە کە نایەڵێت ئەو تاوانبارە بگیرێت، ئەو کاتە ئەو کەسە ناوی «محکوم» نییە، بەڵکو ناوی «متهم»ە، فەرموو.

**بەڕێز أبراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەمە هۆیەکی تریش زیاد دەکات بۆیە من باسی ساڵێک دەکەم، ڕەنگە ئەمە بێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی کە تاوانێک بکات و تەنها «متهم»ە لە ماوەی ئەو ساڵەدا، چونکە ئەمە هاندەرێکە بۆ ئەو کەسەی کە لە نیەتیدایە کارێکی تاوان لە ماوەی ئەو ساڵەدا ئەنجام بدات، ئەو کاتە تاوان دەکات و دەگیرێت و عەفو دەکرێت، جا ئەمە خەڵکی هان دەدات بۆ ئەوەی تاوان ئەنجام بدەن ئەگەر بزانێت بۆ ماوەی ساڵێکی تر عەفو هەیە، جا ئەگەر «متهم»ی تیادا نەبێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پرۆژەکەی حکومەت زۆر ڕوونە، هەڵبەتە بەرژەوەندی باڵا خراوەتە پێش چاو بۆیە «متهم»ی تیادایە، ڕاستە موتەهەم بێ تاوانە تاوەکو تاوانەکەی بەسەردا دەچەسپێت، هەندێ لە ئەندامان دەفەرموون کەوا ئیشی دادگاکان کەم دەبێتەوە، ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە کەوا هەمیشە دادگاکان پڕ بێت، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە دەبێت کێشەکە چارەسەر بکرێت، جا لەبەر ئەوەی ئاشتبوونەوە دەکرێت لە نێوان دوو لایەنە ناکۆکەکەدا ، ئەو ئاشتبوونەوە دەگاتە لای دادگا، یا ناگات گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئاشتبوونەوە کراوە، چونکە لێرەدا زۆر بەباشی ڕوون کراوەتەوە(القضایا التی تتم فیها المصالحه بین أطرافها) کەواتە پێش تاوانبار کردنیش مەرج نییە ئەو کەسە تاوانبارە، یاخود تاوانبار نییە، مەرج ئەوەیە کە ئاشتبوونەوەکە کراوە، کە محکوم بێت عەفو بکرێت، بەڵام متهەم بێت عەفو نەکرێت، من پێموایە ئەمە غەدرە بەرامبەر بەو کەسە، جا بۆیە ئێمە لەگەڵ ڕای حکومەتین و لەگەڵ پرۆژەکەین بەو شێوەیەی کە هاتووە و، پشتگیریی لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە ئەگەر لێرەدا بڕیاری لێبوردن بۆ «متهم»ێک دەرکەین کەوا دەستێوەردانمان لە بڕیارەکانی دادگامان کردووە و، لە دروست بوونی پەرلەمانەوە تاوەکو ئێستا ئێمە دەستێوەردانی بڕیارەکانی دادگامان نەکردووە، تەنها بە بڕیارێکی لێبوردن بێت، یا شتێکی ئاوا لەم شێوەیە نەبێت، پەرلەمانی کوردستان هەرگیز تێکەڵی ئیشوکاری دادگا نەبووە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کەوا وشەی «متهم» هەڵگیرێت و، تەنها «محکوم» بمێنێتەوە، لە کاتێکی دوو بڕیارمان دەرکردووە کە یەکێکیان بڕیارە بنەرەتییەکەیە و ئەوی تریشیان بۆ درێژ کردنەوەی ماوەی بڕیارەکەیە و، هەردووکی بە «محکومین» هاتووە و، لەوانەشە هەڵەیەکی چاپ بێت کەوا «متهم»دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لایەنێکی تریشی هەیە ئەگەر لە قۆناخی «إتهام»دا بێت، دادوەر یان لایەنی لێکۆڵینەوە بە قوڵی بۆ مەسەلەکە ناچن، چونکە لەوانەیە لایەنەکانی داواکە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە دێن و داوای ئاشتبوونەوە دەکەن، جا ئەو کاتە لایەنی لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە سارد دەبنەوە و ناتوانن بەرەو پێش بچن وەکو پێویست، لەبەر ئەوە فشاریش لەسەر لایەنە ناکۆکەکە زۆر دەبێت، چونکە قۆناخەکە نزیکەو هەرەشە دەکرێت و هەوڵ دەدرێت، بەڵام کە گەیشتە مەسەلەی «محکومیە» مەسەلەی تر نامێنێت و، ئەو کاتە دەبێتە مەسەلەی تەشەبس و هەوڵ دان بۆ ڕازی کردنی لایەنەکەی تری، ئەو کاتە «الصلح سید الاحکام» شتێکی زۆر باشە، بەڵام «متهم» دەستی دەسەڵاتی دادوەری زۆر دەبەستێت و ناتوانن تاوانەکە بە باشی لێکۆڵینەوەی لێ بکەن و، ڕاستی بدۆزنەوە، بە ڕای ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی «متهم»ی تیادا نەبێت و، هەوڵ بدرێت ئەوانەی کەوا عەفو دەکرێن حوکم بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کەچو/ وەزیری هەرێم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خۆی بڕیاری دادگا کە دەردەچێت بۆ «محکوم و موقوف» دەردەچێت، من پێشنیار دەکەم کەوا

«قرار العفو الخاص عن المحكومين و الموقوفين رهن التحقيق» ی بخرێتە سەر، باشترە لە «المتهم»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێشەی ئێمە ئەوە نییە کە «محکوم»ن، یا «موقوف»ن، بەڵکو کێشەی ئێمە ئەو کەسانەیە کە نەگیراون، ئامادەیە ئاشتی «صلح» بکات، بەڵام ئامادە نییە بێتە پێش دادگا، کێشەکە لەوێدایە، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیێ محمد عبدالکریم :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی رای لیژنەی یاسا زۆر لە جێگای خۆیەتی و من بە تەواوی پشتگیریی لێ دەکەم، چونکە ئەمە دەبێتە تێکەڵ بوون لە ئیشوکاری دەسەڵاتی دادوەری، دەسەڵاتی دادوەری مافی خۆیەتی ئیشوکاری خۆی بکات و بڕیاری خۆی بدات، «متهم» حوکمی خۆی وەرگرێت، پاشان ئاشبوونەوە دەکەن، یا هەر شتێکی تر دەکەن ئەوە کەیفی خۆیانە، بەڵام دادگا دەبێت کاری خۆی بکات، جا بۆیە من پشتگیری رایەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لێرەدا من ناکۆکی دەبینم لە قسەکانی بەڕێز شێروان حیدری، فەرمووی ئێمە وەکو پەرلەمان هیچ کاتێک تێکەڵی ئیشوکارەکان و بڕیارەکانی دادگا نەبوۆینە، بەڵام لێرەدا بڕیاری دادگا بۆ «محکومین» دەرچووە، بەڵام «متهم» لە ژێر لێکۆڵینەوەیە و بڕیاری بۆ دەرنەچووە، لێرەدا کاک شێروان حەز دەکات ئەو کەسانە بگرێتەوە کەوا «محکوم»ن، بەڵام حەز ناکات ئەو کەسانە بگرێتەوە کەوا هێشتا حوکمیان بەسەردا دەرنەچووە، لەبەر ئەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاتێ کە «متهم»ی لەگەڵ «محکومین» نووسیوە زۆر لە جێگای خۆیەتی، چونکە ئەو کاتە هەمووی دەگرێتەوە جا چ ئەوانەی هێشتا نەگیراون، یا ئەوانەی کە حوکمیان بەسەردا دەرکراوە، پاشانیش بنەرەتەکە ئاشتبوونەوەکە «الصلح سید الاحکام»، ئەوکاتە کە ئاشتبوونەوەش کرا ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، بەڵام من نازانم بۆ هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان حەز دەکەن وشەی «متهمین»ی تیادا نەبێت، لێرە کە وشەی «متهم»ی تیادا نەبێت، ئەوکاتە ناچار دەبێت کەوا بۆ ئەو هەموو قۆناخە پارێزەرێک بگرێت، لێرەدا ئیش بۆ پارێزەرەکان پەیدا دەبێت، بەڵام ئێمە دەبێت بەرژەوەندی باڵا لەبەر چاو بگرین، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەو دەقەی حکومەتین کەوا چۆن هاتووە هەر وا بمێنێت و، وشەی «محکومین و متهمین» هەردووکی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای من ئەم مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە، خۆی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یاسای سزاکان، «العفو الخاص» «متهمین و محکومین»پێکەوە دەگرێتەوە، یان تەنها یەکێکیان دەگرێتەوە، بەپێی دەقی یاساکە مەرجە و پێویستە «متهم» حوکم بدرێت، ئەگەر حوکم نەدرێت ئەوە لێبوردنی تایبەت نایگرێتەوە، جا بۆ روون کردنەوە ماددەکە دەخوێنمەوە:

« العفو الخاص »

المادة /١٥٤:

أولاً: العفو الخاص يصدر بمرسوم جمهوري يترتب عليه سقوط العقوبة المحكوم بها نهائياً كلها أو بعضها أو أبدالها بعقوبة أخف منها من العقوبات المقرر قانوناً.

ثانياً: لا يترتب على العفو الخاص سقوط العقوبات التبعية والتكميلية ولا الاثار الجزائية الاخرى ولا التدابير الاحترازية ولا يكون له أثر على ما سبق تنفيذه من العقوبات و كل ذلك ما لم ينص المرسوم العفو على خلاف ذلك.

کەواتە دەبێت حوکم بدرێت و ئێمەش وەکو لێبوردنی تایبەت، جەنابی سەرۆک وەزیران تەخویل دەکەین، نابێت مەفهومەکە بگۆڕین، چونکە ئەوە بە یاسا چەسپاوە و، ئەمە فقهە و یاسا چەسپێنراوە و لەسەری ڕێکن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم پێویست ناکات زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت و، مادام پێشنیاریش هەیە کەوا «متهم» هەڵگیرێت، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەگەڵ ئەوەدان وشەی «متهم» لە پرۆژەکە هەڵگیرێت دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟..
بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا کەوا وشەی «متهم» هەڵگیرێت، پێشنیارەکەی تر دەمێنێت کە ئەویش «المصالحه بين أطرافها أمام المحاكم»، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا لەگەڵ ئەوەن کەوا وشەی «أمام المحاكم» زیاد بکرێت دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس... کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ پەم پێشنیارەش وەرگیرا، تکایە ئێستا هەموو برگەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

١- يخول رئيس مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها أمام القضاء باستثناء الجرائم التالية:

١- المخدرات.

٢- التجسس.

٣ـ القتل المقترن بالسرقة.
٤ـ الاختلاس والسرقة الواقعة على اموال الدولة.
٥ـ الرشوة.
٦ـ الاغتصاب.
٧ـ اللواطة.
٨ـ الزنا بالمحارم.
٧ـ الاعتداء على الموظفين أو المكلفين بخدمة عامة أثناء تأدية واجباتهم أو بسببها.
١٠ـ قتل الاجانب العاملين في أقليم كوردستان العراق.
١١ـ جرائم الارهاب.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە، فەرموو.

**بەڕێز أبراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

پێشنیاری وشەی «السرقە»م كردووە، جا ئەو پێشنیارە دەخرێتە دەنگدان، یا نە، چونكە دزی یەكێک كە ماتۆڕێكی ئاو بدزێت هەر دزییە و، ئەگەر هەموو ماڵەكە بدزێت هەر دزییە، جا دزی هەر دزییە جا چەند بچووک بێت یا گەورە بێت، لەبەر ئەوە حەز دەكەم پێشنیارەكە بدرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنیارەكەی كاک أبراهیم دۆغرەمەچی دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كەوا «السرقە» بەدەر بكرێت لە لێبوردنی تایبەت دەست بەرز بكەنەوە .. سوپاس.. كێ پەسەندی ناكات؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەكرا، تكایە جارێكی تر ئەم بڕگەیە بخوێنرێتەوە تاوەكو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نەقشبەندی:**

١ـ يخول رئيس مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المحكومين في القضايا التي تتم فيها المصالحة بين اطرافها أمام القضاء باستثناء الجرائم التالية:
١ـ المخدرات.
٢ـ التجسس.
٣ـ القتل المقترن بالسرقة.
٤ـ الاختلاس والسرقة الواقعة على اموال الدولة.
٥ـ الرشوة.
٦ـ الاغتصاب.

٧ـ اللواطة.
٨ـ الزنا بالمحارم.
٧ـ الاعتداء على الموظفين أو المكلفين بخدمة عامة أثناء تأدية واجباتهم أو بسببها.
١٠ـ قتل الاجانب العاملين في أقليم كوردستان العراق.
١١ـ جرائم الارهاب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا بڕگەی «١» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە؟..
سوپاس..کێ پەسەندی ناکات؟. بە زۆرینەی دەنگ بڕگەی «١» پەسەند کرا، دووەم، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

٢ـ يكون هذا القرار ساري المفعول لمدة سنة واحدة اعتباراً من تاريخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ رایەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نەبوو، بەڵام ئێستا ئەو گۆڕانکاریەی کە کراوە و ئەو هەموو تاوانانە بەدەر کران وای کرد کەوا رامان هەبێت، جا لەبەر ئەوەی کە هەموو رۆژێک داوامان لێ نەکرێت گۆڕان کاری بکرێت و، وشەی ساڵەکە هەڵگیرێت و «تحويل»ەکە هەر کاتێک ئیشیان پێی هەبێت با کاری پێ بکەن و، لەوانەیە باشتریش بێت، سوپاس.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
پشتگیریی لە رای لیژنەی یاسایی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم«د.رزگار»:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئەگەر رای لیژنەی یاسا دەخەنە دەنگدان و کراوە دەبێت، ئەوە تێبینیم نییە، بەڵام ئەگەر نایخەنە دەنگدانەوە ئەوە تێبینییم هەیە، چونکە «من تاريخ صدوره» بکرێتە «من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان»، چونکە ئەمە لەسەر حیسابی ئەوانە دەبێت کەوا چاوەڕوانی ئەو لێبوردنە دەکەن، جا من پێشنیار دەکەم کەوا بکرێتە «من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غـــفـــور رمــــضــــان:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئەم دەسەڵاتەی كەوا لێرە دیاری كراوە، خۆی لە بنەرەتدا لە دەسەڵاتەكانی جەنابی رابەرە، ئێمە ئەم دەسەڵاتانەمانە دابەش كرد و دامان بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە ئەمە شتێكی زۆر گرنگە، چونكە هەتاكو «أعدام» دەگرێتەوە، جا بۆ ماوەكە ساڵێك بێت، ئەگەر ماوەكە كراوە بێت باشترە، منیش لەگەڵ ئەوەدام كەوا ئەو ساڵە نەمێنێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، كاك جمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــمــــیل عـــبــــدی سندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

لە لایەكەوە ئەگەر ئێمە پرسیار لە هەر ماف پەروەرێك بكەین، یان لە هەر ئەندامێكی پەرلەمان بكەین، ئەڵێن ئێمە حەز دەكەین كەوا تاوان كەم بێتەوە و، ئەگەر ماوەكە زیاتر بكرێتەوە، حكومەت خۆی داوای یەك ساڵی كردووە، ئێمە بڵێین «مفتوح» كەواتە دەرگاكە هەر كراوە دەبێت، خۆی چەند تاوانێكی تایبەتی رووی داوە و ئەنجومەنی وەزیرانیش داوای ئەم لێبووردنە تایبەتەیان كردووە بۆ ماوەی ساڵێك و، من لەو بڕوایەدام كەوا لە ماوەی ئەو ساڵەدا هەموو ئاشتبوونەوەكان پێك دێن و، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین كەوا دەقی پرۆژەكەی حكومەت چۆن هاتووە هەر وا بمێنێتەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، كاك رجب شعبان فەرموو.

**بـەڕێـز رجـب شــــعـــــبـــــان طـیـب:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

پێشنیار دەكەم كەوا ئەو ماوەیە هەر هەڵگیرێت، چونكە گیروگرفت هەر بەردەوام دەبێت، لێرەدا ئەمە جاری سێیەمە كەوا ماوەی ئەم بڕیار درێژ بكرێتەوە و، باس بكرێت، لەبەر ئەوە ژیان بەردەوام، گیروگرفت هەر بەردەوام دەبێت، خۆ نابێت ئێمەش هەموو رۆژێ بۆ ئەم بڕیارە دانیشتنی لەسەر بكەین و، گفتوگۆی لەسەر بكەین، جا منیش پشتگیریی لە رایەكەی لیژنەی یاسا دەكەم كەوا ماوەكە بەردەوام بێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، وەزیری داد فەرموو.

**بــــەڕێـــز هــــادی عـــلــــی/ وەزیـــری داد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من پێم باشە کاتەکەی دیاری کراو بێت وەکو چۆن لە پرۆژەکەی حکومەتدا هاتووە، چونکە ئەگەر ماوەکە کراوە بێت، رەنگە ئەو کراوەیە جۆرە هاندەرێک دەبێت بۆ ئەوی کەوا تاوان زیاتر بکرێت، جا من پێشنیار دەکەم کەوا جگە لەوەی کەوا ماوەی ساڵەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، دیاریشی کەن کەوا ئایا ئەم بڕیارە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە پێشتر تاوانیان کردووە و حوکم دراون و، یاخود تەنها لە ماوەی ئەم ساڵەدا چ تاوانێک بکرێت ئەو کەسانە دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر یەکێک دوژمنایەتی لەگەڵ یەکێک هەبێت لەماوەی ئەم ساڵەدا هەوڵی کوشتنی ئەدات و پاشان ئاشت دەبنەوە، ئەبێت ئەو خاڵەش لە پێش چاو بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەمە دەسەلاتە دەسەلاتی رابەرە و، دەسەلاتی رابەریش دەسەلاتی سەرۆک کۆمارە کە ماوەی بۆ دیاری نەکراوە ، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو ماوەیە لێرە نەمێنێ و، ئەم دەسەلاتە دراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جا لەبەر ئەوە دیاری نەکرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەر چەندە بابەتەکە بە شێوەیەکی باش روون کرایەوە، لە یاسای سزاکاندا کە مەسەلەی «عفو خاص و عفو عام» کراوە، جا ئەوە هەموو جار پێویستی بەوە نییە کەوا ئەنجومەنی یاسادانان ، یاخود ئەنجومەنی راپەراندن بەو دەستورەی کە ئەو وڵاتە هەیەتی کۆبێتەوە بۆ ئەوەی تخویلی سەرۆک کۆمار بکات بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارانە، هەر کاتێک کە تاوانێکی تایبەتی هەبێت وپێویستی بە عفو کردن هەبێت ئەوە دەری دەکات، ئەوە هەموو باوە لە جیهاندا، وەکو ئەوەی کە بەڕێز د.ناصح روونی کردەوە سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کە بەداخەوە سەری نەگرت و، قۆناخی دووەمی هەڵبژاردنەکەی نەکرا، کە ئەگەر بکرایە لە زۆر کێشە رزگارمان دەبوو، ئەو کاتە ئەو خۆی بڕیاری دەدا کەوا کام تاوان عەفو دەکات و کامی ناکات، لەبەر ئەوە زۆر لە دەسەلاتەکانی رابەر کە داومانە بە سەرۆک وەزیران و، لەوانە شتێکی کەمان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی هێشتەوە وەکو دەسەلاتی یاسا دانان.جەختمان کردە سەری کە ئەوانە نابێ بیکەن، ممکن نییە بەخۆشی هەر نەی دەکرد، ئێمە گومان نابێ بکرێ هەر بۆ ئارامی دڵ (لیطمئن قلبی) لەبەر ئەوە ئێمە دەقێک پێشنیار دەکەین سەبارەت بە (ثانیا) (یکون القرار ساري المفعول لحین اکتمال المرحلة الثانیة من انتخاب قائد الحرکة التحرریة)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە تاكو ناو نووسیان بكەین ، دواجارە كە بواری قسەكردن لەو بابەتە دەدەین، كاك ابراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سەعیدمحمد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

مادام ڕێبەر هەڵنەبژێردرا،من وای بۆ دەچم كە پەرلەمانی كوردستان (صمام الامان)ە و وەكو ناوبژیوانە لە نێوان هەردوو دەسەلاتەكەی تر، بوونی سقفی زەمەنی زۆر پێویستە، ئەگەر بزانین ساڵێ كەم بێت یا زیاد بكرێ، و ئەو پێشنیارەی ئێستا لیژنەی یاسایی كردی و سەقفێكی بۆ دانا زۆر لە جێگای خۆی بوو و زۆر باشە ، بەبێ سەقفی زەمەنی باش نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تۆ پشتگیری ئەوە دەكەی (لحین اكتمال ........)

**بەڕێز ابراهیم سەعید محمد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

بەڵێ، مادام سقفی زەمەنی بۆ داندرا زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان حەیدەری فەرموو

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

دوای ئەوەی ئەو تقیدانەمان لەسەر یاساكە دانا من پشتگیریی برای بەڕێز مامۆستا كاكەرەش دەكەم، و ڕوون كردنەوەیەكیشم هەیە سەبارەت بە دەسەلاتەكانی ڕابەر، ئێمە لە كاتی كابینەی سێیەم دەسەلاتی ڕاستاندنی بڕیاری لەسێدارەدان و سووك كردنی سزامان بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران داوە، ئایە ئەگەر كراوە بێت لەوە گەورە ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی كمال:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

من پشتگیریی لیژنەی یاسا دەكەم سەبارەت بە قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنەكە، وەكو سەقفێكی زەمەنی، سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. ناصح فەرموو

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
پشتگیریی ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەکەین. سەبارەت بەوەی بۆ رابەر ئامازەیان پێدا،
سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە تاکو بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
ثانياً: يكون هذا القرار ساري المفعول لحين اكتمال المرحلة الثانية من انتخاب قائد الحركة التحررية الكردية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەڕێزانەی کە بڕگەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ٣ بەڕێز پەسەندی ناکەن، بە زۆربنەی دەنگ پەسەند کرا. ثالثا بخوێنەوە

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**
ثالثا: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.
پێش ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێشنیارێکمان هەبوو، ئەویش زیاد کردنی بڕگەیەکی تر بوو کە بکرێتە سێیەم:( من الضروري ان لا يستفيد من هذا القرار من سبق وان شمله قرارات العفو السابقة) ونقترح صياغة النص ليكون احدى الفقرات المتممة من المشروع( كل من عاد الى ارتكاب جريمة اخرى خلال ثلاث سنوات من شموله بقرار عفوه السابق فلا يستفيد من هذا القرار)، چونکە معقول نییە کەسێ هەر تاوان بکات و ئێمە هەر لێی خۆش بین، ئەگەر جارێ بووردرا ، پێویست ناکات ئەو بڕیارە بیگرێتەوە ئەگەر تا ماوەی سێ ساڵ ئەگەر تاوانی تری ئەنجام دا، ئەوە پێشنیاری ئێمەیە وەکو بڕگەی سێیەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر پێشنیاری چاکە، بەڵام من سێ ساڵەکە تێناگەم، گەر وابێ پاش سێ ساڵەکە دەتوانێ بیکات

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەگەر راتان وایە با هەر نەی گرێتەوە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵێ نابێ هەر بیگرێتەوە، جارێ لێی دەبووردرێ کە کردی بە دوان ناکرێ عەفو بکرێ،
رای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟

**بەڕێز حسین علی کمال:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیریی لە رای بەڕێزتان دەکەین کە سێ ساڵەکە نەمێنێ، هەر کەسێ جارێکی تر تاوانی کرد و پێشتر عەفو کرا بوو با حوکمەکەی جێبەجێ بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین، دیارە تێبینی نییە تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:،

( کل من عاد الى ارتكاب جريمة اخرى بعد شموله بالعفو بالقرارات السابقة فلا يستفيد من هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دارشتنەکە نارێکە ، کاک د. ناصح فەرموو

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

هەر لەناو خودی پێشنیارەکەی ئەوان شتێکی باش هەیە دەکرێ بگوترێ

أ ـ لايستفيد من هذا القرار كل من سبق وان شمله قرارات العفو السابقة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حسێن فەرموو

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دەتوانین بلێین (لا يشمل هذا القرار المشمولين بقرارات العفو السابقة).

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

سێیەم وای لێ دێت( لايستفيد المحكومون من قرارات العفو لاكثر من مرة واحدة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە بڕگەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکڕای دەنگ مادەی سێیەم پەسەند کرا. چوارەم

**بەڕێز سفر محمد حسێن:**

رابعاً على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تێبینیتان هەیە؟ نییە. لیژنەی ناوخۆ ئێوەش تێبینیتان نییە؟ نییە ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، نییە.

دەیخەینە دەنگدانەوە ئەو بەڕێزانەی کە بڕگەی چوارەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکڕای دەنگ ماددەی چوارەم پەسەند کرا.پێنجەم تکایە

**بەڕێز سفر محمد حسێن:**

خامساً: ینفذ هذا القرار من تاریخ صدوره و ینشر في جریدة وقائع کوردستان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە ، کاک شێروان فەرموو

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێش ئەو بڕگەیە بڕگەیەکی تر ماوە بە پێوستی دەزانین کە بخرێتە ناو پرۆژەکە ( لا یعمل باي نص یتعارض و احکام هذا القرار)

لەبەر ئەوەی ئەمە دەسەلاتێکی یاسا دانانە و لە یاساکانی ئێمەدا هاتووە، اصداری قرارات لە لایەن پەرلەمانەوە دەبێ استثناء نییە، ئێمە دەیدەینە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لێرە هاودژیەک دروست دەبێ، بۆیە بە رای ئێمە بوونی ئەو بڕگەیە زۆر پێویستە( لایعمل باي نص یتعارض و احکام هذا القرار)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەبێتە چەندەم ؟ تکایە بیخوێننەوە

**بەڕێز سفر محمد حسێن:**

خامساً: ( لایعمل باي نص یتعارض و احکام هذا القرار)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کەماددەی پێنجەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکڕای دەنگ ماددەی پێنجەم پەسەند کرا.شەشەم.

**بەڕێز سفر محمد حسێن:**

سادساً: ینفذ هذا القرار من تاریخ صدوره و ینشر في جریدة وقائع کوردستان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ماددەی شەشەم، فەرموو

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لەبەر ئەوەی مفتوحمان دانا با لە مێژووی بلاوبونەوەی لە رۆژنامە دایبنێین نە لە مێژووی دەرچوونی، لەبەر ئەوەی مفتوحە با بلێین (من تاریخ نشره في جریدة وقائع کوردستان ) خۆی لە ماوەی مانگێک بلاو دەکرێتەوە، مفتوحە و ماوەکەش مەترسی لەسەر نییە بلێی ماوەکە تەواو

دەبێت، بۆیە وا ڕێک تر دەبێت، سوپاس

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: تێبینی تر هەیە، چی لێ دێت جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

(ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کەماددەی شەشەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکڕای دەنگ ماددەی شەشەم پەسەند کرا، ئێستا بڕیارەکە هەمووی دەدەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە پڕۆژەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ هەموو پڕۆژەکە پەسەند کرا،زۆر سوپاس.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنە ڕوو گفتوگۆ کردنە لەسەر پڕۆژەی یاسای دیاری کردنی تەمەنی بەرپرسێتی جنائی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تکا لە بەڕێز حاکم سفر دەکەم کە هەموو پڕۆژەکە بخوێنێتەوە، پاش خوێندنەوەی پڕۆژەکە پشوێک بۆ نیو سەعات وەردەگرین

**بەڕێز سفر محمد حسێن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

استنادا الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ المعدل والقرار(٢٣) في ٧/١٠/١٩٩٢، وبناءا على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠١ تشريع القانون الاتي:

**قانون رقم( ) لسنة ٢٠٠١**

**قانون تحديد سن المسؤولية الجنائية**

**في اقليم كوردستان العراق**

**المادة الاولى:**

لغرض سريان قانون رعاية الاحداث رقم(٧٦) لسنة ١٩٨٣ في اقليم كوردستان ـ العراق على الحدث الجانح وعلى الصغير والحدث المعرضين للجنوح وعلى اوليائهم بالمعاني المحددة ادناه لاغراض القانون المذكور:

١ـ يعتبر صغيراً من لم يتم الحادية عشرة من عمره.

٢ـ يعتبر حدثاً من اتم الحادية عشرة من عمره ولم يتم الثامنة عشرة.

٣ـ يعتبر الحدث صبياً اذا اتم الحادية عشرة من عمره ولم يتم الخامسة عشرة.

٤ـ يعتبر الحدث فتى اذا اتم الخامسة عشرة من عمره ولم يتم الثامنة عشرة.

٥- يعتبر ولياً، الاب والام او اي شخص ضم اليه صغيراً او حدثاً او عهد اليه بتربية احدهما بقرار من المحكمة.

**المادة الثانية:**

لا تقام الدعوى الجزائية في اقليم كوردستان - العراق على من لم يكن وقت ارتكاب الجريمة قد اتم الحادية عشرة من عمره.

**المادة الثالثة:**

يوقف نفاذ المادة(٣) والمادة(٤٧)/اولاً من قانون رعاية الاحداث رقم(٧٦) لسنة ١٩٨٣ في اقليم كوردستان العراق وتسري محلهما أحكام المادة الاولى والثانية من هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان وتسري احكامه على القضايا التي لم تصدر فيها احكام باتة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەفەر ماددەی یەكەم بخوێنەوە،

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،**

**المادة الاولى:**

لغرض سريان قانون رعاية الاحداث رقم(٧٦) لسنة ١٩٨٣ في اقليم كوردستان - العراق على الحدث الجانح وعلى الصغير والحدث المعرضين للجنوح وعلى اوليائهم بالمعاني المحددة ادناه لاغراض القانون المذكور:

١- يعتبر صغيرا من لم يتم الحادية عشرة من عمره.

٢- يعتبر حدثاً من اتم الحادية عشرة من عمره ولم يتم الثامنة عشرة.

٣- يعتبر الحدث صبياً اذا اتم الحادية عشرة من عمره ولم يتم الخامسة عشرة.

٤- يعتبر الحدث فتى اذا اتم الخامسة عشرة من عمره ولم يتم الثامنة عشرة.

٥- يعتبر ولياً، الاب والام او اي شخص ضم اليه صغيراً او حدثاً او عهد اليه بتربية احدهما بقرار من المحكمة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟

**بەڕێز كاكەرەش نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی مادده بە مادده گفتوگۆمان نەکردوە ، پرۆژەکەمان هەموو خوێندەوە،
رای ئێمە بەو شێوەیە سەبارەت بە پرۆژەکەوە:
عدم وجود مبرر لرفع سن المسؤلية الجنائية لانه بإعتقادنا بادرة لها عواقب خطيرة وانها خطوة مشجعة لارتكاب الجرائم ، لان الانسان في سن الحادية عشرة يكون مؤهلاً لارتكاب شتى انواع الجرائم ونرى بان الامر يتطلب تقديم المشروع الى المجلس الوطني لدراسته بصورة اعمق بعد اغنائه باراء و وجهات نظر الخبراء والمختصين رجال القانون و الاجتماع والشرع والتربية لعلاقة الموضوع بكل تلك الجهات .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

كتابكم المرقم(ك/٦١) في ٢٤/٩/٢٠٠١

اجتمعت لجنة الشؤون الداخلية في پرلمان كوردستان اليوم لدراسة ومناقشة مشروع قانون تحديد سن المسؤولية الجنائية.

بعد دراسة المشروع تود لجنتنا أن تبين بأنه لا موجب لرفع سن المسؤولية الجنائية في الأقليم لأنه قد يؤدي الى زيادة في إرتكاب الجرائم بمختلف أنواعها ونقترح تأجيل البت في المشروع من قبل المجلس الموقر بغية أغنائه بآراء المختصين في الأقليم بما يخدم المجتمع الكوردستاني.

*وتقبلوا فائق التقدير والاحترام*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی مافی مرۆڤ تکایە

**بەڕێز عبدالخالق زەنگەنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لیژنەکەمان دوو کۆبونەوەی تایبەتی سەبارەت بەو پرۆژەیە کرد، لە کۆبونەوەی ئەمڕۆدا ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ رامان وایە، ئێمە داکۆکی لە گشت بڕیارەکان دەکەین کە بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکات، بەتایبەتی مافی منداڵان کە بگونجێ لەگەڵ یاساکانی دنیا، لەگەڵ ئەوەشدا باری کۆمەڵایەتی ئیستای کوردستانیش لەبەر چاو بگیرێ ،دوای ئەوەی ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ نوێنەری حکومەت کرد بەڕێز سەرکیس ئاغاجان و لەگەڵ لیژنەی یاساییش قسەمان کرد، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە پێویستە ئەو بابەتە دوا بخرێ تاکو زیاتر بتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، لەگەڵ دادوەراندا لەگەڵ لایەنی تردا، لە بەرژەوەندی دەزانین هەندێ بواری زیاترمان بدرێتێ بۆ گفتوگۆ کردنی ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە کۆک بێت لەگەڵ یاسا نێو دەوڵەتیەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، ئەو بەڕێزانەی تێبنیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین، کاک د. ناصح فەرمووو

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوەی لیژنەی یاسایی پێشنیاریان کردوە، مبرریان ئەوەیە کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی ڕێژەی تاوان، بە رای من ئەوە مبررێکی بەهێز نییە،ئایە ئەوەی لە ١١ ساڵی ئاراستەی خراپەکاری بکرێ ناتواندرێ لە ٩ ساڵیش ئەو ئاراستەیە بکرێ، لەبەر ئەوە من پێم وایە مبررەکە زۆر بە هێز نییە، دەبێ ئێمە لە یادمان نەچێ وەکو ئەزموونی گەلی کوردستان وەکو پەرلەمان و حکومەتی هەرێم شانازی بەوە دەکەین کە ئێمە دەمانەوێ کۆمەڵگەی شارستانی دروست بکەین، کۆمەڵگەی شارستانیش پێش هەموو شتێ پابەندیە بە هەندێ مسائل، وەکو دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئێمە دەڵێین پابەندین بە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ، واتا بە هەموو ئەو بەڵگەنامە نێو دەوڵەتیانەی کەوا هەن، کە پێبەند بین دەشبێ هەوڵ بدەین یاساکانمان بگونجێنین لەگەڵیدا و لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بیگونجێنین کە بەرەو ئەوە دەڕۆن، ئەو پرۆژەیەی حکومەت لە خۆڕا نەهاتووە، بەتاکید لە دوای دانوسانێکی زۆر لەگەڵ ڕێکخراوە نێو دەولیەکان بەتایبەتی یونیسێف و ئەو ڕێکخراوانەی ئەمرۆ لە کوردستاندا کار دەکەن، ئەوان لەگەڵ حکومەتی ئێمەدا قسەیان کردووە تاکو شتێ بکرێ، یان دەستکاری ئەو یاسایە بکرێ یان تەمەنەکە لە ٩ ساڵی بکرێتە ١١ ساڵ، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا لە یاسای عێراقی ٩ ساڵ بووە، بە تەئکید ئەوەش بۆ ناوبانگی حکومەتی ئێمە بۆ پەرلەمانی ئێمە بۆ ئەزمونی ئێمە بە باشە دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئێمە بتوانین خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو دروشمانەی کە ئێمە بەرزمان کردۆتەوە، کە دەمانەوێ کۆمەڵگەی شارستانی دروست بکەین ، لەگەڵ مافی مرۆڤین، کە ئێمە لەگەڵ دیموکراسیەتین، کە ئێمە پێبەندین بە بەڵگەنامە نێو دەولیەکان بە تایبەتی لەسەر مافی مرۆڤ، بۆیە من پشتگیریی پرۆژەکەی حکومەت دەکەم کە وەکو خۆی بمێنێتەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پرۆژە پێشنیار کراوەکەی حکومەت لە شوێنی خۆیدایە و پەسەندە ، هەنگاوێکی هاوشان بوونەوەیە بە گەلانی ژیار و ئەو گەلانەش کە مافی مرۆڤ لایان جێ و شوێنی تایبەتی هەیە، بە تایبەتی ئەو تەمەنەی منداڵ تەمەنی تاوان نییە، ئەو تەمەنە بە هەڵە ناو دەبرێ نەک تاوان لەبەر ئەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو شتەدا هەیە، ئەویان سزای گەرەکە تاوان بێ، ئەویان

راستکردنەوە و چاک کردنەوە، لەبەر ئەوە مامەڵە کردن لەو تەمەنە بەرز کردنەوەی لە ٩ بۆ ١١ کارێکی گونجاوە، چاودێری و ڕەچاو کردنی باری کۆمەڵایەتی و دەروون ناسی و لایەنەکانی ترە، لەبەر ئەوە بە شتێکی ڕەوای دەبینین و لە شوێنی خۆیدا هاتووە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز مامۆستا مەلا محسن مفتی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمەش وەکو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بەباشمان زانی دراسەی بابەتەکە بکەین، لەبەر ئەوە پشتگیریی هەر سێ لیژنەکە دەکەین کە داوای دوا خستیان کردوە ئێمەش بە گشتی پشتگیریی ئەوە دەکەین، تاکو بتوانین دانیشتنی لەسەر بکەین، بە چاکی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، لە دوای دراسەیەکەوە بتواندرێ قەرارێکی گونجاو بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕێگا لەوە ناگرێ کە گفتوگۆی بابەتەکە بکرێ، گفتوگۆی بنەماکە بکرێ بڕیاردان لەسەری لەوانەیە بەپێی گفتوگۆ سەیری بکرێ،
بەڕێز کاک د. لطیف

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من لەگەڵ دواخستنی پرۆژەکە دام بۆ ئەوەی زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێ وپرس بەو لایەنانە بکەین کە ئەو گرفتانە ڕویان تێدەکات وەکو دادگا و چەند دادوەرێکی دادگای تاوان و هەندێ لە داواکارە گشتیەکان و هەندێ لە پارێزەران ببینین ئەوان زیاتر تێکەڵی ئەو کێشەیە دەبن، ئەو تەمەنانەی لێرە داندراون لە ولاتانی دەوروبەریش هەر وایە حساب بۆ بلوغ و نزوجی جنسی و شوێنی جوگرافی زیاتر دیاری دەکرێ، بە شودان و ژن هێنان و کامڵ بوونی مرۆڤ لە ناوچە جیاجیاکاندا پشت دەبەستێ بە پلەی گەرمی و شتی تر لەوانەیە لە چەند ولاتێکی ئەسکەندەناڤی ١١ ساڵ بێت و لە ولاتانی دەورو بەری ئێمە ئەو ٩ ساڵەی کە داندراوە بە ڕای من تەمەنێکی چاکە بۆیە پێم باشە دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە هەموو دەمان دەڵێین کە بڕیار و یاساکانی حکومەتی ناوەندی زۆر زۆر توندە لەبەرامبەر هاولاتیان، زۆریش متعسفن، لەوانەشە هەر یەک لەئەندامە بەڕێزەکان لەو هۆڵەدا ئەو ڕاستیە

بزانن، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ دەستی بەکارەکانی کردووە، دەبێ بە چاوێکی تر سەیری هاولاتیان بکات، بە چاوێکی بەزەیی، ئەو منداڵانە منداڵی کوردستانن دەبێت ئینسان بە چاوێکی پڕ بە زەیی تەماشایان بکات و چاکیان بکات. لەبەر ئەوە لە ٩ ساڵ بکرێتە ١٠ ساڵ زۆر زۆر باشترە،حکومەتی هەرێم ئەو پرۆژەیەی پێشکەش کردوە دوای سود وەرگرتن لە رێکخراوەکانی سویدی، هەتا لە شریعەتی ئیسلامیش ١٥ ساڵ تەمەنی جنائی داندراوە واتا لە هی حکومەتیش تێپەر دەبێ، چاکتر وابوو مامۆستایانی بەرێزی ئاینی ئیسلام لەگەڵ پرۆژەی حکومەتدا بان و تەنانەت داوای زیاتریشیان بکردبایە نەک ئەوان گەراندبایانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی.

دوو تێبینیمان هەیە لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسا، دەڵێن **(لقد تبين ان المشروع يفتقر الى الاسباب الموجبة)** وا دیارە باش تەماشای پرۆژەکەیان نەکردەوە، لە اسباب موجبەدا دوای ئیمزای سەرۆکی حکومەت هاتووە دەڵێ:

**(تجسيداً لنظرة وسياسة حكومة اقليم كوردستان ـ العراق تجاه الطفل ومسؤوليتها في تهيأة الظروف التي تتيح له المشاركة على نحو فعال ومبدع في الحياة الاجتماعية والسياسية وتنمية قدراته الفكرية والخلقية والروحية ضمن اسرة متماسكة وضمان رابطة مستمرة ومتواصلة... الخ)** اسباب موجهیەکی زۆر معقول و گونجاو هاتووە.

تێبینی دووەم:

هەر لەراپۆرتی لیژنەی یاسادا هاتووە دەڵێ: **(ان الانسان في سن ١١ يكون مؤهلا لارتكاب شتى انواع الجرائم )** من دەڵێم نە ١١ ساڵ نە ١٢ ساڵ نە هی دیش مؤهل نییە بۆ تاوان کردن، دەتوانێ اغتصاب بکات؟ دەتوانێ بچێ کوشتنی متعمد بکات؟ لەو تەمەنەدا یاسای حکومەتی مەرکەزی ٩ ساڵی داناوە حکومەتی هەرێم کردویەتی بە ١١ ساڵ نەی گوتووە کە زیاتر بێت لیژنەی یاساش گوتویانە کە ١١ ساڵ مؤهەلە بۆ تاوان کردن، ئەوە خۆی لەخۆیدا پشتگیریەکە بۆ پرۆژەی حکومەت، لەبەر ئەوە من پرۆژەکەی حکومەت بە رێک و پێک و گونجاو دەبینم، لەکاتی گفتوکۆکردنیش هەر هەموارێک کرا من بە گونجاوی دەبینم، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رەجەب شەعبان.

**بەرێز رجب شعبان طیب:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من پشتگیریی پرۆژەکەی حکومەت دەکەم لەبەر ئەوەی ١١ ساڵی شتێکی باشە، انسان ئەگەر تەماشای دونیا بکات لەوانەیە هەندێ خاکی گەرم هەبێ وەکو دوورگەی عەرەبی و ئەفریقیا لەوانەیە نزوجی جنسی لە ٩ ساڵی بێت .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام دوو شتی جیایە، نزوجی جنسی شتێکە و عەقلی شتێکی ترە، باسی یاسا و باسی تاوان دەکەین...

**بەڕێز رەجەب شەعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەو نزوجە کار لەوی تر ناکات؟ لەوانەیە لە ٩ساڵی لەوێ شتێ هەبێ ، لەوانەیە لە خاکی سارد کاری گەری هەبێ، لای ئێمە کە لەنێوان گەرم و ساردیە لەوانەیە ١١ ساڵ کەمیش بێت نەک زۆر بێت، لەبەر ئەوەی هەندێ فوقهاء دەڵێن لە دوای ١٥ ساڵی دەکرێ اجراءات لەگەڵ تاوان کار بکرێ، تاوانی دیاری بکرێ، لەبەر ئەوە من پشتگیریی پرۆژەی حکومەت دەکەم ، ١١ ساڵی شتێکی باشە، بۆ؟لەبەر ئەوەی من ئەندامێکی مافی مرۆڤم و پارێزگاری لە مافی منداڵان دەکەم زیاتر لە مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەزمونی ئێمە ئەزمونەکی تازەیە لە هەموو دنیا ، یەک لەوتازەییانە ئەوەیە بنیاد نانی مرۆڤ بە شێوازێکی تازە، بە جیا لەگەڵ تاودانی پێش راپەرین و یەک لەوانەی کە سەربۆری ئێمەی هێناوەتە پێش پاراستنی مافی مرۆڤە، ئاوەدان کردنەوەی کۆمەڵگایەکی شارستانیە، بێگومان ئاوەدان کردنەوەی کۆمەڵگای شارستانی یەک لە بنەماکانی سەرەکی پاراستنی مافی مرۆڤە، بەشێکی گرنگیش لە مافی مرۆڤیش پاراستنی مافی منداڵانە، وەکو ئامانجیش حکومەتی هەرێم وەکو ئەو پرۆژەی پێشکەش کردەوە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤە و مافی منداڵانە و بنیاد نانی کەسایەتی لەسەر بنەمایەکی زانستی، لەبەر ئەوە من پشتوانی پرۆژەی حکومەت دەکەم وهیوام وایە کە بڕیاری لەسەر بدرێ و بۆ بە دیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە حکومەتی هەرێم ئەو پرۆژەیەی بۆ ئامادە کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سەعید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بۆچونی منیش بە بۆچوونی زۆربەی برادەران دەچێ، زۆربەی زۆری وڵاتانی دونیا یاساکانیان دەگونجێنن لەگەڵ یاساکانی مافی مرۆڤ و مافی زارۆکان ومافی کرێکار و ئەوانەی لەو جۆرە، کە تەماشای ئەسباب موجبەی بکەین وەکو کاک جەمیل باسی کرد ئەو وڵاتانە خاوەن خبرەنە خاوەن ئەزمونن اختصاصیان لەناو هەیە، دوای تجروبەیەکی زۆر گەیشتونە ئەو بڕوایە کە١١ ساڵی

باشترین تەمەنە کەوا منداڵ توشی سزا بێت لەبەر ئەوە من دەبینم کەوا ئەو بڕیارە زۆر بڕیارێکی چاکە و لە جێگای خۆیەتی، شتێکمان لە حکومەتی خۆمان دەوێ کە خوێندنی بەزۆر جێبەجێ بکات پەروەردەی مندالان باشتر بە ڕێوە ببات، پتر ئاگامان لە مندالانی خۆمان بێت توشی هەڵە نەبن، بە رای من ئەوە کارێکی باشترە، ئەو ١١ ساڵە گەلێک شتێکی باشە و لە جێگای خۆی دایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز وەزیری ناوخۆ کاک کەریم سنجاری فەرموو

**بەڕێز کەریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئامانجمان لەوە ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی شارستانی بنیاد بنێین، کە هەنگاو بنێین بەرەو کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و مەدەنی دەبێ تەماشای ولاتانی پێشکەوتووی دونیا بکەین، نە ئەو ولاتە هەرێمیانەی کە برادەرێک ئاماژەی پێدا تاکو ئێمەش تەمەنەکە ئەوەندە دابنێین، من دەپرسم ئەو ولاتە هەرێمیانە کامەیان دیموکراتین؟ عێراق بۆ خۆی کە یاسای دانا دەڵێ ٩ ساڵ هەر خۆشی دەڵێ لە ولاتانی تر ئەو تەمەنە زیاترە، عێراق خۆشی ئەو دەرگایەی قەپات نەکرد کاتێ ٩ ساڵی دانا، ئامانج لە سزا رەدع و اصلاحە، چاکسازیە، ئێمە ئەو منداڵە کە، دەبێ اصلاحی بکەین، لە ولاتانی تر کە منداڵ سجن دەکرێ، سجنی اصلاحیان هەیە، ئەو سجنانە وەکو قوتابخانەیەکە بۆ ئەوان،فێری شتیان دەکەن، کە لە زندان دەردەچن بونەتە کەسێکی تر، ئێمە لە کوردستان لەبەر ئەوەی هەموو شتی ئێمە تازەیە لەسەر بنایە، تازە دروست کراوە، لەلای ئێمە ژمارەی تەواوی سجنی نەوجەوانانمان نیە، سجنی مندالانمان بەو شێوەیەی کە ئێمە دەمانەوێ نییە، دوو دەزگاکانی چاکسازی ئێمە ئەو کادرانەی بۆ ئەو مەبەستە بەراستی لە ئاستی داواکراو نییە.، نەیان توانیوە ئەو منداڵانە اصلاح بکەن بەو شێوەیەی کە ئێمە دەمانەوێ، زۆر منداڵ هەیە کە دەچێتە سجن و دواتر کە ئازاد دەکرێ دەبێتە تاوانبارێکی محترف، منداڵی ٩ ساڵی دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی لەخۆی گەورەتر و ئاراستەی دەکات و فێری دەکات و دەست درێژی جنسی لەسەر دەکرێ و استغلال دەکرێ، تەجروبەمان هەیە کە زۆر منداڵ لە سجن دەرچووە فێری مادە بێهۆشکەرەکان بووە، سروشتیە لە سجن فێر بووە ، لەبەر ئەوەی ئەوانەی لەوان گەورە ترن لە سجن کۆنترۆلیان دەکەن ،منداڵ پێویستی بە خێزان هەیە، لە کۆمەڵگایەکی خێزانی هەستێ و دانیشێ، بۆیە ئێمە ئەو منداڵە داخلی سجن دەکەین تاکو لەگەڵ خێزانەکەی هەمئاهەنگی بکرێ ئەو منداڵە بدرێتەوە بە خێزانەکەی، تەربیەت بدرێ،بەو صفەتەی کە ئێمە وەکو حکومەت داوامان کردووە بکرێتە یاسا، ١١ ساڵی تەمەنێکی گونجاوە، لەو قۆناغەدا پێویستشمان پێیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز شـێخ یەحـیـا عـبـدالکریم بەرزنجی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

وەکو لیژنە ئێمە رامان داوەو قەناعەتیشمان بە راکەمان هەیە بەڵام دەمەوێ هەندێ روون کردنەوە لەسەر ئەو بابەتە بدەم، ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ بەهەموو هەستمان لەگەڵ داکۆکی کردنین لە مافی مرۆڤ بەتایبەت لە مافی منداڵان، با بەڕێزان وانەزانن کە ئێمە لەگەڵ ئەو یاسایە نین، بگونجێ و بڕیاری لەسەر بدرێ لە کوردستانی عێراق، نەخێر ئێمە بەتەواوی پشتگیری لێ دەکەین ، و بروای تەواومان پێیەتی و داکۆکی لێدەکەین، بەلام بەڕێزان هەر منداڵی ئێمە بوو چەند ساڵێ پێش ئێستا لەناو هەولێر دەیان دزین و استغلالیشیان دەکردن و دەیان کردنەوە بە دووژمنی خۆمان، ئەوە سنورەکەمانە ئیستا تاقمێک جا بەناوی هەر شتێ بێت لایەکی کوردستانی داگیر کردووە و هەر بە منداڵ هەرەشەمان لێدەکات، منداڵی ئێمە هەن ئێستا لە ژێر دەسەلاتی بەعسی بە جۆرەها شێوە استغلالیان دەکات، تەنانەت دەتوانێ بینێرێ و بیتەقێنێتەوە،منداڵمان هەیە ئاوارەن بێ دایک و باوک لە ئێران لە تورکیا بەشوێن نانداَ دەگەرێ، بەلام دووژمنان استغلالیان دەکەن تاکو بێن ببن بە دووژمنی ئێمە و میللەتەکەی، ئێمە سەد لەسەد لەگەڵ ئەو بریارەین بەلام ئیمە داوایەکمان هەیە ، دوای ئەوەی لەگەڵ لیژنەی یاسا کۆبووینەوە لەگەڵ نوێنەری حکومەت پەیوەندیمان کرد، هەموو ئەندامانی لیژنە رایان وابوو کە زیاتر لەو بابەتە بکۆڵینەوە، تاکو زیاتر دراسەت بکرێ زیاتر پەیوەندی بکرێ بە لایەنە پیوەندی دارەکانی ئەو بابەتە، ئینجا باس بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەراستی رای شێخ یەحیا لەگەڵ بۆچوونی من ناگونجێ، باشە ئەگەر دوژمنان منداڵی ئێمە وا بەکار بێنێ دەبێ ئێمە منداڵی خۆمان بخەینە سجنەوە؟ پێویست وایە هەر لیژنەیەک بەپێی تایبەتمەندی خۆی بۆ بابەتەکە بچێ، من حەزم نەدەکرد ئیستا ئەو ئاماژەیە بدەم بەتەما بووم لەگەڵ هەر لیژنەیەک بە تەنها دابنیشم ،بۆ نمونە پێویستە لیژنەی مافی ئافرەتان کە پرۆژەیەکی دێتە بەر دەست تەماشای لایەنی پەیوەندی دار بە مافی ئافرەتان بکات، لە بەرچاوی مافی ئافرەتان رای خۆیان دەربڕن ، لیژنەی یاسایی دەبێ لەلایەنی یاساییەوە تەماشای بکات، ئەوقاف لەلایەنی دینیەوە، مافی مرۆڤ لەلایەنی مافی مرۆڤ تەماشای بکات پێش هەمووشیان مافی منداڵان، بەبێ هیچ اعتباراتێکی تر بەبێ هیچ لێک دانەوەیەکی تر، ئەمەش ئەوە ناگەێنێ کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر نەکەین و هەر کەسەو رای خۆی دەرنەبڕێ، بەلام کە را وەکو لیژنە درا دەبێ دیاری کراو بێت بە ئەرکی ئەو لیژنەیە، ئەرکی لیژنەی کشتوکاڵ کشتوکاڵە، دیاری کراوە و پیشەیی و سنوری بۆ داندراوە، بەلام بەداخەوە دەبینم لەوە دەر دەچن بەناوی لیژنە بەلام بەناوی ئەندامی پەرلەمان هەر کەسەو مافی خۆی هەیە کە رای شەخصی خۆی لەبارەی هەر بابەتێک، ئەوە رای لیژنە نییە، ئەو کاتە رایەکی شەخصییەو گفتوگۆیەو داخلی دەروازەی گفتوگۆ دەبێ، بەس رای

لیژنه رایەکی رسمیه دەبێ لە سنوری ئەرک و دەسەلاتەکانی کە بۆی دیاری کراوە دەر نەچن، ئێمە حەزمان کرد کە باسی ئەو بابەتە بکەین، جارێ بە شێوەیەکی گشتی کە ئینسان باسی مافی مرۆڤ دەکات باسی دیموکراتی دەکات ماف و ئازادی و سەربەستی دەکات تەوەرێکی سەرەکی مافی منداڵە،روکنێکی هەرە سەرەکی لەهەموو کۆمەڵگاکانی دونیا لەهەموو ئەدیانە ئاسمانیەکان، مافی منداڵە کە دەبێ بیپارێزی، بەتەئکید منداڵێ منداڵ بێت بە خستنە ناو سجنەوە ناپارێزرێ، ئەوە روکنێکی چەسپاوە، ودیاری کردنی تەمەنی منداڵ، ئەو منداڵەی کە حەقی لەسەرە وەکو تاوانبارێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، پێویستە زۆر بە وردی و زانستیانە لێک بدرێتەوە، بابەتەکە بابەتێکی عەقلیە، ئایە رادەی عەقلی ئەو منداڵە ئەوەیە کە خۆی پاڵنەری تاوانەکەیە، کە خۆی بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی ئەو تاوانەی کردووە؟ و بەتەنها توانای ئەوەی هەیە کە ئەو تاوانە بکات؟ یان پاڵنەرێک هەیە ؟ یان لایەنێک هەیە استغلالی دەکات؟ و بەکاری دەهێنێ ئەو لایەنەی ١١ ساڵ بەکار دەهێنێ ئەو لایەنە دەتوانێ ٩ ساڵیش بەکار بێنێ دەتوانێ ٧ ساڵیش بەکار بێنێ تەنانەت دەتوانێ منداڵی ناو بێشکەش بەکار بێنێ و بۆمباکە بخاتە ناو بێشکەکەوە، ئێمە وەکو دەزگایەکی دیموکراتی ئەرکمان ئەوەیە کە ئەو شتانە جیا بکەینەوە بە دادوەرانە سەیری بکەین، لەئەنجاما کارێ بکەین کە خەڵک پێمان بڵێن ئافەرین، خەڵکی پێمان بڵێن ئەوانە دەیانەوێ خزمەتی میللەتی خۆیان بکەن، ئەوانە مراعاتی منداڵ دەکەن، مراعاتی ئافرەت دەکەن، مراعاتی زەعیف دەکەن، و بەپێی یاسا ماف دەدەن بە بەهێزیش، من موتە ئەکیدم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان باش دراسەتی ئەو بابەتەی کردووە و هەموو لایەنێکی لێک داوەتەوە، ئەگەر بە وردی ئەسبابی موجبەی ئەو یاسایە بخوێنینەوە، زۆر بە روون و ئاشکرایی ئاماژەی بە هەموو شتێ کردوە، من رام وابوو کە پرۆژەیەکی وا بێتە گۆڕێ هەموو بیان کۆتبا نەک ١١ ساڵ بەڵکو داوای ١٤ ساڵیان بکردبا، لەبەر ئەوەی زۆر ولات هەیە پاش ١٧ ساڵیە، پاش ١٧ ساڵی ئینجا دادگایی لەسەر دەبێ، تاکو ١٨ ساڵی تەواو نەکەی مافی ئەوەت نییە کە دەنگ بدەی، بە بڕیاری ئەو پەرلەمانە بە بڕیاری ئەو کەسانەی کە ئەو پەرلەمانەیان داناوە، ئەگەر تەمەنێکی دیاری کراوت نەبێ بۆت نییە پلەو پایە وەرگری یان ببی بە ئەندامی پەرلەمان، بۆ نمونە ئەندامی پەرلەمان تەمەنی بە ٣٠ ساڵ دیاری کراوە، ئەوانە چەند بابەتێک بوو پێویست بوو ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان بیان زانین، حەق وا بوو زۆر بە گەرمی بەرەو پیری ئەو بابەتە بچین و مافی خۆشی بدەینێ لەبەر ئەوەی ئەوە بەرزییە بۆ پەرلەمانی خۆمان، تۆ بێیت مراعاتی منداڵی خۆت بکەیت و لەو مەرگەساتە رزگاری بکەی، کە مەجبوری کەیت بەپێی یاسا داخلی سجنی کەیت، بیدەیتە دەست یەکێکی تر کە هەست بە لێپرسراویەتی نەکات،عەمەلیەن کەسیان هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکەن بەرامبەر بە منداڵ ، سجنەکانی ئێمە هیچیان سجنی چاکسازی نین، تۆ دێیت کۆمەڵێکی گەورە کە داهاتووی ولاتەکەت تا رادەیەک لەسەر شانی ئەوانە دێیت لەو مصیرە نادیارە رزگاری دەکەیت ، لەناو ماڵی خۆی لەناو کەس و

کاری خۆی بوارێکی دەدەیتێ تاکو باشتر پێبگات، ئەوە دەست کەوتێکی گەورەیە بۆ پەرلەمان و بۆ حکومەت و بۆ هەموو گەلی کوردستان، ئەو بابەتە ٢٠ رۆژ زیاترە هاتووە ماوەی ٢٠ رۆژە دراسەی دەکەن، ئەی سێ رۆژی تر دراسەی دەکەن؟ ببورن کە ئەو قسانەم کرد کاک فەرسەتیش ناوی خۆی نووسیبوو تاکو قسەبکات بابفەرموێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عبداللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

جەنابتان باسی ئەوەتان کرد کە تاوان دەرئەنجامی کۆمەڵێ هۆکارە ،ئەو راستییە لە لای یاساناسەکان باش دیار و ئاشکرایە، لەبەر ئەوەی یەکێ لە وانەی خوێندنیانە، سەبارەت بە برادەرانی تریش بە رای من لایان روونە، ئەگەر بێت و تەماشای ئەو توخمانە بکەین کۆمەلایەتی و ئابووری و تەنانەت بۆماوە و سیاسی و واقعی کۆمەڵگاکە منداڵ دەبێتە لاوازترین توخم تاکو بتوانێ بەرگەی ئەو توخمانە بگرێ، کاتێ منداڵێک ١٨ ساڵی نەتوانێ بەرگەی تاوان بگرێ ئەی لە ١١ و ٩ ...هتد چۆن دەتوانێ بەرگەی ئەوە بگرێ، سەد لەسەد دەبێتە زەحیەی ئەو تاوانە، ئێمە بێین بە تەواوی ئەو بەرپرسیاریەتیە بێخینە سەر شانی یەکێ تەمەنی لە ٩ساڵ زیاتر بێت، دوور نییە بۆ رژێمێکی نا دیموکراتی گونجاو بێت، بەلام سەبارەت بە ئێمە وەکو جەنابتان باستان کرد، نزامێکین بەرەو دیموکراسیە و مافی مرۆڤ و شارستانی دەرۆین پێویستە نەگونجێ، ئەوەش شتێکی بەدیهیە.

دوو. رێز و تەقدیرم بۆ رای هەموو برادەران من حەزم نەکرد لیژنەی مافی مرۆڤ داوای دراسەت کردنی بکردبا ، من حەزم کرد بەو شێوەیە خۆی نیشان بدابا کە پێش وەخت دیدێکی لەو بابەتانە هەیە، بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە پرۆژەکە ئامادەبێت بۆ گفتوگۆ یان هەر نەهاتبێتە پەرلەمان، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی ئەو لیژنەیەیە، لەبواری تایبەتمەندی خۆیان شارەزاییەکیان هەیە، هەروەکو کشتوکاڵ لەسەر کشتوکاڵ تصوریان هەیە ودارایی لەسەر دارایی تصوریان هەیەو یاسا لەسەر یاسا تصوریان هەیە، پێویست بوو لیژنەی مافی مرۆڤیش شتێکی وایان پێشانی ئێمە دابا کە ئەوانیش تصورێکی باشیانێ لە بارەی مافی ئافرەت و مافی منداڵ و مرۆڤ هەیە ،خەلفیەی ئەو پرۆژەیە هەر وەکو من ئاگادارم زیاتر لە ١٠ رێکخراوی جیهانی داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوە، ئەو یاسایە بگونجێنن لەگەڵ تەوەرەکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ لە دونیادا، پێمان دەڵێن ئەوە لە بەرژەوەندی ئەزمونی ئێوەدایە، لەناو ئەو رێکخراوانە دوو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانن کە یونسکۆ و یونیسێفە ،سەبارەت بە یاسای احداث، بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئاماژەی پێکرد رژێمێک کە ئێمە دەزانین کە نزامێکی دیموکراتی نییە، راستە لە ٧ ساڵ کردی بە ٩ ساڵ بەلام با بۆتان بخوێنمەوە کە لە ئەسباب موجبە چی هاتووە، واتا ئەسباب موجبەی یاسای احداثی ساڵی ١٩٨٣ کە ژمارەکەی ٧٦ ە دەڵێ: ( وفي مجال قضاء الاحداث

جاء القـانون باحكام جديدة تناولت اجراءات التحقيق والمحاكمة وقد رفع القـانون الحد الادنى لسن المسؤلية الجنائية الى تمام التاسعة من العمر مراعيا في ذلك اعتبارات تتصل بعدم ادراك الحدث دون هذه السن لطبيعة فعله المخالف للقانون وعدم قدرته على الاستفسار،وقد تماشى القانون في ذلك مع الاتجاهات الحديثة التي ترفع ـ تەماشـای ئەوە بکەن ـ السن الجنائيـة الى اكثر ) یاسای حکومەتی بەغداد ئەوە دەڵێ (مع الاتجاهات الحديثة التي ترفع السن الجنائية الى اكثر ) ئەگەر ڕژێمێک وا دان بەوە دابنێ، بۆ من ادعای دیموکراتی بکەم و تەسلیمی ئەو ڕاستیە نەبم، لایەنێکی تر هەیە لە هەڵسوکەوتی شارستانی، هەمومان دەزانین یەکێ تەمەنی ١٦ ساڵ بێت، ڕاستە پاش ١٥ ساڵ دادگا مافی ئەوەی هەیە کە مۆڵەتی بداتێ تاکو مامەڵەی بازرگانی بکات، بەلام تەمەنی یەک ڕۆژ لە ١٨ ساڵی کەمبێت ناتوانێ کڕین و فرۆشتن بکات حەقی نییە سوکنا بکرێ و لە دائیرەی تۆماری عەقاری تۆماری بکات ، پێویستە بەرپرسیاریەتی دادگەری ئاراستەی یان موصی یان وەلی یان قیم بکرێ ئەوانە نوێنەرایەتی ئەو مرۆڤە بکات لە بەرامبەر دادگا و لایەنی ڕەسمی من دەپرسم کامە بەرپرسیاریەتیە ترسناک ترە مسؤلیەتی جەزائی یان مسؤلیەتی مەدەنی ، مەسؤلیەتی مەدەنی ترسناکی تێدا نییە زۆر زۆر مسؤلیەتێکە ابطال دەبێ یان قەرەبوو دەکرێتەوە لە کاتێکدا مسؤلیەتی جەزائی توشی حوکم دەبێ، دەچێ لەناو سجن وەکو بەرێز وەزیری ناوخۆ گوتی فێری تاوان دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەو دەزگایەمان نییە کە وای لێبکات کە سەدا سەد اصلاح بێت و تێکەڵی کۆمەڵگا بێتەوە، من کۆمەڵێ ڕاپۆرتم لا هەیە لەو بارەیەوە پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵێ ڕێکخراو کرد کۆمەڵێ لەو ڕاپۆرتانەیان بەمن دا کە هەموویان انگلیزینە و وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی هەر هەموو تاکیدی ئەوە دەکەن کە ئاراستەی جیهانی نوێخوازی، بەتایبەتی ئەوانەی داوای دیموکراتی دەکەن وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد، مەسؤولییەتی جەزائی لایان لە ١٥ ساڵ زیاترە ئەو دە ڕێکخراوە خۆیان داوایان کرد بوو کە تەمەنی مسئولیەتی جەزائی بکرێتە ١٥ ساڵ نەک ١١ ساڵ، حکومەت تەماشای کرد کە ڕێژەیەکی ناوەندی دانێ نەک بە بازێک چاو لە ولاتان بکەین وکو برادەران باسیان کرد و ڕەچاوی باری خۆمان بکەین و وردە وردە بچینە پێش پێشنیاری زیاد کردنی دوو ساڵیان کرد، من ناڵێم سلبیە یان ایجابیە بەس من دەڵێم ایجابیاتی زیاترە، ئەگەر بێت و برادەرێک بە من بڵێ ١١ ساڵ سلبیاتی هەیە من بۆی دەسەلمێنم کە هەمان سەلبیات بۆ ٩ ساڵیش هەیە بۆ ٧ ساڵیش هەیە، کەواتە ئەو سەلبیاتانە محصور نییە بە تەمەنی ١١ ساڵی محصورن لە تەمەنی ئەو توێژە کە توشی مسؤلیەتی جنائی دەبن، ئەگەر بوارم بدەن ، ئەو ڕاپۆرتە هی د. ستیڤان مۆینسە کە دکتۆری تایبەتمەندی مندالانە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سندسفالی سویدیە ٣/ مایس /١/ ٢٠٠١ نووسیویەتی باسی پێشکەوتنی بەدەنی و ئەخلاقی دەکات دەڵێ:( السؤال عن متى يصل الطفل النضوج الاخلاقي والفكري، من الجانب الجسمي ، لان النمو والتطور الجسمي يستمر بشكل متوازي مع التطور الفكري وكلاهما مترابطان ومن السهل قياس النمو و التطور الجسمي

وهناك مجموعة كبيرة من المصادر والمراجع حول هذه العمليات في اجزاء كثيرة من العالم وبين مجموعات كثيرة من العمليات و مراحلها محدد وراثيا هذا صحيح بنسبة الطول حسب العمر وأيضاً بالنسبة للعمر حسب حدوث بعض الحوادث المهمة، الطمث، الدورة الشهرية الاولى، و نفس الشئ ينطبق على التطور الجنسي لدى الاولاد ، البرمجة الوراثية متاثرة كثيرا بالعوامل البيئية، الوضع الاقتصادي و الاجتماعي السيء يؤخر نمو الطفل والعمر لهذه الحوادث ، مثال تاريخي جيد هو كيف أصبح الاطفال تدريجيا اكثر طولا و ابكر في النضوج الجنسي عندما انتقل سويد من الفقر الى الثراء خلال ١٥٠ سنة الماضية، توجد اختلافات وراثية بين المجتمعات الكبيرة، البنات قرب الاسطنبول و البنات في جنوب الهند لديهن قابيلة وراثية للنضوج المبكر وهذه الاختلافات تصبح واضحة فقط عندما يكون الوضع الاجتماعي و الاقتصادي متساوي وجيد في الاوضاع الاخرى يجعل العامل الاجتماعي والاقتصادي العامل الوراثي اقل وضوحا ،في الولايات المتحدة البنات من الجذور الافريقية تنضج من عمر ابكر من البنات ذات الجذور القوقازية، ولكن لايوجد محور الشمال والجنوب .ببساطة بنات السويد تنضج قبل بنات اثيوبيا بسبب الوضع الاجتماعي والاقتصادي اكثر مما يكون بسبب العوامل الوراثية اذ لم يكن هناك معلومات او بيانات مضبوطة تظهر النضوج المبكر بين الاطفال الكورد بشكل خاص فانا اخمن بان الوضع السياسي والاجتماعي والاقتصادي القاسي في العقود الاخيرة يؤخر نضوجهم بغض النظر عن العوامل الوراثية وهذا النضوج الجسمي المتأخر من الممكن ان يؤخر نضوجهم من الناحية الفكرية و الاخلاقية ويمكن ان يكون لها تطبيقات تشريعية). له راپۆرتی ماریان سیدر بلاندا هاتووه كه پروفیسوره له تایبەتمەنی پزیشكی دەروونی مندال و هەرزەكاران له زانكۆی ام یو له سوید دەڵێ:( التطور الاخلاقي حسب بحث لورنس كولبير پروفيسور في مركز التعليم الاخلاقي في جامعة هارڤرد في الولايات المتحدة الامريكية بحثه معروف و مقدر و بشكل واسع واثبت من قبل عدد كبير من الباحثين الاخرين يمر التطور الاخلاقي بمراحل مختلفة مع نمو الطفل المستوى الاول الاخلاقية قبل التقليدية ٤ سنوات الى ١٠ سنوات من العمر يتصرف الطفل حسب القيم المقبولة اجتماعياً لانه قيل له ان يتصرف كذلك من قبل الوالدين او المعلمين. المستوى الثاني الاخلاقية التقليدية ١١ سنة الى ١٣ سنة من العمر يتصرف الطفل حسب القيم المقبولة اجتماعيا كي يتجنب الرفض والاستنكار من قبل الاخرين وكي لا ينتقد من قبل السلطة. المستوى الثالث الاخلاقية ما قبل التقليدية المراهقة والبلوغ والرشد تقيم القيم الاخلاقية في المبادئ واحترام الاوامر الاجتماعية والعيش تحت القوانين محدد تشريعيا، قبل المستوى الثاني بمعنى من ١١ سنة الى ١٣ سنة ليس للطفل مفاهيم أخلاقية داخلية ويتصرف كما قيل له من قبل الوالدين يتطور المستوى الثاني عاجلا او اجلا معتمدا على استمرارية التربية الاخلاقية للطفل، اذا كان الوالدان غير مستمرين او لم يعطيا اي توجيهات أخلاقية للطفل فسيتأخر التطور وهذا هو

الحال تقريباً دائماً في العوائل التي يصبح الطفل فيها جانحا ،اذا كان لدى الطفل قابلية الذكاء منخفضا او كان اندفاعيا وهذا هو الحال غالباً في الاطفال الجانحين فسوف يتأخر التطور الاخلاقي ايضا ، اذن خصائص القدرات الشخصية و وظيفة العائلة تؤثر على التطور الاخلاقي الذي تاخر. القابلية الحقيقية لتفهم السلوك الاخلاقي يتطلب بان الفرد الذي ينمو قد وصل الى المستوى الثالث والذي لم يحدث حتى المراهقة، لذلك يجب ان لا يكون عمر المسؤلية القانونية اقل من ١٥ سنة اذا اخذنا بنظر الاعتبار الاكتشافات العلمية واكتشافات علم النفس في السويد والدول الاوربية الاخرى والمسؤلية القانونية تكون في عمر ١٥ سنة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە هەر بۆ روون كردنەوە بوو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

ئەوەی تر هەرچەندە كاك كريم ئاماژەی بۆ كرد، ئەوەی تر دەڵێ :( البحوث حول العلوم الاجرامية اظهرت بان وضع الشباب في السجن يزيد من احتمالية استمرارية سلوكه الاجرامي كلما طالت مدة البقاء في السجن كلما ساءت النتيجة والاسباب هي التي يمكن ذكرها ادناه:

* العلاقات العائلية تدمر .
* خسارة الوقت المهم للتعليم و التدريب المهني خارج السجن .
* اعطاء لقب الخارج عن القانون (جانح او مجرم).
* زيادة المهارات الاجرامية مكتسبة من الزملاء الاخرين في السجن ..
* الاعتداء الجنسي من زملاء اكبر سنا في السجن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسەی تێدا بكەن با دەستیان بەرز بكەنەوە، بەڕێز كاك ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عبدالقادر دوغرمچی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن. ئێمە بە چاوێكی زۆر ئاسان لە (٩) ساڵ بیكەینە (١١) ساڵ بەبێ دیراسەت حەز ئەكەم پێشنیاری ئەو پرۆژەیە وەزارەتی پەروەردەیە هەتا ئەنجومەنی وەزیرانیش دەبایە بچێتە وەزارەتی داد لە تدوین قانونی لەگەڵ پسپۆرە قەزاییەكان لەگەڵ حاكمەكان دیراسە بكرێتن چاكەكانی وخراپییەكانی لە (٩) ساڵ بكرێتە (١١) ساڵ چەندە چەند نییە ئەوا بەبێ ئەوەی بە ڕێگای وەزارەتی داد و تدوین قانونی دابچێت یەكسەر هاتۆتە پەرلەمان بە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیران، دوو لەسەر تێبینیەكەی كاك شێخ مادام عدم مسؤلیەی دارایی (٩) ساڵە مانای منداڵ لە (٩) ساڵ كەمتر لە سجن نابێت وئێستاش تەنها ئەگەر دایكی تاوانێكی كردبێت دایكی لەگەڵ خۆی بیباتە سجن بەلام بۆ تاوان منداڵ لە (٩) ساڵ كەمتر لە

سجن نییە لەبەر ئەوە من پشتگیریی لە هەر یەک لە ئەندامانی لیژنەی یاساییم لەسەر رای خۆمانین وپشتگیریی لیژنەکان دەکەین حەز دەکەم دیراسەتێکی باش بکرێت با تەحدیدی چاکیەکانی وخراپیەکانی بکەین دوایی موراعاتی زروفی خۆمان بکەین لێرە ئێمە ناتوانین خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ سوید یان لەگەڵ هۆلەندا یان فەرەنسا لە هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا ئێستا تەمەنی پێگەیشتن (٢١) ساڵە جێگای سارد هەیە وجێگای گەرم هەیە پێگەیشتنی منداڵ لە جێگا یەک بۆ جێگایەکی تر جیاوازی هەیە ئەگەر گەشە لە جەستە بکرێتن لە فکریش دەکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک حمید میران فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،** من پشتگیریی لە پێش هەموان لە قسەکانی وەزیری ناوخۆ دەکەم چونکە منداڵ لەو تەمەنە کەمە بچێتە سجن ئەبێ بە هۆی ئەوەی لە عنصرێکی بەکەلکەوە ببێتە عنصرێکی بێ کەلک و لەم تەمەنە کە بووە عنصرێکی بێ کەلک مانای ئەوەیە زەرەرێکی ئابووری وکۆمەڵایەتی ورۆشەنبیریە لە کۆمەڵگای ئێمە دەکەوێت و حەق وابوو کە ئەم یاسایە خوێنرایەوە هۆیە چاکەکانیشی لەگەڵ بخوێندرێتەوە ئەگەر یارمەتیم بدەن ئێستا سێ دێری کۆتایی هۆیە چاکەکان بخوێنمەوە بۆ ئەوەی وەکو بەڵگەیەک:

وتمشياً مع الاتجاهات السائدة في دول العالم المتقدمة في مجال رعاية الاحداث لوقايتهم من الجنوح ومعالجة ما يتعرضون له من إنحرافاتٍ وجنوح ولكي تكون احكام قانون رعاية الاحداث اكثر إنسجاماً مع احكام الاعلان المتعلق بألمبادىء الاجتماعية والقانونية والمتصلة بحقوق الاطفال ورعايتهم واحكام اتفاقية حقوق الطفل المعتمدة من قبل الامم المتحدة والنافذة في ٣/ايلول/ ١٩٩٠، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،**

بەراستی نازانم وەک ئیشارەت کرا لە دەستەی سەرۆکایەتیەوە لیژنەی مافی مرۆڤ زۆر بە ساکاری وئاشکرا وەڵامی داوە، یەک: دەڵێ دوای دوو کۆبوونەوەش دوای چاوپێکەوتنیش لە گەڵ سەرۆکی پەرلەمان دوای ئەوەی لە گەڵ لیژنەی یاسایی لە گەڵ نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران ئێمە بەنیسبەت خۆمانەوە کە لیژنە بەو دەقە دامانناوە وەک لیژنەی مافی مرۆڤ پشتگیریی لە گشت بڕیارەکان دەکەین کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ بکات و بەتایبەتی لە پاراستنی مافی منداڵان هەروەها بەباشی دەزانین یاساکانمان بگونجێت لە گەڵ یاسا نێودەوڵەتیەکان زۆر بە سەراحەت.

دوو: ئێمە بە گوێرەی خۆمانەوە دوای پەیوەندی کردن لە گەڵ لیژانەکان و، معلومات لە دادوەر وەهەتا بە گوێرەی سجنی ئەحداسیش کە ئەوانەی زیاتر کێ لەو تەمەنانەن کە لە سجن بابەتی تاوان زیاتر لە نێوان ساڵی (١٠ بۆ ١٥)یە ئێمە لەبەر ئەوە لە بەشی دووەمی کفتوگۆیەکە ووتمان مەجال زیاتر بدرێت لیژانەکانیش قەناعەت بکەن ئێمە لە ناو لیژنەی مافی مرۆڤ دوو رامان هەبوو وەهەردوو رایەکەش پێشکەش کرا بە بەڕێز کاک شێخ پێشکەشی کرد وەهەروەها بەڕێزیش کاک رەجەب. یەکێک لە گەڵی دابوو یەکێک تەحەفوزی هەبوو بەڵام کە لیژنە ئێمە رای خۆمان داوە زۆر بە سەراحەت ئێمە پشتگیریی ئەو یاسایە ئەکەین ئێمە هەر شتێک لە خزمەتی کوردستاندا بێت بەرەو پێشکەوتنی کوردستان بێ ئێمە لە گەڵی داین لەبەر ئەوە من هەستم کرد زیاد لە خۆی تەرکیز کرایە سەر لیژنەی مافی مرۆڤ کە زەمبیشی نییە ئێمە لە گەڵ قسەکانی وەزیری ناوخۆین ولە گەڵ هۆیە چاکەکانین ئەنجومەنی وەزیرانیش کە پێشی دوو رۆژ پێمان گەیشتووە ئێمە خۆمان هاتینە لای سەرۆکی پەرلەمان ووتمان پێی پێمان خۆشە هۆیە چاکەکانمان بۆ بنێرن لە ٨/ ١٠ گەیشتە دەستمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەی داواتان کرد کەی لە من داواتان کرد و کەی پێتان گەیشت.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لە ٧/ ١٠ داوامانکرد لە ٨/ ١٠ گەیشتە دەستمان مانای ئەوەیە ئێمە بە نیسبەت خۆمانەوە ئەوەندەی دەڵێم حەق نەبوو بەم شێوەیە بە نیسبەت لێژنەی مافی مرۆڤ وەکو ئەوەی دژی پرۆژەکەیە کە کاتێک ئێمە زۆر بە سەراحەت گوتومانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مادام پشتگیریی پرۆژەکە دەکەن، بەڕێز مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا محسن خالد مصطفی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێمە وەک لیژنەی ئەوقاف کە داوامان کرد کە دوا بخرێ نەک وەکو ئەوەی کە کاک جمیل باسی کرد کە ئێمە رەدی ئەکەینەوە دوا خستن جیایەو رەدکردن جیایە لەوانەیە ئەگەر لەروانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە سەیری بکەین باسی تەکلیف ئەکات باسی منداڵ ئەکات، منداڵ هەیە غیر ممیزە منداڵ هەیە ممیزە ئەوەی لەتەمەنی یەک ساڵەوە تا حەوت ساڵ ئەوەیە کە چاک وخراپە لەیەکتر جیا ناکاتەوە ئەوە منداڵی غیر ممیزە ئەوەیش کە هەر بەمنداڵ حساب دەکرێت تا ١٥ ساڵ کۆمەڵی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوەن کە حسابێکیان بۆ دیاری کراوە کە ئەمانەش هەر بە منداڵ ناوبراون حددی تکلیف لەئاینی پیرۆزی ئیسلاما تەمەنی بلوغە زۆربەی زۆری زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوەن تەمەنی بلوغ نەبێت نە تەکلیفی خوایی لەسەرە نە عقوبەش دێتە سەریان بەس ئێمە داوا دەکەین ئێستاش هەر داوا دەکەین کە دوا بخرێ بۆئەوەیە کە لەوانەیە ئێمە رازی نەبین بە (١١) ساڵ لەوانەیە ئێمە بەپێی رەئی لیژنەکەمان پێمان باشتر

بێت کە دراسەیەکی زیاتری بکەین بزانین شەریعەتی ئیسلام چۆن پەروەردەی منداڵی کردووە وچۆن ئەیپارێزێت وچۆن پارێستویەتی و، ئەوەندەی ئەمەش ئاگادار بین لە هەموو کاتی فەرمانرەوایی دەسەلاتی ئیسلامیا منداڵ سجن نەدەکرا تەنها بە «تعزیر» نەبێت مانای ئەمە پێویستی بە دیراسەت کردن هەیە بۆ رەفز کردن نییە بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەیە ولەبەر ئەم هۆیە بوو من حەزم کرد قسان بکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرسەت دەفەرمویّ موافەقە لەسەر (١١) بکەن بۆ زیاتر خوا کەریمە مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەرێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، هەر چەندە ئەم پرۆژەیە کاتی خۆی نەدرا بە لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی کە وەکو لیژنە رای خۆی لەسەر بدات هەر کەسێ حەقی خۆیەتی کە رای خۆی دەربڕێت من لە سەرەتا پرۆژەکە تا کۆتایی پرۆژەکە لە گەڵ پرۆژەکەم وەکو شەخص و، حەز دەکەم روونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم لای فوقهای ئیسلام کەمترین تەمەن بۆ مرۆڤ (٩) ساڵە عێراق لە کاتی خۆی بۆیە وای کردوە وبۆ نێر کەمترین (١٢) ساڵە من حەز ئەکەم (١١) بکەنە (١٢) بەراستی ورای ئێستام بێگومان ئەو دەڵێ (لا تقام الدعوی الجزائیة في إقلیم کوردستان العراق علی من لم یکن وقت ارتکاب الجریمة قد اتم الحادیة عشرة من عمره) ئەمە ئیجحافە بە حەقی منداڵ (لا تقام الدعوة الجزائیة) لە ئیسلاما (علی من لم یکن وقت ارتکاب الجریمة قد اتم ١٥ من عمره) ئەوا رای فوقهای ئیسلام ئەوەیە حەز ئەکەم روون بیبێتەوە ئیسلام ماوەی لەسەر دوو شت داناوە (الأدراك والأختیار) إنعدامي إدراك من ولادتها الی (٧) ساڵ ئەویش فوقەها دایان ناوە إدراکی ضعیف لە (٧ بۆ ١٥) مانای لەم بەینە هیچ تاوانێک جنایەت روونا کاتە هیچ لایەکیان نە پێش حەوت و نە دوای (٧ تا ١٥) بەلام تا پێشی حەوت هیچ تاوانێکی جنایەت لەسەری نییە تەبعەن ئەگەر پیاویش بکوژێت بەلام حەقی مەدەنی لەسەرە با منداڵیش بێت لە (٧ تا ١٥) هەمان شت حقوقی مەدەنی لەسەرە بەلام هیچ کاتێک ئاسانکاری ناکرێت سزای نادرێت ئەو سزایانەی هاتووە لە سزاکان یان سزایەکی شەرعی یان تەئدیب بە شێوەیەکی تر نادرێ هەتا ئەگەر خراپترین تاوانیش بکات جا لای فوقەهای ئیسلام ئەقەلی بلوغ (١٥) ساڵە لای ئەبو حنیفە (د.خ) ئەفەرموێ (١٨) ساڵە مانای (١٨) ساڵ کاری پێدەکەن لە وولاتانە لێرە لە میسر لای ئەبو حنیفە(د.خ) لە گەڵ مالیک کە رەئیەکیان هەیە دەڵێن بۆ پیاو (١٩) بۆ ئافرەت (١٧) من لەبەر ئەوە لە گەڵ ئەمەی کە ئێستا هەیە دەنگ نەکردنەکە خوا نەخواستە لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە رازی نین لێی تەنها لەبەر ئەوەیە ئیشارەتێک بدەین لەسەری بە نیسبەت ئەگەر بتەوێ ئەم یاسایە سەرەیانی بکات یاسای رعایە ئەحداس ناوەکەی خۆی زۆر پیرۆزە خۆزگە رعایە بکرابایە هەر ناوێکی رووت نەبوایە ئەگەر بشمانەوێ سەرەیان بکات ئەبێت ماددەکانی تریش هەندێکیان

گۆرانکاری تێدا بکرێت بە لای کەمەوە مادده شەش لە یاسای رعایە ئەحداس حەز ئەکەم تەماشای بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر سەرەیان بێت ئەبێ لەو ماددەوە ماددەکانی تریش کە پێویست دەکات بۆ ئەوەی دەستکاری بکرێت هەر هەمووی بە یەک جار بۆ ئەوەی کەوا کاری هەبێت، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن پێم وایە ئەگەر تەماشای رەئیەکان بکەین هەمووی بۆ ئەوە دەچێتن کە زیاتر ماوە هەبێت بۆ ئەوەی دراسەی ئەو بابەتە بکرێت مانای بە شێوەیەکی ئاوا نییە کەوا بڵێی کەسێ رەفزی کردبیتەوە بڵێ ئەو شتە نا، من سوپاسی بەڕێزتان ئەکەم کە ماوەی گفتوگۆتان دا کە زیاتر ئەو بابەتە گرینگە گفتوگۆ بکرێت هەروەها چۆن سکرتێری پەرلەمان چەند راپۆرتێکی داوە دیارە ئەو ماوەی هەبووە ئێمە ماوەمان نەبووە دوو سێ رۆژە بە دەستمان گەیشتووە ئەو پێشتر بە دەستی گەیشتووە (٢٠) رۆژ پێش ئێستا ماوەی هەبووە ئەم راپۆرتانە ئامادە بکات چەند تێبینی وشتی بەسوودی لێ بخوێنێتەوە هەر چەندە کە باسی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت ئێمە هێشتا زۆر قۆناغمان ماوە بگەینە ئەو کۆمەڵگایە ئەو شتەی لەوێ مومکنە بۆ ئێمە مومکن نییە بکرێت لەبەر ئەوەی ئێستا لە وڵاتی ئێمە مافی منداڵ زۆر پێشێل دەکرێت ئێمە لە گەڵ ئەوەین مافی تەواوی بدرێتێ. لە سویدو لە هەر وڵاتێکی تر کۆمەڵگای مەدەنی هەیە پێشکەوتوە منداڵ لە تەمەنی حەوت ساڵی وهەشت ساڵی ئیش ناکات بڕۆ ناو بازاری ئێمە دەبینی منداڵ پاکەتی جگەرە دەفرۆشێ ئیش دەکات حەمباڵی دەکات بڕۆ ناوچەی سناعی کە ئیشی قورسی پێ دەکەن ئەو منداڵە وەکو یەکێکی گەورە ئیش دەکات لە وانەیە ئەگەر تورە بێت ئاسنێکت پیا کێشێت بشت کوژێ مانای ئەمە کە باسی دراسەت ئەکەین کۆمەڵگای ئێمە جیاوازی هەیە لە گەڵ کۆمەڵگایەکی تر، ئیمە دژی مافی منداڵ نینە بە پێچەوانەوە خۆزگە پێشتر ئەو مافانەیان بۆ دابین بکرابایە نەیان هێشتبایە منداڵ لە وڵاتی ئێمە لەم تەمەنانە ئیش بکات بۆ ئەوەی بگاتە مستەقبەلەکەی و لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە ماوە بدرێت ئێمە زیاتر بە قووڵی ئەمە دیراسەت بکەین هەر وەکو داواشمان کردوە دەنا ئەوە رێگا لەوە ناگرێت تاوان بۆ زۆرە لە ناو منداڵ کە منداڵ لەم تەمەنە ئیش دەکات لە وانەیە توشی تاوانیش دەبێت بەڵام ئەگەر بێت وخەریکی خوێندن بێت تا وەکو پێدەگات لەوانەیە تاوانەکانیش کەم دەبنەوە وبەهەڵەش دانەچێت بۆچوونەکانم هەر ئەمانەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم سعید تێبینیتان نییە بەڕێزتان، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فقی عبدالله:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن دەست خۆشی لە حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەکەم ئەبوایە لە پێش دە ساڵ لەمەو پێش کە حوکمەتی هەرێمی کوردستان دروست بوو بیر لەمە بکرابایەوە چونکە منداڵ بەردی بناغەی کوردستانەو قەڵغانی دوارۆژە بۆ هەموومان لەبەر ئەوە ئێستا ئێمە زیانێکی زۆرمان لە منالە خنجیلانەکان داوە کە لەسەر ئەم یاسایە رۆشتوین کە خوێن مژی کورد بەرامبەر بە نەوەکانی کورد کردیان بەرامبەر هەموو مرۆڤێ کە مافی خۆی هەیە کردویەتی لەبەر ئەوە من زۆر پشتگیریی لەوە دەکەم وەکو بەڕێزیشت ئاماژەت پێ کرد دەبوایە تەمەنەکە بەرەو زیاتریش بچێ وئێستاش (١١) قەیناکە دەست نییە لە گۆزە عاسێ ببێت پەنا بەخوا بەرەو زیاتر دەیبەین وە حەقی ئەوە ئەدەین بەو منداڵانەمان کە لەو شێوەیە لەو ناوە دوریان کەینەوە منالێکی دوو ساڵ باوەر کە ئەگەر سعاتێک لە نان خواردنەکەی خۆی دوا کەوێت دەست ئەکا بە گریان وئەڵێ من نانم نەخواردوە باشە بۆجی ئێمە وەکو تاوانبارێک داینێین بیخەینە سجنەوە کەچی ئێستا بە داخەوە هیچ دامودەزگایەکی وامان نییە کە بتوانێت ئەو منداڵانەمان بۆ پەروەردە بکات جگە لەوەی کە زیان لە رەوشتیان دەدرێت و، ئەبێتە هۆی شکاندنی دەرونیان بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا وەکو شتێک بە چاویان بدرێتەوە یاخود قوتابخانەیەک نییە کەوا دوور بێت لە هەموو دەستێکی ناشیرین ونالەبار بۆ ئەو منالانە کە دروستیان بکاتەوە و، وانەیەکی سەرەکیان پێ بدات کە ئەمانە بە سجن حساب ناکرێن لە هەموو روانگەیەکەوە بۆ فێرکردنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئیشارەتی بەو شتانەدا لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا من ئەڵێم دوا کەوتوین لەوەی کە ئەم بڕیارە وەربگیرابایە زەرەرو زیانمان لێداوە دەست خۆشیتان لێ دەکەم، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەراستی من پشتگیریی لە پرۆژەکەی حوکمەت دەکەم وئەبینم ئەم پرۆژەی بەم شێوەیە داڕێژراوە کە دوو ساڵ ماوەی چاک بوونی داوە بەو منالە لە باوەشی کۆمەڵگایە نە ئەو دوو ساڵە لە ناو زیندانە رەنگە توشی هەڵەی تر بێت وەکو جەنابی وەزیری ناوخۆ ووتی ئەگەر منالێک هەتا ئێستا لە قوتابخانە تەمەشای بکەی پۆلی سێی سەرەتایی تەمەنی (٩) ساڵە منالێکی ئاوا رەنگە ئێستا هەموومان منداڵی خۆمان هەیە لەو تەمەنە توانای وەرگرتنی چەندە وای بەحاڵی منالە هەزارێک ئەگەر ماوەی خوێندنی بۆ نەبوو یاخود دایک وباوکی لەدەست داوە یا بازی ئابووری ژیانی وای لێکردوە کە تێکەڵی ئەم وەزعە ئابووریە ببێت کە ئەم چەند ساڵەی تێپەریەوە تا ئێستاش رەنگە زۆر سەختە بۆ زۆر خێزانی کۆمەڵگای ئێمە بۆیە من ئەبینم ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیە هاتووە کە ئەم دوو ساڵە ماوەیەکی زیاتر ئەدات کە منالێک هەم لە رووی عەقڵیەوە هەم لە رووی جەستەییەوە زیاتر تێئەگا ورەنگە ئەم دوو ساڵە ئەگەر توشی هەڵەیەکی بچکۆلەش ببێت روبەرو بکرێت لەلایەن خێزانی یان لەلایەن کەس وکاری

یان لەلایەن قوتابخانەوە رەنگە گلی بداتەوە لەوەی کەوا ببێتە تاوانبارێکی زۆر گەورە ئەگەر ئەو دوو ساڵە کەوتە ناو زیندانەوە چونکە لەم دوو ساڵە لە وانەیە توشی ئەو هەڵەیانە ببێت بەڵام ئەگەر لەم دوو ساڵەیە ماوەیەک درا کە ئامۆژگاری کرا یان ماوەیەک هەبوو کەوا کەسێ ئامۆژگاری بکات رەنگە گلی بدەیتەوە لەوەی کە تاوانبارێکی گەورە لە دوا رۆژا دروست بکەین بۆیە من ئەبینم بەراستی ئەم پرۆژەیە باشە وگونجاویشە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ئێمە وبەتەواوی پشتگیریی ئەم پرۆژەیە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس هیچ تێبینی تر هەیە فەرموو کاک شێخ یحیا.

**بەڕێز یحیا محمد عبدالکریم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەڕێزان بێگومان زۆر سوپاس بۆ رایەکانی بەڕێزتان ورای سکرتێری ئەنجومەن ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ بەراستی بە واجبی تەواوی خۆمان هەستاین بە خزمەتی بەڕێزت گەیشتین کە ئەوسا من باسم نەکرد بەراستی دیراسەتمان کرد لەگەڵ لیژنەی یاسا لەگەڵ نوێنەری حوکمەت هەمان رای هەبوو کە ئەم رەئیە ئەڵێین ئێمە لە خۆمانەوە مانای بەردەوام بوونەکەمان شتێک نییە حەز ناکەم ئەم قسانەی ئەمویست بیکەم بەراستی کاک عبدالخالق وکاک د.ادریس بە تەواوی باسیان کرد، تەنها دوو تێبینی حەز ئەکەم بیڵێم یەکێکیان کەباسی ئەوە ئەکەین منالێکی هەشت ساڵ لە گەڵ یەکێکی (٥٠) ساڵە دانراوەو بەڕێزێک لە ئەندامانی پەرلەمان باسی کرد ئایا ئەوە پەیوەندی بەم یاسایەوە هەیە کە ئەڵێین بارودۆخیان لە بەندیخانەکانا خراپە ئایا ئەمە هیچ لە بەندیخانەکان دەگۆڕێ ئێمە پێویستە بەندیخانەکان چاک کەین بۆ منالە نۆ ساڵەکان...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە شێخ ئەم یاسایە قەدەغەی کردوە منالی هەشت سالی بچێتە بەندیخانەوە قەدەغەی دەکات منالی (٩ و ١٠) بچێتە بەندیخانە ئەو گۆران کاریە دەکات یاسایەکە با شتەکان هەڵنەگێرینەوە.

**بەڕێز یحیا محمد عبدالکریم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەس ئەوەشم هەیە بەراستی ئێمەو ولاتانی پێشکەوتوو کە باسیان دەکەن ئەگەر ئەم ولاتانە لەم بارودۆخەی ئێمە بژیابان ئەمەیان نە دەکرد بە قەناعەتەوە دەیلێم و، لەم رۆژەدا، جا ئێمە رێزی تەواومان هەیە ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەین وپشتگیریی ئەکەین وهیوامان وایە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو یاسایە رۆژێ زووتر تەواو بێت وبێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بریاری لەسەر بدرێت بەڵام با دراسەتی تەواویش بکرێت و لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر بکرێت با رای تەواوی حوکمەتیش و لایەنە پەیوەندی دارەکانیش وخەڵکیش وحاکمەکان وقەزاو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان یەک گرتوو بێت وسوپاسی جەنابیشت دەکەم بەتایبەت بۆ ئەم گفتوگۆیە چونکە ئەم گفتوگۆیە زیاتر روونکردنەوەی دا بەبیرو باوەڕی هەموو ئەندامانی پەرلەمان وخۆم یەکێکم لە

وان، دوای گفتوگۆ جیاوازیم زۆره لە پێش گفتوگۆیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نامەوێت گفتوگۆیەکە وابێت یەکێک جوابی ئەوی تر بداتەوە مەبەستمان ئەوە نییە بەڵام رای حوکمەت یەکەم ئەو شتەیە کە نووسراوە بە ئیمزای یەکەمی کەسی رێپێدراو کە حەقی هەیە بینێرێت بۆ پەرلەمان ناردویەتی بەم پرۆژەیە بە ناوی حوکمەتەوە، ئەمە رای رەسمی حوکمەتە ئەمە رای هەموو بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە نوێنەرانی حوکمەت لێرە دانیشتون وپشتگیریی ئەم پرۆژەیە دەکەن لە وانەیە لەبەر زروفی ئەمرۆ یەکێک ئامادە نەبوبێت برادەرێکتان دیتبێ لە هەمان کاتا ئەم برادەرە نوێنەری حوکمەتیشە ونوێنەری پەرلەمانیشە من زیاتر بە نوێنەری پەرلەمانی دائەنێم ناویتان نەهێنا بەڵام دەزانم کێتان دیوە بەڵام دواخستن. مرۆڤ کاتێ شت دوادەخات کە لە گەڵ بڕیارەکە نەبێت عادەتەن ئەگەر لێژنەیەک یان دژی بڕیارەکە بێت ئەڵێ من دژی ئەم بڕیارەم وهەوڵ دەدات دوابخرێ بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر نەدرێ یان بۆ لایەنی خۆی رادەکێشێت یان لێژنەیە لە وانەیە وا هەست بکات لە هەمان کاتا کە ئەمە خەتەری ئەوە هەیە بڵێین ئەم بڕیارە نەدرێت ئەو ئەیەوێ بدرێت، ئێمە رامان وابوو لە سەرەتاش زیاتر گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە بکەین یەکەم گفتوگۆی ناوەڕۆکی بابەتەکە ئایا شتەکە راستە، یاسایە، دادیە، مافی مرۆڤە،پێشکەوتنە، دیموکراتیەتە، یان پێچەوانەی ئەمانە هەموویەتی گفتوگۆیەکەمان زیاتر بۆ ئەوە بەجێ هێشت کە ئێمە ئاوا گفتوگۆی بکەین وباسی لێ بکەین لە دواییدا بە داخەوە یەعنی من ئەیڵێم ومەخسەدم هیچ کەسێک نییە لە ناو میللەتی ئێمەش باوە خۆ ساحێب رەئی شەرت نییە هەر معارز بێت هەموو کەسێکیش ساحێب رەئیە وبە شتی باشیش دەڵێ ئەوە باشەو بە شتی خراپیش دەڵێ ئەوە خراپە. هەندێ جار ئەم شعورە دەکرێت ئەگەر شتێک لەلای حوکمەت هات پێویستە ئێمە هەر دەست کاریەکی بکەین شەرت نییە بەخوا شەرت نییە ئاوا بکەین هەندێ شت ئەگەر هەست بکەین راست نییە بەخوا گفتوگۆی دەکەین ورای راستیشیان پێ ئەگەیەنین لە راستیدا پێش ئەوەی بچینە ناو کۆبونەوەی پەرلەمان لە وانەیە دانیشتنێکی دوور ودرێژیان لە گەڵ بکەین بەڵام شتێک بزانین راستە واچاکە زوو بڕیاری لەسەر بدەین وبابەتێک هەیە لە بیرتان نەچێت هەندێ بڕیار هەیە لە کاتی خۆی نەیدەی کاریگەریەکەی نامێنێت حوکمەت داوای بڕیارێکت لێ دەکات لە وانەیە هەزارویەک سەبەبی هەیە سەبەبەکانی نازانین وکاتەکەشی گەرەکە من ئەمرۆ ئەم بڕیارە ئەدەم پاش دوو مانگی تر بیدەم بۆ نمونە تیرۆر، ئیمە ئەمرۆ تیرۆر سبەی بڕیارێکی لەسەر نەدەین بێگومان لێی نادەین نازانین پاش مانگێک دوو مانگی تر چی روو ئەدات بابەتەکە بەسەر ئەچێت زۆر بابەت هەیە بەم شێوەیە بۆیە کاتیش گرینگە من رازیم ئەمە باشە دیفاعی تەواوی لێ ئەکەم وئەیخەمە دەنگ دانەوە وئەیبەمە سەر موقتەنیعم راست نییە هیچ گلەییتان لێ ناکرێت هەر کەسە ئەوەی بوختانی هەیە دەڵێم ئەوە راست نییە ولە شوێنی خۆی نییە من دەستی لە گەڵ بەرز ناکەمەوە ئەوە هیچ گلەیەکی تێدا نییە

ئەوە ناوەرۆکی ئیشی پەرلەمانە بەڵام ئێوە ئێمەتان ملزم کردوە چونکە بەناوی لیژنەوە داواتان کردوە بە ناوی لیژنەوە داوای دواخستن دەکەن من ئەوەم لا سەیرە کە بەناوی لیژنەوە داوای دواخستن بکەن چونکە مەسەلەی دواخستن واجبی ئێرەیە جابۆیە کە داوای دواخستنتان کرد عرضی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەم دەیخەمە تصویتەوە ئەگەر بەگشتی لەگەڵ ئەوەبن دوایبخەین دوای دەخەین بەگشتی لەگەڵ ئەوەنەبن دوای بخەین و بریاری لێبدەین ئێستاکە بڵێین بەلانی کەمەوە بڵێین ١١ ساڵ لە جێی خۆیەتی ئەوە بەردەوام دەبین لەئیشەکەو هەر نەبێ ئەو برگانە بریار دەدەین لەسەری کە ئەتوانین لە وەختێکی تر بیکەین ئەیخەمە دەنگ دانەوە، تکا لەو بەرێزانە ئەکەم کە پەسەندی ئەوە دەکەن کە ئەو ماددەیە دوا بخرێ تا دراسەتێکی قوڵتر بکرێت دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس. ئەو بەرێزانەی پشتگیری دوا خستن ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە بە زۆرینەی دەنگ دوا ناخرێ، جا تکایە برگەی یەک بخوێنەوە با بیخینە دەنگ دانەوە فەرموو.

**بەرێز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

المادة الاولى:

لغرض سريان قانون رعاية الاحداث رقم(٧٦) لسنة ١٩٨٣ في اقليم كوردستان ـ العراق على الحدث الجانح وعلى الصغير والحدث المعرضين للجنوح وعلى اوليائهم بالمعاني المحددة ادناه لاغراض القانون المذكور.

١ـ يعتبر صغيرا من لم يتم الحادية عشرة من عمره.

٢ـ يعتبر حدثا من اتم الحادية عشرة من عمره ولم يتم الثامنة عشرة.

٣ـ يعتبر الحدث صبيا اذا اتم الحادية عشرة من عمره ولم يتم الخامسة عشرة.

٤ـ يعتبر الحدث فتى اذا اتم الخامسة عشرة من عمره ولم يتم الثامنة عشرة.

٥ـ يعتبر ولياً، الاب والام او اي شخص ضم اليه صغيرا او حدثاً او عهد اليه بتربية احدهما بقرار من المحكمة.

**بەرێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بێگومان ئەم ماددەیە بۆ ئەوەیە ئەگەر هاتوو بریاردانی (١١) ساڵەکە کرا یاسا ئەسڵیەکە ئەو گۆرانکاریەی تێدا کراوە بۆ ئەوەی بگونجێت لە گەڵ ئەو (١١) ساڵەیا هیچ تیبینی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ ئەیخەینە دەنگ دانەوە تکا لەو بەرێزانە کە لە گەڵ ماددەی یەکەمن کە بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەندی ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەرێزانەی لە گەڵ ماددەی یەکەم دا نین تکایە دەستیان بەرز کەنەوە (٩) بەرێزی لە گەڵ دا نییە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا ماددەی دووەم تکایە فەرموو.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاصـح حـــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادة الثانية:

لا تقام الدعوى الجزائية في اقليم كوردستان ـ العراق على من لم يكن وقت ارتكاب الجريمة قد اتم الحادية عشرة من عمره.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بێگومان رای لیژنەی یاسایی ولیژنەی ناوخۆ لە گەڵ ئەم رایە نییە ئەم (١١) ساڵە نییە ئەیانەوێ بە (٩) ساڵی بمێنێتەوە بۆ تەئکیدی ئەم بابەتە جارێکی تر تێبینی هەیە وا دەبینم زۆر گفتوگۆی ئەم بابەتە کرا ئەوانەی لە گەڵ بوون ئەوانەی دژ بوون گفتوگۆیەکی دوور ودرێژیان کرد بۆیە ماددەکە ئەخەمە دەنگ دانەوە تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی دووەم بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەندی ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە هەشت بەڕێز لە گەڵ نییە بە زۆرینەی دەنگ ماددەی دوو وەرگیرا ماددەی سێیەم تکایە فەرموو.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاصـح حـــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادة الثالثة:

يوقف نفاذ المادة (٣) والمادة (٤)/اولا من قانون رعاية الاحداث رقم(٧٦) لسنة ١٩٨٣ في اقليم كوردستان العراق وتسري محلهما احكام المادة الاولى والثانية من هذا القانون.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە ئەیخەمە دەنگ دانەوە تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی سێیەم بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەندی ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە چوار بەڕێز لە گەڵ نییە بە زۆرینەی دەنگ ماددەی سێ وەرگیرا ماددەی چوارم تکایە فەرموو.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاصـح حـــیـــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لمادة الرابعة:

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نەقـــشـــبـــەندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەوا یاسایەکە بڕیار درا لە سەری موشکیلە نییە بەڵام پێش ئەوە

پێویستە دەقێکی تێدا بێت (لا یعمل بأي نص یتعاض) زۆر دەق هەیە لە گەڵ ئەم یاسایەی پێچەوانەیە لە گەڵ یاسای عقوباتیش بۆیە ئەگەر دەقێک زیاد بکرێ بڵێین (لا یعمل بأي نص یتعارض مع أحکام هذا القانون) لە رووی یاسایەوە قسان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای ماددەی چوار. ئێستا هەموو پرۆژەکە ئەخەمە دەنگ دانەوە تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە زۆر سوپاس ئەو بەڕێزانەی هەموو یاساکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە هەشت بەڕێز پەسەندی ناکات بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا وپرۆژەی حوکمەتی هەرێم لەم بارەیەوە وەرگیرا زۆر سوپاستان دەکەم، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمرۆمان سوپاسی هەموو لایەکتان ئەکەم دانیشتنی داهاتوومان لە کاتی دیاریکراو ئاگادارتان ئەکەینەوە زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)**

یەک شـەممە ڕێکەوتی ٢١/١٠/٢٠٠١

خولی دووەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## یەک شەممە ڕێكەوتی ٢١/ ١٠/ ٢٠٠١

كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٢١/ ١٠/ ٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە حەوت)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی كار:
بەپێی حوكمەكانی بڕگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە حەوت)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٢١/ ١٠/ ٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـگفتوگۆكردنی بابەتی تیرۆر لەسەر داوای سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان.
٢ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای ڕێكخراوە كوردستانیەكان بۆ ئاوەدان كردنەوەو فریاكەوتن لەهەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیسشتمانی كوردستانی عێراق دەست پێدەكەین. بەڕێزان پێشەكی بەخێرهاتنێكی گەرمی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین. بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێک هاتووە خاڵی یەكەمیان گفتوگۆكردنی بابەتی تیرۆر لەسەر داوای سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان. دووەم خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای ڕێكخراوە كوردستانیەكان بۆ ئاوەدان كردنەوەو فریاكەوتن لەهەرێمی كوردستانی عێراق. بەڕێزان لە ١١ی ئەیلولەوە كە ئەو كارەساتە گەورەیەی لە نیویۆرک و واشنتۆ ن ڕوویدا گۆڕانكاریەكی گەورە كەوتۆتە سەر باری سیاسی جیهانی و،لەم گۆڕانكاریە و، ئەنجامەكانی ئەم گۆڕانكاریە و، ئەو ڕووداوانەی كە ڕوودەدەن، بە تەبیعەتی حاڵ گەلی كوردستان لێیان بەدوور نییە وەكو بەشێک لەكۆمەڵگای جیهانی، بەتایبەتی وەكو گەلێكی گەورەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئەم بابەتە

بابەتێکی گرنگ و زیندووە بەنیسبەت گەلی کوردستانەوە. بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە دەست پێکردنی خولی دووەمیەوە مەوقفی گەلی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانی لەم رووەوە دیار کرد و، تیرۆری تاوانبار کرد هەروەها هەموو پشتگیریەکی نیشاندا بۆ بەربەرەکانی کردنی تیرۆرو بەرەنگار بوونەوەی لەسەر ئاستی کوردستان و هەموو ناوچەکە بگرە جیهانیش، تەبیعی ئەم هەڵوێستە هەڵوێستێکی تەنیا سیاسی یان ئیعلامی نییە بەڵکو هەڵوێستێکە هەڵقوڵاوە لە وەزعی گەلی کورستانەوە کە بەدرێژایی مێژووی تیرۆری ئاراستەکراوە ئەگەر پێنج هەزار کەس لەئەیلولی ٢٠٠١ لە نیویۆرک کوژراوە بە هۆی تیرۆر لە هەڵەبجەی شەهید هەمان پێنج هەزار کەس پتر لە ١٠ ساڵ ١٤ـ ١٥ ساڵ لەمەو پێش بەدەستی تیرۆری رژێمی عێراق تیرۆر کراوەو لەساتێکدا کوژراون بۆیە ئێمە ئەم دانیشتنە بەدانیشتنێکی پیرۆزی دەزانین بەتێرو تەسەلی بەقوڵی باسی مەسەلەی تیرۆر بکرێت و، چی پێویستە لەم بارەیەوە بکرێت بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو گەلێکی ستەم دیدە و،گەلێک کە زەرەری دیوە لەتیرۆر مەوقفێکی روونمان هەبێت بۆ هەنگاو نان بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم دیاردەیە لەسەر مستوای وەکو ئەوەی باسم کرد هەرێمی کوردستان و بگرە ناوچەکەو جیهان بۆ ئەوەی دەست بەکاربین لەم بابەتە. پێشەکی روونکردنەوەیەکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە بەڕێز کاک شەوکەت شێخ یەزدین پێشکەشی دەکات بابفەرموێت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

بەرێزان ئەندامانی ئەنجومەن، ئامادەبوانی هێژا

سلاوتان لێ بێ

حکومەتی هەرێم ، بەسوپاسەوە ، دەعوەتی پەرلەمانی بە پەسەند زانیوە بۆ لێکۆلینەوە دەربارەی دیاردەی (تیرۆریزم) وئاکامەشوومەکانی .

وەک دەزانن حکومەتی هەرێم دەسبەجێ تاوانی تەقینەوەکانی نیۆیۆرک و واشنتۆنی ئیدانە کردو، سەرەخۆشیی بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەنارد، لەگەڵ پرسەو سەرەخۆشی لە میللەت وحکومەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

کاری تیرۆریستیانەی رۆژی ١١ی ئەیلول دژ بەو دووشارەی ئەمریکا، بووبەمایەی پەستی وبێزاریی خەڵکی کوردستان وگشت میللەتان وحکومەتانێ دونیا. چەندبە کارێکی خەتەرناکیان لە قەڵەم داوە.

هەندێ ئاکامی ئەو کردەوەش ئێستا دەرکەوتووە وەکو ئەو جەنگە سەختە لە ئەفغانستان وئاوارەبوونی سەدەها هەزارکەسی بێتاوانی ئەفغانی و ،ئاکامی دیکەی سیاسی وکۆمەلایەتی کە چەندین ولاتی گرتۆتەوە.

خوشک وبرایانی بەڕێز:
ئاکامی ڕەشی تیرۆر دونیای گرتووەتەوە ، کەوا(تیرۆری نێودەوڵەتی ) یەکەمین جارە دەیان حکومەت ودەزگای نێودەولەتیی لەسەر ئامانجێک یەک خستووەو هاوپەیمانیەکی نێو دەوڵەتیان پێک هێناو دژ بە تیرۆر، بۆ ڕاونان وسزادانی تیرۆرریستان. لەم بارەیەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (١٣٧٣) ی لە ٢٨ی ئەیلول دەرهێناوە کەشێوەی بنبڕکردنی تیرۆر لە رووی ئابوری وهاوکاریی نێونەتەوەییەوە دەستنیشان دەکات . حکومەتی هەرێم بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە دراسەی بکات وبەرنامە دابڕێژێت بۆ ڕەچاوکردنی برگەکانی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتیە گرنگە.
خوشک وبرایان:
کارەساتەکەی ١١ی ئەیلوولی نیویۆرک وواشنتۆن هەروەها زیانێکی ئابووری سەختی گیاندووەو ، لەئاستی ئابووری دونیادا بەسەلبی گەڕاوەتەوە، جگە لە ئالۆزی سیاسی وئاکامی نادیاری دیکەی ئەم جەنگە هەمەلایەنە کەکەسێ ناتوانێت بە ئاسانی بزانێت لە کوێ وچۆن دەبڕێتەوە.
ئێمەش، خەڵکی ئاشتیخوازی کوردستان و دامودەزگا پەرلەمانی وحکومی وحیزب وکۆمەلە سیاسی ورۆشنبیریەکانمان. ، بەشێکین لەم جیهانەو، دەزانین کە ئەو ئەگەرانە لە گۆرانکاری پەیوەندی وسیاسەتی نێودەوڵەتی ،کەم وزۆر کار دەکاتە سەر گشت ولاتان ومیللەتان، بە میللەتی کوردستانیشەوە.
هەر بۆیەش جێگەی خۆیەتی کەلە هەردوولایەنەوە، لەبارودۆخی خۆمان بکۆڵینەوە تێبگەین:
یەک ـ لە ئاستی دەرەوە، گۆڕانکاریی نێودەوڵەتی و ڕەنگدانەوە لەسەر کێشە ڕەواکەی گەلەکەمان، کە کێشەیەکی سیاسیی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی رزگاری بەخشە.
دوو- لەسەر ئاستی ناوخۆ، دەبێ هەوڵ بدەین ئەو ڕێگاچارانە بدۆزینەوە تا بەش بە حاڵی خۆمان نەهێلین دیاردەی تیرۆر پەیدا ببێ و نەشونما بکا. ئەویش بۆ ئەوەی ڕێگە لەهەر کردەوەیەکی تیرۆرستانە بگرین لە هەردوو ئالیەوە: هەم نەهێلین تیرۆر ببێ بە چەکێک بۆ تێکدانی بارودۆخی ناوخۆ، هەم نەهێلین خاکی کوردستان ببێت بە بنکەی تیرۆر دژی هەر میللەت و حکومەتێکی دیکەی ناوچەکەو جیهان.
کەواتە ئێمەش، بەپێی پێگەو هەلومەرجی خۆمان، ئەرکی ئەوەمان دەکەوێتە ئەستۆ، تا نەهێلین تیرۆرستانی ناوخۆ یا دەرەوە لەم خاکە جێگەیان بێتەوە، تیرۆر، تیرۆرە... بچووک یا گەورە. سەرەتا بچووک دەست پێدەکات پاشان ئەوەندە خەتەرناک دەبێ وەکو ئەوەی نیویۆرک و واشنتۆنی لێدێ. خەڵکی کوردستان بە درێژایی دەیان ساڵ تووشی هەردوو جۆری تیرۆر بوونە: تیرۆری دەوڵەت و تیرۆری دەستەو گرۆپەکان وەکو پاش ڕاپەڕین تا ئێستا کەم و زۆر پەیدا بوونە.
بەڕێزان:
حکومەتی هەرێم پابەندی ڕێنوماییە بە نرخەکانی سەرۆک بارزانی یە کە لە پێش پەرلەمان

دەربارەی تیـرۆر دەریخسـتـووە. دەبێت هەمـوو لایەکـمـان بە حکومـەت و مـیللەت و دامـودەزگـا سیاسییەکانەوە هەمیشە ئەو ڕاستیە بخەینە بەرچاو کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینی ئاشتی و دلۆڤانی و خێرو چاکیە. ئەم ئایینە پیرۆزە لە هەر کارێکی تیرۆر بەریە.

هەروەها حکومەتی هەرێم، لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٩٢، لەسەر بنچینەی پرۆگرامێکی دیموکراتیانە و ئاشتیخوازانە دامەزراوە، برگە بە برگە جەخت دەکاتە سەر پاراستنی ئازادی و دیموکراسی وفرە حزبی و نەتەوەیی و ئایینی، دوور لە دەرمارگیری و توندڕەوی.

بەلای ئێمەوە چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی و یاسا و گیانی بەرابەری وتەسامـوح، کە جەوهەری ڕێبـازی سەرکـردایەتی سیـاسی و حکومەتە، یەکەمین و گرنگترین زەمـینەیە بۆ ئەوەی ڕێگە لە پەروەردە و نەشونمای تیرۆرستان بگرین.

بەڵام ئەو گرووپە توندڕەوانە، کە دەیانەوێ بە زۆرەملێ، کۆمەڵگای کوردەواری تووشی میکرۆبی تیرۆر بکەن، هیچ بیانوویەکی سیاسی یا کۆمەلایەتی و یاساییان بە دەستەوە نییە، تەنیا وتەنیا پشت بە کـەلتـوورێکی دیکە دەبەستن، کـە لەگـەڵ جـەوهەری ئایینی پیـرۆزی ئیـسـلام وبەها بەرزەکـانـی دیکەی مـرۆڤـایەتی ناگـونجێت. ئەمـەش دیاردەیەکی نامـۆیەو لەنێـو گـەلان جـێگەی نابێتەوە.

هەر بۆیەش خۆشحـاڵین کـە ئێـسـتـا، بەهەمـوو لایەکـەوە، زیاتر بە قـووڵایی ریشـەی دیاردەی توندوتیژی و تیرۆردا بچینەوەو، کۆمەڵگاکەمانی لێ بپارێزین، لێرەدا دەتوانین بە چەند پێشنیار وتێبینی بەشدار ببین، کە دەشێ ببن بە خاڵی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو خاڵانەی کە ئامادەبووانی بەڕێز دەستنیشانیان دەکەن.

پێشنیارەکان لەم چەند پرسیارەدا دادەڕێژرێن کە ئەمانەن:-

* لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، دیاردەی تیرۆر لە کوێوە دەتوانێ پەیدا ببێ؟
* ئایا لە بارەی کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە پەیدا دەبێ؟ یا سیاسی؟
* ئەگەر هۆکاری سیاسی هەیە، چ کەموکوڕیەک لە سیستەمی سیاسیماندا هەیە؟
* ئەگەر کەموکوڕێک لە بەرنامەی پەروەردەی خێزان وکـۆمـەڵ ورۆشنبیریی گشـتی وراگەیاندنی گشت هەرێمدا هەیە کامانەن ؟
* ئایا دیاردەی تیـرۆروپەیدابوونی دەسـتـەو گـروپی تیـرۆریسـت، هەڵقـولاوی هەلومەرجی ژیانی کوردەواریە، یابیرۆکەیەکی ناکامە لە دەرەوە دەیهێنن و بەپارەو دەستێوەردان بلاوی دەکەنەوە؟
* واتەدەسـتـێـوەردانی بێگـانە تا چ ڕادەیەک هانی پەیدابوونی دیاردەی تیـرۆر لە کـوردسـتـانا دەدەات؟
* پاش وەلامی ئەم پرسیـارانەوچەندین پرسیـاری دیکە، ئەمـجـا نۆرەی وەلام دێت: کە چارەسەر چیە؟ چی بکەین تا ڕێگە لە تیرۆر بگرین؟.

لێرەدا جارێکی تر دەڵێین کە بڕیاری ژمارە(١٣٧٣) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چەندین

ڕێگای گرنگی داناوه تا حکومەتەکانی جیهان پەیڕەوی بکەن بۆ بەربەرەکانیی تیرۆر.
لەکۆتاییدا دەڵێین، خۆشحاڵین کە حکومەتی هەرێم لەژێر باڵی سەرکردایەتیەکی سیاسیە کە بە درێژایی دەیان ساڵ دوور بووه لەتیرۆر، بەڵکو بە پێچەوانەوه هەمیشە بە شێوەیەکی شەرعی خەباتی خۆی بەڕێوه بردووه.
هەرشادو سەرکەوتووبن....

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک شەوکەت شێخ یەزدین سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەوەکالەت. بەڕێز کاک د.ناصح سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە خالی یەکەمی دانیشتنی ئەمڕۆی لەسەر داوای فراکسیۆنمان تەرخان کرد بۆ باسکردنی ئیرهاب. پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەی رەسمی چ لەسەر زاری خودی جەنابی سەرۆکی خۆشەویستمان کاکە مسعود بارزانی بێت چ بەناوی مەکتەبی سیاسی بەتەنهاو لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی تری ناو کوردستان بێت و، هەروەها لەپەرلەمان و بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوه هەڵوێستی خۆی لەبارەی رووداوە سامناکەکەی ١١ ی ئەیلولی ٢٠٠١ لەئەمەریکا راگەیاندو ئەو کارە تیرۆرستیانەی سەرکۆنە کردو سەر کۆنەی دەکات هاوسۆزی لەگەڵ گەلی کوردستان دەربری و، دەردەبڕێت بێگومان تیرۆر تاکو ئێستا هەرچەندە بەداخەوه چ لەناو زانایان و بیرمەندان و شارەزایانی بواری یاساو زانستەکانی تری کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی بێت چ لەناو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەزگا سەرەکیەکانیدا بیرو بۆچون و هەڵوێستێکی یەکگرتوو وهاوبەش پەیدا نەبووە بەرامبەر دیاردەی تیرۆر یان پێناسەکردنی تیرۆر بەلام ئەگەر سەرنج بدەین زۆرینەیان کۆکن لەسەر ئەوەی تیرۆر کارو کردەوەیەکی چەکدارانەی توندو تیژیە بۆ گەیشتن بەمەرام و ئامانجە رامیاری و فەلسەفی و ئایدۆلۆجی و ئایینی و هەتا دوایی. بێگومان بیرو بۆچون و جیاوازی بیرو بۆچوون لەنێوان بیرمەندان و وولاتاندا تەنها هۆکار نین کە تاکو ئێستا پێناسەی هاوبەش بۆ ئەم دیاردە دزێوە پەیدا نەبووبێت. چونکە هۆکارە پاڵنەرەکان پەنا بردنە بەر تیرۆر، هەروەها جیاوازی لەنێوان جۆرو شێوازی تیرۆر. زۆربەی کارە تیرۆرستەکان هۆکاری رامیاریان لەپشتە. گەیشتن بەمافی چارەنووس لەلایەن هەندێ کەوا گەیشتن یان خەبات کردن بۆ مافی چارەنووس، بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەران سیاسەتی چەوساندنەوەو رەگەز پەرستی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ئەمانە هەمووی هۆکارن کە چ تیرۆر هەبێت یان چ کاردانەوە بەرامبەر بەتیرۆر هەبێت واتە تیرۆر بەکارهێنانی وەکو گوتم بەکارهێنانی توندو تیژیە بەهەموو شێوازە جیاجیاکانی، کوشتن،

شێواندن، چەوساندنەوە کاول کردن ولەناوبردن بۆ مەبەستی گەیشتن بەئامانجی رامیاری دیاریکراو بۆ ملکەچ کردنی هێزی بەرەنگاری و ناچارکردنیان ئەم سیاسەت و رێبازە لەلایەن زۆر لایەنی تیرۆرستەوە بەکار هاتووە رژێمە فاشستەکان رژێمە نازی و رەگەز پەرست و شۆڤینیەکان هەروەها لەناو توند رەوەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری و پارتە بەناو کۆمنیستیەکان لەناو توند رەوەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی کە ئێستاش ئەوە بەردەوامە و، هەروەها بەداخەوە لەناو توند رەوەکانی ناو بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانیشدا کاردانەوەی هەیە. بەلام کاردانەوەکە ئەبێت جیاوازی بکرێت لەسەر ئەوەی تیرۆر بەمەبەستی تیرۆر ئەکرێت. یان کاردانەوەی تیرۆر کە گەلێکی ماف خوراو، گەلێکی چەوساوە، گەلێکی ژێر دەست لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی ناچارە پەنا بباتە بەر چەک. ئێمەی گەلی کورد لەهەموو گەلانی تری سەر ئەم زەویە دووچاری تیرۆرو لەناو بردن بووینە بەسەدان ساڵە ئەو سیاسەتە نارەوایە بەرامبەر بە گەلەکەمان جێ بەجێ ئەکرێت. هەر ئەگەر سەرنج بدەین تەماشای مێژووی سەدەی بیستەم بکەین هەر لەکوردستانی عێراق بەتایبەتی لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆی تەماشا ئەکەین بەدەیان کارەسات لە ئەنجامی سیاسەتی نارەوای رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەرامبەر بەگەلەکەمان کراوە سۆریەوداکان کە بەکۆمەڵ خەڵکی ئێمە لەوێ سوتێنران، ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ کە لەشارەکانی کوردستان بەتایبەتی لەسلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی بەدەیان کەس زیندە بەچاڵ کران یان بەدار عەمودەکانەوە کران. لەزێوەی سەرفراز دەیان کەس شەهید کران بەفڕۆکەکانی رژێم، کیمیا باران کردنی هەڵەبجەو شارەکانی تری کوردستان بۆردومانکردنی قەڵادزێ و هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان. ئەنفال واتە سیاسەتی کوشتن و برین و لەناو بردن. ئێمەی توشی کارەسات و ماڵ وێرانی کردووە بۆیە ئێمەی کورد لەهەموو گەلێک زیاتر بەرژەوەندیمان لەگەڵ ئەوەیە کە ئێمە دژی تیرۆر بین کە ئێمە هەڵوێستمان هەبێت بەرامبەر بەتیرۆر خۆشبەختانە ئێمەی پارتی دیموکراتی کوردستان تاکو ئێستا لەرۆژی دامەزراندنی پارتەکەمانەوە بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر ئێمە پەیرەوی رێبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمرمان کردووە کە هیچ کاتێک پەنامان بۆ تیرۆر نەبردووەو ئامادەش نین پەنا بۆ تیرۆر ببەین بۆیە دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشنیارەکانی ئەوان و، داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکەم کە بەشێوەیەکی زانستیانە ئەم دیاردەیە هەڵبسەنگێنن با ئێمەش پێناسەیەکی تایبەتیمان هەبێت بۆ تیرۆر لەروانگەی کوردەوە، لە روانگەی پەرلەمانی کوردستانەوە با ئێمە دەست پێش خەرین چۆن تیرۆر پێناسە بکەین و، چۆن بەرەنگاری ببینەوە و، هەروەها لەسەر داوای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لەرۆژی ٩/٢٧ ی ٢٠٠١ داوای کردووە کە ولاتان هەڵوێست وەربگرن، یاساکانی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ یاسا نێو دەوڵەتیەکان بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی ئەم دیاردەیە بۆیە بەپەسندی ئەزانم کە داوا لەبەڕێزتان بکەم کەئێمەش لێرە هەڵوێستێک وەربگرین چ وەکو بریارێک بێت یان باشتر یاسایەک لەم پەرلەمانەوە دەربچێت بۆ

هەم پێناسە کردنی تیرۆرو هەم چۆنیەتی هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەتیرۆر چ لەناو کوردستان بێت یان لەدەرەوە واتە هەموارکردنی یاسای کوردستان بەرامبەر بە تیرۆر لەگەڵ یاسا نێو دەوڵەتیەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک د.ناصح تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەم بارەیەوە موداخەلاتیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین. بەڕێز کاک فەلەکەدین کاکەیی وەزیری هەرێم.

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەکورتی دەربارەی خاڵێک ئەدوێم یەکەم ئەوەی کە بەڕێز د. ناصح ئیشارەی بۆ کرد ئەو شتانەی دەربارەی کورد کراوە مەبەست تیرۆری دەوڵەتە کە لێرەدا هاتووە بەڵام ئەوەی کە گرنگ ترە کە باسی بکەم ئەو قوربانیانەی کە لەمیلەتی ئەفغانستان بونەتە سوتەمەنی ئەو شەڕە وەکو لە پەیامی حکومەتی هەرێمدا هاتووە کە باسی ئاوارە بوونی سەدەها هەزار کەس دەکات. هەروەها ئاکامی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم جەنگە مەبەست ئەوەیە کە بەبۆنەی ئەم جەنگە کە لەبەر تیرۆر ، تیرۆری نێو دەوڵەتی گەیشتە ئەوەی کەوا میللەتێکی موسڵمانی هەژار وەکو میللەتی ئەفغانستان تووشی کارەساتی ئەوجەنگە بێت بێگومان سەدان مەدەنی بێتاوان بوونەتە قوربانی ئەو جەنگە و، سەدەها هەزار کەس ئاوارە بوونە لەناو ئەفغانستان وەیا لەدەرەوە. ئێمە جێگەی خۆیەتی هاودەردی و هاوخەمی خۆمان لەگەڵ ئەو قوربانیانەو کەس و کاری ئەو قوربانیەدا دەرببڕین کە بەبێ تاوان بێ هیچ تاوانێک بوونەتە سووتەمەنی ئەو جەنگەی کەوا بەهۆی تیرۆری نێو دەوڵەتیەوە تووشیان بووە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک فەلەکەدین کاکەیی وەزیری هەرێم بەڕێز مامۆستا هادی ملا علی وەزیری داد.

**بەڕێز هادی مەلا علی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەسەلەی تیرۆر یان عونف یان توندو تیژی یان ئیرهاب ئەوە کە بەزاراوەی جیاجیای بۆ بەکار دەهێنرێت لە دێر زەمانەوە وەکو زاهیرەیەکی بەشەری بەشێوەی جیا جیا هەربووە بەڵام دیارە بەپێی گۆڕانکاریەکان کە روو ئەدات لەدنیا ئەویش گۆڕانکاری بەسەرا دێ و شێوازی جیاجیا وەر دەگرێ و سوود لەتەکنەلۆجیاش وەر ئەگیرێ و تا ئەگاتە ئەوەی کە لە ١١ ی ئەیلولی رابردوودا ئەو کارەساتە ناهەموارە روویدا بەرامبەر بەهەردوو شاری نیویۆرک و واشنتۆن لەئەمریکاو ئەو

گۆڕانکاریە نێو دەوڵەتیەی لەدوای ئەوە هاتۆتە کایەوە بۆ ئەو هاوپەیمانیەتیەی کە ئەمریکا هەوڵی بۆ دا بۆ ئەوەی بەرامبەر بەتیرۆرو تیرۆرکاران بەرپا بکرێت دیارە خۆی لەخۆیا تیرۆر یاخود توندو تیژی بەشێوەیەکی گشتی زەرەرو زیانی زۆری هەیە بۆ ژیان بۆ شارستانیەت و بۆ هەموو جۆرە سەقامگیریی و ئازادی وسەروەریە کە میللەتان بیانەوێت تیا بژین و بەرەو پێشەوە بڕۆن ئەوەش بێگومان بۆ چارەسەرکردنی پێویستی بەوە هەیە کە ئەو کێشەو گرفتانەی کە ئەبنە هۆی ئەوەی کە هەلومەرجێک، بارودۆخێک دروست بێت بۆ ئەوەی کە تیرۆرو تیرۆرستان تیایا گەشە بکەن یا پێویست بەوە دەکات کە بەشێوەیەکی ریشەیی ئەو کێشەو گرفتانە چارەسەر بکرێن بۆ نموونە: مەسەلەن وەکو کێشەی میللەتی کورد کە سەڵەهای ساڵە وەک پێویست چارەسەر نەکراوەو گەلی کورد نەگەیشتۆتە مافی خۆی بێگومان یەکێکە لەو کێشانەی کە میللەتی کورد لەم ناوچەیە دووچاری کێشەو گرفتی جیاجیا ئەبێتەوە لە ئاکامی ئەوە رەنگە وەزعێکی نائاسایی و تا رادەیەک نا ئارام بۆ ناوچەکە دروست بووبێ وەکو کێشەی فەلەستین کە ئەویش بۆ خۆی دەیان ساڵە چارەسەرێکی عادیلانەی بۆ تەرتیب نابێت ئەویش ئەبێتە هۆیەک لەهۆکارەکانی ئەوەی کە تیرۆر یان جۆرێکە لەئیرهاب بەرامبەری دروست بووبێ بۆ نموونە: میللەتی ئەفغانستان کە ئێستا بۆتە قوربانی مەسەلەی تیرۆر بەوشێوەیەی کەئیستا هەموومان ئەیبینین کە شەورۆژ بۆمباران ئەکرێ و میللەتی هەژار دووچاری هەموو جۆرە ئاوارەبوونێک ئەبێ و بوونیەی تەحتیەی هەموو لەناو ئەبرێ ئەوە خۆی بۆ خۆی لەکوێ وە هاتووە هەر لەداگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوەو دوایی کە چارەسەر نەبوو کێشەکەی هەر وەکو خۆی مایەوە هەلو مەرجێکی نائاسایی لە ئەفغانستان دروست بوو، بووبە پێگەیەک بۆ ئەوەی تیرۆرستان بتوانن بەکاری بهێنن بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستانەی کە خۆیان ئەیانەوێ. یەعنی من لێرەدا پێمان باشە کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان یان ئەنجومەنی وەزیران یان هەموو لایەنە سیاسیەکان کە مەسەلەی تیرۆر لەکوردستانیشا تاوتۆ ئەکرێت هەوڵ بدرێت چەند خاڵێک لەبەر چاو بگیرێت یەکێ لەوانە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ئەو کێشە گەورانەی کە لەناوچەکەیا هەنە وەکو کێشەی کورد، کێشەی فەلەستین، وەکو کێشەی گەلی ئەفغانستان، وەکو کێشەکانی تر، ئەوانە چارەسەری عادیلانەیان بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی دەرگای تیرۆر بتوانرێ زیاتر دابخرێ یەکێ لەوانە بەراستی هەقی خۆیەتی کە لێرە ئەوە بڵێین کە ئەبێ ئیسلام لەگەڵ تیرۆر لەگەڵ ئیرهاب جیابکرێتەوە ئیسلام وەکو دینێکی خوایی کەخاوەن پەیامێکی ئیسلامیەو کە پەیامێکی لێبوردن و تەساموحە و ئەوە کە ئیسلام هەموومان ئەزانین میللەتان زیاتر لە چواردە سەدەیە لەسایەیدا ئەژی وە هۆکارێکی گەورەیە لە بنیادنانی شارستانیەتی هەموو جیهانە لەماوەی ئەو چواردە سەدەیە یەعنی نارەوایە ئەگەر تیرۆرو ئیسلام پێکەوە گرێ بدرێن هەرچەندە خۆشبەختانە هەوڵ دراوە لەم ماوەی رابردوا تارادەیەکی زۆر ئەوە رۆشنبکرێتەوە هەرچەند لەسەرەتاوە بەداخەوە وەکو کاردانەوەیەکی عاتیفیانە ئەتوانین بڵێین لە ئەمریکا لەرۆژ ئاوا هەندێ هەڵسوکەوت کرا بەرامبەر بەمەراکزی ئیسلامی

بەرامبەر بە هەر ئەو جالیانەی کە لەویّ هەنە کە ئەوە بەراستی دوور بوو لەگیانی سەردەم و گیانی شارستانیەت کە نە ئەبوایە ببوایە هەرچەند ئەوە وەکو کاردانەوەیەک بوو باش بوو کاربەدەستان هەولّیان دا بەشێوەیەک ئەوە هێور ببێتەوەو چارەسەری بۆ دابنرێت هەروەها بەراستی ئێستا لەهەموو جیهانی ئیسلامی دا حالەتێکی ئیسلامی و بە لایەنی ئیسلام و زۆر لە دنیا هەیە بەشی زۆری یان ئەتوانین بلّێین ڕێژەی هەرە گەورەی ئەو حالّەتە ئیسلامیە هەر لەگەلّ میانرەوەو ئینجا لەگەلّ گیانی سەردەما تەعامول دەکات و بەشێوەیەکی تا رادەیەک یاسایی و لەناو چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتیەتا ئەیەوێت بۆ ئامانجەکانی خۆی خزمەتەکانی خۆی بکات. بەلاّم نابێت ئەوەش وەکو بلّێین بەشێوەیەکی گشتی هەمووی سەیر بکرێت هەرچەند خۆش بەختانە لەکوردستانی خۆماندا هەر لەسەرەتاوە سەرکردایەتی سیاسی ئەو راستیەیان ئاماژە پێکرد کەهەر وەکو لە وتەکەی حکومەت ئاماژەی پێکرا بەراستی میللەتی کورد میللەتێکە لەو میللەتانەی کەگیرۆدەی دەستی ئیرهاب و توند و تیژیی بووە بە درێژایی دەیان سالّی رابردوو. ئێمە زیاتر لە میللەتانی تر پێویستمان بە ئارامی و ئاسایش و بە ژیانێکی ئاشتییانە هەیە، ئێستاش ئێمە هیوا دارین کە بە هەموو لایەکمانەوە هەولّ بدەین کە کوردستان پارێزراو بێت لە هەر دیاردەیەکی تیرۆر و توند و تیژیی ، و ئەگەر شتێکیش هاتە کایەوە ئەوە بە هەموو لایەکمانەوە هەولّ بدەین چارەسەرێکی ئیجابی و حەکیمانەی بۆ دابنێین بۆ ئەوەی میللەتەکەمان پارێزراو بێت، من لێرە تەئکیدی ئەوە دەکەمەوە کەبەناوی ئیسلامەوە تیرۆر و توند وتیژیی و تۆقاندن و شێوازی زەبر و زەنگ بۆ ئەوەی باری ژیان لە هەرێم تێک بچێت، بەراستی ئەوە دوورە لە رووحی ئیسلام و دوورە لە گیانی شەریعەتەوە و جگە لە ناشیرن کردنی ئیسلام هیچ سودێکی تری بۆ ئیسلام نییە لەبەر ئەوە ئەگەر بەناوی ئیسلامیشەوە تێگەیشتنێکی هەلّە و ناجۆرە.جارێکی تریش ئێمە لێرە پشتگیریی خۆمان بۆ حکومەتی هەرێم و ئەو رێ و شوێنانەی کە دادەندرێ بەشێوەیەکی رێک و پێک بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، تاکو کوردستانی خۆمان پارێزراو بێت لە هەموو جۆرە ئاسەوارێکی تیرۆر،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وەزیری داد، بەڕێز وەزیری کشتوکالّ کاک سەعد فەرموو

**بەڕێز سعد عبدالله/ وەزیری کشتوکالّ ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە دەمەویّ چەند خالّێک زیاد بکەم ، هەندێکیشیان جۆرە دووبارە کردنەوەیەکە، سەرەتا دەمەویّ باسی ئەوەی بکەم کە، ئەو بارەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراق هەیە کە لە دوای سالّی ١٩٩١ هاتۆتە ئاراوە ، راستە ئەنجامی رەنج و تێکۆشانی میللەتی کوردە بە درێژایی سالّەهای سالّ، لە هەمان کاتدا ئەنجامێکی سیاسەتی نێو دەولّەتی تازەیە، کە ئێمە ئێستا لەسایەیدا

دەژین و پارێزراوین، بۆیە ئەو سیستەمە دەولیە کە شێوازێکی هەیە لە کار کردن و تەحەدا کردن یەک لەو تەحەدایانەی ئەورۆ تیرۆرە بۆیە خالی یەکەم بۆ مانەوە و ڕێز لێگرتن لەو کیانە و کە پیلانی لە هەموو دەور و بەرێکمان لەسەرە، ئەوەیە کە ئێمە ببینە بەشێکی تەواو کەر لەو سیستەمە نێو دەولیە تازەیەی کەوا ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرێ و دیموکراتیەت پێڕەو دەکات ، نابێتە ناوەندێک بۆ بوونی بیر و باوەر و گروپی ئیرهابی، لەو خالەوە کە باسی بریاری ١٣٧٣ کە یەکەم جارە بریارێکی لەم جۆرە ئەنجومەنی نێودەولی بە کۆی دەنگ بەبێ تەنانەت دەنگێکی هاودژ هەبێ کە بریارەکە لەژێر فەصلی حەفتەمی بەلگەنامەی نێودەولیە کە پابەند بوونی تێدایە، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ، رەنگە ئەو برادەرانەی کە متابەعەی بابەتی ئیرهابیان کردیە، بابەتی ئیرهاب لەسالی ١٩٧٠ یان راست تر لەیالی١٩٦٩ بەشێوەیەکی دروست لە کۆبوونەوەکانی کۆمەلەی نەتەوەکان باسی لێ دەکرێ ولە سالی ١٩٧٢ درایە بەر دەم لیژنەی شەشەم لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لیژنەی یاساییە تاکو بتوانن هەم پێناسەیەک دابنێن بۆ ئیرهاب و هەم کەرستەی رووبە روو بوونەوە و چارەسەر کردنی دابنێن، بەلام تاکو ١٩٩١ یش نەیان توانی بگەنە بریارێکی ئەوها مولزیم و پێناسەیەکی وا کە بتوانن چارەسەرێکی ئەو بابەتە بکەن، دیارە دەرئەنجامی ئەو بارە تازەیە، کە ئەو کۆک بوونە و لەسەر فەصلی حەفتەم ئەو پابەندیە داندرایە و وابزانم د. ناصح باسی کرد بۆ ئێمەش شتێکی زۆر گرنگە کە ئەو بابەتە لەبەر چاو بگرین. خالی دووەم دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە بە راستی کە باسی ئیرهاب دەکرێ، دەبێ ئێمە لێکی بکەینەوە لێرەدا مەبەست ئیرهابی سیاسیە، جیاوازە لە شێوەکانی تری ئیرهاب یان کوشتن و دزین لە پێناو پەیدا کردنی پارە یان مەبەستێکی تر، کەواتە لێرەدا بابەتەکەی ئێمە دەبێ چڕ بێتەوە لەسەر ئیرهابی سیاسی، ئیرهاب لە بنەرەتدا غایە نییە ئیرهاب وەسیلەیە، وسیلەیەکە لە پێناوی ئەوەی بەرامبەرەکەی خۆت ناچار بکەی هەلوێستێک وەربگرێ، یان واز لە هەلوێستێک بێنێ، پێم وایە باشترین ووشە بۆئەوەی لە زمانی کوردی ئیرهابی پێ بناسێنین تۆقاندنە، واتا تۆ خەلکێک دەتۆقێنی تاکو یان بترسێ و واز لە بیر وباوەری سیاسی خۆی بێنێ یان ناچاری بکەی ئەگەر بە ڕوالەتیش بێت بیر و باوەرێکی سیاسی تەبەنی بکات کە تۆ پێت خۆشە ، سەرچاوەی ئیرهاب چیە؟ ئیرهاب لە چی پەیدا دەبێت ؟ من لەگەلّ ئەوە نیم کەوا بزاڤێکی رزگاریخوازی ئەگەر کێشەکەی چارەسەر نەکرێ کەواتە مافی خۆیەتی کە ئیرهاب بکات،بە دەلیلی ئەوەی میللەتی کورد سەدان سالە بزاڤێکی رزگاریخوازی عادیلانەیە وهەرگیز پەنای نەبردۆتە بەر ئیرهاب بۆیە نە کێشەی فەلەستین نە کێشەی کورد و نە هیچ کێشەیەکی تریش مبرر نادات بۆ ئیرهاب ، دووبارە جیاوازیەک هەیە لە نێوان خەباتی گەلان و ئیرهاب. خەباتی گەلان خەباتێکی بەرگری کردنە و کەرستەکانی بەناچاری هەندێ جار پەنا دەباتە بەر چەکداری و مەرجیش نییە ئیرهاب تەنها کەرستەی چەکداری بێت، جاری واهەیە تۆ دەچی ئوتێلێک گر تێبەر دەدەی تاکو خاوەن ئوتێلەکانی تر وا لێبکەی بێنە ژێر رکێفی تۆ تاکو باج بدەن یان سالانە بدەن یان هەر

شتێکی تر. بۆیە شێوازی ئیرهاب جۆراو جۆرە هەر وەکو ئیرهاب وەسیلەیە. دێمە سەر ئەوەی ئایە لە کوردستان ئێمە ئیرهابمان لەسەر کراوە ؟ لە وەڵامدا دەڵێم بەڵێ، حکومەتی عێراقی بە شێوەیەکی بەردەوام ئیرهابی کردوە ، لە هەندێ کاتدا وەکو ڕێکخراوێکی ئیرهابی کاری کردوە بەوەی مین دادنێتەوە تی ئێن تی دەنێری تیرۆر دەکات جۆرەها شت دەکات ئەوە خۆی لەخۆیدا ئیرهابە لەهەمان کاتیشدا میللەتەکەمان لەو کەشە دیموکراتیەی ئێستا تێیدایە لە دوای ڕاپەرین چەندین دیاردە یان شێوازی ئیرهابی بەخۆیەوە بینیوە کەئەو دیاردە ئیرهابییانە کە لەراستیدا شتێکە ناگونجێ لەگەڵ ئەو یاسا و داب و نەریتانەی کەوا لەکۆنەوە لە کوردستان هەبووە، پێکەوە ژیان تەحەمول کردنی یەکتر، بۆ نمونە ئیهانە کردنی ئافرەت تاکو ئافرەتی تر پێ بترسێ و سەربەستی خۆی بەکار نەهێنێ ، تەقاندنەوەی صالۆنەکانی ئافرەتان، شوێنە گشتیەکان ، ترساندن ، جۆرەها شتی لەم شێوەیە، کە ئەوانە شتێکی غەریبن و هیچ بیانگەیەکی نیە لەبەر ئەوەی لەکوردستان ئازادی بەو ئەندازەیە هەیە کە هەرکەسێ بتوانێ وەکو لایەنێکی سیاسی لە ڕێگای یاسا کار بکات و پڕ و پاگاندە بۆ خۆی بکات و جا ئەو لایەنە ئایدۆلۆژیەکەی هەر چی بێت لە چوارچێوەی یاسا بەلام کە لایەنێکی سیاسی یان گروپێک ناتوانێ بەرامبەرەکەی بڕوا پێی بێنێ ، پێی وایە کە ئەو ئایدۆلۆژیەی کە ئەو هەیەتی گشتگرترە و ڕاستە و هەموو ڕاستیەکان لای ئەوە و هەموو بەرامبەرەکەی هەڵەن، ئەو ئایدۆلۆژیە خۆی لەخۆیدا ناوەندێکە بۆ دروست بوونی ئیرهاب لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم و پشتگیریی پێشنیارەکەی د. ناصح دەکەم کە ئێمە دەبێت چەند هەنگاوێک باوێین، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە داوا دەکەین پەرلەمانی کوردستان تەشریعێک دەر بکات بۆ ئەوەی ئێمە لە کوردستاندا چی بکەین تاکو مللەتەکەمان نەبێتە شوێنێک بۆ دروست بوونی ناوەندێکی ئیرهابی چونکە بەراستی دەبێ ئەوە بزانین ئێمە لە ئەفغانستان گرنگ تر نین ئێمە دەولەتێکی سەربەخۆ نین دەور و پشتمان هەمووی پیلانی لەسەرە، ئەگەر بێت و کوردستان کە ناوچەیەکی پارێزراوە ولاتانی ڕۆژ ئاوا دەمان پارێزن، بۆ ئەوە نامان پارێزن تاکو ببینە مەفقەسێک تاکو گروپی ئیرهابی لەناو ئێمە دروست بێت، بۆیە دەمان پارێزن کە فعلا ئیمە ئەزمونێکین جیایین لە دەورو پشتی خۆمان و ئەزمونێکی دیموکراتیین بۆیە ئەرکێکی نەتەوەییە، بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی وئاسایشی ستراتیجیمان کەوا ئێمە یاسایەکمان هەبێ و ئەو یاسایەش دەبێ زۆر بە وردی جێبەجێ بکرێ. خاڵی دووەم ئەوەیە کە دەبێ ئێمە تەسقیفی میللەتەکەی خۆمان بکەین، لایەنێکی پەروەردەیی زۆر گرنگ هەیە کە دەزگاکانی پەروەردەیی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەزگاکانی ئەوقاف و لەهەموو ئاستێکدا ئێمە دەبێ ئەو دیاردەیە بەهیچ شێوەیەک ئێمە ڕێگا نەدەین کەوا بیانگەی بۆ ببینینەوە جوانی بکەین لەبەر ئەوەی خۆی شتێکی زۆر ناشیرنە و تەئویلی بۆ نەکەین، بۆیە فعلا پێوستە حەملەیەکی تەسقیفی لەم بارەیەوە هەبێ، لەو بارەیەوە لەوانەیە دەزگاگانی حکومەتی هەرێم لەوانەشە ئەگەر یاسایەک لەو بارەیەوە هەبێ لەوانەیە یارمەتی حکومەت بدات بۆ جێبەجێ کردن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا سعد. بەڕێز کاک حەیدەر فەیلی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن

**بەڕێز حیدر فەیلی / وەزیری گواستنەوەو گەیاند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن وتارەکەی من بە عەرەبیە:

الاخ العزيز رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

الاخ العزيز رئيس حكومة الاقليم كورستان بالوكالة المحترم

الحظور الكرام

اسمحوا لي بان اعبر عن سروري وتقديري لعقد هذه الجلسة لبرلمان كوردستان حول الارهاب، ان جلوسنا هنا هو بحد ذاته يرمز الى نبذ الارهاب والارهابيين لان البرلمان هو طريقة حياة للوصول الى قرارات عن طريق الحوار والاقناع والتفاهم ولهذا فاننا نجد الارهابيين في كل مكان ضد الحرية والديمقراطية وحقوق الانسان.

لايخفى على احد درجة الظلم التي تعرض لها الشعب الكوردي في كافة ارجاء كوردستان ومعاناته بسبب إرهاب الدولة. ونحن هنا في كوردستان العراق عانينا الامرين من ذلك ، لايمكن وصف تفصلاتها كلها ولهذا السبب بالذات ندرك مخاطر الارهاب والارهابيين ولا يزال العديد من ابناء شعبنا يتعرضون للقمع و التهجير والتعريب والمظالم وهذه كلها اساليب إرهابية تقوم بها الدولة. ولهذا فان على القوى السياسية ان تنشط الان واكثر من السابق لكي يتفهم العالم وضع شعبنا ومعاناته بسبب ارهاب الدولة.

ان مجموعة الارهابيين الجدد ممن يسمون انفسهم (بجند الاسلام) الاسلام بريء من سفاكي الدماء سوف لن يتمكنوا من تحويل كوردستان الى افغانستان . ذلك لان شعبنا بطبيعته شعب متسامح يعمل على نيل حقوقه العادلة بالوسائل الشرعية، اما الارهاب فهو وسيلة لم يعرفها شعبنا خلال نضاله الطويل كله لانه غريب عن طبيعته المتسامحة.

ان موقع بلدنا يملي علينا ان نكون اكثر صرامة في التعامل مع الارهاب والارهابيين لان وقوع بلدنا في هذه المنطقة يفرض علينا حساسية اكثر ، كما ان تنوع شعبنا باديانه وقومياته يملي علينا هذا الموقف ايضا.

لقد كانت احداث نيويورك وواشنطن جريمة دموية بشعة ، وعمل ارهابي شنيع لايمكن تبريره ، او التهوين من شره باي شكل من الاشكال فاستحق هذا الفعل الاجرامي المقصود كل الادانة والاستنكار، وكل التعاطف والحزن على ضحاياه والتضامن مع عوائلهم وكانت البشرية جمعاء تأمل ان ينتصر في واشنطن صوت العقل والحكمة والشعور بالمسؤولية وعبر الشرعية الدولية

وفق ميثاق الامم المتحدة وبتعاون كل دول العالم المعنية باستقرار و امن الشعوب باسناد الراي العام العالمي. وبعيدا عن ردود الفعل العاطفية كي تتخذ الاجراءات والتدابير، المواقف والسياسات للتصدي للإرهاب والارهابيين بعد تحديد معناه وتعريف مقاصده بما يميز بين إرهاب الدولة او الإرهاب الجماعي او الفردي وبين نضال الشعوب التحرري لقلع جذور وتجفيف منابعه وعبر عمليات سياسية اجتماعية اقتصادية فكرية وتربوية واخيرا امنية و عسكرية، نحن لسنا ممن يطلب العفو لقادة(الطالبان و بن لادن) فقد فاضت اعمالهم بالقبائح وتحمل الشعب الافغاني الطيب الكثير بالعيش خارج مسيرة البشرية الحضارية الثقافية والعلمية وورطوه بدوامة الحرب الاهلية لتغدو افغانستان في ظلهم عنوانا للجهل والتخلف الاعمى والارهاب المنفلت.

ولكننا معنيون وفق جميع الاعراف وبمسؤولية بان نقول ونعلن بضرورة التمييز بين المجرم والبريء. بين الارهابيين الحقيقيين والضحايا منهم الشعب الافغاني

وختاما فانه من الطبيعي ان ندرك بان الذي يقف وراء الارهاب و الارهابيين هم النظم الدكتاتورية والتي لا تؤمن بحرية الشعوب وتمتعه بالحريات والحياة الكريمة، ولهذا فان نشر الفكر الديمقراطي واحترام الراي والراي الاخر ياتي على راس الاولويات في محاربة الارهاب لان شعبا يؤمن بالطريق الديمقراطي لا يمكنه اختيار الاساليب الارهابية.

وبهذا الصدد نحن هنا في برلمان كوردستان نعلن عن وقوفنا بحزم لاتخاذ كافة الاجراءات الرادعة للارهاب والارهابيين الذين يعرضون حياة المدنيين كافة الى الخطر، وبذلك نقضي على هذه الافة الخطيرة ونشيد وطنا منسجما مع العالم والعصر عصر الحرية والديمقراطية وحق تقرير المصير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك مەحمود محمد وەزیری ڕۆشنبیریی فەرموو

**بەڕێز محمود محمد/ وەزیری ڕۆشنبیریی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ باس كردنی ئیرهاب پێویستمان بە خاڵ بەندیەک هەیە لەچۆنیەتی باس كردن لە ئیرهاب و ناسینی ئیرهاب، و بەرەنگار بوونەوەی ئیرهاب، پێویستمان بەوەیە لەپێشەوەكە ئێمەش لە كوردستان كە پێناسەیەكی تایبەتمان هەبێ بۆ ئیرهاب، چونكە ئیرهاب بەپێی كات و شوێن گۆڕانی بەسەردا هاتووە ودیاردەیەكی نوێ نییە لە كوردستانیش ئیرهاب هەبووە و هەیە، بۆیە ئێستاش پێویستمان بەوەیە كە پێناسەیەكی تایبەتیمان هەبێ و ئەوەش ئەگەر بكرێ بە شێوەیەكی ئەكادیمی ، لەشارەزایانی زانكۆ و مامۆستایان و شارەزایان لێرە لە زانایانی ئاینی و لەیاساناسەكان ولەوانەی لە كۆمەڵناسی شارەزان بەشداری تێدا بكەن ولەوانەیە هاوكاریەكی باش بێت و

پێناسەکەمان پێناسەیەکی گونجاو وسەردەمیانە بێت، پێویستمان بە پێناسە هەیە پێویستمان بەوە هەیە کە شێوازی ئیرهاب بزانین و بیناسین ، خالی سێیەم پێویستە رەوتی ئیرهاب و چۆنیەتی گەشە کردنی بزانین ، خالی چوارەم پێویستمان بەوەیە کە پالنەرەکانی ئیرهاب بزانین و شارەزای بین ئینجا خالی پێنجەم و کۆتایی کەچۆن رێگا لە ئیرهاب دەگرین و بەرامبەری رادەوەستین.

بابەتێک هەیە گرنگە کە چەند تێبینیەکە لەسەر ئیرهاب ، هەندێ چەمک هەن هەندێ مفهوم هەن زۆر نزیکن لە ئیرهاب، بەلام ئیرهاب شرعی و ناشەرعی نییە ئیرهاب مەرفووزە، ئیرهاب هەمووی ناشەرعیە، ئەوەی تێکەلاوە لەگەل ئیرهاب ، زۆر جار هەندێ برادەر و هەندێ جار لە نووسینەکاندا تێکەلاو دەکرێ، عونفی سیاسی و تاوانی سیاسی تێکەلاو دەکرێ لەگەل ئیرهاب عونفی سیاسی ئەو عونفەیە وەکو مانگرتن ، خۆنیشاندان شۆرش لە پێناو بەدەست هێنانی هەندێ مافی داگیر کراو دەکرێت، ئەمە ناچێتە خانەی ئیرهابەوە، نابێ ناوی ئیرهابی شەرعی یان ئیرهابی رەوای لێ بندرێ لە ناو خۆماندا ،لە لایەکی تر ئیرهاب بە پێی کات و شوێن دەگۆرێ بەپێی کلتور و رادەی رۆشنبیری ولاتێک یان کۆمەلگایەک گۆرانی بەسەر دادێ، بۆیە ئێمەش پێویستمانە کە لە کوردستاندا تێگەیشتنی خۆمان دیاری بکەین لەسەر ئیرهاب، ئیرهاب وەکو شتێکی ستاندارد تاکو ئێستا لە دونیا پێناسەیەکیان بۆ دیاری نەکردوە نە لەرووی کۆمەلایەتی و نە لە رووی یاسایی و تەنانەت لە رێکخراوە نێو دولیەکانیش هیچ پێناسەیەکیان بۆ دیاری نەکردووە، لەگەل ئەوەشدا هەموو لایەنێک لەسەر هەندێ شتدا کۆکن و بەپێی هەلسوکەوتی ئەو ولاتە واقعی کۆمەلگایەک دەتوانین باس لە ئیرهاب بکەین کەهەول دانە بۆ بلاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەپێناو ئامانجی دیاری کراو و وسیلەیەکە حکومەت یان حزبێک یان دەستەیەک یان تاکێک کە باوەریان بە خۆ سەپاندنی رایەکانیان هەیە بەکاری دێنن بۆ ناچار کردنی گەلێک یان دەولەتێک یان حزبێک یان دەستەیەک کە ملکەچی ویست و خواستەکانیان بن جا ئەم ویست و خواستانە چ سیاسی بن یان ماددی بن یان فەلسەفی بن، شێوازی ئیرهاب زۆرە، کەرستەی کە کەسانی ئیرهابی پەنای بۆ دەبەن و بەکاری دێنن زۆرن کات و شوێن کاریگەری لەسەر قەبارەی ئیرهاب هەیە وهەر وەها ئامانج و جیاوازی ئامانجەکان کاریکەری لەسەر ئیرهاب هەیە نەخشەدانان و وردکاری پالپشتی مەعنوی ومادی دیسان کاریگەری یەکجار زۆری لەسەر شێوازی ئیرهاب هەیە، شێوازەکان زۆر و جۆراو جۆرن و بەپێی هەر ولاتێک یان هەر شوێنێک دەگۆرێ، لە دزینی فرۆکە، لەگرتنی بارمتە، لە رفاندنی کەسایەتی و مندال، گرتنی دبلوماسیەکان بە بارمتە ویان ئەو کەرستانەی کە بەکاری دێنن وەکو تیرۆری کەسی ، یان دانانی قونبەلەو سوتاندن و تیزاب پێدا کردن شەری دەرونی ناچارکردن لە گۆرینی نەتەوەکەی یان دین یان مەزهەب یان دەرکردنی خەلک لە زێدی باب و باپیرانی خۆی یان داگیر کردنی ملک یان ناموس ئەمانە هەموو کەرستە و شێوازن بۆ ئیرهاب، ئیرهاب بەیەک رەوتدا پێش نەکەوتووە و بەیەک رەوتیشدا گەشەی نەکردوە بەتەئکید گۆرانی بەسەردا هاتووە و شێوازی جیاوازی وەرگرتووە وەکو

ئیرهابی تاک ئیرهابی گرووپی وئیرهابی دەولی ، ئیرهابی ڕێک یان ئیرهابی بەربڵاو ، ولاتێک سەرتاسەری دەکەوێتە بەر ئیرهاب یان شارێکی تایبەتی یان حزبێکی تایبەتی لەوانەیە بکەوێتە بەر ئیرهاب،و ئیرهابی دەرەکی هەیە دەولەتێک پەنای دەباتە بەر تاکو کولفە یان خەرجی شەرێک لە لەولاتێک بۆ ولاتێکی تر زۆرە دەیەوێ بەهۆی تیـرۆرەوە ئەو را و ئەفکارانەی کـە هەیەتی بەسەر وڵاتەکەی تر بیسەپێنێ بۆیە پەنا دەباتە بەر ئیرهاب و ئاسان کاری باش بۆ ئیرهابییەکان دەکات . ئیرهابی ئایدیۆلۆجی، ئیرهابی عنصری ، ئیرهابی فیکری، ئیرهابی دەروونی ، ئیرهابی دینی، ئەمـانە هەمـووی شێـوازی ئیرهابن کـە لە زۆر شوێنی دونیـا بەکار هاتووە، لەپشت هەمـوو ئەوانەوە کە ئیرهاب دەکرێ پاڵنەر هەیە هاندەر هەیە، بۆچی ئیرهاب دەکرێ؟ ئەو پاڵنەرانە چین کەوا وا دەکات کە ئیرهاب هەبێ؟ و ئیرهابەکەش بەپێی ئاستی خۆی جاچی لە ئاستی خۆجێیی بێت یان لە ئاستی حزبەکـان یان لە ئاستی دەولی دابێت ، گۆڕانی بەسەر دادێت و قـەبارەکانیـان گۆڕانیان بەسەر دادێ. لەئاستی مەحلی دەوڵەتێک دەیەوێ میللەتەکەی یان بەشێ لە میللەتەکەی یان مەزهەبێکی تایبەتی ملکەچی شێوە سیاسیـەکەی خۆی بکات، ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە چەندین سـاڵە، دەوڵەتێک بە ڕێک و پێکی پـارە و پولی گـەلـەکەی دەخـاتە خزمـەت ئەو شێـوازە ئیرهابە ویان بەپێی یاسا دەزگای یاسایی بەکار دێنێ بۆ ئیرهاب وەکو ئەوەی ئەمن وئستخبارات و سوپا بەکار هاتووە لە دژی نەتەوەکەمان وبۆ ئەوەی ملکەچی خواستە سیاسیەکانی ئەوان بێن، لەوانەیە هەندێ جـار ئەو ئیـرهابە لە پێناو هەندێ بابەتی ئابووریدا بێت ، یان پاڵنـەری ڕەگـەزپەرستی لە پشـتەوە بێت یان پاڵنەری دینی لە پشـتەوە بێت هەمـوو ئیرهاب چیەکـیش ئەوانەن کە باوەڕیان بە گفتوگۆ و دانووساندن و زمـانی سەردەم نییە، کە ئەوانەمان ناسی دەتوانین بڵێین چۆن ڕێگا چارە دەدۆزینەوە تاکو بەرگری لە دژی ئیرهاب بکەیـن و ئیرهاب بچێتەوە شوێنی خۆی و نەهێڵین پەرە بسـتێنێت ، بە بوونی سیسـتەمی دیموکراسی ودیموکراتیزە کردنی بوارەکانی ژیان بە سـەروەری یاسـا ، یاسـا هەر سـەروەر بێت بە دادوەری کـۆمـەلایەتی و بە راگـەیاندن و رۆشنبیری، سیستەمی دیموکراتی کاتێ کە دەروازەیەکە بۆ خەڵک دەکرێتەوە کە هەست بە بوونی خۆیان دەکـەن هەست بە وەزیفـەیان دەکـەن بەرامبـەر بە مـافـەکـانیـان و هەست بە ڕۆڵی خۆی و کـاریگەری خـۆی دەکات و وا دەکـات کـە ئەویش نەخزێتـە ناو هەندێ ڕێکخـراوی ئیـرهابی تاکـو پاڵنـەر بن تاکـو کـاری ئیـرهابی بکات، سـەروەری یاسـا لە هەر کـۆمـەڵگایەکـدا ، ئەگـەر خـەڵک لەیاسا ترسا ، ئەوە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووە بەڵام ئەگەر خەڵک لە دەسەلات ترسا ئەوە دیارە کۆمـەڵگایەکە دکتاتۆریەتی تێدا پێڕەو دەکرێ ، بەشێوەیەکی باش خەڵکەکە پەروەردە نەکراوە، لە شوێنێکدا ئەگەر نرخی مرۆڤەکان وەکو یەک بوو و تەنها جیاوازی لە نێوانیـاندا لە بەرهەمەکەی و ڕادەی زانستیـەکە بوو ئەو کاتە مرۆڤ هەست بە بوونی خۆی دەکات و پێوەر بۆ مرۆڤەکان تەنها بابەتی بەرهەم و و رۆشنبیری و زانستەکەیان بێت، دادوەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەوەیدا کە گەنجێک دەبینێ لە پەنای خۆیدا هیچ توانایەکی ژیانی نییە لە هەمو ڕووەکانەوە بەڵام لەوانەیە

ئومێدی دوارۆژی پێ بدەن ئامادەیە لە پێناو ئەو ئومێدە بخزێتە ناویان و هەندێ جار بڕوا بەوە دێنێ کە هەندێ کاری خۆکوژی ئەنجام بدات ، چونکە لەو دونیایەدا بێبەش کراوە لە هەموو شتێک بۆیە زۆر گرنگە کە ئێمە بابەتی دادوەری کۆمەڵایەتی و نزیک کردنەوەی چینەکان ، و شێوەی ژیانی خەڵکەکانی ناو کوردستانمان ڕێک بخەین و هەوڵ بدەین کە کەمتر ئەو هەژاریە ببێتە هان دەرێک بۆ ئەوەی خەڵکێک بخزێتە ناو ئەو گروپە ئیرهابیانەوە، بابەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی، ڕاگەیاندن شتێکی دوو سەرەیە دەکرێ زۆر چاک بەکار بهێندرێ بۆ ئەوەی کە ئیشارەی مشاعیری خەڵک بکەین، یان ئیرهاب بە شێوەیەکی وا نیشان بدرێ کە هەندێ خەڵک بوونی خۆیان و کەسایەتی خۆیان لەو کارە گەورە و ترسناکانە ببیننەوە و هەندێ جاریش دەکرێ ببێتە وسیلەیەک بۆ ئەوەی نەهێڵێت ئیرهاب گەشە بکات، و بابەتە ڕۆشنبیریەکانیش بەو شێوەیە بەوەی کە دەکرێ میللەتێک پەروەردە بکرێ و هەوڵی ئەوە بدرێت کە زەمینەی ئیرهاب لە ناو ئەو کۆمەڵگایە ڕیشە کێش بکرێ و نەهێڵدرێ پەروەردە بکرێ و ئەویش بە هاوکاری هەموو لایەکە چ لە زانایانی ئاینی چ لە کەسانی ڕۆشنبیر یان هونەرمەندانی وڵاتەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ وەزیری ڕۆشنبیری ، دەست بە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ پێشکەش کردنی بە دوا داچونەکانیان، لەبەر ئەوەی کاتەکە کەمە وەک سەرۆکایەتی ئەنجومەن تکامان وایە هیچ بەدوا داچونێک لە سێ دەقیقە زیاتر نەبێت، و پێمان خۆشە ڕاستەو خۆ بچنە ناو ناوەرۆکی بابەتەکە و لەگەڵ سوپاسماندا، هەرچەندە کاک عەبدوالخالق بە صفەتێکی تایبەتی دەکرێ بە دواداچونەکەی زیاتر بێت، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خۆشحاڵم کە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بێ دەربارەی کێشەیەک کە کێشەی هەموو دونیایە کە کێشەی ئیرهابە، ئەم کێشەیە بەڕاستی کێشەیەکی ترسناکە بۆ گشت مرۆڤایەتیەوە و ئەوانەی بەکاری دێنن لایەنێکن بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندی مرۆڤایەتیەوە، وزۆر جاریش پەنای بۆ دەبەن ئنجا ئەفراد بێت ، کۆمەڵە بێت یان حکومات بێت ، وگەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە زۆر ئیرهاب و تەنانەت کۆمەڵ کوژیشی دی، لەگەڵ ئەوەشدا بزاڤی کورد هیچ جارێ پەنای نەبردە بەر ئیرهاب بۆ کار تێکدەر لەناو شارەکاندا و ئەوە مەدالیەێکە لە سنگی بزاڤی گەلی کوردستاندا لەهەر شوێنێک بێت ئێمە شانازی پێوە دەکەین، سەبارەت بە دونیاوە من ناچمە ناو درێژەیەوە لەبەر ئەوەی بەیانی ئەنجومەنی وەزیران و وتە بەنرخەکانی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کوتلەی زەرد و ئاماژەیان پێدا ، سەبارەت بە خۆمەوە زیاتر جەخت دەکەمە سەر ئیرهاب لە کوردستان، ئەم دیاردەیە لەکوردستان بە پلەی جۆراو جۆر سەری هەڵدا لە

دەرئەنجامی کاریکەریەکی زۆر، زۆر ناچمە ناو درێژەی باسەکە، ئەوەندە دەزانم لە دوای راپەرینەوە ئەم دیاردەیە سەری هەڵدا مانای ئەوە نییە کە پێش ئەوە نەبووە، هەبووە، ئەو دەستکەوتانەی گەلەکەمانیان و ئەو کەشە دیموکراتیەی لە کوردستان هاتۆتە کایەوە قۆزتۆتەوە، و ئەوەش دەڵێم و بەداخەوە وەزیری ناوخۆش لێرە ئامادەیە ، کە حەق بوو ئێمە لە سەرەتاوە دیاردەی ئیرهاب و تیرۆر بەپێی یاسا زۆر بە توندی رێگامان لە پێشیان نەهێشتبایا، ئەو دیاردەیە تەشەنەی کرد ، زیاتریش لە دوای شەڕی ناوخۆ لە رێگای عومەلایان لەناو کوردستان عالەمێکی زۆر کوژرا ئەگەر بە سەرژمێری بێت لە زمنیان میوانەکانمان کوردی ئێران بەسەدانیان لێ کوژرا لە کوردستان و هەروەهاش لە پەرلەمانمانیش چوار شەهیدی ئازیزمان اغتیال کران لە زمنیان فرەنسیس و ئاخریشیان شەهید فرەنسۆ هەریری کە سەرۆکی کوتلەی زەردی پارتی بوو و هەروەهاش هەتاکو ئێستا ئەوانەی کە بەم کارە هەڵساون ئاشکرا نەبوونە، لەبەرئەوە دەبینین ئێستا کۆمەڵێک بۆمان پەیدا بوون، هەر جارێکیش بەناوێک، جارێک بەناوێکی تەبەقی جارێک بەناوی ئیسلامی جارێکیش بەناوی قەومی، بەراستی ئەمانە لایەنی گومان لێکراون و لایەنێکی دەرەکی پاڵیان پێوە دەنێ بۆئەوەی ئەو ئیستقرارەو ئەو ئەمنەو ئەو ئازادییەو دیموکراتییەی کە لە کوردستاندا هەیە سەری ببڕن و هەروەها گەیشتە رادەی دیاردەی اغتیالات و ئیرهاب ئافرەتێکی زۆری گرت لە کوردستانەوە کە ئەمەش گشتی ئامانجی ئەو لایەنە گومان لێکراوانەن سومعەی کوردستان کە لە دەرەوە جێگای رێزو ئیحترامە هەوڵ بدەن لەکەی تێ بکەن و ئاخریان ئەم کۆمەڵەیەی بەناوی جوندی ئیسلام کە بەراستی ئەمانەش دەعبایەکی تازەن و بە قەناعەتی من نە بەس دژی کوردن دژی ئیسلامی پیرۆزیشن، ئیستغلالی بارودۆخەکەیان کرد وتم چوار ئەندامی پەرلەمان اغتیال کراوە دوو ئەندامیش هەوڵی اغتیالیان درا لە زمنیان کاک شێروان حیدری و خۆمیش یەکێکیانم و نازانم بیستم دوا جار کاک فەرسەت ئەگەر راستە ئەو هەواڵە جێگای داخە گشتی ئیستغلالی زروفەکەیان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەسراری پەرلەمان مەدرکێنە.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا با کەشف بێت، لەبەرئەوە ئەوانە زۆر زەرەرمان پێ دەگەیەنن بۆ سومعەی کورد لەبەرئەوەش ئێمە وەکو کورد دەبێت موتەفاعیل بین لەگەڵ رووداوەکانی دونیا بەڕێز کاک مەسعود لەناو ئەم هۆڵەدا لە کردنەوەی دوا خولمان ئاماژەی کرد بۆ ئەو مەوزوعە و هەروەها لەزۆر بۆنەی تریش بەرپرسانی حزبیمان یان مەسئولینی حکومیمان و هەتا وەفدەکانمان کە چونەتە دەرەوە. ئێمە بەنیسبەت خۆمان دەبێت تەفاعول بکەین لەگەڵ رووداوەکانی دونیا ئێمە قوربانی ئیرهابین و ئێمە

پێناسەکراین لە دونیا بێجگە لە تێکۆشانی گەلەکەمان مەسەلەی ئینتهاکاتی مافی مرۆڤ و ئیرهاب و ئیغتیالات لەسەرمانن، لەبەرئەوە ئێمە دەبێت موتەجاویب بین لەگەڵ دونیا وەک چۆن ئیدانەی ئەو ئیرهابەمان کرد لە ئەمەریکا، دەبێت ئیدانەی گشت ئیرهابێک بکەین لەهەر پارچەیەکی دونیا بێت. لەبەرئەوەی قوربانییەکەی هەمیشە گەلانی ژێر دەست دەبن، لەبەرئەوە من داوا دەکەم کۆنفرانسێک یان دانیشتنێکی هاوبەشی حکومەت و پەرلەمان بە قوڵی زیاتر پسپۆڕیش ئامادە بن بۆئەوەی ئەم دیاردەیە لە کوردستان چارەسەریەکی بۆ بدۆزینەوە بۆئەوەی ڕێگا بگرین لەو لایەنە سەرلێشێواوانە یان ئەو لایەنە گومان لێکراوانە بەپێی یاسا چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە وتم دەبێت ئیجرائاتێکی صارم بکرێت لەلایەن حکومەتەوە بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆوە هەروەها دادگاکانمان کە ئەوانەی بەم ئیشە هەڵدەستن بەپێی یاسا دەبێت ئیجرائاتێکی توند بەرامبەریان وەرگیرێت.

دوو، دەبێت هەوڵ بدەین گشت جهودمان ئەوەی کاک مەسعودیش تەئکیدی کرد دانیشتنی دەسپێک دیاردەی چەکداری لە کوردستان بەبێ یاسا بەبێ مۆڵەت دەبێت چارەسەرییەکی بۆ بدۆزرینەوە هەروەها دیاردەی میلیشیات کە دیاردەیەکە هەندێ لایەن هەق دەدات بەخۆی دژی یاسای حزبەکانیش بوەستێ، لەبەرئەوە دەبێت ئێمە هەندێک هەموارکردن بکەین لەسەر هەندێ یاساکانمان ئەوەی پەیوەندیی هەیە بەم شتانەوە، لەگەڵ ئەوەم بریارێکی تایبەت دەربچێت لە دژی ئیرهاب لە کوردستان بۆئەوەی کە بەپێی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش ئێمەش پارچەیەکین لەو دونیایە بە ئەوپەڕی ئیعتزازەوە ئێمە لەگەڵ ئەو بریارانەین و پشتگیریی دەکەین و پابەندیشی دەبین لەگەڵ ئەوەم یاسا لەبان گشت شتێک بێت یاسا گرینگە لەبەرئەوەی ئەو لایەنانە بەراستی ئیستغلالی ثغراتی یاسا دەکەن پێم باشە یاسایەک دەربچێت بۆ ئەو لایەنانەی ئیقلیمین یان نێودەوڵەتین لێرەدا کە چەکداریان هەیە دەبێت حەددێکیان بۆ دابنرێ بەبێ یاسا نابێت هیچ کەسێک بەهەر ناوێک بێت لە کوردستان و هەندێکیان بارەگایەکانی خۆیان کردۆتە ئەوکار بۆ کوشتن و تیرۆر کردنی خەڵک.

داوا دەکەم بەراستی بەنیسبەت ئێمەوە ئازادی و دیموکراتی کە هەیە زیادی بکەین بۆ ئەوەی ڕێگا بگرین لەو هێزە تاریکستانیانەی (قوى الظلام) کە لە کوردستان هەوڵ دەدەن بەهەر شێوەیەک بێت ئیستغلالی زروفی کۆمەڵایەتیمان و زروفی ئابووریمان و زرووفی دواکەوتنیش کە ڕۆڵی هەیە ئەمە ئەرکێکی نیشتمانی و قەومی گشتمانە نە بەس پارتی کە حزبی حاکمە بەڵکو هی گشت حزبەکان و دەزگاکانی دەوڵەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان.

بەڕێز کاک شمائل ننو فەرمو.

**بەڕێز شـــــمـــــائل نـنـو بـنـيــــــامـين:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

شكراً لفراكسيون (زەرد) لدعوتها تخصيص جلسة لمناقشة او حديث عن ظاهرة الارهاب.

الارهاب ايٌ كان شكله او حجمه مهما كانت دوافعه، ظاهرة مدانة وقانوناً هو جريمة مع سبق الاصرار وجميع الاديان السماوية تدين هذه الظاهرة وهي ضد هذه الظاهرة واعتقد الاحداث الاخيرة التي جرت في نيويورك وواشنطن وما جرى من محاولة لتلبيس هذا الفعل بالاسلام والدفاع عن الاسلام وما رأيناه من مواقف من الاساتذة الافاضل ورجال الدين والمفكرين بالتفريق بين المفهومين، مفهوم الارهاب ومفهوم الدفاع عن الاسلام، فالاسلام بتعاليمه بعيدٌ عن هذه الظاهرة.

في كوردستان كنا ولا زلنا ضحايا ارهاب الدولة والزميل د. ناصح اشار بالتفصيل الى محطات بالنسبة لشعب كوردستان الشقيق، وبالنسبة الينا كآشوريين كأقلية قومية ودينية كنا ايضاً ضحية الارهاب منذ سميل ومروراً بتعاقب الانظمة المختلفة على الحكم في بلدنا وكنا ضحايا للارهاب السياسي او الاغتيال السياسي كما اشار الزميل عبدالخالق زنگنة بإستشهاد السيد فرنسيس يوسف شابو كأول شهيد لپرلمان كوردستان العراق وآخرهم الشهيد فرنسو هريري.

ما هو موقفنا من هذه الظاهرة على الصعيد الدولي حسناً فعلت حكومتنا وپرلماننا وبقية الاحزاب بإدانتها لما جرى في نيويورك وواشنطن ولكن يتطلب علينا ايضاً ان نؤكد على مسألة ضرورة التفريق بين معاقبة المذنبين وبين العقوبة الشاملة حيث نرى الآن في افغانستان مآسي ومناظر مؤلمة تذكرنا بأحوالنا نحن في الوقت ذاته من المطلوب ابراز التأكيد على ضرورة حل المشاكل وبؤر التوتر في العالم وخصوصاً في الشرق الاوسط وعلى رأس هذه المشاكل التي تثير كثيراً من التبعات هي قضية شعب فلسطين من الضروري ان نؤكد على ان تحل هذه المشكلة حلاً عادلاً يضمن حق الشعب الفلسطيني بدولته وعاصمتها القدس وكذلك موضوع العراق.

العراق اصبح بؤرة التوتر وحالياً كما نشاهد هناك دائماً حديث وربط بين نظام بغداد وبينما يجري في العالم وتبعات ما جرى في نيويورك وواشنطن. نحن من واجبنا كعراقيين نعيش في العراق و ككوردستانيين ان نسعى ونعمل من اجل حل هذه المشكلة وهذه العقدة بما يضمن قيام نظام حكم يضمن حقوق ابناء العراق، نظام حكم ديمقراطي تعددي فيدرالي ويبني علاقات متوازنة مع دول الجيران خصوصاً في المنطقة. داخلياً كان هناك موقف موحد بالنسبة لظاهرة الارهاب والاحداث التي جرت في منطقة حلبجة كان موقف موحد وقوي ومن المفرح ان نرى هذا التكاتف والتي اثلج صدرنا اكثر كان الموقف المشترك للحزبين الحليفين الكبيرين الحاكمين الپارتي واليكيتي والتي نأمل (عسى ان تكرهوا شيئاً وهو خيرٌ لكم) ان تكون هذه دافعاً لخطوات اكثر تقدماً ولصلح وسلام يقوينا ويجعلنا في موقع اقوى في مجابهة كافة التحديات

وليست ظاهرة الارهاب فقط.

اعلامياً كما اشار ماموستا سعد، المطلوب التثقيف في هذا الموضوع وقنوات الاعلامية الكل يجب ان تنبري للقيام بدورها في هذا المجال وكذلك أؤكد على رجال الدين ومنابر الجوامع والكنائس هي اماكن لاشاعة مفاهيم التآخي ولإدانة الارهاب والموضوع ضروري جداً ويجب ان يكون هناك توجه رسمي من قبل وزارة الاوقاف بتنظيم هذا الموضوع وتوحيد بعض المضامين والافكار لتطرح على ابناء شعبنا .سياسياً ايضاً نحن من الضروري ان نعمل على ترسيخ الديموقراطية واحترام الآخر وعدم الغاء الآخر ايٍّ كان قوميته او دينه او فكره هذا سيعمق من قوة تجربتنا ويساعد مسعانا لتطوير تجربتنا وبناء المجتمع المدني، وشكرا جزيلاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک شمائل. بەڕێز مامۆستا محسن مفتی فەرمو.

**بەڕێز مەلا محسن خالد مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە خراپی تیرۆر ئەوەیە کە ئەوەی تیرۆریستیشە بۆخۆی لێی بێزارە تەنانەت ئەو کەسانەش کە خۆیان هەڵویستیان دژوارە بۆ خۆیان بە ڕواڵەت لە دژی رادەوەستن لەبەرئەوە لە کوردستانی ئێمەدا سوپاس بۆ خوا خۆشحاڵین بەوەی کە هەڵوێستی هەموو لایەک لەم بوارەو لەم دەرفەتەدا یەکە بۆئەوەی بتوانرێت چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت، خەباتی کورد بۆ دەیان ساڵ زیاترە چەسپاندوویەتی کە لەگەڵ تیرۆردا نەبووەو ناشیەوێت لەگەڵیدا بێت، لە کاتێکدا کە کورد لە کوردستاندا نەیەوێت قبوڵی تیرۆر بکات یان قبوڵی ئیرهاب بکات بۆ خۆی و بۆ دیفاع کردن لە مافی رەوای خۆی دیارە هەرگیز ناشیەوێت کوردستان ببێتە پێگەی ئیرهاب و تۆقاندن و تیرۆریزم هەموو لایەنەکانی تیرۆر باس کران، ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان پێش ئەوەی وەکو هەڵوێستێکی موسڵمانییەتی باسی ئەم وەزعە بکەین وەک پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکدا دژایەتی تیرۆرو ئیرهاب دەکەین هەمیشە ئەوەشمان دوویات کردۆتەوە کە لەگەڵ مافی رەوای گەلانداین و، لەگەڵیشیاندابووین و هەر لەم پەرلەمانی کوردستانەشدا پشتگیریمان لە مافی چەوساوەی میللەتان کردووە بەتایبەتی مافی چەوساوەی میللەتە موسڵمانەکان وەکو چیچیان و کۆسۆڤۆ و فەلەستین و جێگاکانی تر. ئێستاش ئەو هاوخەمییەی کە لە هەموو جێگایەکدا راگەیەنرا بەتایبەتی بەرامبەر بە قوربانیانی میللەتی موسڵمانی ئەفغانستان ئەمە جێگای خۆشحاڵییە و دەست خۆشیش لە پەیامی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ راگەیاندنی ئەو هاوخەمییە، چونکە میللەتی ئێمە لە هەموو میللەتانی دونیا زیاتر دەزانێت کە چەوساندنەوە تا چ رادەیەک فشارێکی زۆری خستۆتە سەرمان و ئەیزانێت ئەو خەڵکە لە چ موعانات و ئێشوئازارێکدا دەژی و کێش هۆکارە خوا بیگرێ.

بەنیسبەت هەڵویستی ئیسلامەوە بەرامبەر بە توندوتیژی ئێمە وەکو موسڵمان دەبێت لە پێغەمبەرەوە (د.خ) هەڵویست وەربگرین (ولكم في رسول الله أُسوة حسنة) تەنها نموونەیەک باس دەکەین چونکە درێژی باسەکان بواری نییە. کابرایەک هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) شمشێری دەرهێنا بڕیاری کوشتنی دا لە مەدینە کاتێک گەیشت هەر لە دوورەوە کە نزیک کەوتەوە پێیان زانی حەزرەتی عومەر کوڕی خەتتاب یەکێک بوو لەوانەی کەشفی ئەو پلانەی کرد ڕۆیشتە بەرامبەری و گرتی و بەستییەوە بە مزگەوتەکەوە بانگی پیغەمبەریان کردو دوای ئەوە کە پێغەمبەر (د.خ) تەشریفی هێنا هەموو چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە فەرمان بدات بە کوشتنی بەڵام یەکەم پرسیار کە پێغەمبەر کردی فەرمووی بەستووتانەوە بەری بدەن بیکەنەوە ئایا نانی خواردووە فەرمانی دا لەماڵی خۆی بۆی بهێنن و تێری بکەن دوای ئەوە زۆر بە ئیعتیادی پرسیاری لێ کرد ئایا ڕازیت بەوەی ئیمان بێنیت دوای ئەوەی بڕیاری داو ڕازی نەبوو بەریداو ئازادی کردو ڕۆیشت کە گەڕایەوە پاشماوەیەک شایەتمانی بە حەق هێنا، چونکە قورئانی پیرۆز دەفەرموویت (ولا تستوي الحسنة ولا السيئة إدفع بالتي هي احسن فإذا الذي بينك وبينه عداوة كأنه وليٌ حميم) هەڵوێستی موسڵمانییەتی موسڵمانان لە جیهانی ئیسلامیدا ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی دروستی ئیسلامەتین ئەوەیە کە بەهێزی قەناعەت و بە متمانەی تەواوەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلام رابگەیەنن و هەرگیز ئاینی ئیسلام پێویستی بەوە نەبووە کە بۆ بۆچوونی جیاواز تیرۆرو تۆقاندن بەکاربهێنرێت، چونکە فیکرەی ئیسلامەتی بۆخۆی هەموو خەڵکێک قەناعەتی پێ دەکات و پێویستی بە ئیرهاب و تۆقاندن نییەو ناشبێت.

تەعریفی موسڵمانییەتیش پێغەمبەر کردوویەتی (المسلمُ من سَلِمَ المسلمون من لسانه ويده) ئەبێ موسڵمانان بە گشتی لە دەم و زمانی پارێزراو بن ئەوە تەعریفی موسڵمانییەتی لەبەرئەوە وەسیەتی پێغەمبەر (د.خ) بۆ موجاهیدەکانی کە دەچوونە مەیدانی جەنگیشەوە لەگەڵ کافریشدا کە شەڕیان لەگەڵدا دەکرا دەیفەرموو نابێ پیاو بکوژن و نابێ منداڵ بکوژن و نابێ ئافرەت بکوژن نابێ هەتا دەرختێکیش ببڕنەوە ئەمە ئەمرێکی تایبەتی بوو بۆئەوەی کە هەموو موسڵمانێک لەسەری بەڕێوە بڕوات و لەسەر ئەو نەهجەش ڕۆیشتن بەڕێوە تا ئەمڕۆ کەواتە پێناسەی موسڵمانان و ئاینی پیرۆزی ئیسلام و هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە تیرۆر و بەرامبەر بەو کەسانەی کە توندوتیژی بەکاردەهێنن موسڵمانان زیاتر روونیان کردۆتەوە و ئومێد دەکەین لە هەموو مەحافیلی سیاسی وڵاتەکەی خۆشماندا ئەو ڕاستیە هەمیشە دووبارە بکرێتەوە و مەجالی ئەوە نەدرێت کەسانێک کە خۆیان لەوانەیە هەڵوێستێکی تایبەتییان هەبێت ئەم هەلە ئیستغلال بکەن بۆئەوەی دژ بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام قسەیەک بکەن کە لەوانەیە جێگای نەبێتەوە لە ئەرزی واقیعدا.

دوا قسەم ئەوەیە ئێمە وەک ئەندامی پەرلەمان پشتگیریی لەوە دەکەین کە پێناسەی ئیرهاب بکرێت و وەکو یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانیش دوای وتارە بەنرخەکەی سەرۆک

بارزانی لەم پەرلەمانەدا ئێمە هەڵوێستی خۆمان بەروون و ئاشکرایی بەیان کردو روون کردەوە دژ بە تیرۆر و دژ بەوەی کە هەوڵ دەدات لە ڕێگای تیرۆرەوە خەڵکی بهێنێتەوە ژێر ئەو فیکرەیەی کە خۆی مەبەستێتی و راشمان گەیاند کە وڵاتی ئێمە پێویستە چەکی تێدا بماڵرێت ئەمەش ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ئومێد دەکەین هەموومان بتوانین لە پاڵ خزمەت کردن بە ئیسلامی راستەقینە و لە پاڵ خزمەتکردنی گەل و میللەتەکەماندا بتوانین ئەو دیاردەیە بۆیەکجاری بنبڕ بکەین و خوای گەورەش هاوکارمان دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مەلا محسن مفتی. بەڕێز فوزیە عزالدین فەرمو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم درێژەی پێ نادەم چونکە برایان زۆر بەدوورو درێژی باسی تیرۆریان کرد تەنها ئەوەندە دەڵێم هیچ میللەتێک لە دونیادا وەکو میللەتی کورد رووبەرووی تیرۆر نەبۆتەوە ئەگەر ئێستا وڵاتە پێشکەوتووەکان لە نامەیەکی ژەهراوی سڵ دەکەنەوەو ئەترسن ئێمە بەتەن ژەهرمان بەسەردا کرا لە هەڵەبجەی شەهید لە یەک چرکەدا پێنج هەزار شەهیدمان دا و لەناوچەی گەرمیان لەماوەیەکی کورتدا (١٨٢) هەزار مرۆڤ بێ سەرو شوێن کران. من لێرەدا دەڵێم هیچ پاساوێک نییە بۆ کاری تیرۆریستی ئەگەر مرۆڤ بیەوێت داوای مافی خۆی بکات دەبێت بەشێوەیەکی سەردەم و هاوچەرخ، زەمانەکە چی بخوازێت دەبێت بەو شێوەیە داوای مافی خۆی بکات و زۆر جار مرۆڤ مافی خۆشیەتی ناتوانێت و نازانێت چۆن داوای بکات مافەکەشی دەخورێت لێرەدا خۆشبەختانە میللەتی کورد ناوی لەو گروپانە نییە کە تیرۆریستن ئەمەش کارێکی زۆر چاکە ئەمەش مەدالیەیەکە لە سینگی هەموومان ئەدرێت و تیرۆریستان نە سنووریان هەیە نە وڵاتیان هەیە نە بیروباوەڕیان هەیە مرۆڤێکی نەخۆش و بێ کەڵکن لەناو میللەتاندا و میللەتی کوردیش هەرگیز تیرۆریستی لێ هەڵنەکەوتووە ئەگەریش هەبێت مانای وایە نامۆیە بە کۆمەڵگای کوردەواری و دەبێت زوو چارەسەر بکرێت دەبێت ئێمە دەزگاکانی هەواڵگری خۆمان توندو تۆڵ بکەین دەبێت یاسا زیاتر بچەسپێت دەبێت هاوپەیمانییەتی نێو دەوڵەتی و ناوخۆییش توندو تۆڵ بکەین بۆئەوەی بتوانین تیرۆر بنبڕ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ فەوزیەخان. بەڕێز کاک احمد سالار فەرمو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە رەچەڵەکی تیرۆردا بڕۆین دەگەڕێتەوە بۆ هەنگاوێکی گەلێک دێرین لەو سەردەمەوە کە

کاروان و ڕەوتی مرۆڤایەتی و مێژوو لە هەنگاوی ململانێی مرۆڤ و سروشتەوە گوازرایەوە بۆ مرۆڤ و سیستەمەکان لەو سەردەمەوە دەست پێ دەکات تاوەکو ڕۆژانێک کە ڕۆژانێکن لەسەردەمی ئایینییەکانەوە لە کۆنفۆشیۆسەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوام بووە چونکە هەر ئاینێکیش کە هاتووە ویستوویەتی بیروباوەڕی بڵاوو و باو بێت بۆیە پێویستی بە دەسەڵات بووە، بۆیە نەتوانراوە ئاین و دەسەڵات یان سیاسەت لەیەک دابڕێن. کەواتە کێشەو ململانێیەکی زۆر لە ئارادا بووە لەسەردەمێکدا لەلای یۆنانیەکانەوە لەنێوان ئۆرۆستکرازیم و دیموکراتیزمەکاندا بەتایبەت لە سەدەی چوارەمی پێش زانیینداگەرمەی کێشمە کێشمەکە بوو چەندەها نموونەی تیرۆر هەبوو بەهەمەجۆر ئەوەتا سەردەمێکە بەدرێژایی خۆی نواندەوە لە ئەدەبیاتی لاتیندا لە ریناسانسا دەرکەوتەوەو و بەتایبەتی لای ئەلیزابیسیەکان و ئەوانەی زیاتر بەسەر فەلسەفەی هومانی زاڵ بوون و کەسانێکی وەکو کریستۆفەر مانرۆو دەیان گیانی خۆیان کردە باجی تیرۆرو ئەو بابەتە بۆیە بەردەوام ئەم کێشمە کێشمە هەبووە ئەو شوێنەش کێڵگەیەکی گونجاوو لەبار بووە بۆ شین بوون و بەروبوومبوونی تیرۆرو دەستی تاوان کە یەکەم شوێنەکە لە نێوانی کێشمە کێشم و ململانێکاندا لە گرێژەنە دەرچووەو ئاڵۆز بووە پاشان ئەو شوێنانەی کە شوێنی تەماعکاری بوون بۆیە ئەو وڵاتەی ئێمە هیچ کاتێک بێ بەری نەبووە لەو چاوی تەماکاری تاوانە. کەسێک کە تاوان دەکات واتا هاوتایی نامێنێت لە بوونی هاوتایی لە نێوانی ئەو کێشمەیە کە هۆشمەندی لایەنی گرینگیەتی لە هۆشمەندییەوە ئەترازێ بۆ بێ هودەیی ئەو کاتە لایەنی خراپەکاری زاڵ دەبێت و ئەیەوێت بەتاوانەکە لایەنی هاوتا بکاتەوە بەڵام خراپتر ڕۆ ئەچێ و لەوێوە کوێرەوەرییەکە دەست پێ دەکات. بۆیە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە ئەگەر کورد واتەنی ئەو درزو شەبەق و کەلێنەی کە لە ماڵەکانمانەو و ڕەشەبا خۆی پیا ئەکات بە زووترین کات بیگرین واتا ئەگەر ئێمە پەرژینی خۆمان چاک بەست و تەنی بە هەمووان پەرژینی هەمووانمان تەنیوە، بۆیە پێویست دەکات نەیەڵین ئەو گیان و گەرایانەی کە ئەبنە وەک مار بەخێو کردن لە ماڵدا ئەوانە بێنە ئاراوە، بۆیە تکا ئەکەم وەک پێشنیارێک کە بتوانرێ سیمینارو کۆبوونەوەو کۆڕو لیژنەی تایبەتی بۆ ئەم بابەتە پێک بهێنرێ بۆئەوەی بگەینە کارنامەیەک کە بتوانین بەلایەنی کەمەوە خۆمان بپارێزین و لە هەمان کاتیشدا بتوانین بە شێوازێکی ڕێکوپێک مەحکومی تاوانکاری بکەین بەتایبەت تیرۆر بە هەموو شێوازەکانی لە هەر شوێنێکدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا احمد سالار. بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرمو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم، ربنا لا تزغ قلوبنا بعد ان هديتنا، وهب لنا من عندك رحمة انك

انت ...).
بەحەقیقەت لەفزی تیرۆر یان بە کوردی رەسەنی خۆمان (خوێنرێژی) فلان کەس یان فلان قەوم یان فلان فیئەت یان تائیفە خوێنرێژە واتا ئامانجی ئەوان خوێن رشتنە ئەو خوێنرێژییە ئەگەر ئەمن دەبینم بەرامبەر بە موسڵمانەتی وەک موسڵمانەتی بێت من قسەی لەسەر دەکەم تەماشای سیرەتی پێغەمبەری خودا (د.خ) بکەن سێزدە ساڵ و چەند مانگێک پێغەمبەر (د.خ) لە مەکەدا ماوە لەژێر ئەو تەعزیب و ئیرهابەی بەسەری داهات، لە ژێر ئەو لێدان و کوتان و کرێت کردنەی کە بەسەر ئەوان دادەهات پێغەمبەری خودا (د.خ) رۆژێک لە رۆژان تەکلیفی سەحابەکی نەکرد بلێت هەرن فلان کەسی بکوژن،ئەگەر ئێمە گوێ بیستی فەرموودەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت ببین کە دەڵێت: (خير الناس أنفعهم للناس)، یا چ باشییەکی تیدا هەیە لە یەکەم رۆژی هێرشی سەر ئەفغانستان کە بە بەردەوامی رۆژی «٣٠٠٠» مرۆڤ لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەردەچن و روو لە دنیایەکی بێ ئومێد دەکەن، لەم کاتەدا ئەگەر تەماشای سنوورەکانی پاکستان و ئەو شوێنانە بکەین دەبینین بە سەدەها هەزار کەس راوەستاون بەبێ شوێن و جێگا، ئەنفالی میللەتی خۆمان بیردەکەوێتەوە، ئێستا کە ئەمریکا دەڵێت ١١ی ئەیلول، ئێمە ئەو کارەساتەمان پێشتر بەسەردا هاتووە، کە داگیرکەرانی عێراق چ کارەساتێکیان بەسەر میللەتی کورددا هێنا و، رێبەری میللەتی کوردیش رەحمەتی خوای لێ بێ مەلا مصطفی کاتێ کە لە جێگای خۆی دانیشتبوو کە فرۆکەکانی عێراق بۆمبارانیان کرد. بەراستی کەس نازانێ حاڵی نەخۆش وبریندار چییە، بەقەد ئەو کەسەی کە بەسەریدا هاتووە، باوەڕ بکە ئێمە دەزانین کەوا حاڵی میللەتی ئەمریکی چییە و لە چ بارێکدا دەژیت، ئێمە دەزانین حاڵی میللەتی ئەفغانی چییە و، چی بەسەر هاتووە،چونکە ئێمە لەو تەنگانەیەدا ژیاوین، وتەیەکی رەحمەتی مەلا مصطفی کەگفتوگۆیەک لە نێوان ئەو و جگەرخوێن دروست بوو، جگەرخوێن وتی: (بەسە ئەم نەرمو نۆلییە)، ئەویش لە وڵامدا وتی :(مامۆستا من پێم خۆشە زوڵم لێ کراو بم نەوەک زاڵم بم)، ئەمە سیستەمی مەلا مصطفی بوو، کەوا پێش هەموو کەسێک دژی تیرۆرستی و خوێن رشتن راوەستا، وەکو پێغەمبەری خوا دەفەرموێت :(گوناهێ لە هەموو گوناهەکان گەورەتر ئەوەی کە هەر کەسێک دوژین بکاتە دایک و باوکی خۆی)وتیان: (کێ دوژین دەکاتە دایک و باوکی خۆی) فەرمووی: (ئەو کەسەی کە دوژین بکاتە کەسانێکی تر وئەو کەسانەش هەڵگەرێنەو و دوژین لەو بکەن) ئەم مرۆڤانە و ئەم حزبانەی کە بەناو ئیسلامین، نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو لەو شوێنەی کە لێی دەژین یەکەم جار ئەوان نەبوونە هۆی ئەو کارەساتەی کە میللەتی ئەفغانی تیایدا دەژین، ئەگەر یەک زەرە ویژدانیان هەبوایە ئەو شوێنەیان بەجێ ئەهێشت تاوەکو ئەو میللەتە تووشی ئەو کارەسات و دەربەدەری نەبووایە، لەبەر ئەوە بێگومان ئەبێت هەموو کەسێک بزانێت ئەوانەی کە ئەم کارە دەکەن لەوێ یا لێرە کە بەناوی ئیسلامەوە قسە دەکەن، خوا شاهێدە نە ئیسلامن و نە ئیسلامەتیشە، دەبوایە بزانن کە ئەمە ئیسلامەتی نییە، ئەبوایە بیانزانیایە کە ئیسلامەتی چییە، موسڵمانەتی ئەوەیە کە

تۆ بێیت لەبەر تاکە کەسی خۆت و لەبەر بیروباوەڕی خۆت میللەتێک بێنیتە بنبڕ کردن؟!، نە وەڵڵا ئەمە ئیسلامەتی نییە، جا لەبەر ئەوە پێویستە زیاتر لەسەر منبەر و بە کۆڕی کراوە و بە دامەزراندنی لیژنەی تایبەتی دەست بکەن بە ئامۆژگاری و وشیار کردنەوەی خەڵک سەبارەت بەوەی کە ئەم کارانە کاری ئیسلامەتی نین، جند الاسلام لەکوێ بوو کاتێ کە ئەنفال بەسەر میللەتی ئێمەدا هات، هەڵوێستی «ئوسامە بن لادن» چی بوو بەرامبەر بە ئەنفال و کیمیا باران کردنی میللەتی کورد، هەر وەکو یەکی لە ئەندامە بەڕێزەکان باسی کرد میللەتی کورد «١٨٢» هەزار کەسی تاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنە تاوەکو ئێستا ئەم سەرکردە ئیسلامییە نەیگوتووە ئەرێ گوناهی ئەم میللەتە چییە؟!،خوا لە ئاسماندا دەفەرمووێت:(وإذا الموؤدة سُئلت بأي ذنب قُتلت)، پرسیاری لە کچێک کرد کە زیندە بەچاڵ کراوە کە ئایا بە چ گوناهێک کوژراوە، بەڵام ئەم سەرکردە بەناو ئیسلامییە جارێک لە جارانیش پرسیاری نەکردووە کە ئایا گوناهی ئەم میللەتە چییە کەوا بەم شێوەیە بنبڕ دەکرێت، ئەمە سێ جارە لە ١٩٧٥ و ١٩٨٨ و ١٩٩١کە ئەم میللەتە وا قەلاچۆ دەکرێت، جێگای داخ و برینە کەوا ئەمریکا فرمێسک بڕێژێت و بڵێت ئەم میللەتە ژەهراوی کراوە کوڕ و باوک پێکەوە کوژراون، نازانین باوک پێش کوڕ کوژراوە، یا کوڕ پێش باوک، یا هەردووک پێکەوە کوژراون، بەڵام ئەمیر ئەلموئمنین تەنها بۆ جارێکیش باسی نەکات، بەڵکو پیرۆز بایی لە طاغیەی عێراقی بکات، ئەو ڕۆژە لەسەر تەلەفزیۆن پیاوێکی ئاینی قسەیەکی زۆر جوانی کرد وتی :(موسڵمان بەشێوەیەکی گشتی، عارەب بە شێوەیەکی تایبەتی چ کارێکی باشیان نەکردووە و چ جارێکیش نەیان توانیوە کێشەیەکی خۆیان چارەسەر بکەن، بەڵکو ئەبێت کەسانێکی تر بۆیانی چارەسەر بکات، پاشان گوتی فەرموون بڕۆن بۆ کوردستانی عێراق ، میللەتی کورد ملیۆنێک شەهیدی داوە ڕۆژێک لە ڕۆژان وڵاتێکی عارەبی نەیگوت گوناهی ئەم میللەتە چییە؟!، «ئوسامە بن لادن» ئەیەوێت لەم کوردستانەی کەوا هیچ بن دار و بەردێک و دۆڵێکی نییە خوێنی قارەمانێک و گەنجێکی لەسەر نەڕێژرابێت بۆ ئێمە ئەیەوێت «قاعدە»ی خۆی ڕەوانەی ئێرە بکات، بۆیە «٣٠٠» هەزار دولاریش پیرۆزبایی ئەوان دەکات، ئەمە ویژدانە، ئەمە ئیسلامەتییە، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت:(لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحبْ لنفسه) ئەبێت جند الاسلام بێن چی بکەن، میللەتی کورد نە دەوڵەتە نە پاشایەتییە، چییان دەوێت لە میللەتی ئێمە، خوێنی لاوانی خۆمان گەیاندومانیەتی بەم قۆناغە،واتا پێویستە میللەتی ئێمە نەک بە سۆزە بڕوانینە مەسەلەکە، میللەتی ئەفغانستان ئیسلامن و، میللەتێکن تووشی بەڵا بوونە، تاوەکو ئێستا چەند حوکمڕانی هاتووەتە وڵاتەکەیانەوە بوونەتە قوربانی ئەو حوکمە، لەبەر ئەوە من دوو پێشنیارم هەیە و، ئومێدەوارم کەوا پەرلەمانی کوردستان بە سۆزە نەڕوانێتە مەسەلەکە، یەکەم من پێم خۆشە یاداشتنامەیەک بدرێتە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پشتیوانی کردنی میللەتی ئێمە هەرچەندە ئێمە تەنیا وڵاتیش نین دژ بە تیرۆریستی جا لە هەر کوێ بێت، هەروەها یاداشتنامەیەکی پرسەنامەیی بۆ میللەتی ئەمریکی بنێرین، چونکە ئێمە

میللەتێکین دژی خوێن ڕشتن و تیرۆرستین، لە هەمان کاتیشدا داواکارییەکم لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی و سەرۆک مسعود بارزانی هەیە، کە دەستی هاوکاری و بە هەر شێوەیەک هەبێت، هەرچەندە میللەتی ئێمە میللەتێکی لاواز و بێ توانایییە، درێژ بکات بۆ هاوکاری میللەتی ئەفغانی، چونکە مرۆڤ کاتێ میحنەتی ئەو میللەتە بێ گوناهە دەبینێت، ویژدانی دەبزوێت، لە کۆتایدا خوا هاوکار و پشتیوانی بێ توانا و مەزڵوم بێت و، سەرکەوتنیش هەر بۆ هەق و بۆ میللەتی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات بە چەند سەعاتێکی تریش تەواو نابین، تکایە بوار بەوانەش بدەن کەوا لە پاشی ئێوەدان تاوەکو دەرفەت بەوانیش بدەین تاوەکو قسە بکەن، لە ڕاستیدا قسەکان هەمووی لە جێگای خۆیدایە و بەنرخیشن، بەڵام ئەبێت ڕەچاوی ماوەکەش بکەین، بەڕێز زەهرا حاجی فەرموو.

**بەڕێز زهرا حاجی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تیرۆر د کەڤندا هەبوویە و ئەڤرۆکە لبن ناڤ و پەردێن جودا جودا خۆ دەگەهێنێتە ناڤ ڕێزێن ملەتا و ئاکامێن وێ خراب کرن و کوشتن و زولم و زۆرداری لێ پەیدا دەبێت و دویر ژ خزمەتا مرۆڤایەتی و ئول ومەزهەبا. ئەم وەک ملەتێ کورد ب درێژیا خەباتا خۆ و بۆ بدەست ڤەئینانا مافێن ڕەوا هیچ جارەک پەنا نەبریە بەر کارێ تیرۆرێ هەتا بەرامبەری دوژمنێ تیرۆر دەرحەق ئەنجام دای بەکارئینانا چەکێ کووم کوژ و کاڤلکرنێ و بەرزەکرنا هزاران خەلکێ بێ گونەهـ ژ ئافرەت و زاروکا و ڤەگوهاستن ژ سەر جهێن باب و باپیرا یاکو هەتا ئەڤرۆژی بەردەوامە، چونکە وێ باوەرێ داینە تیرۆر ب تیرۆرێ نائێتە چارەسەرکرن و دخزمەت و بەرژەوەندی یا مرۆڤایەتی دا نینە، دیسان پشتی ڕیدانا کارەساتی ۱۱ی ئەیلول دوژمنێ میللەتێ کورد لە دەزگایەن خو بلاڤ کرد کو نەوەکو شیشەکی ژهرێ بنێرنە کوردستانێ بۆ توقاندنا میللەتێ کوردی، پشتگیرا پەیاما حکومەتا هەرێمێ دکین و دەستێ خۆ و دەنگێ خۆ دەینە دگەل هەمی میللەتێن دژی تیرۆرێ ڕادوەستن تەناهی و ئێمناهی یا مللەتا دپارێزن. پشتگیری یا بڕیارا ژمارە «۱۳۷۳» دکین ژبۆ بنبڕ کرنا تیرۆر و ڕەشە کوژی ێ ل هەر جهەکی دونیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم«د.رزگار»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ڕودانا تیرۆرێ کەڤنە دزڤرت بو دەست پێکا ململانا کەسان بو دەست ڤەئینانا دەست هەلات

و دەست کەفتیێت ماددی، لێ سەرەرای هندێرا تا ئەڤرو چ پێناس بو نەهاتیە دانان و ئەڤرو بزاف یا هەی پێناسەک بو بێتە دانان شک تێدا نینە درست کرنا ڤێ دێ بێتە هاریکاری و رێ خوەشکەر بو نەهێلانا کارێ تیرۆر و تیروریستی.
گەلی کورد وەک سەرۆک بارزانی لبەرانبەر ڤێ منبەرێ گوتی:( گەلی کورد قوربانێ کارێت ماف لێ خوارنێ بییە) د شێم لڤێرێ وان خالێت لە راپۆرتێ رێکخراوێت نێڤ نەتەوەیی هاتە دیار کرین بەتایبەتی MEWو PHR لە سالا ١٩٩٣ کە چەند خال دانانە و ئەو خال دەلیلن بۆ ئەوی گەلی کورد بۆیە قوربانێ تیرورێ بوو و ل ڤان خالا رئێ خوێ دەربڕی:
١ـ الاعدامات الجماعية. ٢ـ الاستعمال الواسع للاسلحة الكيمياوية من ضمنها غاز الخردل وغاز الاعصاب G.B أو عامل السارين.
٣ـ التدمير الكلي لنحو «٥» آلاف قرية. ٤ـ التدمير التام للمشاريع المدنية من ضمنها جميع المدارس، المساجد، آبار المياه، محطات الكهرباء. ٥ـ الاعتقال العشوائي للسكان الكورد. ٦ـ السجن والاحتجاز العشوائي. ٧ـ الترحيل القسري لمئات الالاف. ٨ـ تدمير البنية التحتية والاقتصاد الريفي. هەر وەسا لتەوجیها حکومەتا عێراقێ لبن ژمارا «SF4008» لە ١٩٨٧/٦/٢٠ «القواد العسكريون مكلفون بالقيام بقصف عشوائي باستخدام المدفعية وطائرات الهليكوپتر والطائرات الحربية في كل الاوقات ليلاًو نهاراًوذلك لقتل أكبر عدد من الاشخاص» و لخالا پێنج برگە «ک» هاتیە« ان أولئك الذين تتراوح أعمارهم بين ١٥ ـ ٧٠ سنة يجب اعدامهم» ، هەروەسا نەخۆش و بریندار ژی کارێ وان یێ تیروریستی قورتال نەبونە وەک دراپرتا MEWو PHR دا لە سالا ١٩٩٣ هاتیە (ان عدداً غير معلوم من ضحايا الهجوم الكيمياوي أختطفوا من مستشفى أربيل الذين أخذوا اليها لعلاج الحروق وفقدان البصر ولم يشاهدوا مرة أخرى) لێ سەرەرای ڤێ هەمێرا گەلی کورد یاخوە پاراستی ژ کارێت تیروریستی و ئەڤە دزڤرت بۆ زانین و دویربینی یا سیمبولێ بەرخوەدانا گەلی کورد بارزانی نەمر و تەوجیهاتێت سەرۆک بارزانی. هەرچەند رودانا ١١ی ئیلونێ لواشنتون و نیویورکێ زەرەرەک و زیانەکا مەزن گەهاندە گەلێ ئەمریکی و هەلویستێ سەرۆک بارزانی و پەرلەمان و حکومەتا مە دڤی واریدا یێ خویا بە و پشتەڤانی و پشک دارێت دەردێ گەلێ ئەمریکی نە، لێ دبێژین (الخير فيما وقع)، ئەگەر وانەبا و یەکێک ژوان بالەفرا لە یەکێک لەوان مەحەتەکا نەوەوی دابا، یا چەند بومبەکا نەوەوی هاتبا دزین لە زەعیف ترین ولات وەکی پاکستان و بخەلکی را کربا د ئاکام چ بت، چونکە ڤێ رویدانێ خویا کر کە جە و وار نینن یا چەند دویر بن بچیک بێ یان مەزن بێتە پاراستن ژ ئاگرێ تیرورێ لەورا پێتڤییە بەرەک جیهانێ بێتە درست کرن بۆ بەرسینگ گرتنا تیرورکارا و شک تێدا نینە درست بینا ڤێ بەرەی دێ قازانجێ هەمێ گەلێن جیهانێ و بتایبەت گەلێن هەژار و لاواز وەک گەلێ مەیێ کورد. من پێشنیارەک یا هەی ئەوژی: دەرکرنا یاسایەکێ بۆ ڤەکرنا دەستێت حکومەتا مە یا هەرێمێ و پشتەڤانی لێ کرنێ بۆ بن برکرنا تیرورکارێی

لهەرێمیٚ و خەلکیٚ مە بێتە پاراستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محمد حسین«سیروان کاکەیی»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر کەمی ماوە هەوڵ ئەدەم بە کورتی بەسەر بابەتەکەدا بڕۆم، ئەوەی باس کرا لە پێناسە کردنی تیرۆر و ئەوەی کە من لێی تێگەیشتووم ئەوانە هەمووی ئەرژێتە هەڕەشە کردن لە مافە بنچینەیەکانی مرۆڤ، هەمووی ئەرژێتە ئەو چوارچێوەوە کە هەڕەشەیە لە سەر تاک،یا کۆمەڵ بە گشتی و، ڕەنگە لە رووی ئابوریشەوە سامانی گشتی بگرێتەوە، چونکە ئەوە قوتی هەموو خەلکێکە و ئەو هەڕەشەیە لەسەر تاک و کۆمەڵ و سامانی گشتی ڕەنگە چوارچێوەیەکی گشتی بێت بۆ کاری تیرۆرستی، ئەندامە بەڕێزەکان زۆربەیان باسی مەسەلەی خۆمانیان کرد و، ئەو کارە تیرۆرستیەی کە دژ بە گەلی کورد کراوە، من پێموایە ئەو کارە هێشتا هەر بەردەوامە و نەبڕاوەتەوە، چونکە هەندێ کاری تیرۆرستی کە لە کوردستاندا ئەنجام درا ئاسەوارەکانی هێشتا ماوە، یەک لەوانە ئەو کارەی کە لە هەڵەبجە کراوە، ئاسارێکی زۆر گەورەی بایۆلۆجی دروست کردوە، چونکە کاری کردوەتە سەر یەک لە بنەغەکانی خانەی لەش کە تاوەکو ئێستا منداڵی ناکام و سەقەت لەدایک ئەبێت، کەواتە ئەوە کارێکی تیرۆری بەردەوامە، یاخود لەوکارانەی تر کە ئێستا نزیکەی «٢٠» ملیۆن مین هێشتا لە کوردستاندا ماوە کە ئەوە هەڕەشە و مەترسییەکە لە هەر دەقیقەیەکدا خەڵکێک ئەبێتە قوربانی ئەو مەسەلەیە و، ئەو هەولانەش کە ئەدرێن تەگەرە ئەخەنە بەر ئەو گروپە نێودەوڵەتیانەی کە بێن بۆ چارەسەرکردن ئەوەش هەر هەڕەشە و مەترسییە لەسەر گەلی کورد، بەراستی باسی ئەوەش کرا کەوا گەلی کورد تاوەکو ئێستا پەنای نەبردوەتە بەر هیچ کارێکی ترۆرستی و خەباتێکی پاک و ڕەوای کردووە، بێگومان تیرۆر ئامرازێکی زۆر ترسنۆک و قێزەوەنە، واتە چ وەکو ئامرازێک بەکار بێت، یا وەکو بەشێک لە ستراتیجییەتێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێک هەر ڕێبازێکی ترسنۆک و قێزەوەنە، ترسنۆکییەکەشی لەوەدێ کە شانازی بەوەی بکەی کە کۆمەڵێک خەڵکی بێ گوناه و مناڵ و ئافرەت تیایدا بکوژرێت بە راستی ئەوە کارێکی ترسنۆکانەیە، ئەوەی کە زۆر بەلامەوە گرنگە بڕیاری «١٣٧٣»یە کە بڕیارێکی زۆر گرنگە و دەبێت ئێمە لەسەری راوەستین و بیری لێ بکەینەوە کە بزانین چۆن ئێمە بارودۆخی خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین و چۆن کەڵک و سوود لەو یاسا نێودەوڵەتییە وەرگرین، چونکە ئێمە بەشێکین لەو جیهانە و پێشتریش کە بڕیاری «٦٨٨» کە دەرچووە سەبارەت بە عێراق و کوردستان باسی ئاسایش دەکات و، لەم بڕیارەش مەسەلەی ئاسایشی نێودەوڵەتی هاتووەتە پێشەوە، هەوڵ بدەین کارێکی وا بکەین کە وەزعی خۆمان لەگەڵ ئەو وەزعەدا بەباشی بگونجێنین

و، پێموایە ئەمە دەرگایەکی گەورەی کردووەتەوە لەسەر ئێمە بە تایبەتیش ئەم یاسایە و یاسای «٦٨٨» لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا ئەم یاسایانەی کە دەرچوونە دووپاتی ئەو مەسەلەیە دەکەنەوە، مەسەلەی جینۆساید و کوشتن و برین و تۆقاندنی خەڵک کە ئەمانە هەمووی بارودۆخی خەڵکی تێک دەدەن و، ئەم مەسەلانە پێش تر ئێمەی گرتوەتەوە، بەڵام لە بڕیاری «٦٨٨» تاوەکو ئێستا گۆڕانێکی زۆر هاتووەتە کایەوە، بنەمای مافی مرۆڤ بوەتە بناغەیەک بۆ دەستێوەردان و فریاکەوت بۆ ئەوەی مرۆڤ بپارێزرێت بەبێ گوێدان بە سنور و ئەو جۆرە شتانە، ئەمە شتێکی زۆر گرنگە ئەبێت ئێمە گەڵکی لێ وەربگرین، خاڵێکی گرنگیش هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە لەسەر مەدای نزیک ئێمە چ بکەین و لەسەر مەدای دوری نزیکیش کە پاشماوەی ئەم وەزعە نێودەوڵەتیەی کە ئێستا هاتووەتە کایەوە و ئاسەوارەکانی چۆن بەسەر گەلی کورددا ئەشکێتەوە و ئێمە بۆ کوێ دەبات، ئەمە خاڵێکی گرنگە و ئەبێت بیری لێ بکرێتەوە و، دوا خاڵیشم ئەوەیە ئەو پرسەی کە لە پەیامی حکومەتدا هات، پێموایە هەندێ هێڵی گشتی زۆر گرنگی تیادا هەبوو، جێگای ئەوەیە کە لەسەری راوەستین و پشتگیریی وتەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم و، هیوادارم گەلی کورد و کوردستان دووربێت لە هەموو بەڵایەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کارەساتی نیویۆرک و واشنتۆن کارێکی زۆر توند و ڕەش بوو کە لە ١١ی ئەیلول روویدا، بەراستی تیرۆر بووەتە رووداوێکی جیهانی زۆر ترسناک کە هیچ پەیوەندی بە ئاین و سیاسەتێکەوە نییە و، بووەتە تاوانێک کە سنووری جوگرافی بۆ نەماوە، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازی گەیاندن و پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیای سەردەم، ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەبینین تیرۆر کارێکی زۆر کۆنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە پێش «١٤٠٠» ساڵ لەمەو بەر ئیمامی عەلی سلاوی خوای لەسەر بێت کە شەهید کرا بە کارێکی تیرۆرستی لەسەر دەستی گروپیک کە پێیان دەگوترێت «خوارج» ئەویش کوشتنی ئەویان حەلاڵ کرد بە هۆی بیروبۆچوونێکی هەڵەوە، هەروەها لە سەدەی یازدەدا «حرکە الحشاشین» دەرکەوتبوو کە زۆر کاری کوشتن و تیرۆرستییان ئەنجام داوە، هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاست و پاش شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩و لەناوبردنی خسوم و پاش هەردوو جەنگی جیهانی کاری تیرۆرستی ئەنجام درا، بەراستی تیرۆرستیش چەند جۆرێکی هەیە، جا چ بە تاک یا بە گروپ یا بە دەوڵەت ئەنجام بدرێت، ئەویش جۆرەها تاوان هەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە سیاسییەکان ئەویش بە کوشتنی بێ تاوان و بێ گوناهان لە ژن و منداڵ و پیرەمێرد جا چ بە تەقینەوە بێت، یا بە رفاندنی فرۆکە بێت،هەروەها

لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانی کردن بە مادده بێ هۆشکەرەکان و تەزویرکردنی جۆرەها بەڵگەنامەی جیهانی ئەنجام دەدەن لەگەڵ تیرۆردا، ئاشکراشە کە میللەتی کورد چەندها ساڵە بە دەستی کاری تیرۆرستییەوە دەناڵێنێ و زۆربەی ئەندامان بە باشی ئاماژەیان بۆ کرد، بەراستی جێگای داخە کەوا تیرۆر لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا تێکەڵ دەکرێت، ئێمە دەزانین کەوا نەژادی ئاینی ئیسلام خۆشەویستی و لێبوردن و دڵ فراوانییە و وتووێژە کە دوورە لە تیرۆر، ئەویش بە گوێرەی ئەم هەردوو ئایەتە پیرۆزەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە «لا إكراه في الدين» و «ادع الى سبيل ربك بالحكمه والموعظه الحسنه وجادلهم بالتي هي أحسن» بەراستی ئەمریکا ئێستا کە بەهێزترین وڵاتە لە جیهاندا کە تووشی ئەو کارە تیرۆرستییە هات لە گەورەترین مەعالمیدا هیوادارین کە ئەو رووداوە ببێتە خاڵێکی گۆڕینی نەوعی لە سیاسەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دژ بە تیرۆر کە زۆر هەوڵ و کار بکرێت بۆ بنبڕ کردنی تیرۆر و کاری ئیراهابی لە جیهاندا و لە سەرووشیانەوە میللەتی ئێمە کە چەندەها ساڵە بە دەستی کاری تیرۆرستییەوە دەناڵێنێ و هەروەها فەڵەستین و کشمیر و چیچان و سیریلانکا و هەموو جیهان و رادەیەک بۆ کاری تیرۆرستی دابنرێت، دیارە کە پارتی و بزاڤی رزگاری خوازی کورد لە ١٩٦١ تاوەکو ئێستا دژی کاری تیرۆرستییە، ئێمە پشتگیریی خۆمان دەردەبڕین لەگەڵ بڕیار و شالاوی نێودەوڵەتی هاوکاریی دەکەین دژ بە تیرۆر و، زۆر بە باشی دەزانین کەوا لە پەرلەماندا بڕیارێک بدرێت بۆ ئیدانەی هەموو ئیراهابێک و بەرنامەش بۆ ئەو ئامانجە دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە تاوەکو ئێستا تیرۆر پێناسە نەکراوە و نەگەیشتووەتە پێناسەیەکی تەواو، بەڵام کە ناوی تیرۆر دەگاتە گوێی میللەتی ئێمە واتێدەگەن کە بۆ ترس و لەرز و تاڵان و کوشتن و بڕین و کیمیاباران کردن و، ئەنفال کردن لەگەڵ خەڵکیدا بەکار دێت، جا هەر کەسێک ئەو کارە ئەنجام بدات، یان هەر گروپ و دەوڵەتێک بە زۆری و بە دیکتاتۆری بیروباوەڕی خۆی لە مێشکی خەڵکیدا بچەسپێنێت چ لەبەر هەر هۆیەک بێت جا چ سیاسی بێت یا کۆمەڵایەتی بێت، یا رامیاری بێت، کارێکی زۆر خراپە و هەمووی پێشێل کردنی مافی مرۆڤە بە گشتی و بەتایبەتیش لەسەر میللەتی ئێمە، میللەتی ئێمە زۆر ناخۆشی و تاڵی بینییوە، زۆر ئەنفال و کوشتن و ئیعدام و قونبەلە دانانی بینیوە، هەموو کاتێک مافی خوراوە و پێشێل کراوە، بۆیە من چەند پێشنیارێکم هەیە، ئەویش: ١ـ داوا دەکەین زانایانی ئاینی، یا وەزارتی ئەوقاف ئاگاداری مامۆستایانی ئاینی بکات کەوا واتای تیرۆر و تیرۆرستی چییە، با دیاری کات.بۆ خەڵکەکە، ئەو

کەسەی کە بەکاری تیرۆرستی هەڵدەستێ ئەوە ئیسلام نییە، بەڵکو ئەوە دژی ئیسلامەتییە، بەڵکو ئیسلامەتی ئەوەیە کە مرۆڤ بە برایی و تەبایی و خۆشی و هاوکاری لەگەڵ خەڵکیدا بژێت. ٢ـ کۆبوونەوەیەکی فراوان لە نێوان حزبە کوردستانییەکان ببەسترێت کە هیچ گروپێک نابێت هیچ بوارێک و هێلانەیەک بهێڵێت بۆ تیرۆرستان و سەرپێچی کەریش سزا بدرێت.٣ـ سیمینار و کۆڕ هەبن نەک تەنها لە هەولێردا بەڵکو لە سەرانسەری کوردستاندا و مێزگرد بکرێت بۆ خەڵکانێک تاوەکو تیرۆر روون کەنەوە و، یاداشتنامەیەک بدرێت بە نەتەوەیەکگرتووەکان کەوا ئێمە پشتیوانی خۆمان دیاری دەکەین بۆ میللەتانی زوڵم لێ کراو داوا بکەن لە UN هاوکاری ئەو کەسانە بکەن بۆ ئەوەی دژی تیرۆر رادەوەستن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان (( من قتل نفساً من غير نفسٍ أو فسادٍ في الارض فكأنما قتل الناسَ جميعاً)) صدق الله العظيم.

شێوازی تیرۆر نارەوایە کارێکی دڕندانەیە بە هەر بیانوو مەبەست وئامانجێک بێت برادەران باسیان کرد رووداوەکانی ئەم دواییە و باسی تیرۆر زۆر کرا من نامەوێ ئەوانە دووبارە بکەمەوە، کارەساتەکانی ئەفغانستانیشیان باس کرد. گەلی کورد وەکو گەلێکی ماف خوراو وچەوساوە چەندین سەدەیە قوربانی وگیرۆدەی کاری تیرۆرستانەی داگیر کەرانی کوردستانە، لە کوردستانی عێراقدا رژێمی تیرۆرست و تیرۆر بەخێوکەری بەغداد سەدان کاری تیرۆرستانەی بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجام داوە لە وانە بۆ نموونە هەندێکیان ئەهێنمەوە، هەوڵی تیرۆر کردنی سەرکردەی نەمر (کاک ئیدریس بارزانی) لەناو شاری بەغداد کە بۆ پیرۆزبایی وتووێژ چوبوو بۆ ئەوێ لە ١٩٧٢/٩/١٧ هەوڵی تیرۆرکردنی سەرکردەو رەمزی نەتەوەی کورد (بارزانی نەمر) لە حاجی ئۆمەران، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ لە شاری ڤیێنا هەوڵی تیرۆری هیواو ئومێدی گەلەکەمان (مەسعود بارزانی)یان دا، ئەمە جگە لە هەوڵی بەردەوامی رژێم بۆ جینۆسایتی کوردو تا کار گەیشتە بەکارهێنانی چەکی کۆکوژو کیمیاوی لە هەڵەبجەی شەهیدو شوێنەکانی تری کوردستان کە قوربانیەکانی لە تەقینەوەکانی ئەمریکا زیاتر بوو، ئەنفال کردنی زیاتر لە (١٨٠) هەزار مرۆڤی کورد، کاول کردنی زیاتر لە (٤٥٠٠) گوندو شارۆچکەی کوردستان کە زیاتر لە (٤٥٠٠) مزگەوتی تێدا بوو، سەرەرای ئەمانە تا ماوەیەک لەمەوبەر بە هۆی بەکرێ گیراوە تیرۆرستەکانیشەوە بەردەوام بوون لە ناردنی (TNT) بۆ تەقاندنەوەی لە هەولێری پایتەخت و شارەکانی تری کوردستان وژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی بێ گوناه بوونە قوربانی ئەم کارە تیرۆرستانەیان، کوردو سەرکردایەتی بە تایبەتی سەرکردایەتی بارزانی نەمرو پارتی دیموکراتی

کوردستان و سەرۆک مەسعود بارزانی هەمیشە دژ بەکاری تیرۆر بوون هیچ کاتێک وەڵامی ئەو هەمووو تاوانە تیرۆرستانەیان دژ بە گەلەکەمان بە تیرۆر نەداوەتەوە بەڵکو لە مەیدانی رووبەروو بوونەوەو خەبات وتێکۆشاندا تۆڵەیان لە داگیر کەران ساندۆتەوە کە ئەتوانرا تیرۆری بەرامبەر بکرێت بەڵام هەرگیز پەنایان بۆ نەبردووە، جیهان لەو هەمووو تاوانەی دژ بە کورد بێ دەنگ بوو خۆیان بێ دەنگ کردبوو چەندان ساڵە ئێش وئازاری تیرۆر بە کورد ئەگاو کەس گوێی لە هاواری نەگرت. ئێستاکە ئاگر گەیشتۆتە نێو ماڵی خۆیان خەبەریان بۆتەوە بەڵام درەنگ بەخەبەر هاتن زۆریان لە دەست داوە چونکە تیرۆرستان بوونەتە خاوەن دەسەلات و تەکنەلۆژیاو لە زۆر شوێنی دنیادا بلاو بوونەتەوە وهێزو توانایەکی باشیان لەبەر دەست دایە ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ شەری هەردوو زل هێزی ئەو کاتە سۆڤیەت و ئەمریکا ئەوەی کە ئێستا لەو هەمووو مەترسیەی دنیادا خەریکە وڵاتانی دەوروبەر زۆر بە ترسەوە مەعامەلە لەگەڵ ئەم رووداوە ئەکەن لەترسی دەرەنجامەکانی ئەم رووداوە دەپرسن کێشەی کورد بەچی ئەگات و، چی بەسەر دێت ئەترسن لەوەی کورد هیواو ئاواتەکانی بێتە دی بۆیە دەبێ گەلی کورد لەم کاتەدا بە هێمنی وژیرانە ولەسەرخۆ بجوڵێتەوە هەوڵبدەین رووداوەکان لە بەرژەوەندیمان بێت ریزەکانی ناو خۆمان باشتر رێک بخەین بۆچونەکانمان یەک بخەین خاوەنی هەڵوێستێکی یەکگرتوو بین دەزگاکانی سەربازی و ئاسایشمان وریاو ئامادەبن تا نەبینە سوتەمەنی ئەم شەرە وپشتیوانی خۆمان دەرببرین بۆ بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمار ١٣٧٣ لە ٢٠٠٠/٩/٢٧ دا دەربارەی بنبرکردنی تیرۆر. بەرێزان ئەم جەنگە تەنها بە جەنگ وبەهێز و زۆر کۆتایی نایەت بەڵکو گفتوگۆو لێک تێگەیشتنی گەرەکە داننان بە مافی چارەنووسی گەلاندا، دابین کردنی ئازادی ودیموکراتی ومافی مرۆڤ بخوازێ، جێبەجێ کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی زوڵم وستەم کۆتایی بێت بە تاڵان نەبردنی سەروەت و سامانی گەلان یارمەتی وبوژاندنەوە وگەشەکردنی ووڵاتە هەژارەکان ونەهێشتنی چەکی کۆکوژی ولادانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان ئاشتی وئاسایش ئەچەسپێنێ، بۆیە منیش پشتگیری لە پەیامەکەی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ شێخ جعفر، بەرێز کاک زاهر محمد فەرمووو.

**بەرێز زاهر محمد ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاردەی تیرۆر ئەگەر چی ماوەیەکی ئێجگار لە مێژە لەم وڵاتەی عێراق و لە کوردستانیش پیادەکراوە هەندێ لایەن و رژێمەکان بەسیستەمێکی رێک وپێک و دارێژراو پەیرەویان کردوە دژی نیشتمان پەروەرانی ئەم وڵاتە. رۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلی کورد یەکەم قوربانی و هەدەف بووە بۆیان. تیرۆر بە چەند شێواز ورێگای جۆراوجۆر ئەنجام دراوە.. ئەنفال و کیمیاباران و بێ

سەروشوێن کردن و جۆرێک لە تیرۆری منظم. دەرمان خواردکردن و کوشتن بە هۆی ئوتومبێل لێدان دیسان جۆرێک و شێوازێکی بەرفراوان بووە لە تیرۆر کە هەندێ لایەنی تۆقێنەر و رژێمەکان پێی هەڵسان دژی رۆڵەکانی کوردی تێکۆشەر. لە هەموو فەترەکانی رابردوو و لە کاتی ئاشتی و مفاوەزات و هێمنیشدا کەچی بێ دەنگی لێ دەکراو سەرپۆشی بەسەردا دەکراو هەموو دەنگ بەرز کردنەوەیەک پشتگوێ دەخران. بەڵام ئەمرۆ دەبینین وەرچەرخانێکی زۆر گەورە بەرپا بووە وهەموو دونیا وروژاوە دژی تیرۆرستان. جەنگێکی گەورە وسوتێنەرو کوشندە بەرپا بووە کە هیچ کەسێک ناتوانێ مەزەندە بکات کە بەچی ئەگاو کوێ ئەگرتەوەو چۆن کۆتایی دێت. لەم رادەیە دەرچووە کە چیتر بە روداوی ناوخۆ و پێکدادان و ناخۆشی نێوان چەند لایەن و گروپێک دابندرێ و لێک بدرێتەوە.. چونکە ئێش وئازارەکەی گەیشتە جەستەی ئەوانەی کە خاوەن فەرمان و بریار بە دەستن لە دونیادا بە چاوی خۆیان دیتیان کە ئازاری کوشتن و تیرۆرکردنی خەڵکی بێ تاوان و دوور لەشەر چەند کاریگەرو خەتایەکی گەورەیە. خۆ دەبوو لە مێژ ساڵەوە بە ئاگابهاتبان و ویژدانیان بە دەنگی بیهێنابان بەرامبەر ئەم هەموو کۆمەڵ کوژی وتیرور وجینوسایدەی کە لەراست گەلی کورد وبژاقی رزگاریخوازی کورد وگەلانی تریش ئەکران ونەتەوە یەکگرتوەکان سنورێکی بۆ ئەم کارە نارەوایە دابنابایەو هەر جارێک بە رەسمی ئیدانەی ئەم کارەو ئەو کەس ولایەنانەی بکردایە کە بۆتە پیشەیان وسڵ ناکەنەوە لە ئەنجام دانی بگرە هونەرکاری وردو بێ ویژدانیشی تێدا دەکەن لە شێوازو ئەو رێگایانەی کە پێی هەڵدەستن و، هەتاکو شانازیشی پێوە دەکەن. ئەمرۆش گەلی کورد لە هەموو کەسێک زێتر خۆشحاڵە بۆ سنوردانان و بنبرکردنی ئەم دیاردە دزێوەی کە دەبوایە چەند سەدەیەک پێش ئەمرۆ هەر شوێنەواریشی نەمابایە. گەلەکەمان لە هەموو کەسێکیش زیاتر سوود مەند تر دەبێ بە نەهێشتنی ئەم کارە چەپەڵە ولە گۆرنانی تیرۆرستان وتۆقاندن وتیرۆرو ترس بەرپاکردن هەر کەسێک وجیهەتێک بیکات تاوانەو لێ بوردنی بۆنییە. مەحکوم کردنیشی پێویستە و ئەرکی سەر شانی هەموو دڵسۆزێک ونیشتمان پەروەرێکە کە باوەری پتەوی بە مەسەلەی میللەتەکەی هەبێ و رێگەی لێک حاڵی بوون وسەردەم بکاتە شێوازی تێکۆشان و وەدەست هێنانی ماف وهەقی گەل ونیشتمان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک زاهر، بەرێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەرێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تیرۆر وشەیەکی ئینگلیزیە بەمانای ئیرهابە ئەم وشەیە رەنگێکی سیاسی وەرگرت یان وەک دەستەواژەیەکی سیاسی بەکار هات لە کاتی شۆرشی فەرەنسی ئەوەی لە ساڵی ١٧٨٩ زاینی دەستی پێکرد و، ئێستا دەستەواژەی وەک تیرۆرزم و ئاکتف تیرۆرزم بەشێوەیەکی فراوان بەکار

دێتن چ لە زمانی یاسای نێودەوڵەتی یان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و دەزگاکانی راگەیاندن. فەقیهی قانونی جیهانی ((ويل كلسن)) پێناسەی تیرۆر دەکاتن ودەڵێ: (( انه نتائج العنف المتطرف الذي يرتكب من أجل الوصول الى اهداف سياسة معينة ويضحى من أجلها بجميع المعتقدات الأنسانية والأخلاقية)) تیرۆر هیچ نە پەیوەندی بە دینێکەوە هەیە نەبە نەتەوەیەکەوە هەیە نە موقعی جغرافی هەیە تیرۆر ئایدیۆلۆجیەکە مهمەی قەتلی بێ سنووره وهەدەفی کوشتنی مرۆڤی بێ تاوانە. بەڕێزان مەوقفمان بەرانبەر پەلامارەکانی ٩/١١ بۆ سەر سەنتەری بازرگانی واشنتون کە هەزاران هاووڵاتی مەدەنی بونەتە قوربانی ئەم کارە؟ ئێمە وەک میللەتی کورد بەتوندی ئەم کارە تیرۆریە مەحکوم وریسوا دەکەین و هاوخەمی خۆمان بۆ قوربانیەکانی مەدەنی ئەو کارەساتە دەردەبڕین، ئەم ئەکتف ئیشلە دژ بە گەلی ئەمریکا بەتەنها نەبوو چونکە قوربانییەکانی پەیوەندی بە هاووڵاتیانی (٦٠) وڵات هەیە هەروەها زەحایاکانی لە هەموو ئەدیانی جیهان تێدا بوو. بەڕێزان لە کاتی ئەزەماتدا هەر دەوڵەتێک هەوڵ ئەدات تاکو شتێک بە دەست بهێنت و هەریەک بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی رەفتار دەکات لەبەر ئەوە دەبینین لەم ئەزمەیە زۆربەی دەوڵەتان لایەن گیری ئەمریکا دەکەن چ وەک تەکتیک چ وەک ستراتیجیەت، چونکە ئەمریکا دەتوانێ زەخت بکات و، هێزی سەرەکیە لە جیهاندا بەڵام حکومەت وگوتەی سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی و هەروەها مەوقفی پەرلەمان وحکومەت روون وئاشکرایە لەم هجومە، ئێمە دژی تیرۆرین و، ئەمە لە سەوابتی ئێمەو پارتی دیموکراتی کوردستان وبارزانی نەمرە ئێمە ئەو مەوقفەمان وەرنەگرتوە بۆ هیچ مەکسەبێک وبۆ هیچ رەتدانەوەیەک تەنها لە سەوابتی ئێمەیە، زۆربەی لێکۆڵەرەوەی سیاسی روداوی ٩/١١ ئیعتبار دەکەن بە ئینعطاف لە مێژوو ئەبێ تەسەروفی ئێمە وەک میللەت وەک پەرلەمان وەک حکومەت لەسەر ئاستی رووداو بێن. یەکەم: دەبێ هەمووومان یەک ریز بین یەک دەست بین یەک دەنگ بین ویەک فکربین ولەدەوری سەرۆکی هێژا مەسعود بارزانی کۆبینەوە. دووەم: یەک بوونی ووتاری هێزێکی کوردستانی دژی تیرۆر ویەکەم کار بۆ پێک هێنانی ئەم هێزە دەبێ پرۆسەی ئاشتی و رێکەوتنی واشنتون بە فراوانی هەردوو لامان جێبەجێی بکەین وناومالّی کوردی رێک بخەین. چونکە هەمووومان دەزانین کە دوژمنانی ئێمە ئیستغلالی دووبەرەکی دەکەن وخەونی حوشترمان پێوە دەبینن وئەیانەوێ تاڵەبانەکمان بۆ تەصدیر بکەن. سێیەم: ئەبێ ئێمەش لە کوردستان وبەتوانای ئێمەی ئاشکراو سنووردار تەعاون وتەنسیق لە گەڵ موجتەمەعی جیهانی بکەین بۆ دوژمنایەتی کردنی تیرۆر وتیرۆرستان ویاسای خۆمان بگونجێنین لە گەڵ بڕیاری ١٣٧٣ ی ئەنجومەنی ئاسایش ئەوەی تایبەتە بە لەناو بردنی تیرۆر ولە دوایدا پەرلەمانی کوردستان داوا لە حکومەتی ئەمریکا بکات وەک تەنها هێزی سەرەکی جیهانی لەبەر ئەوەی حکومەتی ئەمریکی مەسئولیەتێکی گەورەی دەکەوێتە سەر شان، هەر چەندە سوپاسی ئەوحکومەتەش دەکەین بۆ ئەوەی کە بەردەوام ئاگاداری هەرێمی کوردستانە داواش دەکەین کە بە هەموو توانای خۆمان

داخلی مەیدانێ ببین وعلاجێکی بنەرەتی لە گەڵ کێشەی جیهانی ببینین وکێشەی کوردی وفەلەستین وسودان وکشمیر و، هەر جێیەکی تری جیهان تاکو درندەی کۆرە فام وسەر لێشێواو رسوابن وئەم کێشانە نەکەن بە (قمیصی عثمان). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک ابراهیم، بەڕێز شفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شفیقە فقی عبدللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە روانگەی ئەو تیرۆرانەی لەناو کوردستان رووی داوە لەوە ئەدوێم. هەموو لایەکان دەزانین کە ئەمرۆ دنیا بچوکتر بۆتەوە لە جاران تاکو پێی دەڵێن بووە بە گوندێک ئەویش بە هۆی پێشکەوتنی هۆکاری گەیاندن وراگەیاندن، ئنجا ئێمە کەواتە لەناو گوندێکدا دەژین، باشترین نموونەش ئەوەیە کە ئێستا بە هۆی ئەو تیرۆرەی لە نیویورک و واشنتۆن روویدا وپاشتر ئەمریکا کەوتە خۆتاودان بۆ بە دەستهێنانی هەڵوێستێکی سەرتاسەری نێودەوڵەتی بۆ بەربەرچ دانەوەی ئەو هێرشانەی کە کرابووە سەر ئەمریکا. ئێمە لە کوردستاندا گەلێک لە بواری کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسی کەوتە ژێر کاریگەری ئەم دیاردەیە. بۆ نموونە گەلێک لە شەریکات ومعامەلات سست بوون لە کارەکانیاندا یاخو وەستان بە هۆی نەبوونی چیمەنتۆ یاخود بەرزبوونەوەی نرخەکەی بۆ دوو قات وبەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی وبەنزین وگاز کە لە گەڵ خۆیاندا نرخی گەلێک شتیان بەرزکردەوە بە تایبەتی لە بواری گواستنەوە وبەرهەم هێنان ئەویش بەهۆی بەرز بوونەوەی نرخی سووتەمەنی. جا لێرەدا ئێمە بمانەوێ ونەمانەوێ یەکێکین لە دانیشتوان وبەشدارانی ئەو گوندە جیهانیەو ڕەنگ دانەوەی. ئەبێ لەناو کۆمەڵگاکەماندا هەر چەشنە دیاردەیەکی تیرۆرستی ڕوودات ولە سەرتاسەری جیهاندا بێ گومان هەندێک شوێن کاری زیاتری تێ دەکات لە شوێنێکی تر. لێرەدا ئەمەوێ بڵێم کە زیاتر لە گەلێک لە میللەتان کورد ڕووبەڕووی تیرۆر بۆتەوەو تیرۆری لەسەر کراوە ئەویش بەهۆی تایبەتمەندێتی جوغرافیای کوردستان کە هەردەم مامەڵەی کێشەکەشمان گەلێک جار هەر بە تیرۆر بووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێشنیارت هەیە بیخوێنەوە تکایە شفیقە خان.

**بەڕێز شفیقە فقێ عبداللە:**

بەڵێ باشە، بەرای من ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازیش لە بواری مامەڵە لەگەڵ کێشەی ڕەوامانداهەر جۆرێکە لە تیرۆر، چونکە رژێمی بالا دەست خۆی ئەیزانی کە خاوەن هەقین بەڵام بەزۆری هێزو زرەی زنجیری دەبابەو تۆپ وتەیارە ئیرهاب ئەکات لە ژێر ناوی جۆراوجۆر جادەی بۆ تیرۆر خۆشکرد، خۆ ئەگەر بە دەبابەو تەیارەش دڵیان ئاوی نەخواردبێتەوە پەنایان بردۆتە بەر ڕێگای زۆر

کوشنده تر، زۆر جار لە کاتی ئاشتیدا (واتە لە ژێر پەردەی ئاشتیدا) پەنایان بردۆتە بەر تیرۆر هەر وەک لەگەڵ بارزانی نەمر وسەرکردایەتی پارتی لە ماوەی چوار ساڵی ڕێکەوتن نامەداکرا دواتر سیاسەتی سەرتاسەری لەگەڵ هاوڵاتیانی کوردستاندا هەر بریتی بووە لە سیاسەتی داپڵۆسین وتۆقاندن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا (پێناسەی تیرۆرە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شفیقە خان تکایە ئەمانە هەمووی وتراوە دووبارەیە پێشنیارەکانت بخوێنەوە تکایە وابێ تەواو نابێن فەرموو.

**بەڕێز شفیقە عبداللە:**

بەڵێ باشە، بۆ ئەوەی کە ئێمە بگونجێین لەگەڵ ئەو بارەدا ولە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی نزیک کە لە شاری زاخۆ ڕوویدا بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان، جا بۆیە لێرەدا ئەڵێم پێویستە لەسەر هەموو لایەنە کوردستانیەکان بەگشتی وحکومەتی هەرێم بەتایبەتی ئەم هەڵە بقۆزینەوە تاکو کوردستان بەربەست بکەن لە تیرۆر ئەویش هەوڵدان بە ئیدانەکردنی تیرۆرستان لە جیهاندا ودەرکردنی یاسای جیهانی بۆ بەدواچوون لە دووی ئەنجامەکانیدا ئەویش لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی کە تەبەنی کێشەکە ئەکات لە جیهاندا بە مەرجێک کارێکی ئیجابی لەسەر ئەمنیەتی کوردستان هەبێت. هەر لەم بوارەدا ئەگەر دەزگا نێودەوڵەتیەکان سەرکەوتووبن لە بڕیاردانی جۆرە بڕیارێکی دژ بە تیرۆر ئەوا یەکەم کێشەیە ئێمە کە بە پێویستی ئەزانین لە دوای بچین وبیکەین بە هاوتای کێشە جیهانیەکان کە کێشەی تەقینەوەی زاخۆی دەزگا نێودەوڵەتیەکان بخەینە بەر ئەمری واقع تاکو بتوانین تاوانباران چ لە ناوەوە بێ یاخود لە دەرەوە بە سنوور ببەسترێ وهەروەها دەست نیشان بکرێن وهەوڵبدرێت بخرێتە بەر مەحکەمەی نێودەوڵەتی، کیمیا بارانی هەڵەبجەو ئەنفال هەر بۆ ئێمە بووەو هەر لە ئێمە زۆر زۆر ڕوویداوە جا بۆیە دووپاتی ئەکەمەوە ئەگەر ئێمە یەکەم خۆیەختکەری تیرۆر بین لە جیهاندا ئەوا مستفیدیش ئەبین لە پشتگیری کردنی، لە بن برکردنی تیرۆر لەسەرتاسەری جیهان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ شفیقە خان بۆ نووسراوەکەی بەڕێز کاک شێخ یحیی بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە میللەتانی تر هەر وەک ئێمە تیرۆریان دیبێ و تۆقیبن لە تیرۆر، بەڵام کەس وەکو ئێمە ڕژێمێکی یەک لە دوای یەکی وچەند دوڵەتێک وبە چەند بابەتێکی دڕندەی ترسناکی نامرۆڤایەتی ئیبادە نەکراوەو نەتۆقێنراوەو ماڵ وێران نەکراوە ئایا بە کیمیاباران و ئەنفال ..بە هەر چی بێت. برایانی بەڕێز بە درێژی باسی ئەم ڕووداوی کارەساتانەیان کرد باسی چەند پێش

نیارێکیان کرد بەراستی زۆر بە دڵ پاڵپشتی قسەکانی مامۆستا مەلا مەحمود دەکەم کە ئیسلام وئیرهاب لەیەک دوورن، ئیسلام ئیسلامە دینی پێکەوە ژیانە، ئیسلام دینی مرۆڤایەتیە، ئەوانەی تیرۆر ئەکەن ئیسلام نین ئەوانە میکیافیلین (الغایە تبرر الوسیلە) ئەوە ئەوانن، ئەوانە رێکخراوی مرۆڤ کوژن ودژ بە مرۆڤایەتین. زۆر پشتگیری لەو بەرێزە ئەکەم کە ئیشارەتی کرد کە ناو خۆمان پاک بکەینەوەو چاککەین وسنووری وا دانێین کەوا هیچ کەسێکی دژ بە مرۆڤ وتیرۆرست نەتوانێ داخیل بەوە بێت بەتایبەت لە قیادەی حزبەکانمان گفتوگۆی ئەم بابەتە بکرێت لە پێشنیارەکان بەرێزان پێشنیاری زۆر کرا من تەئیدی زۆری ئەکەم بابەتی ئێمە بەهۆی ئەم بریارەی ١٣٧٣ وە ئەمرۆ ئێمە ئەتوانین چەند عەرزێکی حاڵی خۆمان بکەین عەرزی دەیان ساڵ ئازارمان بە دەست تیرۆرەوە بکەین بۆ UN و ئەنجومەنی ئاسایش. هەروەها راپۆرتی تایبەتی حەز ئەکەم باسی بکەم بەراستی کە برادەران ئیشارەتیان بۆ نەکرد ئێمە خەڵکانێک هەیە بەرپرسی سیاسی دەوڵەتێکی ناوچەکە زۆر بە ئاشکرا لە رۆژنامە لە تەلەفزیون لە پێش چاوی خەڵکەوە ئەڵێن ئێمە رازی نابین بەوەی کە کورد کیانێکی هەبێت لەناو عێراق، ئەم ووتەیە یەکەم جاریش نییەو دووەم جاریشیان نییە دەیەم جاریشیان نییەو کاتێک ئێمە داوا ئەکەین کە سنووری عێراق بپارێزرێ ئێمە تەنها داوای مافی ژیان دەکەین لە حکومەتی عێراق لە چەندین حکومەتی عێراق نەک لە یەکیان نەک لە دووانیان بەس ئەمانەوێ وەکو جیهان بژیێن وئیبادە نەکرێین وکیمیاباران نەکرێین، ئێمە داوای ئەوەمان نەکردوە چاو ببرینە ئەرزی خەڵک و ماڵی خەڵک و مولکی خەڵکی نەتەوەکانی تر. زۆر بەباشی ئەزانم لەم دەرگایەوە ئێمە هەموو فەرمایشتەکانی ئەو خەڵکە بەرپرسە سیاسیانە بکرێت بە راپۆرتێک و بەردەوام بدرێتە ئەوروپا بدرێت بە نووێنەوانی وولاتانی تر لە UN لە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ ئەوەی ئەمە حاڵ نییە ئێمە بە ئاشکرا لە پێش چاوی هەمووتانەوە ئێمە ئیرهاب ئەکەن نەک هەر لە لایەنی حکومەتی عێراقەوە لەلایەنی ئەوانە کە لە سنووریشمان رازی نین ئێمە هەناسە بکێشین رازی نین ئێمە دروست بین رازی نین ئێمە تەنها مافی ژیانمان هەبێت. ببوورن لەوەی کە سەرم ئێشاندن ئەم بابەتە بەراستی حەز ئەکەم بە راپۆرتێکی تایبەت دیراسەت بکرێت بدرێتە UN بدرێتە هەموو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی بدرێتە وولاتانی دەورو پشتیشمان بۆ ئەوەی کە بزانن کە ئێمەش حەقی ئەوەمان هەیە کە ئەتوانین (علی الاقل) بە هەناسەیەک بێت دیفاع لە خۆمان بکەین، لەگەڵ رێزوسوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو ووتە حەماس ئاوەرینانەی کاک شێخ یحیی، ئەو بەرێزانەی کە ناو نووس کرابوون هەموو قسەیان کرد لە راستیدا لە کاتێکی باش وموناسبدا و هەموو خۆیان باش هیلاک کردبوو موداخەلاتیان لە جێگای خۆیان بوون جێگای رێزو تەقدیرن، بۆیە من پێشنیار دەکەم موداخەلەکانیان بە نووسراو بمان دەنێ یان راستەو خۆ ئاراستەی دەزگاکانی راگەیاندن بکەن بۆ ئەوەی لە رۆژنامەکان بلاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی بێ سوود نەڕوات، جارێکی تر سوپاسی هەموو

لایەکتان ئەکەم بۆ ئەوەی ڕێگا بدەین بە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر وەزیرێکی بەڕێز موداخەلەیەکی هەبێت دەستی بەرزکاتەوە بۆ ئەوەی مەجال بەوانیش بدەین، بەڕێز کاک کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز کەریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە هەر چەند باس بکرێت تەواو نابێت بۆیە من باسی تیرۆر ناکەم من باسی دوو خاڵی تر دەکەم کە برایان ئیشارەتیان پێ کرد:

یەک: بەراستی من دەمەوێ تەئمینی برایان بکەم کە ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان توندترین ئیجرائاتی یاسایی دەکەین دژی تیرۆرو تیرۆرستان وهێچ ڕۆژێک ئێمە ئاسانکاریان لەگەڵ ناکەین وەتاکو دەرچوونی یاسایەکی تایبەت بە تیرۆر ئێمە بەپێی ئەو یاسایانە کە کاریان پێکراوە وهەن جێبەجێ دەکرێن وەکو قانونی عقوبات، قانونی حیازەو استعمالی سلاح، قانونی متفجرات کە دەرچوە لە پەرلەمانی کوردستان، قانونی ئەحزاب وجەمعییات، بڕیاری تایبەت بە ئیعتداکردن لەسەر ئەجانب.

دوو: پاش ووتە بەنرخەکەی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی لێرە لە پەرلەمان دەربارەی قانونی حیازە تەتبیق کردنی یاسای نەهێشتنی چەک ئێمە لەو ڕۆژەوە وەکو حکومەت وەکو وەزارەتی ناوخۆ لیژانی تایبەتمان دروستکردوە بۆ دیراسەت کردنی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە وهەنگاوی زۆر چاکیان ئەنجام داوە لە فەترەیەکی زۆر نزیک پەنابەخوا ئێمە ئەم بۆچونانە ئەگەیەنینە نەتیجەیەک ودەکەوینە واقعی جێبەجێ کردنیان، بۆیە ئێمە داوا لە هەموو برایان دەکەین لە هەموو ئەحزاب ئەکەین کە هاوکاریەکی تەواومان بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، بەڕێز شێخ عدنان نەقشبەندی وەزیری ئەوقاف فەرموو.

**بەڕێز عدنان نقشبەندی/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستی هەر چەندە خوشک و برایان زۆر بە فراوانی باسیانکردو وەکیلی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە تەواوی باسیکردو حەقی تیرۆریان دا نامەوێ باسی ئەوە بکەم بەس یەک دوو خاڵی بچوکم هەیە:

یەکەم: ووشەی تیرۆر ئەوەی باسکرا ئەوەی من بزانم ووشەیەکی لاتینیە مانایەکەی ترساندنە یان تۆقاندن لاتینیەکەش پەڕیوەتە ناو زمانەکانی تر وەکو ئینگلیزی عادەتەن هەتا موستەلەحاتی پزیشکیش لاتینیەکە هەڵدەبژێرن چونکە گۆڕانی بەسەردا نایەت.

دووەم: سێ شتی تر هەنە دەمەوێ باسیان بکەم یەک بەنیسبەت ئەوەی باسی وەزارەتی ئەوقاف

کرا بەراستی ئێمە دەڵێین ماموستایانی ئایینی بەرێز لە ووتارەکانی هەینی ناڵێم هەموویان بەس زۆربەیان باسی بابەتی تیرۆریان کردووە لەوانەیە بەو تەرکیزەی کە لێرە باس کرا باسنەکرا بێ بەلآم باسی تیرۆر کراوە ئومێد دەکەین ئێمە توانیبێتمان و بتوانین لە ئایندەشدا وەکو تیرۆر لەناو مزگەوتەکان باسی لێوە بکرێت چونکە دیاردەیەکی خراپەو دژ بە ئایینی ئیسلامەو دژ بە هەموو کەسێکە بەلآم ئەوەی راستیە تەنها وەزارەتی ئەوقاف ئەرکی ئەوە نییە زۆر دەزگای تر هەنە من ئومێدەوارم ودەست خۆشی لە پەرلەمانی کوردستان ئەکەم بۆ ئەم دانیشتنە بەراستی بتوانین ئێمە لە ماوەیەکی زۆر کە درێژەی نەداتێ نەک گەرم بین لە سەرەتای رووداوەکان دوایی سارد بینەوە، بتوانین ئێمە پێناسەیەک لەگەڵ پێناسەکەش هەندێ هەنگاوی عەمەلی کە لەگەڵ هەنگاوی کوردستان بگونجێت دەربارەی تیرۆر بیهاوێژین دوور بێت لە عاتیفە بەڵکو بە تەفکیرێکی وورد. ئیشارەت بەوە کرا دیاردەی تیرۆر لەگەڵ ئیسلام بەحەقیقەت ئەوەی لە ئاینی ئیسلام بەراستی تێگەیشتبێ مەسدەری سەرەکی شەریعەتی ئیسلام قورئانی پیرۆزە ووتەکانی پێغەمبەرە(د.خ) وئیجماعە وقیاسە بە ووردی تەماشای ئەمانە بکەن هەموویان نەک هەر دوورن لە تیرۆر بەڵکو دژ بە تیرۆرن، بەرای من ئەوانەی کە بەناوی ئیسلام تیرۆر دەکەن دەیانەوێ ئیستغلالی ناوی ئیسلام بکەن چونکە قورئانی پیرۆز زۆر بەراشکاوی باسی عیلاقاتی رێکخستنی کۆمەڵگا دەکاتن خوای گەورە دەفەرمووێ (أدع الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي أحسن إن ربك اعلم بمن ضَلّ عن سبيله وهو اعلم بالمعتدين) لەبەر ئەوە هیچ کەسێک بۆی نییە ببێتە أميرالمؤمنين یان خەلیفە تەوجیهی خەڵک بکاتن بەتایبەتی میللەتی کوردیش لە دێر زەمانەوە ئایینی ئیسلامی بە ئیختیاری خۆی هەڵبژاردوە، ئەم بەرێزانەی لەناو هۆڵی پەرلەمانن ومیللەتی کوردیش هەموو تالآوی تیرۆریان چەشتووە ئێمە ماوەیکی زۆر نییە هەڤاڵێکی خۆشەویستمان کە لە یادمان ناچێت کاک فەرەنسۆ هەریری کە زەحیەی تیرۆر بووە کە ئەم هۆڵە بە چاکی هەموو خوشک و برایان باش باش دەیناسن.

خاڵی دووەم دەربارەی پێناسەی تیرۆر من وەکو گوتم پێناسەی تیرۆر پێویستە ئێمە وەکو میللەتی کورد وەکو شتێک لەگەڵ وەزعی ئێمە بگونجێ تەشخیصی ئەوە بکەین بەلآم چوارچێوەکی گشتی هەیە، تیرۆر لە هەموو جێگەیەک تیرۆرە، وا نیە لە ئەفغانستان تیرۆر بێ و لێرە تیرۆرێکی سەوز بێ و، لە وێ زەرد بێ ووشەی تیرۆر یان کرداری ئەو تیرۆرە، تیرۆرێکە کە هەموو خەڵکێک شارەزایە پێی، بەلآم ئەبێ ئێمە بتوانین پێناسەیەکی وا لە خیلالی لیژانەوە یان لە دانیشتنەکانی تری پەرلەمانی بەرێز دابنێین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو شتە دیاری بکەین و پێناسەیەکی دیارکراوی بۆ دیار بکرێ. ئەوەی لێرە مەبەستە بەرامبەر ئەو رووداوەی کە بووە بە راستی ئێمە گومانمان لەوەدا نییە کە سەرکردایەتی ئێمە لە هەموو بارو دۆخێکی دژواردا توانیویەتی میللەتی کورد بە چاکترین شێوە موعامەلە لەگەڵ کێشەی میللەتی کوردا بکاتن، ئومێدم ئەوەیە بتوانین بە هەموو لایەکمانەوە چ حکومەت و چ پەرلەمان لە ژێر رێنماییەکانی سەرکردایەتیمان بتوانین موعامەلە

لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکەین، چونکە بارو دۆخێکی زۆر ناسکە و تایبەتمەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وەزیری ئەوقاف، فەرموو کاک یونان وەزیری پیشەسازی و وزە.

**بەڕێزیونان مرقس حنا/ وەزیری پیشەسازی و وزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان سوپاس بۆ ئەو پێشنیارە گرنگە بۆ ئەو کارە باشەی لێرە کرا پێشنیاری زۆر گرنگ بۆ داهاتوو بە تایبەتی زۆر برادەر باسی کۆنفراسێکیان کرد هیچ شتی تازەم نییە تەنها تێبینیەک ئەو تیرۆرە ئەو نموونەیە هاتە دانان هاتە گوتن لێرە باسی تیرۆر لە کوردستانە، زۆربەی برادەران وشەی میللەتی کوردیان بەکار هێنا وا بزانم بۆ هەموومان دیارە ئەو تیرۆرە هیچ جار جیاوازیی نەکردووە لە نێوان کوردو میللەتانی تری کوردستان جا پێم باشترە ئەگەر میللەتی کورد لەگەڵ میللەتانی تر بێتە گوتن یان میللەتی کوردستان بەکاربهێنرێ ئەگەر دارشتنێک شتێک هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک یونان،کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شوکت شیخ یزدین/وەزیری کاروباری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێیی خۆیەتی بەناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بکەین لە ڕۆژێکی وادا بۆ کارێکی وا هەنگاوێکی پیرۆز بهاوێژین هەموومان لێرە کۆببینەو، ڕاوبۆچوونەکانمان لە ناخی دڵەوە دەرببرین بۆ ئەوەی چۆن پێش لە تیرۆر و تیرۆرستان بگرین و، چۆن بگەڕێینەوە بۆ ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی کە بەسەر میللەتی کوردا هاتووە وا بزانم لە هەموو کەس باشتر دەرک بەوە دەکەین تیرۆرو تیرۆرستان چۆن دڵی ئێمەیان بریندار کردووە و، دەتوانین لەو ئاستەوە هەنگاوی پیرۆزبنێین و هەست بە بەرپرسیارەتی خۆمان بکەین و ئەو مەسئولیەتە مێژوویەی کە لەسەر شانی هەموو لایەکمانە جێی خۆیەتی دووبارە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بکەین بە راستی لە دانیشتنی ئەمڕۆدا دەکرێ بڵێم بەراشکاوی زۆر لە دانیشتنەکانی پێشووتر هەستیان بە مەسئولییەت کردو هەست و سۆزی خۆیان دەربری بەرامبەر بەو مەسئولیەتە مێژوویەی کە لەسەر شانیانە، ئومێدەوارین بەم دانیشتنە بە بۆچوونی من کۆتایی پێنایێ هەروەکو بەڕێزانیش باسیان کرد پێشنیاری ئەوە دەکەین وەک ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان بکرێ لە پەرلەمانی خۆشەویستدا ئێمەش وەکو حکومەتی هەرێمی کورستان لە خزمەتداین ئەو بەڕێزانەی مەسئولییەتیان هەیە لەو بوارەدا بەشداری تێدا

بکەن، بەس دیسان تەئکیدی قسەی ئەو بەڕێزانە دەکەینەوە بە راستی تەنها بە پەرلەمان و حکومەت ئەم ئەرکە ناگاتە سەر، ئەگەر پشتیوانی لایەنە سیاسیەکانی بەڕێز نەبێ، ئەگەر تێکۆشەران نەبن ئەگەر مامۆستایان و زانایانی ئایینی نەبن مامۆستایانی دانا و تێکۆشەران و قەڵەم بە دەستان نەبن بە راستی ڕاگەیاندنەکانی ئێمە هەمووی ئەگەر یەک دڵ و یەک گیان و یەک دەست نەبێ وا بزانم وەکو پێویست ناتوانین لە ئەرکی سەرکیمان سەربکەوین. ئەگەر چ کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیێ برای خۆشەویستم کاک نێچیرڤان بارزانی یەکێک لە کارە هەرە پیرۆزەکانی ئەم کابینە چەسپاندنی یاسایە هەر وەکو سەرۆک بارزانی بەڕێزی فەرمووی: دەبێ یاسا سەروەر بێ ئێمە خۆمان ئامادە کردووە وەک کابینەی چوار وەکو خزمەتکارێک بۆ ئەزموونەکەمان بۆ ئایندەکەمان بۆ پێگەیاندنی نەوەیەک پێش ئەوەی ئەو جۆرە کارانە بکرێ و، ئەزموونەکەمان بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر ببەینە پێش پێوست بەوە دەکا کە خۆمان یەکبخەین بە راستی ئەگەر لایەنگیری لایەنە سیاسیەکان نەبێ وەکو چۆن بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا کە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان توند بەرخورت بکا لەگەڵ ئەو تیرۆر و تیرۆرستانە، بەڵێ ئێمە باکمان لەوەدا نییەو ترسیشمان نییە خۆشمان بۆ ئامادە کردووە هەر لە زەمانی بارزانی باوکەوە تا ئێستا ئێمە دژی ئەم کارە وەستاوین، بەڵام زۆر جار بەداخەوە ئەو کەسانەی کە دەستتێوەر دەدەن لە کاری تیرۆردار دەکەونە لایەنەکانی ترو بەڵکو دەبنە چەتری ئەوە کە بیپارێزن و تەسلیم بە یاسای نەکەن، ئەگەر بە دڵ و بە گیان قەناعەتیان بە یاسا نەبێ حەقە ئێمە وەکو حکومەت و پەرلەمان حەددێکیان بۆ دابنێین و بۆ ئەوەی لە ئاستی بەرپرسێتی دابین و بتوانین بە ئەرکی سەرەکیمان هەڵبستین و دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک شەوکەت . بەراستی یەک دوو تێبینیم هەیە پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان بهێنین، پێشەکی سوپاسی هەموو لایەکتان ئەکەم کە بە جدیەت و بە قووڵی موداخەلاتان لە بابەتی تیرۆستان کرد بە تەئکید موداخەلەی هەریەکێکتان دانیشتنەکەی دەوڵەمەند کرد و بە تەئکید بێ ئەنجام نابێ ئەنجامەکەی لە بڕیارەکانی دواییدا دەردەکەوێ کە لە دانیشتنەکانی تر ئەکرێ یەک دوو تێبینی تر لەسەر ئەو قسانەی کە کران، یەکەمیان مەسەلەی باس کردنی کورد، تیرۆر و کورد بۆ باسی قەومەکانی تر ناکرێ لە راستیدا ئەنجومەنی نیشتمانی ناوی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی نییە، ناوی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانییە و ئەوە بۆیێ وا ناو نراوە بۆ ئەوەی پیشان بدرێ کە کوردستان جگە لە کورد کە زۆرینەی موطلەق کوردە برا ئاشووری تیایە تورکمانی تیایە عەرەبی تیایە کەمایەتی تری تیایە، تاکە شوێنە لەم وڵاتانەی دەورو پشتمان و وڵاتی خۆمان کە بەڕاشکاوی دانبنێین بە مافی برا ئاشوورییەکان و بە هەموو نەتەوەکانی ترو پێشیان نەڵێین کەمایەتی نەتەوەیی بەڵکو پێیان بڵێین نەتەوە،ئەوە ڕێگا لەوە ناگرێ ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان هەڵسێ بڵێ مەسەلەی کوردو دۆزی کورد یان ئەندامێکی

بەرێزی پەرلەمان هەڵسێ بلێ کێشەی ئاشووری ئەو زوڵمەی لە ئاشووری کرا لە فلان شوێن یان بۆ فلان شوێن، ئێرە شوێنێکی ئازادە هەر کەسە بەپێی ڕاو بۆچوونی خۆی دەتوانێ لە چوارچێوەی یاسا قسەکانی خۆی بکات، تۆزی زەحمەتیش بوو ئیمڕۆ زۆر بابەت لە راستیدا زۆر لە بەرێزان داخیلی بابەت بوون ڕەچاوی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەنیان نەکرد،چۆن ڕەچاویان نەکرد یەکێ لە مەرجە بنەڕەتییەکان ئەوەیە کە ماوەی قسە کردن موداخەلە دیاری کراو دوو دەقەیە سێ دەقەیە کە دیاری ئەکرێ ئەبێ لەوە دەرنەچن، دووەم ئەو قسەیەی کە ئەکرێ ئەو موداخەلەیەی کە ئەکرێ نابێ دووبارە بکرێتەوە، لەبەر گرنگی بابەتەکە من مەجبوور بووم قسەکانتان نەپچڕێنم بەردەوام بن لە قسەکانتان بەڵام بە تەئکید بۆ جارێکی تر ناهێڵێین بەم شێوەیە بێت و، بەداخیشەوە بابەتەکە لەسەر سەری خوشکەکانمان شکایەوە کە ئەویش مافی ئافرەتان بوو کە زیاتر قسە بکەن بواری ئەوەندەمان نەدا پێیان ئەوە بۆ جارێکی تر، بێینە سەر مەسەلەی تیرۆر، تیرۆر ئەمڕۆ لە ڕاستیدا وەک خۆی کە باس کرا دیاردەیەکی تازە نییە دیاریەکی کۆنە بەڵام تیرۆر ئیمڕۆ بوو بە خەتەرێکی گەورە، بوو بە خەتەرێکی گەورە بۆ؟ چونکە تیرۆر بوو بە شتێکی جیهانی لە دوایی(١١)ی ئەیلول وەکو باسمان کرد سیاسەتی عالەم گۆڕا شتەکە ئەوەندە گەورە بوو و، ئەنجام و ئافاقی بەو شێوە کە دەرکەوت پیشانی دا ئەمە شتێکی زۆر زۆر گرنگە و،شتێکی جیهانییە ئەگەر بنبڕ نەکرێ پەرەئەسێنێ و، ئەنجامەکەی دیار نابێ چی ئەبێ لەسەر بەشەرییەت، بۆیە دوو لایەنی هەیە بە نسبەت ئێمەوە، تیرۆر لە کوردستاندا تیرۆر وەکو دیاردەیەکی جیهانی کە ئێمە ئەبێ وەکو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان یا وەکو هەموو گەلی کوردستان کە ڕەچاوی بکەین هەر بڕیارێ وەربگرین هەر هەڵوێستێکمان هەبێ ئەبێ ڕەچاوی ئەو دوو لایەنەی ئەم دیاردەیە بکەین، خاڵێکی تریش هەیە چاکە ئاماژەی پێ بکەین وەکو هەموو دیاردەیەکی تری گەورەو گرنگ و جیهانی لە دونیادا هەوڵ ئەدرێ سوودی لێ وەربگرین زۆر کەس هەیە لەوانەیە هەوڵی دابێ بیکا بە شەڕی دژ بە ئیسلام، ئەمە نابێ بکرێ بە شەڕ دژی ئیسلام، شەڕ دژی تیرۆر شتێکەو، دژی ئیسلام شتێکی ترە، ئەمە ئەبێ زۆر روون بێ بەتایبەتی لە لای ئێمەوە کە زۆرینەی میللەتی ئێمە موسڵمانەو، موسڵمان دینێکی سەماوییەو، ئیسلام دینێکی سەماوییە وەکو ئاینەکانی تر کە بۆ خێری بەشەرییەت هاتوەتە سەر زەوی، ئەم تێکەڵاوییە خەتەرێکی گەورەیە لەسەر هەموو جیهان نابێ ئێمە بێ دەنگ بین بەرامبەر ئەم تێکەڵاو کردنە یاخود هەوڵدان بۆ تێکەڵاو کردنی ئەمەش خاڵێکی بنەڕەتییە، لەلایەکی تریشەوە تێکەڵاو ئەکرێ هەر وڵاتێک ئەبینی هەر وڵاتێکی دیکتاتۆری هەر وڵاتێکت بینی میللەتێک لەژێر دەسەڵاتی بێ هەوڵدەدات ئەو میللەتە بەناوی تیرۆرەوە سەرکوت کا. هەربزووتنەوەیەکی ئازادی خواز لە هەر وڵاتێکا هەبێ، سەیر ئەکەی ئیمڕۆ ئەو وڵاتە هەوڵ ئەدات بیخاتە قاڵبی تیرۆرستەوە بۆ ئەوەی هەر بەو ناوەوە جاران بە ناوی ترەوە ئەیکرد ئیمڕۆ بەو ناوەوە مافەکانی زەوت کاو ناهێڵێ بە ئامانجی خۆی بگا. ئەمەش خاڵێکە لە هەر بڕیارێک کە وەربیگرین دەبێ ئێمە ڕەچاوی بین، کۆتایی قسەکانی بەرێزتان وتەئیدی

بۆچوونی حکومەتی هەرێم و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان ئێمە ئەتوانین وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەم شێوەیە کورتی بکەینەوە بیخەینە روو ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن:

١- ریسوا کردنی تیرۆر بە گشتی.

٢- ناسنامەی تیرۆر(تەعریفی) تیرۆر لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو دوو سێ خاڵەی کە وتمان تێکەڵ نەکرێت تەعریفەکە دەبێ ئەوەندە ورد و رێکوپێک بێ کە تێکەڵ نەکرێ، بەڵام جەوهەری تیرۆر روون و ئاشکرایە جەوهەری تیرۆر کوشتنی هەرەمەکی(عشوائی) خەڵکی مەدەنییە کوشتنی عەشوائی هەرەمەکی کە خەڵکی مەدەنی تێوە ئەگلێ بە ئەنقەستیش ئەمە لە ضمنی ئەو پێناسەیە ئەتوانین پێناسەکە فراوانتر بکەین کە زیاتر عیلمی بێ، هەمووی بە تەواوەتی بگرێتەوە و، ئەو لایەنەی تێکەڵ بوونەش نەکەوێتە بەری واتە تێکەڵی نەکەین.

٣- دانانی یاسای پێویست بۆ بەرەنگار بوونەوەو ریسوا کردنی تیرۆر بەرەچاوکردنی بریاری(١٣٧٣)ی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٤- دیراسەتکردن و دەستنیشان کردنی هۆکانی دروست بوونی تیرۆرست و تیرۆرستان لە کوردستاندا.

٥- هەنگاوی سیاسی و رۆشنبیری و پەروەردەیی و کۆمەلایەتی و ئایینی و ئابووری و ئەمنی پێویست لەلایەن هەموو دەزگاکانی هەرێم: پەرلەمان و حکومەت و ئەحزابە کوردستانییەکان بۆ نەهێشتنی دیاردەی تیرۆر و بنبڕ کردنی.

٦- وەکو باسمان کرد دیاردەیەکی جیهانیە پشتگیریی کردن لە بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لەسەر ئاستی ناوچەو جیهان وەکو ئەوەی باسمان کرد بە مەرجێک تێکەڵاو نەکرێت لەگەڵ خەباتی عادیلانەی گەلان لە پێناوی ئازادی و دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ.

٧- ئەمە راسپاردەی(توصیە) ئێمەیە رادەسپێرین کە هەموو لیژنەکانی پەرلەمان بە موشتەرەکی و هاوکاری حکومەتی هەرێم موتابەعەو دیراسەتی بکەن و، لەم بارەیەوە بۆ خاڵەکانی سەرەوە پرۆژەی یاسایی پێویست پێشکەش بە پەرلەمان بکەن، دووبارە سوپاسی هەموو لایەکتان ئەکەم لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێت دانیشتنی داهاتومان بەیانی سەعات((١٠) دەبێ.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)**

دوو شـەممـە ڕێکەوتی ٢٢/١٠/٢٠٠١

خولی دووەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## دوو شه‌مه‌ ڕێكه‌وتی ٢٢/ ١٠/ ٢٠٠١

***كاتژمێر (١٠)ی سه‌ر له‌به‌یانی ڕۆژی دوو شه‌مه‌ ڕێكه‌وتی ٢٢/ ١٠/ ٢٠٠١ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به‌سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز د.ڕۆژ نوری شاوه‌یس سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و، به ئاماده‌بوونی به‌ڕێز فه‌رسه‌ت ئه‌حمه‌د عه‌بدوللا سكرتێری ئه‌نجومه‌ن، دانیشتنی ئاسایی (ژماره هه‌شت)ی خولی دووه‌می، سالّی (٢٠٠١)ی خۆی به‌ست.***

***به‌رنامه‌ی كار:***
***به‌پێی حوكمه‌كانی برگه‌(١)ی مادده‌(٢٠) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (١)ی هه‌موار كراوی سالّی (١٩٩٢)ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاری دا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی( ژماره هه‌شت)ی خۆی له‌ كاتژمێر (١٠)ده‌ی سه‌ر له‌ به‌یانی ڕۆژی دوو شه‌مه‌ ڕێكه‌وتی ٢٢/ ١٠/ ٢٠٠١ دا به‌م شێوه‌یه‌ بێت:***

١ـ خستنه‌ ڕوو و گفتوگۆكردن له‌سه‌ر پرۆژه‌ی یاسای ڕێكخراوه‌ كوردستانییه‌غیر حكومیه‌كان بۆ ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ و فریاكه‌وتن له‌ هه‌رێمی كوردستانی عێراق كه‌ پێشنیار كراوه‌ له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌وه‌.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بان، به‌ناوی گه‌لی كوردستان دانیشتنی ژماره هه‌شتی خولی دووه‌می سالّی ده‌یه‌می ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ده‌ست پێ ده‌كه‌ین. پێشه‌كی به‌خێرهاتنی گه‌رمی نوێنه‌رانی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران به‌ڕێزان وه‌زیری په‌روه‌رده‌و وه‌زیری دارایی و وه‌زیری هه‌رێم ئه‌كه‌ین، به‌ڕێزان به‌رنامه‌ی كاری ئه‌مرۆمان له‌یه‌ک خالّ پێكهاتووه‌ ئه‌ویش دوێنێ ته‌ئجیلمان كرد ئه‌ویش خستنه‌ڕوو گفتوگۆكردن له‌سه‌ر پرۆژه‌ی یاسای ڕێكخراوه‌ كوردستانییه‌كان بۆ ئاوه‌دانكردنه‌وه‌و فریاكه‌وتن له‌ هه‌رێمی كوردستانی عێراق بوو كه‌ پێشنیار كراوه‌ له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌وه‌. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ تكا له‌ ئه‌ندامێكی به‌ڕێزی لیژنه‌ی یاسایی ئه‌كه‌م بێته‌ ئێره‌، هه‌روه‌ها ئه‌ندامێكی به‌ڕێزی لیژنه‌ی دارایی و ئه‌ندامێكی به‌ڕێزی لیژنه‌ی ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ش هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر زه‌حمه‌ت نه‌بێت كاكه‌ڕه‌ش نه‌قشبه‌ندی بفه‌رمووی بێته‌ ئێره‌، فه‌رموو.

**به‌ڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن، ڕێگا بده‌ كه‌ لیژنه‌كه‌مان رای ده‌رباره‌ی ئه‌م پرۆژه‌ پێشنار كراوه‌ پێشكه‌ش بكات بۆ ئاگاداری به‌ڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــــەرۆكــی ئــەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر چاكە راپۆرتی لیژنەكەتان پێیە وانییە ئێوەش بیخوێننەوە لەگەڵ ئێمە ئاگادارتان ئەكەم، لیژنەی یاسایی رای خۆتان بخوێنەوە تكایە.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نەقـــشـــبـــەندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، ئەمە دەقی تێبینی ئێمەیە لەسەر پرۆژەكە:

**الى/رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم**

**م/رأي اللجنة**

كتابكم المرقم(ك/٦٣) في ٢٤/٩/٢٠٠١

اجتمعت اللجنة القانونية للنظر في مشروع قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية وبعد الدراسة والمناقشة فقد توصلنا الى مايلي بصدده:

١- إن المشروع المطروح للمناقشة تنقصه الديباجة المعتاد درجها في صدر المشاريع لذا تقترح صياغتها كالآتي:

«استناداً الى احكام الفقرة(ا) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الاتي»:

المادة الخامسة:

تێبینیمان لەسەری هەیە ماددەی (٥):

إضافة فقرة ثالثة الى المادة ونقترح صياغتها كالآتي« في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة (ا) اعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون».

**المادة التاسعة:**

فقرة (٤) نقترح إضافة عبارة (وبموافقة الجهات المختصة الى نهاية الفقرة).

**المادة العاشرة:**

ليست لدينا ملاحظات.

**المادة الحادية عشرة:**

ليست لدينا ملاحظات.

**المادة الثانية عشرة:**

صياغة المادة مجدداً وتكون كالآتي(للمنظمة التعاقد مع المنظمات الاجنبية أو قبول المساعدات أو التبرعات المادية او العينية من الخارج وبموافقة حكومة الاقليم).

**المادة الثالثة عشرة:**

نقترح إضافة عبارة (الجهات المعنية) الى نهاية صدر المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەوە ڕای لیژنەی دارایی وئابوورییە:

**السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/رأي اللجنة**

تحيةً واحتراماً

اجتمعت لجنتنا بتاريخ ٢٠٠١/٩/٢٤ واطلعت على مشروع قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية.. وبعد دراسته ومناقشته توصلت اللجنة الى عرض المقترحات المدرجة أدناه:

١- عدم وجود الديباجة في بداية المشروع ومن الضروري كتابتها.

٢ـ المادة الثامنة {فقرة (١)} شطب كلمة (وزارتي) واضافة العبارة التالية (وزارات الاعمار والتنمية....الخ).

٣ـ المادة التاسعة {فقرة (٤)} حذف كلمة (دولية).

٤ـ المادة الحادية عشرة{فقرة (٢)} شطب كلمة (والاكتتابات).

٥ـ المادة الثانية عشرة حذف كلمة (والاعلام) واحلال العبارة التالية (بعد استحصال موافقة الجهات الرسمية) بدلاً منها.

٦ـ المادة الثالثة عشرة شطب (أو) واحلال حرف (و) بدلاً منها.

٧ـ الغاء المادة الرابعة عشرة بفقرتيها.

*مع فائق التقدير*

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، دەربارەی ماددەی پێنجەم پشتگیریی لێ دەکەین و، ڕای لیژنەی یاسایی پەسەند ناکەین بە زیادکردنی بڕگەیەکی تر بۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تکایە.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەمە ڕای ئێمەیە.

**السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/رأي اللجنة**

اجتمعت لجنتنا يوم ٢٠٠١/١٠/١٨ وأطلعت على قانون المنظمات الكوردستانية للاعمار والاغاثة وبعد دراسة الموضوع نعرض المقترحات التالية:

١- إضافة ديباجة الى مقدمة القانون.
٢- المادة الرابعة: نفضل أن يكون شروط المنظمة الواردة بعد الفقرة الأولى كالآتي:
أ- أسم المنظمة والغرض من تنفيذها.
ب - يكون مركز إدارة المنظمة في الاقليم.
ويليها الفقرات الاخرى (ج، د، هـ).
٣- المادة الخامسة: تغير كلمة(أو) الواردة فيها بعد لدى الوزارة بـ (و).
٤- لم نلاحظ في الباب الاول التأسيس أية مادة تخص شروط العضوية.
٥- المادة التاسعة: فقرة (٤) إضافة عبارة (وبموافقة الجهات المختصة) الى نهاية الفقرة.
٦- صياغة الفقرة (٥) من المادة الخامسة بالشكل الآتي:
(لحكومة الاقليم وبناءا على مقتضيات المصلحة العامة أن تساهم او تشارك لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم).
٧- المادة الحادية عشرة: الفقرة (٢) نقترح حذف كلمة(الوقف)منها.
٨- المادة الثانية عشرة: تبديل كلمة(أو) الواردة فيها بـ (و)و تبديل كلمة (اعلام)بـ (بموافقة).
٩- المادة الثالثة عشرة: إضافة (الى الجهات المختصة) بعد عبارة عند الضرورة.
١٠- الخامسة عشرة: إضافة عبارة (ويكون قرار محكمة التمييز باتاً) الى نهاية المادة.
١١- المادة السادسة عشرة: إعادة صياغة المادة كما يلي:
(لوزير الداخلية او من يخوله الطلب من محكمة بداءة محل المنظمة بحل المنظمة في الحالات التالية).
١٢- المادة السادسة والعشرون: (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان). مع الشكر والتقدير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی رۆشنبیریی وپەیوەندیەكان تكایە راتان.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم:**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان**

**ب/رای لیژنە**

نووسراوتان ژمارە(ك/٦٣)لە رۆژی ٢٠٠١/٩/٢٤ دا
لەسەر پرۆژەی یاسای رێكخراوە كوردستانییەكان بۆ ئاوەدانكردنەوەو فریاكەوتن..
لیژنەكەمان كۆبوونەوەی خۆی كرد لە رۆژی ٢٠٠١/١٠/١٧ بۆ وانە كردن و لێكۆڵینەوە لەسەر پرۆژەكە و، ئەمەی خوارەوە دەقی ئاكامی كۆبوونەوەكەیە.

ئەحمەد سالار عبدالواحد
سەرۆکی لیژنە

**«قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية»**

**المادة الاولى:** تێبینیمان لەسەر بڕگە«٣» هەیە کە وەزارەتی مرۆڤایەتی پەیوەند بکرێ لەگەڵیدا..
**المادة الثانية:** بڕگە«٣»موافقة الوزير بكرێت بە(الجهات ذات العلاقة)..
بڕگە«٤» زیادەیە ولابـبـردرێت، چونکە لە مـاددە«١»بڕگـە«٤»هـاتووە(ذات الـنـفـع العام)..
**المادة الثالثة:** تێبینیمان نییە.
**المادة الرابعة:** بڕگە«٤» پێویست بەم بڕگەیە ناکات ولابـبردرێت..
**المادة الخامسة:** بڕگە«١» بە«٣٠»ڕۆژ،[لە یاسای جمعيات داهاتووە ماددە«٨»بڕگە«١»]
**المادة السادسة:** تێبینیمان نییە.
**المادة السـابعـة:** ئەم ماددەیە پێویست بە بوونی ناکات، چونکە ئەحکامی مـاددە«٦»ی سەرەوە ئەیگرێتەوە..
**المادة الثامنة:** بڕگە«٢»ئەم ڕستەیەی بخرێتە سەر(وفق أحكام هذا القانون).
**المادة التـاسعـة:** بڕگە«٣» ئەم ڕستەیە بخرێتە سەر(بالتنسيق والتعاون مع وزارة المساعدات والشؤون الانسانية)..
بڕگە«٤»هەمان ڕستەی پێشووی بخرێتە سەر(بالتنسيق والتعاون مع وزارة المساعدات والشؤون الانسانية)..
**المادة العاشرة:** تێبینیمان نییە.
**المادة الحادية عشرة:** تێبینیمان نییە.
**المادة الثانية عشرة:** لەجیاتی وشەی (إعلام) بكرێت بە(وذلك بالتنسيق مع... الخ).
**المادة الثالثة عشرة:** تلغى عبارة أو عند الضرورة.. واتـە(على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية الى الجهات المعنية)..
بڕگە«٣»بكرێت بە(تقرير مبين فيه خططها وبرامجها للسنة المالية الجديدة)..
**المادة الرابعة عشرة:** تێبینیمان نییە.
**المادة الخامسـة عشرة:** داڕشتنەکەی ئاوای لێ بێت:(للمنظمة وبموافقة ثلثي أعضائها وبعد موافقة الوزير أن تقـرر حل المنظمـة أو دمجـها مع منظمـة أخرى ذات طبيـعـة مماثلة، وفي حالة رفض الوزير يكون قراره قابلاً للطعن أمام الهيئة العامة لمحكمة تمييز الاقليم خلال (١٥) يوماً من

تأريخ صدوره).

**المادة السادسة عشرة:**تێبینیمان نییه..

**المادة السابعة عشرة:**بکرێت به دوو برگه، برگەی یەکەم وەک خۆی بمێنێتەوە.

برگەی دووەم: يتم توزيع ممتلكات المنظمة وفقاً لنظامها الداخلي، فإن لم يوجد نص واضح في النظام حينئذ يجري تحويل أموال وممتلكات المنظمة المنحلة الى المنظمة أو المنظمات التي يكون غرضها هو الاقرب الى قانون هذه المنظمة، أو أية جهة أخرى يعينها الوزير..

**المادة الثامنة عشرة:**تێبینیمان نییه.

**المادة التاسعة عشرة:**تێبینیمان نییه.

**المادة العشرون:**تێبینیمان نییه.

**المادة الحادية والعشرون:**موافقة الوزير زیادەیە..

**المادة الثانيتو العشرون:**تێبینیمان نییه.

**المادة الثالثة والعشرون:**تێبینیمان نییه.

**المادة الرابعة والعشرون:**تێبینیمان نییه.

**المادة الخامسة والعشرون:**تێبینیمان نییه.

**المادة السادسة والعشرون:**تێبینیمان نییه..

لەگەڵ ڕێزماندا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پرۆژەکە مادده بە مادده دەست پێ دەکەین ئەگەر وەزیرە بەڕێزەکان هەر تێبینیەکیان هەبێت ئیشارەتەکمان بدەنێ بۆ ئەوە مەجالی قسەیان پێ بدرێت لە کاتی پێویست. پێش ئەوەی دەست بە ماددەی یەکەم بکەین دیباجەکە پێویستە جا ئەگەر لیژنەی یاسایی دەستی پێ بکەن باسی دیباجەکەمان بۆ بکەن فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، دیباجەکە بەم شێوەیە دەبێت:

بسم الله الرحمان الرحيم

بسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ما عرضة مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الاتي:

قانون المنظمات للاغاثة والاعمار رقم (     ) لسنة ٢٠٠١

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینینتان هەیە لە سەری وەک حکومەت لە سەر ئەو دیباجەیە فەرموو وەزیری پەروەردە كاك عبدالعزیز وەزیری ئاوەدان کردنەوە بە وەکالەت.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، لە راستی یاسای ڕێكخراوە كوردستانیەكان بە رای من پێویست دەكات لە بدایەتی راپەرین تاكو ئەمرۆش تا ئێستاش ئەم زرووره ماوە پێویستە ئێمە چوارچێوەیەک بۆ ڕێكخراوی ناوخۆ بێتە دانان چونكە بەراستی دەورێكی یەكجار زۆری دی دوای راپەرین لە ئاوەدان كردنی كوردستاندا، بەڵام لای من گازەندە ئەوەیە چۆن چوارچێوەیەكی یاسایی لێرە بۆ كارێكی ئەوها نەبووە منیش لەبەر هەندێ وەک ئەنجومەنی وەزیران یاسایەک هەبێت بۆ كاروباری ڕێكخراوەكان وچوارچێوەیەكی یاسایی بۆ بێتە دروستكردن وپشتی گفتوگۆیەكی دوورو درێژ هاتە كرن ئەڤ پرۆژەیە كە ئەمرۆ  لە بەر دەستی جەنابتە ئومێد دەكەین بێتە روونكردنەوە تا بكەوتە بەر چوارچێوەی یاسایی دروست، چونكە ئێمە چیمان لە ڕێكخراوەكان ئەوێ ئێمە دەمانەوێ: یەكەم: لە چوارچێوەی یاسایەک كاری خۆیان بكەن. دووەم: شەفافیەت لە كاری ئێوە هەبێت. سێ: قەزایای دارایی دیاربێت. بەڕای من ئەوە زۆر زۆر گرنگ بووە وجێی یاسایە دە رعایەی چەندین مەسائل هەمووی هاتە كرن، خاڵێک هەبوو لە رای لیژنەی دارایی كە دەڵێ: مادده (١٤) نەمێنێت بەرای من ئەم مادده بمێنێ وەكو خۆی باشترە چونكە پێویستە ئەو لایەنە تەبەروعەكان ئەوەی دەرەوە كاتێ پارەی دەنێرێت یان سەیارەیەک دەنێرێت كە تەبەروعە بۆ كوردستان، ئەگەر تۆزێک پابەندی بكەی بۆ مەسائلی زەرائب لەوانەیە كار بكاتە سەر هاتنەوەیان دێتەكرن. لایەنەكی تر خاڵی دووەم معالەجەی هەندێ مەسەلەی كردووە وەكو ئەبێ ڕێكخراوەكان ئیستغلالی ئەو موقعە نەكەن هەموو شتێ دەربازبكەن بێ زەرائب. خاڵی دووەم:(( تعفى المنظمة من جميع الضرائب والرسوم الكومركية المستحقة لتحقيق اهدافها وفق ضوابط محددة تصدرها رئاسة مجلس الوزراء أو من تخوله)) مانای لەم خاڵە بۆی دیاری بكەن هەندێ لە ڕێكخراوەكان چ سوود لەم بڕگەیە وەردەگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك عبدالعزیز طیب، جا تكایە لەسەر دیباجەكە كێ تێبینی هەیە، تێبینی نییە جارێكی تر بیخوێنەوە با بیخەینە دەنگدان تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، بەم شێوەیەیە دیباجەكە:

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ما عرضة مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ

/ /        تشريع القانون الاتي :
قانون المنظمات الكوردستانة غير الحكومية رقم (     ) لسنة ٢٠٠١

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە دیباجەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، دیباجەکە بەم شێوەی خوندرایەوە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی یەکەم تکایە

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

١- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢- الوزارة: وزارة الداخلية.

٣- الوزير: وزير الداخلية.

٤- المنظمة: اية منظمة كوردستانية للاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية ذات النفع العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێمە پشتگیریی ماددەکە دەکەین بەڵام زیادکردنێکی بچوک دوای وشەی (الاعمار) وشەی (التنمیة) هەبێت چونکە اعمارو تنمیە زۆر هاوشێوەی یەکن کاتی ساڵی ١٩٩٤ ئەو نەدوە گەورەی لە برۆکسل کرا هەر بەناوی (الاعمار والتنمیة) بوو پەرەپێدان زەرورییە ئێمە لە گەڵ ماددەکەین بەڵام ئەم وشەیەش زیاد بکرێت چاکتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، هیچ تێبینیتان نییە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیریی تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، مرۆڤایەتی پەیوەند بکرێ لە گەڵیدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ وەڵامێكتان هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز كاك ڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، وەكو لیژنەی یاسا لاریمان نییە لەوەی كە وشەی (التنمیة) زیادبكرێت هیچ گرفت نییە، بەڵام ئەوەی بەڕێز كاك ظاهر فەرمووی بابەتەكە پەیوەندار نییە بە وەزارەتی مرۆڤایەتی چونكە ڕێكخراوەكان كوردستانینە كێشەكانیان لە وەزارەتی ناوخۆیە وەكو ئەو ڕێكخراوە بیانیانە نین كە پەیوەندیان بە دەرەوە هەبێت بۆ ئەوەی ئاگاداریان بن خۆی لێرە دروست دەبێت ئیش وكاریشیان بە نیسبەت دەرەوەی هەرێم هەمووی ئەنجومەنی وەزیران ئاگادارە لە هەموو جێگایان وا گوتراوە ئەگەر هەر ئیش وكارێكی دەرەوەیان هەبێت بە ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیرانە لەبەر ئەوە وەزارەتی مرۆڤایەتی پەیوەست نییە بە بابەتەكەی، بەرای ئێمە پێویست ناكات بیلكێنین بە وەزارەتی مرۆڤایەتی بە سیفەتی ئەوەی لكێنراوە بە وەزارەتی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەمانە تێبینی هەیە، كاك امین مولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، لە پێناسەی ڕێكخراو باشتر وایە بڵێین ((المنظمة: اية منظمة كوردستانية غير الحكومية)) چونكە یاساكە پەیوەندیی هەیە بەو ڕێكخروانە تەنها، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر (التنمية) هیچ رات نییە.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

نەخێر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، من لە گەڵ ئەوەم كە((التنمية)) زیادبكرێت وسەبەبێكیش هەیە بۆچی، كە تەماشای بەشی دووەم بكەین دەبینین (الاهداف والوسائل) ماددەی (٩) برگە (٥) لاپەرە سێیە دەڵێ:((لمقتضيات المصلحة العامة لحكومة الاقليم ان تساهم مع المنظمة لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم)). مانای لێرە بەشێك لە كاری ڕێكخراو (المشاريع التنموية) دانراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من وای بۆ دەچم كە لێرە كاری پەرەپێدان هی حكومەتە كاری ڕێكخراوان نییە.

**بەڕێز ابراهیم سـعید محمد:**

ئینجا ئەوە لێرە مانای ئاسانکاری لەگەڵ بکرێت ئەگەر ئەم بڕگەیە مانای ئەوەیە دەبێ (التنمیة) لە پێناسەکە زیادبکرێت ئەگەر ئەم بڕگەیە نەما دەمێنێ (الاعمار والنشاطات الانسانیة) و، زۆر زەررورییە کە ڕێکخراو پێناسە بکرێتن جارێکی تر وەکو کاک امین گوتی با بە تەواوی بێت غیر حکومیەکە زەرورییە زیادبکرێت، تێبینیەکی تر، هەیە گشتییە ئەوە باری یاسایی وشێوەی کاری ڕێکخراوی (HJO)ی سویسری بە دەستم کەوتووە مانای وەکو شەرحێک نازانم ئەگەر ڕێکخراوی (HJO)ی دەوڵەتانی تر ئەگەر بە دەستتان کەوتبا بە عەرەبیەکەی رەنگە ئەو پرۆژەیە دەوڵەمەنتر دەبوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جاری ئەم پرۆژەیەمان لەبەر دەستایە ولە لایەن حکومەتەوە دیراسەت کراوە لیژنەکانی پەرلەمانیش دیراسەتیان کردوە لە جێبەجێ کردنیش هەر وەختێک پێویستی کرد کە چاک بکرێت وباشتر بکرێت ئەوا مەجال کراوەیە، بەڕێز کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عـبدالخـالق مـحـمد رشـید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، لە بڕگەی چوار کە شەرحی ڕێکخراو دەکرێت پێم باشە ئەمە هەندێ روون تر بێت لەبەر ئەوەی لە یاسای ئەحزابیش ئەمە ئیشکالێکی بۆمان پەیا کرد هەندێ ڕێکخراوی عێراقی هەیە لقیان هەیە لە کوردستان ئەڵێن ئێمە ڕێکخراوێکی کوردستانی نین یان ئێمە حزبێکی کوردستانی نین لەبەر ئەوە حەقیاندا بەخۆیان مەقەراتیان کردەوە لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم بابەتە کە لە یاسای ئەحزاب، نازانم من لەگەڵ ئەوەم تەعدیل بکرێت ئەم مەسەلەی ڕێکخراوی کوردستانی ئەو ڕێکخراوانەی عێراقین کە لقیان لە کوردستان هەیە هەندێکی بەناوی پزیشکی یە، هەندێکی بەناوی یارمەتی، هەندێکی بەناوی موستەشفەیات، ئەو شتانەمان بۆ دەکاتەوە لەبەر ئەوە بە رای من با روون بێت وجارێک مەجال نەدەن بۆ ئەو کەسانە بە ئارەزووی خۆیان لەناو کوردستان ڕێکخراو دروست کەن لەژێر یاسای ئێمەو ئیعترافیش بە فدرالیەتەکەمان ناکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک احمد سالار فەرموو.

**بەڕێز احـمد سـالار عـبدالواحـد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بە باشی ئەزانین کە وەزارەتی مرۆڤایەتی لەوێ ناوی بێت وپێوەی پەیوەست بکرێت بەو بڕگەیەوە هەر چۆنێ ئەگەر سەیری ئەو بەشە بکەین کە تایبەتە بە وسائل واهدافەکانەوە چ لە یاساکەی وەزارەتی مرۆڤایەتی چ لەم پرۆژەیە پێشنیارکراوە هەر دوو یەکانگیردەبنەوە، بۆ نمونە لە چەند شوێنێکا لەم پرۆژەیە (نشاطات) هاتووە وەکو دەڵێ: ((فـي مجال النشاطات الانسانیة خارج الاقلیم)) لە کۆمەڵێ شوێن وەکو بڕگە سێی مادده دوو و، لە

هەندێ شوێن لەبەر ئەوە بوونی وەزارەتی مرۆڤایەتی رەنگە ئاسانکارو تەواوکەری کاری ئەم وەزارەتە بێت چونکە لە چوارچێوەی وەزارەتی مرۆڤایەتی زیاتر خۆی ئەبینێتەوە، لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لە راستیدا هەندێ تێبینی چاک ئیشارەتی پێ درا یەکەمیان زیادکردنی غیر حکومی پێویستە چونکە رەوشتی ئەم رێکخراوانە دروشمیان غیر حکومیە بۆیە پێویستە، مەسەلەی (التنمیة) ئەبێت گفتوگۆیەکی لەسەر بکەین بەراستی ئایا پەرەپێدان واجبی حکومەتە یان واجبی ئەم رێکخراوانەیە هەر چەندە هاوکار دەبن لە ماسائلی پەرەپێدان وەختێکیش مەسائلی پەرەپێدانەکە لە ژێر چاودێری حکومەت دابێ ئەبێ لەناو خوتتەی پەرەپێدان بێت ئەمانە پێویستن ناتوانین مانای یەک سەر واجبی پەرەپێدان بخەینە سەر شانی ئەو رێکخراوانە بەرای من، بەڵام قابیلە ببێت پاش ئەوە، بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیران هیچ تێبینیان هەیە کاک عبدالعزیز فەرموو. بە راستی پێویستە چارەسەری ئەو رێکخراوە عێراقیانەی کە لە کوردستانا ئیش دەکەن دەبێ ئیشارەتێکی روونیش بۆ ئەمە هەبێت ئەمە تێبینیەکی زۆر چاک بوو لە لایەن کاک عبدالخالق، فەرموو کاک عبدالعزیز.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من تێبینیەکم لەسەر (الاغاثة والتنمیة) یان فریاکەوتن یان پەرەپێدان ئەگەر فریاکەوتن زیادکرا دەبێت پەرەپێدان لابەین هەروەها ئەگەر پەرەپێدان زیادکرا دەبێ فریاکەوتن لاببەین بەرای من کاری رێکخراو فریاکەوتنی پێ بدرێت زۆر گرنگە مانای وایە گەلی ئێمە پێویستی هەیە، پێویستی بە کاری فریاکەوتنە، دەبێ پتر پشتگیری بکرێت راکێشی هەبێت هەر فریاکەوتنی پێ دەوێت، ئەگەر پەرەپێدان زیادکرا وا دەبینم وەکو لە زروفی مەش فریاکەوتن دەربکەن و پێویستیمان بە پاڵپشتی نییە بەرای من وشەی فریاکەوتن بمێنێ وپەرەپێدان زیادنەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حاکم سفر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بە نیسبەت برگە چواری مادده یەک ئەگەر وشەی پەرەپێدان زیادبکرێت بە شتێکی رەوای دەزانین ودروستە، بەنسبەت لکاندنی وەزارەت هەندێ برادەران داوا دەکەن وەزارەتی یارمەتیدان یا ئەوەی راستی بێت ئێمە دەزانین راستە لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا ئەگەر بشبیت بەڵام بەزۆری لکاون بە وەزارەتی دەرەوە، بەس ئێمە وابزانم ئیمکانیەتی وەزارەتی مرۆڤایەتی دەزانین چەند کورتە. دەزگای وەزارەتی دەرەوەی جیهانی هەموو وەزارەتی پاراستن وابزانم وەزارەتی ئێمە نە ئەو شتەیان هەیە نە ئەو ئیمکانیەتەو نە ئەو دەزگایەی هەیە پێی

لکاوبێت، بەراستی ئێمە بە ئیعتبار رێکخراوی ئێمە زۆربەیان ئیشیان لەناو خۆیانە پێویستە چاودێری وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەم قۆناغە زۆر بەپێویست دەبینن بۆیە لکاوبێت بە وەزارەتی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی وەزارەتی مرۆڤایەتیتان دایەوە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەردەوام هەر هەمان رامان هەیە بێ گومان ئەم بابەتە پەیوەندیی بە مۆڵەتەوە هەیە وبە چالاکییەوە، مۆڵەتەکە لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگری چالاکییەکەشی لە ژێر رکێفی هەموو حکومەتە. دووەم ئەگەر لە دەرەوە چالاکیەکی هەبێت یان شتێک داوا بکات یان خەڵکێک بیداتێ ئەبێ بە رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران شتەکە وەربگرێت مانای ناتوانێ هیچ شتێک وەربگرێت لە دەرەوە ئەگەر رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران یان لایەنێک نەبێت. لەبەر ئەوە وەزارەتی مرۆڤایەتی بێت و بێجگە لە مرۆڤایەتیش تەنها مەسەلە گرانکردنەو زیادکردنی ئیشە، پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە کە مۆڵەت بۆ هەڵسوکەوتیش لەگەڵ دەرەوە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا پەیوەندیی هەیە لەبەر ئەوە پێویست ناکات دوو وەزارەت لکێنراوبن بەم رێکخراوانە.

بەرای ئێمە تەنها وەزارەتی ناوخۆ کافیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زیادکردنێک لەسەر ئەمە تێبینیەکم بۆ هاتووە کە روونیشە تێبینیەکە لە ماددەی هەشت ئاشکرا ئیشارەت بە دەوری وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی کراوە، چونکە رێکخراوی نا حکومیەکان تەنها لەگەڵ وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی ئیش ناکەن بەڵکو لەگەڵ ئاوەدان کردنەوەش ئیش دەکەن لەگەڵ ئەشغال ئیش دەکەن، لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ئیش، دەکەن لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان ئیش دەکەن، لە کاتی زەرورەت نەبێت ناوی نەیەت باشترە. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان بە نیسبەت قسەکانی بەڕێزم کاک عبدالعزیز کە پشتگیریی لێ دەکەم لەبەر ئەو هۆکارانەی کە دیاری کرد بە نیسبەت فریاکەوتنەوە، دوو بە نیسبەت قسەکانی کاک عبدالخالق کە دەڵێ ئەو رێکخراوانەی کە لە دەرەوەن ولێرە لقیان هەیە. ئەگەر لێرە تەماشای مادده (١٩) بکەین دەڵێ:

١ـ على المنظمات القائمة تعديل أوضاعها بما ينسجم وأحكام  هذا القانون خلال ستة أشهر من تأريخ نفاذه.

٢ـ تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة(١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

المادة العشرون:

لوزير الداخلية مقاضاة المنظمة وفق أحكام هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى اذا نفذت مشاريعها خلافاً لالتزاماتها واتفاقاتها المبرمة في الداخل و خارج الاقليم.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەوە بەرای من ئەگەر پەسەند کرا ئەو برگەیە لێرە ئەو بابەتەی کاک عبدالخالق ئیشارەتی پێ کرد حەل دەبێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شیروان لێرە پێناسەی ڕێکخراوە (منظمة کوردستانیة غیر حکومیة) پێناسەکەی پێشتر کردیتمان ئەگەر لە مادده (١٩) ئیشارەت نەدەین بۆ ڕێکخراوی کوردستانی وعێراقیە ئەوانەی کار دەکەن لە هەرێم، بۆ نمونە ئەتوانین لە مادده (١٩) ئیشارەتی پێ بدەین (علی کافة المنظمات الکوردستانیة والعراقیة العاملة في الاقلیم) ئەو وەختە چاک ئەبێت ئەو لایەنە ئەگیرێت، چونکە ئێمە پێناسەمان کردوە لە پێشا ئەبێت ئیشارەتیشی پێ بدەین لە یەکێک لە ماددەکان. چا تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە ماددەی یەکەم بەم شێوەیەی تەعدیلتان کردوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:
١ـ الاقليم: اقليم كوردستان العراق.
٢ـ الوزارة: وزارة الداخلية.
٣ـ الوزير: وزير الداخلية.
٤ـ المنظمة: أية منظمة كوردستانية للاغاثة و الاعمار والتنمية والنشاطات الانسانية ذات النفع العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تریش بیخوێنەوە بە تەعدیلەوە تکایە بە روونی تکایە چونکە ئەیدەینە دەنگ دانەوە تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا القانون:
١ـ الاقليم: إقليم كوردستان العراق.
٢ـ الوزارة: وزارة الداخلية.
٣ـ الوزير: وزير الداخلية.
٤ـ المنظمة: أية منظمة كوردستانية غير حكومية للاغاثة و الاعمار والنشاطات الانسانية ذات النفع العام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر زمانەوانییە تێبینیەكەت ئەبوایە زووتر بەڕێزت قسەت بكردایە ئێستا لە دەنگ دانە ئەگەر تێبینی زمانەوانیت هەیە بابدرێتە لیژنەی دارشتن ئەوان ئەیكەن فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، من تێبینیەكەم یەكەم لەسەر پێناسەكەی وەزارەت پێویست ناكات چونكە یەك جار هاتووە ئەویش لە برگە یەكی مادده (٥)دا هاتووە وەزارەتی ناوخۆ پێویست ناكات پێناسە بكرێت ئەوە یەك. دووەمیش: (اية منظمة كوردستانية غير الحكومية للاغاثة و الاعمار والنشاطات الانسانية ذات نفع عام.) چونكە بەڕێزت وەكو فەرمووت نا حكومی نابێت دیاریكراو نییە (ذات نفع عام) بێ (ال)ە. مەسەلەی پەرەپێدانیش وەكو بەڕێزت فەرمووت من ئیشارەتم بۆ كرد پەرەپێدان ئیشی حكومەتە وپێویستە لە برگە (٥) كە باس دەكرێت (لمقتضيات المصلحة العامة لحكومة الاقليم ان تساهم مع المنظمات لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم.) لەگەڵ ڕێزم پەرەپێدان ئیشی حكومەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە لە شوێنی خۆی باسی دەكەین، جارێكی تر بیخوێنەوە تكایە، ئەگەر جوابتان هەیە جوابی بدەنەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، بەرای ئێمە (ذات النفع العام) ئاسایی دەروا زمانەوانیە هیچ گرفتی تێدا نییە، چونكە (ذات النفع العام) پێناسەكە مانای ناسراوە بە ئەلف ولام كە نەفعی عامە بەرای ئێمە هەر ئەمە راستترە ئەوەی نووسراوە، چا نازانم ئەگەر زانایان یەكێكی تر هەبێت لە زمانەوانی لە وانەیە مامۆستا رجب ئەگەر روونی كاتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا رجب تێبینیت هەیە. كامیان دروستە فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، (ذات النفع العام).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من باوەر ناكەم ئەمە ناوەرۆكی بابەتەكە بگۆرێت، بیخوێننەوە چارێكی تر با بیخەینە دەنگ دانەوە فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:

١ـ الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢ـ الوزارة: وزارة الداخلية.
٣ـ الوزير: وزير الداخلية.
٤ـ المنظمة: أية منظمة كوردستانية غير الحكومية للاغاثة و الاعمار والنشاطات الانسانية ذات نفع عام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەک بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، دوو دەنگ پەسەندی ناکات بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الفصل الاول

التأسيس

المادة الثانية:

١ـ المنظمة هيئة غير حكومية مستقلة مكونة من عدة اشخاص طبيعية و تنشأ لتحقيق اهدافها في مجالات الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم.
٢ـ تتمتع بالشخصية المعنوية ولها حق تملك الأموال المنقولة و غير المنقولة لتحقيق اغراضها المنصوص عليها في هذا القانون.
٣ـ يجوز للمنظمة العمل في مجال النشاطات الانسانية خارج الاقليم بعد حصول موافقة الوزير.
٤ـ لا تسعى المنظمة الى الربح المادي الا لغرض تحقيق اهدافها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکانی تر تکایە هەمووی بە وریایی بخوێندرێتەوە چونکە دەدرێتە دەنگدان وتۆمار دەکرێت دوایی هەڵەی ئەکەوێتێ، رای لیژنە یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پشتگیریی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تکایە.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نووسراوەکەتان نەهاتۆتە لای ئێمە، لای تۆ هەیە بەڵام نەهاتۆتە لای ئێمە، جا چاکە هەمووی بخوێنەوە چونکە لە بەر دەستی من نووسراوی ئێوە نەبوو، بۆیە پێم باشە بەجارێک رایەکەی خۆتان بخوێنەوە تکایە، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**م/رأي اللجنة**

كتابكم المرقم(ك/٦٣)في ٢٤/٩/٢٠٠١

اجتمعت لجنة الشؤون الداخلية اليوم لدراسة ومناقشة مشروع قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية.

بعد دراسة المشروع من قبل لجنتنا نود أن نبين بأن وضع أعمال هذه المنظمات ضمن الاطار القانوني يكون من مصلحة الاقليم ويضعها تحت الرقابة المباشرة بما يخدم المواطنين بصورة عامة.

وإن لجنتنا تؤيد مقترحات اللجنة القانونية من حيث صياغة وترتيب المواد القانونية.

*مع التقدير*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئیتر پێویست ناکات هەموو جارێ رای ئێوە وەرگرم هەر یەک راتان هەیە روونە، لیژنەی رۆشنبیری وپەیوەندیی تکایە.

**بەڕێز طاهر محمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ماددەی دووەم برگە سێ (الوزير) بکرێت بە (الجهات ذات العلاقة) هەروەها لەسەر برگە چواریش زیادەیە لاببردرێت چونکە لە مادده یەک برگە چوار هاتووە (ذات نفع عام) لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جوابتان هەیە لیژنەی یاسایی بە نیسبەت ئەو تێبینییانەی لیژنەی رۆشنبیری؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجومـەن، بەرای ئێمە پێویسـتـە ڕەزامـەندیی وەزارەتی ناوخۆی لەگـەڵدا بێت چونکە وەزیر لەوێ پێناسەکراوە لە چوارەمیشدا(٤ـ لا تسعى المنظمة الى الربح المادي الا لغرض تحقيق اهدافها.) ئەگەر گوتمان (ذات نفع عام) شتێکی زۆر ئاساییە مانای ئەوەیە شتی شەخصی ناکـات چ زەرەری هەیە ئەگـەر وابێت لەوانەیە هەندێ زیادەو شـتی وا لە بنوک پارە دادەنێ شت دادەنێ بۆ کارێکی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەی کاری خۆی بەڵام کارەکە کارێکی شەخصی نییە بۆ زیادکـردنی مـاددی، بەرای ئێـمە مـانەوەی هیچ گـرفت دروست ناکـات بە چاکـیـشی ئەزانین وبە پێویستی ئەزانین کـە بە تەواوی ئەوە دەوری ڕێکخـراوان ئەوهایە بیر لە مـاددە ناکـاتەوە، بیر لە زیادکردنی ماددی ناکاتەوە، تەنها لێکۆڵینەوەی ئەهدافی گشتی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناو نووس بکرێن، کاک د. ادریس فەرموو.

**بـــەڕێـــز د. ادریـــس هـــادی صـــــــــــــالـــح:**

بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن، بە گـوێرەی مـاددەی دووەم خـاڵی سێ من تێـبینیم هەیە چونکە ئێـمـە وولاتێکین خۆمان خەریکی ئاوەدان کردنەوەین پێویستیەکی زۆرمان هەیە ڕێکخراو لە دەرەوە بێت وولاتەکەمان ئاوەدان بکەنەوە، کە ڕێکخراوێکی ئێمە لە دەرەوە ئیش بکات دیارە ئێمە گەیشتینە حالەتێک کە پێویستیمان نەماوە کە ئەم ڕۆکخراوانە لێرە ئیش بکەن لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە وشەی (العمل) بکرێت بە (المشاركة في مجال النشاطات....) ئەگینا هەر پێویست ناکـات بەراسـتی چونکە ئێـمـە خۆمـان هەوڵدەدەین ڕێکخـراوی دەرەوە بێت لە وولاتی ئێـمـە ئیش بکات و خەریکی ئاوەدان کردنەوە بێ ویارمەتی ئێـمـە بدات، خراپ نییە ئەگەر ڕێکخـراوێکی ئێمە بتوانێ لە دەرەوە ئیش بکات بەو شێوەیە نەبێت ئێمە باری ئابووریمان وای لێهاتووە کە ئێمە لێرەوە خەڵک بنێرین یارمەتی خەڵکی تر بدات لە دەرەوە ئیش بکات، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

خۆی روون کردنەوەیەک باشە بەڵام ئەوە بەو شێوەیە نییە ئێمە پارەی کوردستان کە پێویستی پێیەتی بیدەین بە ڕێکخراوێکی ناحکومی و پێی بڵێین برۆ بچۆرە دەرەوە ولە شوێنێک یارمەتی مرۆڤایەتی بکە، بەڵام مەرجەکانی یارمەتی مرۆڤایەتی لەدەرەوە ڕێکخراوی جیهانی هەیە، دەوڵەت هەیە کـە یارمـەتی دەدات بەو ڕێکخـراوانە، مـەرجیـان ئەوەیە کـە لە زۆر شـوێنان ئیش بکەن، ئێمـە مـەرج نییـە ئەم ڕێگایە لە ڕێکخـراوەکـانی خـۆمـان دابخـەین ئەمە لە دوو لایەنەوە سوودی هەیە. یەکەم: دەرگا دەکاتەوە بۆ ڕێکخراوەکانی ئێمە کە یارمەتی لە دەرەوە وەربگرن بێ سنوور. دووەم: لە لایەنی پەیوەندی وعیلاقاتەوە و بۆ ناسینی گەلەکەمان زۆر زۆر چاک ترە ئەگەر ڕێکخـراوێکمـان هەبێت جیـهـان بیناسێت یـارمـەتی بدەنێ واعـتـمـادی لەسـەر بکەن بۆ کـاری

مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە شتەکە تۆزێک موطلەقەو حەسریش کراوە بە ڕەزامەندیی وەزیر ئەمەش مانای ئەوەیە بە کەیفی خۆی نییە، بۆیەش نەوتراوە (الجهات ذات العلاقة) گوتراوە (الوزير بالتحديد) بۆ ئەوەی کەس هەڵ نەستێ و بڵێت وەڵڵا من ڕەزامەندیی بۆ دەکەم ئاشکرایە وەزیری ناوخۆ ڕەزامەندیی بۆ دەکات تەواو ببڕێتەوە، بەڕێز کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.ڕزگار):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من تێبینیم هەیە لەسەر برگە یەک وسێ، لەسەر برگە یەک وشەی (هيئة) بە باشی نازانم ئەگەر بچینەوە سەر پێناسەی ڕێکخراو هاتووە ڕێکخراو وەکو لایەنی زانستی با (هيئة) لێرە وورد نییە، بۆ نمونە بەڕێزتان ئاگادار دەکەین سێ چوار پێناسە بۆ ڕێکخراو هەیە، من بینیومە گەلێک هاتبێت دەست درێژی وارده ودەبژێت هەر چەندە پێناسەی پێ ناوێتن زۆر هەمەجۆرە یەک لەم پێناسانە دەڵێت:( المنظمة هي الوحدات الهيكلية) ئەمە یەک، هی دووەم دەڵێ:(المنظمة هي عبارة عن النظام)، هی سێیەم: (المنظمة كيان انساني) مانای هەمووی پێناسەیە ئەمە بێگومان ئەرها نووسیویان بۆ زانیاری بەڕێزتان لە کتابی (نظرية التنظيم) دانەری (جۆنهاک جاکسون و سیویر بیمورقان) بۆ ئەوەی نووسەرەکەی لای ئێوە ئاشکرا بێت، لەبەر ئەمە وشەی (هيئة) بە پێویست نازانم ئەمە یەک. دوو ئەو ڕێکخراوەی مرۆڤایەتی ئەبێت بێتە دروستکردنێ هیچ گرفت نییە ئەگەر توانا هەبێت ومەجال هەبێت خوا نەکات ئەگەر لە وڵاتێکی جیران یان غەیری جیران ڕووداوێکی سروشتی ڕوویدا چ بورکانە چ لافاوە چ زەلزەلەیە هیچ دوور نابینین وەکو کورد ناسراوە بە لێبوردن ودەستی یارمەتی درێژ بکات بۆ ئەم ڕێکخراوە هاریکارییە مرۆڤایەتیە ئەم مرۆڤانە بکەین کە لێی دەقەومێ، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم (في مجال الاغاثة والنشاطات الانسانية خارج الاقليم) بێتە زیادکردن ئەڤە یەک، هی دوو(حصول موافقة الوزير) ئەگەر بچینە سەر ماددەی هەشت برگە یەک تەقریبەن هەموو ئەنجومەنی وەزیرانی گرتووە ماددە هەشت برگە یەک (المساهمة و التعاون في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم و خارجه بالتنسيق مع وزارتي الداخلية و المساعدات الانسانية و التعاون والوزارات المعنية الاخرى.) مانای تەقریبەن هەموو ئەنجومەنی وەزیرانی گرتووە بۆیە من گەلێ بە وردی نازانم لە شوێنی ڕەزامەندیی وەزیر ببێتە وشەی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی بەرپرس چاک ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕازی بوون یەک لایەن دەیکات ئەوی تر هاوکاری وهاوئاهەنگییە کاک د.ڕزگار هەموو وەزارەت ئەتوانن هەمئاهەنگی لەگەڵ بکەن وهاوکاریان لەگەڵ بکەن بەڵام ڕازەمەندی پەیوەندی داردەبێ بەیەک لایەنی مۆڵەتە مانای، بەڕێز کاک أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من برگە چواری ماددەی دوو کە هەمان مەبەستی لە برگە چواری

ماددەی یەکدا هاتووە (ذات نفع عام) وەکو زاراوەیەکی یاسایی باو وبلاو واتاکەی ئەوە دەگەیەنێ کە کاتی خۆی بە بڕیارێک هاتووە کە ئەوە ئەگرێتەوە چ ڕێکخراوێ یا کۆمەڵەیێک یا هەر لایەنێ بێت بەشدارانی هیچ سوودێک وقازانجێکی تایبەت نایان گرێتەوە، مانای کارێک دەکەن چ سوودێکی هەبێت دابەش نابێت بەسەریاندا بە هیچ جۆرێک نایگرێتەوە واتە (ذات نفع عـام) واتای ئەوەیە کەس سوود وەر ناگرێت، لەبەر ئەوە بوونی ئەمە لێرە رەنگە پێشتر کە بە زاراوەیەک هاتووە زاراوەکە واتاکەی بەربلاوترە لەوەی کە بە بڕگەیەک بێت لێرە بە زیادی ئەبینین، لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، هەندێ مەشاریع ویاسا هەنە، بەش دانراوە ولە ژێر بەشیش ناونیشان هەیە لێرە بەشی یەکەم (التأسیس)ە بەشی دووەم (الاهداف والوسائل)ە ئەبێ ئێمە لێرە وورد بین مانای هەر شتێک لەسەر ناونیشان دابنێین، بۆ نمونە لێرە (لا تسعى المنظمة الى الربح المادي الا لغرض تحقيق اهدافها.) باسی رووداو دەکات لێرە باسی تأسیس ناکات مادام ئێمە (التأسيس)مان داناوە (الاهداف والوسائل)مان داناوە ئەبێ ئەم بڕگەیە بچێتە ژێر بەشی (الاهداف والوسائل). هەروەها (يجوز للمنظمة العمل في مجال النشاطات الانسانية خارج الاقليم بعد حصول موافقة الوزير.) ئەمەش لە تأسیس نییە راستە بڕگەیەکی باشە بەڵام دەبێ پەیوەندیی بە تأسیسەوە هەبێت ئەمانە هەر دووکیان دەبێت بچنە شوێنی خۆیان مانای ئەوەیە ئەگەر لە یاسا بمێنن بچنە شوێنی خۆیان، بڕگە یەک ئەمە دیسان بۆتە پێناسەی ڕێکخراو لە سەرەتا پێناسەمان کردووە جارێکی تر هاتووینە پێناسەیەکی ترمان داوەتێ هاوشێوەی یەکن لە یاسای ئێمە هەموو کات بە بەشی تأسیس دەڵێن (تؤسس بموجب هذا القانون) چەند یاسای ئێمە تەماشام کردینە هەموویان دەڵێتن (تؤسس بموجب هذا القانون منظمة غير حكومية تتمتع بالشخصية المعنوية ولها الاستقلال المالي والاداري ويكون مقرها في المحافظة التي تختارها ولها ان تفتح الفروع في مراكز المحافظات الاخرى) وابزانم بەم شێوەیە دابرێژرێ باشترە لەو شێوەی کە بە پێناسە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بە نیسبەت ئەوەی کاک احمد سالار فەرمووی بەرای ئێمە ئەوە مانەوەی زۆر زەروورییە چونکە کە دەڵێ (ذات نفع عام) لەوێ مەسائلی ربح وئەوانە باسنەکرایە کە ربحی ماددی هەیە یا نییە، بەس لێرە روون کردنەوەیەکە کە لێرە ربحی ماددی وەرناگرێت

وممارەسە ناکات تەنها بۆ لێکۆڵینەوەی ئەهدافەکانیەتی. بەنیسبەت ئەوەی کاک ابراهیم فەرمووی کە دەڵێ ئەوە دووبارە پێناسە کراوەتەوە نەخێر ئەمە پێناسە نییە لە سەرەتا ئەمە پێناسەیە بەڵام لێرە شەرحی دەکات ئەوە چ دەکات لە چ پێک دێت رێکخراوە لە چەند کەس پێک دێت لە سەرەوە دەست نیشان نەکراوە کە کەسانی ساکار رێکخراو دروست دەکەن لێرە دروست دەکەن، دەستەیەکە چەند کەسێکن رێکخراوێک دروست دەکەن لێکۆڵینەوەی ئەهداف دەکات و،دەفەرموێ بڵێین (تؤسس بموجب هذا القانون) پێویستە دیار بێت ئەو کاتە ئەتوو بڵێی رێکخراوێک دروست دەکرێت بەو ناوەی ئێستا ئاشکرا نییە کێ سوود لەم یاسایە وەردەگرێ، چەند رێکخراوێک دروست دەبێت چەند شتێک دروست دەبێت ئەو رێکخراوانە خۆیان نزامی ناوەوەی خۆیان پێشکەش دەکەن بۆ وەزارەتی ناوخۆ، چ ناوێک لە خۆیان دەنێن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ رێک دەکەون، بەرنامەی خۆیان پێشکەش دەکەن وەزارەتی ناوخۆ بە چاکی زانی شروطیان گونجاوە ولەگەڵ ماددەکانی ئەم یاسایە دەگونجێ ئەوا مۆڵەتیان دەداتێ، بەڵام ئەگەر شروتیان تێدا متەوەفر نەبێت مۆڵەتەکەیان رەفز دەکات، فەرمووی ئەوانە دەچنە ناو (الأهداف) هیچ گرفت نییە لێرە کە دەڵێین (تتمتع بالشخصیة المعنویة) پێناسەی رێکخراوەکەیە ئەی نابی بزانین ئەو رێکخراوە چییە رێکخراوێکە کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە خاوەنی موڵکی گواستراوەیە ونەگواستراوەیە؛ بەرای ئێمە ماددەکە زۆر بەرێکی هاتووە چ گرفت دروست ناکات بە جوانی رۆشتیە ئەگەر ئەمر بکات سەرۆکی پەرلەمان بریاری لەسەر بدرێت زۆر لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حاکم سفر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەراستی ئێمە بەرامبەر پەرلەمانین بەهەر شێوەیەکی بێ دەبێت شێوەیەکی یاسایی هەبێت (هیئة) ئەو رێکخراوە ئەگەر هەر چ پێناسەیەکی هەبێت هەر لە چەند کەسێک پێک دێت ئەو چەند کەسە دەبنە کەسێکی اعتباری (ویتولی الادارة المرفق العام وتؤدي الخدمات العامة) ئەوە یەکەم مانای (هیئە) شتێکی تەواوەو دروستە ئەمە یەک، دووەم دەڵێ (ذات نفع عام) پشتگیریی مامۆستا دەکەم ئەوا لە راستی لایەنی یاسایی (مشروع خاص ذات نفْع عام) ئەوا یانەی وەرزشیە دەستەی فریاکەوتنە دەستەی یارمەتییە چ هەبێت ئەوە دەڵێ (المشروع الخاص ذات النفع العام ویطلق علیها بالمؤسسات ذات النفع العام وهي مشروعات خاصة تتطلع أساساً للقانون الخاص ولانها تستهدف تحقیق النفع العام فأن الدولة تمنحها بعض إمتیازات السلطة العامة کالنوادي الریاضیة وهیئات المساعدات الانسانیة) ئەوە چوارچێوەی دەستەواژە یاساییەکانی خۆمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بیخوێنەوە جارێکی تر ئەیخەینە دەنگدانەوە فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الفصل الاول

التأسيس

المادة الثانية:

١ـ المنظمة هيئة غير حكومية مستقلة مكونة من عدة أشخاص طبيعية و تنشأ لتحقيق أهدافها في مجالات الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم.

٢ـ تتمتع بالشخصية المعنوية ولها حق تملك الأموال المنقولة و غير المنقولة لتحقيق اغراضها المنصوص عليها في هذا القانون.

٣ـ يجوز للمنظمة العمل في مجال النشاطات الانسانية خارج الاقليم بعد حصول موافقة الوزير.

٤ـ لا تسعى المنظمة الى الربح المادي الا لغرض تحقيق اهدافها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی دوو بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە دوو دەنگ پەسەندی ناکات بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثالثة:

يمثل المنظمة امام المحاكم و الجهات الرسمية وغير الرسمية رئيسها او من يخوله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان لەسەر ئەم ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پشتگیریی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تکایە.

**بەڕێز حـــــــــمـــــــيـــــد سليم مـــــيـــــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

رای لیژنەی رۆشنبیریی تکایە.

**بەڕێز زاهر مـــــحــــــمـــــد ابراهـيم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە لەسەری.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

لیژنەی ناوخۆش نییەتی، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە مامۆستا مەلا طه فەرموو تێبینیت نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگ دانەوە ماددەی سێ جارێکی تر بخوێندرێتەوە تکایە.

**بەڕێز ســـــفـــــر مـــــحـــــمـــــد حـــــسین:**

المادة الثالثة:

يمثل المنظمة أمام المحاكم و الجهات الرسمية وغير الرسمية رئيسها او من يخوله.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی سێ بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە بەگشتی دەنگ ماددەی سێ وەرگیرا، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز ســـــفـــــر مـــــحـــــمـــــد حـــــسین:**

المادة الرابعة:

يشترط لتأسيس المنظمة ما يلي:

١- تقديم طلب الى وزير الداخلية موقع من قبل أعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن خمسة اعضاء متمتعين بالاهلية القانونية على أن يرفق به نظامها الداخلي مشتملاً على البيانات التالية:

أ- اسم المنظمة والغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الاقليم.

ب - اسم كل عضو من الاعضاء ولقبه وجنسيته وعمره ومهنته ومحل اقامته ومؤهلاته العلمية.

ج - الموارد المالية للمنظمة ومصادرها.

د - الهيئات التي تمثل المنظمة وتقوم بادارتها و بيان اختصاصاتها وطرق اختيارها وانتهائها.

٢- ان يكون غرضها موضحاً و معلناً وان لا يتعارض مع النظام العام.

٣- على المنظمة تحقيق اغراضها بالوسائل المشروعة وفق احكام القوانين المرعية في الاقليم و ان لا تتعارض مع متطلبات نظام الحكم الفدرالي.

٤- ان لا تهدف الى بث الشقاق او التفرقة بين القوميات او الاديان او المذاهب المختلفة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان لەسەر ئەم ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پشتگیریی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تکایە.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ڕای لیژنەکەمان ئەوەیە (إسم المنظمة والغرض من تأسيسها) جیا بکرێتەوە لە ناوی ڕێکخراوەکە ئیشەکەی جیا بکرێتەوە لە (يكون مركز إدارة المنظمة في الاقليم) مانای بە برگەیەکی جیاواز لەو بنووسرێ بە ئاشکرا بنووسرێ ڕێکخراوەکە لە هەرێم بێت جیا بکرێتەوە لە(أسم المنظمة والغرض من تأسيسها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕێشنبیریی تکایە.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، لە ماددە چوار برگە چوار پێویست بەم برگەیە ناکات لاببردرێت(ان لا تهدف الى بث الشقاق او التفرقة بين القوميات او الاديان او المذاهب المختلفة.) شتێکی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ جوابی ئەم تێبینیانەتان هەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، زۆر ئاسایی هاتووە (اسم المنظمة والغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الاقليم.) هیچ پێویستی بە جیاواز کردنەوە نییە بە برگەیەکی تر، دووەم ئەو برگە چوارەی کە لیژنەی ڕۆشنبیریی کە دەیەوێت لای ببات بە پێچەوانەوە ئەوە زۆر زەرورییە تێیدا بێت، چونکە ئەوە ماددەیەکە دیاری کاری ڕێکخراوەکە دەکات ئەگەر بۆ هەر لایەک بڕوات ئەوا ئەو یاسایە بیگرێتەوەو بتوانرێت محاسەبە بکرێ وحەل بکرێت ودابخرێت..هتد. لەم ئیجرائاتانەیە لەگەڵی دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، کاک جوهر فەرموو.

**بەڕێز جوهر أحمد شاواز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من یەک دوو تێبینیم هەیە لە برگەی یەک ئەڵێ وەزیری ناوخۆ من لێرە ناوخۆ بە زیاد ئەزانم چونکە لە پێناسەکە ناوخۆ هاتووە، هەروەها لە زۆر ماددەش ناوخۆ دووبارە بۆتەوە بە زیادی دەزانم. دووەم تێبینیم ئەلف ئەڵێ( اسم المنظمة والغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الاقليم.) الاقليم ببێتە (عاصمة الاقليم) چونکە لە ماددەی (٢١) دەڵێ ڕێکخراو هەقی هەیە لق بکاتەوە لە پارێزگاکان، تێبینیەکی تریش ئەگەر ماددەیەک زیارد بکرێت شروط عضویەی تێدابێت چونکە ئێمە لە نەقابەیەک شروطێک فەرز دەکەین کە لە نەقابە داخیل بێت ڕێکخراوی وا گەورە لە وانەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ ملیۆنەها دینار بکات بۆیە ماددەیەک زیاد کرابا شروطی عضویەی تێدابا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەسەر «د» قسەم هەیە،(د ـ الهيئات التي تمثل المنظمة وتقوم بادارتها و بيان اختصاصاتها وطرق اختيارها وانتهائها.)پاشان (وكيفية تشكيلاتها و أختيار منتسبيها و قبول أعضائها)پێویستە ئەو شتانەش لە پیرەوی ناوخۆدا تاوەکو وزارەتی ناوخۆ بتوانێت لەسەر بەسیرەت ئیزنی بدات، دووەم ئەو «خمسة أعضاء»ەی ئەو ڕێکخراوە دەتوانێت پاشان لە هەموو پارێزگاکاندا لق بکاتەوە ئەو پێنج ئەندامە بۆ دەستەی دەزگاکە کەم نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک برهان جاف فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لە برگە«١»ی ماددە«٤»دا باسی ئەو شتانە دەکەین کە لە پیرەوی ناوخۆدا هاتووە، ئەگەر سەرنج بدەینە ماددەی «٦»یش ئەویش هەر باسی پەیرەوی ناوخۆ دەکات، بەرای من ئەگەر ماددەی«٦» بگوازرێتەوە بۆ برگە«١»ی ماددە «٤» باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بڕگـە«١» دەڵێ پێنج ئەندامی مـوئەسس بن، باسی نەکـردووە کـە ئەو پێنج ئەندامـە چی بن؟ کوردستـانی بن، یا نیشتـەجێی کوردستـان بن، یا عێـراقی بن، چونکە بڕگەی«ب» لە پەیڕەوی ناوخـۆدا دەڵێت: (أسم کل عضو من الاعضاء و لقبە و جنسیتە)، لێرەدا باسی ڕەگـەزنامـەی کردووە، کەواتە ڕەگەزنامە لێرەدا گرنگە، جا لێرەشدا ئەبێت ئەو پێنج ئەندامە ڕەگەزنامەیان دیار بێت، دووەم، لێرەدا کە دەڵێت: (أن لا یبث الشقاق) ئەوە لێرەدا باسی پەیڕەوی ناوخۆ دەکات، ڕاستە ئەمە لە ئامانجەکانە، بەڵام لە میانی پیڕەوی ناوخۆدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بڕگە«٤»ی ئەو ماددەیە خۆی لە دووتوێی مەبەستەکان و سروشت و جۆر و فەلسەفەی بوونی ئەو پڕۆژە پێشنیارکراوە کوردستانییەتە و، یاساکانی یاسای کوردستانییە، کوردستانیش واتە نەش و نماکردن و پەروەردە کردن و توندوتۆڵ کردنی گیانی کوردستان پەروەری، کەوا بوو ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەبێتە لایەنێکی گومان بۆیە پێویست بە بوونی ناکات، چونکە خۆی دڵنیـایی داوە لە مەبەستەکانیدا، بۆ توندوتۆڵ کردنی گیانی کوردستان پەروەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی ڕاستە ئەمە بۆ پەروەردەکردنی گیانی کوردستانییە، بەڵام چەمیش بێ چەقەڵ نابێت، جا ئەم خاڵە بۆ ئەوەیە کە ڕێگا لەو چەقەڵانە بگرین، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی قسەکانی کاک ابراهیم سعید لە جێی خۆیەتی کە ئەوەی پەیوەندی بە ڕەگەزنامەوە هەیە هەندێ غموزی تیادایە، جا ئەبێت یا هەڵبگیرێت ، یان ڕوونکرێتەوە کە مەبەست لەوە خەڵکی کوردستان بێت، یا عێراقی بێت، یا بیانی بێت کە ئەویش بڕگەیەکی تایبەتمان هەیە لەسەر ئەو ڕێکخراوە بیانییانە، دووەم لە ڕای ئەندامانی لیژنەی ڕۆشنبیریدا هاتووە کە پێویست بە بوونی بڕگـە«٤»ی ئەم مـاددەیە نـاکـات و، هەڵگیـرێت، بەڵکو بە ڕای من ئەو بڕگـەیە مـانەوەی زۆر پێویستە، چونکە ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە زۆر شوێن کێشەیان دروست کردووە، جا مانەوەی ئەو بڕگەیە زۆر پێویستە، لەبەر ئەوەی هەندێ ڕێکخراو دروست دەبێت بۆ هەندێ مەبەستی تایبەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بە قسەکانی کاک جوهەر کە دەڵێ مەرکەزی لە پایتەخت بێت ئەوە زۆر گرنگ نییە، چونکە ڕێکخراو هەیە مەرکەزی سەرەکی لە دهۆک دەبێت وپاشان لقێک لە هەولێر دەکاتەوە، پێی ناوێت ئێمە پابەندی بکەین بەوەی کە دەبێت مەرکەزی لە هەولێر بێت، چونکە لەوانەیە زۆربەی کارەکانی لە دهۆک بێت، جا بۆیە ئێمە نەمانکردووە بە مەرجێکی سەرەکی بۆ بوونی مەرکەز لە پایتەخدا، لەوانەشە هەر پێویست بەوە نەکات کە لق لە هەولێر بکاتەوە، بەرای ئێمە ئەوە زۆر لەجێگای خۆیەتی، بەڵام ئەوەی کە مامۆستا مەلا طاهر فەرمووی کە «٥» کەس کەمە، ئێمە وتمان «لا يقل عن خمسه أعضاء» ئەگەر زیاتر بێت هیچ گرفت نییە، بەڵام نابێت لە «٥» کەس کەمتر بێت، ئێمەش بۆیە زیاترمان دانەنا تاوەکو ئاڵۆزی نەکەین، چونکە لەوانەیە ئەو «٥» کەسە توانای ماددیان باشتر بێت، ئەوەی کاک برهان فەرمووی کە ماددە«٦» بێتە پەیڕەوی ناوخۆ، جێگایەکەی خۆی ئێستا زۆر باشە، سەبارەت بە قسەکانی مامۆستا ابراهیم سعید، مەسەلەی ڕەگەزنامە، ئێمە نامانەوێ شتەکە ببەستینەوە بەوەی کە کوردستانی بێت، ڕێکخراوەکەمان ناوی «إعمار والاغاثه»یە، جا ئەو ڕێکخراوە دێت خزمەتی میللەتەکەمان دەکات، یەکێکی ڕەگەزنامە هۆڵەندی دێت بەملیۆنێ دولار لەگەڵ چوار کەسی تر ڕێکخراوێک دادەمەزرێنێ و خزمەت دەکەن، جا بە ڕای ئێمە پێویست ناکات کە ڕەگەزنامەکەی دیاری کەین، چونکە مەسەلە تەنها بۆ ئاوەدانکردنەوە و هاوکاری کردنە، واتا ئەو کەسە دێت خزمەتی میللەتی ئێمە دەکات و پابەندیش دەبێت بە یاساکانی ئێمەوە و تەقدیرەکەش بۆ وەزیری ناوخۆ دەمێنێتەوە کە ئایا ئەو کەسە پەسەندە، یاخود نە؟، لەبەر ئەوە زۆر شتێکی ئاساییە، تێبینییەکانی بەڕێز کاک أحمدیش زۆر کەس وڵامی دایەوە و، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنیش وڵامی دایەوە، جا ئەوە بوو وڵامی ئێمە لەسەر تێبینی ئەندامان،ئەگەر جەنابی سەرۆک بفەرمووێت ماددەکە بخاتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جارێکی تر ماددەکە بخوێنرێتەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الرابعة:

يشترط لتأسيس المنظمة ما يلي:

١- تقديم طلب الى الوزير موقع من اعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن خمسة اعضاء متمتعين

بالاهلية القانونية على ان يرفق به نظامها الداخلي مشتملاً على البيانات التالية:
أـ اسم المنظمة والغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الاقليم.
ب ـ اسم كل عضو من الاعضاء ولقبه وجنسيته وعمره ومهنته ومحل اقامته ومؤهلاته العلمية.
ج ـ الموارد المالية للمنظمة ومصادرها.
د ـ الهيئات التي تمثل المنظمة وتقوم بادارتها و بيان اختصاصاتها وطرق اختيارها وانتهائها.
٢ـ ان يكون غرضها موضحاً و معلناً وان لا يتعارض مع النظام العام.
٣ـ على المنظمة تحقيق اغراضها بالوسائل المشروعة وفق احكام القوانين المرعية في الاقليم و ان لا تتعارض مع متطلبات نظام الحكم الفدرالي.
٤ـ ان لا تهدف الى بث الشقاق او التفرقة بين القوميات او الاديان او المذاهب المختلفة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ئەم ماددەیە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە.. سوپاس.. كێ پەسەندی ناكات؟، بەگشتی دەنگ ماددەی «٤» پەسەند كرا، ماددەی «٥» فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الخامسة:
١ـ على الوزير البت في الطلب خلال مدة ستين يوماً من تاريخ تسجيله لدى الوزارة و في حالة عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية اعادته الى المؤسسين لأكمال النواقص، عندئذ يبدأ سريان مدة البت اعتباراً من تاريخ تسليم الطلب مجدداً.
٢ـ اذا رفض الوزير طلب التأسيس لأي سبب كان للاعضاء المؤسسين تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة خمسة عشر يوماً، من تاريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتًا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.
بەرای ئێمە برگەیەكی تر زیاد بكرێت،**المادة الخامسة:**إضافة فقرة ثالثة الى المادة ونقترح صياغتها كالآتي« في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(ا)اعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون » .سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عـــــبــــدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین کە چۆن هاتووە و، دژی پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییین ، چونکە زیانێکی گشتی تیادا هەیە، هەروەها زیان بە حکومەتیش دەگەیەنێت، وەزارەتی ناوخۆ ئەو لایەنی مەعنییە کە ئایا ڕەزامەندی بکات لەسەر کردنەوەی ڕێکخراوەکە، یاخود ڕەزامەندی نەکات، جا هەتاوەکو مەسەلەی ئاسایشیش هەر وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێت جێبەجێی کات و دەشتوانێ ڕوونی نەکاتەوە کە ئەو هۆکارانە چی بوون، یا هەتاوەکو ئەگەر دواشیخات تاوەکو بەتەواوی لە ئامانج و مەبەستی ئەو ڕێکخراوە دەکۆڵێتەوە و لە ئەندامەکانیشی دەکۆڵێتەوە، پێشتر کاک عبدالخالق باسی مەسەلەی یاسای حزبەکانی کرد، ڕاستە یاسای حزبەکان مەرجێکی وای تیادایە کە ئەگەر هاتوو وەزیری ناوخۆ ڕەزامەندی دامەزراندنی دواخست ئەو حزبە مۆڵەتی پێ دراوە بە پێی یاسا ئەوە زیانێکی زۆر بە حکومەتی هەرێم دەبەخشێ، چەند جارێک ئێمە ئەمەمان هەموار کرد، بەڵام هێشتا لەو ئاسەوارە ڕزگارمان نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوپاس، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە فەرموو.

**بەڕێز حـــــمـــــید سلیم مـــــیـــــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەم گۆڕانکاریە بەسەر ماددەکەدا بکرێت:( ٣ـ المادة الخامسة: تغیر کلمة(أو) الواردة فیها بعد لدى الوزارة بـ (و).)، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز ظاهر مـــــحـــــمـــــد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مـاددە«٥» :(بڕگـە«١» هاتووە بە «٦٠» ڕۆژ بکرێت بە«٣٠»ڕۆژ،ئەویش لە بڕگـە«١»ی مادە«٨»ی یاسای جمعیاتدا هاتووە)، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی وڵامتان تکایە.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەوەدەچێ لیژنەی دارایی پێشەکی ماددە«١»ی نەخوێندبێتەوە، چونکە کە دەڵێت: «علی وزیر

الداخليـة» لێرەدا وەکو ئەمر هاتووە، لەبەر ئەوە وەزیری ناوخۆ ناتوانێ «٦»مانگ بیهێڵێتەوە لە وەزارەت و، دەبێت لە ماوەی «٦٠» ڕۆژ سەیری ئەو داواکارییە بکات، لەبەر ئەوە برگە«٣»ی بۆ زیاد دەکەین کە ئەگەر هاتوو وەزیری ناوخۆ ئەو داوایەی جێبەجێ نەکرد و پشت گوێی خست، جا دەبێت بە پێویستی بزانێت کە ئایا مۆڵەتەکەیان بداتێ، یا نەیانداتێ جا بەپێ یاسا ڕێکخراوەکە ئیعتباری بۆ دەکرێت، لە هەموو جیهاندا ئەگەر لایەنێکی ڕەسمی ناچار کرا لە ماوەیەکی دیاری کراو داواکاری پێشکەش بکات، هەتاوەکو لە مۆڵەتی حزبەکانیشدا هاتووە، کە ئەگەر لەو ماوەی دیاری کراوەدا وڵام نەدرێتەوە ئیعتبار دەکرێت کە مۆڵەتی پێ بەخشراوە، ئەوە لە هەموو یاساکانی دنیاشدا هەر وایە، مادام ماوە دانراوە، لەبەر ئەوە مەسەلەکە هیچ پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆوە نییە، چونکە ئەو ماوەی «٦٠» ڕۆژی بۆ دانراوە دەبوایە لیژنەی دارایی ئەوەی ڕەت کردایەتەوە و بیوتبایە داواکارییەک بدرێتە وزارەتی ناوخۆ بە ڕەهایی و هەتاهەتایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە پێشەکی ماددەی«١»مان بەباشی خوێندەوە، دەبێت ئێمە هەمیشە دەزگاکانی خۆمان بەهێز بکەین، باشتر وابوو کە لیژنەی یاسایی بیوتبایە «لوزیر الداخلیة» یا «علی وزیر الداخلیة»،کە ئێمە ناچاری وەزیری ناوخۆ بکەین، لە جیاتی ئەوە لە ماوەی ئەو دوومانگە وڵامەکە ئەداتەوە، ئەو کاتە ئەو سەپاندنەش نامێنێت و نەرمییەکیش ئەکەوێتە یاساکەوە، ئەو کاتە لە ڕووی ئاسایش و هەموو ڕووەکانی ترەوە تەماشای مەسەلەکە دەکات تا دەگاتە قەناعەتێک و وەڵام دەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی کە بەڕێز کاک جمیل فەرمووی، خۆی لە یاسای ڕێکخراوەکان کە بە یاسایەکی گشتی دادەنرێت سەبارەت بە ئەم یاسایەی کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، لەوێ هاتووە لە ماوەی «٦٠» ڕۆژ ئەگەر وەزیر وەڵامی نەدایەوە ئەوە ئۆتۆماتیکییەن ئەوبە مۆڵەت پێ دراو دادەنرێت، بڕیاری وەزیریش دەتوانرێت تانەی لێ بگیرێت بەرامبەر بەدادگای تەمییز و،دادگای تەمیزیش تەماشای ئەو داواکارییە دەکات کە ئەگەر مەرجەکانی تەواو بێت بەپێی یاسا، باشە بۆ وەزیری ناوخۆ سوور بێت لەسەر مۆڵەت نەدان بەو ڕێکخراوە، ئەبێت ڕادەیەکی یاسایی دابنرێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر أحمد شاواز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم کەوا بڕگەیەک زیاد بکرێت کە ئەگەر وەزیر لە ماوەی «٦٠» ڕۆژ وڵامی نەدایەوە، ڕێکخراوەکە بە مۆڵەت پێ دراو دادەنرێت، چونکە ئەوە لە یاسای حزبەکاندا ڕەچاو کراوە و جێبەجێ کردنی دیموکراتییەتیشە لە کوردستاندا، چونکە لە بڕگەی «١» و «٢» دا «طعن»ی تیادایە، وەزیر ئەگەر ڕازی نەبوو ئەتوانێ ڕەتی بکاتەوە، ئەگەر بڕیارەکەی وەزیر ڕەت کرایەوە تەمییز دەکرێت، ئەگەر وەزیر بە قەستی وڵامی نەدایەوە ئەوە پاش ئەو ماوەیە ئەو ڕێکخراوە بە مۆڵەت پێدراو دەژمێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

داواکەم هەر ئەوەیە کە ئەو «أو»ە بگۆڕدرێت بە «واو»،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێموایە ئەو بڕگەیەی کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری دەکات لە جێی خۆیەتی، چونکە ئەگەر تەماشای پێناسەی ڕێکخراو بکەین دەڵێت:(المنظمة: اية منظمة كوردستانية للاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية ذات النفع العام.)، کەواتە دەبێت وەزارەتی ناوخۆ بە خێرای وەڵامی بداتەوە، چونکە بۆ بەرژەوەندی گشتییە و، دەبێت بوار بە میزاجی شەخسی نەدرێت، دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز محمد طاهر زین العابدین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تێبینیم لەسەر ڕایەکەی کاک حمید هەبوو، (في حالة عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط

القانونية إعادته الى المؤسسين خلال المدة أعلاه) واته لەماوەی «٦٠» رۆژەکەدا، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی باسی کردووە ئەگەر زیاد بکرێت لەوێشدا مافی «خلال المده»یەکی ئەبێت، لە برگە«٢»یشدا دەڵێت: (كان للاعضاء المؤسسين) من پێموایە ئەو (كان)ە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.إدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەگەڵ ئەوەدام کە «٦٠»رۆژەکە بمێنێت و نەکرێت بە «٣٠» رۆژ، چونکە ئەوە ماوەیەکی باشی دەوێت بۆ ئەوەی دیراسەت بکرێت، کە بووە «٦٠» رۆژ ئەو کاتە پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، ماوەکەی زۆر باشە و وەزیری ناوخۆش دەبێت لەو ماوەیەدا وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێروان حیدری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەگەڵ ئەوەم کە دەقی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەو دەقە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتییەت دەگونجێ، دووەم دوو جۆرە چاودێری لەسەر ئیشی وەزارەت هەیە، یەکێکیان چاودێری ئیدارییە، چونکە وەزیری ناوخۆ پابەندە بەوەی کە بڕیاری بنبڕی لەسەر بدات، واتە چاودێرییەکی ئیداری لەسەر وەزارەت دابنرێت، کە ئەگەر بڕیاری بنبڕی لەسەر نەدا رێکخراوەکە بە مۆڵەت پێدراو دەژمێردرێت، دووەم، چاودێرییەکی قەزایی دانراوە کە ئەویش تانەلێدانە لە پێش دادگای تەمییز، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە یاساکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە ئەو دەقە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر لە ماوەی «٦٠» رۆژدا وەزارەتی ناوخۆ وەڵامی نەدایەوە، ئەو داواکارییە چی لێ دێت ئەگەر پاش ئەو ماوەیە وەڵام نەدرێتەوە، ئەو داواکاریەش هیچی لەگەڵ ناکرێ و دەمێنێتەوە، وەزیری ناوخۆش جێبەجێی نەکردووە، لەبەر ئەوە ئەو دەقە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی هانی وەزارەت بدات کە لەو ماوەیەدا دیراسەتی داواکارییەکە بکات و، وەڵامیان بداتەوە کە پەسەندی بکات، یا رەتی بکاتەوە، جا بە رای ئێمە ئەو دەقە

بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دەقی یاساکە زۆر روونە کە دەبێت لە ماوەی ئەو «٦٠» رۆژەدا وەزیری ناوخۆ وەڵام بداتەوە و، بنەمایەکی فقهیش هەیە کە دەڵێت: (السكوت في معرض الحاجة بيان)، ئەگەر هات و هەر داواکارییەکەی نەبینی، ئەوە هەر نابێت، چونکە دەبێت هەر بیبینێت، ئەگەر هەر وەڵامی نەبوو ئەوە بە پێی ئەو بنەما فقهییە رەزامەندییە و، ئەگەریش رەزامەندی نەبوو دەتوانێت لە دادگای تەمیز تانەی لێ بدات، «عدم البت» هەر ئەوە مافی تانە لێ دانی پێ دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە برگەی«٢»دا هاتووە:«اذا رفض الوزير طلب التأسيس لأي سبب كان للاعضاء المؤسسين تمييز قرار » کەواتە لێرەدا بە شێوەیەکی ئیجباری هاتووە و، مافیش دراوە بە ئەندامانی دانەر کە تمیزی بڕیارەکە بکەن، جا ئەوە بۆ ئارەزووی ئەندامانی دانەر دەمێنێتەوە کە تەمیزی بڕیارەکە بکەن، یا نەیکەن،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رجب فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وشەی «کان»ە هاتووە کە دەڵێت: « لأى سبب كان للأعضاء المؤسسين» کەواتە ئەو «کان»ە لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الخامسة:

١ـ على الوزير البت في الطلب خلال مدة ستين يوماً من تاريخ تسجيله لدى الوزارة و في حالة

عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية اعادته الى المؤسسين لأكمال النواقص، عندئذ يبدأ سريان مدة البت اعتباراً من تاريخ تسليم الطلب مجدداً.
٢ـ اذا رفض الوزير طلب التأسيس لأي سبب كان للاعضاء المؤسسين تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة خمسة عشر يوماً، من تاريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتًا.
٣ـ في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(١)اعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی «٥» پەسەند دەکەن بە زیادەکەوە دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، یەک دەنگ پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٦» فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

المادةالسادسة:
تحدد في النظام الداخلي للمنظمة الاحكام المتعلقة بتنظيم شؤونها الادارية والمالية والفنية وكيفية اختيار منتسبيها و قبول اعضائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ئەوەدانکردنەوە فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، نییە، کەواتە جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

المادةالسادسة:

تحدد في النظام الداخلي للمنظمة الاحكام المتعلقة بتنظيم شؤونها الادارية والمالية والفنية وكيفية اختيار منتسبيها و قبول اعضائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی «٦» پەسەند دەکات بەو شێوەی کە خوێنرایەوە دەست بەرزکاتەوە..سوپاس..کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ ماددەی «٦» پەسەند کرا، ماددەی «٧» فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

المادة السابعة:

على المنظمة مسك السجلات التالية على ان تكون مصدقة لدى دائرة الكاتب العدل.

١ـ سجل الاعضاء و(المنتسبين).

٢ـ سجل القرارات و محاضر الجلسات.

٣ـ سجل المشاريع

٤ـ سجل الحسابات

٥ـ سجل الاموال و الاثاث.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پشتگیریی لە ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە رای ئێمە پێویست بە بوونی ماددە«٧» ناکات، چونکە ئەحکامی ماددەی«٦» دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی «٧» زۆر پێویستە، چونکە جۆری سجلەکانی دیاری کردووە و، مەرجیش نییە کە دەڵێت: (فی النظام الداخلی تحدد) ئەو سجلانە هەمووی بنووسرێت، بەڵکو هەموو جۆرە سجلەکانی تیادا دیاری دەکرێت و، هەمووی لەلای کاتبی عدل مۆر دەکرێت پەڕە بە پەڕە، بۆ ئەوەی دەسکاری و تەزویر نەکرێت، هەروەها ئیشی وەزارەتی داراییش ئاسان دەکات کاتی موراجەعەت کردنی، بەڵکو باس کردنی ئەو سجلانە زۆر پێویستە، باشە ئەگەر لە پیرەوی ناوخۆدا سجلی ئەساسی نەهاتبوو وبە کەیفی خۆیان هەڵسووکەوتیان بە ئەساس کرد، ئەوە ناکرێت دەبێت هەمووی تۆمار بکرێت، چونکە ئەوە رێکخراوێکی خێرخوازە ئەبێت هەموو شتێکی روون بێت، کاتێ کە هەر کەسێک بچێتە سەر سجلەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر ماددەی «٧» دەستیان بەرزکەنەوە تاوەکو ناونوسیان بکەین، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تەنها تێبینیم لەسەر ئەوەیە کە بکرێتە «علی ان تکون مصدقةً» ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەلای خۆمان چاکمان کردووە، بەڕێز کاک أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو سجلانە هەموو کۆمەڵەیەک و تیپێک و دەزگایەک بەپێی مادده «٥١»ی یاسای جەمعیاتی عێراقی و بەپێی هەموو یاساکانی ئێمەش بە هەموارکراوەکانیشەوە ئەوە هەمووی شتێکی دەرئەنجام و بەدیهییە، پێویست ناکات بە یاسا، چونکە خۆی لە شێوازی ئەوەدایە کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا خۆی ببینێتەوە و، پەیڕەوی ناوخۆش شەرعیەتی هەیە بە پلەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە برگەی«١»دا هاتووە، سجلی ئەندامان پاشان کەوانەیەک و دوای «المنتسبین» ، ئەوەی کە ئەم یاسایەی داناوە دەزانێت کەوا ڕێکخراو هەیە کە ئاینییە، جا چ مسیحی بێت یا ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، ئەو کاتە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی ئەندام بێت و ئەوەی کە ئیش دەکات لەوێ، ئەندام لە هەندێ لە ڕێکخراو پارە وەرناگرن، وابزانم لێرەدا لەوانەیە کێشەیەکمان بۆ دروست بێت، پرسیارێکم هەیە کە ئایا ئەوانەی ئەندامن تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە لەوێ ئیش دەکەن، یا ئەوانەی کە کاتێ لەوێ ئیش دەکەن، ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جیاوازییەکە ئاشکرایە، ئەمە ڕێکخراوێکی جەماوەری، یا سەندیکا نییە، ئەمە ڕێکخراوێکی خێرخوازە و بە زۆری دەستەی دەزگاکە لە ٥یا ١٠یا١١ ئەندام پێک دێت، ئەوانی تر هەموو فەرمانبەر و «منتسبن» کاری تیادا دەکەن، هەمیشە ئەندامانی فیعلی ژمارەیان

کەمە.کۆمپانییایەکە، بۆیە دیاری کردوە، تاکو یەک کەس نەبێت، دیاری کردەوە بە پێنج و لە پێنج کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەی کەسێکیش دەتوانێ ڕێکخراوێک دروست بکات و بڵێ ڕێکخراوێکی مرۆییە و هەر خۆم رای دەپەڕێنم ، ئەوانی تر هەمووی فەرمانبەرن لای من،لێرە زیاد دیاری کراوە تاکو ئەو قاعدەیەی زیاد بێت، ئەگینا زۆرینەی ئەو کەسانەی لەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن فەرمانبەرن،کاک جەمیل هیچ تێبینیت هەبوو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دەربارەی تێبینیەکەی کاک ئەحمد سالار کە فەرمووی ،پاشی ئەو دوسێیانە هەندێ سجلاتی تر هاتووە، لێرە پێویستە هەبێت لەبەر ئەوەی دەقێکی تر لە ماددەدا هەیە دەڵێ(لایعمل بای نص یتعارض و احکام هذا القانون) ئەگەر لێرە دەربش نەکرێ ئەو سجلاتانە مانای ئەوەیە کەلێنی یاسایی تێدا دروست دەکات ، هەمموو دەمیش نزامیش ئاوێنەیە بۆ یاسا نابێ لە چوارچێوەی ئەو یاسایە دەر بچێت، لەبەر ئەوە زۆر زۆر پێویستە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەو تۆمارانە لە بەر یەک حالەت زۆر زۆر پێویستە. لەبەر ئەوەی ناکرێ ئەوەی لە یاسای کۆمەڵەکاندا هاتووە لەسەر ئەوە جێبەجێ بکرێ، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ماددەیەک لە یاسای کۆمەڵەکاندا هاتووە دەڵێ (ئەو ڕێکخراوە کوردستانیانە بە یاسایەکی تایبەتی دروست دەکرێن )
لەبەر ئەوەی بە یاسایەکی تایبەتی دروست دەکرێن

مانای وایە دەبێ هەموو شتێ بگوترێ ، هەموو شتێ باسی بکرێ، بابەتی ئەو ڕێکخراوە وەکو ڕێکخراوەکانی تر نییە، لەوانەیە وەکو نادیەک یان وەکو شتێکی تر نییە، زۆر جیاوازی هەیە، بۆنمونە: نادی تۆماری پرۆژەکانی لە کوێ بوو، ئەوە ڕێکخراوێکی فریاگوزارییە ، لەوانەیە پرۆژەی هەبێ شت دروست دەکات، بۆیە ئەوانە پێویستیانە ئەو تۆمارانەیان هەموو هەبێ و باسیش بکرێ، لەو بارەیەوە ناتوانین بگەڕێینەوە سەر یاسای کۆمەڵەکان، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا یاسای کۆمەڵەکان ئەوەی چارەسەر کردوە ودەڵێ ئەوە بە یاسایەکی تایبەت دروست بکرێ، ئەگەر ئەو دەقە نەبوایە پێویست نەبوو ئەوە بکەین ، با پێنج کەس بچووبان و داواکاریەکیان پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ بکردبا و بەپێی یاسای کۆمەڵەکان مۆڵەتیان وەربگرتبا، وابزانم لە مادده (٢٣) ی یاسای کۆمەڵەکاندا دەڵێ: ئەوانە بە یاسایەکی سەربەخۆ و تایبەت چارەسەر دەکرێن، بۆیە ئەو تۆمارانە زۆر زۆر پێویستن، جەنابیشت بابەتی فەرمانبەر و کرێکارت ئاماژە پێدا، ئەوانەی

ئەندامن دامەزرێنەرن ئەوانی تر کار دەکەن لەو رێکخراوە،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تکایە ماددەی حەوتەم جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بخرێتە دەنگ دانەوە.

**بەرێز سفر محمد حسین:**
المادة السابعة:
على المنظمة مسك السجلات التالية على ان تكون مصدقة لدى دائرة الكاتب العدل.
١ـ سجل الاعضاء و(المنتسبين).
٢ـ سجل القرارات و محاضر الجلسات.
٣ـ سجل المشاريع
٤ـ سجل الحسابات
٥ـ سجل الاموال و الاثاث

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەرێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ یەک دەنگ پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە پەسەند کرا، ماددەی هەشتەم تکایە.

**بەرێز سفر محمد حسین:**

الفصل الثاني
الاهداف والوسائل

المادة الثامنة: تهدف المنظمة الى تحقيق ما يلي:
١ـ المساهمة و التعاون في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم و خارجه بالتنسيق مع وزارتي الداخلية و المساعدات الانسانية و التعاون والوزارات المعنية الاخرى.
٢ـ التعاون مع المنظمات الاجنبية العاملة في الاقليم في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تێبینی لیژنەی یاسا لەسەر ئەو ماددەیە؟.

**بەرێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**
بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە باشە و تێبینیمان لەسەر نییە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی؟ .

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لەبەر گرنگی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و گەشە پێدان ، لیژنەکەمان پێشنار دەکات،

المادة الثامنة {فقرة (١)} شطب كلمة (وزارتي) واضافة العبارة التالية (وزارات: الاعمار والتنمية....الخ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدان کردنەوە تێبینیتان تکایە.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشتنبیریی راتان؟.

**بەڕێز زاهیر محمد ابراهیم:**

لە ماددەی هەشتەم برگە«٢»ئەم رستەیەی بخرێتە سەر(وفق أحكام هذا القانون) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روون کردنەوەیەک بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، قسەکەی کاک جەمیل، لە راستیدا وەزارەتی ناوخۆ لەبەر ئەوەی ئەو مۆڵەتی دەداتێ ولێرە بەرپرسە لێی ، وەزارەتی رۆشنبیریی بۆ چالاکیەکانی لە دەرەوە، واتا بۆ چالاکی هاوبەشی لەگەڵ رێکخراوە ئەجنبیەکان بۆیە ئەو دوو وەزارەتە داندراوە، ئەگینا هەموو وەزارەتەکانی تر پەیوەندی دارن، ئاوەدان کردنەوە پەیوەندی دارە و پەروەردە پەیوەندی دارە و تەندروستی پەیوەندی دارە وکشتوکاڵ پەیوەندی دارە هەموو وەزارەتەکان پەیوەندی دارن ، هەمووشیان وەکو یەکتر گرنگن ، بۆیە لێرە تەنها ناوی ئەو دوو وەزارەتە هاتووە، لەبەر دیاری کردنی ئەرکەکەی، ئەگەر سەبەبی نەبێ دەبێ سەبەبەکەی ئەوە بێت، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

له برگـەی دوو (التعاون مع المنظمات الاجنبية العاملة في الاقليم في مجال الاغاثة و الاعمار و النشـاطات الانسـانيـة) لێرە ئەو ڕێکخراوانەی ئێمـە وەکو بەڵێندەریان لێ دێت لە لای ئەو ڕێکخراوە بیانیـانە جاچ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکـان بن یان انجۆی بیـانی بن، لێـرە من بە پێوستی دەزانم ڕستەی (بالتنسیق مع الجهات المختصة) دابندرێت، لەبەر ئەوەی حالاتی وا هەیە و ئیستـاش هەیە، گەلێک پرۆژە هەیە بەڵێندەری خۆمـان لە ڕێکخراوی بیـانیـان گـرتۆتەوە، ئەو پرۆژەشی دەست پێکردوە و لەوانەیە گەیشتبێتە قۆناغەکانی کۆتاییش، ئەو پرۆژانە بێ ئاگاداری یان هەوئاهەنگی لایەنی پەیوەندی دار کراوە، تاکو ئەو ڕێگایە ببڕین و زیاتر بەرژەوەندی گشـتی تێدا بێت هەروەک لە ئامانجەکانی ئەو یاسایەدا هاتووە ڕستەی (بالتنسیق مع الجهات المختصة) لەوانەیە زۆر سودی هەبێت سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

هەمان تێبینی د. رزگارم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسایی فەموون.

**بەڕێز کـاکـەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوە شتـێکی زۆر سروشـتیـە نایەوێ بگۆترێ، لەناو ولات ڕێکخـراێکی مـۆڵەت پێدرا و کـار دەکـات، لەبەر ئەوەی وەزارەتێک تەندەر پێشکەش دەکات یان ڕێکخراوی هابیـتـات تەندەرێک پێشکەش دەکـات هەوڵ دەدات کە شتێ جێبـەجێ بکات تاکـو قـازانجـێکی پێ ببـڕێ تاکـو ئامانجەکانی بپێکێ و ئەو کارە دەگرتەوە دەیخەملێنێ ، لەبەر ئەوە شتێکی زۆر سروشتیە تاکو دەچێ ڕەزامـەندی وەردەگـرێ ، ئەوە تەندەرەکە لەوانەیە هەر بسـوتێ، لەبەر ئەوە هیچ پێـویست ناکات لەبەر ئەوەی لە ناوخۆیە. دووەمیش، کە دەڵێن لەو ناوەدا ناکۆکی دروست دەبێت، ئەگەر ئەوەش بوو ئەوە دادگای عێراق هەیە دەتوانێ پەنای بۆ ببات، هەرکەسێ خاوەن ماف بێت دەتوانێ داوای مافی خۆی لە دادگای بکات لەبەر ئەوەی ئەوان لەکارەکانیان سەر بە دادگاکانی هەرێمن، لەسەریان جێبەجێ دەکرێ ، ئەگەر ناکۆکی هەبێت، هیچ پێویست ناکات ڕەزامەندی وەربگیرێ، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەو بنەماییەی کە هەردووک ڕێکخراو لێرەنە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

تێبینی تر هەیە، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـاسم محمد قـاسم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
نازانم مامۆستا کاکەرەش باسی ڕەزامەندی کرد، من باسی هاوئاهەنگیم کرد، ئەو فەرمووی ڕەزامەندی وەربگیرێ ، مەبەستی من هاوئاهەنگی بوو، لەبەر ئەوەی حالات هەیە، نازانم جەنابیان ئاگاداری لەسەر هەیە یان نا ، پرۆژە هەیە بەلێندەری خۆماڵی لە ڕێکخراوی بیانی جا چ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت یان هی تر گرتۆتەوە و لایەنی ڕەسمی پرۆژەکە وەر ناگرن لەبەر ئەوەی لەسەر مواصفات نییە، جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە من مەبەستم هاوئاهەنگی بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، باشە هیچ شتێ دەگۆردرێ ئەگەر ئەو تەنسیقەی بخرێتە سەر؟

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

الفصل الثاني

الاهداف والوسائل

المادة الثامنة: تهدف المنظمة الى تحقيق ما يلي:

١ـ المساهمة و التعاون في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم و خارجه بالتنسيق مع وزارتي الداخلية و المساعدات الانسانية و التعاون والوزارات المعنية الاخرى.

٢ـ التعاون مع المنظمات الاجنبية العاملة في الاقليم في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە برگەی یەکەمی ئەو مانایەی تێبینیەکەی د. رزگار نادات؟

ئەو بەڕێزانەی ماددەی هەشتەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ یەک دەنگ پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە پەسەند کرا،

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة التاسعة:

تحقق المنظمة اهدافها بالوسائل التالية:

١ـ الموارد المالية المتاحة لها.

٢ـ التعاقد والدخول في المناقصات والمزايدات لتنفيذ مشاريع اعمار كوردستان.

٣ـ الاتصال باللاجئين والمغتربين من ابناء كوردستان و المقيمين في الخارج و تشجيعهم لاستثمار رؤوس اموالهم في مشاريع الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.

٤ـ الدعوة لعقد كونفرانسات داخلية ودولية لدراسة تطوير وتقديم المشاريع بهدف تحقيق اهدافها.
٥ـ من مقتضيات المصلحة العامة لحكومة الاقليم ان تساهم مع المنظمة لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەرای ئێمە لە بڕگە (٤) ئەمە بۆ کۆتای بڕگەکە زیاد بکرێ( وبموافقه الجهات المختصه)واتا بەو شێوەیەی لێبێت(الدعوة لعقد كونفرانسات داخلية ودولية لدراسة تطوير وتقديم المشاريع بهدف تحقيق اهدافها بموافقة الجهات المختصة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

رامان وایە وشەی (الدولیە)تێدا نەمێنێت ، کۆنفراساتی ناوخۆیی قەید ناکات ئەوە ڕێکخراو دەتوانێ ، بەڵام کۆنفرانساتی دەرەوە ئەوە ئەرکی حکومەتە ئێمە وەزاراتی تایبەتمەندمان هەیە، وەزارەتی مرۆڤایەتی و ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی تەندروستی و پەروەردەو ... هتد. هەروەها پشتگیریی ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاساییش دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدان کردنەوە راتان تکایە.

**بەڕیز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم پێشنیار دەکەین (وبموافقه الجهات المختصه) زیاد بکرێ هەر وەکو لیژنەی یاسایی فەرموویان. لە بڕگەی پێنجەمیش داوا دەکەین بەو دەقەی کە دەیخوێنمەوە بگۆردرێت (لحكومة الاقليم وبناءاً على مقتضيات المصلحة العامة أن تساهم او تشارك لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم).، ئەوە بڕگەی پێنجەم بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمان شتە تەنها عەرەبیەکەی باشترە، لیژنەی رۆشنبیریی راتان؟.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
لە هەردوو (٣) و(٤) ئەو دەستەواژەیەی بخرێتە سەر (بالتنسیق والتعاون مع وزارە المساعدات الانسانیە و التعاون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ وەلامتان هەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
سەبارەت بە بڕگەی چوارەم (الدولیە) گوایە شتێکی زۆر گەورەیە ، لەسەر ئاستی ولاتانی دونیا، لەوانەیە برادەرێک لەو برادەرانەی ئەو ڕێکخراوە دەچێتە دەرەوە، لەوانەیە لە دەرەوە هەول بدات چوار کەسی خێرخواز کۆ بکاتەوە وەکو کۆنفرانسێک یان شتێکی گچکە هەول بدات باری کوردستان لە خەلکەکە بگەیێنێ وهەندێ پارە کۆبکاتەوە و بێتەوە بە حکومەت بلێ بابە ئەوەندە پارەیەم کۆ کردۆتەوە وا خەریکە دەیهێننەوە ئەگەر ئێمە تەنها بلێین کۆنفرانسی ناوخۆ ئەوە ئەو کابرایە ناتوانێ ئەوە بکات و چالاکی هەبێ، بەس بەو مەفهومە گەورەیە نییە، عەقدی ولاتان و نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش واتا چوارکەس لەدەرەوەی هەرێمەوە و ئەو کارە دەکەن، دەقەکە باش هاتووە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ کاک ابراهیم سەعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
لێرە بڕگەیەک هاتووە کە پەیوەندیی بە پەنابەران بکرێ، هەموو ڕێکخراوەکانی NGO پەیوەندیی لەگەل دەولەمەندەکانی خۆیان دەکەن لەناو ولاتی خۆیان کەوا بەخشینێکیان بۆ بکەن و داخیلی پرۆژەکان بن، دەبێ ئێمە تێیدا ئەوە بلێین کە دەبێ ئەو ڕێکخراوانە پەیوەندی بە دەولەمەندەکانی خۆمان بکەن، هەنگاوێکی تر هەیە، لەو بڕەی کە دەیبەخشێ لە باج دەبەخشرێ ئەوە لە ئەوروپا، بابەتی باج لەوێ داخل دەبێ ، دەبێ ئێمەش هەنگاوێکی ئاواها بهاوێژین تاکو خێرخوازێک هەبێ بڕێ پارە ببەخشێ ، واتا موقتەسر نەبێت لەسەر پەنابەران بە تەنها، مەبەستم هەر ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

خاڵی پێنجەم دەقەکەی هەندێ نارێکە، ئەگەر بکرێ رێکخراوەکە بەشداری بکات لە پرۆژەی تەنمەوی، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە پرۆژانە عادەتەن حکومەت دەیکات و رێکخراوەکان بەشێکی کەمیان تێدا دەبێت تاکو تەواو کەری بێت، جا من پێم باشە کە لە پێشەوە هاتووە(تحقق المنظمة اهدافها بالوسائل التالية): (المشاركة في المشاريع التنموية مع حكومة الاقليم خدمة لمقتضيات المصلحة العامة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموٚستا مەلا طاهر فەرمو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

کاک د. ادريس ئەوەی من لە خەیاڵم بوو بیڵێم گوتی، تەنها بڕگەی پێنجەم ئەگەر ماددەیەکی سەربەخۆ بێت، لە بڕگە چواریش ئەگەر ئەو دولیە بکرابا ناوەوەو دەرەوەی هەرێم پێم باشتر بوو، خۆ دەتوانێ داوای هەبێت یان داوا تۆمار بکات ئەوە دوو شتە ، دەتوانێ رێکخراوەکە داوای کۆنفرانسات بکات یان لە کۆنفرانسات ئامادەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تێبینی من گوترا ئەوەیش ئەوە بوو کە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ (تبرعات من الاشخاص الخيرين داخل كوردستان ) .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەیە، لەشوێنی تر ئەوە هەیە، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاک ئەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بە رای ئێمە ماددەکە زۆر باش هاتووە، تەنها ئەگەر لە بڕگە چواردا ئەوە زیاد بکەین (بموافقة الجهات المختصه) یان (الجهات المعنيه)ئەوەی جەنابیشتان فەرمووتان کە بڕگە پێنج دەقێک هاتووە دەتواندرێ چارەسەر بکرێ ، بەوەی کە کاک حەمید گوتی ئێمە لاریمان نییە ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات وا بزانم وایان پێشنیار کرد بوو (لحكومة الاقليم وبناءا على مقتضيات المصلحة العامة أن تساهم او تشارك لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بەو شێوەیەی چاککرا بیخوێنینەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز سـفـر مـحـمـد حـسین:**

المادة التاسعة:

تحقق المنظمة اهدافها بالوسائل التالية:

١- الموارد المالية المتاحة لها.

٢- التعاقد والدخول في المناقصات والمزايدات لتنفيذ مشاريع اعمار كوردستان.

٣- الاتصال باللاجئين والمغتربين من ابناء كوردستان و المقيمين في الخارج و تشجيعهم لاستثمار رؤوس اموالهم في مشاريع الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.

٤- الدعوة لعقد كونفرانسات داخلية ودولية لدراسة تطوير وتقديم المشاريع بهدف تحقيق اهدافها.

٥- (لحكومة الاقليم وبناءا على مقتضيات المصلحة العامة أن تساهم او تشارك لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم).

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە گشتی دەنگ ماددەی نۆیەم پەسەند کرا.

**بەڕێز سـفـر مـحـمـد حـسین:**

الفصل الثالث

مالية المنظمة

المادة العاشرة:

تتولى المنظمة إدارة اموالها من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وتنفيذها وفق النظام المحاسبي المعتمد لدى الدوائر الرسمية وتخضع حساباتها لتدقيق الرقابة المالية في الاقليم.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان لەسەر ماددەکە هەیە؟.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبـــــدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر ڕێک وپێکە ئێمە پشتگیریی دەکەین .

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی ئاوەدان کردنەوە راتان تکایە ؟.

**بەڕێز حـــەمـــیـــد سلیم مـــیـــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تێبینیمان نییە .

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە نییە، تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز ســـفـــر مـــحـــمـــد حـــسین:**

المادة العاشرة:

تتولى المنظمة إدارة اموالها من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وتنفيذها وفق النظام المحاسبي المعتمد لدى الدوائر الرسمية وتخضع حساباتها لتدقيق الرقابة المالية في الاقليم.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە گشتی دەنگ ماددەی دەیەم پەسەند کرا،ماددەی یازدەیەم .

**بەڕێز ســـفـــر مـــحـــمـــد حـــسین:**

المادة الحادية عشرة:

تتكون مالية المنظمة من :

١- ما يساهم به الاعضاء .

٢- المنح والهبات والهدايا والتبرعات والاكتتابات والوقف من الافراد والجهات الاخرى.

٣- الايرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها واستثمارها اموالها .

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی یاسا تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

زۆر ڕێک هاتووە و تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان تکایە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە رامان وایە وشەی (الاکتتابات) لە بڕگەی دووەم لابدرێ لەبەر ئەوەی ئەوە کاری کاتب عەدلە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدان کردنەوە راتان.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە رامان وایە وشەی (الوقف ) لە بڕگەی دووەم لابدرێ لەبەر ئەوەی ئێمە وای بۆ دەچین کە الوقف سروشتێکی بەردەوامی هەیە و بۆ ئەوقاف دەبێت، کەچی ئەو رێکخراوانە زۆربەیان سروشتێکی کاتییان هەیە، لەبەر ئەوە بە رای ئێمە وقف لەو ماددەیەدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشتنبیریی تێبینتان نییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

وشەی (الوقف ) پێویستە هەبێت ، لەبەر ئەوەی مەرج نییە هەر تەنها بۆ ئەوقاف بێت ، جائزە هەر لایەنێکی خێرخواز دەتوانێ وەقف بێت و لە تۆمارەکانی تاپۆ تۆمار دەکرێ ئەکەر نەگوازراو بێت، دەڵێ وقفم کرد بۆ فلان رێکخراوی کە رێکخراوێکی خێرخوازە و ئەو رێکخراوە سوودی لێ وەردەگرێ بۆ پرۆژەکانی خۆی، لەبەر ئەوە زۆر سروشتیە. وشەی (اکتتاب) بمێنێت باشترە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە،کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

کابرایەک دەمرێ دەڵێ ئەوەندە برە پارەیە بۆ ئەو رێکخراوە خێرخوازەیە بێت، ئەوەشی تێدابێت باشە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموٚستا ملا تاهیر فەرموو.

**بەرێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من لەگەڵ ئەوەم کە (الوقف) بمێنێتەوە وەکو خۆی، وەسیەتیش حەق وایە هەبێ.(من الافراد او الجهات الاخری پێوە نییە سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەرێز ابراهیم سعید محمد:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوە لە برگەیەک دەسەلاتمان دا بە رێکخراوێک کە بچێ لە دەرەوە کار بکات،ئەوە رەوایە و دەبێ حکومەتیش رۆڵی خۆی لەو بابەتە ببینێ ، واتا برگەیەکی تێدا بێت کە یارمەتیەکانی حکومەتیش لە ناو دارایی رێکخراوەکان بێت، بەپێی توانای حکومەت ئەگەر دایی ئەوە باشە ئەوە دەگەرێتەوە بۆ توانای حکومەت، برگەیەکی وای تێدابێت خراپ نییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاکەرەش فەرموو.

**بەرێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

یارمەتیەکانی حکومەتیش هەر لە چواچێوەی بەخششەکانە، خۆی ئەگەر حکومەت منحەی بداتێ، فەرقی نییە چ حکومەت بیداتێ یان افراد ئەو هەر داخلی منح دەبێ.

سەبارەت بە وەصی ، وشەی وەصی ، لە بنەرەتدا وەصیەت ضمنی وقف دەبێ، ئەگەر وەصیەت بکات بۆ هەر رێکخراوێکی خێرخواز ئەوە تۆمار دەکرێ ، لەبەر ئەوەی لە یاسای ئەوقافدا هاتووە دەڵێ : وسیەت بۆ هەر لایەنێکی خێرخواز یان حکومی وەقف وەردەگرێ، جا جۆری وەسیەتەکەی چۆن دەبێ و بە چ شێوەیەک دەبێ ، لە یاسای ئەوقاف وا هاتووە، ئەگەر تێشی دابێ خراپ نییە بۆ تەئکید کابرایەک کە دەمرێ وەصیەت دەکات بەشێ لە مولک و ماڵی خۆی دەداتە رێکخراوێکی خێرخواز. با بنوسرێ خراپ نییە (الوقف والوصیە)، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەرێز سفر محمد حسین:**

المادة الحادية عشرة:
تتكون مالية المنظمة من:
١ـ ما يساهم به الاعضاء.
٢ـ المنح والهبات والهدايا والتبرعات والاكتتابات والوقف والوصايا من الافراد والجهات الاخرى.
٣ـ الايرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها واستثمارها اموالها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو وصیەتە تۆزێ لێک بدەنەوە، کاک شێروان فەموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
احکامی وەقف جیاوازە لەگەڵ احکامی وەصیەت، ئەوەی کە بەڕێز کاکەرەش فەمووی وەصیە داخل بکرێ، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە داخل بکرێ ، بە رای من (الوصایة) نییە (وصیة) یە (الوقف والوصیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
خۆی وصیە ناتجەکەی (ارث)ە ، واتا ئەو پارەیەی یان ئەو موڵکە پاش مردن دەبێتە ارث، خۆی وەصیە شتێکی ترە فیعلی وەصیەتەکەیە، فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
ئەگەر وەصیەت بێت ئەوە پاشی مردنە هەروەکی فەرمووتان، پێش مردن بابەتەکە وەصیەت نییە بەخشینە و خۆی دەیدات و پێی دەگوترێ بەخشین، سەبارەت بە یاسای شەریعەتیش وەصیەت لە سێیەکی ئیرسەکە تێناپەڕێ، بۆ هەر لایەنێکی خێرخواز بیکات نابێ لە سێیەکی تەریکە تێپەر بکات، ئەوەی برادەران فەرموویان چونکە هەر وەصیەتێک ئەگەر بۆ لایەنی خێرخواز یان بۆ مزگەوت دروست کردن بێت ئەوە حوکمی وقف وەر دەگرێ ئەوە بەپێی یاسای ئەوقاف، بەلام بۆ ئەو ڕێکخراوانە بگوترێ باشە ( الوقف والوصیە) ئەگەر وەصیەت هەبێ خراپ نییە و تاکو سێیەکی تەریکە جائیزە و لە تریکەکە محروم بن و بۆ لایەنێکی خێر خواز بچێ ئەوەش خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**
المادة الحادية عشرة:
تتكون مالية المنظمة من:

١- ما يساهم به الاعضاء .
٢- المنح والهبات والهدايا والتبرعات والاكتتابات والوقف والوصية من الافراد والجهات الاخرى.
٣- الايرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها واستثمارها اموالها .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکێکی تر جارێکی تر بیخوێنێتەوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

المادة الحادية عشرة:

تتكون مالية المنظمة من :

١- ما يساهم به الاعضاء .
٢- المنح والهبات والهدايا والتبرعات والاكتتابات والوقف والوصية من الافراد والجهات الاخرى.
٣- الايرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها واستثمارها اموالها .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ سێ دەنگ پەسەندی ناکەن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی یازدەیەم پەسەند کرا،ماددەی دوازدەیەمین .

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثانية عشرة:

للمنظمة التعاقد مع المنظمات الاجنبية او قبول المساعدات او التبرعات المادية او العينية من الخارج واعلام وزارتي الداخلية والمساعدات الانسانية والتعاون بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینتان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پێشنیار دەکەین کە ماددەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە .

**المادة الثانية عشرة:**

(للمنظمة التعاقد مع المنظمات الاجنبية أو قبول المساعدات أو التبرعات المادية او العينية من الخارج وبموافقة حكومة الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز جـــــمـــــــیل عـــــبـــــدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

اعلام لابدرێ و لەشوێنی ئەو ئەو دەستەواژەیە دابندرێ(بعد استحصال الموافقه) هەمان بۆ چوونی لیژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان.

**بەڕێز حـــــەمـــــیـــــد سلیم مـــــیـــــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمەش رامان وایە ووشەی اعلام لابدرێ.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

جەنابی وەزیری پەروەردە کاک عبدالعزیز فەموو.

**بەڕێز عـــــبــــدالعـــــزیز طیب/ وەزیری پەروەردە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

هەندێ حـالات هەیە بۆ نمونە بەرپرسی رێکخـراوێک چووە ئەسـتـەنبـوول، باشە مـعـقـولە لەوێوە بگەڕێتەوە تاکو رەزامەندی وەرگرێ، وابزانم مەعقول نییە، لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین با رەزامەندی وەربگیرێ و پاشان رابگەیێندرێ ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

د. ادریس فەرموو .

**بەڕێز د. ادریـس هـادی صـــــــــــالـح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

منیش پێم باشـە بکرێتـە بە ئاگـاداری حکومـەتی هەرێم ، لەبەر ئەوەی ئەو رێکخـراوە تاکـو رەزامـەندی وەردەگرێ گـرێبـەسـتـەکەی لە دەست دەدا، لەبەر ئەوەی ئەویش مـاوەیەکی پێ دەچێ ،سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

تێبینی تر هەیە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــیـــد احـــمـــد یعـــقـــوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بە قـەناعـەتی من دەزگاکـانی راگەیاندن وایان کـردوە پەیوەندیی ئاسان بووە لە تەلـەفزیون خەڵک یەکـتری دەبینێ و لەوانەیە دیوەخـانیش دابنێ، ئەگـەر لایەنـێکی بیـانی بێت پارەیـەک بدات یان

یارمەتییکی بدات، باشە چ بەربەستێک هەیە تاکو کابرایەک کاریک بکات جا هەر چی بێت ڕەزامەندی حکومەت وەرگرێ، کەسێ پارە کۆ دەکاتەوە بەناوی خێر بۆ خۆی دەیخوات هەموو احتمالێک واردە ئەگەر ڕەزامەندی حکومەتی نەبێ، هیچ بەربەستێک نییە بەرای من فاکسێ دەکات و لە ماوەی تەنها چەند دەقیقەیەک وەلامەکەی وەردەگرێتەوە و( وردع المفاسد خیر من جلب المنافع ) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لێرەدا من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ، هەڵوێستی حکومەت بە ڕێز و تەقدیرەوە دەنرخێنم ، لەبەر ئەوەی هەندە لێدوردە بێت لەگەڵ ڕێکخراوە خێرخوازیەکان ، ئەوە پرۆژەی حکومەتە و خۆی دەزانێ چی پێویستە و چی دەکات، زیاتریش وەزیری ئاوەدان کردنەوە هەڵوێستی حکومەتی روونتر کردەوە، من بە ڕێک وپێکی دەبینم و زۆر بە پیرۆزی دەزانم،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثانية عشرة :

للمنظمة التعاقد مع المنظمات الاجنبية او قبول المساعدات او التبرعات المادية او العينية من الخارج واعلام وزارتي الداخلية والمساعدات الانسانية والتعاون بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟حەوت دەنگ پەسەندی ناکەن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی دوازدەیەم پەسەند کرا.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثالثة عشرة :

على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند الضرورة .

١ـ التقرير المالي السنوي متضمناً الواردات والنفقات.

٢ـ تقرير سنوي مفصل عن خدماتها ومشاريعها في مجال الاغاثة والاعمار والنشاطات الانسانية والجهات المستفيدة منها.

٣- تقرير مبين فيه خططها وبرامجها للسنة المالية الجديدة في مجال الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان؟ .

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بە رای ئێمە بابەتەکە هەندێ نادیارە (على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند الضرورة .) (الى الجهة المعنية) زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی بۆ کێی ئاراستە دەکات، ئەوە نەگۆتراوە بە رای ئێمە ئەوە بگۆترێ لەکۆتاییەکەی باشە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

(على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند الضرورة) لە جێگای (او) واو دابندرێ،نەوەک (أو) کاتی پێویست پێشکەشی بکات یان نەیکات، واتا ساڵانەوە لەکاتی پێویستیش پێشکەشی بکات، پێشنیاری لیژنەی یاساش باشە،لایەنی پەیوەندیداریش دیارە ئەویش وەزارەتی دارایی وئابووری و وەزارەتەکانی تری تایبەتمەند و دیوانی چاودێری داراییەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دەبێ بنوسرێ (الى الجهة المعنية) لەبەر ئەوەی دەبێ بنوسرێ ئاراستەی کێ دەکرێ نابێ ئەوها رەها بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیری راتان تکایە.

**بەڕێز زاهر محمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بە رای ئێمە (او عند الضروره) لابدرێ و بکرێتە(على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية الى الجهات المعنية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین،کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لە کۆتایی هەر ساڵێ ئەوە وجوبیە ئەوە هیچ بێنە و بەردەی پێناوێ ، او عند الضرورە کە هاتووە بۆ کت وپڕە لەوانەیە پێش سەری ساڵ داوا بکات، لە هەندێ دەزگا چاودێری دارایی پێش سەری ساڵ داوای ئەو راپۆرتەی لێ دەکات ئەویش مەجبورە بیکات و پێشکەشی بکات، بۆیە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە .

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثالثة عشرة :

على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند الضرورة الى الجهات المعنية.

١- التقرير المالي السنوي متضمناً الواردات والنفقات.

٢- تقرير سنوي مفصل عن خدماتها ومشاريعها في مجال الاغاثة والاعمار والنشاطات الانسانية والجهات المستفيدة منها.

٣- تقرير مبين فيه خططها وبرامجها للسنة المالية الجديدة في مجال الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ماددەی سێزدەیەم بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

بەڕێزان لە ماددەی چواردەو بەدواوە دوادەخەین بۆ دانیشتنی بەیانی سەعات ١٠ ، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمڕۆمان.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١٠/٢٠٠١

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## سێ شەممە رێکەوتی ٢٣/١٠/٢٠٠١

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٣/١٠/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە نۆ)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی( ژمارە نۆ)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٣/١٠/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی یاسای رێکخراوە کوردستانییەکان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان ، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە «٩»ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی وەزیرە بەڕێزەکان، وەزیری ناوخۆ و وەزیری پەروەردە و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم دەکەم، هیوادارم دانیشتنەکەمان ببێتە مایەی گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر پرۆژەی یاسای رێکخراوە کوردستانییەکان، بەرنامەی ئەمرۆمان بەردەوام بوونە لەسەر گفتوگۆ کردنی یاسای رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ ئەم مەبەستە تکایە بەڕێزان ئەندامێکی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و ناوخۆ و رۆشنبیریی بێنە سەر سەکۆکە، دوێنێ گەیشتبووینە ماددەی «١٤» تکایە ماددەی «١٤» بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة عشرة:

١ـ تعفى المنظمة من رسوم التأسيس ورسوم تصديق سجلاتها.

٢ـ تعفى المنظمة من جميع الضرائب والرسوم الكمركية المستحقة لتحقيق أهدافها وفق ضوابط محددة تصدرها رئاسة مجلس الوزراء او من يخوله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە رای لیژنەی ئێمە لەوانەیە ئەم ماددەیە بە هەڵە بەکار بهێنرێت، زۆر جار بەناوی رێکخراو ئۆتۆمبیل بێننە ناو کوردستان و پاش ساڵێک بۆ خۆیان بیفرۆشن، یاخود بەشێوەیەکی تر بەکاری بهێنن، بەرای ئێمە ئەمە زیان بە داهاتی حکومەتی هەرێم دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیریی؟ فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە هیچ تێبینییەکمان لەسەر ئەم ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی راتان بەرامبەر بە رایەکەی لیژنەی دارایی؟ فەرموو،

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو ماددەیە زۆر پێویستە هەبێت پاشان دەڵێت: (وفق ضوابط یصدرها مجلس الوزراء) ئەو کاتە ئەنجومەنی وەزیران خۆی دەزانێت کەوا چ جۆرە شتێک لە گومرکی خۆش دەبێت، لە هەمان کاتدا لە «ضوابط»ەکاندا دادەنرێت، ئەگەر رێکخراوەکە هەڵوەشایەوە، ئەو شتانە دەبنە مولکی کێ، یا

دەفرۆشرێت، یان هەر شتێکی تر بەباشی بزانن دەکرێت، جا لەبەر ئەوەی حکومەت ئاگادارە ئەو ماددەیە بوونی زۆر پێویستە، وەکو هەمووش ئاگادارن کە لە گومرک خۆش بوون تەنها بە یاسا دەبێت، ئەو کاتە رێکخراوەکان ناتوانن ئیش وکاریان بە ئاسانی بەرێوەبەرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری پەروەردە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە رای ئێمە ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە مەعقول نییە خەڵکێک پارە بە ئێمە ببەخشێت ئێمەش بە پێچەوانەوە وەریگرین، یان گومرکی بخەینە سەر، ئەو خەڵکە هان نادرێت بۆ ئەوەی هاوکاری میللەتی ئێمە بکەن، لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی کە کەلوپەلی ئەم رێکخراوە بۆ بەرژەوەندی گشتییە، جا پێویست ناکات هیچ جۆرە باجێکی بخەینە سەر، ئەویش لەبەر بەرژەوەندی گشتی، من پشتگیریی لە رایەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم کە دەڵێت: (وفق ضوابط یصدرها مجلس الوزراء أو من یخوله) لێرەدا رێگایان لەوە گرتووە کە «سوء الاستفادە» نەکرێت لەم یاسایە، بۆ نمونە ئەگەر وەڵاتی هۆڵەندا قوتابخانەیەک دروست کات لە کوردستان، ئەگەر ئەم کارە لە رێگای رێکخراوێکەوە بکرێت ئەوە هیچ جۆرە باجێکی ناکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر ئەم رێکخراوە کارەکەی دا بە موقاویلێک و موقاویلەکە سوودی لێ وەرگرێت ئەوە باج دەکەوێتە سەر موقاویلەکە، بە رای ئێمە هەندێ رامان هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەوا هەندێ «ضوابط» دابنرێت بۆ ئەوەی رێگا لە «سوء إستفادە» بگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.إدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەگەڵ ئەوەدام کەوا خاڵی یەکەم بمێنێتەوە، لە سەرەتای دامەزراندنی رێکخراوەکە ئاسانکارییان بۆ بکرێت، بەڵام سەبارەت بە خاڵی دووەم من لەگەڵ ئەو دەقەیەدا نیم کە لێرەدا هاتووە، لە هەموو باج و رەسمێکی گومرکی نابێت لێیان خوش بن، جا بە رای من ئەگەر بکرێتە (لرئاسة مجلس الوزراء إعفاء المنظمة من بعض الضرائب و الرسوم الگمرکیة) ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەیبینێ لە جێی خۆیەتی و پێویستە لە گومرکی خۆش بن، ئەگەر هاتوو سبەی هەندێ ئامێر و ئۆتۆمبێلیان هێنا خۆ ناکرێ لە گومرگی هەمووی خۆش بن، جا ئەگەر دەسکارییەکی دەقەکە بکەن بۆ ئەوەی ئەوەی پێویستە لە گومرکی خۆش بن، بەڵام ئەوانی تر نەء، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئافرەتێکی سویسری کە لە «NGO»یە لەسەر بابەتی باج دیراسەتێکی هەیە، هەرچەندە بە ئینگلیزی نووسراوە، بەڵام من وەرگێڕانەکەی دەخوێنمەوە دەڵێت: (ئەو «NGO»یەی کە ئامانجیان سوودبەخشینە بە گشتی، شایانی ئەوەن کە لە باجی داهات و سەروەتیان خۆش بن، بەڵام ئەو کەسانەی کە لەوێ ئیش دەکەن مووچەکانیان بەر باج بکەوێت)، جا لێرەش حکومەت وا بەتەما بوو ئەو کەسانەی کە لە ڕێکخراوەکان ئیش دەکەن، تەنانەت ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە مووچەکانیان باج وەربگیرێت، جا ئەگەر لێرە بڵێین لە هەموو باجەکان خۆش بن ئەوە مووچەش دەگرێتەوە، بەڵام دەبێت ئاماژە بکرێت کە ئەگەر حکومەت لە باجیان خۆش بێت، بە شێوەیەک بێت کە نەوەک هەموو شتێک بگرێتەوە، واتا بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران لێیان خۆش بن، جا ئەگەر لە باجی کەلوپەلەکانیان خۆش بن، بەڵام باج لە مووچەکانیان وەرگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا ئەگەر دەقە ئینگلیزییەکەمان بۆ بخوێنیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دەقە ئینگلیزییەکە.....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تێبینییەکەی من لەسەر وشەی «جمیع الضرائب» بوو و باس کرا، ئەو ڕێکخراوانە خێرخوازن و ئامانجیان سوود وەرگرتن نییە، تەنها هاتوونە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕز سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە هەڵسوکەوت بەو کەلوپەلانە نەکات کە لە گومرگی خۆش بوونە، من پێشنیار دەکەم کەوا بڕگەی «٣» بخرێتە سەر ئەو ماددەیە بەم شێوەیە: (٣ـ لا يجوز التصرف في الاموال المعفاة لغير الغرض الذي أعفي من اجله كما لا يجوز التنازل عنها إلا بعد إعلام الگمارك وبعد دفع الرسوم الگمركية ورسوم الضرائب الاخرى المعفاة منها الى خزينة حكومة الاقليم)، دووەم لە ماددە «٩» بڕگەی «٢» دەڵێت: ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن بەشداری «المناقصات والمزايدات» بن، ئێمە ئەگەر لە باجی ئامێر و کەلوپەل و ئۆتۆمبیلەکان و شیش و چەمەنتۆ و شتی تر خۆش بووین واتا مەوقفی بەرامبەرەکانیان کە موقاویل و ئەندازیارەکانی خۆمانە لاواز دەکەین، کە ئەوانیش توێژێکن لە کۆمەڵی ئێمەدا و پێویستە هاوکارییان بکەین، سێیەم، ئەگەر پرۆژەیەک پێویستی بە «١٠٠»تەن شیش یا چەمەنتۆ بوو، باشە کێ دەڵێ کە ئەو «١٠٠٠» تەن شیشە ناهێنێ و ئەوەی پێویستیەتی بەکاری دێنێ و ئەوی تر نافرۆشێتەوە، چ بەندێک هەیە کە ئەو جۆرە کارە بگرێتەوە و، ئەو ڕێکخراوە ئەو جۆرە کارانە ئیستغلال ناکات و سبەی بە پارەیەکی کەم ئەیفرۆشێتەوە و سوودێکی باشی لێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێموایە ئەو ماددەیە زۆر بە ڕێکوپێکی هاتووە، هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان تێبینییان پێشان دا بەرامبەر بە بڕگەی«٢»، بەپێچەوانەوە دەقەکە زۆر بە ڕێکوپێکی هاتووە و بەشێوەیەکی ڕەها نییە، چونکە کە دەڵێت:«وفق ضوابط»، کەواتە ڕەها نییە، پاشان ئەو تێبینییانەی کە بەڕێز وەزیری پەروەردە ڕوونی کردەوە لە جێگای خۆیەتی، ئەمە بۆ بەرژەوەندی گشتییە، ئێمە دەبێت دەستخۆشی لەو خەڵکانە بکەین و ڕێگەیان بدەین، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەها نەبێ. جا ماددەکە زۆر لە جێگای خۆیەتی و پێویستی بە هیچ جۆرە زیاد کردنێک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی کە بەڕێز د.إدريس فەرمووی دەبێت «ضوابط» هەبێت، خۆی لەسەرەتاوە «ضوابط» هەبووە و، ئەو «ضوابط»ەش شتێکی گشتی نییە، لەوانەیە هەر حاڵەتێک بە جیا بێت، جا هەر ڕێکخراوێک کە شتێک دێنێ دەتوانێ داواکارییەک پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکات، ئەویش بە پێی «ضوابط»ی تازە ئەو کارە جێبەجێ دەکەن، جا ئەوە شتێکی تەنفیزییە زیاتر لە

رووی یاسایی بێ، ئەوان خۆیان دەسەڵاتیان هەیە کەوا چۆن بواری پێ دەدەن بیدەنێ بەپێی بەرژەوەندیی گشتی، سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک إبراهیم سعید کە باسی باجی کرد، تاوەکو ئێستا لە عێراقدا فەرمانبەر باجی مووچەی نەداوە، تەنها باجیش باجی ((دخل))ە فەرمانبەرانیش ئەو باجە نایانگرێتەوە، ئەگەر یاسایەک دەرچوو لەسەر ئەوەی کە باج لە دەخلی فەرمانبەر وەرگیرێت، ئەوە فەرمانبەرانی (NGO) ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە. سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک د.رزگار سەبارەت بە وشەی «جمیع الضرائب» باج کۆمەڵێک شت دەگرێتەوە کە دەچنە کاری موقاوەلاتەوە باجی دەخل دەیانگرێتەوە، بەپێی ئەوەی کە قازانجیان هەیە و قازانجەکەیان بۆ بەرژەوەندیەکی گشتییە، ئەوان لەو باجە دەبەخشرێن، لەوانەشە موڵکی نەگواستراویان هەبێت، یا عەقاراتیان هەبێت، ئەو عەقاراتانە باجی لەسەر دەبێت، بەڵام لەو باجە دەبەخشرێت، مەسەلەی رسومی گومرکی ئەوە لە تەقدیراتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، سەبارەت بە قسەکانی بەڕێز کاک سعید، ئێمە کە دەڵێین: (وفق ضوابط) لەسەرەتاوە ئەو زوابتانە دادەنرێ، کاتێ کە بلدۆزەرێک دێنێ، یا ئۆتۆمبیلێک دێنێ ئەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی کاری پێ دەکرێت، یا ئەگەر رێکخراوەکەش هەڵوەشایەوە ئەوە بە بریاری وەزیری ناوخۆ بێت، یا بە بریارێکی قەزایی بێت کە ئەویش لەسەر داواکاری زۆربەی ئەندامان بێت، ئەویش مەسەلەکە دەپاڵێورێ ئەو کاتەش دادگا بریار دەدات کەوا دەدرێتە کێ و بۆ کوێ بروات، لەبەر ئەوە پێویست بەو دەقە ناکات و، دەقەکەی خۆی زۆر لە جێی خۆیەتی و ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بیخاتە دەگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

رێکخراوە خێرخوازەکان بە بێ پارە هاتوونەتە کوردستان بۆ هاوکاری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ئەگەر بێت و راڤەی ئەم ماددەیە بکەین، دەبینین کە ئەنجومەنی وەزیران لە باج و رسوم و گومرک بەخشیویانە، بەپێی بنەما دەبەخشرێن، بەڵام بە «ضوابط»، ئەو موڵکانەی کە هەیانە و لەبەرژەوەندی گشتیدایە ئەوانە دەبەخشرێن، بەڵام نەک هەموو شتێک، کەواتە بە رای ئێمە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم یاسایە بۆ رێکخراوە کوردستانیە ناحکومییەکانە، نەوەک بۆ رێکخراوە خێرخوازە بیانییەکان،

که له ولاّتانی دەرەوە هاتوونە و لێرە خزمەت دەکەن، ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێت زیانێکی زۆر بە گەنجینەی ولاّت دەگەیەنێت و، «سوء الاستغلال» دەکرێت، هەر وەکو بەڕێزان کاک سعید و د.إدریسیش باسیان کرد، بەخشین لێرە بە ڕەهایی هاتووە ئەو «ضوابط»ەی کە دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران بەخشینە لەو باج و گومرگانە، لەبەر ئەوە پێشنیارەکەی بەڕێز د.إدریس کە دەڵێت: (لرئاسة مجلس الوزراء إعفاء المنظمة من بعض الضرائب و الرسوم الگمركية)، زۆر باشە و، پێشنیارەکەی کاک سعیدیش بۆ ئەو «سوء الاستفادة»یەش هەر باشە، بەلاّم یاساکە بەم شێوەیە بە ڕەهایی بمێنێتەوە «سوء استغلال» دەکرێت، چونکە ئەم یاسایە بۆ ڕێکخراوە کوردستانییەکانی خۆمانە، دەقێک لەم پرۆژەیەدا هەیە کە سەبارەت بەو ڕێکخراوانەی کە بیانین و لە دەرەوە دێن ئەنجومەنی وەزیران نیزام و یاسایان بۆ دادەنێت و، ڕەوانەی دەکات بۆ ئێرە ئەوە شتێکی ترە، بەلاّم ئەم یاسایە تەنها بۆ ڕێکخراوە کوردستانییەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەندامە بەڕێزەکان فەرموویان کەوا ئەو بەخشینە بە ڕەهایی هاتووە، نەخێر بە ڕەهایی نەهاتووە، «إعفاء وفق ضوابط يصدرها مجلس الوزراء» کەواتە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران دەری کرد ئەوە بەخشراوە، ئەگەریش نە ئەوە نەبەخشراوە، کەواتە ڕەها نییە، ڕەها ئەوەیە کە بە کەیفی خۆی بێنێ و کەس قسەی لەگەڵ نەکات، ئەو ناتوانێ هیچ شتێک بهێنێتە کوردستانەوە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران «ضوابط»ی نەداتێ، لەبەر ئەوە بە ڕای ئێمە ڕەها نییە، ئێستا دەقێک لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە پێشکەش کراوە، ( لرئاسة مجلس الوزراء أو من يخوله إعفاء المنظمة من الضرائب و الرسوم الگمرگية وفق ضوابط تصدرها ) بە ڕای ئێمە هەر هەمان شتە، بەلاّم ئەم شێوەیەمان پێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەواتە جارێکی تر بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة عشرة:

١ـ تعفى المنظمة من رسوم التأسيس ورسوم تصديق سجلاتها.

٢ـ لرئاسة مجلس الوزراء أو من يخوله إعفاء المنظمة من الضرائب و الرسوم الگمركية المستحقة لتحقيق اهدافها وفق ضوابط تصدرها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١٤» بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، دوو دەنگ پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی «١٤» پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «١٥»، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة عشرة:

للمنظمة وبعد موافقة الوزير ان تقرر حل المنظمة أودمجها في منظمة أخرى ذات اهداف مماثلة بموافقة اكثرية اعضائها، واذا كان قرار الوزير بالرفض يكون قابلاً للطعن أمام الهيئة العامة لمحكمة تمييز الاقليم خلال(١٥) يوماً من تاريخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە هەندێ هەڵەی چاپی تیادایە ئەگەر راستی کەینەوە،(المادة الخامسة عشرة:

للمنظمة وبعد موافقة الوزير ان تقرر حل المنظمة اودمجها في منظمة اخرى ذات اهداف مماثلة بموافقة اكثرية اعضائها، ويكون قرار الوزير بالرفض قابلاً للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال(١٥) يوماً من تاريخ صدوره.)،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین و لەگەڵ راست کردنەوەکەی لیژنەی یاسایی داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە (المادة الخامسة عشرة: إضافة عبارة(ويكون قرار محكمة التمييز باتاً)الى نهاية المادة.)بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیریی فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهيم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە دارشتنەکەی ئاوای لێ بێت:(للمنظمة وبموافقة ثلثي أعضائها وبعد موافقة الوزير أن تقرر حل المنظمة أو دمجها مع منظمة أخرى ذات طبيعة مماثلة، وفي حالة رفض الوزير يكون قراره قابلاً للطعن أمام الهيئة العامة لمحكمة تمييز الاقليم خلال (١٥)يوماً من تاريخ صدوره).، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ناوخۆ؟ فەرموو.

**بەڕێز حسين علي كمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە و، لەگەڵ رایەکەی لیژنەی یاسادایین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە ئەو «ثلثي أعضائها»ی ناوێت، چونکە رێکخراوەکە بەتەنها نییە بەڵکو دوو لایەنن لەگەڵ وەزیردا، بە زۆرینەی دەنگی رێکخراو و لەگەڵ رەزامەندی وەزیر، ئەگەر وەزیر رازی نەبوو ئەوە هەڵناوەشێتەوە، جا بۆیە پێویستی ئەو ٣/٢ نییە و، وشەی «بات» بۆیە لە بنەرەتدا لە پرۆژەکە نەمانووسی، چونکە لە پرۆژەکەدا هاتووە «الهيئه العامه» بواری راستکردنەوەی بریارمان دا، ئەگەر لایەنێک پێی رازی نەبوو، یا لایەنێک زیانی پێ بکەوێت، ئەویش بۆ بەرژەوەندی خەڵکییە و، ئەگەر «بات»ی بۆ زیاد کەن ئەوە هیچ زیانێکی نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائيل ننو بنيامين:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

أنا مع رأي «ثلثي الاعضاء» بما أنه منظمة وفيها جانب مادي فبإعتقادي إذا كان «ثلثي الاعضاء» سيكون أفضل من الاكثرية وذلك لسد الطريق أمام خلافات كثيرة ستحدث في

المنظمة، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام دەبێت ئەوە لە پێش چاو بگرین کەوا ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی جەماوەری نییە، کاک أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەبەر ئەوەی کارەکە چارەنووسیە چ بە نەمانی،یان یەکانگیری لەگەڵ ڕێکخراوێکی تردا لەم کاتەدا لەبری زۆرینە،یان زۆربە پێویست ئەکات ۳/۲ بێت، واتە «اکثریه» لەبەر ئەوەی چارەنووسییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێروان حیدری، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش لەگەڵ ئەوەدام کەوا بە ۳/۲بێت، چونکە هەڵوەشاندنەوەکە هەڵوەشاندنەوەیەکی قەزائی نییە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەیەکی ئیدارییە و پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە ڕووی داڕشتنەوە من هەندێ تێبینیم هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

ئینجا بڕیارەکەی حەقی هەیە تەمییزی بکا و لەوانەیە تەمییزیشی ناکا بە بڕیاری ڕەتکردنەوە ڕازی دەبی ڕێکخراوەکە بەردەوام دەبی،لێرە مەسەلە مزاوەلەی حەقە، مەرج نییە ئەو حەقە مومارەسە بکرێ، حەقی دەدەینێ کە ڕێکخراوەکە داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکا وەزیر ڕازی نابێ، کە ڕازی نەبوو حەزی لێ بێ بڕیارەکەی وەزیر بەرەفز خۆ نەبووە موافقە ئەگەر بموافقە بی ئەوە موتەفقن و هەڵدەوەشێتەوە، بە رفز حەزی لێ بی تمییزی دەکا حەزی لێ نەبێ تمییزی ناکا بەردەوام دەبێ لە ئیشی خۆی لەوانەیە وەزیر قەناعەتی پێ دەینێ لەوانەیە بڕیاری رفز بڕیارەکی مسبب دەبی بڕیارێکی ڕێک و پێک دەبی لەبەر ئەوە قەناعەتیان پێدێ لەبەر ئەوە دەقی ماددەکە زۆر زۆر جوان هاتیە بە ڕێک و پێکی هاتیە، ئەگەر لوتف بفەرموون سەرۆکی پەرلەمان بیداتە

دەنگدان بۆ ئەوەی برادەران رایەکی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز فوزیە خان،فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە وەکو لیژنەی رۆشنبیریی رای خۆمان داوە، بەڵام لێرە سێ چوار برادەر هەڵسان داوای ئەوە دەکەن ٣/٢ بێ، جا هەردوو بابەتەکە بخەنە دەنگدان بزانین کامەیان سەرئەگرێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو دەقەی لێرەدا هاتووە دەقێکی زۆر ڕێک وپێکە باوەڕ ناکەم پێویستی بە هیچ جۆرە گۆڕانکاریی و دەستکاریی هەبێت، یەکەمیان ئەمە ڕێکخراوێکی سیاسی نییە چارەنووساز بێت کە دوو لەسەر سێی پێویست بکا بە وە دەنگدان بکات، دوایی ئەگەر زۆرینەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە وەکو وترا بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن ئەگەر ئەوانە ئامادە نەبن ئیش بکەن لەگەڵ ڕێکخراوەکە خۆ ڕێکخراوەکە خۆی تووشی ئیفلیج بوون ئەبێ، واتە پێویست بەوە ئەکا دوایی لە پێنج کەسەکە چۆن ٣/٢ دەر ئەکەی هەر زۆرینەکەی ئەکاتە سێ بەرامبەر بە دووەکە لەبەر ئەوە دەقەکە زۆر بە ڕێک و پێکی هاتووە دووایش بڕیارەکە لە ئەساسدا دەگەڕێتەوە بۆ جەنابی وەزیر ئەبێ وەزیر بڕیاری لەسەر بدا ئایا ئەمە هەڵبوەشێتەوە یان هەڵنەوەشێتەوە بکرێ بە یەک یان نەکرێ لەبەر ئەوە بڕیارە ئەساسییەکە هەرچەندە لە خوارەوە دێ لە ڕێکخراوەکە دێ بەڵام بڕیارە ئەساسییەکە بە دەستی وەزیرە دوایش قابیلی(طعن)ە لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من ئەوە کە لێرە هاتبێ زۆر زۆر بە ڕێکوپێکی هاتووە لەبەر ئەوە وەکو خۆی چۆن لیژنەی یاسا پێشنیاری ئەکەن بەو شێوەیە بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێزد.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەکو دەق من هیچ تێبینیم لەسەر نییە تەنها ئەو(خلال خمسة عشر يومامن تأريخ صدوره) ئەگەر بڵێین(من تأريخ التبلغ به) چونکە مومکینە کاتێکی زۆری پێویست بێ وەکو ماددەی هەژدەهەم(بالضبط)(من تأريخ التبلغ به) هەتا کاتێکی زۆری پێ نەچێت فعلەن بڕیار بگات

چونکە لەوانەیە بڕیار نەگات دوا بکەوێت لەبەر ئەوە(من تأريخ التبلغ بە) هەر وەکو ماددەی هەژدەهەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە پێشنیاری خۆتان بخوێننەوە، ماددەی پانزەهەم.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة عشرة:

للمنظمة وبعد موافقة الوزير ان تقرر حل المنظمة او دمجها في منظمة اخرى ذات اهداف مماثلة بموافقة اكثرية اعضائها، ويكون قرار الوزير بالرفض قابلا للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال (١٥) يوماً من تاريخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددە پانزەهەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟ زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟ هەشت ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شانزەهەم.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة السادسة عشرة:**

يجوز حل المنظمة بقرار من محكمة بداءة محل المنظمة بعد اكتسابه درجة البتات بناءً على طلب يقدم من قبل الوزير او من يخوله وذلك في الحالات التالية:

١ـ اذا مضى على تأسيس المنظمة سنة واحدة ولم تباشر اعمالها المنصوص عليها في نظامها، ما لم يكن التوقف لاسباب قاهرة.

٢ـ اذا خالفت في نشاطاتها الاهداف التي نشأت من اجلها.

٣ـ اذا اصبحت المنظمة عاجزة عن الوفاء بتعهداتها والتزاماتها المالية والقانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە زۆر ئیعتیادیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین زۆر ڕێکوپێکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە؟.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە ڕامان وایە داڕشتنەکەی وا دابڕێژرێ وەکو(لوزير الداخلية أو من يخوله الطلب من محكمة البداءة بحل المنظمة في الحالات التالية)واتە هەر لەلایەنی زمانی چاک بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە هەمان مانای هەیە،تەنها لایەنی زمانییە. رای لیژنەی ڕۆشنبیریی؟

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهيم:**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ ڕاتان.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینیتان نییە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

نابێ بووترێ للوزير، چونکە مەسەلەکە مەسەلەی هەڵوەشانەوەیەو، دەدرێتە دادگاوە، ئەوە مەسەلەکی جەوازییە(يجوز حل المنظمة بقرار من المحكمة بناءاً على طلب يقدمه الوزير) لەبەر ئەوە نابی بڵێین(لوزير الداخلية) لەبەرئەوە دادگا دەتوانی تەماشای هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوەکە بکا ئەگەر وەزیر داوا بکا لەوانەی بڕیارەکەی مەعقولە یان مەعقول نییە بە بڕیاری دادگا بابەتەکە دیار دەبێ، لەبەر ئەوە دەقەکە زۆر زۆر ڕێکوپێکە،زۆر جوان هاتیەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین... دیارە کەس تێبینیی نییە لەسەر ماددە(١٦) تکایە ماددەی شانزەهەم دووبارە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة السادسة عشرة:**

يجوز حل المنظمة بقرار من محكمة بداءة محل المنظمة بعد اكتسابه درجة البتات بناءً على طلب يقدم من قبل الوزير او من يخوله وذلك في الحالات التالية:

١ـ اذا مضى على تأسيس المنظمة سنة واحدة ولم تباشر اعمالها المنصوص عليها في نظامها، ما لم يكن التوقف لاسباب قاهرة.

٢ـ اذا خالفت في نشاطاتها الأهداف التي نشأت من أجلها.

٣ـ اذا أصبحت المنظمة عاجزة عن الوفاء بتعهداتها والتزاماتها المالية والقانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددە شانزەهەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتی دەنگ ماددەی شانزەهەم وەرگیرا. ماددەی حەڤدەهەم.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة السابعة عشرة:**

اذا حلت المنظمة عين لها مصفي او اكثر يتم تعيينهم من قبل هيأتها ان كان الحل اختيارياً او محكمة بداءة موقع المنظمة ان كان الحل قضائياً وتقوم المحكمة المذكورة بإجراءات وضع اليد فوراً ريثما تجري التصفية القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان؟.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە زۆر ئیعتیادیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە پشتگیریی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیریی راتان؟.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە وای دەبینین ئەمە بکرێ بە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەوەی هەیە، بڕگەی دووەمیش بکرێت بە(يتم توزيع ممتلكات المنظمة وفقاً لنظامها الداخلي فان لم يوجد نص واضح في النظام حينئذ يجب تحويل اموال وممتلكات المنظمة المنحلة الى المنظمة أو المنظمات التي يكون غرضها هو الاقرب الى قانون هذه المنظمة أو أية جهة اخرى يعينها الوزير).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش هیچ تێبینیت هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە زۆر باش هاتیە،لای بەڕێزتان روونە کە دوو جۆرە هەڵوەشانەوە هەیە، یەکێکیان کە رێکخراوەکە خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە بە رەزامەندی وەزیر خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە کە خۆی هەڵوەشانەوە خۆی دوو مصفی تعیین دەکا بۆ تەصفییەی ئیش وکارەکانی دەکا، ئەگەر هاتوو هەڵوەشانەکە قضائی بوو دادگا موصفی دادەنێ لە هەردوو حالەتەکەش زۆر زۆر روونە تەصفیەی وەزعییەتی لەسەر دەکرێ و، تەصفییە دەکرێتن حتمەن کە تەصفییە دەکرێتن مەسەلە بەرژەوەندی گشتییە، کە بەرژەوەندی گشتیی بوو بۆ لایەکی دی ناڕوا واتە بڵێی ئەو پارەیە دەڕوا بۆ لایەکی دی، چونکە کە تەصفییە کرا معقول نییە پارەکە بۆ لایەکی تر بڕوا یان بۆ لایەنێکی تر بڕوا لە ئەساسەوە بەرژەوەندی گشتییە، کە بەرژەوەندی گشتیی بوو مانای وایە دەوڵەت تاکە لایەنەکە سوود لەم بابەتە وەردەگرێ ئەگەر هاتوو رێکخراوەکە نەما و رأسمالەک بۆی نەماوە شتێکی زۆر زۆر سروشتییە، ماددەکە زۆر باش هاتیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. بەڕێز کاک أحمد سالار، فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێویستە لە پێڕۆی ناوخۆی وە یاخود لە یاساکە دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە ئەوەی ئەمێنێتەوە کێ میراتگری ئەبێ؟ چونکە ئێمە زۆر نمونەی وامان هەبووە کۆمەڵەیەکی رۆشنبیریی بووە

دەستنیشان کراوە و،(ذات نفع عام) بووە دەستنیشان کراوە دوای نەمانی چ کەلوپەل و ممتلکاتی هەیە ببێ بە هی کتێبخانەی گشتی یان فلانە شوێن دەستنیشان کراوە، لەبەر ئەوەی کەسایەتیەکی مەعنەوی سەربەخۆی هەیە وەک لە ماددەی دوودا هاتووە، بۆیێ بۆی هەیە تەسەروف بکاو، دەستنیشانی ئەو لایەنە بکا کە میراتگری ئەبێ، لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تۆزێک وەکو غموضێک دێتە پێش چاوم لە دەقی ماددەکە، کە ئەڵێ(عین لها مصفي او اكثر يتم تعيينهم من قبل هيأتها ان كان الحل اختيارياً) أو(يعين لها مصفي من قبل محكمة بداءة موقع المنظمة) واتە ئەگەر بۆ ئەوەی زیاد بکرێ یان(بقرار من محكمة بداءة موقع المنظمة) ئیشارەتێک بکرێ چونکە تۆزێک غموضی تێدایە لەبەر چاوم ئەگەر ئیجازە بفەرموون لەوێ ئەگەر (بقرار)ێک یان(يعين لها مصفي من قبل محكمة بداءة موقع المنظمة) شتێکی وای بۆ زیاد بکرێ روون تر دەبێ لەپێش چاوم، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ئیشارەتەش راستە(من قبل هيأتها) نەک(من قبل هيآتها)، تێبینیتان هەیە لەسەر ئەو تێبینیانەی کە ئێستا پێشکەش کران؟فەرمووکاکەرەش.

**بەڕێزکاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە زۆر زۆر روونە، واتە ئەگەر هەڵوەشاوە دەستەکەی خۆی دادەنێ ئەگەر خۆی (حل)ی خۆی کرد ئەگەر دادگا هەڵیوەشاندەوە دادگا(مصفي) دادەنێ(إذا كان الحل اختيارياً أو محكمة بداءة موقع المنظمة) دەگەڕێتەوە بۆ کێ؟ دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی مصفی لەبەر ئەوە ئەگەر(اختیار)ی بوو دامەزراندنی مصفی دەستەی رێکخراوەکە دەیکا، ئەگەر هەڵوەشانەکە (قضائي) بوو دادگای(بداءة)ی مەوقعەکە دەیکات و، مەترسیش لەوەدا نییە واتە وا بزانم قاعیدەکی فقهییە واتە هەر تەصفییەک کە دەکرێ هەر شەریکەیەک ئەگەر میراتگرێکی شەرعی نەبێ ئەگەر خاوەنێکی دیاریکراوی نەبێ دەوڵەت خاوەنی کێشەکەیە ئەوە(تؤول الى الدولة) ئەوە قاعیدەکی فقهییە واتە مومکین نییە لە بۆ هیچ کەسێک بڕوا مەسەلەیەکی بەرژەوەندیی گشتی ئەگەر کەسێک(ادعاء)ێکی نەبی لەسەری و نەتوانی ئەوە بچەسپێنێ بە(مستمسكات) مانایی ئەوەیە(تؤول الى خزينة الدولة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک حاکم نەمر.

**بەڕێز نەمر کەچو:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە نسبەت هەڵوەشانەوەی ڕێکخراو ئەگەر هاتوو وەکو برادەران ئیشارەتیان پێدا، کەس نییە بدەنە کێ؟ یاسای کۆمەڵەکان چارەسەری کردووە، بدرێتە(أقرب منظمة مماثلة لها) واتە پێویست ناکا چونکە ئەمە قانوونێکی گشتیە ئەوە تایبەت نییە ئەگەر تایبەت نەبوو دەگەڕێتەوە بۆ گشتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکەی حاکم نەمر زۆر ووردەو لە شوێنی خۆیەتی. تکایە ماددەی حەڤدەهەم جارێکی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة السابعة عشرة:**

اذا حلت المنظمة عين لها مصفي او اكثر يتم تعيينهم من قبل هيأتها ان كان الحل اختيارياً او محكمة بداءة موقع المنظمة ان كان الحل قضائياً وتقوم المحكمة المذكورة بإجراءات وضع اليد فوراً ريثما تجري التصفية القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەڤدەهەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟ زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟ شەش ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن بە زۆرینەی دەنگ ماددەی حەڤدەهەم وەرگیرا. ماددەی هەژدەمین.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة الثامنة عشرة:**

تكون قرارات محكمة البداءة في الحالات المنصوص عليها في المادتين(١٦و ١٧) من هذا القانون قابلة للطعن فيها أمام الهيئة العامة لدى محكمة تمييز الاقليم خلال خمسة عشر يوماً من اليوم التالي لتأريخ التبلغ بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە ڕای ئێمە تەعدیلێک بکرێ باشە(تکون قرارات محكمة البداءة في الحالات المنصوص عليها في المادتين(١٦و ١٧) من هذا القانون قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال خمسة عشر يوماً من اليوم التالي لتأريخ التبلغ بها) .بۆ ئەوەی(انسجاما) لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە ئەویش(لدى محكمة التمييز) بوو ئێستا ئەوەش لە دادگای تەمییز بێ نەک لە دەستەی گشتی، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەو هەموارکردنی لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەو ڕای لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕۆشنبیریی؟.

**بەڕێزطاهر محمد إبراهیم:**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هیچ لاریمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... دیارە کەس تێبینیی نییە ،ماددەکە جارێکی تر بخوێنەوە بە پێشنیاری خۆتانەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة الثامنة عشرة:**

تكون قرارات محكمة البداءة في الحالات المنصوص عليها في المادتين(١٦و ١٧) من هذا القانون قابلة للطعن فيها لدى محكمة تمييز الاقليم خلال خمسة عشر يوماً من اليوم التالي لتأريخ التبلغ بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە مادده هەژدەمین بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتی دەنگ ماددەی هەژدەمین وەرگیرا. بۆ تەئکید ماددەی حەڤدەهەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا ماددەی هەژدەمین بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی نۆزدەهەمین.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة التاسعة عشرة:**

١ـ على المنظمات القائمة تعديل أوضاعها بما ينسجم وأحكام هذا القانون خلال ستة أشهر من تاريخ نفاذه.

٢ـ تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة(١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێنەوە بە عینوانەوە.

أحكام عامة.

**المادة التاسعة عشرة:**

١ـ على المنظمات القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم واحكام هذا القانون خلال ستة اشهر من تاريخ نفاذه.

٢ـ تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة(١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسای ڕاتان؟

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە ڕای ئێمە برگەی(١) بەو شێوەیە بێ کە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە

**المادة التاسعة عشرة:**

١ـ على المنظمات الكوردستانية والعراقية غير الحكومية القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم واحكام هذا القانون خلال ستة اشهر من تاريخ نفاذه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین وەکو خوێندیانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیریی ڕاتان.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمەش پشتگیریی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە... فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەر لە سەرەتای گفتوگۆکردنی ئەم پرۆژەیە پێم باشە ئەو هەموارکردنەی کە لیژنەی یاسایی دایناوە(علی المنظمات الکوردستانیة والعراقیة غیر الحکومیة) عراقییەکەی تیا بێ لەبەر ئەوەی کە لە ماددەی(٢٢) ئەڵێ (یتم تنظیم شوؤن المنظمات الاجنبیة المتواجدة) واتە ئەو رێکخراوانەی عیراقی کە هەن لەگەڵ بیانی نین لەبەر ئەوە ئەبێ ئەم بابەتە داخیل بکرێ زۆر لە بەرژەوەندی ئەمنی قەومیمانە و هەروەها لە بەرژەوەندی گەلەکەمانە چونکە هەندێ لەو رێکخراوانە ئیستیغلالی ئەو لایەنەیان کردووە خۆیان بزر ئەکەن لە نێوان بیانی و کوردستانی، لەبەر ئەوە من لەگەڵ لیژنەی یاساییم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کوردستان لە عێراق جیا نەبۆتەوە لەبەر ئەوە عیراقی بیانی نییە ئەمە یەک، دووەم لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە بەو هەموار کردنە واتە جەنابت هەموارکردنەکە پەسندی دەکەی، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە بە هەموارکردنەکەی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

أحكام عامة

**المادة التاسعة عشرة:**

١ـ على المنظمات الكوردستانية والعراقية غير الحكومية القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم وأحكام هذا القانون خلال ستة اشهر من تاريخ نفاذه.

٢ـ تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة(١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی نۆزدەهەمین بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتی دەنگ ماددەی نۆزدەهەمین وەرگیرا.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة العشرون:**

لوزير الداخلية مقاضاة المنظمة وفق احكام هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى اذا نفذت مشاريعها خلافاً لالتزاماتها واتفاقاتها المبرمة في داخل و خارج الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان؟.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لاریمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکە و تێبینی جەنابتانین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمەش پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشتنبیریی راتان.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

ئێمەش پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینیی هەیە لەسەر ماددەکە؟.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

(للوزير الداخلية) بکرێتە(لوزير).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بخوێننەوە لەگەڵ ئەو تەعدیلە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة العشرون:**

للوزير مقاضاة المنظمة وفق احكام هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى اذا نفذت مشاريعها خلافاً لالتزاماتها واتفاقاتها المبرمة في داخل و خارج الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیستەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتی دەنگ ماددەی بیستەم وەرگیرا. ماددەی بیست و یەک.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة الحادية والعشرون:**

للمنظمة فتح فروع لها في محافظات الاقليم أو خارجه بعد موافقة الوزير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان؟.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لاریمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عـــــبـــــدی سندی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکە و تێبینی جەنابتانین.
**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**
لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.
**بەڕێز حـــــمـــــید سلیم مـــــیـــــران:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئێمەش پشتگیریی لە دەقی ماددەکە دەکەین.
**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**
لیژنەی رۆشنبیریی راتان.
**بەڕێـز ظـاهـر مـــــحـــــمـــــد إبـراهـیم:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئێمە وا دەبینین(موافقة الوزیر) زیادەیە.
**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**
تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە بەڕێز کاک برهان جاف فەرموو.
**بـەڕێـــز بـــرهـــان عـــلـــی جـــــــــاف:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ماددەکە بە ڕای من پێشخستن و پاشخستنی پێویستە(للمنظمة وبعد موافقة الوزیرفتح فروع لها في محافظات الاقلیم او خارجه) زۆرسوپاس.
**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**
لیژنەی یاسایی، بەڕێز کاکە رەش فەرموو.
**بەڕێز کـــاکـــە رەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ماددەکە باش هاتییە و(موافقة الوزیر) زۆر زۆر پێویستە بە تایبەتی چونکە لە دەرەوەشی تێدایە، واتە لە دەرەوە معقول نییە لایەنێکی ئێمە ڕازی نەبێت لە هەمان کاتدا لقێک بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکە ڕێکخراوێکی کوردستانیە تەعامول لەگەڵ دەرەوە بکا فرعێک بکاتەوە با وەزیر بێ و، ئەو پێشخستن و پاشخستنی هیچی لێی ناگۆڕی زۆر باش هاتییە للمنظمة باعتبار یەکەم جار حەق بدرێتە ڕێکخراوەکە لقێک بکاتەوە(وبموافقة الوزیر) لەبەر ئەوە پێی ناوێ

سەرەتا بلێی(وبموافقة الوزير) با ڕێکخراوەکە مومارەسەی حق بکا بەس (بموافقة الوزير) لەبەر ئەوەی دەقی ماددەکە زۆر زۆر جوان هاتییە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة الحادية والعشرون:**

للمنظمة فتح فروع لها في محافظات الاقليم او خارجه بعد موافقة الوزير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و یەک بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... یەک دەنگ پەسندی نەکرد بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا. باشە ئەوەی پەسندی نەکرد، پەسندی ماددەکە ناکا یان پەسندی پاش و پێشی ناکا، چونکە پاش و پێشەکە هیچ لە ماددەکە ناگۆڕێ .فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من ووتم پاش و پێشی ماددەکە بوو(للمنظة وبعد موافقة الوزير) بۆ لایەنی داڕشتنەکە بوو بۆ ناوەڕۆکی ماددەکە نەبوو، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە فەرموو ماددەی بیست و دوو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة الثانية والعشرون:**

يتم تنظيم شؤون المنظمات الحكومية الاجنبية المتواجدة في الاقليم بقانون خاص أو بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان؟.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لاریمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی ڕاتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکە و تێبینی جەنابتانین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ڕاتان؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمەش پشتگیریی لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ڕۆشنبیریی ڕاتان؟.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هیچ تێبینییمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بە گشتی پرسیار دەکەم چۆن تێبینییتان نییە لەسەر ماددەکە یان لەسەر یاساکە، یان بە قانون یان بە نیزام چۆن ئەبێ قانون ئەڵێ دەبێ وا بکرێ، فەرموو کاک إبراهیم سعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەمە پرۆژەی قانونی ڕێکخراوی غەیرە حکومی کوردستانیە نازانم بۆچی ئەم ماددەیە لێرە هەبێت کە پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکانی بیانیی هەیە دەڵێین لە پاشەڕۆژدا بە قانون یان بە نیزام بۆیان دەربێت وجودی بۆ چییە واتە چ پەیوەندییەکی بەم بابەتەوە هەیە لەبەر ئەوەی هەر نیبازمان وایە قانونەکی بۆ دەربکەین یان نیزامەک بۆی دەربچێت بڕوا ناکەم چ مانایەکی تێدابێتن وجودی ئەم ماددەیە لەم قانونەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ڕاستە، لیژنەی یاسایی ئەگەر هیچ تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە بە پێویست دەزانین بە ڕاستی، لەبەر چی بە پێویستی دەزانین؟ چونکە(قانون

الجمعيات)مان كه تەشريع كرد دەقێكمان دانا گوتمان جمعياتی كوردستانی به ياسايەكی تايبەت چارەسەر دەكرێ رێكخراومان هەيە غەيری كوردستانيە لێرە ئيش دەكەن كه ئيش دەكەن دەبێ ياسايەک هەبێ چارەسەری كێشەكەيان بكا، ئێستا ئێمە بابەتەكه به گوێرەی ئەو ماددەيە تەرک كردووە بۆ ئەنجومەنی وەزيران، ئەگەر ئەنجومەنی وەزيران پرۆژەكی نارد پرۆژەكی ياسايی و، لێرە گفتوگۆ دەكرێ و برادەران و ئەندامانی بەڕێز بڕياری لەسەر دەدەن و قسەی لەسەر دەكرێ و، ئەگەر پێيان مەعقول بوو به شتێكی كورت به نيزامەک چارەسەر دەكرێ هەر وەكو خۆيان دەسەڵاتی دەركردنی ئەنزيمەيان هەيه به نيزامەک چارەسەری بابەتی رێكخراوەكان دەكا، لەبەر ئەوە ئيشارەت پێدانی پێويستە نەوەكو ئەو رێكخراوە بيبيانيانەی كه لێرە ئيش دەكەن بڵێن ئەو ياسايە دەيانگرێتەوەو موراجەعە بكەن و ئيلتيباسەک دروست بكات هەروەک بۆ كوردستانييەكان ياسا دەرچوو بۆ ئەوانيش پێويستە نيزامەک يانيش ياسايەكی تايبەت دەربچێ بۆ ئەوەی ئيش وكارەكانيان رێک وپێک بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاک فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

صياغەتی مادده به شێوەيەكی وا هاتووە ترديدی تێدايه له نێوان دوو حاڵەت: نيزام يان ياسا، به ڕای من له دوو شت نابێ ترديد بكرێت، يەک له بڕيارەكانی دادگاكان، دوو له ياساكان، دەبێ حەسم بكرێت يان ياسا ياخود نيزام بۆ ئاسان كردن لەوانەيه ئەگەر نيزام بێت باشترە زووتر دەرئەچێت بارو دۆخێكی كاتيە لەوانەيە باشتر بێتە چارەسەر كردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزيری پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزيز طيب/وەزيری پەروەردە.**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

منيش تەئيدی قسەكانی كاک فرست دەكەم به تەقديری من، چونكه قانون ئەوەندە هەر يەكێ گرێ دای وڵاتی خۆيەو، هەريەكە طبيعەتی كاری تايبەتی خۆی هەيه زۆر زۆر زەحمەتە تۆ تەقيد كەی به قانونێكی كوردستانی واتە عەمەليييەكە ئاسان نييە چونكه رێكخراوەكان زۆرن و هەريەكە طبيعەتی كاری جياوازە ئەو كاتە ئەگەر ئێمە ياسايەک دەربكەين كارەكەی تەقييد ئەكەين و لەوانەيە وای لێ بكەين هەندێک رێكخراو دێنە كوردستان ئێمەش هەردەم دەبێ هانی رێكخراوەكان بدەين هەر چەند له كوردستان زۆر بن بۆ كێشەی ئێمە باشترە، به ڕای من ئێمە با دەسەڵات بدەينە ئەنجومەنی وەزيران به نيزام تەعامول لەگەڵ رێكخراوەكان بكات رێكخراوە بيانيەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم یاسایە لە لایەن خودی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە دەقەکەشی پێم وایە دوای ئەوەی کەوا ئەو تێبینییە پیشان درا زۆر رێک وپێک دەرئەچێ لە جیاتی تەنها یاسایەکە لابدرێ وبکرێ بە(يتم تنظيم المنظمات المتواجدة في الاقليم بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء) واتە بە نیزام بێ باشترە ئەگەر پێویستی کرد ئەو کاتە یاسا دەربچێت، بەڵام ئێستا نیزامەکەی بەسە، هەروەکو چۆن جەنابی وەزیری پەروەردە ئەو پێشنیارەی کرد ببورن جەنابی سکرتێری پەرلەمان پێشنیاری کرد بەو شێوەیە بێ زۆر زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر مەسەلەی نیزام یان یاسا، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشيد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی بوونی ئەم ماددەیە گرنگە بە رای منیش قانونی ئەنجومەنی وەزیرانیش زیاتر پەرلەمان دەری دەکات بە نیزامی تایبەت دەردەچێت، بەڕای من ماددەکەشی بۆ دیاری بکرێ چونکە ئەم کێشانە زۆر لە یاساکان دوادەخرێ و،ئێستا هەندێک یاسامان هەیە ئەو ئیشارەتانەمان بۆی کردووە ئەوە هەشت ساڵە لە پەرلەمان نۆ ساڵە هەتا ئێستا قانوونمان دەرنەکردووە یان نیزاممان دەرنەکردووە لەبەر ئەوە من لە ماوەی شەش مانگ بە مەعقولی دەزانم کە ئەنجومەنی وەزیران کێشەی رێکخراوەکانی بیانیش چارەسەر بکا بە مرونەتیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە پێویستە، یا یاساییە، یا نیزامە، شتی لاوەکی بۆ نەدۆزرێتەوە، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم«د.رزگار»:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم بابەتە زۆر باس کرا، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی مرۆڤایەتی و لەگەڵ رێکخراوە بیانییەکانیشدا زۆر دانیشتنمان کردووە وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان، ئەوان زۆر بە پێویستیان دەزانی کەوا یاسایەک دەرچێت بۆ رێکخستنی کاری رێکخراوە بیانییەکان و، ئەم یاسایە ئازادییەکی بێ سنوور بداتە ئەوان ئەگەر مرونەتیش بێت، تەجاوب لەگەڵ بارودۆخی ئەوان بکات، جا رای هەموویان ئەوەیە کە یاسایەکی کراوە دەرکرێت بۆ هاوکاری کردنی ئەوان و، ئیشی ئەوان ئاسان تر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەکاتی گفتوگۆ کردندا زۆر شت دەردەکەوێت، بەڵام لە رووی عەمەلییەوە چ یاسا بێت، یا نیزام هیچی جێبەجێ ناکرێت، رێکخراوێکی بیانی بارەگای سەرەکی لە دەرەوەیە و، لقێکی لێرەیە ئێمە چۆن دەتوانین بەسەر ئەو رێکخراوەدا یاسا بسەپێنین و، چۆن دەتوانین نیزامی بەسەردا فەرز بکەین، من لەگەڵ ئەو دەقەدا نیم، جا چ بە یاسا و چ بە نیزام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیان من بۆتی روون دەکەمەوە، مەبەست ئەوە نییە کە ئەو رێکخراوە بیانییانە بە پێی ئەو یاسا و نیزامەی کە ئێمە دایدەنێین ئیش بکەن، بەڵکو بەسەر رێکخراوەکانی خۆماندا جێبەجێی دەکەین، بەڵام پێویستە هەندێ لایەنی ئیشیان لێرە رێکبخرێت، نەک لایەنی مەرکەزییان، بۆ نموونە لێرە چۆن ئیش ئەکات، یا چۆن دەور و تەسلیم ئەکات، یا چۆن هەڵسووکەوت بە پارە ئەکات، ئەم شتانە بە نیزام رێکخستنی ئاسان ترە، چونکە بە نیزام ئەتوانین لەگەڵ رێکخراوەکاندا دانیشی و کۆبوونەوەشیان لەگەڵدا بکەین و نیزامێکی وایان بۆ دانەین کە ئیشەکەشیان ئاسان بکات و، لە هەمان کاتیشدا کارەکانیان رێک بخات، بەڕێز کاک إبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تێبینییەکەی کاک شێروان لە جێی خۆیەتی، چونکە ئەگەر رێکخراوێک مەرکەزی لە دەرەوە بێت و، لقێکی لێرە بێت ئێمە ناتوانین چارەسەری بکەین، بەڵام ئامانج لە دانانی ئەو ماددەیە مەبەستی رێکخراوی بیانی نییە کە لێرە ئیش دەکەن، چونکە یاسایەک، یا نیزامێک بۆ رێکخراوی بیانی دابنین، پێویست ناکات لە میانی ئەم یاسایەدا داینێین، چونکە ئەو رێکخراوە ناحکومیانە دەسەڵاتیان هەیە کەوا لق بکەنەوە لە دەرەوەی کوردستان، ئەو لقانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دادەمەزرێن ئەگەر لەگەڵ ئەو رێکخراوە ناحکومیانەی کە لە دەرەوەن رێککەوەن بۆ ئەوەی هاوکاری کوردستان بکەن، وابزانم ئەم نیزامە ئەگەر بۆ ئەوانە ئەوە جائیزە، بەڵام ئەگەر بۆ رێکخراوە بیانییەکانە کە ناحکومین، یان سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانن ئەوانەی کە لێرە ئیش دەکەن لە میانی ئەو یاسایەدا یاساو نیزامیان بۆ دەرکەین جێگای خۆی نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.إدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بەو ڕێکخراوە خێرخوازانەی کە لێرە لە کوردستان ئیش ئەکەن زۆر پێویستە کەوا کاروباریان ڕێکبخرێت، من وا پێشنیار دەکەم (یتم تنظیم شؤون المنظمات الاجنبیة المتواجدة في الاقلیم من قبل رئاسة مجلس الوزراء) هەندێ جار ڕێنمایی دەردەچێت بۆ ڕێکخستنی کاروباریان، مەرج نییە یاسایەک، یا نیزامێکیان بۆ دەرچێت، با بۆ ئەم قۆناغە بەم شێوەیە بێت، پاشان ئەگەر گەیشتنە قەناعەت ئەوە یاسا، یا نیزامێکیان با بۆ دەرچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی ئەو بۆچوونەی کەبەڕێز جەنابی سکرتێر بۆی چوو، ڕاستە دەبێت یەکێکیان دیاری بکرێت، بەرای ئێمەش هەر وەکو جەنابی وەزیری پەروەردە بۆی چوو نیزام ئاسان ترە، چونکە مرونەتی زیاترە و دەتوانرێ گۆڕانکاریی تیادا بکرێت و، هەرکاتێ هەستیان کرد بە بوونی کێشەیەک لە ڕێکخراوێک دەتوانن بیگۆڕن، بەڵام نیزام هەر ئەبێت هەبێت، ئەو بەڕێزانەی کە دەڵێن ڕێکخراوێک بارەگای سەرەکی لە دەرەوە بێت چۆن یاسا و نیزامی بەسەردا دەسەپێنرێت، هەر لقێک لە هەر جێگایەک ئیش بکات ئەبێتە بنکەی سەرەکی سەبارەت بەو ڕێکخراوە لە و جێگایەدا، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت وەکو بنکەی سەرەکی، لێرەش ئامانجی ڕێکخراوەکان ئامانجێکی مرۆییە و، ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان پەیوەندییەکی تایبەتی خۆیان هەیە بە مەرکەزی خۆیانەوە و، پەیوەندییان بەو ڕێکخراوانەوە نییە کە ناحکومین و خێرخوازن ولێرەدا کار دەکەن، ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری «٩٨٦» لێرەدا ئیش دەکەن، بەڵام ئەوانی تر ڕێکخراوی بیانی خێرخوازن، چەند کەسێکی بیانی ڕێکخراوێکی خێرخوازیان دامەزراندووە و هاتوونەتە کوردستان و ئەیانەوێت خزمەت بکەن، نیزام تەنها بۆ مرونەتی ئیشوکاری ئەوانە و بۆ پاراستنی ئەوانە، ئەبێت وەزارەتی ناوخۆ زیاتر ئاگاداری ئەوان بێت و، ئەوانیش زیاتر خارعی نیزامن، ئەگەر بۆچوونی ئێمە وابێت کە ناتوانین یاسایان بەسەردا بسەپێنین و، لە خەڵکی ئێمە زیاتر پابەندی یاساکە دەبن کە بزانن لە وڵاتێک یاسا ڕەچاو دەکرێت، لەبەر ئەوە ئەو دەقەی کە هاتووە زۆر پێویستە و، ئەگەر جەنابی سەرۆک بوارم پێ ببەخشێ دەقەکە بخوێنمەوە ولەوانەشە مەبەستەکە بپێکی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز عـــبـــدالكريم سنجـــاری/وەزیری نـاوخـــۆ:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە رای من وشەی «غير الحكوميە» بخرێتە سەر «يتم تنظيم شؤون المنظمات الاجنبيە»، دووەم من پشـتگیـریی لە رایەکـەی کـاک فـرست و ئەندامـان دەکـەم کـە بکرێت بە نیـزام و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچێت، بەراستی ئەگەر یاسا بێت، یاسا تەقییدمان دەکات و هەندێ جار تووشی شـەرمەندەییمـان دەکات و، ئێمە وەکـو حکومـەت ناتوانین دەسکاریی یاسا بکەین بەبێ رەزامەندیی پەرلەمان، کە ئەویش دەبێت پرۆژەیەک بنووسرێت بۆ پەرلەمان و تا دەچێت و دێتەوە چەند مـانگێکی پێ دەچێت، واتە رۆتینێکی زۆر گـەورەمـان بۆ دروست دەکـات، بەڵام ئەگـەر پرۆژەی نیزام بێت و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت ئیشمان ئاسان تر دەکات، سروشتی کاری ئەم رێکخـراوانەش لە یەکتـر جیـاوازن، یەکـێکیـان هاوکـاری منداڵان دەکـات، ئەویتـر خـەریکی دروست کردنی قـوتابخانەو ئەو جۆرە شتانەیە، واتە کاری ئەمانیش جیاوازە، بۆیە ئەگەر بە نیزام بێت بۆ ئێمە ئاسانترە، بەراستی ئێمە وەکو حکومەت تووشی کێشە بووینە لەگەڵ رێکخراوەکان، رێکخـراوێک دێت دەیەوێت بنکەیەکی تەندروسـتی دروست بکات، ئەبێت ئەو رێکخـراوە بێت لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی هەمئـاهەنگی بکات، کە ئەو بـنکە تەندروستـییـە لە کوێ دروست بکـات، رێکخـراو هەیە بنکەی تەندروسـتی و قـوتابخـانەی دروست کـردووە لە جـێگایەک کـە پێویستی پێ نەبووە، بۆیە بەرای من بە نیزام دیاری بکرێت باشترە لە یاسا، سوپاس.

**بـەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش ماددەی «٢٢» بخوێنەرەوە تکایە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

المادة الثانية والعشرون:

يتم تنظيم شؤون المنظمات الانسانية غير الحكومية الاجنبية المتواجدة في الاقليم بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

المادة الثانية والعشرون:

يتم تنظيم شؤون المنظمات الانسانية غير الحكومية الاجنبية المتواجدة في الاقليم بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم ماددەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس..

کێ پەسەندی ناکات؟ تەنها یەک دەنگ پەسەندی ناکات، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «٢٣» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثالثة والعشرون:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە. ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی دەنگ ماددەی «٢٣» پەسەند کرا، ماددەی «٢٤» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة والعشرون:

لوزير الداخلية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، کێ ئەم ماددەیە پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ ماددەی «٢٤» پەسەند کرا، ماددەی «٢٥» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة والعشرون:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، کێ ئەم ماددەیە پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ ماددەی «٢٥» پەسەند کرا، ماددەی «٢٦» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة السادسة والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، کێ ئەم ماددەیە پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ ماددەی «٢٦» پەسەند کرا، «الاسباب

الموجبة» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

الاسباب الموجبة

من مقتضيات مصلحة شعبنا و حقوقه المشروعة في ان تكون له منظمات في مجال الاغاثة والاعمار وخاصة في المرحلة التي تمر بها تجربتنا الديمقراطية وبغية افساح المجال للمنظمات الكوردستانية للمساهمة من خلال تقديم خدمات ومشاريع ومساعدات لبناء الاقتصاد الوطني وللاستفادة من خبرات وطاقات كافة شرائح المجتمع وبناءاً على ما تقدم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەموو پرۆژەکە دەخەینە دەنگدانەوە، پرۆژەی یاسای ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ ئاوەدان کردنەوە و فریاکەوتن، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لە گەڵ هەموو یاساکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس.. کێ هەموو یاساکە پەسەند ناکات؟. یاساکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاسی هاوکاری هەموو لایەکتان دەکەم، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین و، دانیشتنی داهاتوومان سبەی کات «١٠»یە، سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٠)**

چوار شـەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/٢٤

خولی دووەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٠)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١٠/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١٠/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە دە)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە دە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١٠/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١- خستنەڕوو گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩کە پێشنیارکراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.
٢- خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی پزیشکی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە پێشنیارکراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین.
بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێک هاتووە:
یەکەم: خستنەڕوو گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩کە پێشنیارکراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.
دووەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی پزیشکی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە پێشنیارکراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.
بەڕێزان بۆئەوەی دەست بەکار بین بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە. تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسا دەکەم بێتە سەر مینەسە. هەروەها بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی و ئەندامێکی لیژنەی دارایی و

لیژنەی ناوخۆ.
بەڕێز کاک د. ناصح هیچ تێبینییتان هەبوو؟.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی جەنابی وەزیری ناوخۆ لێرە نییە پێم باشە کە خاڵی یەکەم دوابخرێت تا ئەویش ئامادەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زانیاریتان هەیە کە نایەت؟.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئێستا نەهاتووە، پێشنیار دەکەم خاڵەکە دوابخرێت بۆ ڕۆژێکی دواتر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە. ئەم خاڵە دوادەخەین پێویستە بۆ ئەم مەسەلەیە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئامادە بێت.
خاڵی دووەمی بەرنامەی کاروبارمان، خستنەڕوو و گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی پزیشکی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە. پێمان باشە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەلایەتیش بفەرمووێتە ئێرە هەروەها ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی بالا. لیژنەی یاسا تکایە رای خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز کاک ەرش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی رای لیژنەی یاسا لەبابەت پرۆژەی یاسای (الطب العدلي) دەخوێنمەوە.

الى/رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم
م/رأي اللجنة

اشارة الى كتابكم المرقم(ك/٦٥) في ٢٠٠١/٩/٢٤
اجتمعت اللجنة القانونية للنظر في مشروع القانون الخاص بالطبابة العدلية وبعد دراسته ومناقشته وتبادل وجهات النظر والاتصال بالخبراء وذوي العلاقة توصلنا بالاجماع الى الرأي أدناه:

١ـ نوافق على ماجاء في المشروع مع الملاحظات التالية.
٢ـ اعادة صياغة المادة السادسة وصياغتها كالآتي(يخول الوزير صلاحية تحويل الطبابات العدلية في المحافظات الى مديرية الطبابة العدلية في المحافظة عند الاقتضاء.
٣ـ اضافة كلمة (متفرغ)الى نهاية الفقرة(اولاً)من المادة (٢٩) من المشروع.
٤ـ كتابة ديباجة المشروع لافتقاره اليها وكالآتي:

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تاريخ القرار:

قرار

«استناداً الى احكام الفقرة(ا) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الاتي»:

قانون رقم( )قانون الطب العدلي
لاقليم كوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
رای لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

م/رأي اللجنة

كتابكم المرقم(ك/٦٥)في ٢٤/٩/٢٠٠١
اجتمعت لجنة الشؤون الداخلية في پرلمان كوردستان اليوم لغرض دراسة ومناقشة مشروع قانون الطب العدلي...

ان لجنة الشؤون الداخلية ترى ان تشريع هذا القانون من الضرورات الملحة التي يجب وضعها موضع التنفيذ لغرض ابداء الرأي الطبي والعلمي على مختلف المسائل التي تطرح على الطبابة العدلية لأن هذا الرأي يكون عاملاً مساعداً في تطبيق القانون وبالشكل الصحيح ويحقق العدالة وكذلك يؤدي تشريع القانون الى تهيئة كوادر متخصصة في هذا الحقل الحيوي.

مع التقدير

حسين علي كمال

رئيس لجنة الشؤون الداخلية

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. تكایە ڕاپۆرتەكان بە وردی بخوێننەوە بۆئەوەی لە تەسجیلەكە باش وەربگیرێت تاوەكو لە پرۆتۆكۆلەكانەوە هەڵەی تێدا نەكرێت.

لیژنەی كاروباری دارایی و ئابووری ڕاتان تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوكە ڕاپۆرتا لیژنا دارایی و ئابووری دەخوێنمەوە.

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان - اربيل

لجنة الشؤون المالية والاقتصادية

العدد ج/ ٢٤

التاريخ ٢٣/١٠/٢٠٠١

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ مشروع قانون الطبابة العدلية

تحية واحتراماً

كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم (٥٦٨)في ٢٣/٧/٢٠٠١ والمرفق به مشروع قانون الطب العدلي لاقليم كوردستان العراق والمحال الينا من قبلكم..

إجتمعت لجنتنا يومي الاثنين والثلاثاء الموافقين ٢٢ و٢٣/١٠/٢٠٠١ لدراسته ومناقشته وابداء التوصيات اللازمة بشأنه وكالآتي:

١- الديباجة غير موجودة ومن الضروري درجها:

٢ـ المادة السابعة: من الضروري ان يكون التسلسل الابجدي صحيحاً حيث لاتوجد الفقرة (د)بعد الفقرة (جـ).
أما الفقرة (هـ) احلال كلمة (رئيس)قبل كلمة(المجلس)وتقرأ(يختاره رئيس المجلس).
أما الفقرة(و)من نفس المادة ان تقرأ كالآتي(حاكم من محكمة الجنايات لايقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً).
٣ـ المادة السابعة: ـ ثانياً ـ جعل المدة شهراً واحداً بدلاً من ثلاثة أشهر.
٤ـ المادة الثامنة: الفقرة(ثانياً) اضافة عبارة (والحسابات الختامية)وتقرأ كالآتي:
(اعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية للمعهد والطبابات التابعة له).
٥ـ المادة السادسة والعشرون: اضافة العبارة التالية الى نهاية المادة وكالآتي:
(المنصوص عليها في البند(أ)من الفقرة (خامساً)من المادة(١٠١)من قانون الصحة العامة رقم(٨٩)لسنة ١٩٨١.
٦ـ المادة التاسعة والعشرون: تغيير المبالغ في الفقرات اولاً وثانياً وثالثاً ورابعاً الى المبالغ المدرجة ادناه وحسب التسلسل المذكور اعلاه:
(٢٠٠٠)دينار ـ (١٠٠٠)دينار ـ (٥٠٠)دينار ـ (٢٥٠)دينار.
٧ـ اضافة مادة بعد المادة (٣٠) تنص بـ(لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون).
هذا ولكم الامر.

مع فائق التقدير والاحترام

جميل عبدي سندي
رئيس لجنة الشؤون المالية والاقتصادية

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
رای لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی تکایە.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
کوردستان ـ هەولێر
لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی
ژمار/ ٢٢
بەروار: ٧/١٠/٢٠٠١

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

بابەت/وەڵامی پرۆژە

نوسراوتان ژمارە (ک/٨٥) لە رۆژی (٢٠٠١/٩/٢٤) سەبارەت بە پرۆژەی (یاسای پزیشکی داد)... لیژنەکەمان لە رۆژی(٢٠٠١/١٠/٦) کۆبۆوە بە مەبەستی وانە کردن و لێکۆڵینەوەی، ئەمەی خوارەوە ئاکامی کۆبوونەوەکەیە لەسەر پرۆژەکە بفەرمون.

لەگەڵ رێزماندا

شەفیق امین محمد

سەرۆکی لیژنە

رای لیژنەکەمان ئەوەیە:

مادە(١): لە (الوزارة): وشەی اقلیم زیادەیە.

مادە(٢): وشەی (المساعدة العدالة)زیادەیە.

مادە(٢٩): اولاً: وشەی(للمتفرغین)زێدە بکرێ لە کۆتایی رستەکە.

ثالثاً: مخصصاتی مەقتوعە کە لێرە نووسراوە بۆ ئەندامانی معاون طبی و ئەوانەی کە ئیش دەکەن لەم بوارەدا لە هەزار دینارەوە بکرێت بە (١٥٠٠) دینار.

لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شەفیق تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە، چۆن نووسراوە وا بیخوێنەوە، چونکە دەچێتە ناو پرۆتۆکۆل. هەر لەیەکەمەوە.

**بەڕێز شەفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

بابەت/وەڵامی پرۆژە

نوسراوتان ژمارە (ک/٨٥) لە رۆژی (٢٠٠١/٩/٢٤) سەبارەت بە پرۆژەی (یاسای پزیشکی داد)... لیژنەکەمان لە رۆژی(٢٠٠١/١٠/٦) کۆبۆوە بە مەبەستی وانە کردن و لێکۆڵینەوەی، ئەمەی خوارەوە ئاکامی کۆبوونەوەکەیە لەسەر پرۆژەکە بفەرمون.

لەگەڵ رێزماندا

شەفیق امین محمد

سەرۆکی لیژنە

رای لیژنەکەمان ئەوەیە:

ماده(١): له (الوزارة): ووشەی اقلیم زیادەیه.
ماده(٢): وشەی (لمساعدة العدالة)زیادەیه.
مـــاده(٢٩): اولاً: وشەی(للمتفرغین)زێده بکرێ له کۆتایی رستەکه. چونکه ئێمه دوو جۆره دکتۆرمان هەنه.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تکایه بیخوێنەوه چۆنتان نووسیوه وا بیخوێنەوه.

**بەڕێز شـــفـــیـق امین مـــحـــمـــد:**

ثالثاً: بکرێ به مخصصات مقطوعه قدرها (١٥٠٠) دینار (شهریا ألی الخ). لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تکایه چۆنتـان بۆ ئێمـه نووسیوه وا بخوێنرێتەوه، چونکه دەچێتـه ناو پرۆتۆکۆل نەک شروحاتی بخەنه سەر، زۆر سوپاس.
ڕای لیژنەی پەروەردەو کاروباری فێرکردنی باڵا تکایه.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بسم الله الرحمن الرحیم
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان
ب/وەڵام وڕای لیژنەکەمان

نوسراوتان ژماره(ک/٦٥)له ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٢٤
سەبارەت بەپڕۆژەی (یاسـای پزیشکی داد) لیـژنەکـەمـان له ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٢٠ کـۆبۆوه بۆ خوێندنەوەو پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی یەکه یەکەی خاڵەکانی پڕۆژەکه. ئەم تێبینییـانەی خوارەوەمان هەیه لەسەر دەقی پڕۆژەکه:
١ـ له ماددەی(١) له: الوزاره: له کـۆتایی رستەکـه وشەی للاقلیم بکرێ به(لاقلیم کوردستان العراق).
له: الوزیر: هەر بەهەمان شێوەی پێشوو.
هەروەها ئەم وشەیه زیاد بکرێ وبەم شێوەیه پێناسه بکرێ:
المعهد: معهد الطب العدلي في اقليم كوردستان العراق.

٢ـ له ماددەی(٢): پێشنیار دەکەین ئەم مادەیە بەم شێوەیە بنووسرێ:
يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الطب العدلي ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه وتطوير مهامه لخدمة العدالة في الاقليم.
٣ـ له ماددەی(٣): ووشەی(هذا) بخرێتە دوای (اهداف).
٤ـ ماددەی (٥): ووشەی (من) بخرێتە جێی (کمایأتی):
له (ثانياً): ئەم رستەیە ـ بمعهد الطب العدلی ـ بکرێ بە(بالمعهد).
٥ـ ماددەی(٦): ئێمەش لەگەڵ رای لیژنەی یاساین کە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە:ـ
يخول الوزير صلاحية تحويل الطبابة العدلية في المحافظات الى مديرية الطبابة العدلية.
٦ـ له ماددەی(٧): له (اولاً ـ أـ معهد الطب العدلي) بکرێ بە (المعهد.. ).
له ثالثاً: وشەی یەکەم(للمجلس...)بکرێ بە(لمجلس المعهد...).
٧ـ ماددەی(٩): له رستەی یەکەمەوە (معهد الطب العدلی)بکرێ بە(المعهد)... هەروەها دوازدە ساڵەکە بکرێ بە(١٠)ساڵ.
٨ـ ماددەی(١٠): له اولاً: ـ أـ (معهد الطب العدلي)بکرێ بە(المعهد)..
ب ـ (المجلس)بکرێ بە(مجلس المعهد).
٩ـ ماددەی(١١)له ثالثاً : (ويرأسه اختصاصي)ی بۆ زیاد بکرێ.
له خامساً: (ويرأسه اختصاصي)ی بۆ زیاد بکرێ.
١٠ـ ماددەی(١٢): للوزير (بتعليمات يصدرها)بکرێ بە(اصدار تعليمات لـ ...)
هەروەها پێشنیار دەکەین کە ئەو(تعليمات)ـە بەم شێوەیەی خوارەوە بکرێ بە سێ خاڵ لەجیاتی دوو..
اولاً: تحديد اختصاصات الاقسام.
ثانياً: استحداث اقسام جديدة في المعهد والطبابات العدلية.
ثالثاً: تحديد شروط وواجبات العاملين في المعهد والطبابات العدلية.
١١ـ ماددەی(١٤): وای بەباش دەزانین بەم شێوەیە بنوسرێتەوە:
يعتبر طبيباً عدلياً كل من يحمل لقب الاختصاصي في الطب العدلي او طبيب له ممارسة فعلية متواصلة بالطبابة العدلية مدة لاتقل عن ثلاث سنوات او طبيب اجتاز بنجاح دورة تدريبية في المعهد الطبي لاتقل مدتها عن سنة تقويمية.
١٢ـ له ماددەی(١٥): له ثانياً: ووشەی(سرياً) زیاد بکرێ و، بخرێتە دوای(عدلياً)...
هەروەها داوا دەکەین برگەی (ثالثاً) هەڵبگیرێ چونکە زیادەیە و ئەو وشەیە(سرياً) کە لە برگەی پێشتر زیادمان کرد جێی دەگرێتەوە.
١٣ـ له ماددەی(١٨): له کۆتایی ماددەکە وشەی(الطبي )زیادەیە.
١٤ـ ماددەی(٢١): له اولاً: وا پێشنیار دەکەین کە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە:

تشريح الجثة أو تسليمها بدون تشريح يكون بقرار مسبب من قاضي التحقيق.
١٥ـ ماددەی(٢٣): ئەم ووشەیە(السارية) زیاد بکرێت لە دوای ووشەی(الدولية)..
١٦ـ ماددەی(٢٩): لە اولاً: ووشەی(المتفرغين)زیاد بکرێت لە کۆتایی برگەکە..
لەگەڵ ڕێزماندا

د.ناصح غفور رمضان
سەرۆکی لیژنە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت پرۆتۆکۆلەوە تکایە ئەو نووسراوانەی بۆ سەرۆکایەتی هاتووە ئەوانە تسبیت بکرێت، نەک بەو شێوەیەی خوێنرایەوە، چونکە خوێندنەوەکان ڕێک نەبوون.

بەڕێزان ئێستا ماددە بە ماددە دەست پێ دەکەین. ئەگەر بەڕێزان نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران هیچ تێبینییەکیان هەیە پێش ئەوەی دەست بە ماددەکان بکەین.

لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە کە ئیعتیادی پێش ماددەکان دەکەوێت با پێشان دیباجەکە بخوێننەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەست پێ بکەیت بەخێرهاتنی بەڕیزان وەزیری دادو وەزیری تەندروستی و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم حاکم نمر دەکەم.

فەرموو دیباجەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیباجەی پێشەوەی پرۆژەکە بەم شێوەیەیە:
بسم الله الرحمن الرحيم
بإسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تاريخ القرار:

قرار

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ما عرضه وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ( / / ) تشريع القانون الآتي:

قانون رقم (  )

قانون الطب العدلي لاقليم كوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی یەكەم بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الأولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزاءها:

الاقليم: إقليم كوردستان العراق.

الوزارة: وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للأقليم.

الوزير: وزير الصحة والشؤون الاجتماعية للأقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە زۆر ئیعتیادییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی كاروباری ناوخۆ.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیریی ماددەكە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی كاروباری دارایی و ئابووری.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە زۆر ڕێك و پێكە ئێمە لەگەڵیداین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی كاروباری تەندروستی و كۆمەڵایەتی.

**بەڕێز شـــفـــيق أمـين مـــحـــمـــد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

لەلای ئێمە (إقليم) زیادەیە، چونکە لە یەکەمەوە هاتووە (قانون الطب العدلي لاقليم كوردستان العراق). تەنیاً بنووسرێت (وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية).

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

رای لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی بالاّ.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

وشەی (المعهد) تعریف نەکراوە، پێمان باش بوو بکرێت، (المعهد الطبي العدلي في كوردستان العراق).

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

لیژنەی یاسا تێبینییتان هەیە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

ئەو (للاقليم)ە زیاد نییە چونکە عینوانی وەزارەتەکەیە، خۆی لە پێناسەکان کە شتێک پێناسە دەکرێت دەبێت بە ناونیشانی تەواو پێناسە بکرێت، وەزارەتەکە دەبێتە (وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للاقليم)، وزیریش (وزير الصحة والشؤون الاجتماعية للاقليم)، چونکە ئەو (اقليم)ەی لێرە گوتراوە پەیوەندیی هەیە بە (اقليم)ەکانی ناو قانونەکە و دەبێت بە ناونیشانی تەواو بگوترێت لەبەرئەوە وشەی (اقليم) زیاد نییە، دوو سێ جاریش دووبارە کراوەتەوە لە مادده (١) دووبارە کراوەتەوە، هەروەها لە مادده (٢) و مادده (٨) هاتووە، لەبەرئەوەی پێویستە لەناو پێناسەکاندا هەبێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

بۆ (معهد) راتان وانییە پێناسە بکرێت؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

ناوەکەی گوتراوەو دووجار هاتووە حسب معلوماتی من دووجار ناوی هاتووە بە(معهد الطب العدلي)، ئەگەر ناوی دوو سێ جار بە عینوانی تەواوەوە هاتبێت، پێویست ناکات پێناسە بکرێت، ئەگەریش لەماددەکانی تر زیکر نەکرابوو؛ ئەوا لاریمان نییە دایبنێن و پێناسەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر مانعتان نییە بۆ داینانێن؟. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

معهد الطب العدلي بەشێکە لە (الطب العدلي) قانونەکە ناوی (قانون الطب العدلي)یە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو قانونە دروست کردنی (معهد)ە واتا: ئەو قانونی (طب العدلي)یە ئەرکێکی زۆری هەیە، لەبەرئەوە پێویست ناکات (معهدەکە) زیکر بکرێت، چونکە ئەگەر مەعهەدەکە ناو بێنین تەنیا حەصری دەکەین بە مەعهەد، ئیشی طبابەی عدلی هەر معهد نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر ماددە یەک دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆئەوەی ناونووس بکرێن. بەڕێز د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەم یاسایە بۆ (الطب العدلي)یە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لەبەرئەوەی چەندین جار (معهد الطب العدلي) دووبارە دەبێتەوە لەناو ماددەکان بۆیە باشترە یەک جاری ناوی بێنین و لەوانی تر تەنیا بڵێین المعهد، چونکە ناوەکەی لە دوو سێ جار زیاتر دێتەوە، تەنیا لەبەر دووبارەکردنەوەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانانی لەرووی قانونییەوە زەرەری نییە تەنیا بۆ پێناسەیە کە دەنووسرێت (المعهد: يقصد به معهد الطبابة العدلية)، پەیوەندی بە مەسەلەی ئەرک نییە، ئەوەی کاک شێروان بۆی چوو راستە لەوانەیە (الطب العدلي) ئەرکەکانی زۆرە، جگە لەوەی معهدیشی هەیە، بەڵام لێرە تەنیا هدەفەکە تعریفە ئەگەر بشنووسرێت هیچ زەرەری نییە دەنووسین (المعهد: معهد الطب العدلي)، لەبەرئەوە پێویست ناکات هەموو جارێک بڵێین (معهد الطب العدلي) تەنیا وشەی (المعهد) دەنووسین و ماناکەی روون دەبێت، لەبەرئەوە لاریمان نییە لە دانانی لە زمنی پێناسەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینییم هەبوو وشەی (المعهد) پێناسە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دووبارەیە کە شتێک دووبارە بوو، دەبێت بڵێیت برای بەڕێز پێش من باسی کرد، ئەمە یەکێکە لە مەرجەکانی قسە کردن یەکێکە لە وەسائلی نیزامی داخیلی هەر شتێک کە گوترا جارێکی تر دووبارە نەکرێتەوە، جا تکام وایە ڕەچاوی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکەن، پێشم خۆشە ئەندامە بەڕێزەکان جارێکی تر پێدا بچنەوە، لەوانەیە دوو سێ ساڵ بێت پیایدا نەچووبنەتەوە. بەڕێز د. ادریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر پشتگیریی لەوە دەکەم کە زۆر زەروورییە (المعهد) پێناسە بکرێت، چونکە لە هەموو ماددەکاندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی رایەکەی جەنابیشت وتراو پشتگیریی دەکەیت.

بەڕێز د. جمال فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەعریف دابنێین لە ماددەی یەکەم بڵێین (المعهد : یقصد به معهد الطب العدلي) دەبێت لە ماددەی چوار باسی نەکەین (يؤسس بموجب هذا القانون معهد يسمى معهد الطب العدلي)، چونکە کە لە پێشدا گوترا (يعرف معهد الطب العدلي) دەبێت لە هەموو جێگایەکدا بگوترێت (المعهد، المعهد)، دوای ئەوە نازانرێت (المعهد) چییە، چونکە مەعهەدەکە لە ماددەیەکی تایبەت شرح کرایە ئەهدافی چییەو تەشکیلاتی چییە، چونکە نیوەی قانوونەکە زیاتر بۆ ئەو مەعهەدەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشەی ئەو مەوزوعە ناکەین، جەنابت رای خۆت گوتووە، پێچەوانەی ئەو رایەیە، جا پێویست ناکات جارێکی تر لەسەری بڕۆین، لێرە رای لیژنەی قانونی دەخوات، لیژنەی یاسا

تکایە رایەکی کۆتاییمان بدەنێ بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المعهد کە (تأسیس) دەکرێت مانای وا نییە کە لە تەعاریف دانەنرێت، کە لە تەعریف دادەنرێت بۆئەوەیە کە زۆر جار دووبارە نەبێتەوە،هەموو جار پێویستیمان بەوە نەبێت کە ناوەکەی بەتەواوی بنووسین، چونکە ئەگەر لە تەعاریف نەبێت دەبێت هەر جارێک کە ناوی (المعهد) بێت عینوانی تەواوی بنووسین، تەنها هدەفەکە ئەوەیە کە تکرار نەبێتەوە ئەگەر بنووسرێت و نەنووسرێت گرفت نییە، لەبەرئەوە هیچ زەرەری نییە ئەگەر بنووسرێت ئاسانکاریی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(المعهد) چەند جار ناوی هاتووە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ، چوار جار ناوی هاتووە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاتر لە پێنج جار ناوی هاتووە، لە ماددە چوارو پێنج و حەوت و ماددە نۆدا هاتووە، هەروەها هی تریشی تێدایە، دووبارەی تێدایە واتا لە چوار جار زیاتر ناوی هاتووە. بۆیە یەکجار بووترێت بۆئەوەی دووبارە نەبێتەوە، بدایەتی یەکەم جارە دێت زۆر زۆر طبیعییە یەکەم جار بگوترێتەوە بەڵام دوایی پێویست ناکات، بەڵام لەوێ ئەوەی رای بەڕێز وەزیر راستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکات لێ دەکەم گفتوگۆی رای جەنابی وەزیر مەکە؟

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە ئەو تێبینییە زیادەیە، رای کۆتایی لیژنەی یاسایی تکایە، ماددەی یەک بیخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری :**

المادة الاولی:

يقصد بالعبارات التالية:
المعاني المبينة ازاءها:
الاقليم: اقليم كوردستان العراق .
الوزارة: وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للاقليم .
الوزير: وزير الصحة والشؤون الاجتماعية للاقليم .
المعهد: معهد الطب العدلي.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی یەكەم بەو شێوەیە خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی یەكەم وەرگیرا. ماددەی دووەم تكایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری :**

المادة الثانية:

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە (الباب الاول الاهداف والاسس).

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری :**

(الباب الاول الاهداف والاسس)

المادة الثانية:

يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الطب العدلي في الاقليم ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه وتطوير مهامه لمساعدة العدالة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە ئاساییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی كاروباری ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە زۆر بەرێكی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر ڕێک وپێکاهاتییە من لەگەڵ دەقی ماددەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی؟.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای ئێمەوە(لمساعدة العدالة) شتێکی زیادەیە، چونکە ئەمە وشەیەکی بەراقە و(تطویر مهامه) او(لمساعدة العدالة) بەلای ئێمەوە شتێکی زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقێکمان نووسیوە ئەو یارمەتییە ببێت بە خدمە، (یهدف هذا القانون الی تنظیم عمل الطب العدلي ورفع مستوی کفاءة العاملین فیه وتطویر مهامه لخدمة العدالة في الاقلیم) یارمەتییەکە بکرێ بە خدمە، خدمەکە جوان تر بوو لامان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕاتان؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هدەفی سەرەکی لە پزیشکی دادی خزمەتکردنی یەکسانییە ویارمەتی عەدالەتە، نەک مەسەلە بە وشەی خزمەت. مساعدە یارمەتی دەرە بۆ کەشفی تاوان بۆ دیتنەوەی هەندەک شتی پزیشکی دادی حالاتی (تشریح الجثه) کە پزیشکی دادی دیاریکرد هۆی مردنی چییە لێکۆڵەرەوە زۆر بە ئاسانی بەو لایەوە دەروا هەوڵ دەدات بگاتە ئەنجامێک، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە ئەو وشەیە (مساعدة العدالة) بمێنیتەوە وەکو خۆی، نەک(خدمة العدالة) یارمەتیدەری عدالەتە چونکە هەندەک واجباتی تریشی هەیە، جار جار تەقدیری عمری هەیە لەوانەیە پەیوەندی بەقەزاو تحقیق

نییه...هتد، لەم بابەتانە ئەمانە هەدەفی سەرەکی پزیشکی دادی ئەوەیە کە خزمەتی یەکسانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، دیارە هیچ تێبینییەک نییە، تکایە جارێکی تر ماددەی دووەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية:

(الباب الاول الاهداف والاسس)

يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الطب العدلي في الاقليم ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه وتطوير مهامه لمساعدة العدالة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە،زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، یەک دەنگ پەسەندی ناکات، مانای هەموو ماددەکە پەسەند ناکەی کاک شەفیق ، یان تەنها (خدمة العدالة) پەسند ناکەی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

(لمساعدة العدالة) چونکە خۆی لێرە هاتووە و(تطوير مهامه) ئەی ئیشەکەی ئەو چییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە. ماددەی سێیەم تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة:

تتحقق اهداف القانون بما يلي:

١ـ توحيد اسلوب عمل الطبابة العدلية في الاقليم والاشراف على تنفيذه.

٢ـ تقديم الخبرة العلمية والفنية للقضاء والجهات التحقيقية المعنية.

٣ـ تدريب الكوادر الطبية والصحية والفنية.

٤ـ اعداد البحوث ذات العلاقة بالطب العدلي.

٥ـ اجراء التحليل الاحصائي لوقعات الطب العدلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟ .

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە ئاساییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر بەرێکی هاتووە ولەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی وئابووری؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی؟.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر نییەو باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکی بچوکمان هەیە، وشەی (هذا) بخرێتە دوای (اهداف) ئەگەر نەشبێ ئەوە قەیدی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

تێبینییەکەی تێ نەگەیەشتم؟، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

مانای (تتحقق اهداف هذا القانون) نەک (تتحقق هذا القانون).

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

خۆی وشەکە لاریمان نییە دابندرێ، بەڵام (تتحقق اهداف قانون) قانونەکە بە الف لام ناسراوە مانای وایە ئەو یاسایە، بەڵام ئەگەر وشەی (هذا)ش زیادبکرێت هیچ لاریمان نییە زیادەی دەکەن هیچ گرفتێکی تێدا نییە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

ئەوە بەقوەتتری دەکات وانییە؟، (تتحقق اهداف هذا القانون)، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە لەسەر ماددەی سێیەم. بەڕێز کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

منیش هەر تەئکید لەسەر ئەوەی لیژنەکە دەکەم کە (هذا القانون) بێت باشترە ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

باشە بەخۆت سەرۆکی ئەو لیژنەی خۆت ئەوراپۆرتەت نووسیوە، بەڕێز کاک امین مولود فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمـــد امین مـــولـود:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن،.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم، زۆر فراوان هاتووە بە رای من (تقديم الخبره العلميه و الفنيه للقضاء والجهات التحقيقيه المعنيه في مجال الطب العدلي) چونکە هەر بڕگەکانی تر هەر چوارەکەی تر دیاری کردووە تەنها ئەمەیان بەشمولی هاتووە لەگەل ڕێزمدا.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

هەر دەبێت وابێ، چونکە پزیشکی دادی لەخۆیەوە شت ناکات، مانای لێی داوا دەکرێ و، هەر

لایەنێکی ڕەسمیش شتێکی لێ داوابکات خیبرەکە پێویست بێ لەمەجالی ئیشی پزیشکی دادی پێویستە یارمەتی دەری بێ لەبەر ئەوەی دەقەکە زۆر بەرێک وپێکی هاتووە، چونکە پزیشکی دادی لەخۆرا قسە ناکات لەخۆشرا ناچێتە لای لاشە ناچێتە دوائر، دەبێ دائرەکە شتی لێ داوا بکات یان مەسحەکەی بۆ بنێری یان وەقعەکەی بۆ بنێری یان بەشێک لەو ئەنجامەی وەریگرتوە بۆی بنێری، بۆی شی بکاتەوە. هەرچی لێی داوا بکرێ واجیبی خۆیتی کەوا تەنویری ئەولایەنە بکات بەو زانیارییەی کە هەیەتی، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەوئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆرسوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا دەنگێک بێ دەنگ بوو، ماددەی چوار تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

(الباب الثاني تشكيلات الطب العدلي)

المادة الرابعة:

يؤسس بموجب هذا القانون معهد الطب العدلي ويكون مقره في اربيل مرتبط بالوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری یاسا؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێک وپێکە هیچ ڕەخنەمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری؟ .

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەل دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری تەندروستی کۆمەلآیەتی؟.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر نییە باش هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی بالآ؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لامان باشە و هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو(مرتبط بالوزارة) ئەگەر بکرێ بە (يرتبط بالوزارة) باشتر نییە؟، زمانەوانییە، بەلآم ئەبێ چاک بکرێ، تکایە ماددەی چوار بە تەنیا، ماددەی چوار جارێکی تر بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة:

يؤسس بموجب هذا القانون معهد الطب العدلي ويكون مقره في اربيل ويرتبط بالوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە،ماددەی چوار بەگشتی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی پێنجەم تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادةالخامسة

تكون تشكيلات الطب العدلي كما يأتي:

١ـ معهد الطب العدلي في اربيل ويتألف من:

أ ـ مجلس المعهد.

ب ـ اقسام المعهد.

٢ـ الطبابات العدلية في مراكز المحافظات وترتبط ادارياً بدوائر الصحة في المحافظات وفنياً بمعهد الطب العدلي في اربيل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری یاسا تکایە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی پێناسەمان کرد پزیشکە دادیەکان هەموو لابەین هەر بلێین:

١ـ المعهد في اربيل ويتألف.

٢ـ الطبابة العدلية في مراكز المحافظات ويرتبط بوزارة الصحة وفنياً بالمعهد.

لەباتی پزیشکی دادی، لەبەر ئەوە پێناسە کراوە، زۆر سوپاس، ئەگینا هیچ تێبینییەکمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینییەکمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری دارایی وئابوری تکایە؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی؟.

**بەڕێز شەفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ماددەی پێنج هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا؟.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە رامان وابوو ئەو(کما یأتی) ـە(من) بێت.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تتکون نییە ئەوە(تکون تشکیلات الطب العدلي کما یأتي:).

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(تکون تشکیلات الطب العدلي من) ئەوە رای من بوو، ئیتر ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەن، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن :**

نا ئەوە هەڵە نییە، راستە ئەوها نووسراوە راستە هەڵە نییە ئەویش راستە، راست بە راست ئەگۆڕینەوە ئەبێ سەببەبێکمان هەبێ، فەرموو لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێستا لەسەر تعدیلاتەکانە بەڕێز کاک شێروان دەیخوێنێتەوە ئەوانەی کە ببێت، ئەوجا پاشی کە پزیشکی دادیەکە لابچێتن عنوانەکان بە عینوانی کاملی بنووسرێ ئەوجا ئەگەر برادەران لاریان هەبوو، ئەو کاتە قسەیەکی لێ دەکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو جارێکی تر بیخوێنەوە تکایە.

**بـەڕێـز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــیـــــدری:**

المادةالخامسة:

تکون تشکیلات الطب العدلي کما یأتي:

١ـالمعهد ویتألف من:

أ ــ مجلس المعهد.

ب ـ اقسام المعهد.

٢ـ الطبابات العدلیة في مراکز المحافظات وترتبط اداریاً بدوائر الصحة في المحافظات وفنیاً بالمعهد.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

یەکەم بەرای ئێمە ئەگەر (معهد الطب العدلي) بمێنێ باشە روون ترە، خۆ شەرت نییە کە

پێناسەت کرد ناوی نەبەیت ئەگەر ناوی نەهێنیت لەنگە، چونکە دامەزراندنە یەکەم بمێنێ دوایی ئەوە گرفت نییە، دووەم (بالمعهد) کافیە، ئەوجا جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکرێت.

**بەڕێز شـــــیـــــروان ناصح حـــیـــــدری:**

المادةالخامسة

تكون تشكيلات الطب العدلي كما يأتي:

١- معهد الطب العدلي ويتألف من:

أ - مجلس المعهد.

ب - اقسام المعهد.

٢- الطبابات العدلية في مراكز المحافظات وترتبط اداريأ بدوائر الصحة في المحافظات وفنياً بالمعهد.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

تکا لەوئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەسەر ماددەی پێنج دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسییان بکەین، دیارە تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە نییە ،ماددەی پێنج ئەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە ماددەی پێنج بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێزان ئێمە لە راستیدا هەندێ تێبینیمان لەسەر شێوەی گفتوگۆکردن هەیە مەبەستمان ئەوە نییە کە گفتوگۆ نەکرێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین گفتوگۆ بکرێ و، بەپێی ئوسوولی پەرلەمان وپێڕەوی ناوخۆ گفتوگۆ بکرێت، وا تەصور نەکرێ یەک دووجار نەمان هێشت هەندێ بەڕێز قسەی تیا بکەن زیاتر مەبەست لەوە ئەوە نەبووە کە گفتوگۆ نەکرێت، ئێمە مەبەستمانە گفتوگۆ بکرێت بەڵام دووبارە نەبێتەوە، ماددەی شەشەم تکایە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان ناصح حـــیـــــدری:**

المادة السادسة:

للوزير تحويل الطبابات العدلية في المحافظة التي توجد فيها جامعة الى معهد الطب العدلي بمستوى مديرية عند الاقتضاء.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

رای لیژنەی کاروباری یاسا.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــمــد نقــشــبندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

بەرای ئێمە تەبعەن پەیمانگایەک لە هەولێر دروست بووە بەتەنها ئەو پەیمانگایە کافیە، بەڵام دەسەڵاتی بدەینە جەنابی وزیری تەندروستی ئەگەر تەباباتی عەدلی پێویستی بەوە هەبوو، هەندێ

مستوایەکەی بەرز بکاتەوە وبیکاتە (مديرية الطبابة العدلية) بەمەبەستی کەوادری زیاتر دەبێ بەڵام نەک هەر پارێزگـایەک پەیمانگایەکی لێ دروست بکرێت ، زۆرسـوپاس و، داوا دەکـەین صیاغەی ماددەکە بەو شێوەیە بکرێت:

٦ـ يخول الوزير صلاحية تحويل الطبابات العدلية في المحافظات الى مديرية الطبابة العدلية عند الاقتضاء .

**بەڕێزسـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری ناوخۆ.

**بەڕێز حـسـین علی کـمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پشتگیریی لە ڕای لیژنەی یاسا ئەکەین، زۆرسوپاس.

**بەڕێزسـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری.

**بەڕێز جـمـیل عـبـدی سندی:**

**بەڕێز سـەروکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە پشتگیری دەقی ماددەکە دەکەین وپشتیوانی دەکەین.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری تەندروستی و کومەڵایەتی.

**بەڕێز شـفـیق امین مـحـمـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ماددەکە باش هاتووە.

**بەڕێزسـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

مانای ئێوە پشتگیری ماددەی یەکەم ئەکەن، لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی نیین. ڕای لیژنەی کاروباری پەروەردەوفێرکردنی باڵا.

**بەڕێزعـفـان عـثـمـان نقـشـبندی:**

**بەڕێزسـەروکی ئـەنجـومـەن.**

لەگەڵ ئەوگۆڕانەین کە لیژنەی یاسا گۆڕیتی حەزدەکەین بەم شێوە بێت، سوپاس .

**بەڕێزسـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وەڵامەکەتان پێ باشە، لە نوسراوەکەشتان هەروەها هاتووە ، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم مادەکە زۆر روونە (للوزیر) واتە: مانای ئەوەیە تخویل کراوە. للوزیر بەکەلیمە بنووسرێ تخویل یعنی (للوزیر) کەپێویست بزانی وغایە لە( تطویر)بە راستی ئەگەر تەماشای بکەی جانبی فەننی یە زیاتر یعنی لەو جێگانەی کە جامیعەی لێیە تعلیمی تیایە، طلبە دراسەتی دەکات. دەوراتی تیادەکرێتەوە لەبەر ئەوە مەسەلەکە ئیداری نییە مدیریەت یان هەر مەعهەدبێ کە مەعهەد دادەنێ بەمستوای مدیریەیە پاش ئەوی دەبی مەجلیسەکە مدیری هەبێ لەبەرئەوەی، مەسەلەکە فەنیە زیاتر ئەگەر بەیانی جامعاتمان زیاتر بوو تووسیعەکی وەهابوو طبعا مەسەلەکە مستقبلە لەبەر ئەوە بەرای ئێمە ئەو تێبینی یە بمێنێ وەکو خۆی نەک مدیریە بێ مەسەلەکە مەعهەدەکەیە زیاترە لەوەی کە مودیریەت بێت شتەکە فەننی یە عیلمی یە لە ئیداری زیاتر زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیتان هەیە لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەگەر تەحویلی تەبابەکە کرا بە پەیمانگە بێگومان ئەبێ ئەنجومەنیشی بۆ دابنرێت، هەندێ پسپۆڕی بۆ دابنرێت، دووەم پاشی ئەوەی ئێمە ئەو رایەمان دا پرسمان بە رای پزیشکی دادی نەخۆشخانەی رزگاری کرد، داوامان کرد تەشریفی هێنا ئێرە قسەمان لەگەڵ کرد ووتی ئێمە کەوادر لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لەوانەیە پاشی چەند ماوەیەک یەک جار کەوادرەکان رێک دەخەین سەبارەت بە هەموو پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی پەیمانگای ئێمە بەو وەزعەی ئێستا کە هەیە ئێمە دوو پارێزگاین لەوانەیە ببینە سێ پارێزگا، یەک پەیمانگا زۆر کافیە بۆ تەدریبی ئەم کەوادرانە، وپێویست ناکات بە دروست کردنی ئەم هەموو پەیمانگایانە، چونکە لەوانەیە لە سلیمانیش پەیمانگایەک بکرێتەوە، ئەم یاسایە لە عێراق وەرگیراوە وەکو خۆی تەقریبەن لەوانەیە لە هەموو عێراق دوو پەیمانگای پزیشکی داد نەبێت لەبەر ئەوە بەرای ئێمە پێویست ناکا، وەزیر سەلاحیەتی هەبێت هەندێ فراوانی بکات زیاتر لە پزیشکی داد بیکاتە بەڕێوبەرایەتییەک، ئەم بەڕێوبەرایەتییەش هەندێ پسپۆڕی تێدایە لەبەر ئەوەی ئەو ئەرکە زۆرەش کەمتر دەکەوێتە سەر خەزێنەو سەر حکومەتی هەرێم، ئەگەر بابەتیش دیراساتە دیراسات لە پەیمانگای پزیشکی داد دەکرێت و، رەفع دەکرێت بابەتی ئەوها کەوادر بەپێی پسپۆڕی بە رێککەوتن وەزیری تەندروستی خۆی پەیمانگا پەیوەندی دارە بە ئەو. پێویستی بە کادر هەبێت لە هەر پارێزگایەک ئەوەندە کادرە

دەتوانێ بنێرێتە پەیمانگا وتەدریب بکەن وبگەڕێنەوە شوێنەکەی خۆیان وئیشەکە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من یەکەم جار تەخویلە مانای واجب نییە ئەگەر هاتوو تەخویلی وەزیر کرا (١٠٠٪) مانای پزیشکێکی داد لە پارێزگایەک ئەیکاتە پەیمانگا، دوو جیاوازیەک هەیە لە نێوان ئەوەی پەیمانگا لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی بێت یان پەیمانگا ببێتە بەڕێوەبەرایەتی، بێگومان ئەگەر ببێتە بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵات و ئەهدافی ئەوەی نامێنێت دراسات و بحوث وشتی وابکات، تەدریبی کەوادر بکات بەڵام ئەگەر ناوی پەیمانگای لەسەر بێت لایەنی پێشکەوتنی لەگەڵ بەسترایە، ئەتوانێ زیاتر ئەو گرنگیەی پێ ببەسترێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، بەڕێز حاکم نەمر وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز نمر کەچۆ/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە مەبەستی ئەوەیە وەکو کاکەرەش دەڵێ نابێت بەڕێوەبەرایەتی عائدی بێت دەبێت پەیمانگا هەر خۆی لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە، ئەگەر هاتوو ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەکی ترمان زیاد کرد نابێت عائدی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بێت. دەبێ پەیمانگا بێت هەتا سەربەخۆیی خۆی هەبێت، مانای ئەوەیە ئێستا لە دەرەجەی بەڕێوەبەری گشتی نییە هەتا بەڕێوەبەرایەتییەک دروست بکرێت پێوەی رەبت بکەین، یاسایە نابێت بەڕێوەبەرایەتی عائدی بەڕێوەبەرایەتی بێت. تەنها دەبێت لێی بەرزتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ابراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ بە پێویستی نابینم کە بە مستەوای بەڕێوەبەرایەتی لێرە بمێنێت، ئەگەر پێویستی هەبا ئەبێ لە پێناسەکەی ماددە چواردا هاتبا کە دەڵێت (یؤسس بموجب هذا القانون معهد الطب

العدلي ويكون بمستوى مديرية) لەوێ هاتبا باش بوو، بەڵام لێرە دەبینم هیچ مانای تیا نەما ئەگەر ویستمان پلەی بەڕێوبەرایەتی بدەینێ لەسەرێ بمان دابایێ باشتر بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود دیرشوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەبینم رای لیژنەی یاسایی گەلێک راستە، پەیمانگایەکی مەرکەزی هەبێت نەک وەکوو پەیمانگای ئەوقاف، سێ چوار پەیمانگا هەبێت هیچیشیان کارێکی واناکەن، بۆیە ئەگەر پەیمانگای مەرکەزی یەک پەیمانگا بێت ئەوی تر بەڕێوبەرایەتی پزیشکی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە تەشکیلاتەکە بۆ روونکردنەوەیە تەشکیلاتەکە بەڕێوبەرایەتی تێدا نییە وانییە؟ پەیمانگا هەیە وتەباباتیش هەنە، تەبابە ئەگەر بیکەیت بە مدیرییەت مانای حەلەقەیەکی زیادە دروست دەکەین، تەبابە ئەگەر بیگۆریت تەتویری پێ بکەیت یەکسەر دەبێت بە پەیمانگا بەپێی تەشکیلاتەکەی خۆیان، ئەمە راو بۆچوونی وەزارەت بەم شێوەیە بۆ ئەوەی روون بێت مانای بەڕێوبەرایەتی نییە لە تەشکیلاتەکەیاندا، پەیمانگایەکی مەرکەزی ئیشراف دەکات لەسەر هەموو تەبابەکان، ئەو تەبابەیە ئەگەر ئیشی زیاد بوو ئەهەمییەتی پێدراو کادری زیاتری پێویست بوو ئەکرێتە پەیمانگا، بەڵام پەیمانگا بە گشتی بە پلەی بەڕێوبەرایەتییە بەڵام نەوتراوە بەڕێوبەرایەتییە، مانای حەلەقەی بەڕێوبەرایەتی لەوێدا نییە هەر بۆ روونکردنەوەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکە روون بێت لەسەر چ ئەساسێ گفتوگۆ دەکرێت، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بە باشی دەزانم کە دەقەکە چۆنە هەر وابێت، یەک بابەتێکی جیاوازیە، دوو تەقدیری وەزارەتە بۆ دواڕۆژە، سێ بە راستی پەیوەندی زۆر بە زانکۆوەش هەیە، ئەوەی کە کۆلیژی پزیشکی زۆر پەیوەندیان هەیە، چوار بۆ نمونە کارەساتی مرورو تاوان زیاد دەبێت ئەوەش ئەکیدە. جا من پێم باشە وەکو دەقەکە هاتبێت، مەسەلەکەش فەنییە وەکو بەڕێز وەزیر گوتی نەک شتێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم دەقە وەکو لە ماددەکە هاتووە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێویستە ئیداریەن بابەتەکە یەکلا بکرێتەوە، ئەو پەیمانگایە پزیشکییە کە لە ئایندەدا دروست دەبێت ئیدارییەن بە کێوە ڕەبت دەبێت، چونکە ئێستا لە ماددە چواردا هاتووە ئەوەی هەولێر ڕەبتە بە وەزارەتەوە، ئەوی تریش پێویستە دیاری بکرێت مانای چۆن چۆنی دەکرێت تەشکیلاتەکەی؟.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەبت دەبێت بە وەزارەتەوە دەرەنجامە.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێزسەروکی ئەنجومەن.**

ئاخر لەم کاتە دەوری فەرمانگەی تەندروستی لە مراکزی پارێزگاکان ئەبێتە چی، ئەبینم گرفتی تێدایە حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیەک ئەگەر هەبێت لەم بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د.جمال فەرموو.

**بەڕێز د.جمال عبدالحمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێزت گوتت دەرەنجامە، دەبێتە پەیمانگا سەربەخۆیی خۆی هەیە ئەم سیستەمەی لەسەر پەیرەو دەبێت، تەباباتی عدلیش دەمێنن کە پارێزگا تەبابەی عەدلی هەیە ئەوە دەمێنێت ئەوە پەیمانگایە پسپۆری و دەسەلاتی هەموو شتەکانی جیاوازە، تەبابەی عەدلیش دەمێنێت. حەز دەکەی پرسیار دەکەین سبەی زروف گۆڕا ئیمکانیاتێکی وا هەبوو لە دهۆک وەکو زانکۆ وەکو کەوادری پزیشکی وەک پێویست، پێویست بکات لە دهۆک پەیمانگایەک بکەینەوە، بۆ ڕێگا نەبێت ئێمە مەجالمان هەبێت کە پەیمانگایەکی وا بکەینەوە تەنها دەبێت ڕەبتی بکەین بە هەولێرەوە، مەسەلەکە هەر بۆ ئەوەیە ڕەبتیشە بە پەیمانگاوە تەدریسیش هەیە قوتابی دەبێ بچێت پزیشکی داد ببینێت، مەبەست لە ماددەکە ڕوونە وابزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەک هەر دهۆک سبەینێ کەرکوکیش، سلیمانیش، هەر شوێنەو کۆلێژێکی پزیشکی هەبێت وەک کۆلێژی پزیشکی پەیمانگایەکی دادیش هەبێت، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش منطلەقی محتاجی دەست لێدەدەم، وەکو ئیحتکاک لەگەڵ برادەری ئەوەی دهۆکی کە ئەم پەیمانگایانە هەبن زۆر گرینگە وەکو لە ماددەی سێش هاتووە، دەڵێت (تدریب الکوادر) ئەگەر ئەوە هەبێتن کۆلێژی پزیشکی هەیەو بە بەردەوامی دێتەکردنێ ئەوەش بۆ پاراستنی خەڵکییە وەکو هەدەفی ئەو دیاریێت بۆ خزمەتی خەڵکییە بۆ کەمکردنی تاوانە، مانای زۆر جار تاوانێ دەبێت ناچارن دێنە ئێرە ئەگەر هەبێت خۆزگە زیاتر دەبوو، بۆ ئەوەی زیاتر هاریکاری خەڵکێ بێنە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟ بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێزکاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە ئەو سەلاحیەتەی بدەینە جەنابی وەزیر پەیمانگاکان دروست بکات، سەرەتا پێی ناوێت ئێمە بڵێین (یؤسس بموجب هذا القانون الطب العدلي ویکون مقره في أربیل) راستە ماددەک دروست بکەین بڵێین (یخول الوزیر) پەیمانگا دروست بکات لەهەر جێگایەک کە دەیەوێت، لێرە تەبابەی عەدلی هەیە ئەوەش وەحدەکی بچوکە وئەم وەحدە بچوکەش ئیش وکارێکی دیاری کراوی هەیە لە مەراکزی پارێزگاکان، ئەگەر هاتوو ئەمە تۆزێک زیادی بکەین، ئەوەی بەڕێز وەزیری هەرێم فەرمووی دەڵێ ئەگەر بیکەینە بەڕێوەبەرایەتی هاودژی دەبێت بەڕێوەبەرایەتی پێوە رەبت کەین، یەکەم بەڕێوبەرایەتی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، ئەوە دەبێتە بەڕێوەبەرایەتییەک رەبت دەبێت بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە پارێزگاکان، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتییە، هیچ گرفت دروست ناکات چونکە هونەرییە، بەڕێوەبەر بە بەڕێوەبەر رەبت دەبێت، دوایە ئەگەر کردمانە بەڕێوەبەرایەتی لە تەبابەوە فراوانتر دەبێت، میلاکی زیاتر دەبێت، بەشی زیاتر دەبێت، دەتوانێ بە ئەرکەکەی خۆی هەڵبستێت، چونکە مەعقول نییە ئێمە بە یاسا پەیمانگایەک دروست بکەین دوایی سەلاحیاتیش بدەینە وەزیر پەیمانگا دروست بکات، بە رای من ئەسڵەن هاودژی دەبێت لە نێوان ماددە چوارەکە لەبەر ئەوە کافییە بەڕای ئێمە وەک لیژنەی یاسا، کە پەیمانگایەکی مەرکەزی هەبێت لە هەولێر. دوایی پزیشکی دادوەری بەم شێوەیە نییە ئەوەی کە تەسەور دەکرێت خەڵکەکە هەموو رۆژێ کادر تەدریب دەدرێت هەندێ پزیشکی دیار دەدرێتە ئەو یان هەندێ کادری ناوەندی دەدرێتە پەیمانگای پزیشکی دادی لەوێ تەدریب دەکەن ودەگەڕێنەوە پارێزگاکانی خۆیان وئیش وکاری خۆیان دەکەن ولەوانەیە دە ساڵ جارێک ئەوە پێویست نەبێت، لەبەر ئەوە پێویست ناکات هەر شارێک وپەیمانگایەکی پزیشکی دادی لێ بکرێت، بەڕێوەبەرایەتیەک هەبێت ئەگەر دیتیان فراوان دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکی لێ دروست بکرێت هەندێ میلاکی فراوان تر دەبێت

کەمتر دەبێت یان زیاتر دەبێت لە تەبابەی دادی کە یەکەیەکی بچوکە، بەرای ئێمە ماددەکە بەو شێوەیەی کە هاتووە کە ئێمە دامان ناوە بەرای ئێمە جێی خۆیەتی وگونجاوترە لەگەڵ روحی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی ناکۆکی هەیە لەم خاڵە من بە چاک دەزانم ئەم ماددەیە دوابخەین تا زیاتر لەگەڵ بەرێزان نوێنەری حکومەت قسەی تیبیا بکەین لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانیش، چونکە یەکەم هاودژ نییە ئەگەر بە یاسا تۆ یەکەم پەیانگا دابمەزرێنی ودووەم رێگا بدەیت بە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری تەندروستی ئەگەر بە پێویستی زانی لە هەر شوێنێکی تر کە پارێزگای تێدا بوو یان کۆلێژی پزیشکی تێدا بوو پەیانگا بکاتەوە، دووەمیش لە هەمان کات هاودژ نییە لەگەڵ هەیکەلی تەبابەی دادی بە گشتی ئەوا یاسایەکە، بەم گفتوگۆیانە وادەبینم ناگەینە نەتیجە دوایی باسێکی لێ دەکەین کە گەیشتینە نەتیجەیەکی دیاریکراو ئەو کاتە گفتوگۆی ئەم ماددەیە دەکەین وا چاک ترە. تکایە ماددەی حەوتەم فەرمو.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة ـ٧ـ

اولاً ـ يشكل مجلس معهد الطب العدلي من :ـ

أ ـ مدير معهد الطب العدلي ـ رئيساً.

ب ـ ممثل عن وزارة البيشمركه يختاره وزير البيشمركه من بين الأطباء العسكريين ـ عضواً.

ج ـ ممثل عن وزارة الداخلية يختاره وزير الداخلية من بين ضباط الشرطة لا تقل رتبتة عن مقدم حاصل على شهادة بكلوريوس في القانون أو موظف حقوقي من ذوي الخبرة من وزارة الداخلية ـ عضواً.

هـ ـ ممثل عن مجلس التعليم العالي والبحث العلمي للأقليم يختاره المجلس من بين التدريسين في مادة الطب العدلي في جامعات الأقليم ـ عضواً.

وـ حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً.

ز ـ مدع عام لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختارة وزير العدل ـ عضواً.

ح ـ رؤساء اقسام معهد الطب العدلي ـ أعضاء.

ط ـ ثلاثة من الاطباء العدليين يختارهم الوزيرـ أعضاء.

ي ـ طبيب من ذوي الاختصاص يختاره الوزير لمدة سنتين قابلة للتجديد ـ عضواً.

ثانياً ـ يجتمع مجلس المعهد مرة واحدة كل ثلاثة أشهر ولرئيس المجلس دعوته للأجتماع كلما اقتضت الحاجة الى ذلك، ويعتبر النصاب كاملاً، بحضور ثلثي أعضاء المجلس، وتصدر القرارات بأكثرية اصوات الحاضرين فاذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه الرئيس .

ثالثاً ـ للمجلس دعوة من يرى من ذوي الخبرة والاختصاص لحضور جلساته دون ان يكون لهم حق التصويت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر باش هاتووە بەڵام لایەنی دەرونی بەرای ئێمە ئەگەر حاکم وداواکارە گشتییەکە بە تەسەلسول بە پێشکەون بچنە پێشەوە باشترە، چونکە حاکمێکی پلە دوو پاشی سەرۆکی پەیمانگا دێت تەنها هەر ئەو تێبینییەمان هەیە لەگەڵ داواکارە گشتییەکە لە دووی یەک هیچ تێبینی ترمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەیمانگای دادوەری بکرێت بە پەیمانگا لەم شوێنەی کە هاتووە بە (ح)، بەڵام تێبینی ئەوە ناکەن کە ئەوانەی پێش کەوتون یەکێکیان نوێنەریی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات دەبێ بنووسن (شؤون البیشمرگە) چونکە نوێنەری وەزارەت دەکات. خۆی ئەوە یاسایە بۆیە ئەو پێش وپاشە دەکەین بەس ئوسوڵەکەی دەبێ تەماشای ئەنجومەنی وەزیران بکەین چۆنە لێرە ئەنجومەنی وەزیران چۆن دەرچووە، بۆ نموونە: ئەنجومەنی خوێندنی باڵا مانای سەرۆکی ئەنجومەن مانای پرۆتۆکۆڵەکە سەیرکەین نەک وادانێین ئەو حاکمە، ئەو پزیشکە، ئەو نازانم چییە، ئەوها تۆزێک وابزانم ئیشەکەمان لێ تێک دەدات. ڕای لیژنەی کاروباری ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین ئەگەر تەرتیبیش بکرێتەوە بە شێوەیەکی گونجاو لایەنی پرۆتۆکۆلی دیاری بکرێت زۆر چاکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ چوار تێبینیمان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە،(المادة السابعة: من الضروري ان يكون التسلسل الابجدي صحيحاً حيث لاتوجد الفقرة (د) بعد الفقرة (جـ).) مانای ئێمە سەیری تەسەلسول دەکەین (ا،ب،ج،د) دالەکە نییە باشە ئەوها چونکە لە ناوەرۆکی بەهاوە وەریگرتووە،

(د) نوێنەری وەزارەتی دادە جگە لە حاکم ئەوا بڕگەی (د) دەبێ تەسەلسولەکەی تەواو بێت (ا،ب،ج،د،ھ) ئەوە یەک. لە بڕگەی (ھ) ھاتووە (ممثل عن مجلس التعليم العالي والبحث العلمي لأقليم يختاره المجلس) لە جێگای (يختاره المجلس) زۆر چاکترە (يختاره رئيس المجلس) زۆر کارپێکراوترە. لە بەغداد کێ ھەڵدەبژێرێت وەزیری خوێندنی باڵا ئەو ھەڵدەبژێرێت لێرە وەزارەتی خوێندنی باڵا نییە لکاوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێویستە لێرە زۆر زۆر کارپێکراوترە (يختاره رئيس المجلس). ھێژا سەرۆکی پەرلەمان بڕگەی واو (و- حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل - عضواً.) لە یاساکانی حکومەتی ناوەندی سەرۆکی دادگای تاوان یەکێک لە سەرۆکانی دادگای تاوان دەبێتە ئەندام، لێرەش ھەر نەبێ دادوەرەکە دادوەری تاوان بێت مانای بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە: ( و- حاكم من محكمة الجنايات لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل - عضواً.)، چونکە دادوەر ھەیە شارستانییە ھیچ پەیوەندی بە تاوان ولاشەو وئەوانە نییە لەبەر ئەوە دادوەری دادگای تاوان وەزیری داد ھەڵی بژێرێت زۆر ڕێکترە، ھەروەھا لەم ماددەیە دووەم (يجتمع مجلس المعهد مرة واحدة كل ثلاثة أشهر) ھاتووە سێ مانگ مانای وایە ئەوە دەمرێت، ئێمە لیژنەی ئابووری وا پێشنیار دەکەین ماوەکە ببێتە یەک مانگ لە جیاتی سێ مانگ، مانگانە دەبێت ئەنجومەنی پەیمانگا کۆببێتەوە بزانێت چ ھەیەو چ نییە بۆ ئەوەی دیراسات دابنێن ڕاپۆرت بەرزکاتەوەو بەتایبەتی سەرپەرشتی ھەموو پزیشکانی دادوەری دەکاتن ھەر ھی حکومەتی ناوەندیش مانگانەیە، بۆ ھی ئێمە تەمبەڵ بین؟ سێ مانگ جارێک. ھێژا سەرۆکی پەرلەمانێ بڕیاریش بڕیاری بەڕێزتە لەگەڵ ئەندامانی بەڕێز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە باش ھاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(معهد الطب العدلي) بکرێت بە(المعهد) چونکە پێناسە کرا، لە سێیەمیش (للمجلس) بکرێت بە (مجلس المعهد)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

تەنها بابەتەکە چاککردنەوەیە لێرە ئەنجومەنەکە بکرێتە (یشکل مجلس المعهد) لە باتی پزیشکی داد بە گوێرەی ناسراوە، لێرەش بەرێوەبەری پزیشکی داد بکرێت بە بەرێوەبەری پەیمانگا، ئەوانی تریش زۆر ئاساییە ئەگەر راتان وایە تەسەلسولەکە باش هاتووە با بڕوات وەکو پێویست، ئەگەر دەشیگۆڕن بە پێی ئەم پێشنیارانە ئێمە گرفتمان نییە ئەگەر تەسەلسولەکە بڕوات یان بیگۆڕن بە هەردوو حالەت لاریمان نییە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن:**

لەسەر ئەوەش رێککەوتووین کە پرۆتۆکۆل چۆنە ئاوا بنووسرێ، هەر بۆ روونکردنەوەش دەتوانین تەماشای پرۆتۆکۆل بکەین چونکە پرۆتۆکۆلی ئەمانە ئەوهایە، مانای بە پێی تەسەلسولی وەزارات کە لە بڕیاری دەرچونی بێت، وەزارەتی پێشمەرگەش بکەن بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عـــبـــدالخـــالق مـــحـــمـــد رشـــیـــد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

بەڕێزان، بەراستی من شعور دەکەم کە نوێنەری نەقابەی پزیشکان ئەبێ نوێنەرێکی هەبێت وپێشنیار دەکەم کە بڕگە دال تێپەر بووە ئەوە ببێتە نوێنەری نەقابەی پزیشکان هەم بۆ تەعزیزی دەوری نەقابەو هەم بۆ ئەوەی یەکێکیان پەیوەندی بکات بە ئیش وکارەکانیان، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم(د.رزگـــار):**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

لەسەر بڕگە (ج) هاتووە دەڵێ:(ج ـ ممثل عن وزارة الداخلية يختاره وزير الداخلية من بين ضباط الشرطة لا تقل رتبتة عن مقدم حاصل على شهادة بكلوريوس في القانون أو موظف حقوقي) دوای (أو) ئەمە هەمووی زیادەیە جێی موقەدەم شورطەی ناگرێت موقەدەمە واجبی خۆی دەکات وحقوقیەش، لەوانەیە فەرمانبەرێکی وەزارەت هەبێت شارەزایی هەبێت بەڵام ئەمە بابەتی تاوانە، هەم شورطە هەم حقوقی یەعنی جێی وی دەگرێت بە رای من (أو موظف حقوقي من ذوي الخبرة من وزارة الداخلية ـ عضواً.) زێدەیە، دووەم هەر چەندە حکومەت مەشروعی خۆی دانێتن

ئەنجومەنی پەیمانگا سێ مانگ جارێک کۆببێتەوە زۆرە لە حکومەتی مەرکەزی یەک مانگە با هی ئێمە دوو بێت ئەگەر زۆر بێتن دوو مانگ جارێک بێت هەر چەندە حکومەتی مەرکەزی وەکو دەقی وان مانگانەیە کۆبوونەوەی ئەوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من دەربارەی برگە دووە کە دەڵێ هەر سێ مانگ جارێک ئەنجومەنی پەیمانگا کۆبوونەوە بکات بکرێتە دوو مانگ هەر نەبێتب بکرێت بە (یجتمع مجلس المعهد مرە واحدە کل شهرین) ئەوها چاک بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەنجومەنی پەیمانگا چی دەکات، ئیش وکاری چییە؟.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند کێشە هەیە دەچێتە بەر دەستی پەیمانگا باسی دەکات لە وانەیە کێشەیەک بۆی بچێت سێ مانگ دواکەوێت زۆر زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێشەکە پزیشکی دادی دەیکات، پزیشکی دادی راپۆرتی خۆی دەنووسێ وئەیداتە دادگاو ئەڕوات ئەمانە ناوەستێت، ئەنجومەنی پەیمانگا خەریکی ئیش وکاری پەیمانگاکەی دەبێت با تێکەڵی نەکەین شتەکان، بەڕێز حاکم سفر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رای یاسایی دەکەم بەراستی بۆ گۆڕینی ئەم تەسەلسولە ئەمن ئەبینم زۆر پێویستە یەکەم ئەم یاسایە زۆر پەیوەندی بە وەزارەتی داد هەیە بەراستی، دووەم حاکم بە پێی زانیاری ئێمە بە پلەی بەرێوبەری گشتییە لێرەش لە صنفی دوو هاتووە، لە پێشی موقەدەم شورطە راستە نوێنەری وەزارەتە بەڵام دەبێتە ئەندامی دائمی نەک ئەوە نوێنەری وەزیرە بۆ شتێکی وا یان ئاهەنگێک بێت یان شتێکی دیاریکراو، گۆڕینی تەسەلسولی بە شتێکی چاکی دەزانم لە راستکردنەوەی یاسایی و واقعی عەملیش ئەوە یەک، دوو وابزانم ژمارەی ئەندامی ئەنجومەن زۆرن دەبنە (١٥،١٦) کەس بۆ ئەنجومەنێکی وا وابزانم زۆرە ئەگەر برادەران شتێکی وا گفتوگۆ

بکەن ورای بەڕێزتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ابراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دوغرەمچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەیە وەک پێشنیاری لیژنەی یاسایی بەڵام ئەگەر بێین وەک نوێنەرێک ئەندامەکان لە ئەنجومەنێک هەر کەسەو لە شوێنی خۆی دەسەڵاتی حاکم گەورەترە، حاکم خاوەن بڕیارە بڕیار دەدات مانای لە شوێنی خۆی بڕیار دەدات ئەو موقەدەمەی کە دامان ناوە نوێنەری وەزارەتی دادە ئەگەر بچێتە پێش حاکمی دەبێ سەلاوی بۆ بکات ئەو کاتە بچێتە ژورەوە، لەبەر ئەوە مانای پرۆتۆکۆلیەن جا حاکم بێتە پێشتر ببێتە دووەم پاش سەرۆکی لیژنە، دوو بە گوێرەی برادەران گوتیان هی سێ مانگەکە قەیدیناکە زۆرە بەڵام دەڵێ لە کاتی پێویستدا سەرۆکی ئەنجومەن ئەتوانێت داوای کۆبوونەوە بکات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ رقیب فەرموو.

**بەڕێز رقیب حسین مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده(٧) بڕگە (هـ) وا دەبینم (من بين المدرسين) ناسراوترە لە (من بين التدريسين)، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەسەلسولەوە وابزانم لەبەر ئەوە نوێنەری وەزیرە بۆیە بەم شێوەیە دانراوە ولێرە بەرای من ئەگەر نوێنەری خوێندنی باڵا بخەینە پێشەوە چونکە ئەنجومەنی خوێندنی باڵا لکاوە بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەگینا دەقەکە لەسەر ئەمە دانراوە چونکە یەکەم ودووەم کە نوێنەری وەزیرە لەبەر ئەوە بەم شێوە دانراوە نەک مەسەلەی حاکم. بەگوێرەی بڕگەی دال بە راستی لە یاسای ئەصلی بڕگەیەک هەیە کە نوێنەری وەزیری دادیش هەبێت، ئێمە گفتوگۆمان کرد لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی داد پێیان زیاد بوو، لەبەر ئەوەی حاکم هەیە دوو حاکم هەیە گوتیان پێویست ناکات نوێنەرێکی وەزارەتی دادیش ببێت لەبەر ئەوە دالەکەیان هەڵگرتووە بە پراکتیک بەڵام لە راستیدا

ماوە، بەنیسبەت ژمارەی ئەنجومەنەکە بە راستی پێویستە هەموویان بن چونکە بابەتەکە پەیوەندی بە زۆر وەزارەتەوە هەیە پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی ناوخۆ و پۆلیس وپەیوەندی هەیە بە لێکۆڵینەوە و بە زانکۆ و بە وەزارەتی تەندروستی، لەبەر ئەوە بەرای من ئەوانەی کە ئەندامن لەو ئەنجومەنە پێویستە بن، کۆبوونەوەکەش دووپاتی دەکەمەوە سێ مانگ وەکو بەڕێزت گوتت کاروباری پزیشکی داد رۆژانە پراکتیکی بەردەوامە ئەم ئەنجومەنە پلان دادەنێت وسەرۆکایەتی باری زانستی وپزیشکی داد بە شێوەیەکی گشتی دەکات وئێمە بارودۆخی ئێستامان دراسەت کرد بەراستی کۆبوونەوەی مانگانە بۆ ئەم هەموو خەڵکە لەوانەیە گران بێت، خاڵێکی تر هەیە بۆ سەرۆک هەیە هەر کاتێ بە پێویستی زانی کۆبوونەوە دەکات لەبەر ئەوە وابزانم سێ مانگ باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

به نیسبەت نەقابەوە راتان نەبوو؟.

**بەڕێز د.جمال عبدالحمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت نەقابەوە عادەتەن نەقابە دادەنرێت کە شتێک پەیوەندی بە مافی پزیشکەوە هەبێت، ئەمە لێرە مەسەلەکە بۆ خۆی پزیشکەکە لێرە بڕیار دەدات بەرای من زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر هەیە، بەڕێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ثانیاً- لایقوم الطبیب العدلي بتشریح جثة شخص کان تحت معالجته عن حالة انتهت بوفاته.) ئەبێت(تحت معالجة) نەک (تحت معالجة الطب العدلي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵە روونە، ئەو پزیشکەی چارەسەری نەخۆشێ دەکات ئەو نەخۆشە وەفاتی کرد، ئەو ناتوانێ تەشریحی بکات.

**بەڕێز حسن صالح روستم خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پزیشکی داد چارەسەر ناکات، پزیشکی داد تەشریحی لاشە دەکات تەنها، نەک لە ژێر چارەسەری خۆی بێت دەڵێ لە ژێر چاودێری پزیشکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵێ ئەوانەی لە ژێر چاودێری خۆیان بووە، چونکە پزیشکی داد چارەسەری نەخۆش دەکات

پزیشکە، ئەوەی لە ژێر چاودێری خۆی بووەو وەفاتی کردووە ئەو حەقی نییە تەشریحی بکاتن، ئەبێ یەکێکی تر تەشریحی بکات نەوەکو خەتای ئەو بێت، ئەوها هاتووە، وابزانم وەزیری تەندروستی پشتگیریم دەکات، تێبینی تر هەیە، دیارە نییە، تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێنەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الحادية والعشرون:

اولاً- تُشرح الجثة أو تسلم بدون تشريح بقرار مسبب من قاضي التحقيق.

ثانياً- لايقوم الطبيب العدلي بتشريح جثة شخص كان تحت معالجته عن حالة انتهت بوفاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی (٢١) ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم کە ماددەی (٢١) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (٢١) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بڕیارمان دابوو ئەم دانیشتنە تا سەعات (١٢,٥) بێت، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆ دێت لە کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیە ئەم یاسایە تەواو بکەین، کۆبوونەوەی داهاتوومان بەیانی سەعات (١٠) ئەبێت، هیواداریین وەزیری ناوخۆش ئامادەبێت بۆ ئەوەی یاساکە تەواو بکەین، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)**

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/٢٥

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (۱۱)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ۲۵/ ۱۰/ ۲۰۰۱

***کاتژمێر (۱۰)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی۲۵/ ۱۰/ ۲۰۰۱ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە یازدە)ی خولی دووەمی، ساڵی (۲۰۰۱)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(۱)ی مادده(۲۰) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (۱)ی هەموار کراوی ساڵی (۱۹۹۲)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (۱۱)ی خۆی لە کاتژمێر (۱۰)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ۲۵/ ۱۰/ ۲۰۰۱ دا بەم شێوەیە بێت:***

***۱ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی (پزیشکی داد)ی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.***

***۲ـ خستنەڕوو گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بە وەزیری ناوخۆ بۆ درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (۱۷) ساڵی ۱۹۹۹ کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (۱۱) ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری ناوخۆ ووەزیری هەرێم دەکەم، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێک هاتووە

خاڵی یەکەم بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای پزیشکی داد،کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

خاڵی دووەم گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵات دان بە وەزیری هەرێم بۆ درێژ کردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (۱۷)ی ساڵی ۱۹۹۹کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

بۆ ئەوەی دەست بەکار بین بۆ خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تکا لەبەڕێزان ئەوانەی

دوێنێ لێره ئامادەبوون بفەرموونە ئێره.

دوێنێ گەیشتبووینە مادده (٢٢)، بەس پێش ئەوەی دەست بەو ماددەیە بکەین ماددەی (٦) مان بۆ ئەمرۆ دواخستبوو، ئەوەندەی من ئاگادارم پاش گفتوگۆی نێوان لیژنەکانی پەرلەمان و نوێنەرانی حکومەتی هەرێم و پسپۆراندا وای بۆ دەچم کە گەیشتبنە ئەنجام ئەگەر بەڕێز کاکەڕەش تیشکێ بخاتە سەر گفتوگۆکان.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

کاتی خۆی ئێمە وەکو لیژنەی یاسا رامان وابوو کە پزیشکایەتی داد بکرێتە بەرێوەبەرایەتی بەلاّم دوای ئەوەی لای بەڕێزتان لەگەلّ نوێنەری حکومەت و پسپۆران کۆ بووینەوە وایان دەرخست کە ئەو ئاراستەی پرۆژەکەی پێهاتووە ئەو ئاراستەیە رێک و پێک ترە و راست ترە بۆ ئەوەی یاسا لە داهاتوو دیمومەتی هەیە و شتێکی هەمیشەییە، باشتر دەتوانێ دەستەبەری پێویستیەکانی طبی عدلی بکات کەشتێکی زۆر پێویستە کە لە هەموو پارێزگاکان هەبێ بۆیە وازمان لە پێشنیارەکەی خۆمان هێناو دەگەڕێینەوە سەر دەقی ماددەکەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران هاتبوو، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە دەقی ماددەکەی ئەوان بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە دوێنێ گفتوگۆی تێری لەسەر کرا بوو، ماددەی شەشەم جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیدەینە دەنگ دانەوە،

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

(المادة السادسة: للوزير تحويل الطبابات العدليةفي المحافظة التي توجد فيها جامعة الى معهد طب عدلي بمستوى مديرية عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی شەشەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی شەشەم بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ماددەی ٢٢ تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الثانية والعشرون يزود الطبيب العدلي ذوي المتوفي بشهادة وفاة طبية عدلية بعد إكمال عملية تشريح الجثة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تکایە؟

**بەڕێز شێخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە وشەی (السارية) لەدوای (الدولية)زیاد بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرمون ئەگەر ولآمتان هەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەمرازی وبائی خۆی سارییە، کە دەڵێین وەبائی واتا نەخۆشیە بڵاوەکان خۆی بە واتای ساری دێت، بۆیە وشەی ساریەی پێناوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لوائحە هیچ پەیوەندی بە ساریەوە نییە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک ابراهیم سعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دیار نییە کێ ئاگاداری دادوەری لێکۆڵینەوە دەکات ئایا طبیب عدلیە یان کەسێکی ترە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەرئەنجامە خۆی طبیب عدلیە، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

طبیب عدلیە کە جەنازەکەی بۆ چوو گومانی لەوە هەبوو کە نەخۆشیەکی وەبائی هەبوو کە لە لوائحی دولیدا هەیە ئەوە ئاگاداری دادوەری لێکۆڵینەوە دەکات، لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە کە شتێکی وا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە. تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

المادة الثالثة والعشرون: لايجوز تشريح الجثة إذا أشتبه بوجود حالة مرضية وبائية من الأمراض الخاضعة للوائح الصحية الدولية و يخبر في هذه الحالة قاضي التحقيق، والجهات الصحية المختصة بذلك على وجه السرعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت دەفەرموێ (قاضی التحقیق ) بکرێتە حاکم تحقیق.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

المادة الثالثة والعشرون : لايجوز تشريح الجثة إذا أشتبه بوجود حالة مرضية وبائية من الأمراض الخاضعة للوائح الصحية الدولية و يخبر في هذه الحالة حاكم التحقيق والجهات الصحية المختصة بذلك على وجه السرعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وسێ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست و سێ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

المادة الرابعة والعشرون :

اولاً- يحضر الطبيب العدلي عملية فتح القبر بطلب من الجهة القضائية.

ثانياً- للطبيب العدلي فحص الجثة في المقبرة أو نقلها الى القسم المختص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تکایە ؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری تكایە؟.

**بەڕێز جـــمـــیل عـــبـــدی سندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیری ماددەكە دەكەین ، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تكایە؟.

**بەڕێز شـــفـــیق أمـین مـــحـــمـــد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

ماددەكە باش هاتووە و لەگەڵین.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

تكایە رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالآ ؟

**بەڕێز شـــێخ عـــفـــان نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

پێمان باشە و پشگیری دەكەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، دیارە تێبینی نییە، تكایە ماددەی بیست و چوار جارێكی تر بخوێننەوە تاكو بیخەنەی دەنگدانەوە.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاصح حـــیـــدەری:**

المادة الرابعة والعشرون:

اولاً- يحضر الطبيب العدلي عملية فتح القبر بطلب من الجهة القضائية.

ثانياً- للطبيب العدلي فحص الجثة في المقبرة أو نقلها الى القسم المختص.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە ماددەی بیست وچوار بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، كێ پەسەندی ناكات؟ ماددەی بیست وچوار بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاصح حـــیـــدەری:**

المادة الخامسة والعشرون: إذا رفض الشخص إجراء الفحص الطبي العدلي عليه، تشعر الجهة التحقيقية حالاً لاتخاذ مايقتضي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە؟.

**کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیریی ماددەکە دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالآ ؟

**بەڕێز شێخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە و پشگیری دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، تکایە ماددەی بیست و پێنج جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شـــــیــــــروان نـاصـح حـــیــــــدەری:**

المادة الخامسة والعشرون: إذا رفض الشخص، إجراء الفحص الطبي العدلي عليه، تشعر الجهة التحقيقية حالاً لاتخاذ مايقتضي.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وپێنج بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست وپێنج بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـــــیــــــروان نـاصـح حـــیــــــدەری:**

المادة السادسة والعشرون: للطبابة العدلية عند الاقتضاء ان تطلب من قاضي التحقيق المختص الامر بدفن الجثة قبل مضي مدة شهرين.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە؟.

**کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێـز حــــســین عـلـی کـــــمـــــال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵین .

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جـــمـــیـل عــــبـــدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە رامان وایە کە ئەوە یاسایەکی تایبەتە بە طب عدلی بەشێکە لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە(٨٩) ی ساڵی ١٩٨١ نابێ هاودژی هەبێ لە نێوانیاندا کە لە بەندی (أ) دا هاتووە و دەڵێ:(اذا لم يراجع اي من ذوي المتوفي الطباب العدلية لاستلام الجثة خلال مدة شهرين من تاريخ تسلم الطبابة لها تقوم امانة العاصمة أو البلديات في المحافظات بناءا على طلب الطبابة المذكورة بكتاب يتضمن الاسم الكامل للمتوفي والجهة التحقيقية المرسلة للجثة بدفنها في المقابر العامة ويرسم القبر لامكان استخراج الجثة عند الحاجة)بۆیە ئێمە بەباشی دەزانین لەو

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة السادسة والعشرون: للطبابة العدلية، عند الاقتضاء ان تطلب من قاضي التحقيق المختص الامر بدفن الجثة قبل مضي مدة شهرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وشەشەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست وشەش بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة السابعة والعشرون: يجوز إحالة أية وقعة طبية عدلية من محافظة الى أخرى عند الاقتضاء، بقرار من حاكم التحقيق المختص وبموافقة رئيس محكمة الجنايات التابع له حاكم التحقيق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە؟

**کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیریی ماددەکە دەکەین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق آمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەیە زیادەیەکی بخرێتە سەر:

: للطبابة العدلية، عند الاقتضاء ان تطلب من قاضي التحقيق المختص الامر بدفن الجثة قبل مضي مدة شهرين(المنصوص عليها في البند(أ)من الفقرة (خامسا)من المادة(١٠١)من قانون الصحة العامة رقم(٨٩)لسنة ١٩٨١ . هەر وەکو لە راپۆرتی خۆماندا نووسیوومانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا؟

**بەڕێز شێخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، .

پێمان باشە و پشگیری دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تکایە راتان لەسەر رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

خۆی باو وایە لە طبابەی عدلی ئەگەر جەنازەیەک دوو مانگ بۆ تەشریح لە طبابە عدلی دەمێنێ، ئەگەر پێویست بوو یان خاوەنی نەبوو، عادەت وایە لە طبابەی عدلی دەدرێتە کۆلیژی پزیشکی تاکو سوودی لێ وەرگرن لە بۆ تەشریح و بابەتی خوێندن، بەس هەندێ حالات هەیە طیببی عدلی دەیەوێ پێشی ئەو دوو مانگە کەسیش مراجعەتی نەکردوە داوا دەکات لە قاضی تحقیق لەبەر ئەوەی ماوەکە دوو مانگە پێش ئەو دوو مانگە داوا دەکات کە پێویست ناکات ئەو جەنازەیە لامان بمێنێتەوە لەوانەیە هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتی هەبێ نایەوێ بیکات، بۆیە لەو کاتەدا دەشاردرێتەوە، ئەو شاردنەوەیە شارەوانی ئەگەر جەنازەکە کەسی نەبێ ئەو اجراءاتانە دەکات، لە هەموو نەخۆشخانەکان پەیوەندی بە شارەوانی دەکرێ، بۆیە ماددەکە زۆر سروشتیە و باشە،ماوەش دیاری کراووە و پێویست ناکات باسی یاسایەکی تر بکرێ سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، تکایە ماددەی بیست و شەش جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەنەی دەنگدانەوە

مادده‌كه‌ زۆر به‌ چاكی هاتووه‌ و ئێمه‌ له‌گه‌ڵ ناوه‌رۆكی مادده‌كه‌ین.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

رای لیژنه‌ی دارای و ئابووری تكایه‌؟.

**به‌ڕێز جمیل عبدی سندی:**

به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن،

ئێمه‌ پشتگیری ماده‌كه‌ ده‌كه‌ین ، سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

رای لیژنه‌ی ته‌ندروستی تكایه‌؟.

**به‌ڕێز شفیق آمین محمد:**

به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن،

مادده‌كه‌ باش هاتووه‌ و له‌گه‌ڵین.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

تكایه‌ رای لیژنه‌ی په‌روه‌رده‌ و خوێندنی باڵا ؟

**به‌ڕێز شێخ عفان نقشبندی:**

به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن،

پێمان باشه‌ و پشگیریی ده‌كه‌ین و تێبینیمان له‌سه‌ر نییه‌.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

ئه‌و به‌ڕێزانه‌ی تێبینیان هه‌یه‌ تكایه‌ ده‌ستیان به‌رز بكه‌نه‌وه‌، د. رزگار فه‌رموو.

**به‌ڕێز د. قاسم محمد قاسم**

به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن،

پێم باشه‌ به‌و ره‌هاییه‌ی نه‌مێنێت وحه‌ددی ئه‌دنای بۆ دابندرێ، واتا ژماره‌یان دیار بێت، پێویسته‌ حه‌ددی ئه‌دنا بۆ هه‌ردوو بڕگه‌كه‌ دابندرێ، سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

لیژنه‌ی یاسا فه‌رموون.

**به‌ڕێز كاكه‌ره‌ش محمد نقشبندی:**

به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن،

نازانم بۆ ژماره‌ دابندرێ؟ ئه‌گه‌ر ئێمه‌ دوو پزیشكمان بوێ بۆ طبابه‌ی عه‌دلی مه‌شق بكه‌ن بابه‌ته‌كه‌ بۆ وه‌زیری تەندروستی به‌جێ ده‌مێنێ چه‌ندی پێویست بوو ئه‌وه‌نده‌ داده‌نێ و ده‌نێرێ كه‌ ته‌دریب بكه‌ن، په‌یمانگا هه‌یه‌ و هه‌موو ده‌مێ ده‌توانێ بنێرێ، بۆیه‌ پێویست به‌و زیاده‌یه‌ ناكات.

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ڕای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا؟.

**بەڕێز شێخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە و پشگیری دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، تکایە ماددەی بیست و حەوت جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة السابعة والعشرون: يجوز إحالة أية وقعة طبية عدلية من محافظة الى أخرى عند الاقتضاء، بقرار من حاكم التحقيق المختص وبموافقة رئيس محكمة الجنايات التابع له حاكم التحقيق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وحەوتەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست وحەوت بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة الثامنة والعشرون: تخصص الوزارة سنوياً وعند الاقتضاء:

اولاً- عدداً من الاطباء لتأهيلهم وتعيينهم أطباء عدليين.

ثانياً- عدداً من المعاونين الطبيين لتأهيلهم وتعيينهم في الطبابة العدلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی؟.

**کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵ ناوەرۆکی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارای و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیری مادەکە دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا؟

**بەڕێز شیخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە و پشگیریی دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێم باشە بەو رەهایییەی نەمێنێت وحەددی ئەدنای بۆ دابندرێ، واتا ژمارەیان دیار بێت، پێویستە حەددی ئەدنا بۆ هەردوو برگەکە دابندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

نازانم بۆ ژمارە دابندرێ؟ ئەگەر ئێمە دوو پزیشکمان بوێ بۆ طبابەی عەدلی مەشق بکەن بابەتەکە بۆ وەزیری تەندروستی بەجێ دەمێنێ چەندی پێویست بوو ئەوەندە دادەنێ و دەنێری کە تەدریب بکەن، پەیمانگا هەیە و هەموو دەمێ دەتوانێ بنێرێ، بۆیە پێویست بەو زیادەیە ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر نییە لەسەر ماددەی بیست و هەشت ؟ دیارە تێبینی نییە، تکایە ماددەی بیست و هەشت جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة الثامنة والعشرون : تخصص الوزارة سنوياً وعند الاقتضاء :

اولاً- عدداً من الاطباء لتأهيلهم وتعيينهم أطباء عدليين.

ثانياً- عدداً من المعاونين الطبيين لتأهيلهم وتعيينهم في الطبابة العدلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وهەشتەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست وهەشت بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة التاسعة والعشرون :

للوزير صلاحية منح مخصصات اضافية للعاملين في الطب العدلي اضافة للمخصصات الحالية المنصوص عليها في تعليمات وزارة المالية والاقتصاد رقم(٢) سنة ١٩٩٧ وبالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد للاقليم وعلى الشكل التالي :-

اولا :- مخصصات مقطوعة قدرها(٤٠٠٠) أربعة الالف دينار شهريا للاطباء العدليين.

ثانيا :- مخصصات مقطوعة قدرها(٢٠٠٠) الفا دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من حملة البكلوريوس أو أعلى من غير الاطباء.

ثالثا :- مخصصات مقطوعة قدرها(١٠٠٠) الف دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الصحية والفنية.

رابعا :- مخصصات مقطوعة قدرها(٥٠٠) خمسمائة دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الخدمية.

خامسا :- تستثنى المخصصات الواردة ذكرها في الفقرات الابعة اعلاه من أحكام قانون مخصصات موظفي الدولة رقم(٩٣) لسنة ١٩٦٧.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان تکایە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

برِگەکان بەباشی هاتووە و رامان لەگەڵیەتی بەڵام تەنها رایەکمان هەیە نازانم جەنابی وەزیری

تەندروستی رای چۆنە،سەبارەت بە برگەی یەکەم باشە بگوترێ( للاطباء العدليين المتفرغين ) چونکە جار جار دەبینی طبیب عدلیەکە اجازەیە نەشتەرگەرێکی اخصائی رۆڵی طبیب عدلی دەبینێ، بۆیە ئەو نەشتەرگەرە عیادەی خۆی سروشتیە تەنها بۆ بەیانیانە مادام ناونیشانی پزیشکی داد وەردەگرێ، ئەو (٤٠٠٠) دینارە با تەنها بۆ متفرغین بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و پشتگیریی رای لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ ئەوەی متفرغین زیاد بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لەسەرەتای ماددەکەدا هاتووە (اضافة للمخصصات الحالية المنصوص عليها في تعليمات وزارة المالية والاقتصاد رقم(٢) لسنة ١٩٩٧.)وای بۆ دەچوین کە لیژنەی یاسا ئەو اشکالە چارەسەر دەکات ، لەبەر ئەوەی رێنمایی دارایی ژمارە (٢) ی وەزارەتی دارایی ساڵانە بەکەیفی خۆیان دەیگۆڕن، لەبەر ئەوە نابێت لێرە بەو شێوەیە بمێنێت، دەتواندرێ دەرماڵەی زیادە بدات بەپێی رێنمایی وەزارەتی تەندروستی یان لە یاسای گشتی وەزارەتی تەندروستی، باشە ئەگەر پاش سێ مانگ وەزارەتی دارایی رێنماییەکانی خۆی گۆڕی، لێرەش گوتومانە بەپێی رێنمایی ژمارە(٢)ی وەزارەتی دارایی ، ئەوەش حشوێکی زیادە لە یاسادا، باشە ئەوە نەمێنێت چونکە خۆی گوتویەتی {للوزير صلاحية منح مخصصات اضافية للعاملين}، یەکەم . دووەم ، ئەو دەرماڵانەی دانراوە بە رای ئێمە مخصصاتێکی زۆر زیادە، لە یەکەم رامان وایە بکرێتە (٢٠٠٠)دینار لە دووەم بکرێتە (١٠٠٠)دینار سێیەم ببێتە (٥٠٠)دینار چوارەم ببێتە (٢٥٠)دینار، واتا ئەو دەرماڵەی دانراوە هەموویان دابەشی دوو بکرێ لەبەر ئەوەی زەحمەتێکی زۆرە لەسەر خەزینەی حکومەتی هەرێم لەلایەک لەلایەکی تریش پزیشکانی تریش داوای ئەو دەرماڵەیە دەکەن لەبەر ئەوەی دەرماڵەیەکی زۆریان داناوە راش رای بەڕێزتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە.

**بەڕێز شـــــفـــــیق امین مـــــحـــــمـــــد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بۆ برگەی یەکەم ئەو (٤٠٠٠) هەزار دینارە بۆ متفرغین بێت باشە و باشیان دارشتووە برگەی دووەم ئەو (٢٠٠٠) دینارە ئەگەر ببێ بە (١٥٠٠) دینار لەبەر ئەوەی زیاتر کاری ئیداری دەکەن ، برگەی سێیەم دەرماڵەی (١٠٠٠) دینار کە داندراوە بۆ ئەو کارمەندانەی لەوێ کار دەکەن، خۆی کاری طبابەی عەدلی زیاتر ئەو کۆمەڵە دەیبەن بە ڕێوە، کادری ناوەند بەڕێوەی دەبات ئێمە پێشنیار دەکەین بکرێتە (١٥٠٠) دینار لەبەر ئەوەی لە بنەرەتدا کارەکان ئەوان دەیکەن، ئەوان دەچن گۆڕ هەڵدەکەنن هەر ئەوان دەچن جەنازە دەردەکەن ئەوان دەچن هەموو ئیش و کارەکە ئەوان دەیکەن، لەراستیدا پارەکەی ئەوان پارەیەکی کەمە ئەگەر بکرێ بە (١٥٠٠) دینار شتێکی باشە ماددەکانی تر زۆر باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

رای لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا؟.

**بەڕێز عـــــفـــــان نقـــــشـــــبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پێمان باش بوو وشەی (متفرغین) زیاد بکرێ لە کۆتایی برگەکە و ئەوەی تر باشە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسایی وەلامی ئەوانەتان هەیە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر ڕێک و پێکە و ئەو برانەی هاتووە زۆر باشە و ئەوەی کاک شفیق فەرمووی، لە برگەی دوو لەبەر چی کەم بکرێتەوە؟ چونکە مەرج نییە هەر اداری بن لەوانەیە دەرچووی کۆلیژی نەخۆشیاری بێت و لەوێ کار دەکات، بۆیە بە رای من پێویست ناکات لەبەر ئەوەی هەموویان هەر اداری نیین هونەریش هەن بەکالوریوسیان هەیە. لەبەر ئەوە بەرا ی ئێمە ماددەکە وەکو خۆی بێنێتەوە باشە، زۆر بە ڕێک وپێکی هاتووە، ئەو برانە زۆر پێویستە دابندرێ لەبەر ئەوەی کەس ناچێتە طبی عدلی لەوانەیە جەنابی وەزیر زیاتر شارەزا بێت هەندێ بەش هەن لە وەزارەتی تەندروستی معاناتیان هەیە لەوانە طب عدلیە و بەشی سر کردنە، لەبەر ئەوە کەس ناچێ ئەگەر دەرماڵەکەیان باش نەبێ، بۆیە ئەو درەماڵانە باش هاتووە ئەگەر بەڕێزتان لوطف بفەرموون هەر وەکو چۆن هاتووە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی پێشەکی رایەکی لیژنەی دارایی هەبوو مادام دەڵێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی لەوانەیە ساڵانە وەزیری تەندروستی لەگەڵ وەزیری دارایی ئەو هاوئاهەنگیە بکات، مەبەست لەو رێنماییانە ئەوەیە کە ئێستا کاری پێدەکرێ، خۆی ئەگەر رێنماییەک رەفض کرا و کاری پێنەکرا زۆر سروشتیە دەگۆڕ درێ دەتوانین ژمارەکە لادەین، دەتوانین (٢)ەکە دانەنێین بلێین بە رێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لەراستیدا مەبەست لەو یاسایە ئەوەیە کە باری طب عدلی لە کوردستان چاک بکەینەوە ،گرنگی ئەو بابەتە روونە وەکو یارمەتی دادوەری و یاسا دەکات لەلایەکەوە لە لایەکی ترەوە کاری طب عدلی کارێکی زۆر ناخۆشە هەمووتان دەزانن مامەڵە لەگەڵ مردوو و جەنازە و تەشریح و شتی ترە، هیچ دکتۆرێک ئامادە نییە ئەو کارە بکات کارەکە بەخۆی زۆر زەحمەت و ناخۆشە، ئەوە لەلایەکەوە لە لایەکی ترەوە کارەکە پەیوەندی بە دادگا و لێکۆڵینەوە هەیە واتا ژیانیشی لە مەترسی دایە، واتا طبیبی عەدلی تەنانەت لە جولانەوەشی لەوانەیە زەختی لەسەر بێت، لەبەر ئەوەی راپۆرتی پزیشکی جاری وا هەیە خەڵکی پێ لە سێدارە دەدرێ یان لە سێدارە رزگاری دەبێ، لەبەر ئەوە تەنانەت لە لایەنی ئەمنیەوە ژیانی لە مەترسیە ، سێیەم ئەو مامەڵە لەگەڵ مردوو دەکات ناتوانێ عیادە بکاتەوە ئەگەر عیادەش بکا تەوە کاری نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر حافزێکی باشی بۆ دانەنێین، مستحیلە ئێمە بتوانین پەیمانگاکە دروست بکەین و پێشی خەین، لەبەر ئەوە دانانی ئەو بڕانە کە داندراوە بە گرنگی دەزانین ، ئەوە لەلایەک لەلایەکی تر ژمارەکەیان دیاری کراوە ژمارەیەکی زۆر نییە تاکو بلێین ئەرکێکی زۆرە لەسەر حکومەت، لێرە ئاماژەکراوە بۆ رێنمایی وەزارەتی دارایی لەبەر ئەوەی رێنماییەک لە وەزارەتی مالیە دەرچووە کە پزیشکەکان ٣٠٠٪ دەرماڵەیان هەیە سەبارەت بە طبی عەدلی ٤٠٠٪ ، ئێمە لێرە ترساین ئەگەر ئەو دەرماڵەیە بکەین لەوانەیە وەزارەتی دارایی ئەو دەرماڵەیەیان ببڕێ، لەبەر ئەوە ئەوە تەئکید کراوەتەوە کە ئەوە بمێنێ. لەبەر ئەوە لێرە دووپات کراوەتەوە کە ئەوە بمێنێ، جا بە هەر دارشتنێک بێت، بەوە بێت یان بە جۆرێکی تر، زیاد لەسەر دەرماڵەی پێشوو و ئەوە شتێکی زیادە، لێرە مەبەستەکە لەوەیە، جا دارشتنەکەی چۆن بێت ئەوە بەجێماوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز. سەبارەت بە متفرغەوە، وشەی متفرغ لای ئێمە ئەوەیە کە کاری تر بکات، بۆنمونە متفرغە بۆ

خوێندن یان بۆ فێر کردن ، لێرە ئەوان مەبەستیان ئەویە کە تەنها کاری طب عدلی بکات ، بەڵام ئێمە پێشتر پێناسەی طبیب عدلیمان کرد گوتمان طبیب عدلی ئەوە کەسەیە کە بروانامەی هەیە لە طب عدلی هەر پزیشکێکیش سێ ساڵ مومارەسەی هەبێت بە بەردەوامی کاری طب عدلیمان بۆ بکات ئەگەر نەشتەرکاریش بێت، زۆربەیان ئامادە نیین بیکەن، بەڵام هەر پزیشکێ ئامادە بێت سێ ساڵ کاری طب عدلی بکات بە پێی ئەو یاسایە دەبێتە طبیب عدلی لەبەر ئەوە نابێ ئێمە مەحرومی بکەین لەو امتیازە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئەو تەفەروغە مەرج نییە؟.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

ئەو تەفەروغە نەبێت،بەو تەفەرغە بوار نادەینە پزیشکانی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راتان لەسەر ئەوەی هونەریەکان ( ١٥٠٠ ) دینار بێت ؟.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

ئەوە جێماوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە رامان وایە چەندی زیاد بێت باش ترە، وەکو دەڵێن کارەکان ئەوان دەی کەن، بەڵام بەرپرسی راستەقینە پزیشکەکەیە، راپۆرتی پزیشکی هەر پزیشک ئیمزای دەکات، هەر هەڵەیەک هەبێ هەر ئیجرائێک هەبێ هەر معاناتێک هەبێ پزیشکەکان بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ دەگرن، ئەوان بەس کارەکە دەکەن، بەڵام مسؤلیەت لەسەر پزیشکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی پێشنیاری لیژنەی تەندروستی دیاری کراوە دەڵێ ، ئەوەی کوادری فەنی کە ١٠٠٠ دینارە بکرێتە ١٥٠٠ دینار، لەو بارەیەوە حەزمان دەکرد رای وەزیری تەندروسیمان بزانیبا.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

بە رای من ( ٢٠٠٠ ) دینارەکە بمێنێ ،( ١٠٠٠ ) دینارەکە گەر بکرێتە ( ١٥٠٠ ) ئەوە ئیشکالی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامت هەیە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سوپاس بۆ جەنابت کە مەنطوقی ئەوە گۆڕا، لەبەر ئەوەی رێنمایی وەزارەتی دارایی ساڵ بە ساڵ

دەگۆڕدرێ، دێینە سەر گرنگی طبیب عدلی کە ئەو دەرمالانە وەرگرن، خۆی طبیب عدلی ئێستا ٤٠٠ ٪ دەرماڵەی هەیە کە راتبەکەی ٤٠٠ دینارە ٣٥٠ بدل عدوێ وەردەگرێ واتا ئێستا ٢٣٥٠ موچەی طبیبی عدلیە بێجگە لە بەخشین، لەبەر ئەوەی ئەو پارانەی ئێستا داندراون زۆر زۆرن هەمووی بکرێتن بە نیوە، لەبەر ئەوەی طبیبی عدلی کارەکەی قورستر نییە و زەحمەت تر نییە لە طبیبەی نسائی لە هۆڵی لە دایک بوون، پزیشکی لەدایک بوون ئەو ئەرکەی لەسەریەتی زۆر زۆر گران تر و گەورە ترە، واتا ژیانی دایک و منداڵەکەشی لەدەستە دەبێت زۆر سور و ورد بێ تاکو هەردووکیان رزگار دەکات لە مردن، بەلام کاری طبیبی عدلی وا نییە جەنازەیەک مردوە بەکەیفی خۆی ١٠سم یان ٥٠ سم یان ١م لە لاشەکەی دەدڕێنیت هیچ گرفت نییە، هیچ مەترسی وای لەسەر نییە ،لایەنی ئەمنی کە جەنابی وەزیری تەندروستی فەرمووی ، لەو لایەنەوە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکات کە پاسەوان و پۆلیسی بۆ دەستەبەر بکات و هیچ پەیوەندی بە پارەوە نییە، دووەم جەنابی وەزیر لە وەلامی لیژنەی تەندروستی فەرمووی دەرماڵە چەند زۆر بێت باشترە، بە بێ سکمان بە خەزینەش بسوتێ، هەموو وەزارەتەکان داوای پارە لە وەزارەتی دارایی دەکەن ئایە وەزارەتی دارایی پارە لە کوێ بێنێ؟ دەبێ ئێمە تەماشای خەزینەش بکەین هەمووشمان دەزانیین کە زۆر زۆر عجزێکی گەورە هەیە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین لە سەرۆکی پەرلەمان ئەو پێشنیارەی ئێمە لەبارەی برە پارەکان کە دابەشی دوو بکرێ بخاتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ روون کردنەوە یاساکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە و لەسەر پێشنیاری وەزیری تەندروستی لە ئەنجومەن دراسەت کراوە بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیری دارایی بۆیە حسابی بابەتی داراییشیان بە تەئکید کردەوە کە ئەو کتابەیان بەو شێوەیە ناردۆتە ئێرە واتا برەکان خۆیان دایان ناوە، حکومەت دەتوانێ تەحمولی ئەو مساریفە بکات، ئەگەر حکومەت نەیتوانیبا تەحمولی ئەو خەرجیە بکات نەی دەنارده پەرلەمان، ئەوە یەک روون بێت باشە. دووەم جەنابی وەزیر بە روونی راڤەی کرد کە پزیشکەکان ئەو کارە ناکەن تۆ دەبێ حەوافزی بدەیتێ تاکو بیکات، لە هەموو کوردستاندا ئەمڕۆ یەک پزیشکی عدلی هەیە ئەوەش کافی نییە هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە پزیشک ئامادە نییە بچێ ئەو کارە بکات دەچێ عیادەیەک دەکاتەوە بۆ خۆی و پارەی زیاتری دەست دەکەوێ،لیرە (للضروره احکام)، لەراستیدا ئەوە لە کاتی پێویستە، کاک شێروان فەرموو ئەگەر بە دواداچونێکت هەبێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

هەر قسەکەی جەنابت بوو پێویست ناکات دووپاتی بکەمەوە، سەبارەت بە برگە (١)یش ئەگەر (متفرعين) لابدرێ هیچ مانعێک نییە، پاش ئەوەی وەزیری تەندروستی ئەو روون کردنەوەی کرد ئێستاش ئەگەر ئەمر دەفەرموون ماددەکە دەخوێنمەوە دوای چاککردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام کاک جەمیل مافی خۆیەتی پێشنیارەکەی بخەینە دەنگ دانەوە ئەگەر نەیکێشێتەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

رای لیژنەی دارایی رای جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سحبی ناکەنەوە دەیخەینە دەنگ دانەوە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دوای روون کردنەوەی جەنابتان پێویست بە دەنگدان ناکات .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەکە جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە، کاک ابراهیم تێبینیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم دۆغرەمەچی :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوەی جەنابی وەزیری تەندروستی بۆی چوو، بۆ دراسەت نییە ، با لەسەر طب عدلی منافەسە پەیدا نەبێت، کەسێ کە اخصائی نەشتەرکارە یان باطنییە لە طب عدلیش بێت و ئێوارانیش کار بکات، با منافەسەکە حەصر بێت لە نێوان ئەوانەی کە تفروغ دەکەن لەبەر ئەوەی خۆمان دەزانیین کە ٤٠٠ دینار کەم نییە، جا پزیشکێکی عەدلی عیادەشی هەبێت و داواش بکات بچێتە طب عدلی، بە قسەی جەنابی وەزیر بێت سێ ساڵ ممارەسەی کرد ئەو کاتە کە عیادەی خۆی داخا با بچێتە طب عدلی، تفروغەکە زۆر گرنگە زۆر بنەرەتیە با بۆ ئەو کەسانە بێت کە تەفەروغ دەکەن نا بۆ پزیشکانی ترکە منافەسەی طبیبی عدلی دەکەن ئەوانەی کە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەو پەیمانگایەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە، کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

هەندێ لایەنی تێدایە عەدالەتی تێدا نایەتە دی، بۆ نمونە بڕگەی چوارەم کادرێکی خزمەتگوزار لە طبی عدلی (٥٠٠)دیناری زیادەی دەدرێتێ لەسەر ئەوەی کە راتب و دەرماڵەی خۆیشی وەر دەگرێ ، لە هەمان کاتدا کادرێکی خەدەمی لە نەخۆشخانەی لە دایک بوون کە کارەکەشی لەوانەیە زەحمەت تر بێت لە هی ئەوە بە دەرماڵە و موچەشی (٢٥٠)دینار وەردەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەرای من هەر کادرێکی خزمەتگوزار لە هەر نەخۆشخانەیەک بێ ئەرکی لەوە سوک ترە کە لە طبی عدلیدا کار دەکات ، لە بەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ مردوو، هەڵگرتنی مردی، شوشتنی مردی، واتا کارێکی زۆر گرانە، کادری خزمتگوزار لە نەخۆشخانەی لەدایک بوون چی دەکات؟ لەگەڵ دکتۆر دەچێتە هۆڵی لە دایک بوون و لەگەڵ ئافرەتەکە دێتە دەرەوە و پاکی دەکاتەوە، نە مردو هەڵدەگرێ و نە هیچ هەڵدەکرێ، لەبەر ئەوەی ئەو کادرە خزمەتگوزارە کە لە طبی عدلی کار دەکات ئەو (٥٠٠) دینارە زۆر باشە تاکو هانیان بدەین تاکو لە وێ کار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

جەنابی وەزیری تەندروستی لێرە ئامادەیە، مامۆستا کاکەرەش فەرمووی بەردەست لە نەخۆشخانەی لە دایک بوون چی دەکات،بۆ لە هۆڵی لە دایک بوون هیچ ئافرەتێک نامرێت؟ هیچ منداڵێک نامرێت ، لەبەر ئەوە بەشەکانی تر ئەرکیان زۆر زیاترە ، ئەوە هەر بۆ روون کردنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سعید فەموو.

**بەڕێز کاک ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تێبینی من لەسەر متفرغە،من وای دەبینم کە تەفەروغ بۆ طبیب عدلی زۆر کارێکی پێویستە، بە هیچ شێوەیەک نابێ طبیبی عدلی عیادە بکاتەوە، ئەگەر عیادە بکاتەوە لەوانەیە بکەوێتە ژێر

هەندێ کاریگەری، ئەوە رۆڵی دادوەر دەبینێت، ئەگەر عیادە بکاتەوە لەوانەیە خەڵکێ کاری تێبکات ، پێم باشە ئەگەر عیادەی نەبێت و تەنها بۆ ئەو کارە موتەفەرغ بێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

وابزانم لەسەر ئەو بابەتە زۆر گفتوگۆ کرا، تەنها ناکۆکی ئەوەیە کە تەنها موتەفەرغ بێت یان نا، جەنابی وەزیر روونی کردوە، ئەوانەی دەچن لەو بوارە کار دەکەن هەرچەندە رای پەروەردەش وابوو کە موتەفەرغ بێت، بەڵام کە روونی کردەوە مەرج نییە کە موتەفەرغ بێت ، خۆشیان زۆر کەمن ئەوەش باوەر ناکەم کاریگەریەکی ئەوەندە گەورە بکات لەسەر بوجەی حکومەت کە ئێمە ئەوەندەی بۆ بپارێینەوە، دوایی حکومەت خۆی ئەو پرۆژەیەی ناردوە، بە تەئکید وەزیری دارایی لەوێ ئامادە بووە ، بۆیە ئەگەر بکرێ اکتفاء بە گفتوگۆیەکە بهێندرێ بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

پاشی ئەو گۆڕانکاریانە مادەی بیست و نۆ دەخوێنمەوە :

المادة التاسعة والعشرون :

للوزير صلاحية منح مخصصات اضافية للعاملين في الطب العدلي اضافة للمخصصات الحالية المنصوص عليها في تعليمات وزارة المالية والاقتصاد١٩٩٧ وبالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد للاقليم وعلى الشكل التالي :ـ

اولا :ـ مخصصات مقطوعة قدرها(٤٠٠٠) أربعة الاف دينار شهريا للاطباء العدليين.

ثانيا :ـ مخصصات مقطوعة قدرها(٢٠٠٠) الفا دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من حملة البكلوريوس أو أعلى من غير الاطباء .

ثالثا :ـ مخصصات مقطوعة قدرها(١٠٠٠) الف دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الصحية والفنية.

رابعا :ـ مخصصات مقطوعة قدرها(٥٠٠) خمسمائة دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الخدمية.

خامسا :ـ تستثنى المخصصات الواردة ذكرها في الفقرات الأربع اعلاه من أحكام قانون مخصصات موظفي الدولة رقم(٩٣) لسنة ١٩٦٧.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئەوە بێ تەفەروغە، دەیخەمە دەنگ دانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە مادەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة الثلاثون: يعفى الطبيب والصيدلي والمعاون الطبي العاملون في الطبابة العدلية من احكام قانون تدرج ذوي المهن الطبية وقانون تدرج ذوي المهن الصحية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە؟.

**کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارای و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیری مادەکە دەکەین ، ئەگەر وا نەبێت تەرفیعاتیان رادەوەستێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

ماددەکە باش هاتووە لەگەڵینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا؟.

**بەڕێز عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
ماددەکە باش هاتووە و پشتگیری دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، پێویستی بە ڕاڤەکردنێک هەیە ئەگەر جەنابی وەزیری تەندروستی بۆمانی بکات.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
بەپێی یاسای پلەبەندی(ذوی المهن الطبیە و وذوی المهن الصحیە)، پاش ئەوەی ماوەی اقامە تەواو دەکەن ، دەبێ بچنە شارۆچکەکان دوو ساڵ خزمەت بکەن، لێرە بەدەریان دەکەین وەکو هاندەرێکە تاکو بێن بۆ طب عدلی، حەز دەکەم جەخت لەسەر ئەوە بکەم بەو هەموو پارەی کە باس کرا وای بۆ ناچین کە بەپیرەوە چونێکی وا هەبێ کە چەند کەسێک بێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
واتا بۆ لادێ و شارۆچکەکانە.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**
بەڵێ بۆ ئەوانەو بەدەر دەکرێن. وتا ئەگەر بەدەر نەکرێن دوو ساڵ بچێتە لادێکان ئەوە نایەتە طب عدلی و دەچێتە فەرعەکانی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەی پلەبەندی اقامە و شتی تر ناگرێتەوە؟.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**
نەخێر واتا (تدرج خارج مرکز) ئەوەی پێی دەڵێن تدریب ئەوە دەبێت بیکات لەوە بەدەر ناکرێ، تەنها لە پلەبەندی مەبەستمان خزمەتگوزاری لە لادێ و شارۆچکەکانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کار لە پلەبەندی ناکات .بۆ نمونە لە ئەندازیاری هەیە. ئەندازیار دواتر ئەندازیار... هتد.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
لای ئێمە هەیە ئەوە هەیە پزیشک لە کۆلیژی پزیشکی دەردەچن دوو ساڵ ایقامەی دەوری دەکەن کە ضمنی تەدریبیانە ئەوە لەسەر هەموویان واجبە و کەس بەدەر ناکرێ بەهیچ شێوەیەک، بەلام خزمەت لە لادێ و شارۆچکەکان پێی دەڵێن پلەبەندی، لە هەندێ حالات کە زۆر پێویست بێت

ئێمە بەدەری دەکەین وەکو حافزێک و هاندانێک تاکو ئەو شتە پر بکەینەوە، لێرەش طب عدلی ئەو گرفتەی هەیە ئەو خاڵەش گرنگە تاکو بیێتە حافزێک بۆ دکتۆرەکان و دەرمانسازەکان و ئەوانی تریش تاکو بێن بۆ طب عدلی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا یاسای (ذوی المهن الطبیە) و (ذوی المهن الصحیە) تەنها خزمەتە لە دێکان ؟

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

خاڵەکەی تێدایە، کە دەڵێی پلەبەندی، ماوەی تەدریب هەیە، یاساکە زۆر خاڵی تێدایە، بەس ماوەی تەدریب هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا من مەبەستم ئەوەیە، واتا هەمووی دەگرێتەوە ، جا لیژنەی یاسا ئەوە بکات تاکو بە هەڵە تەئویل نەکرێ، ئەگەر تەنها مەبەستتان لادێ یە با دیاری بکرێ ،کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

وەکو بەڕێزتان فەرموتان لەوانەیە وەزیری تەندروستی باشتر بزانێ ، خۆی ئیقامەیە و ئیقامەی دورییە و ئیقامەی قودمایە دوای ئەوە مومارسە ... هتد، فعلا وەکو جەنابیشت فەرمووت ئەوانە هەمووی پلەبەندی پزیشکینە، تەنها بەدەریان بکەن لە لادێ و شارۆچکەکان،

لە دەستەی سەرۆکایەتیەوە پێشنیار هات دەڵێ ئەوە زیاد بکرێ(فیما یخص الخدمة في القرى والاریاف) ئەگەر ئەوە مەبەستەکە بپێکێ ئەتوانین بیخەینە سەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیرون ناصح حیدەری:**

المادة الثلاثون :

یعفى الطبیب والصیدلي والمعاون الطبي العاملون في الطبابة العدلیة من احکام قانون تدرج ذوي المهن الطبیة وقانون تدرج ذوي المهن الصحیة فیما یخص الخدمة في القرى والاریاف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

سەبارەت بە پزیشک و یاریدەدەری پزیشک باشە ، دەرمانساز بۆ بەدەر بێت کە شتێکی گشتیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلامتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز جەمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

دەرمانسازیش لە طبابەی عدلی پێویستە، لە پەیمانگاکە بەش هەیە بۆ نمونە سڕکردن هەیە سموم هەیە، لەبەر ئەوە دەرمانساز پێویستە یاسای پلەبەندی بیگرێتەوە دەبێ بچێتە لادێکان و شارۆچکەکان لێرە پێویستە بە هەمان شێوە هانی بدەین. نازانم مەبەستی کاک د. ادریس چی بوو؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ادریس جارێکی تر راکە روون بکەوە.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دەرمانساز کە دەردەچێ لە هەر کوێیەکی دادەمەزرێنی پەیوەندی بە پیشەکەوە نییە، شتێکی گشتیە واتا دەرمانساز دەرمانسازە شتێکی نوێ نییە هاتبێتە ناو بابەتەکە، دەرمانساز چۆن لە نەخۆشخانەیەک دایدەمەزرێنی دەتوانی بیهێنیە طبی عدلی. لەبەر ئەوە دەبێ پلەبەندیەکە بیگرێتەوە لەبەر ئەوەی اختصاصەکەی گشتییە، سەبارەت بەو بابەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی ئەوەیە دەرمانساز چ لە طبابەی عدلی کار بکات یان لە شوێنێکی تر کار بکات هەر دەرمانسازە، و ناگۆڕێ.

**بەڕێز جەمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

لەسەرەتاوە گوتم ئەوە تەنها هاندەرێکە بۆی ئەگەر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەبەستی ئەوەیە کە دەرمانساز حەفزی ناوێت. لەگەڵ جەنازە کار ناکات لەگەڵ دەرمان کار دەکات.

**بەڕێز جەمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

نایەت بۆ طب عدلی، لەبەر ئەوەی کارەکە زۆر زەحمەتە لایەنی لێکۆڵینەوەی هەیە هێنان و بردنی تێدایە بەیانی اشکالاتە، لێکۆڵینەوەیە، دەبێ سموم دیاری بکات کارێکی ئاسان نییە، بابەتەکە طبیە لە خزمەتی دادوەری و بابەتێکە زۆر ئیشکالاتی تێدایە، ئەگەر دەرمانخانە خۆی هەبێ زۆر ئاسان ترە، ئەگەر هاندەرێکی نەبێت نایەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لە وتەکەی جەنابی وەزیر وا دەردەکەوێ کە دەرمانسازیش خاضعی تەدەروج وەزیفی یە سەبارەت بە خارجی مەرکەزی پارێزگا، ئەگەر خارجی مەرکەزی پارێزگای خازیعی ئەو ئیجرائە بێت، پێویستە ئەویش بگۆترێ، لەسەرەتای دامەزرانییەوە پێویستە لە دێکان کار بکات ئەگەر خاضعیش نەبێ وەکو ئەوانی تر پێویست ناکات دەرمانساز لەناوی بێت وا دەر دەکەوێ کە ئەوەیش دەیگرێتەوە وەکو دکتۆر و ئەوانی تر دەبێ لە دەرەوەی پارێزگا کار بکات، لەبەر ئەوە پێویستە دەرمانسازەکە بیگرێتەوە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوانەی لە کۆلیژی دەرمانسازی دەردەچن هیچ بابەتێک نییە تەنانەت لە ساڵی کۆتایی کۆلیژیش پەیوەندی بە طبی عدلی هەبێ تاکو بڵێ من لەوێ تەخەسوس دەکەم ،تاکو پلەبەندیەکە نەی گرێتەوە ئەوە بە شێوەیەکی گشتی دەردەچێ، ئایە لە کوێ دادەمەزرێ ئەوە سیاسەتی وەزارەتی تەندروستیە وەزارەت سەرپشکە لە کوێی دادەنێ ، پەیوەندی بەو بابەتانەوە نییە بە رای من ، دەرمانسازی پیشەیەکی گشتیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەگەر پلەبەندی وەزیفی بیگرێتەوە ئەوە ناتوانین لە وێی دامەزرێنین،وەکو وەزیری تەندروستی فەرمووی ، دەبێ دوو ساڵ لە لادێ و شارۆچکەکان بێت واتا لەدەرەوەی پارێزگا بێ ئەوجا دەتوانێ بێتە طب عدلی بەڵام ئەگەر بەدەر بێ هەر دەرچووەتوانێ بچێ، ئەوەیە بابەتەکە، واتا خاضعە یان خاضع نییە؟ ئەگەر خاضعی تەدەروجی وەزیفی یە ئەوە وەزیری تەندروستی دەزانێ دەبێ ئەو دەقە هەبێ ، ئەگەر خاضع نەبێ ئەوە لە هەر شوێنێ دایبمەزرێنێ هەر هەمان شتە،

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز جەمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

لێرە وابزانم وا تێگەیشتون لێرە مەبەست پزیشک نییە مەبەست خاوەن پیشەی تەندروستیە دکتۆری ددان دەگرێتەوە پزشک و دەرمانساز دەگرێتەوە، ئەو کۆمەڵە پێیان دەڵێن (ذوی المهن الطبیە)، (ذوی المهن الصحیە)ش کارمەندەکانی پزیشکی تر دەگرێتەوە لەبەر ئەوە دەرمانسازانیش بەهەمان یاسا مشمولن ساڵێک تەدریب دەکەن و دوو ساڵیش دەچن بۆ لادێکان، لێرە دەمانەوێ بەدەر بکرێن ئەگەر ویستی بچێتە طب عدلی نایێرین بۆ لادێکان ئەوەش وەکو هاندەرێکە تاکو بچێتە ئەو ئیشە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا، ئەوان پێیان باشە دەرمانسازی تێدا بێت، بۆ دواجا فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

باشە ئەگەر بەدەر بکرێ ، دەرمانسازان هەمووی تقدیمی طب عدلی دەکات ئەو کاتە کێ هەڵدەبژێری؟ ئەو کاتە پلەبەندیەکە نابێ ،حەق نییە دەرمانساز داخل بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم (نمر)فەرموو.

**بەڕێز نمر کچو هسام:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لەو ماددەیە زۆر پێویستە چونکە طبیب عدلی پێناسەمان کردوە ئەوە ساڵێ ساڵی تقویمی دەبێ لە (معهد الطب العدلی) دەرچوو، کە لە کۆلیژی پزیشکی دەرچوو ناتوانێ بچێتە طبی عدلی، ئەگەر لێرە مشمول بێ پێویستە دوای دوو ساڵ انجا دەتوانێ تقدیم بکات واتا ئەوە لێرە هاودژیەک دەبێت. ئەوەش ماددەیەکی هاندەرە تاکو بێن لەوێ دەوام بکەن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شیرون ناصح حیدری:**

المادة الثلاثون :

یعفی الطبیب والصیدلي والمعاون الطبي العاملون في الطبابة العدلية من احکام قانون تدرج

ذوي المهن الطبية وقانون تدرج ذوي المهن الصحية فيما يخص الخدمة في القرى والارياف.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە مادەكە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، كێ پەسەندی ناكات؟ یەک دەنگ پەسەندی ناكات ،ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شیرون ناصح حیدەری:**

پێش ئەوەی بچینە ماددەی ٣١ پێمان باشە لێرە ماددەیەكی تر زیاد بكەین :

(علی مجلس الوزراء تنفیذ احكام هذا القانون) لەبەر ئەوەی لە پرۆژەكەدا نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تێبینی هەیە؟ كاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، •

پێش پێشنیارەكەی لیژنەی یاسا ، ئێمە پێشنیارمان ئەوەیە كە ماددەیەک لە دوای ماددە سیەم زیاد بكرێ بەو شێوەیە (لا یعمل بای نص یتعارض واحكام هذا القانون). لەبەر ئەوەی شتێكی زۆر پێویستە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ریزبەندی ژمارەكان بگۆڕن تاكو بیاندەینە دەنگدانەوە.

فەموون ماددەی ٣١ بخوێننەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

ماددەی سی ویەک پێشنیاری لیژنەی یاسایە.

المادة الحادیة والثلاثون :

(علی مجلس الوزراء تنفیذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە. دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی كە ماددەكە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، كێ پەسەندی ناكات؟ ،ماددەی سی و یەک بەگشتی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

المادة الثانية والثلاثون :

(للوزير اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە. دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ،ماددەی سی ودوو بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

ماددەی سی و سێ پێشنیارەکەی لیژنەی داراییە.

المادە الثالثە والثلاثون:

( لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە. دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ،ماددەی سی وسێ بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة والثلاثون:

(ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە. دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ،ماددەی سی وچوار بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

## الاسباب الموجبة

تأكيداً لأهمية الطب العدلي ولغرض تطوير أعماله وتنظيمها بشكل يمكنه من أداء هذه المهام بصورة علمية ومتطورة، وبغية تحديد مهام الطبيب العدلي ورفع كفاءة العاملين في الطبابة العدلية، وتأمين الأطباء العدليين، وفق خطة شاملة تغطي حاجة الاقليم اليهم، بما يحقق العدالة وحسم القضايا بأدق وجه وأسرع وقت ممكن. فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەموو پرۆژەکە دەخەینە دەنگ دانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە هەموو پرۆژەکە پەسەند دەکەن

دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟پرۆژەکە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

زۆر سوپاسی نوێنەرانی لیژنەی تەندروستی و لیژنەی پەروەردە دەکەین بۆ بەشداریان لەو گفتوگۆیە با بفەرموون بچنەوە شوێنی خۆیان، نوێنەرانی لیژنەکانی تریش با لە شوێنی خۆیان بمێننەوە.

بەڕێزان دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەروو وگفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان، بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ کە پێشنیارکراوە لە لایان ئەنجومەنی وەزیرانەوە. لیژنەی یاسایی تکایە رای خۆتان بخوێننەوە فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پێشتر پرۆژەکە نەخوێنمەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەکە نەخوێندراوەتەوە، فەرموو پرۆژەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان/العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار: / / ٢٠٠١**

مشروع القرار:

**(قرار)**

إستناداً الى أحكام المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ما يلي:

اولا :يخول وزير الداخلية صلاحية تمديد المدة الواردة في الفقرة الأولى من قرار المجلس الوطني لكوردستان/العراق المرقم (١٧) في ١٩٩٩/١١/٢ والممدد بالقرارين المرقمين (٥) في ٢٠٠٠/٤/٩ و ١٦في ٢٠٠٠/٩/٢٤.

ثانياً: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

ثالثاً: لا يعمل باي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوري شاويس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بێگومان ئێمە تێبینییەکمان دا بۆ ئەوەی کە بابەتەکە بە کراوەیی بدرێت بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پاشی ئەوەی کە پەیوەندیمان بە وەزارەتی ناوخۆ کرد جەنابی وەزیر هات لەگەڵ بەڕێزتان لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ وکۆبوونەوەیەکی موشتەرەک کرا، ڕامان وایە ئەم دەسەڵاتە لە وەزارەتی ناوخۆ نەبێت هەموو جارێک بڕیارەکانی پەرلەمان درێژبکاتەوە بۆ ماوەیەک، ئێمە ماوەیەکی درێژ بڕیارەکەی بۆ درێژبکەینەوە ومشروعێکمان بۆ ئامادەکرد بۆ ئەم بابەتە بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ ئەوەی بتوانێ لەم ماوەیەدا چارەسەری بکات، ماوەکەش ئێستا نزیکەی دە مانگ لە ئەصلی بڕیار ڕۆیشتییە لەبەر ئەوە لیژنەی یاسا پێشنیارمان کرد کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بڵێین ئەوە بۆ ئەوەی ئاخیر شت بتوانێ بکات لەم دوو ساڵە دە مانگی ڕۆیشتووە نزیکەی (١١) مانگی ڕۆیشتووە، پرۆژەکە ئەگەر بەڕێزتان بفەرموون بۆ ئەندامانی پەرلەمان بیخوێنیەوە بزانین ڕایان چییە وگفتوگۆی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای خۆتان بخوێنەوە تکایە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەڵێ ئەمە ڕای ئێمەیە:

١ـ يمدد العمل بقرار المجلس الوطني. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئاخیر بڕیار (١٦) بوو هی پەرلەمانە لە ٢٠٠٠/٩/٢٤ دەرچووە بە ماوەی تاکو ٢٠٠٠/١/٤ بووە ماوەی کارپێکردنی، ئێستا ئێمە دەمانەوێ ئەمەی درێژکەینەوە (يمدد العمل بقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم (١٦) في ٢٠٠٠/٩/٢٤ لمدة سنتين إعتبارا من تأريخ إنتهاء نفاذه في ٢٠٠١/١/٤)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، وەکو بەڕێزتان ئاگادارن ئێمە بە نووسراوی ژمارە (٣٣) لە ١٠/١٦

رای خۆمـان دەربری، بەڵام دوای ئەوەی کۆبوونەوەمان کرد پشـتگیری تەواوی لیژنەی یاسا ئەکەین لە پێشنیارەکەیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە فەرموو؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، رای لیژنەی دارایی دەخوێنمەوە:

**السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/ تمديد القرار ١٧**

تحية واحتراماً

إجتمعت لجنتنا صباح هذا اليوم لدراسة ومناقشة مشروع قرار تخويل السيد وزير الداخلية صلاحية تمديد المدة الواردة في الفقرة الاولى من قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم (١٧) في ٢/١١/١٩٩٩ والممدد بالقرارين المرقمين (٥) في ٩/٤/٢٠٠٠، ( ١٦ ) في ٢٤ /٩/ ٢٠٠٠ وبعد الدراسة والمناقشة تؤيد لجنتنا بالاغلبية مشروع القرار هذا ولكم الامر .

**مع التقدير**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، بەڕێز وەزیری ناوخۆ هیچ تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من پشـتگیریی پێشنیـاری یاسایی دەکەم بەراستی ماوەی دوو ساڵ ماوەیەکی زۆر کافییە، چونکە وەزارەتی ناوخۆ ئەو سەیارانەی هەموو دیاری کردووە ئێستا دەزانێت ئەو سەیارانە لای کێن وئێشی چییە، ئەگەر بەم دوو ساڵەیە ئێمە نەتوانین ئەم سەیارانە هەمووی بڕیارەکەی لەسەر جێبەجێ بکەین باوەڕ بکە بە دە ساڵی تریش ناتوانین، بۆیە بەرای من ئەم دوو ساڵە زۆر کافییە وپەنابەخوا ئێمە وەک وەزارەتی ناوخۆ دەتوانین بڕیارەکە جێبەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، کەواتە بڕیارەکە بخوێنەوە خاڵ بە خاڵ دیباجەکەی ناوێت لە یەکەمەوە فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

١- يمدد العمل بقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم (١٦) في ٢٠٠٠/٩/٢٤ لمدة سنتين إعتبارا من تأريخ إنتهاء نفاذه في ٢٠٠١/١/٤.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو کاک ابراهیم.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەراستی ئێمە لە نووسینگەی دهۆک بەدوای ئەم بابەتە داچووم هەر لە سەرەتاوە کە دەرچوو بە دوای داچووینە، لە زۆر خاوەن سەیارەکانمان پرسیوەو بۆمان دەرکەوت (ئەمە زیاتر رای خۆمە) چونکە ئەم بابەتە بە درێژکردنەوە چارەسەر ناکرێت، بۆمان دیارکەوت کە ئەمە دوو جار پێشتر درێژمان کردۆتەوە زۆربەی زۆری خاوەن سەیارەکان سەردانی فەرمانگەی خۆیان نەکردووە دەیان زانیش ئیجرائات هەیە دوای ئەوەی ماوەی دانراو تەواو بێت، ئەو ئیجرائاتەش لەوانەیە دەست بەسەرداگرتنی سەیارەکە بێت، بەرای ئێمە خاوەن ئەو سەیارانە هۆیەکەی ئەوەیە کە سەیارەکانیان بەگرانی کریوە وئێستا ئەم سەیارانە پارەی خۆی ناکاتەوە وا دەبینم کە ئەم گومرگە زۆرە لەگەڵ قیمەتی سەیارەکە دەبینین پارەی گومرگەکە زۆرە، بەرای من ئەگەر پارەی گومرگ چارەسەر نەکرێت بە درێژکردنەوەی ماوە ئەم بابەتە چارەسەر ناکرێت، دوو ساڵی تر بێت یان زیاتریش بێت، ئێمە لەگەڵ درێژکردنەوەین، باشە ئەگەر وەزارەت بزانێ کەوا خەڵکەکە سەردان دەکات بۆ ماوەی ئەم دوو ساڵە، ئێمە لە وانەیە شکێکمان تیا هەبێت بۆ ماوەی (٦-٧) مانگ وەزارەت تەماشا بکات ئەگەر کەس سەردانی نەکرد با دیراسەتێکی تر بکات ئەگەر دیتی پێویستی ئەو بابەتەیە کە من گوتم گومرگە با دیراسەتی بکات ئەگەر پێویستی پێ هەبوو گومرگەکەی کەم کات ئەگەر نا، ئێمە ئێستا لەگەڵ ئەوەین کە درێژکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، هەر هەمان بابەت بێت، بەڵام خاڵێکی تر ئێستا کەسانێک نایەت بەرای من باوکی کوردۆ روونی کردەوە، بەڵام خاڵی تر وەکو ئیحتکاکی لەگەڵ خەڵکی هەیە لەوانەیە لێکۆڵینەوەی پۆلیس زەعیفە مانای شدەت بدەینە خەڵکێکی وابکەن فعلەن بێن لە ماوەی کە درێژکراوەتەوە ئیستفادەی بکەن ونویی بکەنەوە ئەوە یەک، دوو من لەگەڵ هەندێ نیم وەکو برادەری یاسایی گوتی ئیعتبار بکرێت لە تاریخی تەواوبوونی ١/٤ من لەگەڵ هەندێمە بۆ

دوو ساڵ بێت لە تاریخی چاپکردنی لە ڕۆژنامەکانی کوردستان تا زیاتر کات ببینین بۆ وەزیری ناوخۆ ئەو موشکیلانە بێنە حەلکردن وباجارێک ئەوها بێتن تا ماوە زیاتر بێتن کەس گلەیی نەبێتن وهیچ حوجەت نەبێتن گرینگ ئەوەیە وەکو هاریکاریەکە لەگەڵ هاولاتی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی دووەمی بەڕێزت ئێمە لە سەرۆکایەتییەوە لە ڕاستیدا قسەمان لەگەڵ لیژنەی یاسایی کرد، لە تەئریخی تەواوبوون بەپێی یاسا، سەیارەکان هەموو دەست بەسەرن مانای لە ١/٤ وە لە دوای ١/٤ ئەو سەیارانەی کە گومرگیان نەداوە هەموو دەست بەسەرن وادادەنرێ بەپێی یاسا، چونکە ماوەکەی بەسەرچووە جا ئەو ماوەیە لە ڕۆژی دەرچونییەوە، بۆیە وامان لێکردوە بۆ ئەوەی ئەم دەست بەسەرداگرتنە حەل بکەین، ئەمە بۆ زانیاریت بۆ ئەوەی بزانیت، بەڕێز کاک د.لطیف فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود أحمد برزنجی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەڕێزت ئێستا باست کرد ڕوونکردنەوەیەکی تێدا بوو منیش پرسیارەکەم وابوو ئەگەر یاسای پێشوو لە ٢٠٠١/١/٤ کۆتایی پێ هاتووە ئایا وەزارەتی ناوخۆ دوای ئەوە تا ئێستا هیچ کاری بە یاسایەکە کردووە کە کارپێکردنی نییەو، ئەگەر کردبێتی چۆنی کردوە؟ ئەگەر نەیکردووە بۆ ئێمە ئێستا یاسایێ دابڕێژین بلێین لەو تاریخەوە بەلام ڕوونکردنەوەکەی بەڕێزت ڕوونی کردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێمە لێرە لە لیژنەی یاسا ئەو درێژکردنەوەمان کردوەتە {یمدد العمل بقرار المجلس رقم (١٦)} خۆی ڕاستی بڕیارەکەی (١٧)ەیە ئێمە درێژکردنەوەی کارپێکردنی ڕاستی بڕیارەکە دەکەین جا ئێشارەت بدرێتن بە بڕیار ژمارە (١٧)، چونکە مەبەستمان درێژکردنەوەی ئەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاست دەکات {یمدد العمل بقرار المجلس الوطني لکوردستان العراق المرقم(١٦)} (١٦) خۆی درێژکراوەتەوە ئەبێ درێژکردنەوەی (١٧) بێت، فەرموو وەلام بدەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ڕاستە بڕیاری (١٧)ەیە ئێمە ئەصلی بڕیار درێژناکەینەوە ئێمە درێژکردنەوە درێژکردنەوەکە دەکەین، ئەوەی کە پێی درێژکراوەتەوە تاریخی کارپێکردنی

دیاریکراوە دەڵێ لە فلان کاتی کارپێدەکرێت، ئێمە دەڵێین (یمدد العمل بقرار) ئەوەندەی تر مانای وایە درێژکردنەوەی درێژکردنەوەکە دەکەین بۆیە پێویست نییە ئاماژە بە بڕیاری یەکەم بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شیروان حیدری فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێمە دوو درێژکردنەوەمان کردووە یەکیان ژمارە (١٦)یە یەکیان ژمارە (٥)ە لە هەردوو درێژکردنەوە دەستنیشانی بڕیاری ژمارە (١٧)مان کردووە لە ٢/١١/١٩٩٩ بەرای من تێبینییەکەی کاک سعید لە جێگای خۆیەتی لەبەر ئەوەی ڕەبتی ماوەکان بێت یەک لە دوای یەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێستا ئەصڵی بڕیاری (١٦)ە ئەم دوو بڕیارە بۆ ماوەی سێ مانگ تر، ئێمە ئێستا ئەوە دەکەین دوو ساڵ مانای وایە ئەم درێژکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوی تر، چونکە ماوەی درێژکردنەوە درێژدەکەینەوە ئێمە دەڵێین ماوەی کارپێکردنی ئەم یاسایەی لە باتی سێ مانگ دەبێتە دوو ساڵ، دوو ساڵی تر درێژەی دەدەینی مانای وایە پێویست نییە ئیشارەت بە (١٧) بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شیروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێمە کە دەڵێین لە ڕۆژی تەواو بوونی کارپێکردنی لە ٤/١/٢٠٠٠ مانای ئەوەیە بابەتەکە زۆر روونە ئێمە دەمانەوێ ڕەبت بکەین کە ڕەبتیشی بکەین دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەصڵی بڕیار، چونکە چۆن ئەم (٩) مانگە تەواو دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من لەگەڵ درێژکردنەوەکەم پشتگیریی لە قسەکانی کاک ابراهیم دەکەم، بەڵام ئەم بڕیارە بنووسرێ بۆ جاری کۆتایی چونکە ئەگەر وا نەنووسرێ خەڵکێک چاوەڕێ دەکات

دەڵێ لەوانەیە جارێکی تریش درێژکریتەوە هەر ناچێت تۆماری بکات ئەگەر بزانێت ئەوە ئاخر جارە سەیارەکەی دەست بەسەردادەگیرێت ئەم جارە هیچ ئەمەلی نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ادریس ئەیەوێ بە دەستی خۆی سەلاحیاتی پەرلەمان دیاری بکات، فەرموو تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگ دان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

١ـ يمدد العمل بقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم (١٦) في ٢٠٠٠/٩/٢٤ لمدة سنتين إعتبارا من تأريخ إنتهاء نفاذه في ٢٠٠١/١/٤.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەوانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یەک ئەندام پەسەندی ناکات بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دووەم فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

٢ـ على ورير الداخلية تنقيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟ تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم خاڵە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەوانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، دووەمیش وەرگیرا، سێیەم فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

٣ـ ينفذ هذا القرار إعتباراً من تأريخ إقراره ويُنشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟ (لا يعمل بأي نص يتعارض أحكام هذا القانون) کاک جمیل ئەوها دەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، راستە پەرلەمان بڕیار دەدات بەس دەسەلات دار ئەویش ئیصدار دەکات، بەرای من (تأريخ اصدارە) چونکە هەقی بەڕێزتە تۆش دووبارەی بکەیتەوە لەبەر ئەوە

(تأريخ اصداره) چ ئەمڕۆ بێت چ سبەی بێت زۆر چاکترە لە جێگای (إقرار)، چونکە ئەگەر هاتە جێگای (إقرار) مانای دەسەڵاتی ئیصدار راوەستاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جوابی بدەرەوە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئیشمان تاکو ئێستا وا رۆشتووە کە بڕیار بێتن لە تأریخی بڕیاردانی پەرلەمانە ئەگەر یاسا بێت لە تەئریخی دەرچوونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان هەر جۆری بڕیارەکە پێویست بەوە دەکات لە کاتی بڕیاردانی بێت لە ئەمڕۆوە ئیش پێ کراوبێت، هیچ تێبینی تر هەیە؟ تکایە جارێکی تر سێیەم بخوێنەوە بە ووردی فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

٣ـ ينفذ هذا القرار إعتباراً من تأريخ إقراره ويُنشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەوانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ سێیەم وەرگیرا، هەموو بڕیارەکە ئەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی هەموو بڕیارەکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ بڕیارەکە وەرگیرا. سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم، بەڕێزان لێرە کۆتایی هات بە دانیشتنی ئەمڕۆمان بۆ دانشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەین، زۆر سوپاس.

**د.رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٤

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## یەک شەممە ڕێكەوتی ٤/١١/٢٠٠١

كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٤/١١/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە دوازدە)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی كار:
بەپێی حوكمەكانی بڕگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە دوازدە)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٤/١١/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕوو گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی هەموار كردنی بڕگە(٤)ی ماددە/٨٩ وبڕگە(٢)ی ماددە/٩١ لە یاسای ژمارە(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩.

٢- خستنەڕوو گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیكای پزیشكانی ددانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە «١٢»ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین، بەڵام لەبەر پڕ نەبوونی ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە نابەسترێ و دوادەخرێت بۆ سبەی ڕێكەوتی ٥/١١/٢٠٠١ سوپاسی ئامادە بوونتان دەكەین.

| | |
|---|---|
| **فرست أحمد عبدالله**<br>**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**كوردستانی عێراق** | **د.ڕۆژ نوری شاوەیس**<br>**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**كوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)**

دوو شـەممـە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٥

خولی دووەم

سـاڵی دەیەم

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٣)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٥

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە سێزدە)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە سێزدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٥ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی برگە(٤)ی مادده/٨٩ وبڕگە(٢)ی مادده/٩١ لە یاسای ژمارە(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩.
٢ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی ددان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێک هاتووە :
١ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی بڕگە(٤)ی مادده/٨٩ وبڕگە(٢)ی مادده/٩١ لە یاسای ژمارە(١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩.
٢ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی ددان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
بە خێرهاتنی بەڕێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم دەکەم ، بۆ ئەوەی دەست بە کار بین داوا لە بەڕێزێکی ئەندامی لیژنەی یاسا دەکەم بفەرموویتە سەر سەکۆ ، هەروەها ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ئەوقاف و ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیش ،هەروەها ئەندامێکی لیژنەی داراییش و ئەندامێکی لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتیش با کەرەم

بکەنە ئێرە، لیژنەی یاسایی تکایە پرۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ و بناء على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / مايلي :

اولاً: ايقاف العمل بالفقرة(٤)من المادة(٨٩)والفقرة(٢)من المادة(٩١)من قانون الاحوال الشخصية رقم(١٨٨) لسنة ١٩٥٩ .

ثانياً: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

ثالثاً: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

رابعاً :ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فوزیە خان تێبینیتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمە وەکو لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت داوای دواخستنی برگەی یەکی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەرچی داوای دواخستنی ئەو بابەتە دەکەن؟.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان دەزانین کە ئەو برگەیە جیاوازی کردنێکی زەقی نێوان رەگەزی نێرو مێی تێدایە، ئینجا ئێستاش کاتی ئەوە نییە، کابینەی سێیەم و کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم کابینەی پاراستنی مافی مرۆڤ و یەکسانییە ، جگە لەوەش پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حزبێک و هەموو رێکخراوەکانی تریش هەرگیز جیاوازیان نەکردوە لە پرۆگرامیاندا لە نێوان نێر و مێ، ئینجا ئێمە پێمان باشە ئەم خاڵە دوا بخرێ و من شەخصی پێشنیار دەکەم کە بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆئەوەی زیاتر دراسە بکرێ و پێشم باشە کە کاتی ئەوە نییە، هەموو دەم یاسا کە هەموار دەکرێ یان دەگۆڕدرێ ئەبێ اسباب موجبە هەبێت ، دەبێ هۆکارێکی پێویست

هەبێ ، ئەم یاسایە ئەوە ماوەیەکی زۆرە کاری پێدەکرێ و هیچ کێشەیەکی لێ نەکەوتۆتەوە لەبەر ئەوە پێم باشە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران ،رای کۆتایش رای جەنابت و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنە کامتان پێ باش بوو بەپێی یاسا پەسەند بوو ئەوە بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەم بارەیەوە؟ مامۆستا موحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا محسن خالد مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە جارێکی تر دوا خرا، ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری ئیسلامی پێمان پەسەندە کە ئەو بابەتەیە بڕوات، و ئەوە راڤەکردنێکی هەڵەیە کە ئەو بڕیارە لە بەرژەوەندی ئافرەتدا نەبووە، کە کاتی خۆی لە باری کەسی کراوە و ئەو هەنگاوەی کە ئەنجومەنی وەزیران هاویشتوویەتی بە دراسەیەکی قوڵەوە کردوویەتی،لەکاتی خۆی زانایان و وەزارەتی داد و هەموو ئەوانەی کە مەبەستیان بووە زیاتر پشتگیری لە بەرژەوەندی ئافرەتیش بکەن و لە بەرژەوەندی کۆمەڵ و کۆمەڵگاش بکەن ئەو پرۆژەیەیان پێشنیار کردووە، وئەوەش گەڕانەوەیە بۆ جێبەجێ کردنی مفهومی دوو ئایەتی پیرۆزی قورئان کە بە هیچ شێوەیەک رێگای ئەوەی نەداوە کە تأویل بکرێت یان بە شێوەیەکی تر لێک بدرێتەوە و لە اجماعی زانایانی اصول و شەریعەتی ئیسلامیەوە بە هەموو مەزهەبەکانیەوە هیچ ناکۆکیەکیان نییە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەو حوکمانە بەو شێوەیە بدرێت کە ئایەتەکانی قورئان باسیان کردووە (فلها نصف ماترك ...) دەقی ئایەتی پیرۆزی قورئانە، و (وان امرئ هلك ليس له ولد و له اخت فلها نصف ماترك...) لەبەر ئەوەی ئەو حالەتەی کردوویەتی بەرژەوەندی ئافرەتی لێک داوەتەوە چونکە ئەگەر باوک و دایکی مردوەکە خوشکێکی هەبێت و کۆمەڵێ خوشکی هەبێت هەموویان حەجب بکات، ئەوە شەریعەتی ئیسلام بیری لەوە کردۆتەوە کە حەقی ئەو کۆمەڵە خوشکە نەفەوتێ و نەتوانێ حەجبی بکات و قورئانیش بە رەحم ترە لە هەموو کەسێ جا بۆ ئافرەت بێت یان پیا و یان کوڕ یان کچ بێت، سەبارەت بە کچیشەوە ئەگەر ویسترا دراسەت بکرێ ئەوە ئێمە ئامادەین و زیاتر لێیدەکۆڵینەوە بۆیە پێویست ناکات زیاتر درێژی بکەینەوە تەنها وەکو پێشنیار ئێمە بە لامانەوە پەسەندە و واجبە کە ئەم بڕیارەی کە هاتووە گفتوگۆی لەسەر بکرێ و دوا نەخرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گوێمان راتان دەربڕن دەربارەی دوا خستنی پرۆژەکە دوا بخرێ یان نا؟.

**بەڕێز مەلا محسن خالد مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەر لەسەر ئەوە قسەمان کرد کەپێمان باشە دوا نەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئێمە هاتووە، لەناوەرۆکی پرۆژەکەشدا وا دیارە کە پێشنیاری وەزیری دادە(وبناءاً علی ماعرضه وزیر العدل) پێش هەموو شتێ جەنابی وەزیری داد لێرە نییە و هەروەها دیارە لیژنەی مافی ئافرەت داوای دواخستنی دەکات و راستە ئێمە جارێک دوامان خست، بەلام لەگەڵ رێزم بۆ مامۆستا مەلا محسن کە دوامان خست لەگەڵ لیژنەی یاسا دراسەی ئەو بابەتەیان نەکرد، کە دواخرا پێویست بوو پێکەوە دابنیشن دراسەتی بکەن، بەس وادیارە دواخستنەکەی ئێمە بێ سود بوو، بۆیە من پشتگیریی دواخستنی دەکەم تاکو جارێکی تر وەزیری داد ئامادە بێت لە کاتی گفتوگۆکردندا و هەروەها لیژنەی یاسا و لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت پێکەوە دابنیشن و ئەگەر پێویستی کرد بیگەڕێننەوە بۆ حکومەت، دوایی ئێمە دوو یاسا بە یەک بڕیار هەموار دەکەین { برگە(٤) لە ماددەی (٨٩) و برگەی (٢) لە ماددەی (٩١) لە یاسای باری کەسی، بۆیە پێم وایە دوا بخرێ هیچ زەرەرێکی تێدا نییە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە عیلمی فرائض نیوەی عیلمە زۆر پربایەخە یەکەم زانستە باوی نامینی وهەڵ نەگرێت فەرمودەی پیغەمەرە(د.خ): (تعلموا الفرائض فانها من دینکم وانها نصف العلم وانه اول علم ینزع من امتي) حصەی وارث لەئیسلامدا بە(الحاجة وقوة القرابة) دیاری کراوە واتەمەدار لەسەر مەوقیقی وارثە لەقەرابەتا وەنیازمەندی وپێویستی ،گومان لەوەدانییە کە تەنها ئیسلام عەدالەتی لەمیراتا پیادەکردووەوبەس، بەلام خلافاتیکی سوک یان جەوهەری لەنێوان فقهای ئیسلامدا هەیە ئەم دوو برگە هەروەکو ماددەکانی بابەکە بەپەیرەولە مەذهەبی(الامامیه الاثنا عشریه)دارێژراوە، بەلای منەوە، گەڕانەوە بۆچوار مەذهەبەکەی خومان عەدالەتی زیاتر تیدایە ورەواترە و، بۆ زۆرینەی ئافرەت مافی میرات مسۆگەرتر دەکات ، چونکە ئافرەت دایکە، کچە، خوشکە، خوشکی باوک و دایکیە، خوشکی باوکە، خوشکی دایکە، نەنکە، پوورە، پلکە، هاوسەرە، بەلای چوار مەذهەبەوە مافی میرات تایبەت بەخۆیان هەیە بەهەر صیفەتێکەوە. شیاوی باسە یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ واتا ٤٣ ساڵ بەر لە ئێستا داندراوە، تا

سالّی ۱۹۹۹ نزیکەی ۱۷ جار هەموارکراوە ، ۱۳ بریاریش دەربارەی باری کەسی دەرچووە، سالّی ۱۹۸۳ یاسایەکی تر بە ژمارەی ۷۷ پەیوەند بە باری کەسی خراوەتە سەر یاسا و بریارەکان ئەویش بە چەند جاریک هەموار کراوە. بەو ۱۷ جارە هەموارکردنە و ۱۳ بریارەوە بە یاسای ژمارە ۷۷ و هەموارکردنەکانیشەوە پاک ناکریتەوە لەکەم و کوری ( بە تایبەتی ئەم بابە)چونکە بەرای من لەسەرەتاوە یاساکە رەچاوی زانستی فەرائزی نەکردوە. هەر بەم ئاقارەوە هەمووار کراوە. لە دووەم هەمواری سالّی ۱۹۷۸ برگە (۲) زیاد کراوەتە سەر ماددە ۹۱، بە سێیەم هەموار سالّی۱۹۷۹ ماددە ۷٤ (الوصیه الواجبه) وەکو دوو دژ و هەلّوەشێنی برگە (۲) ی ماددە ۹۱ خراوەتەسەر یاساکە بەلاّم پر بە میزانی عەدالەت، بەهەشتەم هەموار سالّی ۸۳ برگە ٤ زیاد کرایەوە سەر ماددە ۸۹ بەپێی ریز بەندی وەرەسە لە ماددەی ۱۹۸۹دا ئەگەر پەرلەمان ئەو دوو برگەیەشی رابگرێ بەلای منەوە حوکمی هەر دوو کیان وەکو خۆیان دەمێننەوە. خۆشبەختانە د. مستەفا زەلّمی زانای پایەبەرزی ئەم بوارەش هەر وای بۆ چووە وەکو دەلّێ: (الترتیب الوارث في هذه المادة ۸۹ ظاهره یدل علی ان المشرع اخذ بالفقة الجعفري الذي قسم الورثة الی ثلاث مراتب ...)

وان كل مرتبة محجوبة من الميراث بالمرتبة التي تسبقها فاذا وجد شخص في المرتبة الاولى لايرث احد من الثانية والثالثة واذا وجد وارث من المرتبة الثانية لايرث احد من الثالثة.

بۆیە من لەگەلّ پشتگیریم لە پرۆژەکە و راگرتنی هەردوو برگەکە لەهەمان کاتدا پشت بە برگە (٤)ی . دووەم لە ماددە (٥٤) پێشنیار ئەکەم و داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی بەرێزی پەرلەمان هەر لە ئیستاوە داوا لە وەزارەتی داد بکات تاکو ئەو وەزارەتە هەنگاو بهاوێت لیژنەیەکی هەمە جۆر لە پسپۆران پێک بهێنێت لە مامۆستایانی زانکۆ و دادوەران و پارێزەران و مافپەروەران و زانایانی ئایینی ... هتد. یاسایەکی سەربەخۆی باری کەسی گەلالّە بکەن بۆ هەرێمی کوردستان سمینار و گفتوگۆی گشتی لەسەر بکرێت، وەکو پرۆژەیەکی پالّفتەکراو بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و بگات بە پەرلەمان بە دراسەیەکی ورد و هەمەلایەنەوە تاکو ئەوکاتە پەرلەمان بتوانێ بریاری خۆی لەسەر بدات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جلال خۆشناو فەرموو.

**بەرێز جلال سلیم خوشناو:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رام هەر لەگەلّ رای د . ناصحە، ئەو دوو برگەیە دوو برگەی جیاوازن پێویستە هەر یەکە بە جیاوازی بێت، بەرای من هەر بنێردرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران تاکو جارێکی تر ئەو دوو برگەیە بە جیاوازی بێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە تێبینم کرد دوو رای جیاواز هەیە، رای ئافرەتان هەیە کە دەڵێن بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بە بیانووی ئەوە لە پرۆژەکەدا جیاوازی هەیە لە نێوان نێر و مێدا، جەنابی سەرۆکی کوتلەش گوتویەتی کە دراسەیەکی زیاتر بکرێ، بەرای من ئێمە زیاتر لایەنگیری پێشنیاری ئافرەتان بین و کەگەڕاندمانەوە پێیان بڵێین کە رای لیژنەی ئافرەتان لەسەر ئەوە ئەمەیە کە جیاوازی هەیە لە نێوان نێر و مێدا، بە تایبەتی ئێمە ئێستا هەوڵ دەدەین کە مافی ئافرەت زیاتر بچەسپێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وای بۆ ناچم کە پێوست بە گەڕاندنەوە بکات، هەر لیژنەی یاسا و لیژنەی مافی ئافرەت لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت هەر لە پەرلەمان دابنیشن و گفتوگۆی زیاتری بابەتەکە بکەن و بگەنە ئەنجامێک، پێویست ناکات بینێرینەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن بەیەکەوە دانیشن وواش راسترە کە بەیەکەوە دانیشن و چارەسەرێکی راست و دروست بکەن کە هەردوو لای پێ رازی بێت، واشی بۆ ناچم کە لیژنەی مافی ئافرەت دژی ئەو پرۆژەیە بێت، کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدواداچونی لیژنەی ئەوقاف لە شوێنی خۆی دایە، بەڵام بەرای من ئەگەر دانیشتنێک دوا بخرێ خۆ دنیا قلپ نابێتەوە و هیچ گرفتیش نییە، وەکو لیژنەی ئافرەتان پشتگیری ئەوە دەکەین تاکو زیاتر دراسەت بکرێ و لێی بکۆڵدرێتەوە زیاتر ماوە بدرێتە ئێمە ئەو بار و دۆخەی ئێمە تێیدا دەژین چ گرفت تێدا نییە ئەوە چەند ساڵە کاری پێدەکرێ و هیچ گرفت دروست نەبووە، با دوو دانیشتنی تریش دوا بخرێ هیچ گرفتی تێدا نییە با زیاتر بوار بدرێت بۆ دراسەت کردن، هەرچەندە بە دواداچونی لیژنەی ئەوقاف لە شوێنی خۆی دایە، بەس من بە پێویستی دەزانم کە دوا بخرێ تاکو زیاتر دراسەت بکرێ ئنجا لە پەرلەمان گفتوگۆی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا رایەکە وایە دوابخرێ یان دوا نەخرێ، جا دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەن کە دوا بخرێ دەستیان بەرز بکەنەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە دوا نەخرێ؟ بە زۆرینەی دەنگ

پرۆژەکە دوا خرا. من وای بۆ دەچم کە برگەی دووەمی بەرنامەی کاریشمان تێبینی لەسەرە، خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی ددان لە هەرێمی کوردستانی عێراقە. سەبارەت بەم خاڵەشەوە هەندێ کەم و کوڕی تێدایە و تەواو نەکراوە پێویست دەکات ئەو مەرجانە دروست بێت تاکو بتوانین دەست بە گفتوگۆی بابەتەکە بکەین، جا ئەگەر بەڕێز وەزیری تەندروستی هیچ تێبینیەکی هەیە لەسەر دواخستنی ئەو پرۆژەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز جمال عبد الحميد/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نووسراو بۆ ئێمە کراوە کە رامان لەسەر ئەو پرۆژەیە بدەین و، ئێمە لە وەزارەت لەگەڵ برایان ئەندامانی سەندیکا گفتوگۆمان کردوە و تێبینی خۆمان ناردوە، وا دیارە ئەو تێبینیانە نەگەیشتوونەتە پەرلەمان، بۆیە من بەباشی دەزانم ئەگەر بوار هەبێ راتان لەسەر بێت دوابخرێ تاکو ئەو تێبینیانە بگەن و باشتریش گفتوگۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەواتە ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر تێبینی نەبێت. ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەن کە دوا بخرێ دەستیان بەرز بکەنەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە دوا نەخرێ؟ بە زۆرینەی دەنگ برگە دووی بەرنامەی کاری ئەمرۆشمان دوا دەخەین بۆ کاتێکی تر. سوپاس. لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمرۆمان، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەین سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم .

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**